
پلانی شکاندنی بەشی سێدارەی
زیندانی موسڵ
١٩٨١
نووسینی: دەرسیم
٢٠١٧/٦/٢
دانمارک

# پلانی شکاندنی بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ

## (١٩٨١)

## نووسینی: دەرسیم

## ٢٠١٧/٦/٢

## دانمارک

ناوی کتێب: پلانی شکاندنی بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ (1981)
بابەت: مێژوو
نووسەر: دەرسیم
چاپ:
تیراژ:
تابلۆی بەرگ: هونەرمەندی شێوەکاری ناسراوی کورد نیاز بەیاتی.
ساڵی بڵاوکردنەوە: 2017

بۆ پێوەندیکردن بە نووسەر، ئەو ئیمێیڵ و فەیسبووکەی خوارەوە بە کار بهێنە:

darsim2006@hotmail.com
Dersim Peshewa

**پێشکەشە بە:**

**- گیانی بەرزەفڕی سەرجەم شەهیدانی لە سێدارە دراو لە زیندانی موسڵ.**
**- گیانی بێگەردی سەرجەم ئەو کوردستانییانەی کە لە شارەکانی باشووی کوردستان یان زیندانی ئەبوغریب گوللە باران کراون، لەژێر ئەشکەنجەدا گیانیان بەخشیووە یان لە سێدارە دراون.**
**- گشت ئەو تێکۆشەرانەی کە لە زیندانەکانی داگیرکاراندا ئەشکەنجە دراون و لە ئازادی بێبەشکراون.**

| | |
|---|---|
| **ناوەڕۆک** | 5 |
| **بەشی یەکەم** | 39-6 |
| **پێشەکی** | 8-7 |
| **چۆنێتیی ئۆپراسیۆنی شکاندنی بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ** | 25-9 |
| **هەوڵێکی سەرنەکەوتووی شکاندنی زیندانی ژووری سێدارەی موسڵ و دوو قارەمان** | 39-26 |
| **بەشی دووەم** | 82-40 |
| **شکاندنی باستێلەکەی موسڵ، یان چەواشەکردنی مێژوو؟** | 54-41 |
| **چۆنێتیی دەستگیرکردنی ئەو هاوڕێیانەی هەولێر** | 60-55 |
| **لە سێدارەدانی تێکۆشەرانی کورد لەم ماوەیەدا لە زیندانی موسڵ** | 83-61 |
| **بەشی سێیەم** | 174-84 |
| **گفتوگۆی داستانی شکاندنی زیندانی سێدارەی موسڵ** | 174-85 |
| **وەڵامی بەشی یەکەمی (وەڵامێکی هێمنانە بۆ دەرسیم دیبەگەیی)** | 106-85 |
| **وەڵامی بەشی دووەمی (وەڵامێکی هێمنانە بۆ دەرسیم دیبەگەیی)** | 117-107 |
| **وەڵامی بەشی سێیەمی (وەڵامێکی هێمنانە بۆ دەرسیم دیبەگەیی)** | 135-118 |
| **وەڵامی بەشی چوارەمی (وەڵامێکی هێمنانە بۆ دەرسیم دیبەگەیی)** | 153-136 |
| **ناوردبینی نەریمان مەجید لە نووسیندا** | 156-154 |
| **چیمەن ساڵح کاکەبراو پلانی شکاندنی بەندیخانەی موسڵ** | 159-157 |
| **سەرچاوەی بابەتەکانی نەریمان مەجید و چیمەن ساڵح کاکەبراو هاوپێچەکانیان** | 174-160 |
| **بەشی چوارەم** | 271-175 |
| **گفتوگۆ لەگەڵ کارمەندێکی زیندانی ژووری سێدارەی موسڵ** | 181-176 |
| **گفتوگۆ لەگەڵ زیندانییەکی ژووری سێدارەی موسڵ** | 190-182 |
| **گفتوگۆ لەگەڵ پارێزەر سلێمان سوسەیی برای شەهید بەکر سوسەیی** | 195-191 |
| **گفتوگۆ لەگەڵ ئاواز حەمەدئەمینی هاوسەری شەهید ئەکرەمی حەپسە** | 200-196 |
| **نامەیەکی کراوە بۆ سەرۆکوەزیران، جێگری سەرۆکوەزیران و وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفال کراوەکان** | 207-201 |
| **ئای کە شەرمەزارت کردم وەزیری کاروباری شەهیدان** | 208-208 |
| **نامەیەکی تووڕە بۆ مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان** | 216-209 |
| **بۆ بەڕێز وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفال کراوەکان** | 218-217 |
| **ژمارەیەک لەو تێکۆشەرە کوردستانییانەی کە لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراون** | 270-219 |
| **کورتەیەک لە ژیانی نووسەر** | 271-271 |

# بەشی یەکەم

**پێشەکی**
**چۆنێتیی ئۆپراسیۆنی شکاندنی بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ**
**هەوڵێکی سەرنەکەوتووی شکاندنی زیندانی ژووری سێدارەی موسڵ و دوو قارەمان**

## پێشەکی:

لە خەباتی بەردەوامی نزیک بە سەدەیەکی کۆمەڵانی خەڵکی باشووری کوردستان دژ بە داگیرکاری و چەوسانەوەی حکومەتە ڕەگەزپەرست و فاشییەکانی عەرەبی ئێراقی، خەباتی شاخ و شار، بەگری پێشمەرگە، ڕێکخستن و زیندانیی سیاسیی هەمیشە تەواوکەری یەکتر بووینە. خەباتی چەکداری پێشمەرگەی شاخ لەلایەک و خۆڕاگری ڕێکخستەنەکان لە شارو زیندانییە سیاسییەکان لە زیندانەکانی ڕژێم لەلاکەی ترەوە، بوونەتە دوو دیوی یەک دراو. هەرچەندە خەباتی یەک ڕۆژی زیندان بە ساڵێک خەباتی پێشمەرگایەتی هەیە!
ئامانجی سەرەکیم لە نووسینەوەی ئەم مێژووە (پلانی شکاندنی بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ)، کە ئیمڕۆکە (36) ساڵ بەسەر یادی ئەو ئۆپراسیۆن و هەوڵە نەوازەیەدا گوزەری کردووە، یاداشتکردنی ڕاستییەکانە، ڕزگارکردنی ئەم داستان و مێژووەیە لە فەوتان، چەواشەکردن، شێواندنن و بەلاڕێدا بردن، لەگەڵ بە دۆکۆمێنتکردنی مێژووی خۆڕاگری و خەباتی بێوچانی دەیان تێکۆشەری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان–ە، کە تەنانەت لە ژووری سێدارەو چاوەڕوانی مەرگی لەناکاویاندا بێئومێد نەبووینە لە خەباتی نەپساوەی چینایەتیی و نەتەوایەتیی. هەر بابەتێک پێشتر سەبارەت بە هەوڵی شکاندنی بەشی سێدارەی ئەو زیندانە نووسیبێتم، دواتر دەرکەوتبێ کە زانیارییەکانی هەڵەن یان گومانم لە ڕاستی و دروستیان هەبووبێ، بەدڵنیایی لادراون یان تێبینیم لە سەریان نووسیووە و ڕوونکردنەوەی پێویستم داوە.
ئۆپراسیۆنی شکاندنی بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ، کە یەکێکە لە گەورەترین سەروەری زیندانییەکانی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ و خەباتی نەپساوەی بەرخودانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کە تا ئێستاکە هیچ بایەخێکی لەلایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (ینک) پێ نەدراوە و هیچیشی لەسەر نەنووسراوە. دەبوایە لەماوەی ئەو (26) ساڵەی دوای ڕاپەڕینی زستانی ساڵی (1991) بەدواوە تا ئێستاکە، چەندان فیلمی دۆکۆمێنتاری بۆ تەلەفزیۆن، دەیان ڕۆمان، سەدان بەرنامە و لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی بۆ تەرخان بکرابایە.
زیندانیکردن و لەسێدارەدانی تێکۆشەرانی باشووری کوردستان لەلایەن حکومەتی دیکتاتۆری سەدام، لەپێناوی لاوازکردن و نەهێشتنی هەستی نەتەوەیی، نیشتمانیی و چینایەتیی بوو، لەپێناو بێدەنگکردنی خەڵکی ستەم دیدەی ئەم نیشتمانە بوو لە بەرانبەر داوای مافە ڕەواکانیان، بەڵام بەعسی عەفلەقی و سەدامی خوێنمژ لەم سیاسەتەیاندا بەهەڵەدا چووبوون، چونکە زیندان و خوێنی بەناهەق ڕژاوی زیندانییەکان بڵێسەی ئاگری شۆڕشی چیاکانیان لە باشووری کوردستان بەرزترو گەشتر دەکرد.
داواکاری مافی ڕەوای کۆمەڵانی خەڵک لە وڵاتانی دیموکراسی و ڕەچاوکەری مافی مرۆڤ لە سەرانسەری جیهاندا، جگە لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، ئیسلامی و دیکتاتۆرییەکان، نە تاوانە و نە سزاشی لە سەرە بەڵکو داوایەکی ڕەوایە، بەڵام لە ئێراقی بەعس و سەدام دا بە سەدان هەزار مرۆڤی لەسەر لەسێدارە درا و گوللە باران کرا. ڕژێمە ڕەگەزپەرست و دژ بە گەلەکەی بەعس، دەیان بڕیاری نارەواو نایاسایی لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (مجلس قيادة الثورة) دەرکرد و کردنی بە یاساو بەگوێرەی ئەو یاسا نایاسایی و نادادپەروارانەی، سزای مەرگ و لەناوبردنی بەسەر سەدان هەزار کوردی بێتاوان لە باشووری کوردستان سەپاند، کە بەهیچ شێوەیەک هیچ برگە و یاسایەکی دادپەروەرانە بۆ ساغ بوونەوەو سەلماندنی بچووکترین تاوان بەسەر گیراوەکاندا نەدەدۆزرایەوە. پیادەکردنی ئەو سیاسەتەی بەعس و سەدام لە باشووری کوردستان لەپێناوی درێژەدان بە سیاسەتی داگیرکارانە و زیاتر بە تاڵان بردنی سامانی ئەم وڵاتە بوو. بەعس بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی، پەنای بردە بەر ئەنفالکردن، بەکۆمەڵکوشتن، سووتماککردنی خاک، لەسێدارەدان، گوللەباران کردن، زیندانیکردن و ڕاگوێزانی زۆرەمیانە، هەر کەسێکیش دەنگی نارەزایی بەرز بکردایەوە ژیانی دەکەوتە مەترسی و لەنێو دەبرا.

پیادەکردنی سیاسەتی ڕژێمی بەعس و سەدام کاریگەری نێگەتیڤانەی خۆیان لەسەر بەشێکی باشی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کردبوو. خەڵکێکی زۆر لەپێناوی مانەوەو دەستکەوتی تایبەتی خۆیان چەکی جاشایەتی، سوپای میللی و بەعسیان کردبووە شان. بەشێکیش بەهیچ شێوەیەک لە شۆڕش و ڕێکخستنە نهێنییەکان نزیک نەدەبوونەو بە چەند پەندێکی کوردی وەکو: (سەرم نایەشێ پەڕۆی تێ بئاڵێنم)، (ئاگرە سوورە لە خۆم دوورە)، (کڵاوی خۆم گرتووە با نەیبات) و (کوردایەتی سمتی دەوێ کوزری پێ بکوتی، منیش ئەو سمتەم نییە)، وەڵامی پێشمەرگە و ڕێکخستنەکانیان دەدایەوە. بەڵام دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕینی ساڵی (1991) و دامەزراندنی حکومەتی باشووری کوردستان، لە سایەی دەسەڵاتی ئەو سەرکردە، بەرپرس و حزبانە کەسانی کوردکوژ، سەرۆکجاش، فەرماندەی مەفرەزە خاسە، پەرلەمانتارە خۆفرۆشەکانی بەعس لە پەرلەمانی کارتۆنی بەغدا، ئەندامانی ئەنجومەنە کارتۆنییەکەی یاسادانان و جێبەجێکردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی، خۆفرۆشان، بەکرێگیراوی بەعس، نۆکەرانی سەدام، ترسنۆک، خۆپەرست، هەڵپەرست و زۆرڕەو، بوونە خاوەنی شۆڕش و بەرهەمی خوێنی شەهیدانی زیندان، شەهیدانی شاخ، خەباتی ڕێکخستنە نهێنییەکان و کوردانی بەهەڵوێستیان چنییەوە، کەسوکاری شەهیدان یەک لە سەدی ئەوان سوودمەند نەبووینە!

کوشتن، شیوەن، گرین، خەمی بێکۆتایی لەدەستدانی خۆشەویستان، مەینەتی، ناخۆشییەکانی ژیان و برینی دابڕان بەشی کەسوکاری گەشمەردە (شەهیدەکان) بووە، لە بەرانبەریشدا خۆشگوزەرانی، دەسەڵات، کورسی و دۆلار بۆ سەرکردە و بەرپرسە بێویژدان و بێوەفاکانی حزبی و حکومی و سەرۆکجاش و خۆفرۆشەکان بووە!

لە کۆتاییدا ئاوات دەخوازم کە بەم بەرهەمە نوێیەم توانیبێتم ئەرکێکی مێژوویی، نیشتمانیی و نەتەوەییم بۆ خزمەتی نیشتمان و خەڵکی ڕەنجدەر و هەژاری باشووری کوردستان ئەنجام دابێ، هەروەها توانیبێتم دڵسۆزی و پەرۆشی خۆم بۆ گەشمەردەکان و بنەماڵەکانیان دووبارە کردبێتەوە.

هەروەها داواکارم حکومەتی باشووری کوردستان، هەوڵی دۆزینەوەو هێنانەوەی ئێسکوپروسکی سەرجەم لە سێدارە دراوەکانی زیندانی موسڵ کە لە وادی عقاب و ئەوانەی زیندانی ئەبوغرێب کە لە بەغدا بە خاک سپێردراون، دواتریش بەهۆی پشکنینی (DNA)ەوە، سەرجەم شەهیدەکان دەستنیشان بکرێن و دوای ناسینەوەیان بەهاوکاری کەسوکاریان بگوازرێنەوە بۆ ئەو گۆڕستانەی کە کەسوکاریان داوای دەکەن و لەوێ دووبارە بنێژرێنەوە، یان لە سێدارە دراوانی هەر شارێک هەموویان پێکەوە لە گۆڕستانێکی تایبەت بە لە سێدارە دراوەکانی دەستی ڕژێمی بەعس بنێژرێنەوە.

دەرسیم
سێشەممە، ڕێکەوتی (30.5.2017)
دانمارک

**چۆنێتیی ئۆپراسیۆنی شکاندنی بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ:**

هەروەکو پێشتر لە نووسینەکانی ساڵی (2013)دا ئاماژەم پێ داوە، خاوەنی بیرۆکە و داڕێژەری پلانی هەوڵی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ هەر یەک لەو شەهیدانەی خوارەوە بوونە (جەمیل ئەحمەد مەحمود حەمە دیبەگەیی (دەرسیم)، بەرزان عومەر عەلی محەمەد (کاوە)، جەلال مەحمود ئەحمەد محەمەد سورداشی و دواتریش کە لە ناوەڕاستی مانگی ئاداری ساڵی (1981) عومەر میرزا شاموراد (نەبەز)، لە هەیئە خاسەی کەرکوک سزای سێدارەی دراو گواسترایەوە ئەم زیندانە، ئەوان وەکو ڕێزلێنانێک بۆ خەبات و تەمەنی شەهید عومەر میرزا، ئەویشیان وەکو یەکێک لە سەرپەرشتی کردنی هەوڵی شکاندنی زیندانەکە دەست نیشان کرد). ئەم ئۆپراسیۆنە بە هاوکاری دوو زیندانەوانی بەشی سێدارە بووە بە ناوەکانی مەردان یوسف شێخ ئەلیاس و فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس.
سەبارەت بە خاوەنی بیرۆکە و پلاندارێژەی نەخشەی ئۆپراسیۆن و شکاندنی ژووری سێدارەی بەشی زیندانی موسڵ، شۆڕش محەمەد تۆفیق محەمەد کافرۆشی (1965/ بازیان)، لە ڕۆژی (1.2.1981)دا گیراوە و بە شۆڕش بازیانی ناسراوە، کۆکە لەگەڵم دا. شۆڕش بازیانی، یەکێکە لەو (13) هاوڕێیەی بازیان کە لە ڕۆژی (18.5.1981)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانیان دەرچووەو ڕۆژی دواتر (19.5.1981) گواستراونەتەوە بۆ ژووری سێدارەی موسڵ، بەڵام دواتر شۆڕش لەگەڵ دوو هاوڕێیدا لە مانگی ئەیلول یان تشرینی یەکەمی هەمان ساڵ بە مەرسومێکی کۆماری سزاکەیان لە سێدارەوە گۆڕدراوە بۆ زیندانی هەتاهەتایە. لە گفتوگۆیەکی تەلەفۆنیم دا لە ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (14.5.2017)دا، شۆڕش گوتی: (لەڕاستیدا ئێمە چووینە سەر سفرەیەکی ئامادە، چونکە مامۆستا جەمیل، جەلال سورداشی، بەرزانی عومەر عەلی و عومەر میرزا بە ئیشوکارەکە هەڵسابوون). کاتێک کە شۆڕش بازیانی، باسی ئەوە دەکات کە ئەوان چووینە سەر سفرەیەکی ئامادە، ئەوە بەدڵنیایی بانگەشەی نەریمان ڕەتدەکاتەوە کە گوایە دە شەهیدەکەی بازیان خاوەنی بیرۆکەو نەخشەدانەری شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ بووبن. لەوەش زیاتر، شۆڕش بازیانی ناوی ئەو کەسانەشی هێناوە کە بە کارەکە هەڵساون.
سەرەتا لە ڕۆژی (1.2.1981)، یان (15.2.1981)، لەلایەن شەهید تەحسینی برام و دیدەنی دواتریش لەلایەن شەهید جەمیل ئەحمەد مەحمودی ئامۆزام ئاگادار کرامەوە لەوەی کە نیازی شکاندنی دەرگاکانی ژووری سێدارەو ڕاکردنیان هەیە. هەردووکیان باسی ئەوەیان کرد کە بە هاوکاری دوو پاسەوانی ژووری سێدارە کە کوردی ئێزیدین و بران، دەیانەوێ ئەم هەوڵە بدەن. سەرەتا ناوی هیچ کام لە پاسەوانەکانیان پێ نەگوتم، بەڵام دوای نزیکەی دوو مانگێک باسی ئەوەیان کرد کە ناوەکانیان و (شێخ مەردان و شێخ فازڵ)ە. دوا بەدوای ئاگادارکردنەوەکە پارە کۆکرایەوە، دواتریش هەر لە مانگی شوباتی هەمان ساڵدا مشاری ئاسن بڕ، چەقۆ و گوریس لە ڕێگای شەهید مەردان یوسف شێخ ئەلیاس و فازڵی برای بۆ زیندانییەکان بردراوەتە ناو ژووری سێدارە و زیندانییەکان هەر لەو مانگەوە بەرە بەرە دەست بەکار بووینە بۆ بڕینەوەی شیشی دەرگای دوو ژوورەکانیان.
ئەو ڕۆژەی کە شەهید تەحسینی برام ئاگاداری کردمەوە، داوایکرد هەرچەند پارەی لە گیرفانمە بیدەمێ. پارەکەم هەمووی دەرهێناو هەندێکیشم لە دایکم یان باوکم وەرگرت و هەموویم دایە. بۆ دیدەنی دواتریش پارەی زۆرترم بۆی هێناو پارەکانم دایە ئەو. لەو دیدەنییەدا سەبارەت بە هەوڵی شکاندنی زیندان و پارە کۆکردنەوە لەگەڵ شەهید جەمیل قسەم نەکرد. بەڵام دیدەنی داهاتوو کە نیازم وابوو قسەی لەگەڵ بکەم، وەلێ بەر لەوەی قسەی لەگەڵ بکەم، ئەو خۆی قسەی لەگەڵ کردم و باسی ئەوەی کرد کە شەهید تەحسین بۆی باسکردووە لە دیدەنی ڕابردوو قسەی لەگەڵم کردووە. بەهەموو شێوەیەک ئامادەیی خۆم بۆ هەر جۆرە هاوکارییەک دەربڕی. شەهید جەمیل دوو داواکاری هەبوو، یەکەم داواکاری کە شەوانی پێنجشەممە و هەینییان لەماڵەوە نەخەوم نەوەک لەناکاو ئۆپراسیۆنی شکاندنی زیندان ئەنجام بدرێ و لێی ئاگادار نەبم، کە گفتی ئەوەی دا خۆیی و شەهید تەحسین لە دوا دیدەنی پێش جێبەجێکردنی هەوڵی شکاندنی زیندان ئاگادارم بکەنەوە. داواکاری دووەمی شەهید جەمیل ئەوەبوو، ئەگەر ئۆپراسیۆنی شکاندنی زیندان سەرکەوتنی هێنا، هەوڵدەم خۆم ڕزگار بکەم و نیشتمانی خوشکی ئەویش لەگەڵ خۆم بێنمە شاخ بۆ لای ئەو،

نەوەک بکەوێتە بەر دەستی ڕژێم و بگیرێت، هەر چواریشمان ببین بە پێشمەرگە. گفتم بە شەهید جەمیل دا کە هەردوو داواکارییەکەی جێبەجێ بکەم. باسی ئەوەشی بۆ کردم کە هەوڵ نەدەم بزانم کێ هاوکاریانە، چونکە نایەوێ ئێستاکە باسی بکات.
سەبارەت بە دەربازبوونیان لەناو موسڵ بۆ دەرەوەی موسڵ و ناوچە ئازادکراوەکان، هەر ئەو ڕۆژە پرسیارم لە شەهید تەحسین و شەهید جەمیل کرد، شەهید تەحسین داوایکرد ئەو پرسیارە لە شەهید جەمیل بکەم و وەڵامەکە لای ئەوە. پرسیارم لە شەهید جەمیل کرد، سەرەتا گوتی: (خەمی ئەوەت نەبێ، هەموو شتێکمان ڕێکخستووە)، کە زانی نیگەران و بەپەرۆشم، گوتی: (دڵنیابە هەموو شتێکمان ئامادەکردووە، بەڵام ئەوەیان تەنیا لای خۆت بمێنێ و نەکەی بۆ کەسی تری باس بکەیت، برادەرانی ڕێکخراوی پێشکەفتنی بەرواری باڵای پارتی دیموکراتی کوردستان دوای ئەوەی قسەمان لەگەڵیان کرد، ئەوان گفتیان پێداین بەهۆی کەسوکاریانەوە هەموومان لەناو موسڵ بگوازنەوە و ڕزگارمان بکەن). بەڵام بەداخەوە هەڤاڵانی ڕێکخراوی پێشکەفتنی پارتی کە ژمارەیان نۆ کەس بوو هەر لەو مانگە و ڕۆژی (26.2.1981)دا لە سێدارە دران. دوای لە سێدارەدانی ئەوان دووبارە قسەم کردەوە لەگەڵ شەهید جەمیل، ئەو گوتی: (تۆ خەمی ئەو کێشەیەت نەبێ و خۆمان چارەی بۆ دەدۆزینەوە، هەندێک خزم و هاوڕێ دەدۆزینەوە کە ئۆتۆمۆبێلیان هەبێ و جێگەی بڕواو متمانەی ئێمە بن. تۆ بەس ئاگاداری خۆت بە). سەبارەت بەو کێشەیە چیتر قسەم لەگەڵ هیچ کامێکیان نەکردەوە، بەڵام هەستم کرد شەهید جەمیل قسەی لەگەڵ تەحسین ئەحمەد عەزیز ئەحمەد و شەهید موحسین ئەحمەد عەزیز (موحسینی عەتۆل)ی برای کرد، کە یەکەمیان هاوسەری ڕازیەی خوشکی شەهید جەمیلە. بەڵام بەداخەوە دواتر موحسین عەتۆل، لە ڕۆژی (17.11.1985)دا لەلایەن مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی بەتۆمەتی هاوکاریکردنی شەهید سەرداری سەعید سۆفی گیراو لە ڕۆژی (10.9.1986)دا لەگەڵ کامەران پۆلیس لە زیندانی ئەبوغرێب لە بەغدا لە سێدارە دران. لە ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (24.9.2021)دا دەرفەتی ئەوەم بۆ ڕەخسا کە قسە لەگەڵ تەحسین ئەحمەد عەزیز (تەحسین عەتۆل) بکەم و ئەو پرسیارەم لێبکرد، لە وەڵامدا گوتی: (بەڵێ شەهید جەمیل قسەی لەگەڵ هەردووکمان کرد، بەڵام من خۆم لێ بەدوور گرت، چونکە پێشتر من ئامێری چاپەکەم لەماڵی شەهید جەمیل دەربازکرد بۆ ئەوەی نەکەوێتە دەست ئەمنی بەلدە و دەترسام شتێک ڕووبدات، ئەوەشم بێتەوە سەر، بۆیە موحسینی برام ئەو ئەرکەی گرتە ئەستۆی خۆی، گەر بێتوو ئەوان زیندانەکە بشکێنن ئەو لە بەردەم زیندانی موسڵ چاوەڕێیان بکات و بە ئۆتۆمۆبێلی خۆی لە موسڵ بیانگوازێتەوە دەرەوەی شار و ڕزگاریان بکات).
بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ لە سێ ژوور پێک دەهات، کە دوو ژووری ئەم سەرو ئەو سەری زیندانییەکان تێیدا دەخەوتن. ژوورەکەی ناوەڕاست کرابوو بە چێشتخانە، کۆمەڵێک فلینەی گەورە گەورەی هەردەم پڕ لە سەهۆڵی تیابوو بۆ پاراستنی ئەو خواردنانەی کە لەلایەن کەسوکاریانەوە لە ڕۆژانی دیدەنی بۆیان دەهات، بۆ ئەوەی تا دیدەنی داهاتوو بەشیان بکات. ئەو ژوورەیە ئاودەستێکی بچووکیشی تێدابوو کە وەکو گەرماویش بۆ خۆشووشتن بەکاریان دەهێنا. کە دەچوویتە بەشی سێدارە، بە دەستە ڕاست ژوورێکی گەورە هەبوو کە زیندانییەکان تێیدا دەخەوتن و بە یەک قاندمە بۆی دەچوویتە خوارەوە. لە دەستە چەپیش ژوورێکی بچووک هەبوو کە ئەویش زیندانییەکان تێیدا دەخەوتن و دەکەوتە نێوان چێشتخانەکە و ژووری لە سێدارە دان کە شەش ئەلقە و پەتی سێدارە بە بنمیچی ژوورەکە هەڵواسرابوو. ژووری لە سێدارەدان دەکەوتە دەستە چەپی ژوورە بچووکەکە. دەرگای ژوورەکانی ئەم سەرو ئەو سەر واتە ژوورە گەورەکە و بچووکەکە، کە زیندانییەکان تیایدا دەخەوتن، بریتی بوو لە شیشی ئەستوور، کە نێوانی شیش و شیشێکی دیکە زۆر کەم بوو، نزیکەی سێ بۆ چوار پەنجە دەبوو. بەدرێژایی ئەم ژوورانە یان ئەم بەشە، حەوشێکی بە پانی نزیکەی دوو مەترو درێژی نزیکەی هەشت بۆ دە مەتر هەبوو، کە ڕۆژانە دەرگاکانی هەر دوو ژوورەکەی خەوتن لەکاتژمێری هەشتی بەیانی تا هەشتی ئێوارە دەکرایەوەو زیندانییەکان دەهاتنە دەرەوە، خۆیان خواردنیان بۆ خۆیان ئامادە دەکرد، خۆیان دەشۆری و پیاسەیان دەکرد یان خۆیان دەدایە بەر خۆرەکە.
بەداخەوە دوای پرۆسەی ئازادی ئێراق لە ڕۆژی (9.4.2003)دا، بەرپرس و کاربەدەستانی موسڵ ئەو زیندانەیان بەتەواوی لەگەڵ زەوی تەختکردووەو کردوویانە بە شوێنی سەوزە و میوە فرۆشتن. پێم سەیرە کە حکومەتی هەرێم

و بەتایبەت وەزارەتی مافی مرۆڤی کوردستان و وەزارەتی شەهیدان بیر لەوە نەکەنەوە کە بەلای کەمەوە وێنەی ڤیدیۆیی تەواوی بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ بگرن، بەر لە کاولکردنی!
هەر لە مانگی شوبات پارە کۆکرایەوەو کەرەستەکانی وەکو (مشاری ئاسنبڕ، گوریس و چەقۆ) کڕان و بەهۆی شێخ مەردان و شێخ فازڵ گەیەنرانە نێو زیندان و ئەوانیش بەرە بەرە دەستیان کرد بە بڕینەوەی شیشەکان. سەبارەت بە کۆکردنەوەی پارە، هەر لە یەکەم باسکردنی هەوڵەکە و بۆ دیداری دواتر پارە کۆکرایەوە. دوای ئەوەی زیندانییەکان نەخشە و پلانی شکاندنی زیندانیان بۆ کەسوکاریان باسکرد و پارەیان کۆکردەوە، دواتر هەر زیندانییەکی نوێ هاتبێتە ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ پارەی لێ وەرنەگیراوە. بۆ نموونە سەبارەت بە پارە کۆکردنەوە پرسیارم لە شۆڕش بازیانی کرد، ئەو باسی ئەوەی کرد کە ئەوان بەدرەنگەوە هاتوون بۆ ئەو زیندانە و بە ماوەیەکی زۆر کەم دوای گەیشتنی ئەوان بەو زیندانە، ئۆپراسیۆنەکە جێبەجێ کرا، بۆیە ئەوان (سێزدە هاوڕێیەی بازیان) تەنیا پەنجا فلس چییە بۆ کڕینی کەرەستەی شکاندنی زیندانەکە، یان بە شێخ فازڵ و شەهید مەردانی برای ناوبراویان نەداوە، کە ئەو لەو بڕوایە دایە پێشتر پارە کۆکرابووەوە، خۆیشم لەو بڕوایەدام هاوڕێیانی بازیان کە پارەیان لە خانەوادەکانیان وەرگرتووە تەنیا بۆ ئەوەی لەدوای ڕاکردنیان پارەیان لەلابێ و بۆ پێداوێستی گواستنەوە، خواردن و خەرجییەکان بەکاری بهێنن. هەروەها بەر لە گەیشتنی هاوڕێیانی بازیان، کە لە ڕۆژی (19.5.1981)دا هاتوونەتە موسڵ، بەهۆی فازڵ و مەردان مشار، گوریس و چەقۆ گەیشتبووە ژووری سێدارە و دەست زیندانییەکان. هەروەها شۆڕش باسی ئەوەیشی کرد کە لە یەکەم ڕۆژی هێنانیان بۆ ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ، هەر بۆ شەوەکەی باسی هەوڵی شکاندنی زیندانیان لەگەڵ کردوون و کەسیش داوای پارەی لێ نەکردوون.
بەڵام زیندانییەکان دەمانچەی بێدەنگیان بەدەست نەگەیشتووە، ئەگەر لە دەستیان بوایە بەدڵنیایی ئۆپراسیۆنەکە زووتر ئەنجام دەدرا و شیمانەی سەرکەوتنیشی زۆرتر دەبوو. سەرەڕای ئاگاداری خۆم، هەر یەک لە شێخ فازڵ و شۆڕش بازیانی، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە بەهیچ شێوەیەک دەمانچەی بێدەنگ لای زیندانییەکانی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ نەبووە بۆ ئەوەی لە شەوی (2.6.1981)دا بەکاری بێنن.
دوای یەک دوو دیدەنی پاش ئاگادارکردنەوەم لە هەوڵی شکاندنی ژووری سێدارە، لەگەڵ شەهید جەمیلی ئامۆزام قسەم کردو پرسیاری ئەوەم لێکرد کە ڕێکخراوی هەولێر یان سەرکردایەتی (کۆڕەک)ی لێ ئاگادارکردۆتەوە، لە وەڵامدا گوتی: (نەخێر پێویست ناکات و خۆمان دەتوانین کارەکە ئەنجام بدەین). داوام لێیکرد کە خۆم پەیوەندی بکەم بە هاوڕێیانی ڕێکخستنەکانی خۆمان کە هاوکارییان بکەن، قایل نەبوو. هەر بۆ دڵنیایی خۆم بۆ ئەوەی بزانم، کە ئایە هیچ کەس و لایەنێک بە مەبەستی ئاگادارکردن یان هاوکاریکردن لەم ئۆپراسیۆنەی هەوڵی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ، نەوشیروان مستەفا ئەمینی سکرتێری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیی ئەوکاتی ئاگادارکردۆتەوە. لە ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (2.4.2017) پەیوەندیم کرد بە گوڵستان سەعید محەمەد سەعید، ئەندامی جڤاتی نیشتمانیی بزووتنەوەی گۆڕان، کە کچە خوشکی شەهید عومەر میرزا شامراد و هاوسەری هەژاری کوڕی شەهیدی ناوبراوە، بۆ ئەوەی پەیوەندی بە نەوشیروان مستەفا بکات و لێی بپرسێ، کە ئایە ئەو وەکو سکرتێری ئەوکاتی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، لەم هەوڵی شکاندنەی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ لە ساڵی (1981)دا ئاگادار کراوەتەوە؟ ئەگەر ئاگادار کراوەتەوە، ئاگادارکردنەوەکە لە ڕێگەی کێ بووە و داواکارییان چی بووە لەو، هەروەها هەر زانیارییەکی دیکەی هەبێ.
گوڵستان سەعید، لە ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (9.4.2017) وەڵامی دامەوە کە هاوڕێ نەوشیروان مستەفا ئەمین، سکرتێری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، بێئاگا بووە لە هەوڵی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ لە ساڵی (1981) و هیچ کەسێک لەم هەوڵە ئەوی ئاگادار نەکردۆتەوە.
مەبەستی سەرەکیم لەم بەدواچوون و پرسیارکردنە لە نەوشیروان مستەفا ئەوەبوو، نەوەک ڕۆژێک دابێ و کەسانێک هەر لەخۆیانەوە باس بکەن یان بنووسن کە سکرتێری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە هەوڵی شکاندنی زیندانیی

موسڵ ئاگادار بووەو ڕێنمایی و هاوکاری کردوون، بەتایبەت کە ناوبراو لە ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (19.5.2017)دا کۆچی دوایی کرد. لە خوارەوە سەیری وەڵامەکەی گوڵستان سەعید بکە:




زیندانییەکان، شەوانە و تەنیا لە کاتی ئێشکگری شێخ مەردان و شێخ فازڵ خەریکی بڕینەوەی شیشە ئەستوورەکانی هەردوو ژوورەکە دەبوون، بەڵام لەبەر ئەوەی شیشەکان هەم زۆر و هەم ئەستوور بوون بۆیە بڕینەوەیان کارێکی ئاسان نەبوو و کاتی زۆری دەویست، هەروەها دەبوایە زۆر بەشێنەیی کارەکە بکەن نەوەک ئاشکرا بن و هەوڵەکەیان هەر لە سەرەتاوە شکست بێنێ!
بەپێی قسەکانی شەهید تەحسین و شەهید جەمیل کە بۆ خۆم باسیان کردووە، دوای بڕینەوەی هەر شیشێک شوێنی بڕینەوەکەیان بە سابونی ڕەقی پردەکردەوەو دادەپۆشی، بە مەبەستی دیار نەبوونی شوێنی بڕینەوەکان، هەست پێ نەکردنی پاسەوانەکانی زیندان کە ببێتە هۆکاری ئاشکرا بوونی هەوڵی شکاندنی زیندانەکە و ڕیسی هەوڵ و ماندوو بوونی ڕاکرنیان لێ نەبێتەوە بە خوری مانەوەو لە سێدارە دانیان!
بەڵام بەداخەوە بەر لە جێبەجێکردنی ئۆپراسیۆنی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ بە هەفتەیەک بۆ دوازدە ڕۆژ، هەر یەک لەمانەی خوارەوە لە سێدارە دران، کە پێم وایە لە سێدارەدانی ئەوان بەر لە جێبەجێکردنی هەوڵەکە هۆکارێکی سەرەکی سەرنەکەوتنی نەخشە و هەوڵەکە بوو، یان ئەگەر ئەوان لە ژیاندا بوونایە، دوور نەبوو ئەنجامی هەوڵەکە بە شێوەیەکی تر و لە بەرژەوەندی زیندانییەکان بێ. ئەوەش ناوی ئەو زیندانییانەی کە لە کۆتایی مانگی مای لە سێدارە دران و کاری نەرێنی زۆری کردە سەر ئەنجامی ئۆپراسیۆنەکە:
جەمیل ئەحمەد مەحمود (دەرسیم)، لە ڕێکەوتی (21.5.1981) لەگەڵ دوو هاوڕێی دیکە لە سێدارە دران.
جەلال مەحمود محەمەد سورداشی و تەحسین ڕەحمان فەرحان (داماو)، لە بەرەبەیانی (26.5.1981) لەگەڵ دوو هاوڕێی دیکە گوللە باران کران.

شەهید عومەر میرزا شامراد (نەبەز)، لە ڕێکەوتی (27.5.1981) لەگەڵ چوار هاوڕێی دیکە لە سێدارە دران.
بە لە سێدارەدانی ئەو پۆلە هاوڕێیەی سەرەوە کە ژمارەیان دوازدە هاوڕێیە و سێ هاوڕێ لە خاوەنی بیرۆکە و پلاندانەری هەوڵی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ بوون، بەرزانی عومەر عەلی بەتەنیا دەمێنێتەوەو دەتوانم بڵێم بەتەواوی پەشۆکاوە و شۆک گرتوویەتی، بۆیە بەبێ دانانی بەرنامە و ڕێوشوێنی نوێی گونجاو بۆ دەربازبوونیان هەوڵەکە لە شەوی (2.6.1981)دا جێبەجێ دەکەن، بەڵام بەداخەوە سەرکەوتن بەدەست ناهێنن.
لە نامەیەکدا کە محەمەد حەسەن خورشید کەرکوکی، لە ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (5.4.2017)دا بۆی ناردووم، باسی ئەوە دەکات کە شۆڕش محەمەد تۆفیق محەمەد کافرۆشی، بەم شێوەیە هەوڵی شکاندنی زیندانی سێدارەی موسڵ دەگێڕێتەوە: (لەپاش لە سێدارە دانی سێ قارەمان بە ناوەکانی جەمیل و تەحسین، کە خەڵکی هەولێر بوون، هەروەها عومەر میرزا، کە خەڵکی سلێمانی بوو، ئیتر لەناو زیندانی سێدارەی موسڵ کەسی پلان داڕێژەر لەو هاوڕێیانەی پێشوو نەما جگە لە بەرزانی عومەر عەلی. بەرزانی عومەر عەلی لەگەڵ عارەبێک، کە ناوی (ئەحمەد عەنچە) دەبێت، زۆر بەهێز بوو و لەسەر کوشتن سزای سێدارەی بەسەردا درابوو، لەگەڵ دوو برا کە زیندانەوان بوون بە ناوەکانی مەردان و فازڵ ڕێک دەکەون تا هاوکاریان بکەن بۆ شکاندنی زیندان، لە هەمان کاتدا پەیمانی ئەوەیان دەدەنێ هەر کاتێک لە شکاندنی زیندان سەرکەوتوو بوون و هاوکاریان کردن بۆ گەیاندنیان بۆ ناوچە ئازادکراوەکان، پاداشتیان بدەنەوە، ئەوانیش واتە مەردان و فازڵ پەیمانی هاوکاریان پێ دەدەن و مشاری ئاسن برینەوەو چەقۆیان بۆ دەهێنن بۆ ناو زیندانی سێدارەی موسڵ لە هەمان کاتدا پێیان دەڵێن ئۆتۆمۆبیلیش ئامادە دەکەین بۆ گەیاندنتان بە ناوچە ئازادکراوەکان).
بەگوێرەی نامەکەی محەمەد حەسەن کە لە سەرەوەدا ئاماژەم پێکردووەو دواتریش خۆم سەبارەت بەم بابەتە قسەم لەگەڵ شۆڕش بازیانی کردووە، کە ئەو خۆی یەکێک بوو لەو (13) هاوڕێیەی بازیان و (34) زیندانییەی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ لەکاتی جێبەجێکردنی نەخشە و ئۆپراسیۆنەکە، نامەکە و قسەکانی شۆڕش بەڵگەیەکی تری سەلماندنی ڕاستی بۆچوونەکانمە بەوەی کە خاوەنی بیرۆکە و نەخشەداڕێژەری هەوڵی شکاندنی بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ لە ساڵی (1981)دا ئەو چەند کەسەن، کە پێشتر و لە سەرەوەدا ناوم بردوون، نەک وەکو نەریمان مەجید سەعیدی خاوەنی نامیلکەی (شکاندنی باستیلەکەی موسڵ)، نووسیویێتی، کە بە نارەوا دە زیندانییەکەی بازیان دەکات بە خاوەنی بیرۆکە، نەخشە و پلانداڕێژەری ئۆپراسیۆنی شکاندنی ژووری سێدارە.
مەبەست لە ئاماژە کردن بە قسەکانی شۆڕش بازیانی، تەنیا بەهێزکردن و پشت ڕاست کردنەوەی ڕاستی بۆچوون و نووسینەکەمە کە ئاماژەم بە خاوەنی ڕاستەقینەی بیرۆکە و نەخشەدانەرانی هەوڵی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ کردووە، ئەگینا دوای ڕەخنەگرتنم لە نووسینەکانی نەریمان سەبارەت بەم بابەتە، ئەو ئاڵای خۆبەدەستەوەدانی بەرزکردەوەو لە وەڵامی بەشی چوارەمی (وەڵامێکی هێمنانە بۆ دەرسیم دیبەگەیی)، کە لە لاپەڕە (11)ی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە (6165)ی ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (28.8.2013)دا، بۆ بابەتی (شکاندنی باستیلەکەی موسڵ، یان چەواشەکردنی مێژوو؟)، زۆر ڕاشکاوانە نووسیویێتی: (ئێمە نەمانوتووە ئێمە خاوەن بیرۆکەو داڕێژەرو جێبەجێکاری نەخشەکە بووین، بەڵکو دەڵێین ئەگەر ئەو چەند شەهیدە سەربەرزەی لەسەرەتاوە ئاماژەت پێکردووە گەر خاوەنی بیرۆکەی داڕێژەر بووبێت، ئەوا شەهیدەکانی ئێمە جێبەجێکاری پرۆسەکە بوون).
سەبارەت بە ژمارەی زیندانییەکانی ژووری سێدارە لە شەوی (2.6.1981)دا، کە ئایە ژمارەیان چەند بووە، ئایە (13) هاوڕێکەی بازیان هەموویان ئاگادارکرانەوە، ئایە هیچ زیندانییەک هەبووە نەیەوێ بەشداری ئەو هەوڵە بکات، سەرەتا خۆم پێم وابوو کە چەند کەسێک خۆیان نەیانویستووە بەشداری ئۆپراسیۆنەکە بن. لەپێناوی زیاتر تیشک خستنە سەر ژمارەی زیندانییەکان، ئاگادارکردنەوە و بەشداری کردنی هەموویان یان بەشداری نەکردنی چەند دانەیەکیان و ئاگادار نەکردنەوەیان، لە ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (14.5.2017)دا، لە گفتوگۆیەکی تەلەفۆنیدا پرسیارم لە شۆڕش بازیانی کرد، ئەو لە وەڵامدا گوتی: (لە یەکەم ڕۆژی گەیشتنمان بە ژووری سێدارەی موسڵ، هەر هەموومان ئاگادارکرانەوە کە لە ماوەیەکی نزیکدا زیندانەکە دەشکێنن، کە پێشتر ئامادەکاری بۆ کرابوو. هەموومان لەگەڵ هەوڵی شکاندنەکەدا

بووین. بەڵام سەبارەت بە پارە کۆکردنەوە هیچ کەسێک لەو سێزدە هاوڕێیەی بازیان پارەمان نەداو تەنیا پەنجا فلسیش لە ئێمە کۆنەکراوەتەوە. هەروەها هەوڵی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ-یش لەوانەی پێشوو بۆ ئێمە مابووەوە. لە شەوی شکاندنی زیندانەکەدا ئێمە ژمارەمان سی و چوار کەس بوو). هەروەها بەگوێرەی نامەیەکی شەهید عومەر میرزا، کە لە ڕۆژی (26.5.1981)دا نووسیویێتی و دواتر لە لاپەڕەکانی (146–148)ی نامیلکەی (چەند نامەیەک لە زیندانی فاشیستەکانەوە) بڵاوکراوەتەوە، ئەو نووسیویێتی: (گیڤارای گەرمیان کە لەم بەینەدا گیرا نامە دەنووسێ. سڵاو لە هەموو لایەک دەکات، ئێستا لەگەڵ (34) قارەمانی تر لە ژووری سێدارەی موسڵ ماون).
بۆیە ژمارەی زیندانییەکان لە شەوی ئۆپراسیۆنی شکاندنی ژووری سێدارەی موسڵ لەم شەوەدا (34) زیندانیی و هەمووشیان پێشتر ئاگادارکراینەوە و بەشداریش بووینە، بەڵام بەداخەوە ئۆپراسیۆنەکە شکستی هێنا!
بەگوێرەی نامەکەی محەمەد حەسەن خورشید، کە لە ڕۆژی (5.4.2017)دا بۆی ناردووم، دوای ئەوەی لە مانگی مای (1981)دا کە ژمارەیەکی زۆر لە زیندانییەکان لە سێدارە دران، بەتایبەت دوای لە سێدارە دانی شەهیدان (جەمیل ئەحمەد مەحمود، جەلال مەحمود محەمەد سورداشی، تەحسین ڕەحمان فەرحان و عومەر میرزا شامراد)، کە هەر چواریان لە کۆتایی مانگی پێنج لە سێدارە دران، دیارە شەهید بەرزانی عومەر عەلی کە تەنیا ماوەتەوە و تا ڕادەیەکی زۆریش پەشۆکاوی و بێئومێدی پێوە دیار بووە، داوای هاوکاری لە ئەحمەد عەنچە کردووە بۆ بەردەوام بوون لەسەر پلانەکە و ئەنجام دانی هەوڵەکەیان و ئەویش قایل بووە. بۆیە دەڵێم شەهید بەرزان بێئومێد و پەشۆکاو بووە، چونکە هەست دەکەم هیچ بەرنامەیەکی نوێیان بۆ شێوەی جێبەجێکردنی نەخشە و پلانەکەیان دانەڕشتووە، هەروەها هیچ ڕێوشوێن و پلانێکیان نەبووە بۆ چۆنێتیی پەلاماردانی قولغەکان و بەدەستهێنانی چەکێک و دواتریش هۆکاری گواستنەوەیان لە بەردەم زیندانەوە بۆ دەرەوەی موسڵ و ناوچە ئازادکراوەکان. بەگوێرەی قسەی شۆڕش بازیانی، شەهید بەرزان عومەر عەلی قسەی لەگەڵ هەریەک لە ئەحمەد عەنچە و فریاد عەرەب کردیە بۆ دەربازکردنیان لە موسڵ، ئەوانیش گفتیان پێداوە کە هەر دووکیان خەڵکی موسڵ بوون، بەڵام چۆن هاوکارییان بکەن و ڕزگاریان بکەن، ئەوە تەنیا شەهید بەرزان عومەر عەلی، ئەحمەد عەنچە و فریاد عەرەب دەیزانن و قسەیان بۆ ئەوانی دیکە نەکردووە. بەدووری دەزانم ئەوان هەوڵی ئامادەکردنی ئۆتۆمۆبێلیان دابێ بۆ ئەوەی لە چاوەڕوانی ئەواندا بێ تا دوای ئەوەی دەگەنە دەرەوەی زیندان، دەستبەجێ هەوڵی گواستنەوەیان بدرێ بۆ دەرەوەی شاری موسڵ.
لەو باوەڕەدام ئەگەر ئەو (12) هاوڕێیەی کە لە ڕۆژانی (21.5.1981)، (26.5.1981) و (27.5.1981)دا لە سێدارە دران، لە سێدارە نەدرابان و لە شەوی ئۆپراسیۆنەکەدا لە ژیاندا بوونایە، بەتایبەت کە سێ هاوڕێیان (جەمیل ئەحمەد مەحمود، جەلال مەحمود سورداشی و عومەر میرزا)، لە خاوەنی بیرۆکە، پلاندارێژەر و سەرپەرشتیکاری ئۆپراسیۆن و هەوڵەکە بوون، بەدڵنیایی ئەنجامی ئۆپراسیۆنی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ بەشێوەیەکی دیکە و ئومێدی سەرکەوتن زۆرتر دەبوو. ئەو بۆچوونەی خۆمم لە ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (14.5.2017)دا بە تەلەفۆن بۆ شۆڕش بازیانی باسکرد، ئەویش هەمان بۆچوونی هەبوو، هەروەها ناوبراو باسی ئەوەی کرد، کە هەوڵی شکاندنەکەی ئەو شەوە زیاتر لە هەوڵێکی بێ بەرنامەی ناڕێکوپێک دەچوو، کە بێ سەرکردەیی و بێ سەرپەرشتیاری زۆری پێوە دیار بووە، هۆکارەکەشی گەڕاندەوە بۆ لە سێدارەدانی ئەوانەی سەرەوە.
هەرچەندە سەرەتای هێنانی فریاد عەرەب و ئەحمەد عەنچە بۆ ژووری سێدارەی موسڵ، بەشێکی زۆر لە زیندانییەکان زۆر ناڕەحەت بوون و پێیان وابوو ئەوانەیان لەبەر دوو هۆکار بۆ لای ئەوان هێناوە. هۆکاری یەکەم بۆ سووککردنی پێشمەرگە و زیندانییانی سیاسیی کورد بەهۆی تێکەڵ کردنی چەند کەسێکی دزو مرۆڤکوژی وەکو ئەحمەد عەنچە و فریاد عەرەب، هەروەها هۆکاری دووەمیشیان بۆ کاری سیخوڕی کردن بەسەر ئەوانەوە هێناویانن، بەتایبەت کە ئەو دوو عەرەبە هیچ پەیوەندییەکیان بە سیاسەتەوە نەبوو، دواتریش بەشێک لە زیندانییەکان پێیان وابوو کە حکومەت دواتر سزاکەی فریاد عەرەب و ئەحمەد عەنچە سووک دەکات!
سەبارەت بە فریاد عەرەب، ئەوە دەزانم کە بەهۆی کوشتنی کچە مامێکی کە ئامادە نەبووە شووی پێ بکات سزای سێدارەی بۆ دەرکراوەو هێنابوویان بۆ ژووری سێدارەی موسڵ. فریاد پێشتر لە کۆتایی مانگی کانوونی دووەم یان

سەرەتای شوباتی ساڵی (1981)، دوای ئەوەی بەیانییەکەی دەرگای ژوورەکانیان لێ دەکەنەوە بۆ ئەوەی بێنە دەرەوە، بەهۆی بۆڕی ئاوی سەر ئاودەستەکە یان ژووری فلینەکان سەر دەکەوێت و دەیەوێت ڕابکات. ئەو وا دەزانێ کە سەر دیوارەکە کەوت و دەتوانێ خۆی فڕێ بداتە دەرەوەی زیندان و ڕزگاری بێت، ئەو نازانێت کە ژووری سێدارە کەوتۆتە نێو حەوشی زیندانی سزا سووک و قورسەکان، بۆیە زیندانییانی بەشی سزا قورسەکان دەیبینن و دەیکەن بە هات و هاوار و پاسەوانەکان دێن و دەیهێننە خوارەوە و دەیبەنە ژوورەوە. هەر هەمان ڕۆژ لەسەر ئاودەستەکە و شوێنی فلینەکان چەند ریزێک دیوار بە بلۆک دروست دەکەن لەم شوێنەی ئەو پێیدا هەڵگەڕابوو، نەوەک کەسێکی دیکە هەمان هەوڵ دووبارە بکاتەوە. محەمەد حەسەن خورشید کەرکوکی، کە خۆی ئەم بەسەرهاتەی ڕاکردنی ناوبراوی بۆ گێڕامەوە، باسی ئەوەیشی کرد لە کاتێکدا کە وەستاکە خەریکی دروستکردنی ئەم چەند ڕیز دیوارە بوو، هەژینی زەوی ڕوویدا.

هەروەها سەبارەت بە ئەحمەد عەنچە، خۆیشم لە ساڵی (1981) ژمارەیەکی هەفتەنامەی هاوکاری یان (الراصد)م پاراستبوو، ئەو هەفتەنامەیەم تا ساڵی (2010) لە شاری هەولێر مابوو، کە لە ڕیپۆرتاژێکدا باسی ئەحمەد عەنچە و باندە دزی و پیاوکوژییەکەی دەکەن، کە خۆی بڕیاری لە سێدارە دانی هەیە و وێنەیەکی ناوبراویشیان لەگەڵ ڕیپۆرتاژەکەدا دانابوو، کەچی نازانم بۆ لە گەڕانەوەمدا بۆ دانمارک ئەو ژمارەیەی (هاوکاری یان الراصد)م لەگەڵ خۆم نەهێنا! کاتێک لە سەرەتای مانگی ئاداری (2017)ەوە تاوەکو ئێستاکە کە کۆتایی مانگی نیسانە چەند جارێک داوام لە نەریمانی برام کرد بۆ ئەوەی لەنێو ڕۆژنامە کۆنەکانم دا بەدوای ئەو ڕیپۆرتاژەی سەبارەت بە ئەحمەد عەنچە بڵاوکرابووەوە بگەڕێ و گەر دۆزییەوە بۆمی ڕەوان بکات، کەچی وەڵامی دامەوە کە ئەو ڕۆژنامەیە نەماوە. هەروەها داوام لە چەندان هاوڕێم کردووە بۆ ئەوەی ئەو ڕۆژنامەیەم بۆ پەیدا بکەن!

دوای ماوەی هەفتەیەک بۆ دوازدە ڕۆژ بەسەر لە سێدارە دان و گوللە باران کردنی ئەم هاوڕێیانەی سەرەوە (جەمیل ئەحمەد مەحمود، تەحسین ڕەحمان فەرحان، جەلال مەحمود سورداشی و عومەر میرزا)، بەگوێرەی قسەی شێخ فازڵ لە کاتژمێری (12:20) خولەکی شەوی (2.6.1981) و بەگوێرەی قسەی شۆڕش بازیانی، لەدوای کاتژمێری دوازدە و نیوی هەمان شەو ئەنجام دراوە. ئۆپراسیۆنی شکاندنی بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ لەلایەن ئەو زیندانییانەی کە بڕیاری لە سێدارە دانیان درابوو و لە چاوەڕێی مەرگ دا بوون، کە ژمارەیان (34) کەس بوو، دەست پێکرا، بەڵام سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، کە هۆکاری سەرنەکەوتن و شکستهێنانەکە بەپلەی یەک دەگەڕێنمەوە بۆ لە سێدارەدانی سێ هاوڕێی خاوەنی بیرۆکە و پلاندارێژەری ئۆپراسیۆنی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندان و پۆلێک لە هاوڕێیان کە لە مانگی مای لە سێدارە دران.

مامۆستا محەمەد حەسەن خورشید کەرکوکی، لە نامەکەدا دەڵێ: (پاش ئەوەی من حوکمەکەم سوککرایەوە بۆ زیندانی هەتاهەتایی، لە زیندانی ئەبوغرێب بیستم کە ئەو هەوڵی شکاندنەی زیندانی سێدارەی موسڵ سەری هەڵداوەتەوەو بە هاوکاری دوو برا کە ناویان مەردان و فازڵ بوو، لەوێدا زیندانەوان بوون هاوکاری زیندانیەکانیان کردبوو بە هێنانی چەقۆ، مشاری ئاسنبڕ و چەقۆ. هەرچەندە هەوڵەکە ئەنجامدراو پاسەوانێک بە ناوی (ڕەشۆ حەیدەر)ەوە کوژراو یەکێکی تریش بریندار بوو، بەڵام وەک شۆڕش بازیانی یەکێک لەوانەی کە سزای لە سێدارەدانی بۆ کرا بە زیندانی هەتاهەتایی لەپاش هەوڵەکە من لە زیندانی ئەبوغرێب بینیم، گوتی: (کەسمان لەو هەوڵی شکاندنی زیندانی سێدارەی موسڵ ڕزگارمان نەبوو، بەڵکو ئەوەی ڕایکردە ناو حەوشی بەشی سێدارە یان گۆڕەپانی دیدەنی هەر هەموویان گیرانەوە پێش گەیشتنمان بە دەرەوەی زیندان).

بەگوێرەی ئاگاداری خۆم و قسەی شەهید جەمیل و شەهید تەحسین، کە لە هەموو دیدەنییەک واتە دوای هەر (15) ڕۆژێک، کە لە ڕۆژانی (1) و (15)ی هەر مانگێکدا دەچوومە سەردانیان، بڕینەوەی شیشی دەرگاکانی ژوورەکانی بەشی سێدارە کە دوو ژوور بوون، هەر لە مانگی شوباتەوە دەستی پێکراوە و بەپێی کات و دەرفەتی گونجاو بەرە بەرە بڕاونەتەوە، کە لە ماوەی زیاتر لە سێ مانگ خەریکی بڕینەوەیان بووینە! لەکاتی بڕینەوەی شیشەکانیش هەردەم کردویانە بە گۆرانی، سروود و هەڵپەڕکێ بۆ ئەوەی زیندانەوانییەکانی دیکە و پاسەوانی سەر تاوەرەکان گوێیان لە

خشوهۆڕی بڕینەوەی شیشەکان نەبێت، دواتریش هەر جارەی وەستابن خێرا بە سابونی ڕەقی شوێنی شیشە براوەکەیان پڕکردۆتەوە تا کەس هەستی پێ نەکات. هەروەها شێخ فازڵ خۆیشی باسی ئەوەی بۆم کردووە کە هەر دوا بەدوای گەیشتنی مشاری ئاسنبڕو کەرەستەکانی دیکە، زیندانییەکان دەستیان کردووە بە بڕینەوەی شیشە ئەستوورەکانی ژوورەکانی خۆیان.

پێ دەچێت تا شەوی ئەنجام دانی ئۆپراسیۆنەکە، تەنیا شیشی ژوورە بچووکەکەی دەستە چەپ براینەوە، هەروەکو پێشتر شەهید تەحسین و شەهید جەمیل سەبارەت بە بڕینەوەی شیشەکانی ژوورەکان قسەیان بۆ کردبووم، بەڵام ئەوەم لە هیچیان نەپرسیبوو کە جاری یەکەم شیشی دەرگای کام ژوور دەبڕنەوە و خۆیشیان بۆیان باس نەکردم کە لە کام ژوورەوە دەستیان پێکردووە. بەڵام هەست دەکەم بەئەنقەست بڕینەوەی ژوورە بچووکەکەیان هەڵبژاردبێ کە لە دەرگای هاتووچۆی هاتنە ناو بەشی سێدارە دوورترە لە ژوورە گەورەکە، تاوەکو نەوەک لەکاتی هاتنی لە ناکاوی ئەفسەری ئێشکگر ئەوان خەریکی بڕینەوەی شیشەکان بن و ئەفسەرەکان گوێیان لە دەنگی خشوهۆڕی بڕینەوەی شیشەکان بێ و پلانەکەیان ئاشکرابێ.

سەبارەت بە بڕینەوەی شیشی دەرگای ژوورە گەورەکە، ئەوەندەی بیرم بێ شەهیدان (بەرزان عومەر عەلی، جەمیل ئەحمەد مەحمود، جەلال مەحمود سورداشی، عومەر میرزا و تەحسین ڕەحمان فەرحان) لەو ژوورەدا بوون، هەروەها بەگوێرەی قسەی شۆڕش بازیانی هەر (13) هاوڕێکەی بازیان لەو ژوورە دانرابوون، شۆڕش بازیانی گوتی: (دوای ئەوەی کاتژمێری دەی شەو پاسەوانەکان گۆڕدران و ڕەشۆ شوێنی ئەوەی دیکە گرتەوە، هەر چارەگێگ یان بیست دەقەی پێچوو ئەحمەد عەنچە بەبێ هەست لە ژوورە بچووکەکە هاتە دەرەوەو بەرەو ژووری فلینەکان ڕۆیشت، لەوێ هەر لەخەو ڕەشۆی کوشت. ئەو شەوە دیاربوو ڕەشۆ زۆر خەوی دەهات، چونکە کە ئاڵوگۆڕی پاسەوانێتی کرد، دەستبەجێ چووە ژووری فلینەکان و لێی خەوت. دوای کوشتنی ڕەشۆ، ئەحمەد عەنچە مشارەکەی هێناو لە ماوەی سێ چارەگ بۆ کەمتر لە کاتژمێرێک هەموو شیشەکانی ژوورە گەورەکەی ئێمەشی بەتەنیا بڕییەوە. دواتر هەر خۆی شیشەکانی خوارکردەوەو ئێمەش یەک لەدوای یەک هاتینە دەرەوە).

سەبارەت بە بڕینەوەی شیشی ژوورە بچووکەکە پرسیارم لە شۆڕش بازیانی کرد، کە ئایە گوێیان لە بڕینەوەی شیشەکانی ژوورە بچووکەکە بووە کە ئەو شەوە بڕدرابنەوە؟ خۆ ئەگەر لەو شەوەدا براینەوە، کە نێوانی ئەو دوو ژوورە ئەوپەڕی شەش بۆ حەوت مەترە، دەبوایە گوێتان لە خشوهۆڕی بڕینەوەکان بوایە؟

شۆڕش بازیانی، لە وەڵامدا گوتی: (بەدڵنیایی دەبوایە گوێمان لێبوایە، بەڵام ئێمە گوێمان لە هیچ نەبوو، کە ماوەی نێوانیشمان تەنیا چوار بۆ پێنج مەترێک دەبوو نەک حەوت مەتر. بۆیە هەروەکو تۆ دەڵێی مادام گوێمان لە هیچ خشوهۆڕێکی بڕینەوەی شیشەکان نەبووبێ، دەبێ پێشتر بڕدرابنەوە).

دەرگای سەرەکی زیندانی سێدارە، دەرگایەکی گەورە بوو، بەڵام لە ناوەڕاستیدا دەرگایەکی بچووکتر هەبوو هەر یەک کەس دەیتوانی پێیدا تێپەڕێت، شەوانە پاسەوانەکان لەو دەرگا بچوکەوە ئاڵوگۆری ئێشکگریان دەکرد، هەروەها هێنانی زیندانیی نوێ بۆ ژووری سێدارە و بانگکردنی زیندانییانی ژووری سێدارەش بۆ بەڕێوەبەرێتیی زیندان و بۆ لای دکتۆریش هەر لە ڕێگای ئەو دەرگا بچووکەوە ڕایی دەکرا. بەڵام بۆ ڕۆژانی دیدەنی دەرگا گەورەکە دەکرایەوە، چونکە زیندانییەکان هەم خواردن، خواردنەوە، جلوبەرگ و فلینەی گەورە گەورەیان بە دەرگا گەورەکەدا دەبردە ژوورەوە کە نەدەکرا ئەو کەلوپەلانە لە دەرگا بچووکەکەوە ببەنە ژوورەوە.

هەر بە پشت بەستن بە قسەکانی شۆڕش بازیانی و بەگوێرەی نامەکەی محەمەد حەسەن، دوای کوشتنی ڕەشۆ حەیدەری ئێشکگر لەلایەن ئەحمەد عەنچە، زیندانییەکان لە چاوەڕوانی هاتنی ئێشکگری داهاتوودا دەبن، ئەوەبوو بۆ ئاڵوگۆڕی ئێشکگرتن، ئەحمەد عەرەب دێت و دەرگا بچووکەکەی ناو دەرگا گەورەکە دەکاتەوە، کە پێشتریش باسکراوە کە دوو دەرگا بوون لەناو یەکتریدا، شۆرش لەسەر گێڕانەوەکە بەردەوام دەبێ و دەڵێت: (هەر کە دەنگی قوفڵی دەرگا بچووکەکە هات، ئەحمەد عەنچە خۆی مەڵاسدا لە پاڵیدا، پاسەوانەکە لە دەرگا بچووکەکەوە پێیەکی هێنایە ژوورەوەو ناوبراو بەخێرایی پەلاماری دا، گرتی و بەر چەقۆی دا، ئەحمەد عەرەب بەشێوەیەک قیژاندی و هەر چۆنی بێت خۆی

لە دەستی ئەحمەد عەنچە ڕاپسکاندو بە بریندارى خۆی ڕزگار کردو ڕایکرد. هەموو زیندانییەکان هێرشمان کرد بۆ ئەوەی ئەحمەد عەرەب بگرین و کلیلەکانی لێ بسەنین، بەڵام ئەو سەرەڕای بریندار بوونیشی بە هەر شێوەیەک بێ کیلۆنی دەرگای دووەم و سێیەمی داخست، کە دەڕوات بەرەو ژووری ئێشکگرتن، بەڕێوەبەرێتیی زیندان و گۆرەپانی هاتنە ژوورەوەو چونە دەرەوەی زیندانی موسڵ. ئەم جارە زیندانییەکان تێکرا دەمانویست دەرگا بچووکەکە بەرەو دەرەوە بشکێنین، وەلێ سەرکەوتوو نەبووین، بۆیە بەناچاری لەو دەرگا بچووکەوە یەک لەدوای یەک دەربازی گۆرەپانی دیدەنی بووین، لە هاوارو قیژەی پاسەوانی بریندار، زیندانیانی زیندانی سزای قورس و سوکی موسڵ، کە پێشیان دەگوت (زیندانی قەڵا) ئاگادار بوونەوە، هەروەها ئێشکگری تاوەرەکانیش ئاگادار بوونەوەو دەستیانکرد بە تەقە لێکردنمان. ئێمەش هەر ئەوەندەمان بۆکرا خۆمان لە پەنا دیوارەکان مەڵاس دەین و دواتریش هەموومان گەڕاینەوە ژوورەکانی خۆمان، بێ ئەوەی کەسێکمان بریندار یان شەهید ببێ. بۆیە گەڕاینەوە ژوورەکانی خۆمان، چونکە بێ هیوا بووین لەوەی دەربازی دەرەوە بین بەتایبەت کە لە هەموو لایەک بوو بە تەقە و پاسەوانی ناو تاوەرەکانیش تەقەیان لە ژوورەکانی بەشی سێدارە دەکرد. لەم کاتەدا بەهۆی زۆری دەنگە دەنگی دەرەوە زانیمان کە هێزیان هێناوە بەرەو زیندان بۆ کۆنترۆڵ کردنمان و بەهۆی دەنگە دەنگی بەردەوامیان زانیمان کە تا بەیانی لە تاوەرەکانەوە، سەربان، ناو تەواوی زیندان و دەوروبەری زیندان هێزێکی زۆری پڕچەک دامەزراون، بەڵام بەهیچ شێوەیەک تاکو بەیانی درەنگ نەیانوێرا پەلاماری ئێمە بدەن چونکە وایان زانیبوو ئێمە چەکمان پێیە، بۆیە هەر کە ڕۆژ بووەوە و دەوروبەری کاتژمێری هەشت بۆ نۆی بەیانی، سەرەتا زیندانیانی ناو قەڵایان بە کێبڵ، تێلا، بەردو دارەوە نارده سەرمان و ئەشکەنجەی زۆریان داین. دوای ئەوەی کە بەڕێوەبەرێتیی زیندان تەواو دڵنیابوون و زانیان چەکمان لا نیە، ئەوجا هێزی ئەمن و پۆلیس داباریە سەرمان و کەوتنە لێدانمان بۆ ماوەیەکی زۆر. دەمودەست دەرگا شکاوەکان کە دەرگای شیشی ئەستور بوون تەنیا لەحیم کردەوەو ئامادەیان کردین بۆ لێپرسینەوە. بەدرێژایی گۆرەپانی دیدەنی زیندانیانی سێدارە، پۆلیسی زیندان، ئەمن و بەشێک لە زیندانیانی قەڵا ئامادە کرابوون بە بەرد، تێلاو کێبڵ هەر کەسێکیان بانگ دەکرد بۆ لێپرسینەوە دەبوایە بەنێو ئەو هێزەدا تێپەڕێت و یەک لەدوای یەک بردیانین و ئەشکەنجەی زۆریان داین. لە کاتی تێپەڕ بوونماندا بەنێو پۆلیس، ئەمن و زیندانیانی قەڵا تاکو ژووری لێپرسینەوە بە کێبڵ، دارو بەرد لێیان دەداین، کەس بە سەلامەتی دەربازی ژووری لێپرسینەوە نەدەبوو. بەڵام لای ئەفسەری لێکۆڵەر لە ژوورەوە لە هیچ کەسێکیان نەداو ئەشکەنجە نەدراین، بەڵکو تەنیا پرسیارکردن بوو لەسەر چۆنێتیی شکاندنی دەرگاکانی ژووری زیندانی سێدارە و هەوڵی ڕاکردنەکە).

بەگوێرەی نامەکەی محەمەد حەسەن خورشید و قسەکانی شۆڕش بازیانی کە بۆ خۆم، لە ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (14.5.2017)دا کردی، ئەو بە پێکەنینەوە گوتی: (هەر هەموومان لە لێپرسینەوە گوتمان ئێمە ئاگاداری هیچ نین و ئەحمەد عەنچە بەتەنیا ئەم کارەی کردووە، ئیتر پاش یەک دوو ڕۆژ ئەحمەد عەنچە و بەرزانی عومەر عەلی لە سێدارە دران و چەند وەجبەیەکی زیندانی تریان هێناو، پاشان من حوکمەکەم لەگەڵ دوو کەسی تردا بە مەرسومی کۆماری سوککرایەوە بۆ سزای هەتاهەتایی و گوازراینەوە بۆ زیندانی ئەبوغرێب).

بەدرێژایی ئەو ڕۆژە ئەشکەنجەی زۆر سەختی یەکە بە یەکەی هەموو زیندانییەکانیان دابوو، بۆ ئەوەی سەرەداوی نەخشە و پلانی هەوڵی ئۆپراسیۆنی شکاندنی زیندانەکە بدۆزنەوە. سەرجەم زیندانییەکان بێئاگایی خۆیان دەردەبڕن و شتەکە دەخەنە سەر ئەحمەد عەنچە، بۆیە ئەو زۆر بە سەختی و چڕی ئەشکەنجە دەدرێت، بەپلەی دووش شەهید بەرزانی عومەر عەلی، کە ئەحمەد عەنچە پلانەکە دەخاتە ئەستۆی ئەو، هەر ئەوەش بۆتە هۆکاری لە سێدارەدانی بەرزانی عومەر عەلی و ئەحمەد عەنچە پێکەوەو بەیەک ڕۆژ. بەرزانیش بەهۆی ئەشکەنجەی لە ڕادەبەدەر قورس و بەناچاری قسەی لەسەر سێ کەس کرد کە چەند ڕۆژێک پێشتر لە سێدارە درابوون، کە ئەمەش زۆر ئاساییە و شەهید بەرزان هیچ ڕێگە چارەیەکی دیکەی لە بەردەم دا نەبووە، خۆیشم لەوێ بوومایە هەر وەکو شەهید بەرزان عومەر عەلی قسەم لەسەر لەسێدارە دراوەکان دەکرد، ئەوە هەرگیز ناچێتە خانەی خاڵی لاوازی ئەو، نەوەک کەسانێک وا

لێکی بدەنەوە کە ئەوە مەبەست و بۆچوونی من نییە. دواتریش، ڕۆژانە و بۆ ماوەی نزیکەی یەک مانگ ئەشکەنجەی سەختی ئەو زیندانییانە دراوە، کە لە ژیاندا مابوون و لەماوەی ئەو مانگەدا لە سێدارە نەدرابوون.
قسەکردنی ئەحمەد عەنچە لەسەر بەرزانی عومەر عەلی، بۆمان دەردەخات کە بەرزان یەکێک بووە لە خاوەنی بیرۆکە و پلاندارێژەری نەخشەی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ، هەروەها قسەکردنی شەهید بەرزان لەسەر ئەوانەی لەسێدارە دراون، دەیسەلمێنی جگە لەوان کەسی دیکە خاوەنی بیرۆکە و پلاندارێژەری ئۆپراسیۆنی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ نەبووە. بەڵام ئەو قسەیەی شۆڕش بازیانی سەبارەت بە ڕۆژی لە سێدارە دانی بەرزانی عومەر عەلی بە یەک دوو ڕۆژ دوای شکستی ئۆپراسیۆنەکە لەگەڵ زانیارییەکانی بنەماڵەی شەهید بەرزان یەکناگرێتەوە، کە ئەوان لە لیستی زیندانییانی سیاسیی نووسیویانە لە ڕێکەوتی (16.8.1981) لە سێدارە دراوە!
لەدوای ئەنجام دانی ئۆپراسیۆنەکە، هیچ کام لە زیندانییەکان نەیان توانیوە ڕابکەن، چونکە ئەحمەد عەرەبی پاسەوان بە برینداری خۆی ڕزگار دەکات و جگە لە دەرگای یەکەم، توانیوێتی هەم دوو دەرگاکەی تر دابخاتەوەو هەم پاسەوان و تەواوی کارمەندانی زیندان لەو هەوڵ و ئۆپراسیۆنە ئاگادار بکاتەوە. کەواتە تەنیا دەرگا بچووکەکەی کە دەکەوێتە سەر ڕێڕەوە بەرزەکەی شوێنی دیدەنی و ژوورەکانی خۆیان بەدەستەوە بووە بۆ ئەوەی تیایدا بسووڕێنەوە، بەڵام دوای تەقەکردنی زۆر و چڕی پاسەوان و هێزە بەهانا هاتووەکەی ڕژێم بە ئاراستەی ژووری سێدارە، هەر (34) زیندانییەکە چوونەتەوە ناو دوو ژوورەکەی پێشووی خۆیان نەوەک بریندار یان شەهید بن. پێشتریش باسم کردووە و ئێستاکەش دووبارەی دەکەمەوە کە هیچ زیندانییەک لەم شەوەدا شەهید یان بریندار نەبووینە، کە شۆڕش بازیانی لەپێش ئۆپراسیۆنەکە و تا کۆتایی مانگی ئەیلول یان سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەری ئەو ساڵە لە ژووری سێدارە بووە، لەگەڵ تەواوی (13) هاوڕێکەی بازیان لەنێویاندا (شەهید جەباری ئەحمەد زەریفە و شەهید عەدنان سابیر)، پێکەوە بووینە و ئەوان لە ژیاندا مابوون. شۆڕش بازیانی، جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە کە تەنانەت شەوی هەوڵی شکاندنی زیندانەکە هیچ کام لە شێخ فازڵ و شەهید مەردان لە زیندان نەبووینە!
خۆیشم زیاتر ئەو بۆچوونە بەڕاست دەزانم کە لەم شەوەدا واتە شەوی (2.6.1981)، کە ئۆپراسیۆن و هەوڵی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ جێبەجێ کرا، هیچ کەس لە زیندانییەکانی ژووری سێدارە نەیتوانیوە لەنێو زیندان ئاودیوی دەرەوەی زیندان بێ، هەروەها هیچ کەسێکیشیان بە تەقەی پاسەوانەکان شەهید و بریندار نەبووینە. پێشم وانییە جگە لە شێخ مەردان و شێخ فازڵ، کە هەر دووکیان کارمەندو پاسەوانی ژووری سێدارە بووینە و هاوکاری زیندانییەکانی ژووری سێدارە بووینە بۆ بە ئامانج گەیشتنی پلان و ئۆپراسیۆنی شکاندنی زیندانەکە، لە دەرەوەی زیندان گیرابنەوە، کە ئەوانیش شۆڕش گوتەنی لەم شەوەدا لە زیندانەکە نەبووینە! بەڵام لە هەمان کاتدا شێخ فازڵ باسی ئەوە دەکات کە خۆی، مەردانی برای و چەند کەسێکی دیکە لە زیندانییەکان و دوای سێ شەو و سێ ڕۆژ لە بەرەبەیانی (5.6.1981) لە نزیک شارۆچکەی ڕەبیعەی نزیک سنووری ڕۆژئاوای کوردستان گیراونەتەوە، کە تەنیا خۆی لەو قسەیەی خۆی بەرپرسە و خۆم بەهیچ شێوەیەک لێی بەرپرس نیم. سەبارەت بە مەردان و فازڵ، لە ڕۆژی (20.2.1982)دا مەردان بڕیاری سێدارە و فازڵ سزای هەتاهەتایەی بۆ دەرچوو، کە دواتر مەردان یوسف لە ڕۆژی (13.11.1982)دا لە سێدارە دراو فازڵ-یش تا ڕۆژی (21.5.1986) لە زیندانی ئەبوغرێب مایەوە.
هەروەکو پێشتر ئاماژەم بەوەدا کە بەر لە ئەنجام دانی ئۆپراسیۆنی شکاندنی ژووری سێدارەی موسڵ، ڕۆژانە زیندانییەکان لە کاتژمێری هەشتی بەیانی تا هەشتی ئێوارە دەرگایان لێ دەکرایەوەو دەهاتنە ناو حەوشەکە و ئازاد بوون لە خواردن دروستکردن، وەرزش کردن، پیاسەکردن، خۆشۆرین، خۆدانە بەر خۆر، تێکەڵاوبوونی زیندانییانی هەردوو ژوورەکە و گفتوگۆکردنیان، بەڵام دوای ئۆپراسیۆنی شکاندنی زیندان، دەرگاکانیان لەسەر داخستن و هەموو ئەمانەیان بە دیدەنی کەسوکاریشیانەوە لێ قەدەغە کردن. سەرەڕای نەمان و قەدەغەکردنی هەموو ئەمانش، لەگەڵ پێدانی هەر ژەمێک خواردنی ڕۆژانە، کە بەیانیان و ئێواران خواردنیان دەدانێ و بۆ ماوەی نزیکەی مانگێک، واتە هەر ڕۆژەی دوو جار بە بەردەوامی ئەشکەنجە دەدران. زیندانییەکان حەزیان دەکرد ڕۆژانە کەمترین ژەمی خواردنیان بدەنێ و لەبری دوو ژەم تەنیا ژەمێکیان بدەنێ، چونکە زۆر نامرۆڤانە و بێویژدانانە لەگەڵ پێدانی هەر ژەمە خواردنێک

بەڕیز و یەک لەدوای یەک ئەشکەنجەیان دەدان. هەر لەگەڵ دەرگاکردنەوە بۆ پێدانی خواردن، بەلێدان بۆ ئاودەستیان دەبردن و دواتر لە ژووریان دەکردنەوە، واتە لە شەو و ڕۆژێکدا تەنیا دوو جار ڕێگەیان پێ دەدرا بۆ چوونە سەر ئاودەست. لە گفتۆگۆ تەلەفۆنییەکەی ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (14.5.2017)دا، شۆڕش بازیانی باسی ئەوەی کرد کە خۆشۆرین بەتەواوی نەماو تا ڕۆژی سووککردنی سزاکەیان لە کۆتایی مانگی ئەیلول یان سەرەتای مانگی تشرینی یەکەم، هیچ کامێک لە زیندانییەکان خۆیان نەشۆریوە و دەرگای حەوشی زیندانیان بۆ نەکراوەتەوە بۆ ئەوەی بێنە ناو حەوشەکە بە مەبەستی خۆدانە بەر خۆر یان وەرزش کردن.

بۆ پشت ڕاستکردنەوەی بۆچوون و نووسینەکانم، سەبارەت بە خاوەنی بیرۆکە و پلاندارێژەری ئۆپراسیۆنی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ، پەنا دەبەمە بەر چاپی سێیەمی (ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)، کە لە لاپەڕەکانی (1090–1092)دا، لە بابەتی (موسڵ: ئۆپراسیۆنی ڕاکردن لە زیندان)، ڕاستییەکانی نووسیووەو ئاماژەی بە ناوی ئەو کەسانە داوە کە داڕێژەری بیرۆکە و نەخشەدانەری ئۆپراسیۆن و هەوڵی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ بووینە لە هاوینی ساڵی (1981)، هەرچەندە زانیارییەکان ڕاست نەکراونەتەوە و لە کۆتایی (2015)دا نێردراون! کۆپی ئەو سێ لاپەڕەیەی ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە خوارەوە دادەنێم و دەتوانن تەواوی ئۆپراسیۆنەکە بخوێننەوە.

لە ڕۆژانی دیدەنی و بەتایبەت کە دوادیدەنی و ڕۆژی بەر لە سێدارەدانی ئەو تێکۆشەرانە، هەر یەکەی شێر و پڵینگ ئاسا دەهێنرانە ناو ڕێڕەوی دیدەنییەکەو بۆ ماوەی (3–4) کاژمێر ئەم جارەیان بەدەستی کەلەپچەوە لەگەڵ ئەندامانی خێزان، کەسوکار، هاوڕێ و ناسیاوانی خۆیان بەسەر دەبرد و بە دەیان دروشم و هەڵبەستیان دەخوێندەوە.

لەم ماوەیەدا، ئەوان بە بەردەوامی قسەیان بۆ ئەو خەڵکە دەکرد و ورەیان بەرزدەکردنەوە، هۆنراوەی شۆڕشگێڕیان دەگوتەوە، یان باسی سیاسەتی شۆڤێنییانەو ڕەفتاری دڕندانەی بەعس و ڕێبازی شۆڕش و کوردایەتیی پێشمەرگەیان بۆ دەکردن.

دوا دیدەنی شەهید جەمیل ئەحمەد مەحمود لە ڕۆژی (20.5.1981) و دوادیدەنی شەهید تەحسین ڕەحمان لە ڕۆژی (25.5.1981)دا، ئەم هەڵبەستانەی خوارەوە خوێنرانەوە. شەهید جەمیل، بە ورەیەکی پۆڵایینەوە هەڵبەستی زۆری خوێندەوەو قسەی بەسوودی بۆ خزمان و میوانان کرد، لە یەکێک لە قسەکانیدا گوتی: (ماوەیەکە بە شەو و ڕۆژ قسە بۆ زیندانییەکانی هەر دوو ژووری سێدارە دەکەم، باسی بابەتی ئایدیۆلۆژی، فەرهەنگی و سیاسییان بۆ دەکەم، بۆیە بەدڵنیایی دەتوانم بڵێم هەر یەکەیان پڵینگێکن لە بەرانبەر بە دوژمنی ڕەگەزپەرست و هەر هەموومان بێباکین لە بەرانبەر سێدارە و مردن).

پێشتر شەهید تەحسین داوای چەند پارچە هەڵبەستێکی لێکردم کە بۆی بنووسمەوە، بەو مەرجەی نوێ بن و لەو نامانەی خۆیی و شەهید جەمیل کە لای خۆم پارێزراون نەنووسرابن، چونکە ژمارەیەک نامەی ئەوانم لابوو، کە ژمارەیەک هەڵبەستی شۆڕشگێڕییان تێدا نووسرابوو. لە یەکێ لە دیدەنییەکاندا چەند پارچە هەڵبەستێکم بە نووسراوی بۆی بردە ژوورەوە، بەڵام لەوانەیە چەند وشەیەکم گۆڕیبێ و باش کوردانبم. دیارە دوو هەڵبەستی یەکەمی زۆر بەدڵ بوو، بۆیە بەتایبەت هی یەکەمی لەو ڕۆژەیەدا دەیان جار دووبارە کردەوە و هی دووەمیش چەند جارێک. دواتریش بەدەستی شەتەک دراو بە کەلەپچەوە، هێمنی تەمەن نزیک دوو ساڵ و نیوی کوڕی بەرزکردەوەو گوتی: (جەللادەکان، بەعسییە فاشییەکان، سەدامییە داگیرکەرەکان، دڵنیابن بە لە سێدارەدانی ئێمە ناتوانن کۆتایی بە خەبات و شۆڕشی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بێنن، چونکە هەموو منداڵێکی ئاوا ساوای کورد پێشمەرگەیەکە بۆ بەرگری کردن لە کوردو کوردستان لەدژی چەوسانەوە و ستەمی ئێوە).

باروت و قورقوشم و پۆڵا
گوللەی زۆرداری ناقۆڵا
زنجیری سەد بەندیخانە
ڕەشاشی دەستی بێگانە

یەک زەڕە کارمان تێ ناکا
تەرکی ڕێگامان پێ ناکا
گەر مردین لەم ڕێگاو بانە
نابین بە پیاوی بێگانە
ناوی ترساندن نازانین
چونکە خاوەنی بیروباوەڕو ئیمانین (فایەق بێکەس).

بەگیانی فەهد (ئارام) و خوێنی شەهیدان
ناوەستین لەڕێی سەربەستی ژیان (کوردستان)
بەتێکۆشان و شۆڕشی خوێنین
بەرنادەین ڕێگای مارکس و لینین (ئەحمەد دلزار).

جەللادەکان خوێنمژەکان
ئەی بەعسییە ڕووتاڵەکان
مەڵێن ئەمانە دیل و ئەسیرن
دەست بە کەلەپچە و کۆت و زنجیرن
شەرت بێ نەیەڵم چاوم ببەستنەوە
پەت بێنن بۆ مل .... مل بکەم پێوە

بێباک لەبەردەم سێدارەی دوژمن
پەتی قەنارە ئەخەمە گەردن
کرێکارێکی هەژاری کوردم
هیچ پەشیمان نیم لەوەی کە کردم (فاروق ئەحمەد عەبدوڵڵا "هەڵگورد").

مەڕێژن بۆم فرمێسکی خەم
کە سوور بووە لە خوێن جەستەم
شەهیدی دەستی زۆردارم
بەڵام ئۆخەی کە پێشمەرگەم (ئەحمەد ڕەشوانی).

داری ئازادی بە خوێن ئاو نەدرێ قەت بەرناگرێ
سەربەخۆیی بێ فیداکاری ئەبەد سەرناگرێ
پیاو ئەبێ بۆ سەندنی لە مردن سڵ نەکا
هەر برووخێ بەس نییە تاکو نەسەنرێ نادرێ (فایەق بێکەس).

تەنیا ئەوەندە دەڵێم کوا ئەو دڵسۆزی، پاکی، کوردایەتی، مرۆڤایەتی و جوامێری جارانی قارەمانەکانی ژووری سێدارە و پێشمەرگەکانی سەنگەر، کە تا دواهەناسە و فیشەک بە پاکی سەریان دەنایەوە، کەچی ئێستاکە و لە ئەنجامی گەندەڵی، خۆپەرستی، هەڵپەرستی و نادڵسۆزی سەرکردایەتی کورد و حزبە کوردستانییەکان هیچیان نەماوەو کورد لە هەستی نەتەوەیی و نیشتمانیی داشۆراوە، کە هەمووی سەرکردایەتی باشووری کوردستان، حزبە کوردستانییەکان و بەرپرسانی حکومی، حزبی و پەرلەمانی لێی بەرپرسیارن!


ژووری لە سێدارەدان وهەلواسێنی
ڕۆلەکانی کورد لە شاری موسل ،لە
سەردەمی ڕژێمی فاشی

شاری هەولێر گیرا بون. لەوانە جەمیل ئەحمەد مەحمود حەمەو تەحسین رەحمان فەرحان سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەرچوو، ئەوانی تر، یەکێکیان کەیوسف عومەر حەکیمە بەهۆی ئەشکەنجەی دڕندانەوە لەدەستەی لێکۆڵینەوەی تایبەتی کەرکوك گیانی لەدەستداو چوار ئەندامەکەی تر سزای زیندانی کردنیان بۆ دەرچوو.

جەلال مەحمود ئەحمەد محەمەد سورداشی خەڵکی گوندی شەدەڵەی دۆڵی مێرگەپانە، پێشمەرگەی هەرێمی دوو بووە، لەشەڕێکدا لەگوندی کلێسەی دەشتی کۆیە، خۆیو برایم مەحمود محەمەد باخ ناسراو بەدکتۆر رێباز لەلایەن سوپاو جاشەکانەوە دەستگیر کرابون. هەردوکیان لەیەکی حوزەیرانی ١٩٨٠دا لەدەستەی لێکۆڵینەوەی تایبەتی کەرکوك بڕیاری لەسێدارەدانیان بۆ دەرچوو بوو.

عومەر میرزا شاموراد ناسراو بەنەبەز، لەدایکبوی ساڵی ١٩٣٩ی شاری سلێمانییە، پێشمەرگە بوو لەهەرێمی ٥ی قەرەداغ. لە١٦ی کانونی یەکەمی ١٩٨٠دا لەشەڕێکدا لەنێوان هەردوو گوندی جێشانەو دارۆغای ناحیەی بەکرەجۆ، بەبرینداری لەلایەن

## موسڵ (ئۆپەراسیۆنی راکردن لەزیندان)

هەوڵی راکردنی ئەندامە گیراوەکانی رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان لەبەندیخانەی موسل لەحوزەیرانی ساڵی ١٩٨١. نەخشەی پلانی راکردن لەلایەن پێنج گیراوەوە دانراوە کەبریتین لەجەمیل ئەحمەد مەحمود حەمە، تەحسین رەحمان فەرحان، جەلال مەحمود ئەحمەد سورداشی، عومەر میرزا شامورادو بەرزان عومەر عەلی.

لەم پێنج کەسە جەمیل ئەحمەد مەحمود ئەندامی کۆمیتەی راپەڕینی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانو بەرپرسی هێڵێکی رێکخستنی هەولێرو تەحسین رەحمان فەرحان کادیری کۆمیتەی راپەڕین بون، لەگەڵ پێنج هاوڕێی تردا، دوای بردنی رۆنیۆو تایپێك لەبارەگای ئەمینداریتیی گشتیی خوێندنو خوێندنی باڵای



1090

هێزێکی سوپاو جاشەکانەوە دەستگیر کرابوو. لە١٧ی ئازاری ١٩٨١دا لەدەستەی لێکۆڵینەوەی تایبەتی کەرکوك بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەرچوو بوو و بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکە بۆ بەندیخانەی موسل نێردرابوو.

بەرزان عومەر عەلی خەڵکی سلێمانیو پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو، ساڵی ١٩٨٠ بەدیل گیرابوو و لەدەستەی لێکۆڵینەوەی تایبەتی کەرکوك بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەرچوو بوو و بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکە رەوانەی بەندیخانەی موسل کرابوو.

بەهەوڵو تەقەللای دانەرانی نەخشەکەو بەیارمەتیی دوو یاساوڵی ئێزدی بەناوی فازل یوسف ئەلیاسو مەردان یوسف ئەلیاس کە لەبەندیخانەی موسل کاریان دەکرد، گیراوەکان هەندێ کەرەستەی گرنگیان بۆ راکردن چنگ کەوت لەوانە مشاری ئاسنبڕ، گوریسو چەقۆ.

پلانی راکردنەکە نزیکەی چوار مانگی خایاندووە کەتێیدا گیراوەکان بەشەو، لەکاتی ئێشکگریی هەردوو برا ئێزدییەکەدا، بەشێنەییو لەسەرخۆ، دەستیان بەبڕینی شیشی ئاسنینی دوو ژوری زیندانەکەو دەرگای ڕێڕەوەکە کردووە. دواتریش، بۆ شاردنەوەی شوێنی بڕینەکە، بەسابونی رەقی شوێنە بڕدراوەکانیان پڕ کردۆتەوە.

لەکاتێکدا کەپلانەکە بەشێوەیەکی ئاسایی بەڕێوە دەچوو، ١٣ ئەندامی رێکخستنەکانی تەیناڵو گۆپاڵەی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان کەتازە فەرمانی لەسێدارەدانیان لەکەرکوك بۆ دەرچوو بوو، خرانە هەمان ئەو ژورانەی کەپلانەکەی تێدا بەڕێوە دەچوو. زۆربەی خەڵکی ئەم دوو ئۆردوگایە لەڕاگوێزراوەکانی بناری چیای بەمۆی ناوچەی خانەقین بون. لەم ١٣ کەسە دە کەسیان بەشدار بون لەجێبەجێ کردنی پلانی راکردنەکەدا.

سێ لەپێنج دانەرەکەی نەخشەکە فریای راکردن نەکەوتن چونکە پێش ئەوەی پلانەکە بگاتە قۆناغی راکردن، کاتی لەناوبردنیان هات و لەمانگی ئایاردا یەك لەدوای یەك دەست بەجێبەجێ کردنی بڕیاری لەناوبردنیان کرا. لە٢١ی ئایاردا جەمیل ئەحمەد مەحمود حەمە لەسێدارە درا، لە٢٦ی ئایاردا تەحسین رەحمان فەرحانو جەلال ئەحمەد محەمەد سورداشی گوللەباران کران، لە٢٧ی ئایاردا عومەر میرزا شامورادو چوار زیندانیی دیکە لەسێدارە دران. لەم سۆنگەیەوە، بەردەوامبون لەسەر جێبەجێ کردنی پلانەکە بۆ بەرزان عومەر عەلیو ئەندامە گیراوەکانی رێکخستنەکانی هەردوو ئۆردوگاکەی تەیناڵو گۆپاڵە مایەوە کەبەبێ کۆڵدان درێژەیان بەپلانەکە داو گەیاندییانە ئەو رادەیەی کەزیندان بشکێنن.

لە٢ی حوزەیرانی ١٩٨١دا پاش نیوەشەو بەکەمتر لەنیو سەعات، گیراوەکان زیندانیان شکاندو رایانکرد. بەڵام هەوڵی راکردنەکە بەئامانجی خوازراو نەگەیشت چونکە هەر ئەو رۆژە هێزێکی زۆری سوپاو پۆلیسو میلیشیاکانی جەیشی شەعبی ناوچەکەیان تەنییەوەو رژانە ناو شاری موسلو دەوروبەریو کەوتنە پشکنینی گەڕەكو ڕێوبانەکان، هەموو بازگەکان باری نائاساییان تێدا راگەیەنراو تەواوی دەروازە سنورییە نێودەوڵەتییەکانی ناوچەکە داخران. بەهۆی ئەمەوە، راکردووەکان لەکاتو شوێنی جیاواز هەمویان دەستگیر کرانەوەو راپێچی بەندیخانە کرانەوە. بەشێکی راکردووەکان لەدەوروبەری شاری موسل دەستگیر کرانەوەو بەشێکی دیکەیان لەوانە فازلو مەردان یوسف ئەلیاس، بەرزان عومەر عەلی، بابان ئەحمەد محەمەد عەبدولڕەحمان، جەبار ئەحمەد زەریفەو عەدنان سابیر لەدەوروبەری شارۆچکەی رەبیعە لەنزیك سنوری عیراق- سوریا لەبەرەبەیانی

ڕۆژی ٥ی حوزەیراندا دەستگیر کرانەوە.

دوای دەستگیر کردنەوەی ڕاکردووەکان، دیدەنیی کەسوکاریان لێ قەدەغە کرا. هەموو ڕاکردووەکان کەژمارەیان نزیکەی چل کەس دەبێ، لەکاتی جیاوازدا بڕیاری لەسێدارەدانیان جێبەجێ کرا. لە١٦ی ئابی ١٩٨١ بەرزان عومەر عەلی لەسێدارە دراو لە٢ی کانونی یەکەمی ١٩٨١ دە ئەندامی ڕێکخستنەکانی ئۆردوگاکانی تەینالْو گۆپاڵە بڕیاری خنکاندنیان جێبەجێ کرا، ئەمەش ناوەکانیانە: ئەمین حسێن حەسەن، ئیحسان محەمەد ساڵح ئەحمەد بەگ، بابان ئەحمەد محەمەد عەبدولڕەحمان، جەبار ئەحمەد زەریفە، سەباح مەجید سەعید، عەدنان سابیر خدر، عەبدولسەمەد محەمەد ئەمین چەمچەماڵی، محەمەد عەلی محەمەد مستەفا، مەحمود ڕەشید مەجیدو موحسین ئەحمەد عەبدولرەحمان.

لەدوو یاساوڵەکە کەڕۆڵێکی سەرەکییان لەدیزاین کردنی ئۆپەراسیۆنی ڕاکردنەکەدا هەبوو، یەکێکیان کەمەردانە لە١٣ی تشرینی دووەمی ١٩٨٢، بەپێی بڕیاری ژمارە ١٤٦ی ڕێکەوتی ١١ی ئازاری ١٩٨٢ لەموسل لەسێدارە دراو تا ئێستا تەرمەکەی نەدۆزراوەتەوە، ئەوی تر کەفازلە بە ٢٠ ساڵ زیندانی حوکم دراو پاشان لە٢١ی ئایاری ساڵی ١٩٨٦دا بەلێبوردنی گشتی ئازاد کرا.

هەوڵی شکاندنی بەندیخانەی موسل بەیەکێ لەڕوداوە دەگمەکانی مێژوی سیاسیی کورد دەژمێردرێ کەتێیدا بەشداربووەکانی پلانەکە بوێرییەکی بێوێنەو دلاوەرییەکی بەدەگمەنو بێباکییەکی لەئەندازە بەدەریان نیشانداوە. شێوازی بەڕێوەچونی پلانەکە دەری دەخا کەبەشداربووەکان ئاستێکی بەرزی کارزانیو دەسترەنگینییان لەنەخشەداناندا هەبوە، لەجێبەجێ کردندا پشوو درێژو وردبینو بیرتیژو لەپاراستنی نهێنیی پلانەکەدا وریاو زرنگ بون. وەك شێوەی بەڕێوەچونی پلانەکە نیشانی داوە، هەماهەنگییەکی کارا لەنێوان سێ توخمە سەرەکییەکەی پلانەکەدا هەبووە کەبریتین لەدانانی پلان (دانەرەکان)و فاکتەری یاریدەدەر (یاساوڵەکان)و جێبەجێ کردن (گیراوەکان). لەڕوی تەکنیکییەوە پلانەکە بەسەرکەوتوو دادەندرێ بەڵام دوایین قۆناغی پلانەکە کەقۆناغی دەرچونە لەسنوری دەسەڵاتی دوژمنو بەگرنگترینو هەستیارترین قۆناغی پلانەکە دادەندرێ، لەبەر چەردەیەك هۆی کۆنترۆڵنەکراو، ئامانجی خوازراوی بەدەست نەهێنا چونکە بەپێی پلانەکە دەبوایە چەند کەسێك لەخزمو کەسوکاری گیراوەکان لەشەوی شکاندنی زیندانەکەدا، لەنیوەشەو بەدواوە ئوتومبیل ئامادە بکەنو لەدەوروبەری بەندیخانەکەدا لەئامادەباشیدا بنو لەسەر جادە چاوەڕوانی هاتنە دەرەوەی گیراوەکان بن لەدەرگای سەر جادەی بەندیخانەکەو یەکسەر هەڵیانگرنو بیانبەن بۆ هەندێ شوێنی وەك بەردەڕەشو ئاکرێ تا زیندانییەکان لەوێوە بەپێ روو بکەنە دەشتی هەریرو خۆشناوەتیو دۆڵی وەرتێ یان هەر ناوچەیەك کەپێشمەرگەی لێ بێ. بەڵام کەئەمە نەکرا، هەموو ڕاکردووەکان لەشوێنو کاتی جیاوازدا دەستگیر کرانەوەو ئۆپەراسیۆنەکە شکستی خوارد.




شەهید جەمیل ئەحمەد مەحمود (دەرسیم)



## هەوڵێکی سەرنەکەوتووی شکاندنی زیندانی ژووری سێدارەی موسڵ و دوو قارەمان:

بەر لە (29) ساڵی ڕێک، هەوڵی شکاندنی دەرگای ژوورەکانی زیندانی سێدارەی موسڵ درا، لەپێناوی ڕزگارکردنی ئەو قارەمانانەی کە فەرمانی لە سێدارە دانیان لەلایەن دادگای هەیئە خاسەی کەرکوک دەرچوو بوو، دواتر گوازرابوونەوە بۆ ئەو زیندانە و لە چاوەڕوانی مەرگی لە ناکاویاندا بوون.
ئەوەی بە بیرم بێت و لە یادم مابێت لەنێوان (1.11.1980-26.5.1981)دا کە شەهیدان تەحسینی برام و جەمیل ئەحمەد مەحمودی ئامۆزازام لەنێوان (29.10.1980-26.5.1981)دا لەوێ مانەوە، بە بەردەوامی نزیکەی پەنجا تا حەفتا قارەمان و شۆڕشگێڕی چاونەترس لە ژووری سێدارەی موسڵ هەبوون، سەرەڕای ئەوەی کە مانگانە لەنێوان (5-20) تێکۆشەر لە سێدارە دەدران یان گوللە باران دەکران. ئەوانەی سیڤیل بوون لە سێدارە دەدران و ئەوانەیش کە سەر هێزی سوپا و پۆلیس بوون گوللە باران دەکران. بە بەردەوامی لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدان بۆ شۆڕشگێڕان و سیاسەتمەدارانی کوردستانی دەردەچوو، دواتریش دەگوازرانەوە بۆ ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ و لەوێ دەستە دەستە یان تاک تاک لە سێدارە دەدران.
دوای نزیکەی چوار مانگ بەسەر تێپەڕبوونی دەستگیرکردنی شەهیدان جەمیل ئەحمەد مەحمود (دەرسیم) و تەحسین ڕەحمان فەرحان (داماو)، کە هەردووکیان لە ڕۆژی (12.7.1980)دا سەرەتا شەهید تەحسین لە ماڵی خۆمان لە شارەدێی دیبەگە و شەهید جەمیل لە هەولێر گەڕەکی کوران دەستگیرکران، لە بەرەبەیانی ڕۆژی (1.11.1980)دا تەواوی ئەندامانی خێزان، بنەماڵە، خزم و کەسوکار، دۆست و هاوڕێیان، دراوسێ و خزمانی دیبەگە، خزمانی هەولێر و کەرکوک-مان بە چەندان ئۆتۆمۆبێلی یەک بەدوای یەکدا ڕێگای موسڵ مان گرتەبەر. جاران کە منداڵ بووم ڕێگای موسڵ زۆر بە خێرایی دەبڕدراو دەگەیشتینە ناو شار بۆ خواردنی ژەمێک کەباب یان خواردنێکی بەتامی نیوەڕۆ، لەو سەریشەوە بە دڵێکی شاد و هەگبەی پڕ لە تورشیات، حەلوای شەکری پڕ لە گوێز، تەحین، دۆشاو، سەیلاو، لوقمی بە بادەم و نوقڵ دەگەڕاینەوە، کەچی ئەو جارەیان ڕێگاکە بۆ ئێمەی دڵ پڕ لە خەم و پەژارە ببوو بە ڕێگای بێ کۆتایی هات و نەهات، کە دۆزینەوە، سەردان و دیدەنی دوو زیندانیی بنەماڵەکەمان بوو لە ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ و بەدڵنیاییش دەمانزانی دوای ماوەیەک لە سێدارە دەدرێن.
ئای چەند بە ئاستەنگ گەیشتینە شار و ئینجا زیندان، کە دەکەوتە دەواسە (باب الجدید) و بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە چاوەڕوانی کردنەوەی دەرگاکان ڕیزمان بەستابوو، کە کاتەکە هەر نەدەڕۆیشت. ژنان، کچان، گەنجان، منداڵەکان و پیاوانی بە تەمەن لە چاوەڕوانی کردنەوەی دەرگاکاندا لە هەموو ڕاستێکدا فرمێسکیان بۆ هاوسەر، باوک، برا، کوڕ، خزم و کەسوکاریان دەڕشت. ئێمەی گەنجانی هەڵگری بیروباوەڕێکی کوردایەتی بەهۆی باوەڕی پتەومان کەمتر بەشێوەی ئەوانی پێشوو فرمێسکمان دەباراند. دوای کردنەوەی دەرگاکان و ناونووسکردنی یەکە بە یەکەمان بە ڕاکردن بەرەو ڕووی خۆشەویستانمان هەنگاومان دەنا، دەنگی هەلهەلەی کچان و ژنانی کورد لە هەموو لایەکدا بەرز بووەوە. دوای تێپەڕبوونی چەند سەد مەترێک بە ڕێڕەوێکی دوورو درێژی چەند سەد مەتری درێژ، نزیکەی چوار تا پێنج مەتر پان و نزیکەی هەشت تا دە مەتر بەرزی هەر دوو لای دیواری کۆندا، گەیشتینە لای نزیکەی پەنجاو هەندێک لاوی کوردی ڕەنگ سپی شێر ئاسا، کە بەبێ جیاوازی زۆربەی ژنان و کچان باوەشیان پێدا دەکردن و بەشێوەی باوک و براکانی خۆیان ماچیان دەکردن. ئەوانیش پڵینگ و شێر ئاسا هۆنراوە شۆڕشگێڕیەکانیان بە دەنگی بەرز بۆ ئەوانەی دەهاتنە سەردانیان دەخوێندەوە لەپێناوی بەرزکردنەوەی وورەیان و لەبیربردنەوەی خەم و پەژارەی دڵیان کە بەهۆی بڕیاری لە سێدارەدانی ئەوان کەوتۆتە نێو دڵی بنەماڵە، خزم و ناسیاوانیان.
بەدرێژایی نزیکەی ئەو حەوت مانگەی کە ئەوان (شەهید جەمیل و شەهید تەحسین) لە ژووری سێدارە بوون، هەر مانگەی دوو جار سەردانی ئەو زیندانەمان دەکرد کە دەکەوتە ڕۆژانی (1) و (15)ی هەموو مانگێک، ئەو کارانەی کە لە سەرەوەدا ئاماژەم پێیان کرد، لە گشت سەردانێکدا لەلایەن کەسوکاری زیندانییەکان دووبارە و دەبارە دەبوونەوە. بەڵام ئەوەی جێگەی داخە لە هەر سەردانێکی نوێدا هەواڵی لە سێدارەدانی پۆلێک ڕۆڵەی قارەمان یان هاتنی چەند

کوردپەروەرێکی نوێمان لە پێشمەرگە و ڕێکخستنەکانی شار دەبیست بۆ ژووری سێدارە، کە دڵی هەموومانی دێنا ژان.
ئەوانەی هەرگیز لەیادم ناچنەوەو هەردەم وەکو تارماییەک دێنەوە بەرچاوم، شەهیدان (دکتۆر ڕێباز، بەکر کەریم سوسەیی و عومەر میرزا شامراد)ن. دوو شەهیدی یەکەم لەگەڵ یەکەم دیدەنی ڕۆژی (1.11.1980)دا لەوێ بوون، بەڵام شەهید عومەر میرزا، بۆ یەکەم جار لە ڕۆژی (1.4.1981)دا بینیم و بەهۆی شەهید جەمیل و شەهید تەحسین ناسیم، کە پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ شەهید جەمیلی ئامۆزام هەبوو، هەروەها خۆیشی خۆشەویستی سەرجەم زیندانییەکان بوو.
دکتۆر ڕێباز و عومەر میرزا، هەمیشە وەکو دوو کەڵەپیاو یان پڵینگی ناو قەفەس دەهاتنە بەرچاوم، کە لە قسەکردن و هەڵسوکەوتیاندا قەڵایەک بوون لە ورە، خۆڕاگری، چاونەترسی، شۆڕشگێڕی و قارەمانی، هەرچەندە تەواوی ئەوانەی ژووری سێدارە کەڵەپیاو، پڵینگ ئاسا، خۆڕاگر، بەورە و دلێر بوون، بەڵام خۆیشم نازانم بۆ ئەو دوو مرۆڤەم بەجیا لەوانەی دیکە دەبینی!
شەهید بەکر کەریم سوسەیی، هەر لە یەکەم دیداردا زۆر هاتبووە لای پێشەوە بۆ پێشوازیکردنی کەسوکاری و سەردانیکەران، هەرچەندە ئەوکاتە نەمدەناسی، بەڵام چاک و چۆنیمان کردو یەکترمان ماچکرد، پرسیاری شەهیدان تەحسین و جەمیلم لێی کرد و گوتی: (ئەوان تۆزێ لە خوارترن و خەریکی بەتانی ڕاخستن بوون بۆ میوانان). چەند هەنگاوێک لەو تێپەڕیم، دیاربوو کەسێکی خۆیانی لە دوورەوە بینیبوو کە بەرەو لای دەهات بۆیە بە هەموو دەنگی خۆی هاواری کرد: (ئەرێ ئەسپ و تانجییەکەم ماون؟ خۆ نەتان فەوتاندوون؟ نەکەن بیان فەوتێنن ها، بیانفەوتێنن لێتان تورە دەبم). لەوکاتەدا هەڵوەستەیەکم کردو ئاوڕێکم دایەوە، ئەو قسەیەی شەهید بەکرم زۆر بەلاوە سەیر بوو کە بەمشێوەیە کردی. ئەو لە ژووری سێدارەیە و هەر ڕۆژێک، ساتێک یان چرکەیەک بیانەوێ لە سێدارەی دەدەن، دەبێ چ ئومێدێکی بە ژیان مابێ و بۆ دەبێ ئەوەندە لە خەمی ئەسپ و تانجییەکەی دا بێ؟ ئەو پرسیارانەی شەهید بەکر تەواو مێشکی سەرقاڵ کردم و دواتر تێگەییشتم کە مرۆڤ هەردەم بە هیواو ئاواتەوە دەژی و تا دواهەناسەی ژیان هیواو ئاواتەکانی بە زیندوویی دەمێننەوە، هەر ئەوەشە وایکردووە ژیان بەردەوام بێ! شەهید بەکر سوسەیی، کە هەمیشە دەم بە پێکەنین و زەردەخەنە بوو، لە هەموو دیدارەکانی دواتردا دەهاتە لای پێشەوەو هەرکاتێ یەکێکی خۆیانی بدیبایە هەمان پرسیارەکانی سەرەوەی لێ دووبارە دەکردەوەو چەندان جاری دیکە پرسیارەکانم لەو گوێ لێ بووەوە و ئەو بە بەردەوامی لە هەواڵی تانجی و ئەسپەکەی دەپرسی و لە خەمی ئەوان دابوو!
سەردانی زیندانییانی ژووری سێدارە، تەنیا بۆ ئەوانە بوو کە لە ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ بوون، کە دوای هەوڵی شکاندنی زیندانی سێدارەی موسڵ و لە کۆتایی ساڵی (1981)دا ئەو زیندانە داخراو هەموو لە سێدارە دانێکی زیندانیانیی سیاسیی کورد گواسترایەوە بۆ زیندانی ئەبوغرێب لە شاری بەغدای پایتەختی ئێراق، بەڵام تەرمی هیچ کوردێکی لە سێدارە دراوی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ نەدەدرایەوە بە کەسوکارەکەی بەڵکو لە گوڕستانی (وادي العقاب) لەسەر ڕێگای موسڵ - تەلەعفەر دەنێژران. هەروەها هەموو ئەو کوردانەی لە ژوورەکانی سێدارەی زیندانی ئەبوغرێب لە بەغدا بوون، بەهیچ شێوەیەک ڕێگە بە دیدار و سەردان کردنیان نەدەدراو زۆربەشیان تەنانەت تەرمەکانیشیان بە کەسوکاریان نەدەدرایەوە، مەگەر کەسانێک کە دەوڵەمەند و دەسەڵاتدارانی بەعسیان بناسیبایە و بەهۆی ئەوانەوە ڕێگەیان پێ بدرابایە بەر لە سێدارەدانی کوڕەکانیان بۆ ماوەی یەک تا دوو کاتژمێر سەردانیان بکردنایە و دواتر تەرمەکانیان وەربگرتایەوە.
لە ڕۆژی (15.1.1981)دا دوای سەردانی کردنی هەریەک لە (تەحسین و جەمیل) لە ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ و گەڕانەوەمان بۆ شارۆچکەی دیبەگە-ی (42) کیلۆمەتر باشووری شاری هەولێر، مەفرەزەیەکی حزبی شیوعی ئێراق بۆسەیان لە زوورگەکانی دیبەگە دانابووەوە و ژمارەیەکی زۆر ئۆتۆمۆبێلی پڕ لە سەرنشینیان ڕاگرتبوو و کادرێک قسەی بۆ کردبوون و باسی ڕەفتاری درندە، فاشییانە و ڕەگەزپەرستانەی ڕژێمی بەعسی بۆ کردبوون، نموونەی ئەوەی هێنابووەوە کە بەر لە نزیکەی یەک کاتژمێر خزموکەسی چەند زیندانییەکی ژووری سێدارەی موسڵ

لە سەردانی کوڕ، برا، باوک، مێرد، برازا، ئامۆزا و هتد .... گەڕاونەتەوە و بێرەدا تێپەڕیون. هەر لەوێدا کاکل هادی ئەحمەد سەربەشاخی کە بەڕێوەبەری پەرتووکخانەی دیبەگە، ڕەفیق حزبی، جەیشی شەعبی و پاڵێوراوی ناوچەی دووەمی پارێزگای هەولێری هەڵبژاردنەکانی ڕێکەوتی (20.6.1980)ی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق بوو، دەگرن و لەگەڵ خۆیان دەیبەن، هەرچەندە کاکل کەسێکی خراپ نەبوو. مەفرەزەکەی شیوعی لەکاتی پەڕینەوەیان لەسەر ڕێگای هەولێر – کەرکوک لە نزیک گوندی دۆرەبەکرە لە سنووری قوشتەپە دەکەونە بۆسەی ئەمن و جەیشی شەعبی، پێشمەرگەیەک بە ناوی سابیر جەمیل ئیسماعیل ئەحمەد مامەسێنی (1956/ شاخەپیسکە/ دێگەڵە)، شەهید بوو، هەروەها بەهۆی سەرقاڵی پێشمەرگەکان بە وەڵامدانەوەی بۆسەکە، کاکل هادی بەجێما و ڕزگاری بوو.

ئەوەی لە یادم مابێ بەدرێژایی ماوەی ئەو شەش مانگ و بیست و چوار ڕۆژەی کە سەردانی (زیندانی قەسابخانەکەی موسڵ)م کردبێت، ئەو قارەمان و تێکۆشەرانە لە ژوورەکانی مەرگ ئامێزی سێدارەی موسڵدا بوون:

**یەکەم:** لە ڕێکەوتی (13.11.1980)دا، شەش ڕۆڵەی کورد لە سێدارە دران کە ئەمانە بوون: (1. ئیبراهیم شێخ مەحمود محەمەدی باخ ناسراو بە (دکتۆر ڕێباز – پێشمەرگە و کادیری پێشکەوتووی کۆمەڵە و یەکێتی)، کە لە ڕۆژی (25.12.1979)دا لە شەڕێکدا لە گوندی کلێسەی سەر بە شارۆچکەی کۆیە لەگەڵ جەلال مەحمود ئەحمەد سورداشی لەلایەن هێزێکی سوپاو جاشەکانی قاسم فارس تاهیر ئاغای غەفوری فەرماندەی مەفرەزە خاسەی جاشی ئیستخباراتی مەنزومەی شیمالی دەستگیر کرابوون، دواتر لە ڕۆژی (1.6.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانیان درابوو. دکتۆر ڕێباز، برای شەهید شەماڵ (محەمەد شێخ مەحمود محەمەد)ی فەرماندەی تیپی (93)ی کۆیە، کە لەگەڵ سەرباز ئەحمەد خدر ئەحمەد کۆیی (1957/ کۆیە)، جێگری فەرماندەی تیپی ناوبراو، سەعید محەمەد عەبدوڵڵا (1950/ گەرمک) ناسراو بە سەعدی گەرمکی و کامەران فارس حەمەد ئیبراهیم ناسراو بە ڕەشۆ (1.7.1961/ کۆیە/ سەرباغ)، لە ڕێکەوتی (15.4.1983)دا لە گوندی باداوانی چناران (خەلەکان) لە بۆسەیەکدا لەلایەن (حسک و حشع)ەوە بە ناڕەوا شەهید کران. 2. ئیبراهیم ڕەسوڵ قادر (ڕانیە – پێشمەرگەی یەکێتی لە دەستەی پاسەوانی سکرتاریەتی مام جەلال)، لە سەرەتای ساڵی (1980)دا لەگەڵ پیرۆت ئیبراهیم ڕەسوڵ و محەمەد خدر محەمەد لە شارۆچکەی چوارقوڕنە بەدیل دەگیرێن. 3. پیرۆت ئیبراهیم ڕەسوڵ مام ڕەسوڵ (1954/ سلێمانی/ چوارقوڕنە - پێشمەرگەی یەکێتی لە دەستەی پاسەوانی سکرتاریەتی مام جەلال). 4. محەمەد خدر محەمەد ناسراو بە محەمەد حاجی خدر (ڕانیە/ چوارقوڕنە - پێشمەرگەی یەکێتی لە دەستەی پاسەوانی سکرتاریەتی مام جەلال). 5. هاوار عەبدوڵڵا ئەحمەد (سەرگڵ/ ئامێدی). 6. عوسمان (ناوی تەواوی ساغ نەبۆتەوە).

**دووەم:** لە ڕێکەوتی (25.11.1980)دا چەند هاوڕێیەک لە سێدارە دران کە ئەمانە بوون: (1. لەتیف عەبدوڵڵا ئیبراهیم ئەبوبەکر ئیبراهیم میرزا ڕۆستەمی (1957/ سلێمانی/ سەنگەسەر – بەرپرسی لیژنەی ناوچەی هەرێمی 7ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و کادیری کۆمەڵە)، کە لە ڕۆژی (22.7.1976)دا بۆتە پێشمەرگە و لە ڕێکەوتی (17.1.1980)دا لە نزیک ئاوایی بەستەستێن لەلایەن جاشەکانی مەفرەزە خاسەی ژمارە (9)ی سەر بە عەباس بایز باڵو ئاغا دەستگیر کرابوو، دواتر ڕادەستی بەعسی کردووە. لەتیف عەبدوڵڵا، لە ڕۆژی (1.6.1980)دا لە هەیئەی خاسەی کەرکوک فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە، پاشان پیاوانی حکومەتی سەدام لە شەوی ئاماژە پێکراو لە سەرەوەدا خنکاندیان. 2. ئەحمەد خدر حوسێن محەمەد هەروتی ناسراو بە ئەحمەد بڕنەو (1951/ هەولێر/ گردەڕەشە – پێشمەرگەی حزبی شیوعی ئێراق)، لە ڕێکەوتی (22.9.1979)دا لەناو بازاڕی ئیسکانی هەولێر دەستگیرکراوە، لەناو ئۆتۆمۆبێلە (لادا)کەیدا کۆمەڵێک بڵاوکراوەی تێدابووە، بەو هۆیەوە لە ڕێکەوتی (1.6.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی دراوە، دواتریش فەرمانی کۆماری ژمارە (399)ی لە ڕێکەوتی (16.6.1980)دا بۆ جێبەجێکردنی سزاکەی دەرچووە. 3. ئەکرەم محەمەد عەلی ناسراو بە ئەکرەم ئاسەنگەر (سلێمانی - پێشمەرگەی حزبی شیوعی ئێراق)، لە ڕۆژی (1.1.1980)دا لەناو سلێمانی دەگیرێ، لە دادگای هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دەرچووە. 4. عەبدولڕەحمان محەمەد ساڵح محەمەد ناسراو بە چەتۆ (1952/ کەرکوک/ ئاغجەلەر/

عەسکەر – پێشمەرگەی یەکێتی)، لە ڕۆژی (15.2.1980)دا لەلایەن جاشەکانی حەمەی شێخ حەسەنی بەفراو بەدیل گیراوە، لە ڕۆژی (16.6.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دراوە. 5. عوسمان مەحمود محەمەد (1925/ سلێمانی – حزبی شیوعی ئێراق)، لە ڕۆژی (1.1.1980)دا گیراوە. 6. عومەر عەلی خدر مستەفا ناسراو بە هاوڕێ (1956/ کەرکوک/ ئاغجەلەر/ عەسکەر – ئەندامی کۆمەڵە و پێشمەرگەی یەکێتی)، لە ڕۆژی (15.2.1980)دا لەلایەن جاشەکانی حەمەی شێخ حەسەنی بەفراو بەدیل گیراوە، لە ڕۆژی (16.6.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دراوە. 7. حوسێن عەبدوڵڵا حەسەن وسو نورەدینی (1955/ قەڵادزە/ گردباغ – پدک). 8. فەرزە عەبدوڵڵا فەرزە - یەکێتی).

**سێیەم:** لە ڕێکەوتی (30.11.1980)دا سێ ڕۆڵەی دلێری کورد لە سێدارە دران کە ئەمانە بوون: (1. حەسەن ئەمین ساڵح (1956/ سلێمانی/ قەڵادزێ/ ژاراوە - یەکێتی). 2. خدر حەمەسوور (قەڵادزە - یەکێتی). 3. عەبدوڵڵا حوسێن عەبدوڵڵا (قەڵادزە - یەکێتی).

**چوارەم:** ئەو شەش پێشمەرگە و هاوڕێیە ڕێکخستنە لە شەوی (11.12.1980)دا لە سێدارە دران: (1. ئەکرەم حەمەدئەمین قادر خدر ناسراو بە ئەکرەمی حەپسە (سلێمانی – هەڵگری بیروباوەڕی مارکسیزم لینینیزم و دواتر کرا بە شەهیدی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان). 2. بەهرام خالید ئیبراهیم (هەولێر - پێشمەرگەی یەکێتی). 3. خالید کەریم عەبدوڵڵا داود ناسراو بە سەید خالید، پێشمەرگەی حزبی سۆسیالیستی کوردستان و پێشتر لە ڕۆژی (11.6.1980)دا لە شەڕێکدا لەنێوان بانیماران و شاخەپیسکە بە برینداری بەدیل گیرابوو، ڕۆژی (25.10.1980) لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە و بۆ ژووری سێدارەی موسڵ گواستراوەتەوە. 4. ڕەحیم عۆدە محەمەد ناسراو بە ڕەحیم عوەید/ 1950/ بەغدا/ مەدینەت سەورە – شیوعی، لە شەڕی شاخەپیسکە لە ڕۆژی (11.6.1980)دا بەدیل گیراو ڕۆژی (25.10.1980) لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە. 5. سەلیم سەعید محەمەد سیان (1931/ هەولێر/ قوشتەپە/ ئۆمەراوە – حزبی شیوعی). 6. سیامەند ئەحمەد عەبدولڕەحمان ئەحمەد گەردی (1948/ مەسیف/ شێخان).

**پێنجەم:** لە ڕێکەوتی (13.12.1980)دا دوو پێشمەرگەی (یەکێتی) لە سێدارە دران، ئەوان پێشتر لە ڕێکەوتی (26.3.1980)دا لەلایەن جاشەکانی عەلی گاور بەدیل گیرابوون، کە خۆیشی دواتر لە مانگی تەموزی ساڵی (1982)دا لەلایەن پیاوانی بەعس کوژرا. (1. حەسەن فەقێ عەلی عەبدوڵڵا ناسراو بە هەژار (کەرکوک/ ئاغجەلەر/ عەسکەر – یەکێتی 2. عوسمان خدر مستەفا خدر (کەرکوک/ ئاغجەلەر/ عەسکەر - یەکێتی).

**شەشەم:** هەروەها دە پێشمەرگەی حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان (حسک)، لە ڕێکەوتی (30.12.1980)دا لە سێدارە دران کە ئەمانە بوون: (1. حەسەن ئەمین ساڵح ئەحمەد ناسراو بە حەسەنە سووری مینە ساڵح (1956/ قەڵادزە/ ژاراوە). 2. حەسەن حوسێن حەسەن. 3. حوسێن عەبدوڵڵا محەمەد. 4. حەمە هەمزە حەمە حەسەن ناسراو بە حەمە قەجەر (1957/ قەڵادزێ). 5. خدر محەمەد مستەفا پشدەری ناسراو بە خدری حەمەسوور یان خدر بادینی (خەڵکی دێی بادینی). 6. ڕەسوڵ سلێمان حەمەدئەمین عەبدوڵڵا سەنگەسەری. 7. عەبدوڵڵا هەمزە هەڵشۆیی. 8. عەلی حەمەدئەمین نەسروڵڵا فەتحوڵڵا (1957/ سەنگەسەر/ سوڵتانەدێ). 9. فەقێ عەبدوڵڵا فەقێ. 10. مەحمود حاجی محەمەد عەبدوڵڵا پاچکاری (خەڵکی دێی بادینی)، کە لە ڕێکەوتی (17.5.1980)دا لە گوندی (دووگۆمان)ی پشدەر لەلایەن جاشەکانی عەباس بایز باڵو ئاغای فەرماندەی مەفرەزە خاسەی مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی ژمارە (9)ەوە گیرابوون.

**حەوتەم:** لە ڕێکەوتی (3.1.1981)دا پێشمەرگەیەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەناوی (عومەر ڕەسوڵ عەزیز مستەفا/ سلێمانی/ قەرەداغ) لە سێدارە دراوە، کە پێشتر لە ساڵی (1980)دا بەدیل گیرابوو.

**هەشتەم:** لە ڕێکەوتی (19.1.1981)دا پێشمەرگەیەک لە سێدارە درا بەناوی کەریم ئەحمەد کەریم ناسراو بە حەمە کەریم قیادة واحدة یان سەربەست (1.7.1947/ دیانا/ گوندی زەروان/ دانیشتووی قەڵادزێ - پێشمەرگەی یەکێتی).

**نۆیەم:** لە شەوی (26.2.1981)دا نۆ هەڤاڵی ڕێکخستنەکانی ڕێکخراوی پێشکەفتنی بەرواری باڵای پارتی دیموکراتی کوردستان (پدک) لە سێدارە دران، کە پێشتر لە ڕۆژی (12.6.1980)دا لەلایەن ئەمنی دهۆک گیرابوون و لە ڕێکەوتی (8.9.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک فەرمانی لە سێدارە دانیان درابوو: (1. خدر مەحمود مستەفا مەحمود هروری (1943/ دهۆک)، بەرپرسی ڕێکخراو، کە لە ڕۆژی (20.1.1980)دا گیرابوو. 2. تاهیر تاهیر عەبدولڕەحمان هروری (1946/ دهۆک). 3. ساڵح کیندۆ نعمەت سلێمان ناسراو بە ساڵح زاخۆیی (1959/ دهۆک/ زاخۆ)، کە پێشتر لە ڕۆژی (23.1.1980)دا گیرابوو. 4. سەعید سەعید تاهیر عەبدوڵڵا هروری (1947/ دهۆک). 5. عادل تاهیر حەسەن هروری. 6. عەبدوڵڵا ئەحمەد عەبدوڵڵا هروری. 7. عەبدولهادی سلێمان حەسەن سلێمان (1943/ هروری). 8. محەمەدئەمین ڕەشۆ سلێڤانی/ زاخۆ. 9. وەیسی حەسەن محەمەد ئەحمەد هروری/ 1946).

**دەیەم:** لە ڕێکەوتی (18.3.1981)دا ئەو هەڤاڵانە لە سێدارە دران: (1. سادق عەبدوڵڵا عەبدولڕەحمان عەبدولقادر (1953/ دهۆک/ بەرواری باڵا/ کانیماسی/ ئورە - ئەندامی پدک، لە ڕۆژی (16.10.1980)دا دەگیرێ و لە ڕۆژی (2.2.1981)دا لە دادگای هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی دەدرێ. 2. شێرکۆ حەمید کەرکوکی (دکتۆر سیروان)، پێشمەرگەی هەرێمی دووی کەرکوکی ینک، لە مانگی نیسانی ساڵی (1980)دا بەهۆی ناپاکی کردنی کەسێک بەناوی جەبار شوانی لەناو بازاڕی شاری کەرکوک گیرا، دوا بەدوای ئەویش بەهۆی ناپاکی کردنی کەسێکی دیکە محەمەد حەسەن خورشید کەرکوکی ئەندامی کۆمیتەی ئاگری کەرکوک دەگیرێ و دۆسێی هەر دووکیان تێکەڵ بەیەکتر دەکەن، هەر دووکیان لە ڕۆژی (25.10.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری سێدارەیان دەدرێ، دوای سووککردنی سزای محەمەد حەسەن خورشید بۆ زیندانی هەتا هەتایە هاوڕێ شێرکۆ لە سێدارە درا. دواتر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە تۆڵەی گرتن و لە سێدارە دانی شەهید شێرکۆ، جەبار شوانی بەسزای گەل و شۆڕش گەیاند. 3. فازڵ عەبدوڵڵا عیسا شەریف (شاریا/ چەمانکێ/ شێخان/ دهۆک - ئەندامی پدک)، لە ڕۆژی (16.10.1980)دا دەگیرێ و لە ڕۆژی (2.2.1981)دا لە دادگای هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی دەدرێ.

**یازدەم:** لە ڕێکەوتی (1.4.1981)دا دوو پێشمەرگەی یەکێتی لە سێدارە دراون: (1. ئومێد ساڵح کەریم گوڕبازی (سلێمانی). 2. محەمەد تاهیر عەلی (1955/ سلێمانی/ قەرەداغ – کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان). کە پێشتر لە ڕێکەوتی (1.8.1980)دا لەگەڵ دوو پێشمەرگەی دیکەدا لە گوندی ولاغلو لەلایەن سوپاوە بەدیل دەگیرێن. لە ڕۆژی (20.8.1980)دا دەگوازرێنەوە بۆ هەیئە خاسەی کەرکوک و لە ڕۆژی (14.2.1981)دا لە هەیئەی کەرکوک سزای سێدارەیان بۆ دەرچووە.

**دوازدەم:** لە ڕێکەوتی (10.5.1981)دا پێشمەرگەیەکی کەرتی چواری جەباری هەرێمی (5)ی قەرەداغی سەر بە یەکێتی بەناوی (جەوهەر حوسێن ئەحمەد ناسراو بە جەوهەر هەشەزینی) لە سێدارە دەدرێت، کە پێشتر لە ڕۆژی (17.11.1980)دا لە شاخی شۆڕاوە لەلایەن جاشەکانی تەحسین شاوەیسی فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (50)ی ئەوکات، قادر عەبدوڵڵا فەرەج (قالە فەرەج)ی فەرماندەی مەفرەزەی (49)ی سەر بە ئیستخباراتی شیمالی، عاسی حەمە ڕەئوف تۆفیق فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت، محەمەد حەسەن ئەحمەد (حەمەی حەسۆل) فەرماندەی مەفرەزە خاسەی (55)، دوای شەهیدکردنی پانزە پێشمەرگەی ئەو کەرتە بەدیل دەگیرێ و ڕادەستی ئیستخبارات دەکرێت، دواتریش لە ڕێکەوتی (18.3.1981)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی بۆ دەردەچێ.

**سێزدەم:** لە ڕێکەوتی (14.5.1981)دا پێشمەرگەیەکی یەکێتی بەناوی بەکر کەریم محەمەد عەزیز محەمەد ناسراو بە بەکر سوسەیی (1963/ هەولێر/ کۆیە/ دێگەڵە/ سوسێ) لە سێدارە دراوە، کە پێشتر لە ڕێکەوتی (13.4.1980)دا لە

شەڕێکدا لە دۆڵی ئەسحابان لەلایەن جاشەکانی ئەنوەر ڕەشید بەگی بێتواتە، عەباس بایز باڵو ئاغای فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (9)ی ئەوکات و دواتر فەوجی ژمارە (91)ی جاشە سووکەکان و قاسم فارس تاهیر مستەفا ئاغای غەفوری فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ئەوکات و دواتر سەرۆکجاشی فەوجی (85)ی جاشە سووکەکان، بە برینداری بەدیل گیرابوو.

**چواردەم:** جەمیل ئەحمەد مەحمود حەمە دیبەگەیی (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان) و تەحسین ڕەحمان فەرحان حەوێز دیبەگەیی (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)، کە لە ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی (12.7.1980)دا لەلایەن ئەمنی بەلدەی هەولێرەوە دەستگیرکران. تەحسین لە کاتژمێری (1:30)ی نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە لەلایەن موختاری دیبەگە بەناوی ڕەمەزان مەولود شێخ محەمەد و ئەمنێکی عەرەب بەناوی مەولود لە ماڵەوە لە دیبەگە بردیان، دوای نزیکەی (2) کاتژمێر جەمیل لە ماڵی خۆیان لە هەولێر/ کوران گیرا، لەو باوەڕەدام کە شەهید یوسف عومەر حەکیم مستەفا گڕاوی (زریان)، ئەویش هەمان ڕۆژ لەگەڵ تەحسین و جەمیل گیرابێ، بەڵام بەگوێرەی لیستی شەهیدان و زیندانییانیی سیاسیی بەپێی زانیاری کەسوکارەکەی ڕۆژی دەستگیرکردنەکەی (10.7.1980) نووسراوە.

ڕەمەزان مەولود، کە هەم ڕەفیق حزبی، ئەمن و موختاری دیبەگە بوو، دواتر لە ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (6.6.1984)دا لەلایەن ئاغاکانی دیبەگەوە کوژرا، کە جاسم عوسمان مستەفا مام خول ئاغا (حاجی جاسم) بە تۆمەتی کوشتنی ناوبراو سزای (10) ساڵ زیندانی دراو ڕەوانەی زیندانی سزا قورسەکانی موسڵ کرا، کە دواتر لە شەوی سێشەممە، ڕێکەوتی (2.4.1985) ژمارەیک کورد کە پەیوەندییان بە سیاسەتەوە نەبوو بەدەستی عەرەبە شۆڤێنییەکان ئاگریان تێبەردراو هەموویان مردن، لەنێو مردووەکاندا (مفەوەز فازڵ هادی حوسێن ئاغای پونگینەیی ناسراو بە مفەوەز فەیزە، دڵشاد ئەحمەد قادر ئەحمەد باڵەکی (1948/ هەولێر/ دەرگەڵە)، کە دڵشاد ئێستاکە شەهیدی سەنگەری پارتی دیموکراتی کوردستانە).

جەمیل و تەحسین، لە ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (29.10.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک فەرمانی لە سێدارە دانیان دراوەو لە هەمان ڕۆژدا گواسترانەوە بۆ ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ و دواتر جەمیل ئەحمەد مەحمود لە شەوی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (21.5.1981)دا لەگەڵ جەمال قادر جوامێر ماوەتی (کۆمەڵە) و عەلی محەمەد ئەمین ئەحمەد نەورۆڵی ناسراو بە عەلی دەلێنی (سلێمانی/ سەیدسادق - کۆمەڵە و پێشمەرگەی یەکێتی) لە سێدارە دران، پاشان لە بەرەبەیانی ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (26.5.1981)دا تەحسین ڕەحمان فەرحان بە کۆد یان ژمارەی (11549)، کە هەر کەسێکی لە سێدارە دراو کۆدێک یان ژمارەیەکی تایبەتی بۆ دانراوە، لەگەڵ هەریەک لە جەلال مەحمود ئەحمەد محەمەد سورداشی (سورداش/ شەدەڵە - پێشمەرگەی کۆمەڵە و یەکێتی)، سلێمان عەبدوڵڵا ئیسماعیل پیرداود مهاجر (هەولێر/ ڕواندز - پدک) و یونس بابەکر حوسێن وسو ناسراو بە یونس خۆشناو (هەولێر - پێشمەرگەی کۆمەڵە و ینک)، گولله باران کران.

**پازدەم:** لە شەوی چوارشەممە، ڕێکەوتی (27.5.1981)دا، پێنج پێشمەرگەو قارەمانی کورد لە سێدارە دران، کە بریتی بوون لە: (1. عومەر میرزا شاموراد، خەڵکی سلێمانی و پێشمەرگەی یەکێتی، لە شەڕێکدا لە نزیک کانی گۆمە بە برینداری بەدیل گیرابوو، لە ڕۆژی (17.3.1981)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە و بۆ ژووری سێدارەی موسڵ گواستراوەتەوە. 2. تاهیر عەبدوڵڵا خەڵکی زاخۆ. 3. دارا حەمید عەزیز (کفری/ شۆڕاوە)، لە ڕۆژی (20.8.1980) گیرابوو، لە ڕۆژی (21.3.1981)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرچووبوو. 4. عەلی تۆفیق عەبدولقادر ناسراو بە عەلائەدین (کفری)، لە ڕۆژی (20.8.1980) گیرابوو، لە ڕۆژی (21.3.1981)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرچووبوو. 5. مەجید عیسا عەبدی خورشید خەڵکی زاخۆ/ گوندی عومەرئاغا).

لە ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی (26.1.1981)دا حەڤدە کەس لە ژووری سێدارە سزاکەیان بۆ سووککرا بۆ زیندانی هەتاهەتایە، دواتریش لە ناوەڕاستی مانگی داهاتوودا محەمەد حەسەن خورشید کەرکوکی سزاکەی بۆ سوککرا، ئەو

پێشتر لە ڕۆژی (25.10.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دەدرێ و بۆ زیندانی موسڵ دەگوازرێتەوە، خۆشبەختانە ئێستاکە لە فنلەندا دەژیت و خوشکەزای ئەبو شەهاب (ئیحسان نەجم محێدین کەرکوکی) ئەندامی سەرکردایەتی پێشووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، لە شازدە کەسەکە ئەمانەم بۆ دۆزراوەتەوە: (ئەحمەد مەحمود عەبدولڕەحمان حەمە عەرەب (1952/ سلێمانی - یەکێتی)، لە ڕۆژی (20.10.1979)دا گیرابوو، لە ڕێکەوتی (6.2.1980)دا لە دادگای هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری سێدارەی درابوو، ئیبراهیم عومەر محەمەد مەعروف (1955/ سلێمانی/ یەکێتی)، لە ڕێکەوتی (10.10.1979)دا گیرا، لە ڕۆژی (5.2.1980)دا لە دادگای هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دەدرێ، جەعفەر شەریف چاقشین ئەلتەلی (1943/ زاخۆ)، لە ڕۆژی (23.11.1979)دا گیراوە و لە ڕێکەوتی (24.2.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری گوللە باران کردنی درابوو، حەسەن فەتاح ئەحمەد حەسەن هەولێری (11.11.1979-8.10.1982)، حەمە عەلی سەرشەقام ناسراو بە (حەمە عەلی قەڵەو)، خورشید ئەمین نعمەت ئەبوبەکر (1937/ دهۆک/ زاخۆ)، لە ڕۆژی (25.11.1979)دا گیرابوو، دواتر لە ڕێکەوتی (24.2.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری گوللە باران کردنی درابوو، خورشید حەسەن شەکر، لە ڕۆژی (23.11.1979)دا گیراوە و لە ڕێکەوتی (24.2.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری گوللە باران کردنی درابوو، ساڵح ئیسماعیل قوتاس ئیسماعیل (1951/ دهۆک/ زاخۆ)، لە ڕۆژی (25.11.1979)دا گیراوە و لە ڕێکەوتی (24.2.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری گوللە باران کردنی درابوو، سەلیم درباس حەمەد، لە ڕۆژی (23.11.1979)دا گیراوە و لە ڕێکەوتی (24.2.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری گوللە باران کردنی درابوو، عەبدوڵلا عەلی حەمە شانەدەری، عزەدین حەسەن ستار حەسەن ناسراو بە شێخ عزەدین (هەولێر/ 1958)، لە ڕۆژی (15.2.1979)دا گیراوە، عەلی دۆسکی (دهۆک/ ئاکرێ/ دینارتا/ گربیشی)، لە ڕۆژی (23.11.1979)دا گیراوە و لە ڕێکەوتی (24.2.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری گوللە باران کردنی درابوو، عەلی سەعید عەزیز حەمەد دیبەگەیی ناسراو بە عەلی پۆلیس هەولێری لە ڕۆژی (16.4.1979)دا گیراوە، عەلی فەتاح، عەلی محەمەد سەعید موراد (1952/ سلێمانی/ سەیدسادق)، لە ڕۆژی (21.9.1979)دا گیراوە، لە ڕێکەوتی (10.1.1980)دا لە دادگای هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری سێدارەی درابوو، عەونی قوتاس حوسێن قوتاس (1950/ زاخۆ)، لە ڕۆژی (23.11.1979)دا گیراوە و لە ڕۆژی (24.2.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری گوللە باران کردنی درابوو، محەمەد سەعید ڕەشید فەتاح ناسراو بە حەمە ماوەتی، لە ڕێکەوتی (15.10.1979)دا گیراوە و لە ڕێکەوتی (10.1.1980)دا لە دادگای هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری گوللە باران کردنی درابوو، کە دوای دابەزینیان بە نزیکەی دوو مانگ ڕەوانەی زیندانی سزا تایبەتییەکان (الأحكام الخاصة)ی ئەبوغرێب کران، ئەوەبوو ئەو (18) هاوڕێیە بەر لێبووردنی (17.7.1982) کەوتن و تا ڕۆژی (27.7.1982) هەموویان ئازادکران). جگە لە محەمەد حەسەن خورشید، حەڤدە کەسەکەی دیکە کە بەیەکەوە سزاکەیان لە سێدارە بۆ کرا بە زیندانی هەتا هەتایە، هەموویان پێشتر سەرباز و پۆلیسی حکومەت بوون و دوای ڕاکردنیان ببوون بە پێشمەرگە و بە لێبووردنی گشتی گەڕابوونەوە و خۆیان ڕادەستی ڕژێم کردبووەوە، بەڵام ڕژێم هەموویانی دادگایی کرد و سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرکردبوون.

دەمەوێ باسی ئەوە بکەم، ئەو کاتەی کە هەواڵی سووککردنی سزای ئەو شازدە کەسەم لە سێدارەوە بۆ سزای هەتاهەتایە زانی، دوای نانخواردنی ئێوارە بوو، خۆم ئەو شەوە لە هەولێر بووم لە ماڵی خاڵم. هەواڵەکە، کەسوکاری چەند زیندانییەکی سزا قورسەکانی زیندانی موسڵ کە ئەو ڕۆژە دیدەنی زیندانییەکانی خۆیان کردبوو، هێنایان و گوتیان تەواوی ئەوانەی لە ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ بوون سزاکەیان بۆ گۆڕدراوە بە سزای هەتاهەتایە. دوابەدوای هەواڵەکە لەگەڵ ئەبوبەکری خاڵم، بە ماتۆڕەکەی ئەو بە خێراییەکی زۆر ڕێگای دیبەگەمان گرت و لە ڕێگادا چەندان جار هەر لەخۆیەوە، یان خاڵم بەبێ ئاگاداری خۆی ستۆپی دەگرت سێ جار کەوتین. لە یەکەم جاردا هەردووکمان زۆر بە توندی کەوتین و بۆ نزیکەی (4-5) مەترێک لەسەر سک و لەسەر ڕێگا قیرەکە خشاین و هەموو دەست، قاچ و سنگمان بە سووکی بریندار بوو یان ڕووشا، ماتۆڕەکەش بە دووری نزیکەی (5-6) مەترێک لەپێش ئێمە وەستاو هەر کاری دەکرد. دوو جارەکەی تر کەوتنەکەمان سەخت نەبوو، چونکە هێواشی کردبووەوە. دوای

ئەوەی هەواڵەکەمان گەیاندە ماڵی باوکم، ماڵی مەحمودی برای شەهید جەمیل و خزمەکان، لەگەڵ خاڵم بە سواری ماتۆڕەکە بەم سەرمایە گەڕاینەوە هەولێر، بەڵام نە ماتۆڕەکە لەخۆیەوە ستۆپی گرت و نە ئێمەش چیتر کەوتین. بۆ بەیانی دوای هەواڵپرسین بۆمان دەرکەوت تەنیا ئەو پۆلیسانەی بۆ ماوەیەک ڕایانکردووە و دواتر بەناوی پێشمەرگە خۆیان ڕادەست کردۆتەوە، یان ئەو پۆلیسانەی بۆ ماوەیەک بووینە بە پێشمەرگە و گەڕاونەتەوەو سزای سێدارەیان درابوو، سزاکەیان بۆ سووککراوە!

ئەو کۆمەڵە کۆڵنەدەر و تێکۆشەرەش کە ئەوکات لە ژووری سێدارەی موسڵ بوون، دواتر بە مێژووی جیاجیا لە سێدارە دران یان گوللە باران کران: (ئەسکەندەر حەیدەر ڕۆستەم محەمەد ئۆمەربلی ناسراو بە گیڤارای گەرمیان. ئەکرەم عەلی، ئەمین حوسێن، سەید ئیبراهیم ئەحمەد گەرمکی. ئیحسان محەمەد ساڵح، بارزان عومەر عەلی، بابان ئەحمەد هۆرێنی، بێستون حوسێن، جەبار ئەحمەد، خدر بادینی، خورشید بادینی، حامید محەمەد خەڵکی سلێمانی، حەسەن ئیسماعیل حەمەد عەبدوڵلا گۆمەشینی (یەکێتی) کە دواتر لە ڕێکەوتی (14.6.1981)دا لە سێدارە دراوە، حەمە عەلی (کە ڕای نەکرد و سزاکەی بۆ سووککراو دواتر ئازاد کرا)، ڕەحیم هەولێری، ساڵح بادینی، سەباح مەجید سەعید، شێروان ڕەشید ئیسماعیل ئیبراهیم گەردی (شێرو جومناستیک) گەنجێکی گەڕەکی سەیداوەی شاری هەولێر بوو کە چەند مانگێک بوو چووبووە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بۆ ئەنجامدانی چالاکییەک هاتبووە ناو شارو گیرابوو، عەبدوڵلا ڕەسوڵ حەسەن قادر جاف (1962/ هەڵەدن)، عەبدولواحێد کاڕەسوڵ محەمەد ناسراو بە مەلا واحێد، عەلی محەمەد، فازڵ محەمەد غەریب سەعید ناسراو بە کاکەسوور (1954/ سلێمانی – یەکێتی)، جێگری فەرماندەی هەرێمی (9). لە ڕۆژی (7.9.1980) بەدیل گیراوە. کامەران جەلال کەرکوکی کە لە ڕۆژی (10.3.1981)دا بەدیل گیرابوو، دواتر لە ڕێکەوتی (23.5.1981)دا لە دادگای هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی دەرچووەو گواستراوەتەوە بۆ موسڵ، محەمەد ڕەفیق محەمەد نوری ئیسماعیل (پێشمەرگەی یەکێتی لای مستەفا چاوڕەش، لە ڕێکەوتی (4.12.1980)دا لەناو سلێمانی بەدیل گیراوە)، مەحمود محەمەد، هاوار عەبدوڵلا ئەحمەد بادینی و یوسف مەجید).

ئەو قارەمانانەی کاتی جێبەجێکردنی پلانەکە لە ژووری سێدارە بوون، ژمارەیان (34) کەس بوو، ئەوەی بێتەوە یادم مانگی دووی ساڵی (1981) بوو هەریەک لە تەحسینی برام و جەمیلی ئامۆزام پێیان ڕاگەیاندم کە نەخشەو پلانی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندان و ڕاکردنیان بە دەستەوەیە بەهۆی دوو برای کوردی ئێزیدییەوە کە پاسەوانی ئەو زیندانە بوون. لەبەئەوەی ژمارەیەک کوردی ئێزیدی وەکو پۆلیس و پاسەوانی زیندان لەوێ کاریان دەکرد، سەرەتا نەمدەزانی ئەو دوو برا پاسەوانە ناویان چییە، کە دەیانەوێت یارمەتی زیندانییەکان بدەن بۆ دەرباز بوونیان. بەڵام دوای ماوەیەک زانیم کە هەریەک لە جووتە برا مەردان یوسف شێخ ئەلیاس و فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس بوون، کە هاوکار و یارمەتیدەری زیندانییەکان بوون بۆ جێبەجێکردنی پلانەکەیان. بەگوێرەی قسەی شەهیدان، هەریەک لە مەردان و فازڵ چەند مشارێکی ئاسن بڕ، چەقۆ و گوریسیان بۆ بردبوونە ژوورەوە و زیندانییەکان لەکاتی ئێشکگری ئەو دوو برایەدا شەوانە شیشی دەرگاکانیان دەبڕیەوە، دواتریش بە سابونی ڕەقی شوێنە بڕاوەکانیان دادەپۆشی بۆئەوەی شوێنی بڕینەوەکان دیار نەبن و هیچ کەسێک هەستی پێ نەکات.

کاتێک کە برا و ئامۆزاکەم (تەحسین و جەمیل) لە سێدارە دران هێشتاکە تەواوی شیشی دەرگاکان نەبڕدرابوونەوە، هەروەها ڕێوشوێنی پێویست بە تەواوی ئامادە نەکرابوو بۆ هەوڵی شکاندنی زیندانەکە و ڕاکردنی زیندانییەکان. بەر لە سێدارەدانی براکەم، کوڕە پورێکم بەناوی (ئەنوەر قادر عەلی مەعروف تورەقی)، کە سەر بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوو، لە ڕێکەوتی (29.4.1981)دا لەگەڵ ئەوانەی بێتەوە یادم (کاکل ئەحمەد مەعروف کاکل (کاکلە ڕەش)، دکتۆر بەدر ڕەزا ئەمین، فازڵ سابیر ڕەسوڵ عەدێ، محەمەد سەیدە ڕەشید، محەمەد عوسمان عەزیز حەسەن تورەقی، نامیق خدر عەبدوڵلا قادر تورەقی، سدیق عوسمان مەولود تورەقی و چەند کەسێکی دیکە گیران) و ڕەوانەی هەیئە خاسەی کەرکوک کرابوون. ئەنوەر قادری پورزام، لە ژووری ژمارە (5)ی هەیئە خاسە بووە، کە دوای بردنی فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس و مەردانی برای لە ڕێکەوتی (28.6.1981)دا بۆ هەیئەی کەرکوک، فازڵ دەبەنە

ژووری (5) و بۆ ماوەی نزیکەی سێ مانگ لەگەڵ ئەنوەری پوورزام پێکەوە دەبن. ئەنوەر و هاوڕێکانی، لە ڕێکەوتی (29.9.1981)دا لە دادگای هەیئە خاسەی کەرکوک دادگایی دەکرێن و ڕەوانەی زیندانی ئەبوغرێبی شاری بەغدا دەکرێن، تا لە ڕێکەوتی (19.7.1982)دا بە لێبووردنی گشتی ئازاد دەکرێن، بەڵام سدیق عوسمان مەولود کە هەر خۆی هۆکاری بەگرتدانی ئەو پۆلە هاوڕێیە بوو، دوای ئازادبوونی بووە جێگری سەرۆکجاشی فەوجی ژمارە (28)ی جاشە سووکەکانی عومەر حەسەن ڕەسوڵ گەردی و هەر لە ئەنجامی خۆفرۆشی خۆیدا لە ڕێکەوتی (9.12.1994)دا کوژرا.

ئەوان (شەهید تەحسین و شەهید جەمیل)، پێشتر بە منیان گوتبوو کە ئاگاداری خۆم بم و هەوڵبدەم بەهیچ شێوەیەک نەکەومە بەردەست ڕژێم لەدوای شکاندنی زیندان و ڕاکردنی ئەوان، هەروەها باسی ئەوەیان کردبوو کە لە شەوانی پێنجشەممە یان هەینیدا هەوڵەکە جێبەجێ دەکەن چونکە زۆرێک لە ئەفسەر و پاسەوانەکان لەو دوو شەوەدا دەچنەوە ماڵ و ژمارەی پاسەوانەکان لە شەوانی تر کەمترن. هەر بۆیە تا ماوەیەکی باش لەو دوو شەوەدا نەدەگەڕامەوە ماڵی خۆمان لە دیبەگە و لە هەولێر دەمامەوە.

بەڵام دیارە دوای لە سێدارەدانی ئەوان، زیندانییەکانی دیکە ئەوەندە پەیوەست نەبووینە بەوەی کە هەوڵی ڕاکردنەکە بخەنە شەوانی پێنجشەممە یان هەینی، بۆیە لە شەوی سێشەممە، ڕێکەوتی (2.6.1981)دا زیندانییەکانی ژووری سێدارەی موسڵ بە هاوکاری هەریەک لە مەردان یوسف شێخ ئەلیاس و فازڵی برای نەخشەی شکاندنی زیندانەکەیان خستە واری جێبەجێ کردنەوە، بەڵام بەداخەوە نەخشەکە شکستی هێنا‌و زیندانییەکان هەر هەموویان گیرانەوە و دواتریش لە چەند شەوێکدا تا کۆتایی ئەم ساڵە یەک لە دوای یەک هەموویان لە سێدارە دران. خۆم بۆ ماوەیەکی زۆر و تا کۆتایی ساڵی (2013)، هەر وام دەزانی کە شەوی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (4.6.1981)، هەوڵی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ دراوە، بەڵام دواتر بەپێی قسەی فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس مێژووەکەم گۆڕی بۆ شەوی سێشەممە، ڕێکەوتی (2.6.1981)، لەمەودواش لە نووسینەکەم ئەو مێژووە جێگیر دەکەم و مێژووەکانی تر دەگۆڕم.

لێرەدا ئاماژە بە ناوی چەند زیندانییەکی قارەمان و تێکۆشەری ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ دەکەم، کە لەدوای هەوڵی شکاندنی زیندانەکە لە سێدارە دران.

لە ڕێکەوتی (20.9.1981)، دوو پێشمەرگەی یەکێتی بە ناوەکانی: (ئەسکەندەر حەیدەر ڕۆستەم محەمەد ئۆمەربلی ناسراو بە گیڤارای گەرمیان و سەید ئیبراهیم ئەحمەد گەرمکی) لە سێدارە دەدرێن، کە لە ڕێکەوتی (12.1.1981)دا لە شەڕێکدا لەگەڵ جاشەکانی تەحسین شاوەیس لە گوندی (کۆشک)ی قەرەداغ بەدیل گیرابوون.

نوری خدر ئەحمەد سەعدوڵڵا بەقاڵ دیبەگەیی سەر بە ڕێکخستنەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان بە کۆدی ژمارە (10848)، لە ڕێکەوتی (5.12.1981) لە سێدارە درا.

لە ڕێکەوتی (7.12.1981)دا، قارەمان (هیرەمان) عەلی عەبدوڵڵا سەمیع ناسراو بە قارەمانی عەلی شۆڕی (1956/ دیبەگە - پێشمەرگەی حزبی سۆسیالیستی کوردستان)، کە یەکێک بوو لە پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێ، کە بەداخەوە لە مانگی تەمووزی ساڵی (1981)دا لە شەڕێکدا لە گوندی بەردەسپی بە بریندار لەلایەن کۆپتەرەکانی ڕژێمی فاشی و ڕەگەزپەرستی بەعسی عارەبی بەدیل گیرا. ئەو، لە ڕێکەوتی (14.10.1981)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک فەرمانی خنکاندنی بۆ دەرچوو، لەگەڵ دوو ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ناوەکانی (جەعفەر عەبدوڵڵا ئەحمەد محەمەد عەلی/ تروانش – کانیماسی - ئامێدی) و مەسیحا ئیسماعیل محەمەد سەلیم ئامێدی)، لە سێدارە دران.

لە ڕێکەوتی (17.12.1981)دا خەمۆ تێلی ئامێدی (مژی - ئامێدی)، ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان لە زیندانی موسڵ لە سێدارە درا.

دوای شکستهێنانی نەخشە و پلانی شکاندنی زیندانی ژووری سێدارەی موسڵ و گرتنەوەی زیندانییەکان، مەردان یوسف شێخ ئەلیاس و فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس بەجووتە قۆڵبەست کران و ڕەوانەی گرتووخانەی هەیئە خاسەی کەرکوک کران. هەروەکو پێشترو لە سەرەوەدا ئاماژەم پێکرد فازڵ یوسف دەبەنە ژووری ژمارە (5)، کە ئەنوەر

قادری پورزام لەو ژوورەدا بووە. بەگوێرەی قسەکانی ئەنوەر قادر عەلی پورزام، شێخ فازڵ و شەهید مەردان لە دوای شکستهێنانی هەوڵی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ بە چەند هەفتەیەک ، دەگەیەنرێنە هەیئە خاسەو ڕووبەڕووی سەختترین و دڕندانەترین ئازار و ئەشکەنجەی فاشییەکان دەبنەوە بۆئەوەی دان بە تەواوی پلانی شکاندنی زیندانەکە بنێن.

ئەنوەری پورزام، هەر لەگەڵ گەیشتنی شێخ فازڵ بە ژوورەکەیان و باسکردنی هۆکاری گیرانەکەیی و بیستنی هەوڵی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ، بە پەرۆشییەوە هەواڵی تەحسینی برام و جەمیلی ئامۆزازام لە ناوبراو دەپرسێت بەهیوای ئەوەی کە ڕایانکردبێت و دەرباز بووبن، سەرەتا فازڵ و دواتریش شەهید مەردان پێی ڕادەگەیەنن کە بەر لە نزیکەی مانگێک و بە ماوەیەکی کەم بەر لە هەوڵی شکاندنەکە، هەردووکیان لەگەڵ چەند قارەمانێکی تر لە سێدارە دراون.

هەر بەگوێرەی قسەکانی ئەنوەری پورزام کە مەردان و فازڵ بۆیان باسکردبوو، هەردووکیان پێشتر سوێندیان بۆ یەکتر خواردبوو ئەگەر بێتوو نەخشەکەیان سەرنەکەوێت، خۆڕاگربن و باسی هیچ شتێک نەکەن بۆ فاشییەکان. بەڵام کاتێک کە مەردانی قارەمان دەگاتە ئەو باوەڕەی کە هەردووکیان لەژێر ئازار و ئەشکەنجەدا دەکوژن یان گوللە بارانیان دەکەن، بۆیە بڕیار دەدات تاواناکە بخاتە ئەستۆی خۆی تاوەکو بەلای کەمەوە یەکێکیان ڕزگاری بێت. ئەوەبوو مەردانی مەرد و قارەمان هەموو تۆمەتەکەی خستە ئەستۆی خۆی و فازڵی برا بچووکی بێئاگا لەو نەخشە و پلانە نیشاندا. بەڵام جەللادەکان پێیان باوەڕ نەکرد و درێژەیاندا بە بەکارهێنانی چەندان شێوازی تری جیاجیای ئەشکەنجەدانی فازڵ، وەلێ ئەو زۆر لە ئازار و ئەشکەنجەی داگیرکەران بەهێزتر بوو و توانی دان بەخۆیدا بگرێت و ڕووبەڕووی تەواوی ئازار و ئەشکەنجەکانی بەعسییە ڕەگەزپەرستەکان ببێتەوە.

کاتێک جەللادەکان گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە هیچ شێوازێکی ئەشکەنجەدان دادیان نادات لە بەرامبەر فازڵی پڵێنگ ئاسادا، بۆیە لە ڕێکەوتی (20.2.1982)دا هەردوو برا ڕەوانەی دادگای هەیئە خاسەی کەرکوک کران و مەردانی مەرد و تێکۆشەر بڕیاری گوللە باران کردن و فازڵی قارەمان و خۆڕاگریش سزای زیندانیکردنی هەتا هەتایەی بۆ دەرچوو، بەڵام بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە دوای نزیکەی نۆ مانگ و لە ڕێکەوتی (13.11.1982)دا کاکە مەردانی کوردپەروەر و دڵسۆزی کوردستان لە ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ فەرمانی مەرگی بەسەردا جێبەجێکراو گەیشتە کاروانە هەمیشە سەر بەرزەکەی شەهیدانی بزووتنەوەی ڕێگای ڕزگاری کورد و کوردستان. پێشم وایە کە شەهید مەردان تاکە کورد بێ کە لە ساڵی (1982)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە درابێ، چونکە لەدوای لە سێدارەدانی ئەو کەسانەی کاتی هەوڵی شکاندنی زیندانەکە لە ژووری سێدارە بووینە و دواتر تا کۆتایی مانگی دوازدەی هەمان ساڵ لە سێدارە دراون، هیچ کەسێکی دیکە لەو زیندانە لە سێدارە نەدراوەو هەموو لە سێدارە دانێکی زیندانیانیی سیاسیی کورد گواستراوەتەوە بۆ زیندانی ئەبوغرێب لە شاری بەغدای پایتەختی بەعس و ئێراق.

فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس، لە دوای (20.2.1982)دا بە جەستەیەکی نیمچە ئیفلیج و شێواو ڕەوانەی زیندانی بەشی سزا تایبەتییەکان (قسم ألأحكام الخاصة)ی ئەبوغرێب لە بەغدا کرا و لەوێش لەگەڵ ئەنوەری پورزام یەکتر دەبیننەوەو تا ڕۆژی (16.7.1982) لێبووردنە گشتییەکەی ئەو ساڵە پێکەوە دەبن، کە ئەنوەر ئازاد کرا، بەڵام ئەو لێبووردنە شێخ فازڵی نەگرتەوەو دواتریش لەم بەشە گواسترایەوە بۆ بەشی سزا ماوە درێژەکانی هەمان زیندان لە ئەبوغرێب، وەلێ هەر لێبووردنێکی گشتی دەردەچوو ئەوی نەدەگرتەوە، تاوەکو لە ڕێکەوتی (28.4.1986)دا لێبووردن گرتییەوەو لە ڕۆژی (21.5.1986)دا ئازادکرا.

ئەوەی جێگەی داخەو هانی دام کە تا ڕادەیەکی زۆریش بەدرەنگەوە ئەو یادە نهێنییە بۆ یەکەم جار ئاشکرا بکەم ئەوەیە کە مانگی دووی ساڵی (2010)، برادەرێکی ئەنوەر قادر عەلی پورزام بە ڕێکەوت کاتێک کە لە بەغدا دەبێت لەپێناوی جێبەجێکردنی کارەکانی خۆی و ئەنوەری پورزامدا بۆئەوەی ئەوانیش وەکو هەر زیندانییەکی سیاسی سەردەمی ڕژێمی سەدام پشتگیرییان بدەنێ تاوەکو موچەیەکی مانگانەیان وەکو ئەو زیندانییانەی تر کە ئەو مووچەیان بۆ بڕاوەتەوە بۆ ببڕنەوە، چاوی بە فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس دەکەوێت و یەکتر دەناسنەوە. دوای گفتوگۆکردنی نێوان

هەردوو هاوڕێی زیندان، فازڵ یوسف بۆ هاوڕێکەی ئەنوەری پورزام باسی ئەوە دەکات کە لە (مؤسسة السجناء السیاسیین) لە بەغدا پێیان گوتووە: (ئێمە ناتوانین پشتگیری ئەوەت بدەینێ کە تۆ زیندانییەکی سیاسی بوویت، چونکە تۆ لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی گیراوی). ئەوەبوو لە ئەنجامی هەوڵ و کۆششێکی زۆری هاوڕێ و برای بەڕێزم عەزیز شەمۆ ئەلیاس توانیم فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس بدۆزمەوەو قسەی لەگەڵ بکەم، کاتێک کە باسی ئەو هەوڵەی شکاندنی زیندانەم بۆ کرد، دڵی زۆر خۆش بوو بەوەی کە کەسێک لە ژیاندا ماوەو ئاگاداری ئەو نەخشە و پلانەی ئەوان بووە. بەڵام باسی ئەوەشی کرد کە تاوەکو ئێستاکە هیچیان بۆ نەکردووە و تەنانەت مووچەیەکی مانگانەشی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ئێراق بۆ دابین نەکراوە.
سەرەتا دەپرسم، ئایا وەڵامێکی لەو جۆرەی کاربەدەستانی دەزگای زیندانیانی سیاسی بەغدا بۆ فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس، بەکەم سەیرکردنی پرسی کورد و بە چاوێکی نزم سەیرکردنی خەباتی سیاسی کورد و تاکی کورد نییە؟ ئەگینا هاوکاریکردن و یارمەتیدانی هەوڵی شکاندنی زیندان و بەتایبەت ژووری سێدارە کە پڕ بێت لە کوردی سزادراو بە تۆمەتی سیاسی و سزای خنکاندن، لەلایەن دوو کوردی قارەمان و چاونەترسی وەکو مەردان یوسف شێخ ئەلیاس و فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس بۆ ڕزگارکردنی چل و دوو کوردی سزادراو بە سزای مەرگ، بۆ دەبێت پرسێکی سیاسی نەبێت و کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بێت؟ ئایا ئەو وەڵامەی دەزگای زیندانیانی سیاسی بەغدا سووکایەتیکردن نییە بە هەموو کورد و پیرۆزییەکانی کورد، کە ڕۆژانە دەیان سووکایەتی تر و بەشێوەی جیاواز لەلایەن ڕەگەزپەرستانی عارەبی ئێراقی لە حکومەتی نوری مالیکیدا بە کورد و سەروەرییەکانی کورد دەکرێت؟
ئینجا لە کۆتاییدا داواکارم لە یەکێک لەوانە مام جەلال سەرۆک کۆماری ئێراق و سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان یان دکتۆر بەرهەم ساڵح ئەحمەد سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە دەرفەتێکی گونجاودا بنێرن بەدوای برای کوردی ئێزیدی (فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس)دا، بۆئەوەی هەم وەکو قارەمانێک پێشوازی لێبکەن و هەم پاداشتی خۆی و بنەماڵەی مەردانی برای بکەن و مووچەیەکی مانگانەی زیندانی سیاسی بۆ هەردووکیان و مووچەیەکی شەهیدانەش بۆ کەسوکاری شەهید مەردان ببڕنەوە!

**تێبینی: ئەو وتارەم لە ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (28.11.2010)دا تەواوکردو بۆ ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)م نارد، بەڵام داوام کردبوو بەبێ ئاگاداری خۆم تەنیا یەک وشەش لانەدەن، کەچی بەداخەوە نە بڵاویان کردەوە و نە هۆکارەکەیان بۆ نووسیم.**


فاضل يوسف الشيخ الياس
رتبة رقيب إصلاحية


١
تسلسل سجل الاساس ٧٤٧
رقم صفحات دفتر الخدمة العسكرية ١١
إسم التجنيد سنجار
الاسم الثلاثي فرحان بن يوسف شيخ الياس
إسم الأم الكامل هموى شيخ ناصر
تاريخ الولادة ١٩٥٠
إسم المحلة
رقم الدار
رقم الصحيفة والسجل المدني
المهنة كاسب
المستوى الثقافي
فصيلة الدم
وزارة الدفاع
مديرية التجنيد العامة
مديرية تجنيد منطقة الموصل / سنجار






کۆسرەت ڕەحمان فەرحان - ئەنوەر قادر عەلی - فازل یوسف شێخ ئەلیاس ا هەولێر - ٨/١/١٨

# بەشی دووەم

**شکاندنی باستیلەکەی موسڵ، یان چەواشەکردنی مێژوو؟**
**چۆنێتیی دەستگیرکردنی ئەو هاوڕێیانەی هەولێر**
**لە سێدارەدانی تێکۆشەرانی کورد لەم ماوەیەدا لە زیندانی موسڵ**

## شکاندنی باستێلەکەی موسڵ، یان چەواشەکردنی مێژوو؟

بەر لە (32) ساڵ و لە شەوی (3.6.1981)دا هەوڵی شکاندنی زیندانی زیندانی ژووری سێدارەی موسڵ لەلایەن قارەمانەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان درا، وەلێ بەداخەوە ئەو هەوڵە سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، ئەمن، پۆلیس و پاسەوانەکانی زیندان توانیان هەوڵەکە شکست پێ بهێنن و تەواوی زیندانییەکان بگرنەوە و دواتر لە مێژووی جیا جیادا لە سێدارەیان بدەن جگە لە چوار کەس کە سزاکەیان بۆ کرا بە سزای هەتا هەتایە.

بۆ یەکەم جار لە مانگی نۆڤێمبەری ساڵی (2010)دا نووسینێکم لەسەر ئەو هەوڵە مەزنەی تێکۆشەرانی کۆمەڵە لەژێر ناوی (هەوڵێکی سەرنەکەوتووی شکاندنی زیندانی ژووری سێدارەی موسڵ و دوو قارەمان)دا نووسی و لە ڕێکەوتی (28.11.2010)دا بۆ ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)م نارد کە بە زمانحاڵی ئەو هاوڕێ شەهیدانە دەناسرێ کە ئەو هەوڵەیان دابوو، کەچی ئەوان بڵاویان نەکردەوە بۆیە بەناچاری لە ڕێکەوتی (4.12.2010)دا لە چەند ماڵپەڕێکی ئەلیکترۆنی بڵاوم کردەوە.

دوای ئەو نووسینەم، ڕۆژنامەنووسێک بەناوی فوئاد محەمەد لە بنەماڵەی ئەو (10) شەهیدەی دەربەندیخان پەیوەندی پێوەکردم، دواتریش نامیلکەیەکی بەناوی (شکاندنی باستێلەکەی موسڵ) لە نووسینی نەریمان مەجید بۆ ناردم لەگەڵ وێنەی دیواربەندێک کە لە دەربەندیخان بۆ ئەو (10) شەهیدە لە سێدارە دراوەی ئەوێ (ئەمین حوسێن حەسەن شین غولام/ 1953/ مەیدان/ کانی کرمانج، ئیحسان محەمەد ساڵح ئەحمەد بەگ ناسراو بە فائیق/ مەیدان/ شاوان، بابان ئەحمەد محەمەد عەبدولڕەحمان/ 1965/ مەیدان/ هۆرێن، جەبار ئەحمەد موراد ڕەزا ناسراو بە جەباری ئەحمەد زەریفە/ 1956/ مەیدان/ کانی کرمانج، سەباح مەجید سەعید/ 1966/ مەیدان/ هۆرێن، عەدنان سابیر خدر/ 1965/ کەرکوک/ چەمچەماڵ، عەبدولسەمیع ئەحمەد مستەفا/ 1963/ کەرکوک/ چەمچەماڵ، محەمەد عەلی محەمەد مستەفا ناسراو بە مامە/ 1956/ مەیدان/ باغە هەنارە، مەحمود ڕەشید مەجید/ 1963/ مەیدان/ باغە هەنارە، موحسین ئەحمەد عەبدولڕەحمان/ 1956/ مەیدان/ باغە هەنارە)، دروست کراوە.

دوای خوێندنەوەی نامیلکەکەی نەریمان مەجید، کە لە ساڵی (2007) لە چاپ دراوە، بڕیارم دا لە دەرفەتێکدا وەڵامێکی بدەمەوە. بەڵام بەهۆی سەرقاڵی زۆرمەوە بە نووسینی هەردوو پەرتووکی (ئینسکلۆپیدیای تۆمەتبارانی شاڵاوی ئەنفال لە باشووری کوردستان)، (ئازارە شاردراوەکان یاداشتی زیندان) و چەند بابەت، لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ئەنفال و جینۆسایدکردنی کورد لە باشووری کوردستان، ئەو وەڵامەم دواکەوت.

ئەوەی لەو نامیلکەیە بەدیم کردبێت، بێویژدانی، چەواشە کردنی مێژوو، ناڕاستییەکی زۆر، دزینی خەباتی هاوڕێیانی دیکە و گەورەکردنی ڕۆڵی شەهیدەکانی خۆیان و فەرامۆشکردنی خەبات، ئازایەتی و چالاکی هاوڕێیانی دیکەیە! پێم وایە ئەوەی ئامادە بێت خەبات و تێکۆشانی شەهیدەکان بدزێت و بیکاتە خەبات و تێکۆشانی خۆی یان خزمەکانی، ئامادەشە گەندەڵی بکات و سامانی کوردستانیش بدزێت. بۆیە دزینی خەباتی شەهیدان و دزینی سامانی کوردستان بە دوو ڕووی یەک دراو دەبینم.

زۆر جار، ئەو چالاکی و شەڕانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بەرگری کردن لە کوردستان کە نووسراوەتەوە یان دەگێڕدرێنەوە، دەبینی هەر کەس و لایەنێک بەگوێرەی ئارەزووی هزری خۆی و بۆ بەرژەوەندی خۆیان دەینووسن یان دەیگێڕنەوە بەتایبەت ئەگەر چەند لایەنێک بەشدار بووبن لە بەرگری کردن، تۆمارکردنی داستانێک یان گرتنی شارۆچکە و شارێک، نموونەشمان ڕزگارکردنی قەرەداغ، کەرکوک، داستانەکانی سماقولی و کۆڕێ-یە.

چەواشەکردنی مێژوو و دەرخستنی کەسانێک و پێدانی ڕۆڵی سەرەکی لە ئەنجام دانی چالاکییەک یان خۆڕاگری کەسانێک لە زیندان و ناشرین کردنی مێژووی خەباتی کەسانێک یان شارێک، بە ئاشکرا لە بەشی سێیەمی زنجیرە درامای گەردەلول، بەدی دەکرێ! بۆ لە گەردەلول باسی ئاسۆی دەلاک (حەسیب عومەر سابیر سەعید/ سلێمانی/ 1958) نەکرا، کە دەیان تاوانباری کوشت و دەیان چالاکی لەناو جەرگەی سلێمانی ئەنجام داو ترسی گەورەی خستبووە دڵی ملازم موحسین و بەعسییەکان؟ ئاسۆی دەلاک، لە ڕێکەوتی (6.9.1979)دا بەهۆی ناپاکی کردنی

(ئەحمەد حەسەن عەزیز)ەوە دەستگیرکراو دواتر لە ئەمنی سلێمانی لەلایەن ملازم موحسین و جەللادەکانی بەعس لەژێر ئەشکەنجەدا شەهیدکرا. بۆ لە هەولێر (عەلوش) ناوێک بەزۆر دەکەنە کوردپەروەر و زیندانی دەکرێت؟ بۆ باسی عوسمان حەمەدئەمین قادر سوڵتان (عوسمانە گچکە) نەکرا، کە لە ڕۆژی (11.5.1977)دا گیراو نموونەی مرۆڤی شۆڕشگێڕ و قارەمانی زیندان بوو کە هەم لە جەللادەکانی دەدایەوە هەم تا لەژێر ئەشکەنجەدا لە ڕۆژی (13.5.1977)دا گیانی سپارد هەڕەشەی لە جەللادەکان دەکرد و جنێوی پێدەدان؟ بۆ باسی قاسم عەزیز ڕەسوڵ سوورچی ناکەن، کە بەهۆی ئەندامێتی و بەرپرسیارێتی لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە هەولێر سێ جار لەلایەن ئەمنی هەولێر دەستگیر کراوە و ڕەوانەی هەیئە خاسەی کەرکوک و ئەمنی عامەی بەغدا کراوە بەبێ ئەوەی لە هیچ کامێک لەو دەزگا هۆڤی و دڕندانە بتوانن هیچی پێ بدرکێنن و هەر سێ جاریش سەربەرزانە دەرچووە، بۆ باسی عەلوش دەکەن کە فڕی بە کوردایەتی و سیاسەتەوە نەبووە؟ قاسم عەزیز، یەکەم جار لە (20.1.1976)دا گیراو لە (26.2.1976) ئازاد کرا، دووەم جار لە ڕێکەوتی (11.5.1977) و دواتر لە ڕێکەوتی (22.11.1977)دا ئازاد کرا، دوا جاریش لە ڕێکەوتی (10.4.1988)دا گیرا و تا ڕێکەوتی (25.8.1988)دا لە ئەمنی بەلدە مایەوە.


شکاندنی باستیلەکەی موسڵ
نەریمان مەجید

بۆ وەڵامدانەوەی نەریمان مەجید و نامیلکەی (شکاندنی باستیلەکەی موسڵ)، یەکە یەکە دێمە سەر خاڵەکان و وەڵامی چەواشەکاری و شێواندنەکانی نووسەری نامیلکەکە دەدەمەوە، کە سەبارەت بە هەوڵی شکاندنی ژووری سێدارەی موسڵ کردوویەتی.
نەریمان مەجید، لە لاپەڕەکانی (12–14)ی نامیلکەی (شکاندنی باستیلەکەی موسڵ)دا بە کۆمەڵێ هەڵەو شێواندنی مێژوو، نووسیویێتی: (ئەوە بوو ڕۆژی 19.5.1981 پاش دادگایی کردنیان لە بینای دادگای هەیئە خاسەی کەرکوک کە ژمارەی بەنکراوەکان 16 کەس بوون بڕیاری لە سێدارەدانی 13یان دراو سزای 20 ساڵ بۆ محەمەد عەبدوڵڵا، ئەمین و ئیسماعیل بڕایەوە. چەند ڕۆژێک دوای بڕیارەکە 13 کەسەکە بۆ بەندیخانەی موسڵ ڕەوانە کران و 3 کەسەکەش بۆ ئەبوغرێب. هەر بە گەیشتنیان بە قەسابخانەکەی موسڵ بیریان لە داڕشتنی پلانێک کردەوە بۆ شکاندنی زیندانەکە ئەویش بە هاوکاری دوو سەجان کە کوردی ئێزیدی دەبن بەناوی شێخ فازڵ یوسف ئەلیاس و شێخ مەردان یوسف ئەلیاس کە برا دەبن، هەروەها لەوێش چەند کەسێکی تری لێ دەبێت وەک بەرزان عومەر عەلی و عومەر میرزا و محەمەد حەمەساڵح کاکەبرا ناسراو بە ئامانج شاتری بەیەکەوە ڕێک دەکەون، چونکە ڕۆژی 1.6.1981 وادەی چاوپێکەوتنە لەگەڵ خزم و کەس و هەموو پێداویستییەکیان بۆ دابین دەکرێت وەک مشار و دەمانچەی بێدەنگ بەو مەرجەی ڕۆژی مواجهە لەلایەن خزمەکانیانەوە مەساریفەکانیان بۆ دابین بکرێ، ئەوەبوو ڕۆژی 1.6.1981 کە ڕۆیشتنە مواجهەیان زۆرمان لا سەیر بوو داوای پارە و پێڵاوی سوکیان لێ کردین، پێمان وتن ئێوە مانگێکی تر ئیعدام ئەکرێن وتیان خواکەریمە کێ ئەڵێ عەفو ناکرێین چونکە ڕاستە ئێمە بڕیاری لە سێدارەدانمان دراوە بەڵام تا ئێستا بڕیاری (مەرسوم جمهوری)مان بۆ دەرنەچووە، هەر ئەو شەوە دوای گەڕانەوەی کەس و کاریان بۆ سلێمانی و ناوچەکانی دەوروبەری. واتە شەوی 1981/6/2/1 و لە یادی ساڵڕۆژی دامەزراندنی (ی. ن. ک) دەست دەکەن بەشکان و بڕینەوەی دەرگاو پەنجەرەکانی ژوورەکانی خۆیان بە هاوکاری و چاوساغی دوو سەجانەکە و دواتر دێنە قاوشەکان و پاشان بۆ سەر دیوارە بەرزەکانی حەوشەی قەسابخانەکە، هەر ئەو شەوە دوو لە جەلادەکان بە سزای گەل و شۆڕش دەگەیەنن و ئیتر سیخوڕەکانی بەعس دەست دەکەن بە تەقەکردن و دەوری قەسابخانەکە دەگرێت.. ئەفسوس هەر ئەو شەوە شەهیدان جەبار ئەحمەد و عەدنان سابیر دەگەنە کاروانی پڕسەروەری گەلەکەمان و شەهیدان، سەباح و محەمەد عەلی و محەمەد ساڵح بەخەستی بریندار ئەبن و هەموویان دووبارە لەناو حەوشە و قاوشەکاندا دەستگیر دەکرێنەوە). سەبارەت بە ناوی بریندارەکان هەروەکو نەریمان مەجید نووسیویێتی، ناوی کۆتایی (محەمەد ساڵح) پێدەچێت مەبەستی ئیحسان محەمەد ساڵح بێت چونکە کەسێک نەبووە بە ناوی محەمەد ساڵح.
لە وەڵامی نەریمان دا دەڵێم:

**<u>یەکەم</u>**: بیرۆکە و پلانی شکاندنی زیندانی سێدارەی موسڵ، هیچ پێوەندییەکی بەو (10) شەهیدەی دەربەندیخانەوە نەبووە و نییە، چونکە بەر لەوەی ئەوان بگەنە ژووری سێدارەی موسڵ بە (5–6) مانگ بیرۆکەی ئەو هەوڵە و پلان و نەخشەی شکاندنی زیندانەکە داڕژرابوو، هەروەها زیندانییەکان بەر لە نزیکەی سێ بۆ سێ مانگ و نیو (ڕێک لە ڕۆژی 1.2.1981 یان 15.2.1981) پلانی شکاندنی زیندانیان بۆ کەسوکاری خۆیان باسکردبوو و پارەیان کۆکردبووەوە. لەپێناوی گەیشتن بە ڕاستییەکان و زانیاری ورد و دروست، لە ڕێکەوتی (21.6.2013) بە تەلەفۆن پێوەندیم کرد بە پارێزەر سلێمان کەریم سوسەیی (برای شەهید بەکر کەریم محەمەد سوسەیی، کە لە ڕێکەوتی (14.5.1981)دا لە سێدارە دراوە)، ناوبراو بۆی باسکردم کە ئەویش لە ڕێگای شەهید بەکر سوسەیی برای ئاگادارکرابووەوە کە هەرکاتێ ڕۆژی شکاندنی زیندانی موسڵ دیاریکرا، خۆیی و ئۆتۆمۆبێلەکەی لەبەردەم دەرگای زیندان ئامادەبێت بۆ دەربازکردنی بەکر کەریم سوسەیی و چەند زیندانییەکی دیکە و بردنە دەرەوەیان لەناو موسڵ، ئەویش (سلێمان سوسەیی) ئامادەیی خۆی بۆ ئەو ئەرکە نیشان دابوو. ئاگاداری سلێمان کەریم سوسەیی لە هەوڵی شکاندنی زیندانی موسڵ، بانگێشەی نەریمان مەجید پووچەڵ دەکاتەوە بەوەی کە ئەو پۆلە شەهیدەی مەیدان یان دەربەندیخان (هەر بە گەیشتنیان بە قەسابخانەکەی موسڵ بیریان لە داڕشتنی پلانێک کردەوە بۆ شکاندنی زیندانەکە)، بەتایبەت کە شەهید بەکر کەریم محەمەد سوسەیی برای سلێمان سوسەیی لە ڕێکەوتی (14.5.1981) واتە ڕێک (5) ڕۆژ بەر لە گەیشتنی براکەی ئەو

و (12) هاوڕێکەی دیکەی بازیان بە ژووری سێدارەی موسڵ، لە سێدارە دراوە، چونکە ئەو (13) هاوڕێیەی بازیان لە ڕۆژی (19.5.1981) گواسترانەوە بۆ ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ.
نەریمان، ئەوەشی بە هەڵە نووسیوە، کە ئەوان لە ڕۆژی (19.5.1981)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک دادگایی کراون و گوایە دوای چەند ڕۆژێک بۆ ژووری سێدارەی موسڵ گواستراونەتەوە، سەیری لاپەڕە (35)ی نامیلکەی (شکاندنی باستێلەکەی موسڵ) بکەن، کە نەریمان بروسکەی ئاگادارکردنەوەی بۆ ڕۆژی یەکەم دیدەنی (سەباح مەجید)ی برای داناوە، کات و مێژووی بروسکەکە بەمشێوەیە نووسراوە: (کاتژمێری 10 و نیوی ڕۆژی 19.5.1981)، هەروەها کاتی وەرگرتنی بروسکەکە لە پۆستی بازیان، کاتژمێر (8:45) دەقەی هەمان ڕۆژ دانراوە، بۆیە بەدڵنیاییی دەبێ کاتژمێری (8:45) دەقەی ئێوارە ئەو بروسکەیە گەیشتبێتە بنکەی پۆستی بازیان.
سەبارەت بە ڕۆژی دادگاییکردن و گواستنەوەی ئەو هاوڕێیانەی بازیان، بەدواداچوونی زۆرم بۆ کرد و چەند جارێک قسەم کرد لەگەڵ محەمەد عەبدوڵڵا عەزیز و ئەویش لەگەڵ ئەمین شەعبان عەبدوڵڵا حوسێن قسەی کرد، کە ئەوان لەگەڵ ئەو (13) هاوڕێیەی بازیان پێکەوە گیراون و پێکەوەش دادگایی کراون. محەمەد عەزیز و ئەمین شەعبان، جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە، کە ئەوان هەر (16) کەسیان لە ڕۆژی (18.5.1981) لە دادگای هەیئە خاسەی کەرکوک دادگایی کراون و ڕۆژی دواتر (19.5.1981)، هەر یەک لە ئەمین شەعبان عەبدوڵڵا حوسێن، ئیسماعیل حوسێن عەبدوڵڵا حوسێن و محەمەد عەبدوڵڵا عەزیز کە سزای هەتاهەتایی درابوون، بەرەو بەغداو (13) کەسەکەی دیکە کە سزای سێدارە درابوون، بەرەو زیندانی موسڵ گواسترانەوە.
هەروەها سلێمان سوسەیی لەگەڵمدا هاوڕابوو بەوەی کە هەوڵی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ بەلای کەمەوە سێ بۆ چوار مانگی پێچوو، کە فازڵ یوسف شێخ ئەلیاسی (زیندانەوان)یش هاوڕامە و پێی وابوو ئەم هەوڵە سێ تا چوار مانگی پێچوو، گەر زۆرتری پێ نەچووبێت!
<u>**دووەم**</u>: بیرۆکە و نەخشەی شکاندنی زیندانی موسڵ دەگەڕێتەوە بۆ شەهیدان جەمیل ئەحمەد مەحمود حەمە دیبەگەیی (دەرسیم)، بەرزان عومەر عەلی، جەلال مەحمود ئەحمەد سورداشی و دواتریش وەکو ڕێزێک بۆ خەبات و تەمەنی عومەر میرزا شاموراد، ئەویش وەکو یەکێک لە سەرپەرشتی کردنی هەوڵی شکاندنی زیندانەکە ناسێنرا. با باسی ئەوەش بکەم تا شەهید ئیبراهیم شێخ مەحمود محەمەد (دکتۆر ڕێباز) لە سێدارە نەدرابوو تەواوی زیندانییەکان وەکو بەرپرس و برا گەورە هەژماریان بۆ دەکرد و هەر شتێک بوایە بەبێ ئەو نەیان دەکرد. دوای لە سێدارەدانی ئەو شەهید ئەکرەمی حەپسە و دوای ئەویش شەهید جەمیل ئەحمەد مەحمود بەهۆی بیرفراوانی و ئاستی بەرزی ڕۆشنبیرییان وەکو بەرپرس و برا گەورە هاتنە پێش، کە شەوانە باسی بابەتی سیاسی و وانەی کوردایەتی و مێژووی خەباتی گەلانیان بۆ زیندانییەکانی هاوڕێیان دەکرد و دواتریش گفتوگۆ لەسەر بابەتەکان دەکرا.
<u>**سێیەم**</u>: هەوڵی شکاندنی ژوورەکانی سێدارەی موسڵ لە شەوی (2.6.1981)دا بووە ڕێک لە کاتژمێری (12:20)ی دوای نیوەشەو کە (20) خولەک تێپەڕیوە لە ڕۆژی (1.6.1981) و (20) خولەک کەوتۆتە ناو ڕێکەوتی (2.6.1981) کارەکە ئەنجام دراوە، وەلێ نووسەری ئەو نامیلکەیە بەهۆی ئەندام بوونی لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هەوڵی داوە چالاکییەکە بکاتە ڕێکەوتی (1/2.6.1981) و نزیکی بکاتەوە لە ڕۆژی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.
سەرەتا ئەگەر ئەو هەوڵە لە هەر ڕۆژێک یان مانگێک ئەنجام درابێ، ئەوە بەدڵنیایی و بەبێ دوو دڵی سەروەرییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و یەکێتی، چونکە ئەوانەی بیریان لەو هەوڵە کردەوە کۆمەڵە بوون، ئەوانەی پلانەکەیان داڕشت کۆمەڵە بوون و ئەوانەی جێبەجێشیان کرد زۆربەی هەرە زۆریان کۆمەڵە و یەکێتی بوون.
دواتر یەکێک لەو کارمەندانەی زیندانی موسڵ (فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس)، کە خۆی و شەهید مەردانی برای هاوکاری زیندانییەکانی ژووری سێدارە بوون بۆ دەرباز کردنیان ئەو لە ژیاندا ماوە، با یەکێک لە کەناڵەکانی (کوردسات، گەلی کوردستان و خاک)، بەتایبەتیش کەناڵی خاک بۆ بەرنامەی (ئەو ڕۆژانەی ئەمرۆیان دروستکرد)، دیدارێک لەگەڵ ناوبراودا ساز بکات لەپێناوی دەرخستنی ڕاستییەکان و گرنگی دان بەو هەوڵە مەزنەی کۆمەڵێک هاوڕێی کۆمەڵەی

ڕەنجدەرانی کوردستان و یەکێتی، کە دواتر هەموویان لە سێدارە دران جگە لە سێ کەسیان (تۆفیق ئەحمەد تۆفیق محەمەد کافرۆشی بازیانی، حەمەڕەشید ئەحمەد وەلی کافرۆشی (1950/ بازیان) لە ڕۆژی (18.2.1981) گیراوە و شۆڕش محەمەد تۆفیق محەمەد کافرۆشی (1965/ بازیان) لە ڕۆژی (1.2.1981)دا گیراوە، کە یەکەمیان برا، دووەمیان (پورزا و زاوا) و سێیەمیشیان ئامۆزای کاوە ئەحمەد تۆفیق محەمەد (کاوە بازیانی) فەرماندەی مەفرەزە خاسەی بەعس بوون، بەهۆی ئەوەوە سزاکەیان بۆ کرا بە زیندانی هەتا هەتایە و ڕەوانەی زیندانی ئەبوغرێب کران، دواتریش لە لێبووردنە گشتییەکەی مانگی تەموزی ساڵی 1982دا یەکەم و سێیەمیان، لە ڕۆژی (19.7.1982)دا ئازادکراون، کەچی حەمەڕەشید لە ڕۆژی (25.7.1982)دا ئازادکراوە).

**<u>چوارەم</u>**: بە هیچ شێوەیەک دەمانچەی بێدەنگ بۆ ئەو هاوڕێیانەی ناو ژووری سێدارەی موسڵ ئامادە نەکرابوو، ئەو قسەیەی نەریمان مەجید زۆر دوورە لە ڕاستی و بێ بنەمایە. بەگوێرەی ئاگاداری خۆم مشاری ئاسن بڕ، گوریس و چەندان چەقۆ بەهۆی فازڵ و مەردان لە مانگی شوباتی (1981)دا گەیشتبووە زیندانییەکان، واتە نزیکەی (3) مانگ و نیو بەر لەوەی ئەو (13) کەسەی بازیان بگەنە موسڵ و ژووری سێدارە، کە پێشتر بەهۆی شەهید تەحسین و شەهید جەمیل لە گەیشتنی مشاری ئاسن بڕ، چەقۆ و گوریس بۆ ناو ژووری سێدارەی زیندان ئاگادار کرابوومەوە. هەروەها دوای چەندان جار پرسیار کردنم لە شێخ فازڵ، ئەو هەموو جارێک هەمان وەڵامی دایەوە کە بە هیچ شێوەیەک دەمانچەی بێدەنگیان بۆ زیندانییەکانی ژووری سێدارەی موسڵ نەبردووە.

بۆ زیاتر دەرخستنی ڕاستییەکان ڕۆژی (25.5.1981) کە دوا دیدەنی (مواجهة)ی شەهید تەحسینی برام کرد و بۆ بەرەبەیانی ڕۆژی (26.5.1981) گوللە باران دەکرا، گوتی: (بەیانی کە دێن بمبەن بۆ گوللە باران کردن، بەرلەوەی کەلەپچە بخەنە دەستم، بە چەقۆ دەبێ یەک تا دوو لە جەللادەکان بکوژم). پێم گوت: (نەکەی، ئەو کارە بکەی، چونکە ئەگەر تۆ ئەو کارە بکەی بەرپرسانی زیندان دەستبەجێ هەر سێ ژوورەکە دەگەڕێن و مشار، گوریس و چەقۆکانی تریش دەگرن و نەخشەی شکاندنی زیندان لە هاوڕێکانت تێک دەدەی. ئەگەر ژیانی هاوڕێکانت بەلاوە گرنگ نییە کارەکە بکە). دوای ئەوەی هەندێک قسەمان کرد، ئەویش لەپێناوی پاراستنی گیانی هاوڕێکانی و دەرفەتی سەرکەوتنی هەوڵی شکاندنی ژووری سێدارەی موسڵ، گەیشتە ئەو بڕوایەی بەو چەقۆیەی لای خۆی هەوڵی کوشتنی هیچ یەکێک لە جەللادەکان نەدات. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەتوانێت لەپێناوی گەیشتن بە ڕاستییەکان و پووچەڵکردنەوەی چەواشەکاری و سڕینەوەی شێواندنی مێژوو، کە نەریمان مەجید لە نامیلکەکەیدا ئەنجامی داوە، پەیوەندی بە فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس بکەن و لێی بپرسن ئایە هیچ دەمانچەی بێدەنگ بۆ زیندانییەکان کڕدرابوو، یان گەیەنرابووە ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ؟

لە ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (14.5.2017)دا بە تەلەفۆن قسەم کرد لەگەڵ شۆڕش محەمەد تۆفیق بازیانی، سەبارەت بە هێنانی دەمانچەی بێدەنگ بۆ ژووری سێدارە پرسیارم لێی کرد، ئەو لە وەڵامدا ڕەتیکردەوە کە دەمانچەی بێدەنگ لە ژووری سێدارەو لای زیندانییەکان هەبوو بێ.

**<u>پێنجەم</u>**: ئەوەی نووسەری نامیلکەی (شکاندنی باستیلەکەی موسڵ)، سەبارەت بە بڕینەوەی شیشەکان نووسیویەتی: (شەوی 1981/6/2/1 و لە یادی ساڵڕۆژی دامەزراندنی (ی. ن. ک) دەست دەکەن بەشکان و بڕینەوەی دەرگاو پەنجەرەکانی ژوورەکانی خۆیان بە هاوکاری و چاوساغی دوو سەجانەکە)، هیچ ڕاستییەکی تێدا نییە و زۆر زەحمەتیشە کەسێکی وریا باوەڕ بەوە بکات کە ئەو هەموو کارە تەنیا لە یەک شەودا ئەنجام درابێت. بەگوێرەی ئاگاداری خۆم بەلای کەمەوە سێ مانگ بەر لە گەیشتنی ئەو (13) کەسە بە ژووری سێدارەی موسڵ، کەرەستەکانی وەکو مشار، گوریس و چەقۆ گەیشتبووە دەست زیندانییەکان و شەوانە تەنیا لەکاتی ئێشکگری فازڵ و مەردان دەست دەکرا بە بڕینەوەی شیشی دەرگای هەر دوو ژووری زیندانەکە و دواتریش بە سابونی ڕەقی شوێنی بڕینەوەی شیشەکانیان پڕ دەکردەوە بۆ ئەوەی پاسەوانەکانی دیکە هەستی پێ نەکەن و نەیانبینن، نەوەک هەوڵەکەیان ئاشکرا بێ و شکست بێنێ.

سەرەڕای هەبوونی ئەو هەموو پاسەوانەی بەردەم دەرگای سەرەکی و قوڵغەی سەر دیوارە بەرزەکان، کەچی هەردەم بە ڕۆژ و بە شەو پاسەوانێک لە بەردەم دەرگای ژوورەکانی سێدارە وەستابوو لەپێناوی چاودێری کردنی زیندانییەکانی هەر دوو ژوورەکە لە دەرەوە ڕا، بۆ ئەوەی بزانن ئەوان خەریکی چین و چی دەکەن، بۆیە بڕینەوەی شیشەکانی دەرگاکان کارێکی ئاسان نەبوو، هەروەها چونکە هەموو شەوێک شێخ فازڵ و شێخ مەردان ئێشکگر نەبوون، بۆیە بڕینەوەی شیشی دەرگاکان هەم کات و ماوەی درێژ و هەم هەستیارییەکی زۆرتری دەویست!

ئەوکاتەی ئەو (13) هاوڕێیەی بازیان یاخود دەربەندیخان گەیشتنە زیندانی موسڵ، بەشێکی زۆر کەمی ئیشەکان مابوو، کە لە گشت دیدەنییەک لە ڕۆژانی (1) و (15)ی هەموو مانگێکدا سەردانی ئەو زیندانەم دەکرد و پرسیاری ئەوەم لە هەر یەک لە برا و ئامۆزازاکەم (تەحسین ڕەحمان فەرحان و جەمیل ئەحمەد مەحمود) بە جیا دەکرد، کە هەوڵەکانیان بەچی گەیشتووە و کەی کارەکە ئەنجام دەدەن. ئەوانیش باسی هەندێک لە وردەکارییەکانیان بۆ دەکردم. هەروەها پێشتر بە منیان گوتبوو کە ئاگاداری خۆم بم و هەوڵدەم دوای شکاندنی ژووری سێدارەی زیندان و ڕاکردنیان گەر سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، بە هیچ شێوەیەک نەکەومە بەر دەستی ڕژێم. ئەوان پێیان وابوو گەر هەر دوو خێزان بە تەواوی بکەونە بەردەستی ڕژێم، بەس خوشکێکی گەنجی شەهید جەمیل و خۆم نەکەوینە بەردەست، چونکە دەیانزانی هەر دووکمان لە ڕێکخستن کار دەکەین. هەروەها باسی ئەوەیان بۆم کردبوو کە هەوڵدەدەن کارەکە بەتایبەت لە یەکەم شەوی پێنجشەممە یان هەینی دوای دیدەنی ئەنجام بدەن، بۆیە داوایان کرد کە لە شەوانی پێنجشەممە و هەینیاندا لە ماڵی خۆمان نەخەوم هەرچەندە بڕیاریان دابوو لە دوا دیدەنی پێش شکاندنی زیندانەکە لە ڕۆژی شکاندنی زیندان ئاگادارم کەنەوە، یان پێم بڵێن کە بۆ دیدەنی ئایندە نەیەمەوە نەوەک هەوڵەکەیان شکست بێنێ و هەواڵی شکاندنی زیندان بڵاونەبێتەوە و لەکاتی هاتنم بۆ دیدەنی ئایندە بێئاگا لەگەڵ خانەوادەی زیندانییەکان بگیرێم. بڕیاریش وابوو ئەگەر ئەوان لە هەوڵەکەیان سەرکەوتوو بوون و گەیشتنە ناوچە ئازادکراوەکان، ئەوکاتە منیش لەگەڵ خوشکەکەی شەهید جەمیل بە یاوەری مام ئەحمەدی باوکی شەهید جەمیل بچینە شاخ و ئەوکاتەی ئەوانمان دۆزییەوە، مام ئەحمەد بگەڕێتەوە بۆ هەولێر. ئەو بڕیارەمان دا، چونکە ئەوکاتە خانەوادەی پێشمەرگە دەگیران، بۆیە هەر سێکمان ئەو بڕیارەمان دا کە دوای ڕاکردنی ئەوان ئێمەش ببین بە پێشمەرگە، نەوەک بگیرێین و بخرێینە زیندان، هەروەها ترسی ئەوەیان هەبوو ڕۆژێک دابێ ڕێکخستنی ئێمەش ئاشکرابێ و گەر لەسەر ڕاکردنی ئەوان لە زیندان بین، ئەوکاتە بەئاسانی لە دەستبەسەری دەرمان دێنن و دەمانگوازنەوە بۆ ئەمن و دووریش نییە هەم بەهۆی ئیشکردنمان لە ڕێکخستنەکان و لە ڕقی ڕاکردنی ئەوان لە ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ، ئێمە لە سێدارە بدەن.

هۆکاری پێشنیاری ئەو دوو شەوە، شەوانی (پێنجشەممە و هەینی) بۆ ئەنجام دانی ئۆپراسیۆنی شکاندنی ژووری سێدارەی موسڵ و ڕاکردنیان، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بەشێکی زۆر لە ئەفسەر و پاسەوانەکان لەو دوو شەوەدا پشوو دەدەن و دەچنەوە بۆ ناو ماڵ و منداڵ و خێزانەکانیان، بەمشێوەیەش ژمارەی پاسەوانەکان لەو دوو شەوەدا لە شەوانی ئاسایی کەمترن. هەر بۆیە تا ماوەیەک و تا لە سێدارەدانی ئەوان، لەو دوو شەوەدا نەدەگەڕامەوە ماڵی خۆمان. هەروەکو لە سەرەوەش ئاماژەم پێدا، کە تا ماوەیەک لەمەوبەر لە مێشکی خۆمدا وا تۆمارم کردبوو کە هەوڵی شکاندنی زیندانی سێدارەی موسڵ لە شەوی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (4.6.1981)دا ئەنجام دراوە، دواتر فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس بۆی باسکردم کە هەوڵەکە لە کاتژمێری (12:20) خولەکی شەوی سێشەممە، ڕێکەوتی (2.6.1981) بووە.

<u>**شەشەم**</u>: نووسەری نامیلکەکە باسی ئەوەی کردووە کە ئەو (13) کەسەی دەربەندیخان گوایە لەگەڵ بەرزان عومەر عەلی، عومەر میرزا و محەمەد حەمەساڵح کاکەبرا شاتری (محەمەد ساڵح کاکەبرا شاوەیس سەیدسادقی) بە یەکەوە ڕێک دەکەون، لە ڕۆژی (1.6.1981)دا کە ڕۆژی دیدەنی زیندانییەکانە و خزم و کەسیان دێن بۆ سەردانیان، مەردان و فازڵ تەواوی پێداویستییەکانیان لە مشار و دەمانچەی بێدەنگ بۆ بکڕن بەو مەرجەی لە ڕۆژی دیدەنی پارەی کڕینی پێداویستەکان لەلایەن کەسوکاری زیندانییەکان بدرێتەوە ئەو دوو برایە. دەبێ بڵێم نووسەر ئەوەشی ڕاست نییە و چەندان شتی بە ئارەزووی خۆی دارشتووە، لەو بڕوایەش دام کە نووسەری ئەو نامیلکەیە پێی وابووە کەسێکی

ئاگادار لە هەوڵی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ لە ژیاندا نەماوە، بۆیە ئەو هاتووە خۆی کردووە بە پاڵەوان و چیرۆکێکی بە ئارەزووی خۆی و دوور لە ڕاستی داڕشتووە، بەتایبەت نووسەر کە دڵنیایە دواتر هەموو زیندانییەکان لە سێدارە دران، جگە لە سێ کەس کە بازیانی بوون و دووانیان کێشەی زۆرو گەورەیان هەبوو لەگەڵ (10) کەسەکەی دیکەی بازیان، کە دواتر هەر (10)یان لە سێدارە دران. دەبێ نووسەر ئەوە بزانێ کە بەلای کەمەوە بە سێ تا چوار مانگ بەر لەوەی براکەی ئەو و (12) هاوڕێکەی بگەنە زیندانی موسڵ و بەرلەوەی یەکەم دیدەنی ئەو (13) کەسە لە ڕۆژی (1.6.1981)دا بکەن، پارەی کڕینی پێداویستییەکانی شکاندنی دەرگای ژوورەکانی سێدارەی زیندانی موسڵ لەگەڵ پێداویستییەکانی ڕاکردن لەلایەن چەندان کەسی دیکەوە کە خۆم لە بەشێکیان ئاگادارم درابوو (واسڵ کرابوو)، هەروەها مشاری ئاسن بڕ، چەقۆ و گوریسیش گەیشتبووە دەستی زیندانییەکان، جا بۆ ئەو دەیکات بە هی خۆی؟

**حەوتەم**: پێم وایە نووسەری نامیلکەی ناوبراو تەنیا گوێی لە ناوی عومەر میرزا بووە و ناوەکەی خستۆتە ڕیزی ناوەکانی بەرزانی عومەر عەلی، محەمەد ساڵح کاکەبرا و (10) هاوڕێکەی دەربەندیخان، بێئاگا لەوەی کە عومەر میرزا شاموراد لەگەڵ (4) زیندانیی دیکەدا لە ڕێکەوتی (27.5.1981)دا لە سێدارە دراون، واتە عومەر میرزا شەش ڕۆژ بەر لە یەکەم دیدەنی شەهید (سەباح)ی برای نەریمان مەجید و هاوڕێکانی ماڵئاوایی لە ژیان کردبوو، کە یەکەم دیدەنی ئەو شەهیدە و هاوڕێکانی لە ڕۆژی (1.6.1981)دا بووە.

**هەشتەم**: هەر بەگوێرەی نووسینەکەی نەریمان کە باسی ئەوە دەکات دوای ئەوەی ئەوان یەکەم دیدەنی ئەو (13) کەسە دەکەن لە ڕۆژی (1.6.1981)دا، زۆر بەلایانەوە سەیر دەبێت و سەریان لەوە سوڕماوە کە ئەوان داوای پارە و پێڵاوی سوکیان لێ کردوون. هەر لە ئەنجامی سەرسوڕمانی خۆیان لە داواکاری (13) کەسەکە، پێیان دەڵێن کە ئەوان مانگێکی دیکە لە سێدارە دەدرێن پارە و پێڵاوی سووکیان بۆ چییە. ئەوانیش لە وەڵامدا پێیان دەڵێن: (خواکەریمە کێ ئەڵێ عەفو ناکرێین)، دوو ڕاستی گرنگمان بۆ دەردەکەوێت کە یەکەمیان ئەوەیە (13) زیندانییەکە باسی نەخشە و پلانی شکاندنی زیندانی موسڵ و هەوڵی ڕاکردنی خۆیان بۆ کەسوکاریان نەکردووە، بەڵکو تەنیا ئەوەندەیان پێ وتوون خوا کەریمە و کێ دەڵێ عەفو ناکرێین. دووەمیان ئەوان هیچ جارێکی دیکە نەیانتوانیوە ئەو (10) زیندانییە شەهیدە ببیننەوە (خۆ سێ کەسەکەی دیکە کە دواتر سزاکەیان بۆ سووککرا و لە تەموزی ساڵی 1982ش ئازادکران، کەسوکاری دە شەهیدەکەی بازیان قسەیان لەگەڵ نەدەکردن و قسەی زۆر لەسەر دوو کەس لەوان هەبوو، کە دوو جار لە هەیئە چوونەتە بەرانبەر شەهید بابان و قسەی زۆریان لەسەر کردووە و تۆمەتی کوشتنی ڕەفیق حزبییەکیان داوەتە پاڵ شەهید بابان؛ سەرچاوە: چەند نامەیەک لە زیندانی فاشیستەکانەوە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ل153-155)، ئەی چۆن نەریمان زانی، کە ئەوان هەر بە گەیشتنیان بە زیندانی سێدارەی موسڵ گوایە بیریان لە شکاندنی زیندانەکە کردەوە، نەخشە و پلانی شکاندنی زیندانەکەیان داڕشت و نەخشەکەیان خستە بواری جێبەجێ کردنەوە؟

هەروەها سەبارەت بە ئاگادارکردنەوەی ئەو (13) هاوڕێیەی بازیان و پارە کۆکردنەوە، لە ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (14.5.2017)دا پرسیارم لە شۆڕش بازیانی کرد و ئەو لە وەڵامدا گوتی: (لە یەکەم ڕۆژی گەیشتنمان بە ژووری سێدارەی موسڵ، هەر هەمووومان ئاگادارکراینەوە کە لە ماوەیەکی نزیکدا زیندانەکە دەشکێنن، کە پێشتر ئامادەکاری بۆ کرابوو. هەمووومان لەگەڵ هەوڵی شکاندنەکەدا بووین. بەڵام سەبارەت بە پارە کۆکردنەوە هیچ کەسێک لەو سێزدە هاوڕێیەی بازیان پارەمان نەداو تەنیا پەنجا فلسیش لە ئێمە کۆنەکراوەتەوە. هەروەها هەوڵی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ-یش لەوانەی پێشوو بۆ ئێمە مابووەوە).

**نۆیەم**: ئایە چ کەسێکی ژیر و هۆشیار باوەڕ دەکات کە (10) کەس لە (13) کەسدا، کە یەکێکیان تەمەنی (15) ساڵان و دووانی دیکەیان (16) ساڵان و دووی دیکەشیان (17) ساڵان بووبن، بەو خێراییە بیر لە شکاندنی زیندان بکەنەوە، نەخشە و پلانی ڕاکردن داڕێژن، قسە بکەن لەگەڵ مەردان و فازڵ، بەو خێراییەش باوەڕیان پێ بهێنن کە هاوکاریان

بن، ئەو هەموو کارەش تەنیا لە ماوەی (14) ڕۆژدا ئەنجام بدەن؟ ئەوە لە کاتێکدا هەر بەگوێرەی قسەی کەسوکاری ئەو (10) هاوڕێیەی لە سێدارە دران، کۆمەڵێک کێشە لەناو ئەو (13) کەسەدا هەبووە، بەتایبەت کە ئەوان متمانەیان بە هیچ شێوەیەک بە تۆفیقی برای کاوە بازیانی نەبووە، چونکە ناوبراو شەوێک لە هەیئەی کەرکوک لە دەرگای داوەو چووە لەگەڵ بەرپرسانی هەیئە قسەی کردووە، دوای هاتنەوەی بۆ ژوورەکەو نێو زیندانییەکان گوتوویەتی: (لەگەڵ بەرپرسانی هەیئە ڕێککەوتووم کە بەناوی ڕاکردن ئازادم بکەن، دواتر خۆم بگەیەنمە نێو هێزی پێشمەرگە و لە دەرفەتێکدا عەلی بچکۆڵ، یان کادیرێکی تر بکوژم و بگەڕێمەوە، ئێوەش دادگایی نەکرێن تا من چالاکییەکە ئەنجام دەدەم و دەگەڕێمەوە، کە گەڕامەوە ئینجا ئێوەش هەموو ئازاد بکەن). بەڵام خۆشبەختانە و بە یەک دەنگ هەر (12) هاوڕێکەی تری بازیان، بیرۆکەکەی تۆفیق بازیانی ڕەتدەکەنەوە (لەنێویاندا شۆڕش محەمەد تۆفیقی ئامۆزایی و حەمەڕەشید ئەحمەد وەلی پوورزایشی). هەروەها بەگوێرەی هەندێک زانیاری کە تەحسینی برام لە دوا دیدەنی (25.5.1981) و بە یەک ڕۆژ بەر لە گوللە باران کردنەکەی بۆی باسکردم، کە ئەو (13) هاوڕێیەی بازیان باسی کێشەکانی خۆیان کردووە، هەر لەبەر ئەو کێشانەی نێوان هاوڕێیانی بازیان لە سەرەتادا نەخشەدانەرانی شکاندنی زیندان نەیان ویستووە ئەوان لە نەخشە و پلانەکەیان ئاگادار بکەنەوە، بەتایبەت ئەو سێ کەسەی کە نەریمان بە هیچ شێوەیەک ئاماژەی پێ نەکردوون کە بریتین لە (تۆفیق ئەحمەد تۆفیق محەمەد کافرۆشی بازیانی، حەمەڕەشید ئەحمەد وەلی کافرۆشی (1950/ بازیان) و شۆڕش محەمەد تۆفیق محەمەد کافرۆشی/ 1965/ بازیان)، کە دواتر دوای هەوڵی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ بە ماوەیەک هەر سێکیان سزاکەیان بۆ کرا بە هەتا هەتایە (موئەبەد) و گواسترانەوە بۆ زیندانی ئەبوغرێب، پاشانیش لە لێبووردنی تەموزی ساڵی (1982)دا ئازاد کران! هەروەها دەمەوێت ناوی تەواوی ئەو (3) هاوڕێیەش بنووسم کە لەگەڵ ئەو پۆلە هاوڕێیەی بازیان گیران و لە هەیئە خاسەی کەرکوک سزای هەتا هەتایە دران و ڕەوانەی زیندانی ئەبوغرێب کران لە بەغدا، کە ئەمانە بوون: (ئەمین شەعبان عەبدوڵڵا حوسێن (1965/ بازیان)، ئیسماعیل حوسێن عەبدوڵڵا حوسێن (1968/ بازیان) و محەمەد عەبدوڵڵا عەزیز)، دواتریش بە لێبووردنی گشتیی لە ڕۆژی (19.7.1982)دا ئازاد کران.

گومانیشم هەیە ئەو (10) کەسە، یان (13) کەسەی بازیان ناو شاری موسڵ شارەزابن، هەرچەندە خزموکەسی زیندانییەکانی هەولێر و دهۆک پێشتر ئامادەیی خۆیان دەربڕیبوو بۆ دەربازکردنی زیندانییەکان و گەیاندنیان بۆ ناوچە ئازادکراوەکان، ئەگەر بێتوو هەوڵەکەیان سەرکەوتوو بێت و ئەوان بگەنە دەرەوەی زیندان و سەر شەقامەکەی بەردەم زیندانەکە لە (باب الجدید)!

لە دوا دیدەنی شەهید تەحسین لە ڕۆژی (25.5.1981)دا، پرسیاری ئەوەم لێکرد کە کەسی نوێیان لە هەیئە خاسەی کەرکوکەوە بۆ هاتووە، ئەو باسی هێنانی ژمارەیەکی زۆر کەسی نوێی بۆ کردم کە زۆرتر بوو لە ژمارەی ئەو (13) کەسە، بۆیە گواستنەوەی ئەو (13) کەسە دەبێ لە هەمان ڕۆژی دادگایی کردنیان لە ڕۆژی (18.5.1981)دا، یان ڕۆژی دواتر ئەنجام درابێ. هەروەها لە دوو دوا نامەی شەهید تەحسینی برام کە بۆ من نووسرابوون، یەکێکیان لە شەوی (24/25.5.1981)دا و ئەوەی دیکەش وابزانم شەوی لە سێدارەدانی شەهید جەمیل نووسرابوو، چونکە ئەوەم لە بیرە نووسیبووی (شەهید جەمیل 12 خولەک بە پەتەکە مایەوە)، باسی هاتنی کۆمەڵێک هاوڕێی نوێی کردبوو بۆ ژووری سێدارەی موسڵ و ناوی تەواوی ئەو هاوڕێیانەی نووسیبوو، کە لەو ماوەیەدا لە سێدارە درابوون، ئەو نامانەو چەند نامەیەکی دیکەی شەهید جەمیل ئەحمەد مەحمود و شەهید تەحسین، کە ژمارەیان نزیکەی (8-10) نامە دەبوو، لە مانگی (12)ی ساڵی (1983)دا، یان لە مانگی یەکی ساڵی (1984)دا ئەو نامانەم لە گوندی بالیسان دایە دەست ئەرسەلان بایز ئیسماعیل بەرپرسی ئەوکاتی ڕاگەیاندن و ئێستگەی دەنگی گەلی کوردستان، تا لە دەرفەتێکدا لە یەکێ لە گۆڤارەکان، وەرزنامەکان یان لە بەشی دووەمی نامیلکەی (چەند نامەیەک لە زیندانی فاشیستەکانەوە) بڵاویان کاتەوە تا نەفەوتێن و پارێزراو بن، کەچی لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی (1991)دا پرسیاری نامەکانم لە ئەرسەلان بایز کرد، وەڵامی ناوبراو ئەوەبوو نە بڵاوی کردۆتەوە و نە توانیویتی بیانپارێزێت، بەڵکو لەکاتی هێرشی ئەنفالی یەکەم بۆ سەر گوندەکانی دۆڵی جافایەتی و (مەڵبەندی دوو و ڕاگەیاندن) لەگەڵ جانتاکەی خۆی تیاچوون و ون بوون!

فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس، کە ڕۆڵی سەرەکی هەبووە و بینیوە لە هەوڵی شکاندنی زیندانی سێدارەی موسڵ لە ژیاندا ماوە و میدیاکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە (تەلەفزیۆن، ڕۆژنامە و گۆڤارەکان) دەتوانن پرسیاری ئەوەی لێ بکەن، کە ئایە لە مانگی (5)ی ساڵی (1981) نەخشە و پلانی شکاندنی زیندانەکە داڕێژراوە یان بەلای کەمەوە سێ تا چوار مانگ پێشتر بووە؟ ئایە ئەو کەسانەی کە باسی شکاندنی زیندانیان لەگەڵ ئەو پاسەوانەی زیندان (فازڵ یوسف) کردووە، کەسێک لەو (13) کەسەی بازیان و دەربەندیخانی لەگەڵ بووە؟ ئایە هەروەکو نەریمان دەڵێ و گوایە گەیاندنی گوریس، چەقۆ و مشار لەلایەن فازڵ و مەردانی برای بۆ ناو زیندان و دەست کردن بە بڕینەوەی شیشی دەرگاکان هەمووی سۆپەرمانانە لە یەک شەودا لە شەوی (1/2.6.1981)دا ئەنجام دراوە، یان بە درێژایی زۆرتر لە سێ تا چوار مانگ زیندانییەکان هەر شەوە و کەمێکیان لە شیشی دەرگاکان بڕیوەتەوە؟

**دەیەم**: کاتێ کە خاوەنی بیرۆکە و نەخشە دانەرانی هەوڵی شکاندنی زیندانی سێدارەی موسڵ لە سەرەتای ساڵی (1981)دا ویستوویانە قسە لەگەڵ فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس بکەن سەبارەت بەو هەوڵە، بەگوێرەی قسەی فازڵ کە بۆ خۆمی کردووە، سەرەتا فازڵ تێیان نەگەیشتووە کە ئەوکاتە سۆرانییەکەی باش نەبووە، بۆیە بەرزان عومەر عەلی توانیویەتی مەبەستەکە بگەیەنێت. نەک تەنیا بۆ ڕاستی و دروستی کاتی قسەکردن و کێ بۆ یەکەم جار و کێ بیرۆکەی هەوڵی دەربازبوون و شکاندنی زیندانی بە فازڵ ئەلیاس و دواتریش بە مەردان ئەلیاس ڕاگەیاندووە، بەڵکو لەپێناو دەرخستنی تەواوی ڕاستییەکان و پووچەڵکردنەوەی چەواشەکارییەکانی نەریمان داوادەکەم ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ یان یەکێک لە کەناڵە ئاسمانییەکانی یەکێتی، دیمانەیەک لەگەڵ فازڵ یوسف ئەنجام بدەن.

**یازدەم**: ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ بریتیبوو لە سێ ژووری دەرگای شیشی ئەستوور لەگەڵ حەوشێک یان ڕێچکەیەکی زۆر بچووک لە بەردەم هەر سێ ژوورەکە، کە ئەویش دەرگایەکی هەبوو. هەر لە ڕیزی سێ ژوورەکەدا ژووری لە سێدارە دان هەبوو، کە دوو سەکۆی تیابوو هەر سەکۆی لە یەک تا سێ پەتی بەهۆی ئەلقەی ئاسنین پێ هەڵدەواسرا بۆ لە سێدارە دانی کوردە شۆڕشگێڕە زیندانییەکان، جارێک دەرفەتی ئەوەم بۆ هەڵکەوت و یەکێک لە پاسەوانەکان کە کوردێکی ئێزیدی بوو ڕێگای پێدام بەپەلە سەیرێکیان بکەم. کە لە ژووری سێدارە بهاتبایتە دەرەوە بە دەستە چەپ، دوو دیواری بەرز و دوای نزیکەی (5) مەترێک، دوو دەرگای دیکە هەبوون، کە تەنیا کارمەندان و پاسەوانەکانی زیندان بۆ هێنان و بردنی زیندانییەکان و خواردن پێدانیان ئەو دوو دەرگایەیان بەکار دەهێنا. دەستە ڕاستیش نێوان دوو دیواری بەرز و درێژی چەند سەد مەتری بوو کە دەرگایەکی هەبوو بۆ ئەوانەی دەهاتنە سەردانی زیندانییەکان و پێیدا دەهاتنە ژوورێ و دەچوونەوە دەرێ. بەقسەی شێخ فازڵ، خۆیی و مەردان ئەو شەش دەرگایەی ژوورەکانی سێدارەو دەستە چەپیان بۆ زیندانییە سزا دراوەکان بە مەرگ لەگەڵ دەرگای سەرەکی سەر شەقامەکە، کە دەرگایەکی گەورە بوو، دەکەوتە سەر شەقامی (باب الجدید) و یەک پاسەوانی چەکداری لێبوو، کردبووەوە. بەڵام بەگوێرەی قسەکانی شۆڕش بازیانی، کە لە ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (14.5.2017)دا بە تەلەفۆن قسەمان کرد، ئەو دەرگایانە نەکراونەتەوەو کەسیشیان نەگەیشتونەتە دەرەوەی زیندان، تەنانەت شەوی هەوڵی شکاندنی زیندانەکە هیچ کام لە فازڵ و مەردان لە زیندان نەبووینە! هەروەها شۆڕش بازیانی، کە بۆ ماوەی نزیکەی پێنج مانگ لە ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ بووە، باسی پێکهاتەی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵی بۆ کردم، کە ڕێک وەکو ئەو باسکردنەی سەرەوە بوو.

خۆ ئەگەر زیندانییەکان دەمانچەی بێدەنگیان پێ بوایە، ئەوکاتە بەدڵنیایی ئەو پاسەوانەی کە کوشتیان، بە دەمانچەی بێدەنگ دەیانکوشت، کە کوژراوەکە ڕەشۆ حەیدەر شێخانی بوو. سەبارەت بە کوژرانی عەتۆ خەڵەف زندینی (عطو خلف زنديني) ناسراو بە عەتۆ شەنگالی خەڵکی شارەدێی تەل عوزێری سەر بە قەزای شەنگال، هەروەکو ئاماژەم پێداوە کە ئەویش هەر لەم شەوەدا کوژراوە، بەڵام شۆڕش بازیانی سوورە لەسەر ئەوەی لای ئەوان نەکوژراوە و ئەم شەوە ئەویان نەهاتۆتە ژووری سێدارە بۆ ئێشکگرتن، بۆیە دەبێ بە تەقەی پاسەوانەکانی زیندان کوژرابێ. هەروەها ئەگەر زیندانییەکان دەمانچەی بێدەنگیان لابوایە ئەو کاتە بەدڵنیایی ئەحمەد پاسەوانی عەرەب نەیدەتوانی خۆی

لەدەستی ئەحمەد عەنچە ڕزگار بکات و دوو دەرگاکەی تر لە سەریان دابخاتەوە، بەڵکو دەستبەجێ ئەحمەد عەنچە بە دەمانچە دەیکوشت!

**دوازدەم**: نەریمان مەجید نووسیویێتی: (ئەفسوس هەر ئەو شەوە شەهیدان جەبار ئەحمەد و عەدنان سابیر دەگەنە کاروانی پرسەروەری گەلەکەمان و شەهیدان، سەباح و محەمەد عەلی و محەمەد ساڵح بەخەستی بریندار ئەبن و هەموویان دووبارە لەناو حەوشە و قاوشەکاندا دەستگیر دەکرێنەوە). ئەو دوو دێرو نیوەی سەرەوە کە نەریمان نووسیویێتی، تەواوی هۆنینەوەی خۆیەتی و دوورە لە ڕاستی، چونکە بەگوێرەی قسەی فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس (مەردان یوسف شێخ ئەلیاس، فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس و زیندانییەکان هەموویان بەبێ کێشەو تەقە دەرچووینە، بێ ئەوەی کەسیان بریندار یان شەهید بووبێ)، دواتریش فازڵ و مەردان، لە بەرەبەیانی ڕۆژی (5.6.1981) واتە نزیکەی (56) کاتژمێرێک دوای جێبەجێکردنی هەوڵی شکاندنی زیندانی ژووری سێدارەی موسڵ، لە نزیک شارۆچکەی ڕەبیعە کە دەکەوێتە نزیک سنووری سوریا دەگیرێن. هەروەها بەگوێرەی قسەی شۆڕش بازیانی، هیچ یەکێک لە زیندانییەکانی ژووری سێدارە نەگەیشتوونەتە دەرەوەی زیندان، کەسیش بریندارو شەهید نەبووینە، ئەو سێزدە هاوڕێیەی بازیان تا ڕۆژی سووککردنی سزای ئەوان و گواستنەوەیان لە مانگی ئەیلول بۆ زیندانی ئەبوغرێب، لە ژیاندا مابوون. هەر بەپێی قسەکانی شۆڕش بازیانی، تەنانەت لە شەوی شکاندنی زیندانەکەدا فازڵ و مەردان هەر لە زیندانیش نەبووینە. کەواتە بەپێی قسەکانی شێخ فازڵ و شۆڕش محەمەد بازیانی، قسەکانی نەریمان مەجید سەبارەت بە شەهیدکردنی دوو زیندانی (جەبار ئەحمەد زەریفە و عەدنان سابیر) و بریندارکردنی (3) زیندانی دیکە لەنێویاندا سەباح مەجید سەعیدی برای لەکاتی جێبەجێکردنی هەوڵی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانەکەی موسڵ، دوورە لە راستی و هەڵبەستراوی نەریمان خۆیەتی.

فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس، باسی ئەوەی بۆ کردم کە تەواوی زیندانییەکان لەگەڵ خۆی و مەردانی برای بەبێ هیچ کێشەیەک یان ڕووبەڕووبوونەوەو تەقەکردنێک لە زیندانی موسڵ دەرچوون و بەهۆی ئۆتۆمۆبێلە ئامادەکراوەکانی بەردەم دەرگای زیندان دەستە دەستە بەرەو شوێنی جیاجیا ڕۆیشتوون، کەچی دواتر هەر هەموویان هەمان ڕۆژ لەناو شاری موسڵ و سنووری ئەو پارێزگایەدا لە کات و شوێنی جیادا لەلایەن ئەو سەدان مەفرەزەی ئەمن، ئیستخبارات، پۆلیس، سەرباز، جەیشی شەعبی و حزبی بەعس کە تەواوی ناو شار و سنووری ئەو پارێزگەیان کۆنترۆڵ کردبوو گیرانەوە. کەچی شۆڕش بازیانی، لە گفتوگۆی تەلەفۆنی ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (14.5.2017)دا باسی ئەوەی بۆ کردم کە هیچ زیندانییەک لە حەوشی زیندانی بەردەم ژوورەکانی خۆمان و ڕێڕەوە بەرزو درێژەکەی شوێنی دیدار (مواجەهە) زیاتر نەڕۆیشتووین. لە قسەکانی شێخ فازڵ و شۆڕش بازیانی، کە خۆم زیاتر ئەوەی شۆڕشم پێ ڕاستترە و باوەڕناکەم هیچ زیندانییەک لە بەشی سێدارەی زیندان دەرچووبێ. هەروەها بنەماڵەی شەهید جەباری ئەحمەد زەریفە، لە فۆرمی زانیاری کە پێشکەشی کۆمکاری زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان کراوە، نووسیویانە کە کوڕەکەیان لە ڕۆژی (2.12.1981)دا لە زیندانی موسڵ گوللە باران کراوە، بۆیە ئەم فۆرمە و قسەکانی شۆڕش بازیانی دەبنە بەڵگەی شەهید نەبوونی ناوبراو و عەدنان سابیر و بریندار نەبوونی سێ کەسی دیکە لە شەوی ئۆپراسیۆنەکە و ناڕاستی بانگەشەکەی نەریمان کە گوایە شەهید جەبار و عەدنان سابیر لە شەوی هەوڵی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ بە گوللە شەهید کراون.

**سێزدەم**: دیواربەندی شکێنەرانی زیندانی موسڵ لە شارۆچکەی دەربەندیخان، کە بۆ ئەو (10) شەهیدەی ئەوێ وابزانم لە ساڵی (1997)دا دروست کراوە و گوایە هەر ئەو (10) کەسە خاوەنی بیرۆکەی شکاندنی زیندانی موسڵ، نەخشە دانەری پلانەکە و جێبەجێکەری نەخشە و پلانەکە بووینە کە هیچ ڕاستیەکی تێدا نییە جگە لەوەی کە کاتی شکاندنی زیندانەکە ئەوانیش لەوێ بووینە، هەق وایە بگوازرێتەوە بۆ بەردەم تەلاری نوێی بەڕێوەبەرێتیی گشتیی کۆمکاری زیندانە سیاسییەکانی کوردستان و ناوی تەواوی ئەو زیندانییە لە سێدارە دراوانەی لەسەر بنووسرێت، کە لەو ساڵەدا تا کاتی هەوڵی شکاندنی زیندانەکە لەو زیندانە بووینە و دواتر لە سێدارە دراون.


SKANDNÍ ZINDANEKEI MUSL

**چواردەم**: دوای جێبەجێکردنی هەوڵی شکاندنی زیندانی ژووری سێدارەی موسڵ لە شەوی (2.6.1981)دا بە چەند ڕۆژێک، ئێزگەی دەنگی کوردستانی ئێراق (سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان)، کە ڕۆژانە بەرنامەکانی خۆی بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی لە کاتژمێری (18.30-19.30)ی ئێواران و بەیانی ڕۆژی دواتریش لە (7-8) دووبارە دەکرایەوە، هەواڵی شکاندنی زیندانی بەمشێوەیە بڵاوکردەوە: (مەفرەزەیەکی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە جلوبەرگی سەربازی و پلەو پایەی جۆر بەجۆری ئەفسەرانی سەربازی بەناوی لیژنەی چاودێری و پشکنین (الرقابة والتفتيش) چوونە ناو زیندانی ژووری سێدارەی موسڵ و توانیان تەواوی ئەو زیندانیانەی کە بە سێدارە سزا درابوون، ڕزگار بکەن و بیانگەیەننە ناوچە ئازادکراوەکان). ئەو هەواڵەم بۆ ماوەی دوو ڕۆژی یەک لەدوای یەک لەو ئێزگەیە بە کوردی سۆرانی و بادینی هەروەها بە عارەبیش گوێ لێبوو، بەڵام دوای بەدواداچوون و پرسیارکردنم لە ڕێگای ڕێکخستن و خانەوادەی چەند کەسێک کە کوڕەکانیان هێشتا لە ژووری سێدارەی موسڵ بوون، دەرکەوت کە هەواڵەکەی ئەو ئێزگەیە دوورە لە ڕاستی و کەسێک لە زیندانییەکان ڕزگاری نەبووە بەڵکو دارێژەر و نێنەری هەواڵەکە ڕاستگۆ نەبووە.

دەنگوباسی کوردستان (أخبار كردستان)، کە بڵاوکراوەیەکی بەشی ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و بە زمانی عەرەبی لە شاخ دەردەچوو، لە لاپەڕە (5)ی ژمارە (19)ی ڕۆژی (10.6.1981)دا لە بابەتێک دا لەژێر ناوی (الموصل)دا نووسیویێتی: (لقى یەکەمی (پدک) ڕایگەیاند: کە هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی نیشتمانیی لە ڕۆژی (1.6.1981)دا هێرشێکی بە بازۆکاو بۆمبی دەستی کردە سەر زیندانی موسڵ، لە ئەنجامدا (12) دوازدە پاسەوانی زیندانەکە کوژران و (16) شازدەشیان بریندار بوون. ئەم هێرشەش بووە هۆکاری ڕزگارکردنی 50 پەنجا زیندانی سیاسیی سەر بە سەرجەم هێزە نیشتمانییەکان. ڕژێم، دوو ڕۆژبەر لەو چالاکییە 7 حەوت تێکۆشەری لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دابوو). هەواڵەکەی (أخبار كوردستان)، کە وێنەکەی لە خوارەوە دادەنێم، وەکو قسەکانی نەریمان مەجید دوورن لە ڕاستی و ئەوەی هەواڵەکەشی ناردووە، یان دروست کردووە هەروەکو نەریمان بووە.

(أخبار كردستان)، لە لاپەڕە (5)ی ژمارە (23)ی ڕۆژی (19.8.1981)دا، دیسان سەبارەت بە شکاندنی بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ لە بابەتێک دا لەژێر ناوی (في الهجوم على سجن الموصل: تم تحرير 32 محكوما بألإعدام وإستشهاد (3) مناضلين)دا نووسیویێتی: (موسڵ: پشتر هەواڵی هێرشێکی هێزی ئۆپۆزسیۆنمان بڵاوکردەوە بۆ سەر زیندانی موسڵ و ڕزگارکردنی نزیکەی پەنجا زیندانی. زانیاری ترمان دەربارەی هێرشەکە پێگەیشتووە کە بەم جۆرەیە: لە 1.6.1981دا هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن چالاکییەکی سەرکەوتوانەیان ئەنجام دا بە ڕزگار کردنی (35) سی و پێنج زیندانیی کە بە سێدارە سزا درابوون، لەکاتی دەرچوونیان، پاسەوانەکانی زیندان هەستیان پێ دەکەن و دەست بە تەقەکردن دەکەن و (3) سێ لە زیندانییەکان شەهید دەبن، بەڵام (32) سی و دووی تر کە هەموویان لە ژووری سێدارە بوون ڕزگاریان بوو. بەو ئۆتۆمۆبێلانەی کە لە چاوەڕوانی زیندانییەکان دا بوون دەرباز کران. ئەم چالاکییەش لە کوردستان دەنگێکی گەورەی دایەوە).

وێنەی ئەو هەواڵەش لە خوارەوە دادەنێم، کە هیچ ڕاست نییە، چونکە هیچ لایەنێک یان هێزێکی ئۆپۆزسیۆن هێرشی نەکردۆتە سەر زیندانەکە، بەڵکو تەنیا زیندانییەکان بە هەوڵێکی شکاندنی زیندانەکە هەڵسابوون، کە شکستی هێنا، هیچ زیندانییەک ڕزگاری نەبوو کەچی (أخبار كوردستان)ی پارتی باسی (32) ڕزگار بوو دەکات، کەس لەم هەوڵەدا نەکوژرا کەچی بڵاوکراوەکە باسی (3) شەهید دەکات، هیچ زیندانییەک نەگەیشتۆتە دەرەوەی زیندان تاوەکو ئۆتۆمۆبێل لە دەرەوەی زیندان لە چاوەڕوانی ئەوان دابن و زیندانییەکانیان گەیاندبێتە دەرەوەی شارو ڕزگاریان کردبن.

**پازدەم**: بۆچی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هیچ بایەخ بەو هەوڵەی هاوڕێیانی ژووری سێدارەی موسڵ و دوو لە پاسەوانەکانی زیندان (مەردان یوسف شێخ ئەلیاس و فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس) نادات، کە یەکەمیان لە سێدارە دراو دووەمیشیان لە ژیاندا ماوە؟ بۆچی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەوڵی قەرەبوو کردنەوەی زیان لێکەوتوانی ئەو هەوڵە نادات، کە هەر دووکیان ماڵ و سامانیان دەستی بەسەردا گیراو دەوڵەت بۆ خۆی فرۆشتنی؟ بۆچی سکرتێری

گشتیی، یەکێک لە جێگرەکانی سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، یان ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی پێشوازی لە فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس وەکو پاڵەوانێکی زیندان ناکات، بەتایبەت کە ئەشکەنجەی زۆر سەخت و دڕندانەی بینی، بەڵام دانی بەوەدا نەنا کە هاوکار و ئاگاداری شکاندنی ژووری سێدارەی موسڵ بووە؟ کە بە ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی دەزانم، هەم قەرەبووی شەهید مەردان یوسف شێخ ئەلیاس و فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس بکەنەوە، هەم مووچەی شەهیدانە و زیندانی سیاسی بۆ مەردان و مووچەی زیندانی سیاسی بۆ فازڵ ببڕنەوە.

**شازدەم**: پێویستە نەریمان مەجید لە ئاست نووسینی ئەو هەموو چەواشەکاری و شێواندنەی مێژووی خەباتی پۆلێک لە هاوڕێیانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و دارشتنی کۆمەڵێک شتی ناڕاست و ناڕەوا داوای لێبووردن لە بنەماڵەی شەهیدەکان و کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و یەکێتی بکات، دواتریش نامیلکەی (شکاندنی باستیلەکەی موسڵ) بکێشێتەوە کە دوورە لە زانیاری ورد و دروست. هەروەها پێویستە لەسەر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە پێکبهێنێ و دەست بکات بە لێکۆڵینەوە لەو بابەتە و نەریمان مەجید بانگ بکەن بۆ لێپرسینەوە لەسەر نووسینی ئەو نامیلکە ناتەواوە، بە باشی دەزانم میوانداریێتی فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس و شۆڕش بازیانی بکەن لەپێناوی ئاشکراکردنی تەواوی ڕاستی و نهێنییەکان! خۆ ئەگەر یەکێتی لێکۆڵینەوە لەو بابەتە نەکات و پشتگوێی بخات، ئەوکاتە یەکێتی هەم هاوبەشی تاوانی چەواشەکاری و شێواندنی ئەو مێژووە دەبێت کە نەریمان مەجید ئەنجامی داوە، هەم لە خەمی مێژووی خەباتی ئەندامەکانی خۆیدا نییە کە مێژوویەکی پڕ لە سەروەرییان لە زیندانەوە بۆ ئەو ڕێکخراوە دروست کردووە!

الموصل :

أعلن الفرع الاول بان قوى المعارضه الوطنيه شنت بتاريخ ١٩٨١/٦/١ هجوما بالبازوكا والقنابل اليدويه على سجن الموصل ، وقتلت ( ١٢ ) اثنى عشر من حراس السجن وجرحوا ( ١٦ ) سته عشر آخرين ، واسفر الهجوم عن تحرير ٥٠ خمسين من السجناء السياسيين من مختلف القوى الوطنيه • هنا وكانت السلطه قد نفذت احكام الاعدام في ٧ سبعه مناضلين في سجن الموصل قبل ذلك بيومين .

| | | |
|---|---|---|
| اخبار كردستان | العدد ( ٢٣ ) | ١٩٨١/٨/١٩ |

في الهجوم على سجن الموصل :تم تحرير ( ٣٢ ) محكوما بالاعدام واستشهد ( ٣ ) مناضلين

---

الموصل :كنا قد نشرنا نبأ هجوم قوى المعارضه على سجن الموصل وتحرير حوالى خمسين سجينا . وقد وردتنا معلومات عن الهجوم كما يلي :ففي ١٩٨١/٦/١ نفذت قوى المعارضه عمليه ناجحه بتحرير ( ٣٥ ) خمسه وثلاثين سجينا محكومين بالاعدام ،واثناء خروجهم ،شعر حراس السجن بذلك ،وتم اطلاق النار فاستشهد ( ٣ ) ثلاثه من السجناء ، وتخلص ( ٣٢ ) اثنان وثلاثون آخرون ،وجميعهم كانوا في غرف الاعدام .وقد هربتهم سيارات كانت بانتظارهم . وكان للعمليه صدى كبير في كردستان .

## چۆنێتیی دەستگیرکردنی ئەو هاوڕێیانەی هەولێر:

شەهید جەمیل ئەحمەد مەحمود حەمە (دەرسیم) لەناو زیندانی ژووری سێدارەی موسڵ ناسراو بە جەمیل هەولێری (12.7.1980)، تەحسین ڕەحمان فەرحان ناسراو بە داماو (12.7.1980)، مامۆستا سەلیم ڕەشید ساڵح ئەحمەد ناسراو بە دکتۆر سەلیم ڕەشید (14.7.1980)، یوسف عومەر حەکیم مستەفا گڕاوی ناسراو بە زریان (10.7.1980)، ئەحمەد ئیبراهیم ئەحمەد مستەفا گڕاوی (13.7.1980)، حەکیم عوسمان مستەفا حەکیم (13.7.1980) و عەزیز تۆفیق قادر لەتیف (13.7.1980)، کە هەموویان سەر بە کۆمیتەی ڕاپەڕینی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوون، دوای ئەنجامدانی چالاکییەک لە هاوینی ساڵی (1979)دا لەناو شاری هەولێر و بردنی ئامێرێکی ڕۆنیۆ و ئامێرێکی چاپکردن لە ئەمینداریێتیی گشتیی خوێندن و خوێندنی باڵا، لە ڕۆژانی ئاماژە پێکراو لە بەردەم ناوەکانیان دا لەلایەن بەڕێوەبەری ئەمنی بەلدەی شاری هەولێر ڕائید عەبدولئیللا موسڵاوی دەستگیرکران، کە دواتر لە ڕۆژی (9.4.2007)دا لە موسڵ کوژرا.
ئەوەی شایەنی باسە، دایک و باوکی شەهید جەمیل (کافیە مەحمود ئیسماعیل ڕەسوڵ و ئەحمەد مەحمود حەمە)، هەمان ڕۆژ لەسەر شەهید جەمیل دەستگیرکران و بۆ ماوەی نزیکەی دوو هەفتە لە ئەمنی بەلدە مانەوە و دواتر ئازاد کران. مام ئەحمەد مەحمودی باوکی شەهید جەمیل، لە ڕۆژی (25.8.1995)دا و دایکیشی لە ڕۆژی (23.1.2015)دا کۆچی دواییان کرد. هەروەها مەجیدی برای، (پێشمەرگەی پدک/ 1953)، لە ڕێکەوتی (29.4.1974)دا لەسەر پردی گەڵاڵە لەگەڵ کۆمەڵێک هاوواڵاتی و پێشمەرگە، کە ژمارەیان (29) کەس بوو، بە بۆردومانی فڕۆکەی ڕژێم ڕەوانشاد کران. مەحمودی برا گەورەیشی (1942/ دیبەگە)، کە پێشتر لەنێوان (9.9.1961-9.7.1965) لەسەر هەڵوێستی کوردانەی خۆیی و بنەماڵەکەی زیندانی کراوە و دواتریش لەسەر شەهید جەمیل زۆر ئازار درا، دواجاریش لە ڕۆژی (5.11.2004)دا کۆچی دوایی کرد.
دوای ئەشکەنجە و ئازاری دڕندانەی ئەو هاوڕێیانە لەلایەن جەللادەکانی بەعس لە ئەمنی بەلدەی هەولێر، گشتیان لە ڕۆژی (20.7.1980)دا، بۆ هەیئە خاسەی کەرکوک گواسترانەوە، وەلێ بەداخەوە یوسف عومەر حەکیم (زریان) دوای دوو ڕۆژ لە ڕێکەوتی (22.7.1980)دا بەهۆی ئەشکەنجەی هۆڤییانەی جەللادە بەعسییەکان گیانی پاکی بە کورد و کوردستان بەخشی و تا ئێستاکەش تەرمەکەی نەدۆزراوەتەوە. پێشتریش ئاماژەم بەوە داوە کە کاتی خۆی پێم وابوو، شەهیدان (تەحسین، جەمیل و یوسف گڕاوی)، لە ڕۆژی (12.7.1980)دا گیراون، بەڵام لە لیستی شەهیدانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لیستی زیندانییانی سیاسیی کوردستان ڕۆژی گرتنەکەی شەهید یوسف عومەر بە (10.7.1980) نووسراوە، جا نازانم تا چ ڕادەیەک ئەو مێژووە ڕاستە کە لە کەسوکاری شەهید یوسف وەرگیراوە!
ئەو پۆلە هاوڕێیە، لە ڕۆژی (29.10.1980)دا لە دادگای هەیئە خاسەی کەرکوک، کە دادگایەکی قەرەقوشیانە بوو بۆ دادگاییکردنی شۆڕشگێڕانی باشووری کوردستان لە پێشمەرگە و ڕێکخستنە نهێنییەکانی شارەکان، دادگایی دەکرێن و جەمیل ئەحمەد مەحمود و تەحسین ڕەحمان فەرحان سزای سێدارەیان بۆ دەرچوو و هەمان ڕۆژ ڕەوانەی ژووری سێدارەی موسڵ کران. مامۆستا سەلیم ڕەشید ساڵح، سەرەتا بە سێدارە و دوای ڕەخنەگرتنی لە بڕیارەکە، بە هەتا هەتایە (موئەبەد) و ئەحمەد ئیبراهیم گڕاوی، حەکیم عوسمان مستەفا و عەزیز تۆفیق قادر بە (5) ساڵ زیندانی کردن سزادران و هەموویان ڕەوانەی بەشی سزا تایبەتییەکان (قسم الأحکام الخاصة) کران لە بەندیخانەی ئەبوغرێب لە شاری بەغدا، دواتریش هەر چواریان بەر لێبووردنی گشتیی (17.7.1982)دا کەوتن و دوای دوو ڕۆژ ئازاد کران.
ئەوەی پێویستە سەبارەت بە دکتۆر سەلیم ڕەشید ساڵح (هەولێر/ 1956) بگوترێ، ئەوەیە کە ناوبراو بۆ جاری دووەم لە ڕێکەوتی (6.7.1983)دا لەگەڵ سێ پێشمەرگەی هاوڕێیدا لە لایەن جاشەکانی قاسم فارس تاهیر ئاغای کۆیە (قاسمە کوڕ)، سەرۆکجاشی فەوجی (86)ی جاشە سووکەکان، لە نزیک گوندی پیرەر بەدیل گیرابوو، لە ڕۆژی (13.11.1983)دا لە دادگای سەورە سزای سێدارەی بۆ دەرچووبوو، لە ڕێکەوتی (8.2.1984)دا بەهۆی گفتوگۆی نێوان یەکێتی و حکومەتی بەعس ئازاد کراوە. ناوبراو تەواوی ژیانی خۆی لە خەباتی نهێنی شار، زیدانەکانی بەعس و

ژووری سێدارە و پێشمەرگایەتی بەسەر برد، کەچی هەندێک سەرکردەو بەرپرسەکان لە دەستیان بێ ئاو و هەوای کوردستانی لێ قەدەغە دەکەن!
لە یەکێک لە دیدەنییەکان، موحسین عەبدوڵڵا ڕەسوڵ ناسراو بە موحسین عەولا نەفتە، خەڵکی گوندی گردەچاری قەراج و سەر بە ڕێکخستنەکانی هێڵی گشتی لە بەهاری ساڵی (1981)دا ناسی، کاتێ کە هاتە سەردانی شەهید جەمیل ئەحمەد مەحمودی ئامۆزازام و شەهید تەحسینی برام لە ژووری سێدارەی موسڵ. ئەو بۆ ئەوە هاتبوو بەر لەوەی بچێتە ڕیزی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، خواحافیزی لە هەردووکیان بکات. ناوبراو لەگەڵ دەستگیرکردنی ئەوان، فەرمانی دەستگیرکردنی هەبوو، کەچی هەر لە یەکەم ڕۆژی یەکتر ناسینماندا دوای ئەوەی خۆم گوێم لێبوو قسەی بۆ شەهید جەمیل دەکرد کە گوایە سەرەتا خۆی شاردۆتەوە، بەڵام دواتر بە پشتیوانییەکی بەهێز خۆی ڕادەستی ئەمنی بەلدەی هەولێر کردۆتەوە و ئەوانیش لێی خۆشبوونە. دوای بیستنی ئەو قسانە، یەکسەر گومانێکی زۆر گەورە کەوتە ناو دڵم و دەستبەجێ بە شەهیدان (جەمیل و تەحسین)م گوت: (مامۆستا موحسین جێگای گومانە و باوەڕی پێنەکەن، هاتووە تاوەکو زانیاریتان لێ وەرگرێت و دواتر بیگەیەنێتە ئەمنی هەولێر)، کەچی ئەوان ئەو قسانەی منیان پێناخۆش بوو، بەتایبەت شەهید جەمیل کە لێشم توڕەبوو لەسەر ئەوەی چۆن دەکرێت هاوڕێیەکی یەکێتیی تاوانبار بکەم بەوەی کە پیاوی ڕژێمە. مامۆستا موحسین، شاری بەجێهێشت و بووە پێشمەرگە.
دوای یەکگرتنەوەی هێڵی گشتیی و بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، کە یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانی لێ هاتە بەرهەم، موحسین عەبدوڵڵا کرایە بەرپرسی لقی هەولێری یەکێتیی شۆڕشگێڕانیی کوردستان و ئەوجارە بە مامۆستا موحسینی شۆڕشگێڕان ناسرا. لە نێوان ساڵانی (1982-1985)دا زۆر جار لەگەڵ ناوبراو لە دۆڵی بالیسان و مورتکە بە ڕێکەوت تووشی یەکتر بووین، بەڵام هەردەم جێگای گومان بوو لای من و خۆم لێی لادەدا، یان ڕووم نەدەدایێ و ماوەی ئەوەم نەدەدا باسی سیاسەتم لەگەڵ بکات. بەڵام کاتی کە لە ڕێکەوتی (2.3.1986)دا لە مەنزومەی ئیستخباراتی سەربازی شیمالی گیرام، موحسین قسەی زۆری لەسەر کردم لای موقەدەم فازڵ عەلی سلێمان دلێمی جێگری بەڕێوەبەری مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی و ئەفسەری بەرپرس لە لێکۆڵینەوەم.
مامۆستا موحسین، تەواوی هەوڵی خۆی بەزیادەوە لای موقەدەم فازڵی بەکارهێنا، تا ئەو تاوانەی کە شەهید تەحسین و شەهید جەمیل-ی پێ لە سێدارە درابوون، هەمان تاوان بخاتە ئەستۆی من و بەرەو پەتی سێدارەم ڕەوان بکات، کەچی خەونەکەی نەهاتە دی. ئەوەی ڕاستی بێت من بەقسەی موحسین نەگیرابووم، بەڵکو نوردەدین ئەحمەد ئیسماعیل کە خەڵکی دیبەگەیە منی بەگرت دابوو، کە ئێستاکە لە مەڵبەندی سێی هەولێر کاردەکات.
بەدڵنیایی موحسین عەبدوڵڵا، لە ساڵی (1981)دا تەنیا بەناو پێشمەرگە بوو، ئەگینا لە ڕاستیدا سەر بە ڕژێم بووە، ئەمەش لە ناوەڕاستی ساڵی (1985)دا دەرکەوت کاتێ کە گەڕایەوە نێو ڕژێم، بوو بە فەرماندەی مەفرەزە تایبەتی جاشی مەنزومەی ئیستخباراتی سەربازی شیمالی و زۆرتر لە (150) هاوڕێ و هەڤاڵی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە و شۆڕشگێڕانی ڕەوانەی سێدارە و زیندانی ئەبوغرێب بەشی سزا تایبەتییەکان کرد. هەر ئەو ناپاکیانەی خۆی بوو وایکرد کە لە ڕۆژی (23.6.1993)دا لەناو شاری موسڵ، لەلایەن یەکێتی بکوژرێت.
جەمیل ئەحمەد مەحمود، لە ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (21.5.1981)دا لە ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ لەگەڵ دوو هاوڕێی دیکەدا (جەمال قادر جوامێر ماوەتی و عەلی حەمەدئەمین ئەحمەد سەیدسادقی، کە پێشمەرگەی یەکێتی و ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوون، لە سێدارە درا.
شۆڕش بازیانی، لە ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (14.5.2017)دا سەبارەت بە لە سێدارە دانی شەهید جەمیل گوتی: (ئەوکاتەی شەهید مامۆستا جەمیل و هاوڕێکانیان برد بەرەو پەتی سێدارە، ویستیان چاوەکانی مامۆستا جەمیل ببەستنەوە، بەڵام ئەو ڕووبەڕووی جەللادەکان بووەوەو پێی گوتن هەرگیز نامەوێ چاوەکانم ببەستنەوە، بەر لەوەی پەتەکە ماچ بکەم و دواتریش بەدەستی خۆم پەتەکە بخەمە گەردنی خۆم. وەلێ زۆر بەداخەوە، داخوازییەکەی مامۆستا جەمیل یان نەهێنایە دی و بەزۆر پەڕۆیان کردە سەر چاوەکانی).

تەحسین ڕەحمان فەرحان حەویز، لە ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (26.5.1981)دا لەگەڵ سێ هاوڕێی دیکەدا (جەلال مەحمود ئەحمەد محەمەد سورداشی، یونس بابەکر حوسێن وسو خۆشناو و سلێمان عەبدوڵڵا ئیسماعیل پیرداود مهاجر)، کە دوو کەسی یەکەمیان ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و پێشمەرگەی یەکێتی بوون، ئەوەی سێیەمیان ئەندامی پارتی، لە ژووری سێدارەی موسڵ بردیانن بۆ سەربازگەی غەزلانی نزیک حەمام عەلیل-ی باشووری شاری موسڵ و لەوێ گوللە باران کران.

دوای تێپەڕبوونی (22) ساڵ بەسەر لە سێدارەدانی شەهید جەمیل ئەحمەد مەحمود (دەرسیم) و گوللە باران کردنی شەهید تەحسین ڕەحمان فەرحان (داماو)، لە بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ، لەدوای ڕوخانی دەسەڵاتی سەدام و ڕژێمی بەعس لە ڕۆژی (4.9.2003)دا ئێسکوپروسکی هەردوو شەهید لە ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (8.7.2003)دا لە گۆڕستانی (وادی العقاب)ی موسڵ بە هاوکاری هەردوو مەڵبەندی (3)ی هەولێر و (7)ی موسڵی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بۆ زێدی لە دایکبوونیان لە شارەدێی دیبەگەی (42) کیلۆمەتری باشووری شاری هەولێر، گواسترایەوە و لە کەژاوەو مەراسیمێکی جەماوەری شکۆدار و بەفراواندا دووبارە بە خاک سپێردرانەوە.

لە خوارەوەدا تاکە نامەی ڕزگاربووی شەهید جەمیل ئەحمەدی ئامۆزام، کە تەنیا (3) کاتژمێر بەر لە سێدارەدانی نووسراوە، لە خوارەوە دادەنێم. ئەو نامەیە، لە لاپەڕەکانی (144-145)ی ناملیکەی (چەند نامەیەک لە زیندانی فاشیستەکانەوە) وەرگیراوە.


شەهید جەمیل ئەحمەد مەحمود (دەرسیم)
AM12:31 29/APR/2013


شەهید تەحسین رەحمان فەرحان (داماو)


شەهید یوسف گراوی


دکتۆر سەلیم رشید ساڵح ئەحمەد

## نامەی ژمارە ٤٠

شەهید : جمیل احمد محمود

تێبینی : چەند ساتێك پێش لە سێدارەدانی نوسراوە

کەم بژی گەل بژی
خەبات کردن تا سەرکەوتن
بو هەڤاڵی تێکوشەر (( ٠٠٠٠٠٠ ))
سلاو

بەلی من لە ژوری سێدارەدام ، نزیکەی ( ٣ ) کاتژمێرم ماوە بو ئەوەی دنیا بەجێ بهێلم و رێگای راستیم گرتە بەر ، رێگای رزگاری گەل ، و پاش ئەوەی لە خەبات کردن بەردەوام بووم دژی داگیرکەر ، ئەو دوژمنەی کە بە خوێنی رولەکانمان تینوە و هیوادارم شورش سەرکەوتوبی بەسەر خوێنمژی بەعسی ٠٠ و من لە رێکەوتی ١٢ / ٧ / ١٩٨٠ لە هەولێر گیرام بە دەستی دائیرەی ئەمن و لە رێکەوتی ٢٩ / ١٠ / ١٩٨٠ حوکمی سێدارەم درا لە کەرکوك ( هەیئە خاصە ) ، و من لە رێکەوتی ٢٠ / ٥ / ١٩٨١ سێدارە کرام و دەرچوی ( مەعهەدی فەننی ) م لە ساڵی ١٩٧٨ تەواوم کرد و باوەرنامەی دبلومم وەرگرت ، و لە کاتی خوێندنەوەی سێدارەم بەیەك دەنگ هاوارم کرد بژی مردن بمری دوژمن و بە هیچ جوری من لە مردن نەترساوم بەلکو بە پێچەوانەوە مردن لە ئێمە ترساوە و هەروەها لەگەل خوم دو کەسی تریش سێدارەکران کە ئەمانە ناوەکانیانە :

١ ــ جمیل احمد محمود / ی٠ن٠ك / ك م ل / هەولێر
٢ ــ جمال قادر جوامیر / ماوەت / سلیمانی / ی٠ن٠ك

١٤٤

٣ ـ علی حمه امین احمد / سید صادق/ ی ٠ ن ٠ ك

له ماوەی رابردوودا دو نامەم بو رەوانه کردی جا نازانم بـــه دەستت گەیشت یا نا وە ئاگادارم کردیەوە له چەند کارەساتیك جا هیوادارم جی بەجی ی بکەیت ٠

هەزاران سلاو له گشت شەهیدانی ریگەی رزگاری گەل
هەزاران سلاو له شەهیدانی کوردستان

جمیل احمد محمود ( دەرسیم )
ژوری سیدارەی مـــــوســـــل
١٩٨١ / ٥ / ٢٠

١٤٥

## لە سێدارە دانی تێکۆشەرانی کورد لەم ماوەیەدا لە زیندانی موسڵ:

شەهید جەمیل و شەهید تەحسین، لەنێوان (29.10.1980-26.5.1981)دا لە ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ مانەوە و لەنێوان (1.11.1980-26.5.1981)دا هەموو ڕۆژانی یەک و پازدەی مانگ لە نێوان کاتژمێری (8-9)ی بەیانی تا (13-14)ی دوای نیوەڕۆ، بۆ دیدەنی (مواجهة)یان دەچووین و بۆ نزیکەی (4-5) کاتژمێر لایان دەماینەوە. سەرەڕای بردنی خواردنی دوو هەفتە بۆ زیندانییەکان، بە جیاش خواردنی نیوەڕۆی ئەو ڕۆژەمان لەگەڵ خۆمان دەبرد و ئەو نیوەڕۆیە لەگەڵ زیندانییەکان و میوانەکان دادەنیشتین و نانمان لەوێ دەخوارد.
دوا دیدەنی شەهید جەمیل (دەرسیم)، لە ڕۆژی (20.5.1981) و هی شەهید تەحسین، لە ڕۆژی (25.5.1981)دا بوو، کە یەکەمیان بۆ ڕۆژی دواتر لە سێدارە درا، دووەمیشیان بۆ ڕۆژی دواتر گولله باران کرا (کەسانی مەدەنی لە سێدارە دەدران و کەسانی سەربازی و پۆلیس گولله باران دەکران). بەدرێژایی ئەو ماوەیە، تەواوی دیدەنییەکان ئامادە بوویمە و هەردەم هەوڵم داوە لە کەسە یەکەمەکانی چوونە ژوورەوە و دوا کەسیش بم لە هاتنە دەرەوەدا.
لە ماوەی نزیک بە (7) مانگی سەردانی کردنم بۆ ژووری سێدارەی موسڵ، بە بەردەوامی نزیکەی (40 - 70) لاوی شۆڕشگێڕی کوردستانی لەژێر هەڕەشەی مەرگ لەو زیندانەدا بووینە و مانگانە لەنێوان (5-20) قارەمان لە سێدارە دەدران یان گولله باران دەکران، بە بەردەوامیش قارەمانی نوێیان دەهێنا بۆ ژووری سێدارە.
ئەوەی لە یادم مابێ بەدرێژایی ماوەی ئەو (6) مانگ و (25) ڕۆژەی کە سەردانی (ژووری سێدارەی موسڵ)م کردبێت یان توانیبێتم زانیارییەکان وەرگرم، ئەو قارەمان و تێکۆشەرانە لە ژوورەکانی مەرگ ئامێزی سێدارەی موسڵدا بوون و لە سێدارە دراون:
**یەکەم**: لە ڕێکەوتی (13.11.1980)دا هەشت ڕۆڵەی کورد لە سێدارە دران کە ئەمانە بوون:

1. ئیبراهیم شێخ مەحمود محەمەد عەبدولڕەحمان باخ ناسراو بە دکتۆر ڕێباز (1956/ سلێمانی/ پیرەمەگرون/ باخ - پێشمەرگە و کادیری پێشکەوتووی کۆمەڵە و یەکێتی)، کە لە ڕۆژی (5.12.1979)دا لە شەڕێکدا لە گوندی کلێسەی سەر بە شارۆچکەی کۆیە لەگەڵ جەلال مەحمود ئەحمەد سورداشی لەلایەن سوپا و جاشەکانی قاسم فارس تاهیر ئاغای غەفوری فەرماندەی مەفرەزە خاسەی جاشی ئیستخباراتی مەنزومەی شیمالی دەستگیر کرابوون، دواتر لە ڕۆژی (1.6.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانیان درابوو. دکتۆر ڕێباز، برای شەهید شەماڵ (محەمەد شێخ مەحمود محەمەد)ی فەرماندەی تیپی (93)ی کۆیە، کە لەگەڵ سەرباز ئەحمەد خدر ئەحمەد کۆیی (1957/ کۆیە)، جێگری فەرماندەی تیپی ناوبراو، سەعید محەمەد عەبدوڵڵا (1950/ گەرمک) و کامەران فارس حەمەد ئیبراهیم ناسراو بە ڕەشۆ (1.7.1961/ کۆیە/ سەرباغ) لە ڕێکەوتی (15.4.1983)دا لە گوندی باداوانی چناران (خەلەکان) لە بۆسەیەکدا لەلایەن (حسک و حشع)ەوە بەناڕەوا شەهید کران.
2. ئیبراهیم ڕەسوڵ قادر (1.7.1955/ ڕانیە – پێشمەرگەی یەکێتی لە دەستەی پاسەوانی سکرتاریەتی مام جەلال)، لە ڕۆژی (6.5.1979)دا لەگەڵ پیرۆت ئیبراهیم ڕەسوڵ و محەمەد خدر محەمەد لە شارۆچکەی چوارقورنە بەدیل دەگیرێن و لە ڕۆژی (1.6.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانیان درابوو.
3. پیرۆت ئیبراهیم ڕەسوڵ مام ڕەسوڵ (ڕانیە - پێشمەرگەی یەکێتی لە دەستەی پاسەوانی سکرتاریەتی مام جەلال).
4. حەسەن فەقێ عەلی عەبدوڵڵا ناسراو بە هەژار (1954/ کەرکوک/ ئاغجەلەر/ عەسکەر – کادیری کۆمەڵە و یەکێتی)، لە شەوی (26.3.1980)دا لەگەڵ عوسمان خدر مەستەفا عەسکەری لەلایەن جاشەکانی عەلی گاور

و ئەمنی ڕژێم گیراوە، دواتر لە لە ڕۆژی (16.6.1980)دا هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی بۆ دەرچووە.

5. خدر ئیبراهیم نەبی خاڵە (14.7.1959/ هەولێر/ گەلاڵە/ ماونان). پێشمەرگەی یەکێتی، لە کۆتایی ساڵی (1978)دا بەدیل گیرابوو.
6. عوسمان خدر مستەفا خدر (1955/ کەرکوک/ ئاغجەلەر/ عەسکەر – ئەندامی کۆمەڵە و یەکێتی)، لە شەوی (26.3.1980)دا لەگەڵ حەسەن فەقێ عەلی عەبدوڵڵا عەسکەری لەلایەن جاشەکانی عەلی گاور و ئەمنی ڕژێم گیراوە، دواتر لە ڕۆژی (16.6.1980)دا هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی بۆ دەرچووە.
7. محەمەد خدر محەمەد عەلی ناسراو بە محەمەد حاجی خدر (ڕانیە/ چوارقوڕنە - پێشمەرگەی یەکێتی لە دەستەی پاسەوانی سکرتاریەتی مام جەلال)، لە ڕۆژی (6.5.1979)دا لەگەڵ ئیبراهیم ڕەسوڵ قادر و پیرۆت ئیبراهیم ڕەسوڵ لە شارۆچکەی چوارقوڕنە بەدیل دەگیرێن.
8. هاوار عەبدوڵڵا ئەحمەد (سەرگڵ/ ئامێدی).

**دووەم**: لە ڕێکەوتی (25.11.1980)دا چەند هاوڕێیەک لە سێدارە دران کە ئەمانە بوون:

1. لەتیف عەبدوڵڵا ئیبراهیم ئەبوبەکر ئیبراهیم میرزا ڕۆستەمی (1957/ سلێمانی/ سەنگەسەر – بەرپرسی لیژنەی ناوچەی هەرێمی 7ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و کادیری کۆمەڵە)، کە لە ڕۆژی (22.7.1976)دا بۆتە پێشمەرگە و لە ڕێکەوتی (17.1.1980)دا لە نزیک ئاوایی بەستەستێن لەلایەن جاشەکانی مەفرەزە خاسەی ژمارە (9)ی سەر بە عەباس بایز باڵو ئاغا دەستگیر کرابوو، دواتر ڕادەستی بەعسی کردووە. لەتیف عەبدوڵڵا، لە ڕۆژی (1.6.1980)دا لە هەیئەی خاسەی کەرکوک فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە، پاشان پیاوانی حکومەتی سەدام لە شەوی ئاماژە پێکراو لە سەرەوەدا خنکاندیان.
2. ئەحمەد خدر حوسێن محەمەد هەروتی ناسراو بە ئەحمەد بڕنەو (1951/ هەولێر/ گردەڕەشە – پێشمەرگەی حزبی شیوعی ئێراق)، لە ڕێکەوتی (22.9.1979)دا لەناو بازاڕی ئیسکانی هەولێر دەستگیرکراوە، لەناو ئۆتۆمۆبێلە (لادا)کەیدا کۆمەڵێک بڵاوکراوەی تێدابووە، بەوهۆیەوە لە ڕێکەوتی (1.6.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی دراوە، دواتریش فەرمانی کۆماری ژمارە (399)ی لە ڕێکەوتی (16.6.1980)دا بۆ جێبەجێکردنی سزاکەی دەرچووە.
3. ئەکرەم محەمەد عەلی مەحمود ناسراو بە ئەکرەم ئاسەنگەر (9.11.1950/ سلێمانی - پێشمەرگەی حزبی شیوعی ئێراق)، لە ڕۆژی (1.1.1980)دا لەناو سلێمانی دەگیرێ، لە دادگای هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دەرچووە. سەلام محەمەد عەلی، پێشمەرگەی حزبی شیوعی و برای شەهیدی ناوبراو بوو، دواتر گیراو لە ئەبوغرێب لە سێدارە درا.
4. حوسێن عەبدوڵڵا حەسەن وسو نورەدینی (1955/ قەلادزە/ گردباغ – پدک).
5. عەبدولڕەحمان محەمەد ساڵح محەمەد ناسراو بە چەتۆ (1952/ کەرکوک/ عەسکەر – پێشمەرگەی یەکێتی)، لە ڕۆژی (15.2.1980)دا لەلایەن جاشەکانی حەمەی شێخ حەسەنی بەفراو بەدیل گیراوە، لە مانگی (9)ی هەمان ساڵ لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دراوە.
6. عوسمان مەحمود ساڵح ناسراو بە مام عوسمان (1925/ سلێمانی - ئەندامی حزبی شیوعی ئێراق)، لە ڕۆژی (1.1.1980)دا گیراوە.
7. عومەر عەلی خدر محەمەد (مستەفا) ناسراو بە هاوڕێ (1956/ کەرکوک/ عەسکەر – ئەندامی کۆمەڵە و پێشمەرگەی یەکێتی)، لە ڕۆژی (10.3.1980)دا لەلایەن جاشەکانی حەمەی شێخ حەسەنی بەفراو بەدیل گیراوە، لە مانگی (9)ی هەمان ساڵ لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دراوە.
8. فەرزە عەبدوڵڵا فەرزە (یەکێتی).

**سێیەم**: لە ڕێکەوتی (30.11.1980)دا سێ ڕۆڵەی دلێری کورد لە سێدارە دران کە ئەمانە بوون:

1. حەسەن ئەمین ساڵح (1.1.1965/ قەڵادزە/ بنگرد - یەکێتی).
2. خدر حەمەسوور (قەڵادزە - یەکێتی).
3. عەبدوڵلا حوسێن عەبدوڵلا (قەڵادزە - یەکێتی).

**چوارەم**: لە ڕێکەوتی (11.12.1980)دا، شەش قارەمان لە سێدارە دران کە بریتیبوون لە:

1. ئەکرەم حەمەدئەمین قادر خدر ناسراو بە ئەکرەمی حەپسە ناوە نهێنییەکەی بێستون (1945/ سلێمانی – هەڵگری بیروباوەڕی مارکسیزم لینینیزم/ دواتر کرا بە شەهیدی کۆمەڵە/ یەکێتی)، کە لەلایەن ئەمنی سلێمانی لە ڕۆژی (28.3.1980)دا بەهۆی کەسێکەوە بەناوی (عومەر مارف) کە ئێستا دانیشتووی هەولێرە و ئەندامی (پدک)ە بەگرت درابوو. لە یەکەم دادگاییکردندا لە هەیئە خاسەی کەرکوک لە ڕۆژی (22.4.1980)دا بڕیاری بێتاوانی دەرچووە، بەڵام (عومەر مارف) دیسان ڕاپۆرتی لەسەر داوەو بۆ جاری دووەم دەیگەڕێننەوە بۆ لێکۆڵینەوە و ئازادی ناکەن. دواتر دەیخەنەوە ژێر ئەشکەنجە و لێکۆڵینەوەی سەخت، وەلێ دووبارە هیچ سوودێکی لێ نابینن. لە هەیئە خاسە کوڕێکی خەڵکی سلێمانی بەناوی قادر محەمەد نادر کە خۆی فرۆشتبوو دەنێرنە ژوورەکەی ئەکرەم و ئەویش باوەڕی پێ دەکات و هەندێک نهێنی لای ئەو خۆفرۆشە (قادر محەمەد) دەدرکێنێ و ئەویش تەواوی زانیاریی و نهێنییەکان دەگەیەنێتە بەرپرسانی هەیئە خاسە. بەهۆی گەیاندنی ئەو زانیاری و نهێنیانەی کە شەهید ئەکرەمی حەپسە لای خۆفرۆش (قادر) باسی کردبوو، چارەنووسی شەهید ئەکرەمی لە دووەم دادگاییکردندا لە ڕۆژی (25.10.1980)دا گەیاندە سێدارە. قادر محەمەد نادر، دواتر لە ڕۆژی (21.5.1981) لەلایەن مەفرەزەیەکی هێزی پێشمەرگەی یەکێتی لەناو سلێمانی کوژرا.
2. بەهرام خاڵند محەمەد ئەمین نادر گەلاڵی (1952/ هەولێر/ چەمرگە - پێشمەرگەی حسک، لە ڕۆژی (16.8.1980)دا لە ماڵەکەی خۆی لە گەڕەکی سەیداوەی هەولێر لەگەڵ ئامۆزایەکی بەناوی فاروق نامیق محەمەدئەمین نادر گەلاڵی (1952/ هەولێر/ چەمرگە - ڕێکخستنی حسک، لەلایەن فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ئەوکات و دواتر سەرۆکجاشی فەوجی ژمارە (28)ی جاشە سووکەکان عومەر حەسەن ڕەسوڵ گەردی و چەند جاشێکی ناوبراو ئەوانەی کە ناسراو بن (فەتاح، خەسرەو مەحمود محەمەد ئەحمەدی جێگری عومەر حەسەن ڕەسوڵ گەردی)، بەدیل گیران و ڕادەستی هەیئە خاسەی شاری کەرکوک کران. لە ڕۆژی (29.10.1980)دا لە هەیئە خاسە دادگایی کران و شەهید بەهرام چەمرگە سزای سێدارە و فاروق سزای زیندانیکردنی هەتاهەتایە درا.
3. خالید کەریم عەبدوڵلا داود ناسراو بە سەید خالید (1950/ هەولێر/ دیبەگە/ حەسارۆک)، پێشمەرگەی حسک و لە ڕێکەوتی (11.6.1980)دا لە شەڕێکدا لە دێی شاخەپیسکەی سەر بە دێگەڵەی کۆیە بە برینداری بەدیل گیرابوو، لە ڕۆژی (25.10.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە و بۆ ژووری سێدارەی موسڵ گواستراوەتەوە.
4. ڕەحیم عۆدە محەمەد ناسراو بە ڕەحیم عوەید (بەغدا/ مدینة الثورة – حزبی شیوعی ئێراق)، پێشمەرگەی شیوعی و عارەب بوو لە شەڕێکدا لە ڕێکەوتی (11.6.1980)دا لە شاخەپیسکە بەدیل گیرابوو، لە ڕۆژی (25.10.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە.
5. سەلیم سەعید محەمەد سیان (1931/ هەولێر/ ئۆمەراوە – حشع)، لە ڕۆژی (25.10.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە.

6. سیامەند ئەحمەد عەبدولڕەحمان ئەحمەد گەردی (1948/ هەولێر/ مەسیف/ شێخان)، لە ڕۆژی (25.10.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دەرچووبوو.

**پێنجەم**: لە ڕێکەوتی (30.12.1980)دا، دە پێشمەرگەی حسک لە سێدارە دران، کە لە ڕێکەوتی (17.5.1980)دا لە گوندی (دووگۆمان)ی پشدەر لەلایەن عەباس بایز باڵو ئاغای فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (9)ی سەر بە مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی و جاشەکانی بەدیل گیرابوون، کە ئەمانەی خوارەوە بوون:

1. حەسەن ئەمین ساڵح ئەحمەد ناسراو بە حەسەنە سووری مینە ساڵح (1956/ قەڵادزە/ ژاراوە).
2. حەسەن حوسێن حەسەن.
3. حوسێن عەبدوڵڵا حەسەن ڕەسوڵ (1.7.1932/ سلێمانی/ پشدەر).
4. حەمە هەمزە حەمە حەسەن قەجەر (1957/ قەڵادزێ).
5. خدر محەمەد مستەفا بابەکر پشدەری ناسراو بە خدری حەمەسوور یان خدر بادینی (1960/ سلێمانی/ قەڵادزێ/ گوندی بادینێ).
6. ڕەسوڵ سلێمان حەمەدئەمین عەبدوڵڵا سەنگەسەری.
7. عەبدوڵڵا هەمزە هەڵشۆیی.
8. عەلی حەمەدئەمین نەسروڵڵا فەتحوڵڵا (1957/ سەنگەسەر/ سوڵتانەدێ).
9. فەقێ عەبدوڵڵا فەقێ.
10. مەحمود حاجی محەمەد عەبدوڵڵا پاچکاری (خەڵکی دێی بادینی).

**شەشەم**: لە ڕێکەوتی (3.1.1981)دا پێشمەرگەیەکی یەکێتی بەناوی عومەر ڕەسوڵ عەزیز مستەفا ناسراو بە عومەری شێخ ڕەسوڵ (1957/ سلێمانی/ سەیدسادق)، پێشمەرگەی کەرتی (3)ی شەهید هاواری سەر بە هەرێمی (1)، کە پێشتر لە شەڕێکدا لە ڕۆژی (26.3.1980)دا لە گوندی کەڵوەڕانی شارەزوور بەدیل گیرابوو، دواتر لە ڕۆژی (16.8.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی دەدرێ و دەگوازرێتەوە بۆ ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ.

**حەوتەم: لە** ڕێکەوتی (19.1.1981)دا پێشمەگەیەک لە سێدارە درا بەناوی کەریم ئەحمەد کەریم ناسراو بە حەمە کەریم قیادة واحدة یان سەربەست (1.7.1947/ دیانا/ گوندی زەروان/ دانیشتووی قەڵادزێ - پێشمەرگەی یەکێتی)، کە لە ڕۆژی (10.1.1980)دا گیرابوو، لە ڕۆژی (25.10.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرچووبوو.

**هەشتەم**: لە ڕێکەوتی (26.2.1981)دا، نۆ هەڤاڵی ڕێکخستنەکانی پدک لە سێدارە دران، کە لە ڕۆژی (12.6.1980)دا لەلایەن ئەمنی دهۆک گیرابوون و لە ڕێکەوتی (7.9.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک فەرمانی لە سێدارە دانیان درابوو:

1. خدر مەحمود مستەفا مەحمود هروری (1943/ دهۆک)، بەرپرسی ڕێکخراوی پێشکەفتن لە بەرواری باڵا، کە لە ڕۆژی (20.1.1980)دا گیرابوو.
2. تاهیر تاهیر عەبدولڕەحمان ئیبراهیم هروری (1946/ دهۆک)، ئەندامی ڕێکخراوی پێشکەفتن لە بەرواری باڵا.
3. ساڵح کیندۆ نعمەت سلێمان ناسراو بە ساڵح زاخۆیی (1959/ دهۆک/ زاخۆ)، سەر بە ڕێکخراوی پێشکەفتنی پارتی، کە لە ڕۆژی (23.1.1980)دا گیرابوو.
4. سەعید سەعید تاهیر عەبدوڵڵا هروری (1947/ دهۆک)، سەر بە ڕێکخراوی پێشکەفتنی پارتی.
5. عادل تاهیر حەسەن هروری، سەر بە ڕێکخراوی پێشکەفتنی پارتی.
6. عەبدوڵڵا ئەحمەد عەبدوڵڵا ئەحمەد (1951/ هروری)، سەر بە ڕێکخراوی پێشکەفتنی پارتی.
7. عەبدولهادی سلێمان حەسەن سلێمان (1943/ هروری)، سەر بە ڕێکخراوی پێشکەفتنی پارتی.

8. محەمەد ڕەشید خەلیفە یوسف ناسراو بە محەمەد ڕەشۆ سلێڤانی (1949/ دهۆک/ زاخۆ)، سەر بە ڕێکخراوی پێشکەفتنی پارتی.
9. وەیسی حەسەن محەمەد ئەحمەد (1946/ هروری)، سەر بە ڕێکخراوی پێشکەفتنی پارتی.

**نۆیەم**: لە ڕێکەوتی (18.3.1981)دا ئەو هەڤاڵانە لە سێدارە دران:

1. سادق عەبدوڵڵا عەبدولڕەحمان عەبدولقادر (1953/ دهۆک/ بەرواری باڵا/ کانیماسی/ ئورە - ئەندامی پدک)، لە ڕۆژی (16.10.1980)دا دەگیرێ. دواتر لە ڕۆژی (2.2.1981)دا لە دادگای هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی دەدرێ.
2. شێرکۆ حەمید حەمەساڵح ئەمین ناسراو بە دکتۆر سیروان (1960/ کەرکوک/ تەپە)، لە ساڵی (1978) لە هەرێمی دووی کەرکوکی یەکێتی بوو بە پێشمەرگە، لە مانگی نیسانی ساڵی (1980)دا بەهۆی ناپاکی کردنی کەسێک بەناوی جەبار شوانی لەناو بازاڕی شاری کەرکوک گیرا، دوا بەدوای ئەویش بەهۆی ناپاکی کردنی کەسێکی دیکە، محەمەد حەسەن خورشید کەرکوکی ئەندامی کۆمیتەی ئاگری کەرکوک دەگیرێ و دۆسێی هەر دووکیان تێکەڵ بە یەکتر دەکەن، هەر دووکیان لە ڕۆژی (25.10.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری سێدارەیان دەدرێ، دوای سووککردنی سزای محەمەد حەسەن خورشید بۆ زیندانی هەتا هەتایە هاوڕێ شێرکۆ لە سێدارە درا. دواتر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە تۆڵەی گرتن و لە سێدارە دانی شەهید شێرکۆ، جەبار شوانی بەسزای گەل و شۆڕش گەیاند.
3. فازڵ عەبدوڵڵا عیسا شەریف (1942/ شاریا/ چەمانکێ/ شێخان/ دهۆک - ئەندامی پدک)، لە ڕۆژی (16.10.1980)دا دەگیرێ. دواتر لە ڕۆژی (2.2.1981)دا لە دادگای هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی دەدرێ.

**دەیەم**: لە ڕێکەوتی (1.4.1981)دا دوو پێشمەرگەی یەکێتی لە سێدارە دراون:

1. ئومێد ساڵح کەریم خدر گوڕبازی (سلێمانی). سەبارەت بە لە سێدارەدانی شەهید ئومێد گوڕبازی، شۆڕش بازیانی باسی ئەوەی کرد کە ئەوکاتەی ئەو چۆتە ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ شەهید ئومێد لەوێ بووەو لە سێدارە نەدرابوو، بەڵکو لەوێ یەکتریان ناسییەوو هاوڕێیەتییان زۆر بەهێز بووە، بەڵام بەر لە سووککردنی سزاکەی بازیانی لە مانگی ئەیلول یان ئۆکتۆبەر، بە ماوەیەکی کەم ئومێد لە سێدارە دراوە. بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندیم کرد بە چیا مەولود گوڕبازی برازای شەهید ئومێد، ئەویش لەگەڵ پورێکی زانیارییەکانی منیان پشتڕاست کردەوە، بۆیە تا زانیاری ڕاست و دروست وەردەگرم ڕۆژی لە سێدارەدانەکە هەر وەکو خۆی دەهێڵمەوە.
2. محەمەد تاهیر عەلی (1955/ سلێمانی/ قەرەداغ – پێشمەرگەی هەرێمی پێنج و ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان). کە پێشتر لە ڕێکەوتی (1.8.1980)دا لەگەڵ دوو پێشمەرگەی دیکەدا لە گوندی وڵاغلو لەلایەن سوپاوە بەدیل دەگیرێن. لە ڕۆژی (20.8.1980)دا دەگوازرێنەوە بۆ هەیئە خاسەی کەرکوک و ڕۆژی (14.2.1981) لە هەیئەی کەرکوک سزای سێدارەیان بۆ دەرچووە.

**یازدەم**: لە شەوی (10.5.1981)دا پێشمەرگەیەکی کەرتی چواری جەباری هەرێمی (5)ی قەرەداغی یەکێتی بەناوی (جەوهەر حوسێن ئەحمەد قادر ناسراو بە جەوهەر هەشەزینی) لە سێدارە درا، کە پێشتر لە ڕۆژی (17.11.1980)دا لە شاخی شۆڕاوە لەلایەن جاشەکانی تەحسین شاوەیسی فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (50)ی ئەوکات، قالە فەرەجی فەرماندەی مەفرەزەی (49)ی سەر بە ئیستخباراتی شیمالی، عاسی حەمە ڕەئوف تۆفیق فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت، محەمەد حەسەن ئەحمەد (حەمەی حەسۆل) فەرماندەی مەفرەزە خاسەی (55)، دوای شەهیدکردنی پانزە پێشمەرگەی ئەو کەرتە بەدیل دەگیرێ و ڕادەستی ئیستخبارات دەکرێ، دواتریش لە ڕێکەوتی (18.3.1981)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی بۆ دەردەچێ.

**دوازدەم**: لە شەوی (14.5.1981)دا پێشمەرگەیەکی یەکێتی بەناوی (بەکر کەریم محەمەد عەزیز محەمەد ناسراو بە بەکر سوسەیی/ 1963/ هەولێر/ دێگەڵە/ سوسێ) لە سێدارە درا، کە پێشتر لە ڕێکەوتی (13.4.1980)دا لە شەڕێکدا لە دۆڵی ئەسحابان لەلایەن جاشەکانی ئەنوەر ڕەشید بەگی بێتواتە، عەباس بایز باڵو ئاغای فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (9)ی ئەوکات و دواتر فەوجی ژمارە (91)ی جاشە سووکەکان و قاسم فارس تاهیر مستەفا ئاغای غەفوری فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ئەوکات و دواتر سەرۆکجاشی فەوجی (85)ی جاشە سووکەکان، بە بریندار بەدیل گیرابوو، لە ڕۆژی (9.9.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دەرچووبوو. نامەیەکی (3) لاپەڕەیی شەهید بەکر سوسەیی لە خوارەوەی ئەم بەشەیە دانراوە، کە لە ژووری سێدارە نووسیوێتی و (سلێمان)ی برای ناردوویەتی.

**سێزدەم**: لە شەوی (21.5.1981)دا سێ هاوڕێی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە سێدارە دران:

1. جەمیل ئەحمەد مەحمود حەمە دیبەگەیی (دەرسیم/ جەمیل هەولێری).
2. جەمال قادر جوامێر ماوەتی (1968/ سلێمانی/ ماوەت).
3. عەلی محەمەد ئەمین ئەحمەد نەورۆڵی ناسراو بە عەلی دەلێنی (سلێمانی/ سەید سادق – پێشمەرگەی یەکێتی)، لە شەوی (25/26.11.1979)دا لە دەرەوەی هەڵەبجە لە گوندی هاوار لە بۆسەیەکدا لەلایەنساڵح عەبدوڵڵا محەمەد خانەقینی ناسراو بە (ساڵەی خەیات)ی فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی و جاشەکانی بە بریندار بەدیل گیراو ڕادەستی ئیستخباراتی شیمالی و هەیئە خاسەی کەرکوک کراوە. دواتر لە هەیئە خاسەی کەرکوک فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە. هەر ئەو شەوە پێشمەرگەیەک بەپلەی فەرماندەی کەرت بەناوی حوسێن مەجید حامید (1956/ سیروان/ هەڵەبجە/ سلێمانی)، بەدەستی ساڵەی خەیات و جاشەکانی شەهید کرا.

**چواردەم**: لە بەرەبەیانی ڕۆژی (26.5.1981)دا چوار زیندانیی کورد، لە ژووری سێدارەی موسڵ بەرەو سەربازگەی غەزلانی بردران و لەوێ گوللە باران کران، لەبەرئەوەی ئەوانەی پۆلیس و سەرباز بونایە بەگوێرەی بڕیارێکی (مجلس قیادة الثورة) سزای مردنەکەیان بە گوللە باران کردن جێبەجێ دەکرا:

1. تەحسین ڕەحمان فەرحان حەوێز دیبەگەیی (تەحسین شورتە)، ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، بە کۆد یان ژمارەی (11549).
2. جەلال مەحمود ئەحمەد محەمەد سورداشی (1.3.1957/ سلێمانی/ سورداش/ شەدەڵە). پێشمەرگەی هەرێمی (2)ی یەکێتی، کە لە ڕۆژی (5.12.1979)دا لە شەڕێکدا لە گوندی کلێسەی سەر بە شارۆچکەی کۆیە لەگەڵ ئیبراهیم شێخ مەحمود محەمەدی باخ ناسراو بە (دکتۆر ڕێباز)، لەلایەن سوپا و جاشەکانی قاسم فارس تاهیر ئاغای غەفوری فەرماندەی مەفرەزە خاسەی جاشی ئیستخباراتی مەنزومەی شیمالی دەستگیر کرابوون، دواتر لە ڕۆژی (1.6.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانیان درابوو.
3. سلێمان عەبدوڵڵا ئیسماعیل پیرداود مهاجر (1.1.1960/ هەولێر/ رواندز – ئەندامی پدک). لە ڕێکەوتی (22.6.1980) گیرابوو.
4. یونس بابەکر حوسێن وسو ناسراو بە یونس خۆشناو (1957/ هەولێر/ پیرمام/ عاڵلایی – یەکێتی)، کە لە مانگی نۆی ساڵی (1980)دا لە گوندی (پیرەش)ی سەر بە پیرمام لەلایەن مەفرەزەیەکی جاشەکانی قاسم فارس تاهیر ئاغای کۆیە، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (57)ی ئیستخباراتی کۆیە بەدیل گیرا، کە فەرماندەی مەفرەزەکە جەرجیس عومەر جەرجیس (جەرگۆ پیرەشی) بوو کە سەرەتا جاشێکی دڕندە و ناسراوی قاسم ئاغا و دواتریش جاشی کانەبی چاوشین بوو، پاشان بوو بە پێشمەرگە تا لە ڕێکەوتی (10.10.1981)دا لە لەلایەن ڕائید کاکل حەمەد مەولود گەردی و جاشەکانی، بەهاوکاری خزموکەسی

شەهیدی هاووڵاتی (کەریم حوسێن عەبدوڵڵا/ 1964) کوژرا، کە ناوبراو پێشتر لە ڕۆژی (31.8.1980)دا بەدەستی جەرگۆ شەهید کرابوو.

**پازدەم**: لە شەوی (27.5.1981)دا پێنج پێشمەرگە و هاوڕێ و هەڤاڵانی یەکێتیی و پارتی لە سێدارە دران کە ئەمانە بوون:

1. تاهیر عەبدوڵڵا (زاخۆ – پدک).
2. دارا حەمید عەزیز محەمەد (1954/ کەرکوک/ کفری/ شۆراوە - کادیری ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)، لە ڕۆژی (20.8.1980) گیرابوو، لە ڕۆژی (21.3.1981)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی دەرچووبوو.
3. عەلی تۆفیق عەبدولقادر حەیدەر ناسراو بە عەلائەدین (1957/ کەرکوک/ کفری - کادیری ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و یەکێتی)، لە ڕۆژی (20.8.1980) گیرابوو، لە ڕۆژی (21.3.1981)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرچووبوو.
4. عومەر میرزا شاموراد ناسراو بە نەبەز (1939/ سلێمانی)، پێشمەرگەی هەرێمی (5)ی قەرەداغی یەکێتی، لە (16.12.1980)دا لە شەڕێکدا لە نێوان گوندەکانی جێشانە و دارۆغان لە چەمی ئاڵیشەی سەر بە سەرچنار بە بریندارى لەلایەن مەفرەزەیەکی ئیستخبارات، عوسمان مەحمود حەمەخان تەپەڕەشی ناسراو بە عوسەی خولەی خانە، یان عوسەی ئۆکل (تەپەڕەش/ قەرەداغ)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (15) و محەمەد حەسەن ئەحمەد قەرەوەیسی (حەمەی حەسۆل)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (55)ی سەر بە ئیستخباراتی سلێمانی بەدیل گیرا، لە ڕۆژی (17.3.1981)دا لە هەیئە خاسەی شاری کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە و بۆ ژووری سێدارەی موسڵ گواستراوەتەوە.
5. مەجید عیسا عەبدی خورشید (1955/ زاخۆ/ عومەرئاغا)، ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان.

بە بۆچوونی خۆم، ئەگەر بێت و ئەو (15) هاوڕێیەی کە لە مانگی مای ساڵی (1981) لە سێدارە دران، لەکاتی هەوڵی شکاندنی ژووری سێدارەی موسڵ لە ڕێکەوتی (2.6.1981)دا لە ژیاندا مابانایە، ئەنجامی هەوڵەکە بەشێوەیەکی دیکە و لە بەرژەوەندی زیندانییەکان دەبوو، بەتایبەت کە جەمیل ئەحمەد مەحمود کەسێکی ڕۆشنبیر و هەڵبەستوان بوو، بۆ ڕێنماییکردن و سەرپەرشتی کردنی هەوڵەکە سوودی دەبوو، هەروەها بەکر کەریم محەمەد عەزیز محەمەد (بەکر سوسەیی)، جەلال مەحمود ئەحمەد سورداشی، جەوهەر حوسێن هەشەزینی، عەلی محەمەد ئەمین نەسروڵڵا سەید سادقی، عومەر میرزا شاموراد و تەحسین ڕەحمان فەرحان ئەزمونی شەڕ، بەکارهێنانی چەک، بەرگری و هێرشکردنە سەر دوژمنیان لە پێشمەرگایەتیەوە هەبووە، ئەگەر چەکیان بکەوتایە دەست، سەدا سەد ئۆپراسیۆنەکە ئەنجامێکی دیکەی دەبوو. لە ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (14.5.2017)دا لە تەلەفۆن هەمان شتم بۆ شۆڕش بازیانی باسکرد، ئەویش هەمان بۆچوونی هەبوو، هەروەها گوتی: (هەوڵی شکاندنەکەی ئەو شەوە کە خۆم لەوێ بووم، لە هەوڵێکی ناڕێکوپێک دەچوو، کەس نەبوو سەرپەرشتی ئۆپراسیۆنەکە بکات. منیش دڵنیام ئەگەر ئەوانەی ئەو پلانەیان داڕشتبوو خۆیان لەکاتی شکاندنی زیندانەکە لە ژیاندا بوونایە، ئەنجامەکە بەشێوەیەکی دیکە دەبوو).

لە ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی (26.1.1981)دا شازدە کەس لە ژووری سێدارە سزاکەیان بۆ سووککرا بۆ زیندانی هەتاهەتایە، دواتریش لە ناوەڕاستی مانگی داهاتوودا محەمەد حەسەن خورشید کەرکوکی سزاکەی بۆ سوککرا، ئەو پێشتر لە ڕۆژی (25.10.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دەدرێ و بۆ زیندانی موسڵ دەگوازرێتەوە، خۆشبەختانە ئێستاکە لە فنلەندا دەژیت و خوشکەزای ئەبو شەهاب (ئیحسان نەجم محێدین کەرکوکی) ئەندامی سەرکردایەتی پێشووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، لە شازدە کەسەکە ئەمانەم بۆ دۆزراوەتەوە: ئەحمەد مەحمود عەبدولڕەحمان حەمە عەرەب (1952/ سلێمانی – یەکێتی)، لە ڕۆژی (20.10.1979)دا گیرابوو، لە ڕێکەوتی (6.2.1980)دا لە دادگای هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری سێدارەی درابوو، ئیبراهیم عومەر محەمەد مەعروف

(1955/ سلێمانی/ یەکێتی)، لە ڕێکەوتی (10.10.1979)دا گیرا، لە ڕۆژی (5.2.1980)دا لە دادگای هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دەدرێ، جەعفەر شەریف چاقشین ئەلتەلی (1943/ زاخۆ)، لە ڕۆژی (23.11.1979)دا گیراوە و لە ڕێکەوتی (24.2.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری گوللە باران کردنی درابوو، حەسەن فەتاح ئەحمەد حەسەن هەولێری (11.11.1979-8.10.1982)، حەمە عەلی سەرشەقام ناسراو بە (حەمە عەلی قەڵەو)، خورشید ئەمین نعمەت ئەبوبەکر (1937/ دهۆک/ زاخۆ)، لە ڕۆژی (25.11.1979)دا گیرابوو، دواتر لە ڕێکەوتی (24.2.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری گوللە باران کردنی درابوو، خورشید حەسەن شەکر، لە ڕۆژی (23.11.1979)دا گیراوە و لە ڕێکەوتی (24.2.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری گوللە باران کردنی درابوو، ساڵح ئیسماعیل قوتاس ئیسماعیل (1951/ دهۆک/ زاخۆ)، لە ڕۆژی (25.11.1979)دا گیراوە و لە ڕێکەوتی (24.2.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری گوللە باران کردنی درابوو، سەلیم درباس حەمەد، لە ڕۆژی (23.11.1979)دا گیراوە و لە ڕێکەوتی (24.2.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری گوللە باران کردنی درابوو، عەلی دۆسکی (دهۆک/ مانگێش/ گربیشی)، لە ڕۆژی (23.11.1979)دا گیراوە و لە ڕێکەوتی (24.2.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری گوللە باران کردنی درابوو، عەلی سەعید عەزیز حەمەد دیبەگەیی ناسراو بە عەلی پۆلیس هەولێری (16.4.1979-19.7.1982)، عەلی محەمەد سەعید موراد (1952/ سلێمانی/ سەیدسادق)، لە ڕۆژی (21.9.1979)دا گیراوە، لە ڕێکەوتی (10.1.1980)دا لە دادگای هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری سێدارەی درابوو، عەونی قوتاس حوسێن قوتاس (1950/ زاخۆ)، لە ڕۆژی (23.11.1979)دا گیراوە و لە ڕێکەوتی (24.2.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری گوللە باران کردنی درابوو، محەمەد سەعید ڕەشید فەتاح ناسراو بە حەمە ماوەتی، لە ڕێکەوتی (15.10.1979)دا گیراوە و لە ڕێکەوتی (10.1.1980)دا لە دادگای هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری گوللە باران کردنی درابوو، کە دوای چەند ڕۆژێک ڕەوانەی زیندانی سزا تایبەتییەکان (الأحکام الخاصة)ی ئەبوغرێب کران. ئەوەبوو ئەو (17) هاوڕێیە بەر لێبووردنی (17.7.1982) کەوتن و تا ڕۆژی (27.7.1982) هەموویان ئازادکران.



زیندانی موسڵ: دوای سووککردنی سزاکانیان لە سێدارەوە بۆ سزای هەتاهەتایە: (مامۆستا محەمەد حەسەن خورشید کەرکوکی - تەیب سیدەکانی - عەلی سەعید عەزیز حەمەد دیبەگەیی و منداڵەکە کەسوکاری عەلی دیبەگەییە).



دوای سووککردنی سزاکەی لە سێدارەوە بۆ سزای هەتاهەتایە لە زیندانی موسڵ (ئالانی خوشکەزای مامۆستا محەمەد حەسەن خورشید - مامۆستا محەمەد حەسەن خورشید کەرکوکی - گەیلانی برایی و ئاسۆی پورزای).

جگە لە محەمەد حەسەن خورشید، وابزانم (16) کەسەکەی دیکە کە بەیەکەوە سزاکەیان لە سێدارە بۆ کرا بە زیندانی هەتا هەتایە، هەموویان پێشتر سەرباز و پۆلیسی ڕاکردوو بوون و ببوون بە پێشمەرگە و بە لێبووردنی گشتی گەڕابوونەوە و خۆیان ڕادەستی ڕژێم کردبووەوە، بەڵام ڕژێم هەموویانی دادگایی کرد و سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرکردبوون.

ئەوەندەی بێتەوە یادم و توانیبێتم زانیاری بەدەست بخەم و ناوەکانیان پەیدا بکەم، ئەو کۆمەڵە کوردپەروەر و تێکۆشەرە ئەوکات لە ژووری سێدارەی موسڵ بوون، دواتریش بە مێژووی جیاجیا لە سێدارەدران یان گوللەباران کران جگە لە سێ کەسیان، دوو عەرەبیشیان لەگەڵ بوو کە کێشەی ئەوان کێشەی کۆمەڵایەتی و مرۆڤکوشتن بوو نەک پرسی سیاسی: (ئەحمەد عەنچە، گەنجێکی عەرەبی موسڵاوی بوو لەسەر کوشتنی خەڵک و بردنی سامان و پارەکانیان بڕیاری لە سێدارەدانی هەبوو و هێنابوویانە ناو ئەو زیندانە. خۆم، پێم وابوو ئەحمەد عەنجە دوای ماوەیەک سزاکەی بۆ کرا بە زیندانی هەتا هەتایە و گواستیانەوە بەشی کوشتن هەر لە زیندانی موسڵ، کەچی لەم دواییەدا شۆڕش محەمەد تۆفیق کافرۆشی لای مامۆستا محەمەد حەسەن خورشید کەرکوکی هاوڕێم، کە هەردووکیان هەر یەکەو بۆ ماوەیەک لە ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ بووینە، باسی ئەوەی کردووە کە ئەحمەد عەنچە شەوی شکاندنی زیندانەکە لەوێ بووەو بەشداریش بووە، دواتریش شۆڕش بۆ خۆیشم هەمان شتی باسکرد، ئەسکەندەر حەیدەر ڕۆستەم محەمەد ئۆمەربلی (گیڤارای گەرمیان)، سەید ئیبراهیم ئەحمەد جەبار گەرمکی، ئەمین حوسێن حەسەن، ئیحسان محەمەد ساڵح ئەحمەد بەگ ناسراو بە فائیق، بابان ئەحمەد محەمەد عەبدولڕەحمان، بەرزان عومەر عەلی، بێستون حوسێن، تۆفیق ئەحمەد تۆفیق کافرۆشی (دوای شکستی هەوڵی شکاندنی زیندان سزاکەی بۆ سووککراو بۆ زیندانی ئەبوغرێب گواسترایەوە)، جەبار ئەحمەد زەریفە، جەوهەر حەمە، حامید عەبدوڵڵا سەعید محەمەد ناسراو بە حامید هەڵەدنی (سلێمانی/ هەڵەدن)، حەسەن ئیسماعیل حەمەد عەبدوڵلا گۆمەشینی (یەکێتی)، حەمەڕەشید ئەحمەد وەلی عەلی کافرۆشی (دوای شکستی هەوڵی شکاندنی زیندان سزاکەی بۆ سووککراو بۆ زیندانی ئەبوغرێب گواسترایەوە)، ڕەحیم هەولێری، سەباح مەجید سەعید، شێروان ڕەشید ئیسماعیل ئیبراهیم گەردی (شێرو جومناستیک) گەنجێکی گەڕەکی سەیداوەی شاری هەولێر بوو کە چەند مانگێک بوو چووبووە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی یەکێتی و بۆ ئەنجامدانی چالاکییەک لە کۆتایی ساڵی (1980)دا هاتبووە ناو شارو بەدیل گیرا، دواتر لە ڕۆژی (7.3.1981)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو و هێنایانە بەندیخانەی موسڵ و لە ناوەڕاستی هەمان ساڵ لەوێ لە سێدارە درا، شۆڕش محەمەد تۆفیق کافرۆشی (دوای شکستی هەوڵی شکاندنی زیندان سزاکەی بۆ سووککراو بۆ زیندانی ئەبوغرێب گواسترایەوە)، عەبدولسەمیع ئەحمەد مستەفا چەمچەماڵی، عەبدوڵلا ڕەسوڵ حەسەن قادر جاف (1962/ هەڵەدن)، عەبدولواحێد کارەسوڵ محەمەد ناسراو بە مەلا واحێد، عەدنان سابیر خدر، عەلی محەمەد، کامەران جەلال کەرکوکی (پێشمەرگەی یەکێتی، لە کەرتی ڕێکخستنی قەرەداغ و پێشتر لە ڕۆژی 10.3.1981 گیرابوو، لە ڕۆژی 23.5.1981 لە هەیئە خاسە بڕیاری لە سێدارە دانی دەرچووە و گواستراوەتەوە ژووری سێدارەی موسڵ؛ چەند نامەیەک لە زیندانی فاشیستەکانەوە، ل152)، فریاد عەرەب، خەڵکی موسڵ بوو لەسەر کوشتنی کچە مامێکی خۆی سزای سێدارەی درابوو، فازڵ محەمەد غەریب سەعید (1954/ سلێمانی – یەکێتی)، جێگری فەرماندەی هەرێمی (9). لە ڕۆژی (21.9.1980)دا بەدیل گیراوە، محەمەد ڕەفیق محەمەد نوری ئیسماعیل (1954/ سلێمانی – پێشمەرگەی یەکێتی لای مستەفا چاوڕەش، لە ڕێکەوتی (4.12.1980)دا لەناو سلێمانی بەدیل گیراوە)، محەمەد ساڵح کاکەبرا شاوەیس سەیدسادقی ناسراو بە ئامانج شاتری (یەکێتی)، محەمەد عەلی محەمەد مستەفا ناسراو بە مامە، مەحمود حەمە عەبدوڵلا بابەکر (سلێمانی – یەکێتی)، مەحمود ڕەشید مەجید، موحسین ئەحمەد عەبدولڕەحمان و یوسف مەجید کەرکوکی، کە لە ڕۆژی (17.3.1981)دا بڕیاری لە سێدارە دانی لە هەیئە خاسەی کەرکوک درا). ژمارەی زیندانییەکان (34) کەس بوو لەکاتی هەوڵی شکاندنی زیندانەکە، هەروەها لەوانەشە چەند کەسێک لەو ناوانەی سەرەوە پێش هەوڵەکە لە سێدارە درابن، بەڵام لەبەر نەبوونی زانیاری دروست لەسەر ڕۆژی لە سێدارە دانیان ناوەکانم لە سەرەوەدا نووسیون.

دوای جێبەجێکردنی نەخشە و پلانی شکاندنی زیندانی ژووری سێدارەی موسڵ، ئیتر بۆ بەیانییەکەی هەمان ڕۆژ، واتە ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (2.6.1981)، سەرجەم (34) زیندانییەکەی ژووری سێدارە لەناو حەوشی بەشی سێدارەو شوێنی دیدەنی بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ گیرانەوە، دوای ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر هەر لەو شوێنانەدا، کرانەوە ژوورەکانی پێشووی خۆیان و دیدەنی کەسوکاریان لێ قەدەغە کرا. بەگوێرەی قسەی شێخ فازڵ یوسف،

خۆیی و مەردانی برایی لە کاتژمێری (9)ی بەیانی ڕۆژی (5.6.1981)دا، کە دەیانویست بەرەو سنووری سوریا بڕۆن و خۆیان بگەیەننە ئەو وڵاتە، کەچی لە نزیک شارۆچکەی ڕەبیعە لەلایەن مەفرەزەیەکی سوپای میللی (الجیش الشعبي) قۆڵبەست دەکرێن و سەرەتا (مەردان و فازڵ) لە ئەمنی موسڵ لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرێ، دەگوازرێنەوە بۆ پۆلیسی هەولێر و بۆ ماوەی هەفتەیەک لەوێ دەمێننەوە و دواتر بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕۆژی (28.6.1981) ڕەوانەی زیندانی هەیئە خاسەی کەرکوک کران.

شۆڕش بازیانی، باسی ئەوەی کرد کە شەوی ئۆپراسیۆنەکە هیچ کەسێک لە زیندانییەکان نەیان توانیوە لە زیندان دەربچن و ئەو شەوەش شێخ فازڵ و شەهید مەردان لە زیندان نەبووینە. ناوبراو دڵنیاشە کە هیچ زیندانییەک لەو (34) هاوڕێیەی ژووری سێدارە، لەگەڵ ئەو دوو زیندانەوانە دەرنەچووینە. خۆیشم قسەکانی شۆڕش بەڕاست دەزانم و پێم وانییە هیچ زیندانییەک توانیبێتی لەنێو زیندان دەرچووبێ!

دوای ئەشکەنجە و ئازاری نزیکەی هەشت مانگی دڕندانەی جەللادەکان ئەمنی موسڵ و هەیئە خاسەی کەرکوک، لە ڕێکەوتی (20.2.1982)دا، هەردوو برا (مەردان و فازڵ) لە دادگای هەیئە خاسەی کەرکوک دادگایی کران و شێخ مەردان بڕیاری گوللە باران کردن و شێخ فازڵ سزای زیندانیکردنی هەتا هەتایەی بۆ دەرچوو.

فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس، لە دوای بڕیاری سزاکەی بە یەک دوو ڕۆژ بە جەستەیەکی نیمچە ئیفلیج و شێواو ڕەوانەی زیندانی بەشی سزا تایبەتییەکان (قسم ألأحكام الخاصة)ی بەندیخانەی ئەبوغرێب لە شاری بەغدا کرا. مەردان-یش بۆ ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ گواسترایەوە، بەڵام دوای نزیکەی کەمتر لە نۆ مانگ، لە ڕێکەوتی (13.11.1982)دا فەرمانی گوللە باران کردنی بەسەردا جێبەجێکرا، وەلێ تا ئێستا تەرمەکەی نەدۆزراوەتەوە.

فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس، بۆ ماوەیەکی زۆر لە زیندان مایەوە و هیچ لێبووردنێکی گشتی کە بۆ زیندانییە سیاسییەکان لەلایەن ڕژێمی سەدام و حکومەتی بەعس دەردەچوو ئەوی نەدەگرتەوە. بەڵام دواجار لە ڕێکەوتی (28.4.1986)دا لێبووردن گرتییەوەو لە ڕۆژی (21.5.1986)دا ئازادکرا.

دوای هەوڵی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ ژمارەیەکی زۆر تێکۆشەری کورد لەوانەی لەکاتی هەوڵەکە و ئەوانەی دوای هەوڵەکەش هاتن لە سێدارە دران، بەڵام ئەوانەی کە بۆم ناسرابن ئەمانەی خوارەوەن:

**یەکەم**: لە ڕێکەوتی (13.6.1981)، شاکر تەها یاسین حەمەد یونس گەردی (1963/ هەولێر/ تەیراوە – ئەندامی پدک)، لە سێدارە درا. شاکر تەها، لە مانگی یازدەی ساڵی (1980) لەکاتی هەوڵی کوشتنی پارێزگاری هەولێر یەحیا جاف (یەحیا محەمەد ڕەشید جاف) لەناو تەلاری پارێزگای هەولێر دەستگیر کرا، لە ڕۆژی (1.6.1981)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی درا.

**دووەم**: لە ڕێکەوتی (14.6.1981)دا پێشمەرگەیەکی یەکێتی بەناوی حەسەن ئیسماعیل حەمەد عەبدوڵڵا (هەولێر/ گۆمەشین) لە سێدارە درا، کە پێشتر لە کۆتایی ساڵی (1980)دا لە گەڕەکی باداوەی هەولێر گیرابوو.

**سێیەم**: لە ڕۆژی (1.7.1981)دا شێروان ڕەشید ئیسماعیل ئیبراهیم، پێشمەرگەی یەکێتی، کە پێشتر لەناو شاری هەولێر بەدیل گیرابوو، لەگەڵ فازڵ محەمەد غەریب سەعید ناسراو بە کاکەسوور (1954/ سلێمانی - یەکێتی)، جێگری فەرماندەی هەرێمی (9)، کە لە ڕۆژی (7.9.1980)دا بەهۆی سیخوڕی بەعس عەزیز خۆشناوی بەرپرسی پارتی دیموکراتی کوردستانی لقی سلێمانی حزبە کارتۆنییەکەی بەغدا لەلایەن ئەمنی سلێمانی گیرابوو، لە سێدارە دران.

**چوارەم**: لە ڕۆژی (12.7.1981)دا محەمەد ساڵح کاکەبرا شاوەیس سەیدسادقی ناسراو بە ئامانج شاتری، ئەندامی (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان/ یەکێتی)، کە لە ڕێکەوتی (1.10.1980)دا دەستگیر کرابوو، لە سێدارە درا (بۆ ڕۆژی لە سێدارەدان پشتم بەستووە بە نووسینێکی چیمەن حەمەساڵح کاکەبرا، کە لە ژمارە 6ی گۆڤاری شەهید بڵاوکراوەتەوە). شەهیدی ناوبراو لە ڕێکەوتی (18.5.1981)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دەدرێ و ڕۆژی دواتر دەگوازرێتەوە بۆ ژووری سێدارەی موسڵ.

**پێنجەم**: لە ڕێکەوتی (16.8.1981) بەرزان عومەر عەلی محەمەد ناسراو بە کاوە (1958/ سلێمانی - پێشمەرگەی هەرێمی پێنجی قەرەداخی یەکێتی)، لەگەڵ ئەحمەد عەنچە لە سێدارە دران. شەهید بەرزان، لە ڕۆژی (7.7.1980) لەکاتی گەڕەوانەوەی لە سلێمانی بۆ ناو هێزی پێشمەرگە لە ئەزمڕ بەدیل گیرابوو. دوو ساڵ پێشتریش ئەڵوەند عومەر عەلی برا بچووکی کە پێشمەرگەی دیل بوو، لە شەوی (23.7.1979)دا لە هەمان زیندان لە موسڵ لە سێدارە دراوە.

**شەشەم**: لە ڕێکەوتی (29.8.1981)، حەوت ئەندامی یەکێتی، کە ڕۆژی (28.12.1980) لە پشدەر/ سلێمانی گیرابوون و لە ڕۆژی (18.7.1981)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانیان دەدرێ، لە سێدارە دران:

1. باپیر سمکۆ قەرەنی سلێمان (1961/ سلێمانی/ ژاراوە/ شەروێت).
2. جەعفەر سلێمان عەلی ناسراو بە جەعفەری سلێمان پور (کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان/ ئەندامی حزبی دیموکراتی کوردستان، بەڵام بە تۆمەتی هاوکاری ی. ن. ک گیرابوو).
3. دەرویش عەلی حەسەن بایز ئاغا مەنگوڕ/ 1957/ سلێمانی/ ژاراوە/ شەروێت).
4. عەلی حەسەن بایز ئاغا مەنگوڕ (1912/ سلێمانی/ ژاراوە/ شەروێت).
5. قادر هەمزە حەسەن بایز ئاغا مەنگوڕ (1957/ سلێمانی/ ژاراوە/ شەروێت).
6. مامەند بایز حەسەن بایز ئاغا مەنگوڕ (1957/ سلێمانی/ ژاراوە/ شەروێت).
7. مینە مەعروف سلێمان (مینەی مەعروف ئاغا، کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان). ئەو حەوت شەهیدە ڕوون نەبۆتەوە کە بەر لە جێبەجێکردنی هەوڵی شکاندنی زیندانەکە هاتوونەتە ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ یان دواتر، کە کەسوکاریان تا دوای لە سێدارە دانیان نەیان زانیوە لەو زیندانە بووینە.

**حەوتەم**: لە شەوی (20.9.1981)دا دوو پێشمەرگەی یەکێتی لە سێدارە دران کە ئەمانە بوون:

1. ئەسکەندەر حەیدەر ڕۆستەم محەمەد ئۆمەربلی ناسراو بە گیڤارای گەرمیان (1960/ کەرکوک/ کفری). لە ڕێکەوتی (12.1.1981)دا لە شەڕێکدا لەگەڵ جاشە خۆفرۆشەکانی تەحسین شاوەیس سەعید ڕۆژبەیانی فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (50)ی مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی لە گوندی (کۆشک)ی سەر بە شارۆچکەی قەرەداغ لەگەڵ سەید برایم بەدیل گیرابوون، لە ڕۆژی (28.3.1981) لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانیان دەردەچێ، دواتر بەگوێرەی فەرمانی کۆماری ژمارە (198)ی ڕێکەوتی (26.4.1981)، پێکەوە لە شەوی (20.9.1981)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دران. گۆران-ی برای شەهید گیڤارا، لە ڕۆژی (27.12.1993)دا لە شەڕی ناوخۆدا شەهید بووە.
2. ئیبراهیم ئەحمەد جەبار ناسراو بە سەید برایم گەرمکی (کەرکوک/ کفری - پێشمەرگەی هەرێمی پێنجی یەکێتی)، کە بە برینداری لەگەڵ گیڤارای گەرمیان لەلایەن جاشە خۆفرۆشەکانی تەحسین شاوەیس لە گوندی کۆشک بەدیل گیرابوو.

**هەشتەم**: لە ڕۆژی (16.11.1981)دا سێ پێشمەرگەی یەکێتی لە سێدارە دران، کە پێشتر لە ڕۆژی (14.5.1981)دا لە ناوچەی کەناروێ بەدیل گیرابوون، بەڵام تەنیا دوو لەو پێشمەرگانە ناسراون:

1. کازم مەزهەر بیلال عەبدوڵڵا ناسراو بە بێکەس (1957/ سلێمانی/ سیوەیل/ شەهابەدین).
2. کامەران کەریم محەمەد جوبرائیل (1965/ کەرکوک/ سەنگاو).

**نۆیەم**: لە ڕێکەوتی (28.11.1981.)دا دوو پێشمەرگەی یەکێتی، کە ڕۆژی (26.4.1981) لەناو کۆیە لەلایەن جاشەکانی قاسم فارس تاهیر ئاغا و چەتۆی کەریمە سووری بەدیل گیرابوون، لە سێدارە دران:

1. جەمال ئیسماعیل حەمەخان (1958/ کۆیە).
2. دلێر مستەفا عەبدوڵڵا ئەحمەد (22.1.1959/ هەولێر/ کۆیە/ قەسرێ).

**دەیەم**: لە ڕۆژی (2.12.1981)دا (10) ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان (یەکێتی) لە سێدارە دران، کە پێشتر لە ڕۆژی (18.5.1981)دا لە هەیئە بڕیاری لە سێدارە دانیان درابوو، دواتریش بەگوێرەی فەرمانی کۆماری ژمارە (301)ی ڕێکەوتی (11.6.1981)، لە سێدارە دراون، کە ئەمانەی خوارەوە بوون:

1. ئەمین حوسێن حەسەن.
3. ئیحسان محەمەد ساڵح ئەحمەد بەگ ناسراو بە فائیق.
4. بابان ئەحمەد محەمەد عەبدولڕەحمان.
5. جەبار ئەحمەد موراد ڕەزا ناسراو بە جەبار ئەحمەد زەریفە، لەو ڕۆژەدا گوللە باران کراوە، چونکە کە دەستگیر کرا سەرباز بوو. (بەگوێرەی نامیلکەکەی نەریمان مەجید لە شەوی 2.6.1981دا لەکاتی هەوڵی شکاندنی زیندان شەهید بووە)، بەڵام بەپشت بەستن بە شۆڕش محەمەد بازیانی، کە خۆی شەوی هەوڵەکە لەو زیندانە بووە، ئەوەی ڕەتکردەوە کە هیچ کەسێک بریندار یان شەهید بووبێ، بۆیە ئەو قسەیەی نەریمان دوورە لە ڕاستی. برایەکی شەهید جەبار بە ناوی عەلی، کە پێشمەرگەی (یەکێتی) بووە، دواتر لە ساڵی (1996) شەهید بووە.
6. سەباح مەجید سەعید ئەمین (بەگوێرەی نامیلکەکەی نەریمان مەجید لە شەوی 2.6.1981دا لەکاتی هەوڵی شکاندنی زیندان بریندار بووە)، بەڵام بەپشت بەستن بە شۆڕش محەمەد بازیانی، کە خۆی شەوی هەوڵەکە لەو زیندانە بووە، ئەوەی ڕەتکردەوە کە هیچ کەسێک بریندار یان شەهید بووبێ، بۆیە ئەو قسەیەی نەریمان دوورە لە ڕاستی.
7. عەبدولسەمیع ئەحمەد مستەفا.
8. عەدنان سابیر خدر ناسراو بە خەبات (بەگوێرەی نامیلکەکەی نەریمان مەجید لە شەوی 2.6.1981دا لەکاتی هەوڵی شکاندنی زیندان شەهید بووە)، بەڵام بەپشت بەستن بە شۆڕش محەمەد بازیانی، کە خۆی شەوی هەوڵەکە لەو زیندانە بووە، ئەوەی ڕەتکردەوە کە هیچ کەسێک بریندار یان شەهید بووبێ، بۆیە ئەو قسەیەی نەریمان دوورە لە ڕاستی.
9. محەمەد عەلی محەمەد مستەفا ناسراو بە مامە.
10. مەحمود ڕەشید مەجید محەمەد.
11. موحسین ئەحمەد عەبدولڕەحمان.

هێزێکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەسەرپەرشتی (ش. ئە. ب)، لە تۆڵەی دەستگیرکردنی ئەو پۆلە ڕێکخستنەی بازیان و دەربەندیخان، کەسێکی بەناوی (فاروقی عەبە مەسول شاوازی) خەڵکی ناوچەی شێخانی بناری بەمۆ کوشت، کە سەرۆکی یەکێتیی قووتابیانی ئێراقی سەر بە حزبی بەعس بوو لە بازیان. کوژرانی فاروق، بووە هۆکاری ئەوەی کە دەزگاکانی بەعس هەوڵی لەناوبردنی ئەو هاوڕێیانەی بازیان بدەن.

**یازدەم**: لە ڕێکەوتی (5.12.1981)دا (5) کوردپەروەر لە سێدارە دران کە ئەوانە ناسراون:

1. حەمەدئەمین محەمەد عەبدوڵڵا سوڵتان گەلاڵی (1955/ هەولێر/ مەلاکاغا)، پێشمەرگەی حسک. لە ڕێکەوتی (14.12.1980)دا دەستگیر کراوە، دواتر لە ناوەڕاستی مانگی حوزەیرانی ساڵی (1981)، لە هەیئە خاسەی کەرکوک سزای لە سێدارەدانی بۆ دەردەچێت و ڕەوانەی زیندانی موسڵ دەکرێت. بەگوێرەی فەرمانی کۆماری ژمارە (429)ی ڕێکەوتی (25.7.1981) لە سێدارە درا.
2. سالار عەبدولکەریم حوسێن سوارە (1963/ سلێمانی/ دەربەندیخان/ دەرەدۆین)، ئەندامی یەکێتی.
3. کامیل شێخ عارف قادر (1961/ سلێمانی – پارتی سۆسیالیستی کورد/ پاسۆک)، لەناو سلێمانی لەگەڵ حەمە قەمبور گیرا و دواتر لە مانگی (6)ی ساڵی (1981)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی

دەرچوو، پاشان بەگوێرەی مەرسومی کۆماری ژمارە (431)ی ڕێکەوتی (2.7.1981) لەم ڕۆژەدا لە سێدارە دراوە.

4. نوری خدر ئەحمەد سەعدوللا بەقاڵ (1.7.1948/ هەولێر/ دیبەگە)، بە کۆدی ژمارە (10848). شەهید نوری دانیشتووی گوندی قورشاغلوی سەر بە قوشتەپە بوو، سەرەڕای ئەوەی سەر بە ڕێکخستنەکانی حسک بوو، بەڵام هەر مەفرەزەیەکی حسک بهاتبایە ناوچەکە ئەو چەکی دەبەست و بۆ ئەنجام دانی چالاکی لەگەڵیان دەچوو، وەلێ دواتر لەلایەن خۆفرۆشێکەوە زمانی لێدرا و لە ڕێکەوتی (20.12.1980)دا لەلایەن ئەمنی قوشتەپە دەستگیرکرا. چەند شەوێک لە ئەمنی قوشتەپە ئەشکەنجەی زۆری درا، تا شەوێک دەرفەتی بۆ دەرەخسێ و لە سەربانی بنکەی پۆلیس و ئەمنی قوشتەپە خۆی فڕێ دەداتە خوارەوە و قاچێکی دەشکێ، ئەو بە قاچێکی شکاوەوە دەربازی دەبێت و پەنا دەباتە بەر ماڵێک، بەڵام ئەو ماڵە ڕادەستی ئەمنی قوشتەپەی دەکەنەوە. دواتر لە ناوەڕاستی مانگی حوزەیرانی ساڵی (1981)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک سزای لە سێدارەدانی بۆ دەردەچێت و ڕەوانەی زیندانی موسڵ دەکرێت. لە ڕۆژی (4.12.1981)دا بۆ ماوەی دوو تا سێ کاتژمێر ڕێگەیان بە خزم و کەسوکارەکەی دا کە بۆ یەکەمین و دوا جار دیدەنی نوری (نورە) بکەن و بۆ شەوەکەی بەگوێرەی فەرمانی کۆماری ژمارە (429)ی ڕێکەوتی (25.7.1981) لە سێدارە درا. نوری خدر ئەحمەد، دوای ڕاپەڕین وەکو شەهیدی یەکێتی هەژمارکراوە و مووچەی بۆ بڕاوەتەوە.
5. هاوڕێ جەلال کەریم ڕەحیم ناسراو بە شۆڕش (1961/ سلێمانی/ سەرشەقام)، پێشمەرگەی هەرێمی (5)ی قەرەداغی یەکێتی، کە لە ڕێکەوتی (22.2.1981)دا لەناو شاری سلێمانی بەدیل گیرا، دواتر لە مانگی (7)ی ساڵی (1981)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی دەرچووبوو.

<u>**دوازدەم**</u>: لە ڕێکەوتی (7.12.1981)دا، شەش کوردپەروەر لە سێدارە دران بە ناوەکانی:

1. جەعفەر عەبدوڵڵا ئەحمەد محەمەد عەلی (1964/ ئامێدی/ کانیماسی/ تروانش - پدک)، کە پێشتر لە ڕێکەوتی (25.12.1980)دا دەستگیر کرابوو.
2. حوسێن ئیسماعیل محەمەد سەلیم (ئامێدی/ کانیماسی/ تروانش - پدک)، کە پێشتر لە ڕۆژی (25.12.1980) دەستگیر کرابوو.
3. ساڵح کەریم ڕەحمان ناسراو بە ساڵح ڕەشاش (1967/ دیالە/ قۆرەتوو - یەکێتی).
4. عوسمان حەسەن ئیسماعیل حەسەن (1951/ سلێمانی/ چوارقوڕنە)، کە پێشتر لە ڕێکەوتی (7.2.1981)دا گیرابوو.
5. قارەمان (هیرەمان) عەلی عەبدوڵڵا سەمیع ناسراو بە قارەمانی عەلی شۆڕی (1956/ دیبەگە - پێشمەرگەی حسک)، کە یەکێک بوو لە پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێ، بەڵام بەداخەوە لە مانگی تەمووزی ساڵی (1981)دا لە شەڕێکدا لە کەلی سوور لەنێوان گوندەکانی نێرەگێن و بەردەسپی بە برینداری لەلایەن کۆپتەرەکانی ڕژێمی فاشی و ڕەگەزپەرستی بەعس بەدیل گیرا، لە ڕۆژی (14.10.1981)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک فەرمانی خنکاندنی بۆ دەرچوو، ڕەوانەی زیندانی موسڵ کراو پاشان بەگوێرەی فەرمانی کۆماری ژمارە (592)ی ڕێکەوتی (28.10.1981)، لە ڕۆژی (7.12.1981)دا لە سێدارە درا، چونکە دوای هەوڵی شکاندنەکەی زیندانی موسڵ ئەوانەی سزای لە سێدارەدانیان بۆ دەردەچوو ئەوەندە نەدەمانەوە و لە سێدارە دەدران. قارەمان عەلی عەبدوڵڵا، دوای ڕاپەڕین وەکو شەهیدی یەکێتی هەژمارکراوە و مووچەی بۆ بڕاوەتەوە.
6. کاکەبرا محەمەد ڕەشید ئەحمەد قەڵاسێوکەیی (1965/ ئاغجەلەر/ کانی هەنجیرە).
7. مەسیحا ئیسماعیل محەمەد سەلیم (ئامێدی/ کانیماسی/ تروانش - ئەندامی پدک).

<u>**سێزدەم**</u>: لە ڕێکەوتی (12.12.1981)دا دوو پێشمەرگەی یەکێتی، کە برا بوون لە سێدارە دراون:

1. زرار محەمەد ساڵح محەمەدئەمین ناسراو بە چالاک (1961/ کەرکوک/ عەسکەر). پێشمەرگەی تیپی (21)ی کەرکوکی یەکێتی، لەگەڵ ستاری محەمەدی برای لە ڕۆژی (5.7.1981)دا لەلایەن فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (55)ی بەعس محەمەد حەسەن محەمەد ناسراو بە حەمەی شێخ حەسەنی بەفراو گیراون، دواتر لە ڕۆژی (12.12.1981)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراون. حەمەی شێخ حەسەن شێخ محەمەدی بەفراو، لە ڕۆژی (10.6.1982)دا لە داستانی هەیدەربەگ بەدەستی پێشمەرگەکانی کەرتی (6) تیپی (21)ی کەرکوک کوژرا.
2. ستار محەمەد ساڵح محەمەدئەمین ناسراو بە فەرەیدون (1960/ کەرکوک/ ئاغجەلەر/ عەسکەر). زاهیر، برا گەورەی ئەم دوو شەهیدە، دواتر لە ساڵی (1988)دا شەهید کراوە.

**چواردەم**: لە ڕێکەوتی (17.12.1981)دا ئەندامێکی پارتی (خەمۆ تێلی مژێ/ ئامێدی/ گوندی مژێ) لە سێدارە درا.

**پازدەم**: ئەوانەی خوارەوەش لە مێژووی جیا جیادا هەر لە بەندیخانەی موسڵ لە سێدارە دراون:

1. تەیب عەلی مەعروف تەها (سلێمانی – یەکێتی). لە ساڵی (1981) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە درا.
2. حامید عەبدوڵڵا سەعید محەمەد ناسراو بە حامید هەڵەدنی (سلێمانی – یەکێتی). لە ساڵی (1981)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
3. دەخۆ کریڤ (دهۆک)، لە ساڵی (1980)دا لە موسڵ لە سێدارە درا.
4. سەباح جومعە عەبدوڵڵا کاکەیی (1957/ خانەقین – پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان)، لە ساڵی (1981)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە. هەرچەندە پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان لە ڕێکەوتی (22.10.1993)دامەزراوە، بەڵام وادیارە کەسوکاری ئەو شەهیدە وەکو شەهیدێکی پارتی کار ناونووسیان کردووە، کە دواتریش پارتی کار چووە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان.
5. عەبدوڵڵا ئەحمەد محەمەد میراودەلی (سلێمانی/ قەڵادزێ)، لە ساڵی (1981)دا لە سێدارە دراوە.
6. عەبدوڵڵا ڕەسوڵ حەسەن قادر جاف (1962/ سلێمانی/ هەڵەدن – پدک)، لە ساڵی (1981)دا لە سێدارە دراوە.
7. عەبدولواحێد کاڕەسوڵ محەمەد کاڕەسوڵ گەردی ناسراو بە مەلا واحێد (1960/ هەولێر/ بەڕانەتی/ قەرەقولیان – پدک)، لە کۆتایی ساڵی (1981)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
8. فازڵ عەبدوڵڵا عەلی (دهۆک/ سەرسەنگ – پدک)، لە ساڵی (1981)دا لە سێدارە دراوە.
9. فەتاح حال شوکر شێروانی (1959/ هەولێر/ شێروان مازن/ کانی بۆتێ - پدک)، لە ساڵی (1981) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
10. کامەران جەلال عەزیز حوسێن (کەرکوک/ ئیمام قاسم - پێشمەرگەی کەرتی قەرەداغی هەرێمی 5ی یەکێتی)، لە ڕۆژی (10.3.1981)دا گیرا، دواتر لە ڕۆژی (23.5.1981)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی دەرچووبوو، پاشانیش لە موسڵ لە سێدارە درا.
11. محەمەد شکور ڕەئوف عەلی (سلێمانی - یەکێتی). لە ساڵی (1981) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
12. محێدین نوعمان شوری پیرۆز مهاجر (1960/ هەولێر/ ڕواندز – هاووڵاتی)، لە ساڵی (1981)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
13. مەحمود حەمە عەبدوڵڵا بابەکر (سلێمانی - یەکێتی). لە ساڵی (1981) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
14. نورەدین نەسرەدین محەمەد ساڵح (1962)، پێشمەرگەی لقی چواری گەرمیانی حزبی شیوعی. لە ڕۆژی (9.3.1981)دا لەلایەن تەحسین شاوەیس سەعیدی فەرماندەی مەفرەزە خاسەی (50)ی ئیستخبارات و دواتر سەرۆکجاشی فەوجی (172)ی جاشە سووکەکان و قادر فەرەج عەبدوڵڵای فەرماندەی مەفرەزە خاسەی

(49)، لە شەڕی گوندی مەلا ئۆمەر بەدیل گیراو دواتر لە ڕۆژی (20.4.1982)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە درا.

15. هیوا شەمسەدین وەلی مەولود ناسراو بە هەڵۆ (1964/ سلێمانی - یەکێتی). لە ڕۆژی (10.7.1981)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
16. یوسف مەجید حوسێن کەرکوکی، کە لە ڕۆژی (17.3.1981)دا بڕیاری لە سێدارە دانی لە هەیئە خاسەی کەرکوک درا، دواتر لە کۆتایی ئەم ساڵەدا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە درا.

تێبینی// ئەم نووسینەم لە نێوان (3-2013/6/12)دا نووسراوە و لە ماڵپەڕە ئەلکترۆنییەکان و دواتریش لەسەر داخوازی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بە (5) بەش لە ژمارەکانی (6152/ 13.8.2013، 6153/ 14.8.2013، 6154/ 15.8.2013، 6155/ 16.8.2013، 6157/ 19.8.2013)دا بڵاوکرایەوە. دواتریش زانیاری نوێی خراوەتە سەر و چەند هەڵەیەکی ڕاست کراوەتەوە.


شەهید ئیبراهیم مەحمود محەمەد عەبدولڕەحمان (دکتۆر ڕێباز)




شەهید ئەحمەد خدر حوسێن هەروتی


شەهید ئەکرەم محەمەدئەمین قادر (ئەکرەمی حەپسە)


شەهید عەلی حەمەئەمین عەبدوڵڵا


شەهید کەریم ئەحمەد کەریم کەریم


شەهید شێرکۆ حەمید حەمەساڵح ئەمین (دکتۆر سیروان)


شەهید بەکر کەریم محەمەد جابر (بەکر موسی)


شەهیدی نەمر
جەمال ئیسماعیل حەمەخان کۆیی










هاوڕێ جەلال کەریم ڕەحیم


فازڵ محەمەد غەریب سەعید ناسراو بە کاکەسوور


شەهید : عەدنان سابیر

بسم الله الرحمن الرحیم

مردن لە پێناو کوردستان بێ
سەر و باقی بە قوربان بێ
ئاواتیش ئەبوایە هەر دەمردم
کە هێشتوو یادی نەدەکردم

بۆ برا عمر خورشید کاکە سلیمان.

پێشکەشی جوانترین سڵاوت لێ دەکەم وە ئەحوالی بەڕێزتت دەپرسم وە هیوادارم هەردەم بژیت بە خۆشی و شادی دووربیت لە هەموو ناخۆشیەکی ژیان وە ئەگەر تۆیش ئەحوالی من دەپرسیت من دەڵێم خۆ ئەو ڕێگە پیرۆزەی کە هەزاران ڕۆڵەی وەکو منی پیادا ڕۆیشتوە وا دەگەڵ کاروانی خەباتی شەهیدانی کوردستانی دەمێنم کاروانێکی [illegible] خەباتی دەهاتە پێناوی.

کاکە گیان هیچ غەم مەخۆ چونکە بە غەم خواردن چارەسەر ناکرێت وە هیوادارم ئێوەش بێ غەم بن بە خۆشی چونکە ئەگەر غەمت خوارد من نارەحەت دەبم وە هەروا ئێستا من هاوڕێم [illegible] چونکە من نامرم شەهید نامرێت بە هیچ جۆرێک. من شەهیدی ڕێگای ڕزگاری [illegible] ساڵەهای ساڵە لە ژێر دەستی [illegible] دەناڵێنێت جا پێویستە هەموو کات بە هەموو جۆرە بیروباوەڕێک و بە هەموو جۆرە چەکێک بە دژی سەرکردەکانی زۆرداری خۆمان [illegible] ئەگەر بیەوێت ڕزگار بێت پێویستە خەبات بکات وە ئەگەر خەباتی کرد پێویستە قوربانی بدات وە ئێستاش وەکو هەموو شەهیدێکی تر [illegible] قوربانیم

وا بە خۆشیەوە ئاواتی خۆم .

جا ئایە برا گیان ئەوا بە خۆم وەکو ڕەشە بێژێش لە ئێوە ئەدەم

وە لە سەر حاڵێ دانیشتە ئاگادارێ حاڵێکە وە ئاگادارێ

دایکم و یادگاری گەورەم تێ بکە وە بە هیچ دڵێ دڵ نەڕەنجێت

وە نیگەر شۆڕش شۆڕش بێت هەرچی من وە هەر دەگرێت لە داگیرکەر

چونکە من لە ڕێگای ئەم شۆڕشە خۆم فیدا کرد پێویستە هەر ئەم

شۆڕشە حاڵی من وەرگرێت . جا ئایە براگیان ئەوانە خۆشێت

هەر وا بزانە من ماوم وە من ئارەزوم هەر هەمیشە ڕێگای ڕزگاری

کوردم وەکو ڕێم ئازاد بکە وە دڵنیا بە کوردستان

ئازاد دەبێت .

وە دایە گیان یادگاریم هەر زۆر سڵاوم لێ دەکەم وە دەستت

ماچ دەکەم وە هیوادارم هەر دەم بژیت بە خۆشی و شادی

وە دەوری هەموو ئاشنایان وە گەردەن ئازادم بکەن وە هەمیشە

گەردەنتان ئازاد دەکەم وە حەقم بە خۆتان چونکە ئەوە بوو خواردن

هیچ شتێک پێش نایەت جا ئایە گیان هەر وا بزانە من ماوم

وە نەمردووم . وە بە مردنم خۆشحاڵم دەکەم وە زۆر سڵاوتان لێ دەکەم

وە جێی ڕەشە پێوەش لە بەرەکەت وە ئەوا بە خۆشیەوە ئاگادار بە

وە مردن لە صەباح دەکەم و چاوی ماچ دەکەم وە هیوادارم هەر دەم

بژیت بە شادی .

وە سڵاو لە هەموو خزم و دۆست و برادەران دەکەم وە هیوادارم هەردەم
بژین بە خۆشی و شادی وە گەردنی هەموو لایەک ئازاد بێت
~~دەمبینن گەردنی~~ وە ئەوانیش گەردنم ئازاد بکەن هیچ غەم مەخۆن
وە دووبارە تکاکە سلیمان زۆر سڵاوت لێ دەکەم وە هیوادارم هەردەم
بژیت بە خۆشی و شادی تکا لێ ئەکەم غەم مەخۆیت وە ئاگاداری
ماڵەوە بە دڵی دایکم و باوکم بکە بڕۆ کە بە هیچ جۆرێک.
تکا سلیمان من ناڕەحەت مەبە خۆم ئەو ڕێگایەم هەڵبژاردووە
وە هیچ پەشیمان نیم لە کارەکەی کردوومە

بە ڕاستی هەر پێشمەرگەیەم
بۆ خاک و وەتەن هەرگیز نایەم
خاکی پیرۆزی کوردستانەکەم
مایەی شانازیی بۆ نەتەوەکەم

عەبدولواحید
کەریم خۆشناو
١٩٨١/٥/١٢

# بەشی سێیەم

**گفتوگۆی داستانی شکاندنی زیندانی سێدارەی موسڵ**
**وەڵامی بەشی یەکەمی (وەڵامێکی هێمنانە بۆ دەرسیم دیبەگەیی)**
**وەڵامی بەشی دووەمی (وەڵامێکی هێمنانە بۆ دەرسیم دیبەگەیی)**
**وەڵامی بەشی سێیەمی (وەڵامێکی هێمنانە بۆ دەرسیم دیبەگەیی)**
**وەڵامی بەشی چوارەمی (وەڵامێکی هێمنانە بۆ دەرسیم دیبەگەیی)**
**ناوردبینی نەریمان مەجید لە نووسیندا**
**چیمەن ساڵح کاکەبراو پلانی شکاندنی بەندیخانەی موسڵ**
**سەرچاوەی بابەتەکانی نەریمان مەجید و چیمەن ساڵح کاکەبراو هاوپێچەکانیان**

## گفتوگۆی داستانی شکاندنی زیندانی سێدارەی موسڵ:

دوای نووسین و بڵاوکردنەوەی بابەتی (شکاندنی باستیلەکەی موسڵ، یان چەواشەکردنی مێژوو؟)، کە وەڵامێک بوو بۆ نامیلکەیەکی پڕ لە هەڵە و چەواشەکارییانەی مێژووی خەباتی کۆمەڵێک قارەمانی سزا دراو بە سزای مەرگ لە زیندانی ژووری سێدارەی موسڵ، کە لەلایەن نەریمان مەجید لەژێر ناوی (شکاندنی باستیلەکەی موسڵ)دا نووسراوە. سەرەتا نووسینەکەم لە چەند ماڵپەڕێکی ئەلکترۆنی و فەیسبووک بڵاوکرایەوە، دواتریش لە پێنج بەش لە پێنج ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ (6152، 6153، 6154، 6155، 6157)ی ڕۆژانی (13، 14، 15، 16، 19ی ئابی 2013)دا بڵاوکرایەوە.
نەریمان مەجید، بۆ وەڵامدانەوەی نووسینەکەم چەندان لاپەڕەی لەژێر ناوی (وەڵامێکی هێمنانە بۆ دەرسیم دیبەگەیی)دا لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارەکانی (6162، 6163، 6164، 6165)، ڕۆژانی (25/26/27/28-8-2013)دا پڕکردۆتەوە، کە گوایە وەڵامی منی داوەتەوە، کەچی دووبارە چەندان هەڵەی دیکەی کردووە، دووبارە پەنای بۆ چەواشەکاری و شێواندنی ئەو داستانە بردووە و لە هەندێ شوێنی نووسینەکەیدا درێژدادڕی زۆری پێوە دیارە. سەرەڕای ئەو هەموو هەڵە، چەواشەکاری و شێواندنانە، نەریمان لە وەڵامەکانیدا لە چەند شوێنێک ئاڵای سپی و خۆ بەدەستەوە دانی بەرز کردۆتەوە و ددان بەو ڕاستییەدا دەنێ کە شەهیدانی بازیان خاوەنی بیرۆکە، پلاندارێژەر و نەخشەدانەری شکاندنی دەرگای ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ نین، کە ئەوەشیان خاڵی هەرە گرنگی ڕەخنەکانمە لە نووسینەکانی ناوبراودا. خۆ هەر لە سەرەتاوە ئەو بینووسییایە کە شەهیدانی بازیان گەیشتنە ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ، نەخشەی شکاندنی زیندانەکە و هەوڵی ڕاکردنی زیندانییەکان لەلایەن زیندانییەکان و دوو زیندانییەوان دارێژرابوو، زیندانییەکانی بازیانیش بوون بە بەشێک لە جێبەجێکەرانی پلانەکە، ئەوە بەدڵنیایی هیچ گلەیی و ڕەخنەیەکم لە نووسینەکەی ئەو نەدەبوو!
لەم نووسین و وەڵامەدا هەوڵ دەدەم خاڵ بە خاڵی نووسینەکانی نەریمان بەبێ چاککردنەوەی هەڵەکانی لە خوارەوە وەکو خۆی بنووسمەوە، دواتریش لەژێر هەر خاڵێکدا، وەڵامی بدەمەوە.

## وەڵامی بەشی یەکەمی (وەڵامێکی هێمنانە بۆ دەرسیم دیبەگەیی):

نەریمان دەڵێ: (وشەی نەشیاوی خستۆتە پاڵ من بەناوی (چەواشەکردنو درۆو دوور لەڕاستیو چەندان وشەی تر کە لێرەدا نامەوێ قسەی لەسەر بکەم) گوایە من ئەم شتانەم لەخۆمەوە نووسیوەو خۆم کردووە بەپاڵەوانی چیرۆکەکەو ویستۆمە خەباتی کۆمەڵێک تێکۆشەر بدزم بیکەم بە خەبات و تێکۆشانی خۆم).
بەر لە هەموو شتێک لە نووسینەکەم کە لە کوردستانی نوێ بڵاوکراوەتەوە، وشەی درۆ، دزی و بوختانم بەکار نەهێناوە کە لەسەر داوای کوردستانی نوێ لادران. دواتر کە نەریمان ئەو وشانەی باسکردووە، دەبوایە ئاماژە بە ناوی ماڵپەڕەکە یان پەیژی فەیسبووکم بکات، کە لەوێ ئەو وشانەم بەکارهێناوە.
بەڵێ دووبارەی دەکەمەوە کە ناوبراو چەواشەکاری و شیواندنی مێژووی ئەنجام داوە، پەنای بۆ ناڕاستی بردووە، بەڵێ ویستوویەتی خەباتی کۆمەڵێک تێکۆشەر کە ژمارەیان تێکڕا بەلای کەمەوە نزیکەی (58) کەسێک دەبێت، بکات بە خەباتی ئەو (10) شەهیدەی بازیان، لەکاتێکدا کە ئەوان نە خاوەنی بیرۆکەکە، نە پلاندانەر و نەخشەدانەری شکاندنی ئەو زیندانە بووینە، بەڵکو تەنیا بەشێک بووینە لە پرۆسەی جێبەجێکردنی هەوڵەکە کە تێکڕای ژمارەی زیندانییەکان ئەوکات (34) کەس بووە لەکاتی شکاندنی زیندان لە شەوی (2.6.1981)دا. ئەگەر نەریمان ژمارەی زیندانییەکانی ئەو شەوەی نەزانیوە، با ڕاستییەکە بڵێ، خۆ گەر زانیویەتی و باسی ناکات و پرۆسەی شکاندنەکە تەنیا لەو (10) شەهیدە و بەرزانی عومەر عەلی و محەمەد ساڵح کاکەبرا شاوەیس (ئامانج شاتری) قەتیس دەکاتەوە، ئەوە هەم بە هەڵەدا

چووە، هەم شێواندنی ڕاستییە مێژووییەکان و دەست بەسەر داگرتنی خەباتی کۆمەڵێک هاوڕێی دیکەیە بۆ ئەو (10) شەهیدەی بازیان و دوو شەهیدەکەی دیکە. گەر نەریمان ئاگادار بووەو دڵنیایە لەوەی کە ئەو (10) شەهیدەی بازیان هەر بە گەیشتنیان بە ژووری سێدارەی موسڵ بیریان لە داڕشتنی پلانێک کردۆتەوە بۆ شکاندنی زیندانەکە، بۆ لە هەر سێ نووسینەکەی پێشووی خۆیدا باسی ئەوەی نەدەکرد کە لە کوێی گوێ لێبووە یان کێ بۆی باسکردووە، کە ئەوان خاوەنی بیرۆکەی شکاندنی زیندانی سێدارەی موسڵ و پلاندانەر و نەخشەدانەری ئەو نەبەردییە بووینە؟
نەریمان دەڵێ: (من ئەم بابەتەم لەساڵی 5.6.2000 لەکوردستانی نوێ بڵاوکردۆتەوە).
ئەو دەربڕینەی نەریمان هەڵەیە، مادام ئەو ڕۆژ، مانگ و ساڵەکەی نووسیوە، بۆیە دەبوایە بەمشێوەیە بنووسێ: (من ئەم بابەتەم لە ڕێکەوتی یان ڕۆژی 5.6.2000دا لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، بڵاوکردۆتەوە).
نەریمان نووسیوێتی: (کەچی دەرسیم لە 28.11.2010 نووسیویەتی پاش ئەوەی بۆی بڵاونەکراوەتەوە لەچەند ماڵپەڕێک بڵاوی کردۆتەوە، بەڵام بەم شێوەیە نا).
نەریمان، لەو دێرو نیوەی سەرەوەدا مەبەستەکەی بەتەواوی نەگەیاندووەو خوێنەر بەهیچ شێوەیەک لە مەبەستی ئەو تێناگات، چونکە نەیتوانیوە پەیامەکەی خۆی بگەیەنێت. ئاخر دەبوایە ڕوونی بکردبایەوە کە دەرسیم چی نووسیوە، چی بۆ بڵاونەکراوەتەوە، لە کوێ بۆی بڵاونەکراوەتەوە! ئەگەر ئەو گفتوگۆیە لەنێوان نەریمان و خۆم دا نەبوایە، منیش هەرگیز لە مەبەستی نەریمان نەدەگەییشتم. مەبەستی نەریمان، بابەتی (هەوڵێکی سەرنەکەتووی شکاندنی زیندانی ژووری سێدارەی موسڵ و دوو قارەمان)ە، کە لە ڕۆژی ئاماژە پێکراو لە سەرەوەدا بۆ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ناردوومە و بڵاویان نەکردۆتەوە، دواتریش لە ڕۆژی (4.12.2010)دا بۆ چەندان ماڵپەڕی ئەلکترۆنی وەکو (دەنگەکان، کوردستانی سەربەخۆ، وتاری کورد و ماڵمۆ کورد)م ناردووە و بڵاوکراوەتەوە. ئەو بابەتەی کە لە مێژووی سەرەوەدا بڵاوم کردۆتەوە، تەنیا بەهۆی بیستنی هەواڵی بێبەشکردنی شێخ فازڵ و شەهید مەردانی برای لە مافەکانیان وەکو ماف و ئیمتیازاتی هەر زیندانییەکی سیاسیی و شەهیدێک نووسراوە، نەک وەکو تەواوی ئۆپراسیۆنی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ، کە تا ئەوکاتە گوێبیستی ناوی نەریمان و نامیلکەکەشی نەبوویمە.
نەریمان نووسیوێتی: (دەرسیم دەڵێ چەواشەکار ئەگەر چەواشەکار بومایە بەدڵسافیو دڵپاکی خۆم نوسخەیەکم بۆ نەدەنارد).
سەرەتا لەو ڕستەیەدا کەس نازانێ کامە و هەتا کوێ قسەی منە و لە کوێ بۆ کوێ قسەی نەریمانە، چونکە لێرەدا خوێنەر وادەزانێ تەواوی ڕستەی نێو دوو کەوانەکە هی منە، کە لە ڕاستیدا تەنیا (چەواشەکار) قسەی منە! دواتر دڵنیام ئەگەر ناوبراو بیزانیبایە ناردنی ئەو نامیلکەیە، ئەو نووسینە (شکاندنی باستیلەکەی موسڵ، یان چەواشەکردنی مێژوو)ی بەدوادا دێت، هەرگیز ئەو نامیلکەیەی نەدەنارد و زۆریش پەشیمانە لە ناردنی. با لێرەوە نەریمان و خوێنەرانیش ئاگادار بکەمەوە کە ئەوەی تا ئێستا لە (هەوڵێکی سەرنەکەوتووی شکاندنی زیندانی ژووری سێدارەی موسڵ و دوو قارەمان) و (شکاندنی باستیلەکەی موسڵ، یان چەواشەکردنی مێژوو؟)، کە یەکەمیان لە ئەنجامی پشتگوێ خستنی مافەکانی فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس و شەهید مەردانی برای وەکو زیندانی سیاسی نووسراوە، ئەوەی دووەمیشیان وەڵامێکە بۆ چەواشەکاری و شێواندنی مێژووی کۆمەڵێک تێکۆشەر و قارەمان لەلایەن نەریمان مەجید لە نامیلکەی (شکاندنی باستیلەکەی موسڵ)، کە ئەو تێکۆشەرانە هەموویان لە سێدارە دراون، ئەگینا هێشتا لەسەر چۆنییەتی بیرکردنەوە، نەخشەو پلان داڕشتنی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ و کارکردن لەپێناوی بە ئەنجام گەیاندنی ئەو هەوڵەم نەنووسیوە، کە لە داهاتوودا هەوڵدەدەم نامیلکەیەک یان پەرتووکێک بنووسم و ئەو دوو بابەتەشم دەکەم بە بەردی بناغە و چوارچێوەی نامیلکەکەم یان پەرتووکەکەم.
بەڵام دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر گەیشتمە ئەو باوەڕەی کە دیمانە لەگەڵ چەند کەسێکی ئاگادار لە ئۆپراسیۆنی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ بکەم، بۆ ئەوەی دەرفەت بدرێت بە چەند کەسێک تا ئەوانیش زانیارییە شاردراوەکانیان بگەیەنن، لە هەمان کاتدا بیرو بۆچوونەکان سەبارەت بەم ئۆپراسیۆنە فرەتر و فراوانتر بێت، هەروەها سەرجەم زانیارییەکان بنووسمەوە و لە فەوتان بیانپارێزم، ئینجا دواتریش با خوێنەر خۆی سەرپشک بێ و ڕاستی و

ناڕاستییەکان لە یەکتر جیابکاتاوە و بڕیاری ڕاست و دروستی خۆی بدات سەبارەت بە چۆنێتیی و سەرەتای دەست پێکردنی بیرۆکەی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ، کێن ئەوانەی نەخشە و پلانی هەوڵەکەیان داڕشتووە، ئۆپراسیۆنەکە چۆن بەڕێوەچوو، ئەوانەی ڕۆڵی سەرەکییان تێدا بینی و دواتر کێ هات و چەواشەکاری لە هەوڵەکە، نەخشە، پلانەکە و چۆنێتیی ئەنجام دانی ئۆپراسیۆنەکە کرد؟

نەریمان، نووسیوێتی: (دەرسیم نووسینەکەی لەژێر ناوی (هەوڵێکی سەرنەکەوتووی شکاندنی زیندانی موسڵو دوو قارەمان) بەقسەی ئەم بێت هەموو ئەوانەی بەشداربوون لەداڕشتنو جێبەجێکردنی پرۆسەکەدا شایانی باس نین تەنها ئەو (دوو قارەمانە) نەبێت ڕەنگە مەبەستی شەهیدان (جەمیل ئەحمەدی ئامۆزایو تەحسین ڕەحمانی) برای بێت کە بەلای منەوە شەهید بوون گەورەترین پلەوپایەی مرۆڤایەتییە ئیتر بۆ هەندێکیان قارەمان بنو هەندێکیشیان باس نەکرێن).

پێم وایە نەریمان یان بە ئەنقەست ناوەڕۆک و مەبەستی بابەتەکەم دەگۆڕێت، یان ئەوەندە نەزانە و ناتوانێ تێی بگات، چونکە هەر کەسێک بە وردی بابەتەکە بخوێنێتەوە لەوە تێدەگات کە بابەتەکە لە ئەنجامی بێبەشکردنی فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس و شەهید مەردانی برای لە مافەکانیان وەکو زیندانی سیاسی و شەهیدێک و لەپێناوی گەڕاندنەوەی مافەکانیان نووسراوە، کە لە پەرەگرافێکی ئەو نووسینەدا هاتووە: (ئەوەی جێگەی داخەو هانی دام، کە تا ڕادەیەکی زۆریش بە درەنگەوە ئەو یادە نهێنییە بۆ یەکەم جار ئاشکرا بکەم، ئەوەیە کە لە مانگی دووی ساڵی (2010)دا، برادەرێکی ئەنوەر قادر عەلی پورزام، کاتێک کە لە بەغدا دەبێت لەپێناوی جێبەجێکردنی کارەکانی خۆی و ئەنوەری پورزامدا، بۆ ئەوەی ئەوانیش وەکو هەر زیندانییەکی سیاسی سەردەمی ڕژێمی سەدام، پشتگیرییان بدەنێ تاوەکو موچەیەکی مانگانەیان وەکو هەر زیندانییەکی دیکە کە ئەو مووچەیان بۆ براوەتەوە، بۆ ئەوانیش ببڕنەوە، بە ڕێکەوت چاوی دەکەوێت بە فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس و یەکتر دەناسنەوە. دوای گفتوگۆکردنی نێوان هەردوو هاوڕێی زیندان، فازڵ یوسف بۆ هاوڕێکەی ئەنوەری پورزام باسی ئەوە دەکات کە لە دەزگای زیندانییە سیاسییەکان (مؤسسة السجناء السياسيين) لە بەغدا پێیان گووتووە: ئێمە ناتوانین پشتگیری ئەوەت بدەینێ کە تۆ زیندانییەکی سیاسی بوویت، چونکە تۆ لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی گیراوی).

جا نەریمان، کە لە مەبەستی ئەو نووسینەی سەرەوە نەگەیشتبێ، دەبێ کێشەکە لای کێ بێ، کە مەبەستەکە زۆر ئاشکرایە و بەڕوونی باسکراوە!

نەریمان هەر بەوەشەوە ناوەستێت، بەڵکو بوختانی ئەوەش دەداتە پاڵم کە گوایە تەنیا دوو شەهید بە قارەمان دەزانم و شەهیدەکانی دیکە کە بەشدار بووینە لە داڕشتن و جێبەجێکردنی نەبەردییەکەدا شایانی باس نین. ئەوانە هەمووی لێکدانەوەی چەوتی نەریمانن، چونکە مەبەست لەو دوو قارەمانە مەردان یوسف شێخ ئەلیاس و فازڵ یوسف شێخ ئەلیاسی برایەتی. خۆ ئەگەر مەبەستم لە شەهیدان جەمیل و تەحسین بوایە نە شەرمم دەکرد و نە مافی شەهیدێکی دیکەشم پێشێل دەکرد و ناوەکانیانم دەهێنا کە نووسینەکەم بۆ ئەوانە، هەروەها هەر شەهیدێک ئامادەبێت بە دەستی خۆی پەتی سێدارە بخاتە گەردنی خۆی، بەدڵنیایی و بەبێ جیاوازی بیروباوەڕ، نەتەوە و ئایین بە قارەمانی دەزانم.

نەریمان دەڵێ: (زیاد لەبیست کۆستەر لەخزمو کەسوکاری ئەو دە شەهیدە بەڕێکەوتین بۆ موسڵ دوای نیوەڕۆی 1.6.1981 ڕۆیشتینە (مواجهە)یان ئەوەی بینیومانە براو خزمو کەسە نزیکەکانی خۆمان بووە، ئیتر نە براو نە ئامۆزای (دەرسیم)م بینیوەو نە ناسیومن، چونکە بەنووسینەکەی (دەرسیم)دا دیارە ئەوان لەنێوان 20و26.5.1981 شەهید کراون).

سەرەتا تا ڕۆژی (15.5.1981)، هەموو دیدەنییەکی ئاسایی زیندانییانی ژووری سێدارەی موسڵ لە ڕۆژانی یەک و پازدەی هەر مانگێک، لە کاتژمێری هەشت یان نۆی بەیانی بۆ یەک تا دووی دوای نیوەڕۆ بوو. کەچی نازانم بۆ دەبێ شتەکانی نەریمان مەجید، هەر جیاواز بن و ئەوان دوای نیوەڕۆی ڕۆژی (1.6.1981) چووبنە سەردان و دیدەنی کەسوکاریان لە ژووری سێدارە؟

نازانم مەبەستی نەریمان لەوە چییە، کە لە ڕۆژی (1.6.1981)دا لە یەکەم دیدەنی و سەردانی خۆیدا بۆ زیندانی ژووری سێدارەی موسڵ، براو ئامۆزای منی نەدیووە؟ ئەو قسەیەی نەریمان نەنووسینی باشتر بوو لە نووسینی، چونکە پێویست نەبوو باسی بکات، کە خۆم باسی ئەوەم کردووە یەکەمیان لە ڕێکەوتی (21.5.1981)دا لە سێدارە دراوە و دووەمیشیان لە ڕێکەوتی (26.5.1981)دا گوللە باران کراوە. ئەو لە شوێنێک باسی لۆژیک (منطق) دەکات کە مانای ژیربێژی یان ژیرانە دەگەیەنێت، بەڵام بەگوێرەی لۆژیک، نەریمان نابوایە باسی ئەوە بکات کە ئەو لەو ڕۆژەدا ئەو دوو شەهیدەی نەبینیووە، مادام لە نووسینەکەی خۆمدا باسم کردووە کە ئەوان بەر لە جێبەجێکردنی نەبەردی شکاندنی زیندانەکە لە سێدارە درابوون.

نەریمان، نووسیویێتی: (دەتوانن سەیری برقیەی تەبلیغی ڕۆژی مواجهەی (سەباح مەجید سەعید) 1.6.1981 بکەن).

نەریمان، داوا لە خوێنەران دەکات کە سەیری بروسکە ئاگادارکردنەوەکەی سەباح مەجیدی برای بکەن، کە لە ڕۆژی ئاماژە پێکراو لە سەرەوەدا یەکەم ڕۆژی دیدەنی ئەوە لە ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ، کەچی کۆپی بروسکەکەی دانەناوە! باشە بۆ دەبێ نەریمان، کۆپی ئەو بروسکەیەی لەبیرکردبێ هاوپێچی بکات؟

ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە نەریمان تۆزێک لە خوارتر نووسیویێتی: (ئەو شەهیدانەی لای ئێمە هەموویان بەیەکەوە بوون لە ژوورێکدا تەنانەت مواجهەکەشیان جیاواز بووە لەگەڵ شەهیدەکانی خزمو کەسوکاری تۆدا). بەدڵنیایی دەڵێم ئەو قسەیەی نەریمان زۆر دوورە لە ڕاستی و سەدا سەد بێئاگایی ئەو دەردەخات، بەڵام دواتر و لە خوارەوە وەڵامی دەدەمەوە کە گوایە ژوور و دیدەنی (13) کەسەکەی بازیان جیاواز بووە. بەڵام با وا دابنێین کە قسەکەی ناوبراو ڕاستە و (13) کەسەکەی بازیان کە دواتر (10) کەسیان شەهید کران و لە سێدارە دران، هەم ژوورەکەیان و هەم دیدەنیشیان جیاواز بووە، باشە مادام وایە بۆ لە خۆی ناپرسی ئەی کەواتە چۆن دەکرێ و ڕێی تێدەچێت، کە لە ڕۆژی (1.6.1981)دا کەسانێکی دیکە ببینێ، لەکاتێکدا کە خۆی باسی ئەوەی کردووە هەم ژووریان و هەم دیدەنییان جیاواز بووە! ئەوە با جارێ لەوە بگەڕێین کە ئەوان لەو ڕۆژەدا لە ژیاندا نەمابوون؟ ئایە ئەوە دەربڕینێکی لۆژیکانەیە، کە نەریمان ئەوانی (شەهید جەمیل و شەهید تەحسینی) لەو ڕۆژەدا نەدیوە، کە بە بۆچوونی ئەو هەم ژوور و هەم ڕۆژی دیدەنییان جیاواز بووە؟

نەریمان مەجید دەڵێ: (من خۆمو کاک سەلاح-م کە ئێستا لەژیاندا ماوە لەگەڵ مام ئەحمەدی حەبەو خاڵۆم گوێمان شل کردبوو بۆ (بابانو سەباح) باسی هەوڵی شکاندنی زیندانەکەیان دەکرد وتیان (لەگەڵ چەند سەجانێکی کوردی ئێزدی ڕێککەوتووین (مشارو گوریسو دەمانچەی بێدەنگیان بۆ هێناوین بەو مەرجەی کەسەکانیان) واتە کاتێک 1/6 ئێمە دەچینە مواجهەیان پارەیان بۆ کۆبکەینەوە تا ئەوانیش بیدەن بەو کوردە ئێزدییانە ئیتر کە دەمانچەیان نەهێناوە کەی تاوانی منە خۆ ڕەنگە بۆ ئەوەی ئێمە قەناعەت پێبکەن ئەوەیان وتبێت. ئەو شەهیدانەی لای ئێمە هەموویان بەیەکەوە بوون لە ژوورێکدا تەنانەت مواجهەکەشیان جیاواز بووە لەگەڵ شەهیدەکانی خزمو کەسوکاری تۆدا).

ئەوەی نەریمان لە سەرەوەدا نووسیویێتی شتێکی نوێیە و لەلایەک ئەو لە هیچ کام لە نووسینەکانی (چیرۆکی شکاندنی قەسابخانەی موسڵ کە لەسەر دەستی کوڕانی یەکێتی ئەنجام درا ..! 1.6.1981)، کە لە لاپەڕە (5)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (2164)، ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی (5.6.2000)دا بڵاوکراوەتەوە، دواتریش پاش (7) ساڵ ئەو نووسینەی بە دەستکارییەوە لە شێوەی نامیلکە لەژێر ناوی (شکاندنی باستیلەکەی موسڵ)دا لە چاپ داوە، بە تاکە وشەیەک و بە هیچ شێوەیەک ئاماژەی بەوە نەداوە کە ئەوان ڕاستەوخۆ لە دەمی شەهیدەکان گوێبیستی هەوڵی شکاندنی زیندان بووبن، کەواتە ئەوەی ئەمڕۆکە و لەمەودوای ئەو دەینووسێ تەنیا بۆ پینەکردنی ناڕاستییەکانی پێشوویەتی، بۆیە پێم وایە خوێنەر بەئاسانی هەستی پێ دەکات و دەزانێ بۆ پێشتر باسی ئەوەی نەکردووە کە خۆی گوێی لە شەهیدان بابان و سەباح بووە کە باسی هەوڵی شکاندنی زیندانی موسڵ-یان بۆ کردوون، کەچی ئێستاکە هاتووە و باسی دەکات. لەلاکەی دیکەوەش نەریمان لە لاپەڕەکانی (13-14)ی نامیلکەکەیدا نووسیویێتی: (ئەوەبوو ڕۆژی 1.6.1981 کە ڕۆیشتنە مواجهەیان زۆرمان لا سەیر بوو داوای پارە و پێڵاوی سوکیان لێ کردین، پێمان وتن ئێوە مانگێکی تر ئیعدام ئەکرێن وتیان خواکەریمە کێ ئەڵێ عەفو ناکرێین)، کاتێک کەسانێک پێیان سەیر بووبێت

زیندانییەکانی ژووری سێدارە داوای پارە و پێڵاوی سووکیان کردبێت، هەروەها ئەو کەسانە لە شەهیدەکانیان پرسیبێت کە ئەوان پارە و پێڵاوی سووکیان بۆ چییە مادام مانگێکی دیکە لە سێدارە دەدرێن؟ شەهیدەکانیش لە وەڵامدا تەنیا ئەوەندەیان بەوان وتبێ خوا کەریمە کێ دەڵێ عەفو ناکرێن. ئەو گفتوگۆیەی نێوانیان دەیسەلمێنێ کە نووسینەکەی نەریمان بێ بناغەیە و جێگای باوەڕ نییە، هەروەها ئەوەی کە گوایە خۆی گوێی لە شەهیدەکان بووە و باسی هەوڵەکەیان بۆیان کردووە، دروستکراوی نەریمان خۆیەتی. خۆ ئەگەر بەڕاستی شەهید بابان و شەهید سەباح باسی شکاندنی زیندانەکەیان بۆ مام ئەحمەد هورێنەیی و خاڵۆی نەریمان کردبێ، بۆ ئەوان بەلایانەوە سەیر دەبوو کە زیندانییەکانی بازیان داوای پارە و پێڵاوی سووکیان لێکردوون؟

سەبارەت بە پارە کۆکردنەوەش بۆ کڕینی مشار، گوریس و چەقۆ لە (13) هاوڕێکەی بازیان، شۆڕش بازیانی لە ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (14.5.2017)دا گوتی: (تەنیا پەنجا فلسیش لەو سێزدە هاوڕێیەی بازیان وەرنەگیراوەو خۆم ئاگادارم کە هیچیان لێ وەرنەگرتین. هەر لە یەکەم ڕۆژی گەیشتنمان بە ژووری سێدارە، بۆ شەوەکەی باسی هەوڵی شکاندنی زیندانەکەیان لەگەڵ کردین).

نەریمان، لە هەر دوو نووسینی ئاماژە پێکراو لە سەرەوەدا (کوردستانی نوێی ژمارە (2164) و شکاندنی باستیلەکەی موسڵ)، باسی هێنانی گوریسی نەکردووە بۆ ناو زیندان، کەچی دوای خوێندنەوەی نووسینەکەی من باسی هێنانی گوریسیشی کردووە، کە دڵنیاشم ئەو نازانێ هۆکاری هێنانی گوریس بۆ ناو زیندان چییە، ئەگەر خۆم بۆی باس نەکەم.

ئەو لێرەدا شتی نوێی دیکەش باس دەکات، کە لە هیچ شوێنێکی دوو نووسینەکەی پێشووی سەبارەت بە هەوڵی شکاندنی ژووری سێدارە ئاماژەی پێ نەداوە، بۆ نموونە نووسیوێتی: (گوێمان شل کردبوو بۆ بابان و سەباح باسی هەوڵی شکاندنی زیندانەکەیان دەکرد وتیان: لەگەڵ چەند سەجانێکی کوردی ئێزیدی ڕێککەوتووین مشار، گوریس و دەمانچەی بێدەنگیان بۆ هێناوین). ئەو دەربڕینەی نەریمان دووبارە ئەوە دەگەیەنێ کە ئەوان واتە هاوڕێیانی بازیان نەخشە و پلانی شکاندنی زیندانەکەیان بە هاوکاری ئەو چەند پاسەوانە کوردە ئێزیدییە داڕشتووە، کە بە تەواوی دوورە لە ڕاستی و بۆ جارێکی دیکە دەڵێم کە بیرۆکە، نەخشەو پلانی شکاندنی زیندانەکە هیچ پێوەندییەکی بە (10) شەهیدەکەی بازیان و ئامانج شاتری نەبووە، کە ئەوان لە کۆتایی جێبەجێکردنی نەخشە و پلانەکە هاتوون بۆ ژووری سێدارەی موسڵ، بەڵکو بەر لە چەند مانگێک نەخشەکە لەلایەن چەند کەسێکی دیکەوە دانراوەو کاری بۆ کراوە.

نەریمان مەجید، بۆ لە هیچ کام لە نووسینەکەی ڕێکەوتی (5.6.2000)ی کوردستانی نوێ و لە نامیلکەی (شکاندنی باستیلەکەی موسڵ)ی ساڵی (2007)دا، باسی ئەوەی نەکردووە کە خۆی ئەو قسانەی سەبارەت بە ڕێککەوتنی زیندانییەکان و پاسەوانە ئێزیدییەکان و هێنانی دەمانچەی بێدەنگ لە هەر دوو شەهیدەکە (بابان و سەباح) گوێ لێ بووە، بەڵکو ئەو لە هەر دوو نووسینە کۆنەکەیدا لەسەر زاری کەسێکی نادیار ئەوە دەگێڕێتەوە کە گوایە هەموو پێداویستییەکیان بۆ دابین دەکرێت وەک مشارو دەمانچەی بێدەنگ؟ کەچی ئەو لە (وەڵامێکی هێمنانە بۆ دەرسیم دیبەگەیی)دا باسی ئەوە دەکات، کە شەهید بابان و شەهید سەباح باسی ئەوەیان کردووە کە ئەوان ڕێکەوتوون لەگەڵ چەند پاسەوانێکی کوردی ئێزیدی کە مشار، گوریس و دەمانچەی بێدەنگیان بۆ هێناون، هەروەها گوریسیشی خستۆتە پاڵ مشار و دەمانچەی بێدەنگ، کە پێشتر ئاماژەی بەهێنانی گوریس نەدابوو، بەڵکو دوای نووسینەکەم ئەوەشی لە نووسینەکەم وەرگرت و بەناوی شەهیدان بابان و سەباح دەیگێڕێتەوە.

ئەی باشە بۆ زیندانییەکان لە شەو یان ڕۆژی (2.6.1981)دا ئەو دەمانچە، یان چەند دەمانچە بێدەنگەیان بەکار نەهێناوە؟ باشە ئەگەر نەریمان مەجید خۆی ڕاستەوخۆ لە دەمی شەهیدان (بابان و سەباح) گوێی لەو قسانەی سەرەوە بووە، بۆ لە نووسینەکانی پێشووی دا باسی نەدەکرد کە ڕاستەوخۆ لەوانی بیستووە، بەڵکو تەنیا بەوە وەستاوە: (لە ڕێگای ئەو دوو سەجانەوە هەموو پێداویستییەکیان بۆ دابین دەکرێت وەک مشار و دەمانچەی بێدەنگ)؟ نەریمان مەجید، دواتر هەر خۆی دەڵێ: (ئیتر کە دەمانچەیان نەهێناوە کەی تاوانی منە خۆ ڕەنگە بۆ ئەوەی ئێمە قەناعەت پێبکەن ئەوەیان وتبێت)، بەکارهێنانی دەستەواژەی (ئیتر کە دەمانچەیان نەهێناوە کەی تاوانی منە)، سەدا سەد

دەیسەلمێنێ قسەکەی پێشتری ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و نامیلکەی (شکاندنی باستیلەکەی موسڵ)، سەبارەت بە دەمانچەی بێدەنگ نووسیویێتی، ڕاست نییە و بە هیچ شێوەیەک دەمانچەی بێدەنگ بۆ زیندانییەکان نەهاتۆتە ناو ژووری سێدارەی موسڵ تاوەکو لە شەوی نەبەردییەکەی شکاندنی زیندان سوودی لێ ببینن. هەروەها ئەو پاساوەی نەریمان بە هیچ شێوەیەک جێگای باوەڕ نییە، بەڵکو تەنیا خۆ دەربازکردنە لەو ناڕاستییەی کە پێشتر لە کوردستانی نوێ و نامیلکەکەدا سەبارەت بە دەمانچەی بێدەنگ باسی کردووە.
سەبارەت بەوەی نەریمان نووسیویێتی و گوایە شەهیدەکانی بازیان/ دەربەندیخان هەموویان پێکەوە لە یەک ژووردا بووینە و کاتی دیدەنیشیان جیاواز بووە لەگەڵ شەهیدانی دیکە، ئەوە بەدڵنیایی و سەدا سەد وانییە، چونکە زیندانی سێدارەی موسڵ سێ ژووری لە یەک ڕیز و جیاواز بووە و هەر یەکە و دەرگای شیشبەندی خۆی هەبووە. دوو ژووری ئەم سەر و ئەو سەریان زیندانییەکان لێی دەخەوتن و ژوورەکەی ناوەڕاست ئاودەست، شوێنی خۆشۆرین و دەیان فلینەی تێدابوو بۆ هەڵگرتنی خواردن و ئاو، حەوشێک یان ڕێڕەوێکی درێژ بەدرێژایی هەر سێ ژوورەکە بە پانی نزیکەی دوو مەترو درێژی دە مەترێک لە بەردەم هەر سێ ژوورەکەدا هەبوو، کە ئەویش دەرگای شیشبەندی تایبەت بەخۆی هەبوو. لە تەنیشت ژووری سێیەم کە دەکەوتە دەستە چەپ دوو ژووری دیکە هەبوون کە هەڵواسین و لە سێدارەدانی زیندانییەکان لەوێ جێبەجێ دەکرا. لە حەوشەکە یان ئەو ڕێڕەوە بەرەو دەرەوە بێیت دەگەیتە شوورە پتە و بەرزەکە. شوورە بەرزەکە هەر سێ بەشی زیندانی ژووری سێدارە و بەشی سزا قورسەکان و مەحجەری دەگرتە نێو خۆ، واتە شوورەکە چواردەوری هەر سێ بەشەکەی گرتبوو. ژووری سێدارەی موسڵ، ڕۆژانە لە بەیانی تا ئێوارە دەرگای هەر دوو ژوورەکانی دەکرایە و زیندانییەکان بە ئارەزووی خۆیان ئەم ژوور و ئەو ژووریان دەکرد و دەهاتنە ناو حەوشەکە، دەچوونە ئاودەست، خۆیان دەشۆری و خواردنیان ئامادە دەکرد، بەڵام دەرگای حەوشەکە یان ڕێڕەوەکە کە دەکەوتە نێوان هەر سێ ژوورەکە و شوورە بەرزەکە نەدەکرایەوە بۆ زیندانییەکان، بەڵکو تەنیا لەکاتی هاتنی پاسەوانەکان و هێنانی خواردن بۆ زیندانییەکان یان هێنانی زیندانی نوێ دەکرانەوە لەگەڵ ڕۆژانی دیدەنی و دواتریش دادەخرایەوە. بۆ دڵنیابوونی زیاتر سەبارەت بە ژوورەکانی سێدارەی زیندانی موسڵ، ئاماژە بە نامەیەکی شەهید هیوا قەرەداغی (ئەنوەر محەمەدئەمین ئەحمەد قەرەداغی، بەرپرسی کۆمیتەی شنرۆی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە هەڵەبجە و لە شەوی (23/24.5.1977)دا گیراوە، دواتر لە ڕێکەوتی (25.10.1977)دا لە موسڵ لە سێدارە دراوە) دەدەم، کە لە لاپەڕەکانی (13+14)ی نامیلکەی (چەند نامەیەک لە زیندانی فاشیستەکانەوە)دا بڵاوکراوەتەوە، کە لە نامەکەدا نووسیویێتی: (لە پاش ئەوەی کە حوکمی خنکاندن درا بەسەرماندا خراینە شوێنێکی 40م دووجا کە بریتی بوو لە (3) سێ ژوور. شوێنی خنکاندن بەرانبەرمان بوو، ئەمیش هەر بەشێوەی ئەشکەنجەی پێش مردنە). ئەوە بەگوێرەی نامەکەی شەهید (هیوا قەرەداغی)ش، زیندانی سێدارەی موسڵ بریتی بووە لە سێ ژوور.
سەبارەت بە کاتی دیدەنی زیندانییەکان لەگەڵ خانەوادە، کەسوکار و هاوڕێکانیان، بەدڵنیایی تەواوی زیندانییانی ژووری سێدارەی موسڵ لە هەر دوو ژوورەکە لە ڕۆژانی دیدەنیدا هەروەکو پێشتر ئاماژەم پێداوە لە ڕۆژانی (1) و (15)ی هەموو مانگێکدا، دەهاتنە دەرەوە و لەنێوان ئەو دوو دیوارە بەرزە یان شوورە بەرزەدا هەر یەکە و چەند بەتانیەکیان لەسەر زەوییەکە ڕادەخست بۆ کەسوکار و میوانەکانیان و نانی نیوەڕۆیان لەگەڵ دەخواردن. کەسوکاری زیندانییەکانی ژووری سێدارەش لەدوای پشکنین لە دەرگای دەستە ڕاستی شوورەکە دەچوونە ژوورەوەو بەدرێژایی نزیکەی (300) مەترێک یان تۆزێک زیاتر لەناو ئەو شوورە بەرز و چوارگۆشەییە دەسوڕانەوە تا دەگەیشتنە لای زیندانییەکان، کە ئەوان بۆیان نەبوو زۆر بێنە پێشەوە و تەنیا تا کۆتایی پێچی یەکەم دەهاتن.
سەرەڕای هەموو ئەمانەش، لە ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (14.5.2017)دا سەبارەت بە شوێنیان لە ژووری سێدارەی موسڵ بە تەلەفۆن پرسیارم لە شۆڕش بازیانی کرد، ئەو لە وەڵامدا گوتی: (کە گەیشتینە ژووری سێدارەی موسڵ، ئێمەیان هەر سێزدە هاوڕێ بردە ژوورە گەورەکە کە مامۆستا جەمیلی ئامۆزات، عومەر میرزا، جەلال سورداشی و بەرزانی عومەر عەلی تیابوو). کەواتە بەدڵنیایی ئەو قسە نوێیانەی نەریمان سەبارەت بەوەی گوایە شەهیدەکانی بازیان بەجیا لە ژوورێک بووینە و ڕۆژی دیدەنیشیان جیا بووە، سەدا سەد ڕاست نین و تەنیا لە مێشکی

نەریمان دا بوونیان هەیە، بەدڵنیایی ئەگەر شەهید جەمیل، شەهید تەحسین، شەهید عومەر میرزاو شەهیدەکانی دیکە تا ڕۆژی (1.6.1981) لە سێدارە نەدرابان لە هەمان ڕۆژدا لەگەڵ بازیانییەکان لەیەک شوێن دیدەنییان دەکرد. بەگوێرەی قسەکانی شۆڕش بازیانی، دەرکەوت کە تەواوی هاوڕێیانی بازیان/ دەربەندیخان لەگەڵ شەهید جەمیل و شەهید تەحسین لە ژوورە گەورەکەدا بووینە، دەبێ نەریمان ئێستا چی بڵێت؟ وابزانم: (گەر بشفرێت، بەلای نەریمانەوە هەر بزنە)!

بە مەبەستی زانیاری زۆرتر لەسەر شێوەی زیندانەکە، لە خوارەوە نەخشەی زیندانەکە دادەنێم، کە لەلایەن زیندانی سیاسیی محەمەد حەسەن خورشید کەرکوکی دروست کراوە و لە ڕێکەوتی (20.11.2013)دا بۆی ناردووم. ناوبراو خۆی بۆ ماوەی نزیکەی (3) مانگ و نیو لە ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ بووە و دواتر سزاکەی بۆ سووککراو گواسترایەوە بۆ بەشی شیشبەندکردن کە سێ ژوور، ئاودەست، گەرماو و چێشتخانەی تێدابوو و دەکەوتە دەستە ڕاستی دەرگای هاتنە ژوورەوەی ناو شوورە بەرزەکەی بۆ دیدەنی زیندانییانی ژووری سێدارە و دەکەوتە گۆشەی پێچی یەکەم، کە لەوێش بۆ ماوەی زیاتر لە مانگێک ماوەتەوە (دەتوانن لە نەخشەکەی خوارەوەدا مەحجەر بدۆزنەوە). بەدڵنیایی ناوبراو شارەزایی تەواوی هەیە لە سەر چونێتی زیندانەکە، ژوورەکان و دەرگاکانی ئەو زیندانە کە لەو نەخشەیەدا دەردەکەوێ شیشبەندی ئاسنی پتەوە، بۆ ئەوەی لای هەموو کەسێک ڕوون بێت کە بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ چۆن بووە و کێ بەڕاستی باسی زیندانی ژوورەکانی سێدارە دەکات و کێش بە ئارەزووی خۆی وەڵام دەنووسێ، فەرموون سەیری ئەم وێنەیەی خوارەوە بکەن!


دیواری دەرەوەی زیندان بەرزی ٢٧ بۆ ٢٨ م
[گراوە]
زیندانی ثقیلة
دەرگای زیندانی سێدارە

نەریمان دەڵێ: (رەنگە ئەوەی تۆش راست بێتو ئەوەی منیش ڕاست من چاوەڕێی ئەوە بووم تۆ چەند ئیزافەیەکی باشتر بخەیتە سەر بابەتەکەی من، چونکە من ئەوکاتە 13 ساڵان بوومو تۆش بەتەمەن گەورەتر بوویت پێموایە فەرمانبەری حکومەت بووی ئەوکاتە. وە ئەوەشی نووسیومە لەزمانی کاک (شێخ فازڵ) وەرگیراوە).
لە وەڵامدا بە نەریمان دەڵێم: (بەدڵنیایی ئەوەی کە نووسیومە و دەینووسم ڕاستی هەوڵەکەیە و خوێنەری وریاش دوای خوێندنەوەی نووسینەکانی هەر دووکمان هەست دەکات کێ نەبەردییەکەی وەکو خۆی نووسیوەتەوە و کێ چەواشەکاری کردووە و مێژووی ئەو داستانەی شێواندووە. هەروەها ئەوەی کە تۆ نووسیوتە تەنیا ئەوەی ڕاستە کە شەهیدانی بازیان وەکو بەشێک لە پرۆسەی جێبەجێکردنی هەوڵەکە بەشدار بووینە. هەروەها بۆ زانیاری زیاتر، ئەو زیندانییانەی لەم شەوەدا لەوێ بووینە ژمارەیان (34) زیندانی بووە و هەموویان بەشدار بووینە).
سەبارەت بەوەی کە نەریمان چاوەڕێی ئەوە بووە چەند ئیزافەیەکی باشتر بخەمە سەر بابەتەکەی ئەو، ئاخر لە کوێی ئەم جیهانەدا شتی وابووە کەسێک کە ئاگاداری بیرۆکە، نەخشە و پلان و هەوڵەکانی چەندان زیندانیی ژووری سێدارە بووبێت، چەند ئیزافەیەک یان زانیارییەکی باشتر بخاتە سەر نووسینی کەسێک کە بە تەواوی بێئاگا بووبێت لە بیرۆکە، پلان و نەخشەی جێبەجێکردنی هەوڵەکە؟ ئاخر کێ ئەوە پەسەند دەکات کە خۆی ئاگاداری تەواوی وردەکارییەکانی نەبەردییەک بێت و بچێت چەند ئیزافەیەک بخاتە سەر نووسینێکی پڕ لە هەڵە، چەواشەکاری و شێواندنی مێژووی نەبەردییەکە، کە کەسێکی بێئاگای وەکو نەریمان نووسیبێتی؟ با باسی جیاوازی تەمەن هەر نەکەین!
لە وەڵامی نەریمان سەبارەت بەوەی کە نووسیوێتی: (پێم وایە فەرمانبەری حکومەت بووی ئەوکاتە)، دەڵێم بەڵێ بەدڵنیایی فەرمانبەری حکومەت بوویمە، ئەگەر ناوبراو وەکو تانە لێدان ئەوەی نووسیبێ، وەڵامی دیکەم بۆی دەبێ، وەلێ لەبەرئەوەی دڵنیانیم بۆیە وەڵامی ئەو قسەیەی ئەو دوادەخەم، یان پشتگوێی دەخەم.
نەریمان نووسیوێتی: (وە ئەوەشی نووسیومە لەزمانی کاک (شێخ فازڵ) وەرگیراوە کاتێک حوکمی 20 ساڵ موئەبەد دەدرێتو دەبرێتە زیندانی ئەبوغرێبو لەوێ کاک (محەمەد عەبدوڵلا) چەمچەماڵی دەناسێ کە هاوڕێی خەباتی شەهیدەکانی لای ئێمە بوو لەسجنی سلێمانیو هەیئەی خاسەی کەرکوکیش هەر بەیەکەوە بوون، بە 20 ساڵ حوکم دراو لەعەفوەکەی 1982 ئازادکرا، هەموو ڕووداوەکەی بۆ کاک (محەمەد عەبدوڵلا) گێڕابووەو ئەویش بۆ ئێمەی باسکردو منیش لەنووسینی یادەوەرییەکەدا سوودم لێ بینیوە).
نەریمان، لەوەیاندا کەمێک ڕاستگۆ بووە بەوەی کە هەوڵی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ-ی لە محەمەد عەبدوڵلا عەزیز بیستووە، ئەویش لە زیندانی ئەبوغرێب لە فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس بیستوویەتی. هەروەها نەریمان هەندێک زانیاریشی لە نووسینەکەی چیمەن ساڵح کاکەبرا بردووە، بەڵام بەبێ ئاماژەکردن بە ناوی چیمەن و سەرچاوەکە. ئەو دانپێدانانەی سەرەوەی نەریمان زۆر ڕاستیمان بۆ دەردەخات، لەنێویاندا ئەو خۆی بە هیچ شێوەیەک ئاگاداری نەخشە و پلانی شکاندنی زیندانی ژووری سێدارەی موسڵ نەبووە، چونکە بەتایبەت لە دوو نووسینەکەی یەکەم و دووەمی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و نامیلکەکەیدا شتەکان لەسەر زاری کەسی سێیەم دەگێڕێتەوە، کەچی لەپڕ لە (وەڵامێکی هێمنانە بۆ دەرسیم دیبەگەیی) گوایە پلانی شکاندنی زیندانی موسڵی لە شەهیدان بابان و سەباح بیستووە. پێشم وانییە نەریمان پێشتر گوێی لە شەهید بابان و شەهید سەباح بووبێت، کە گوایە ئەوان باسی هەوڵی شکاندنی زیندانەکەیان بۆ کردوون، هەروەها نەریمان هیچ زانیارییەکیشی لەسەر ئەو نەبەردییە نەبووە، بەڵکو دوای گوێبیستنی ئەم هەواڵە سەبارەت بە هەوڵی شکاندنی ژووری سێدارە لە محەمەد عەبدوڵلا چەمچەماڵی، کە لە زیندان لەگەڵ فازڵ یوسف بووە، ئەویش لە ساڵی (1982) بۆ ناوبراوی باسکردووە، نەریمان هاتووە بە ئارەزووی خۆی بابەتێکی لەسەر شکاندنی زیندانی ژووری سێدارەی موسڵ نووسیوە و سەرەتا لە ڕێکەوتی (5.6.2000)دا لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و دواتریش لەژێر ناوی (شکاندنی باستیلەکەی موسڵ) وەکو نامیلکەیەک لە ساڵی (2007) بڵاویکردۆتەوە و شەهیدەکانی بازیانی کردووە بە خاوەنی بیرۆکەکە، نەخشەدانەر و پلاندانەری هەوڵی شکاندنی زیندانەکە، جێبەجێکەری نەخشەکە لەگەڵ تەنیا دوو شەهیدی دیکە. هەروەها گوایە تەنیا خزموکەسی ئەو (10) شەهیدەی بازیان و هەر یەک لە شەهیدان (بەرزان عومەر عەلی، جەلال سورداشی و عومەر میرزا و محەمەد ساڵح

کاکەبرا شاتری) پارەیان کۆکردۆتەوە و هاوکاری کوڕەکانیان بووینە بۆ سەرخستنی پلانەکەیان، لەکاتێکدا کە ئەوانە بەتەواوی دوورن لە ڕاستی، بەڵکو ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بەلای کەمەوە بە سێ تا چوار مانگ بەر لە گەیشتنی ئەو (10) شەهیدەی بازیان، بیرۆکە، پلان و نەخشەکە لەلایەن چوار کەس دارێژرابوو، هەوڵەکان بۆ سەرخستنی پلانەکە لە ئارادا بووە و کاری زۆری بۆ کراوە، پارە کۆکراوەتەوە، مشار، گوریس و چەقۆ بەهۆی شێخ فازڵ و مەردان لە مانگی شوباتەوە گەیشتبووە ناو زیندان. بەگوێرەی قسەی شۆڕش بازیانی، کە لە سەرەوەدا ئاماژەم پێکردووە و بە تەلەفۆن قسەمان کردووە، ئەوەش لە نەریمان مەجید ئاشکرابوو، کە (13) هاوڕێکەی بازیان، هیچ پارەیان نەداوە بۆ هەوڵی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ.

نەریمان نووسیوێتی: (سەباح مەجید لەدایکبووی 1966 گوندی هۆرینە نەک 1964 باغە هەنارە).

ڕاستە ئەوەیان هەڵەی من بووە و دوای دڵنیابوونم لە هەڵەکە دەستبەجێ ڕاستم کردەوە، هەردەم سوپاسی ئەوانە دەکەم کە هەڵەیەک لە نووسینەکانم دەدۆزنەوە و ڕاستییەکەم بۆ دەنووسن. بەدڵنیایی لەکاتی نووسینەوەی ناوی شەهیدەکان و گوندەکانیان ئەو هەڵەیەم کردووە، ئەی ئەوە نییە نەریمان لەبری ئەوەی بنووسێت: (شەهید جەبار ئەحمەد زەریفە ڕۆژی 5.2.1981 خۆی ڕادەستی ئەمنی بازیان کرد)، نووسیوێتی: (شەهید جەبار ئەحمەد زەریفە ڕۆژی 5.2.1982 خۆی ڕادەستی ئەمنی بازیان کرد)، کە لەو مێژووەی دواییدا جەبار ئەحمەد زەریفە نزیکەی دوو مانگ دەبوو لە سێدارە درابوو و گەیشتبووە کاروانی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کورد و کوردستان.

نەریمان، بە هەڵچوونێکی زۆرەوە دەڵێ: (ئیتر بۆ تاوانبارمان دەکەی بەوەی چەواشەکاریم کردووە، شەهیدەکانی ئێمە وەک شەهیدە سەربەرزەکانی خزمو کەسوکاری تۆ کۆمەڵە بوون نەک جاشو پیاوی ڕژێم).

سەرەتا دەبێ بڵێم کە ڕەخنەم لە نەریمان گرتووە لەسەر کۆمەڵێک هەڵە، چەواشەکاری و شێواندنی خەباتی هاوڕێیانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)، نەک جیاوازی و بەراوردی نێوان شەهیدانم کردبێ، تا ئەو بێت و چەواشەکارییەکانی خۆی بە بەراوردکردنی نێوان شەهیدەکان وەڵام بداتەوە. یان ئەو دەیەوێت هەڵە، چەواشەکاری و شێواندنی مێژووی نەبەردییەکەی شکاندنی زیندانی سێدارەی موسڵ لە پەنا شەهیدان بشارێتەوە؟ کە شەهیدان هەموویان شەهیدی کورد و کوردستانن، ئەوان بەتەنیا شەهیدی بنەماڵەکەیان یان شەهیدی هیچ کەسێکی دیاریکراو نین.

دواتر دڵنیام کە ئەو چەواشەکاری کردووە، هەم لە نووسینەکەی پێشووم و هەم لەم جارەدا ئاماژەم پێکردوون، بۆیە ڕەخنەم لە نووسین و دەربڕینەکانی گرتووە. بەڵام هەرگیز ناوی شەهیدەکانی بازیان/ دەربەندیخانم بە جاش و پیاوی ڕژێم نەبردووە و هیچ کاتێکیش نە سووکایەتیم بەو پۆلە شەهیدە کردووە و ناشیکەم، بەتایبەت کە دڵنیام ئەوان لە ژووری سێدارەی موسڵ لە سێدارە دراون. هیچ جیاوازییەکیش لەنێوان شەهیدان نابینم، بەڵام هەرگیز ئەو جاش و خۆفرۆشانەی کە لە شەڕی دژی کورددا کوژراون و دواتر وەکو شەهیدانی کوردستان بەتایبەت ئەوانەی ناو لیستی حزبەکەی نەریمان (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)، کە شانازی بە ئەندام بوونی لەو حزبەدا دەکات، هەژمار کراون و مووچەی شەهیدانە وەردەگرن و مووچەکانیشیان زۆر زۆرترە لە مووچەی ئەو شەهیدانەی کە لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراون، بە شەهید نازانم و دڵنیاشم هەموو کوردێکی دڵسۆز و نەتەوەپەروەر هەمان بۆچوونیان هەیە لە بەرانبەر ئەو جاش و خۆفرۆشە کوژراوانە بەدەستی پێشمەرگە.

نەریمان دەبێ ئەوە بزانێ کە کێشەکە لە نووسینەکەی ئەو دایە، ئەگینا نە کێشەم لەگەڵ خۆی و نە لەگەڵ هیچ کەس و لایەنێکدا نییە. نەریمان زۆر باسی شپرزەیی و نائارامی باری دەروون دەکات، بەڵام لێرەدا دەردەکەوێ کە کاممان باری دەروونی شپرزەیە و نائارامی زۆر بە شێوەی دەربڕین و نووسینەکەیەوە دیارە، کە پێم وایە کەسێکی دەروون ئاسایی هەرگیز ڕێگە بەخۆی نادات بڵێت: (شەهیدەکانی ئێمە وەک شەهیدە سەربەرزەکانی خزم و کەسوکاری تۆ کۆمەڵە بوون، نەک جاش و پیاوی ڕژێم).

نەریمان دەڵێ: (بە هیچ شێوەیەک من لەنووسینەکەمدا باسی دەربەندیخانم نەکردووە کەچی تۆ بەردەوامو چەندانجار ئەوەت دووبارە کردۆتەوە کە دەڵێی دە شەهیدەکەی دەربەندیخان وەک گاڵتەپێکردن، بەڵکو ئەو پۆلە شەهیدە لەبازیان

بوون لەهەر دوو ئۆردوگای (تەیناڵو گۆپاڵە)و چەمچەماڵ ئیتر نازانم تۆ دەربەندیخانت لەکوێ وەرگرتووە. وە هەر بەشەهیدەکانی بازیان ناسراون. ئەمە ئەوە دەسەلمێنێ تۆ زۆر بەنەفەسێکی رەق‌و ناوچەگەرێتی‌و لەبارێکی نائارامیدا بابەتەکەت نووسیوە، چونکە تووشی کۆمەڵێک هەڵە هاتووی).

لە وەڵامی نەریماندا دەڵێم: باشە، ئەی ئەوە هەر خۆی نییە لە بەشی چوارەمی نووسینەکەیدا (28.8.2013/6165)، کە وەکو خۆی دەینووسمەوە، نووسیوێتی: (ئەوە دیواربەندەش وەک رێزلێنانێک بۆ شەهیدەکان‌و کەسوکاریان کراوە کە زۆربەیان خەڵکی شاری دەربەندیخان‌و بناری بەمۆن، ئێستا وە ساڵانی هەشتاکانیش لەئۆردوگای (تەیناڵو گۆپاڵە)ی بازیان نیشتەجێ کرابوون).

هەر ئەو قسەیەی نەریمان کە لە سەرەوەدا لەنێو دوو کەوانەدا نووسیومە، لەلایەک هەموو ئەو تۆمەتانەی ناوبراو لە سەرەوەدا وەکو (گاڵتەپێکردن بە شەهیدان، نووسین بە نەفەسێکی ڕەق و ناوچەگەرێتی و لە بارێکی نائارامیدا) دەیان داتە پاڵم، بەرپەرچ دەداتەوە و ناتەواو دەردەچن، لە لایەکی دیکەشەوە دەردەکەوێ کە ئەو ئاگای لە خۆ نییە و نازانێ پێشتر چی نووسیوە.

لە ڕاستیدا ئەوە سووکایەتی و گاڵتەپێکردنە بە شەهیدان کە نەریمان بە بەردەوامی بڵێ: (شەهیدەکانی خزموکەسی تۆ، شەهیدەکانی من، شەهیدەکانی تۆ، شەهیدەکانی ئێمە و شەهیدەکانی ئێوە)، کە ئەو لە هەر چوار بەشی نووسینەکەیدا (36) جار ئەو زاراوانەی بەکارهێناوە و دووبارەی کردونەتەوە. شەهید، شەهیدی کورد و کوردستانە یان هی لایەنێک، نەک هی کەسێک وەکو نەریمان ئەوەندە دووبارە و دەبارە و سی بارەی کردۆتەوە.

من کە نووسیبێتم شەهیدەکانی بازیان یان دەربەندیخان، لەبەر ئەوەم بووە کە ئەوان زۆربەیان خوێندکار بووینە لە بازیان و بەیەکەوە گیراون و لە سێدارە دراون، دواتریش لە دەربەندیخان دیواربەندێکیان بۆ کراوە و نەریمان خۆیشی دانی پێدادەنێت کە زۆربەی شەهید و کەسوکارەکانیان خەڵکی شارۆچکەی دەربەندیخان-ن. بەدڵنیاییش تەواوی شەهیدانی بزووتنەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان، شۆڕشەکانی کورد و پارتە سیاسییەکانی کوردستان، بەبێ جیاوازی بە شەهیدی کورد و کوردستان دەزانم، جگە لەو سەرۆکجاش، فەرماندەی مەفرەزە خاسە و حزبە جاش و هاوپەیمانەکانی بەعس و ڕژێمی ئێراق لە سەردەمە جیا جیاکاندا، کە لە شەڕی دژ بە شۆڕشی کورد کوژراون و ئێستاکە وەکو شەهیدی کوردستان ناویان لە لیستی شەهیدانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی تۆمار کراوە و مووچەی مانگانەی شەهیدان وەردەگرن.

نەریمان دەڵێ: (نازانم درامای گەردەلول پەیوەندی چییە بەنووسینەکەی منەوە کەی من باسی ئەو درامایەم کردووە تا تۆ لەوەڵامی مندا بەدرێژی باسی بکەی).

لە وەڵامی نەریماندا دەڵێم: دەبوایە ئەو لە سیاسەت ئەوە فێربێ و بیزانیبایە کە هەر نووسەرێک ئازادە لەوەی چۆن دەروازەی بابەتێک دەکاتەوە و لە کوێوە دەست بە نووسینی بابەتەکە دەکات، یان نووسەر بۆی هەیە دوو بابەت بەیەکەوە ببەستێتەوە یان نموونە بهێنێتەوە بۆ پتەوکردن و پشت ڕاست کردنەوەی نووسینەکەی خۆی. ئەوەی کە کردوومە و ناوی گەردەلولم هێناوە، لەو سنوورە دەرنەچووە و بەیەکەوە بەستنی دوو بابەت و نموونە هێنانەوە بووە لەسەر هەڵە، چەواشەکاری و شێواندنی مێژوو.

نەریمان دەڵێ: (دەرسیم بەمانشێتێکی بچووک نووسیویەتی (فازڵو مەردان ئیلیاس هێشتا لەژیاندان) کەچی لەکۆتایی بابەتەکەدا دەڵێ مەردان لەسێدارە دراوە کە لەڕاستیدا وایە، ئەمەش بێئاگایی ئەو دەردەخات لە نووسینەکەی خۆی).

سەرەتا ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، لە لاپەڕە (10)ی ژمارە (6167)ی هەینی، ڕێکەوتی (30.8.2013)دا سەبارەت بە دانانی ئەو ناونیشانە ناسەرەکیە کە نووسراوە (فازڵ و مەردان ئەلیاس هێشتا لە ژیاندا ماون) داوای لێبووردنی کردووە، کە ئەو هەڵەیە هەڵەی خۆیان بووە نەک هەڵەی من. جا نازانم دەبێ نەریمان باوەڕ بە کوردستانی نوێ بکات، کە ئەوان ئەو هەڵەیە بە هەڵەی خۆیان دەزانن نەک هەڵەی من؟ هەروەها ڕوونکردنەوە و داوای لێبووردنەکەی کوردستانی نوێ (کە لە خوارەوە دانراوە)، ئەو قسەیەی نەریمان ڕەتدەکاتەوە کە گوایە بێئاگایی من دەردەخات تەنانەت لە نووسینەکەی خۆشم. دواتر دەبوایە نەریمان بیزانیبایە کە ئەو ناونیشانە بچووکە و هیچ یەکێک لە

ناونیشانە بچووکەکانی دیکە لە کوردستانی نوێ هی من نین، چونکە ئەو نووسینەکەی منی لە ماڵپەڕەکان یان فەیسبووک خوێندۆتەوە، کە هیچ ناونیشانێکی بچووکی تێدا نەبووە و نووسینەکەم یەک ناونیشانی سەرەکی هەیە لەژێر ناوی (شکاندنی باستیلەکەی موسڵ، یان چەواشەکردنی مێژوو؟). بۆ سەلماندنی ئەو قسەیەم کە نەریمان نووسینەکەمی لە فەیسبووک یان لە یەکێک لە ماڵپەڕەکان خوێندۆتەوە، یەکەم تەنیا لە ماڵپەڕەکان و فەیسبووک وشەی (درۆ، دزینی خەبات و بوختان)م بەکارهێناوە چونکە کوردستانی نوێ داوایان لێکردم ئەو وشانە بگۆرم، دووەمیش فوئادی برازای لە فەیسبووک کۆمێنتی بۆ نووسیبووم. هەروەها نەریمان لە وەڵامەکەی خۆیدا بۆ من، لە شوێنێک نووسیویێتی: (کەچی دەرسیم لە 28.11.2010 نووسیویەتی پاش ئەوەی بۆی بڵاونەکراوەتەوە لەچەند ماڵپەڕێک بڵاوی کردۆتەوە، بەڵام بەم شێوەیە نا). کاتێک نەریمان دەنووسێ: (بەڵام بەم شێوەیە نا)، ئەوە بەدڵنیایی دەیسەلمێنێ، کە ئەو لە ماڵپەڕەکانیش ئەو نووسینەی منی خوێندۆتەوە!

هەروەها نەریمان ناوی باپیری فازڵی بە ئیلیاس بردووە، کە لە نووسینەکەمدا هەردەم ناوی باپیری فازڵ و شەهید مەردان بە ئەلیاس هاتووە.

کوردستانی نوێ
سالی بیست و دووەم ژمارە: (٦١٦٧) هەینی ٢٠١٣/٨/٣٠
22nd Year No: 6167 Fri · 30 / 8 / 2013
10

# راستکردنەوەو داوای لێبووردن

لەژمارە ٦١٥٢ی رۆژی سێشەممە رێکەوتی ٢٠١٣/٨/١٣ کوردستانی نوێ-دا بەشی یەکەمی بابەتێک لەژێر ناونیشانی (شکاندنی باستیلەکەی موسڵ یان چەواشەکردنی مێژوو) لەلاپەرەی (١٢)ی سەکۆی ئازاددا بڵاوکرایەوە، کە بەدواداچوونێکی دەرسیم دیبەگەیی بوو سەبارەت بەکتێبێکی نەریمان مەجید، بەڵام دواتر نەریمان مەجیدیش وەڵامی نووسینەکەی ئەوی داوەتەوە، لەمیانەی وەڵامەکانیدا ئاماژەی بەدوو خاڵ کردووە کە یەکێکیان ناونیشانێکی فەرعییە کە نووسراوە (فازیڵ و مەردان ئیلیاس هێشتا لەژیاندا ماون) کە لەراستیدا ئەوە هەڵەی موحەرپیرەکەی کوردستانی نوێیە نەک هەڵەی کاک دەرسیم دیبەگەیی‌و دووەمیشیان دانانی وێنەیەکی ناو زیندانی موسڵە کە ئەویش هەر لەکوردستانی نوێ لەگوگڵەوە موحەرپیرەکە وەریگرتووە نەک کاک دەرسیم ناردبێتی، بۆیە داوای لێبوردن لەبرای نووسەر دەرسیم دیبەگەیی‌و خوێنەرانی رۆژنامەکەمان دەکەین.

نەریمان نووسیوێتی: (دەرسیم دەڵێ (بیرۆکەو پلانی شکاندنی سێدارەی موسڵ هیچ پێوەندییەکی بەو (10) شەهیدەی دەربەندیخانەوە نەبووەو نییە، چونکە بەر لەوەی ئەوان بگەنە ژووری سێدارەی موسڵ بە دوو تا سێ مانگ بیرۆکەی ئەو هەوڵەو پلان و نەخشەی شکاندنی زیندانەکە دارێژرا بوو) منیش دەڵێم رەنگە ئەو قسەیەی تۆش تەواو بێت).
نەریمان کە دەڵێ ڕەنگە ئەو قسەیەی تۆش تەواو بێت، بە تەواوی بانگەشەکەی خۆی کە گوایە شەهیدانی بازیان (هەر بە گەیشتنیان بە قەسابخانەکەی موسڵ بیریان لە دارشتنی پلانێک کردەوە بۆ شکاندنی زیندانەکە)، پووچەڵ دەبێتەوە و دەیسەلمێنێ کە چەواشەکاری لە نووسینەکەیدا کردووە، بەتایبەت دوای ئەوەی کە (13) هاورێکەی دەربەندیخان/ بازیان/ هێنراون بۆ ژووری سێدارە، هەر یەک لە شەهیدان (جەمیل ئەحمەد مەحمود، جەلال مەحمود ئەحمەد سورداشی و عومەر میرزا شاموراد) لەنێوان دوو تا هەشت ڕۆژ لە سێدارە دران، تاکە کەس لە خاوەنی ئەو بیرۆکەیە و نەخشەی شکاندنی زیندان کە لە ژیان مابێت بەرزانی عومەر عەلی بووە. سەرەرای هەموو ئەمانەش، بەلای کەمەوە بە سێ تا چوار مانگ پێش ئەوەی ئەو شەهیدانەی لە سەرەوە ناوم بردن لە سێدارە بدرێن، سەرەتا شەهید تەحسین و دواتریش شەهید جەمیل بەجیا باسی پلانەکەیان بۆ کردم.
نەریمان، هەتا لە گواستنەوەی نووسینەکەی منیش کەوتۆتە هەڵەی زەق و ناوردبینانە ئاماژە بە نووسینەکانم دەدات، بۆ نموونە ڕستەی (بیرۆکەو پلانی شکاندنی سێدارەی موسڵ)، کە وشەی (ژووری/ زیندانی) پەراندووە، تەواوی مانای ڕستەکە دەگۆرێت و لێرەدا بەگوێرەی دەربرینەکەی نەریمان مانای شکاندنی سێپاکەی لە سێدارە دانەکە دەگەیەنێت، نەک شکاندنی دەرگای ژووری سێدارە لەپێناوی ڕاکردن و خۆ دەرباز کردنیان لە سزای مەرگ.
نەریمان دەڵێ: (ئەڵبەتە ئەگەر ئەو شەهیدە سەربەرزانەی باستکردوون دارێژەری پرۆسەکە بوون وەک شەهیدان (جەمیل ئەحمەدو عومەر میرزاو بەرزان عومەرو جەلال مەحمود سورداش) هەروەها شەهید ئەکرەمی حەپسەو د.ڕێبازو چەندانی تریش لای من تاجی سەرن، بەلام من نەمناسیوونو نەشمبیستوون، بەلام من لە دەمی شەهید بابانو شەهید سەباح لەڕۆژی مواجهە قسەیان بۆ مام ئەحمەدی باوکی بابانو خاڵۆم دەگێرایەوە، مام ئەحمەدو خاڵۆم پێیانوتین ئەم شتە باس نەکەنو لەدەمتان دەرنەچێ، تەنانەت بابان بە باوکی وت ئەگەر لە نزیک سجنەکە بەخۆتو ئۆتۆمبیلەکە بمێنیتەوە کارێکی باشە مام ئەحمەدی حەبە قەناعەتی بەو قسانە نەبوو وە عەقڵی نەیدەبڕی کارێکی وابکرێت، چونکە زیندانەکە زۆر بەرزو تۆکمە بوو، وە بە ئەمنو پۆلیسو موخابەرات دەورە درابوو).
لە وەڵامی نەریمان دەڵێم: نەک ئەگەر، بەڵکو سەدا سەد ئەو چوار شەهیدەی کە لە سەرەوەدا ناوم بردوون، خاوەنی بیرۆکەی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ، پلاندانەر، نەخشەدانەری هەوڵەکە بووینە و کاریشیان لەپێناوی جێبەجێکردن و سەرکەوتنی ئەو هەوڵە کردووە. هەروەها من لە هیچ شوێنێک باسی ئەوەم نەکردووە کە شەهیدان ئەکرەمی حەپسە و دکتۆر ڕێباز لەگەڵ ئەو چوار شەهیدە خاوەنی بیرۆکەکە و پلاندانەر بووینە. نازانم نەریمان بۆ لە خۆیەوە ناوی ئەوانیشی خستۆتە پاڵ ناوی چوار شەهیدەکە؟ بەتایبەت دوای لە سێدارە دانی ئەو دوو خۆڕاگرەی کۆتایی (شەهید ئەکرەمی حەپسە و شەهید دکتۆر ڕێباز)، بە نزیکەی دوو مانگ بیرۆکە و هەوڵی شکاندنی ژووری زیندانی سێدارەم لە شەهید تەحسین و شەهید جەمیل بیست.
سەبارەت بە ئاگادارکردنەوەی کەسوکاری (10) شەهیدەکەی بازیان لە هەوڵی شکاندنی زیندانی ژووری سێدارەی موسڵ، وەکو ئەوەی نەریمان باسی دەکات کە گوایە ئەو لە دەمی شەهید بابانو شەهید سەباح لەڕۆژی مواجهە بیستوویەتی، دەڵێم: (ئەو قسانەی نەریمان نوێن و لە "چیرۆکی شکاندنی قەسابخانەی موسڵ کە لەسەر دەستی کورانی یەکێتی ئەنجام درا" هەروەها لە "شکاندنی باستیلەکەی موسڵ"دا باس نەکراوە، بۆیە جێگای متمانە نییە و باسکردنی ئێستاشی تەنیا بۆ پینەکردنی ناڕاستییەکانی پێشوویەتی. ئاخر ئەگەر بەڕاستی نەریمان ئەو قسەیەی لە دەمی شەهید بابان و شەهید سەباح گوێ لێ بووە، بۆ لەو دوو بابەتەی پێشووی خۆیدا ئاماژەی پێ نەدەدا و هاتووە لەدوای نووسینەکەم و ڕەخنەکانم لەسەر بابەتەکەی ئەو، ئێستاکە باسی دەکات؟ باشە ئەگەر نەریمان ڕاست دەکات، بۆ ئەو نهێنییانەی ئاشکرا نەدەکرد، کە گوایە خۆی لە دەمی ئەو دوو شەهیدەی بیستووە؟ باشە نەریمان ئەو نهێنیانەی بۆ کام ڕۆژی تەنگانە هەڵگرتبوو؟).

نەریمان، تەنانەت ئەوەشی هەڵەیە کە گوایە دەوری زیندانەکە بە پۆلیس، ئەمن و موخابەرات دەورە درابوو، بەڵکو تەنیا کارمەندی پۆلیس و ئەمن لەناو زیندانەکەدا هەبوون و حەوشی زیندانەکەش دەکەوتە سەر شەقامێکی پڕ لە ئاپۆڕەی خەڵک و ئۆتۆمۆبێل. هەروەها لەناو هەمان زیندان بەشی سزا سووک و قورسەکان هەبوو کە دەکەوتە پشتی بەشی ژووری سێدارە و تایبەت بوو بە تاوانەکانی دزی، کوشتن، گەندەڵی، بەرتیل و هتد، کە دەرگای چوونە ژوورەوەی جیاواز بوو لەگەڵ دەرگای هاتنە ژوورەوە بۆ ژووری سێدارە، هەروەها شوورە بەرزەکە هەر دوو بەشەکەی گرتبووە ناو خۆی، بەڵام دەرگای سەرەکی سەرجادەکە هاوبەش بوو بۆ هەر دوو بەشی سزا (سووک و قورسەکان) و (بەشی سێدارە)، کە تایبەت بوو بۆ لە سێدارە دانی شۆڕشگێڕانی کوردستانی.
سەبارەت بە هەوڵی شکاندنی ژووری سێدارەی موسڵ، دوای هەوڵ و سۆراغێکی زۆر توانیم لە ڕێگەی مەهدی خالید غەمباری هەڵبەستوان و هاوڕێی دێرینم لە ڕۆژی (17.10.2013)دا یەکێک لە زیندانییەکانی ژووری سێدارەی موسڵ بەناوی محەمەد حەسەن خورشید کەرکوکی بدۆزمەوە و قسەی لەگەڵ بکەم. دوای گفتوگۆیەکی زۆر دەرکەوت بەر لەو هەوڵە پلانێکی دیکە هەبووە بۆ شکاندنی زیندانەکە، بەڵام ئەو پلانە سەری نەگرتووە و نەخراوەتە بواری جێبەجێ کردنەوە، بۆیە دەکرێت ئەوەیان بە پلانی یەکەم و ئەوەی دیکەشیان بە پلانی دووەم ناوببرێت.
محەمەد حەسەن کەرکوکی، باسی ئەوەیکرد کە: (لە دوو مانگی کۆتایی ساڵی (1980)دا بیرۆکەی شکاندنی ژووری سێدارەی موسڵ باسی لێوە کراوە، کە خاوەنی بیرۆکەکە هەریەک لە (ئەکرەمی حەپسە، دکتۆر ڕێباز و جەلال مەحمود سورداشی) بووینە. ئەوکاتە شەهید ئەکرەمی حەپسە، ئەو بیرۆکەیەی لەگەڵ خۆم و ئاگاداریشم لەگەڵ جەمیل ئەحمەد مەحمود، تەحسین ڕەحمان فەرحان، شێرکۆ حەمید، بەکر کەریم خۆشناو باسکرد. هەر ئەکرەمی حەپسە خۆی یان یەکێک لە دکتۆر ڕێباز و جەلال سورداشی لەگەڵ بادینییەکان و چەندان زیندانی دیکە باسی ئەو بیرۆکە و پلانەیان کرد، کە هەمووومان لەگەڵ بیرۆکەکە و هەوڵی سەرخستنی پلانەکەدا بووین.
بەگوێرەی پلانەکە، ئەکرەمی حەپسە لە ڕێگای کەسوکاری خۆی داوای دەمانچەیەکی بێدەنگی لە (مستەفا چاوڕەش)ی پورزای کرد. بەگوێرەی قسەکان مستەفا چاوڕەش دەمانچەکەی ناردبوو، خزموکەسی ئەکرەم دەبوایە دەمانچەکە بخەنە ناو مەنجەڵی دۆڵمە و بیگەیەننە زیندان و دەستی ئەکرەم. بڕیار بوو دوای ئەوەی دەمانچەکە بگات، بەهێزترین و چاونەترس ترین زیندانی هەڵبژێرن بۆ ئەوەی لە ئێوارەوە کە زیندانییەکان دەکەنە ژوورەکانیانەوە، ئەو بە خۆیی و دەمانچەکەوە لە ژوورەکەی ناوەڕاست کە کۆمەڵێک فلینەی گەورە گەورەی تێدابوو بۆ هەڵگرتنی خواردن، لەناو فلینەیەک خۆی بشارێتەوە، دواتریش بەر لە ئاڵوگۆڕی پاسەوانی شەو و ڕۆژی نێوان پاسەوانەکان کە بە بەردەوامی بەبێ چەک چاودێری زیندانییانی ژوورەکانیان دەکرد، پێش کاتژمێری (12)ی شەو یان درەنگتر زیندانییەکە لەناو فلینەکە دەربچێت و پەلاماری پاسەوانەکە بدات و بیکوژێت، پاشان تەرمەکەی بباتە ژووری فلینەکان. خۆیشی بەتانییەکەی پاسەوانەکە لەخۆی بئاڵێنێت و لەسەر کورسییەکە دانیشێت تاوەکو پاسەوانی دووەم دەرگای هاتنە ژوورەوەی دەکردەوە و دەهاتە ناو ڕێڕەوەکە بۆ وەرگرتنی نۆرەی ئێشکگری خۆی، ئەویش بکوژێت و کلیلەکانی لە دەست دەربهێنێ، کە هەردەم ئەو پاسەوانەی دەهات کلیلی سێ دەرگای پێ بووە و کلیلەکانی دەدایە دەست ئەو پاسەوانەی کە ئێشکگرییەکەی تەواو دەبوو و دەرگاکەی دادەخستەوەو کلیلەکانی لەگەڵ خۆی دەبردەوە. دوای کوشتنی ئەو دوو پاسەوانە، دەرگای هەر دوو ژوورەکەی بە گوللە بشکێنێ و تەواوی زیندانییەکان بێنە دەرەوەو پێکڕا دەبوایە پەلاماری ژووری ئەفسەری ئێشکگر (ضابط الخفر) بدەن و ئەویش بکوژن، ئینجا ڕێگای دەرەوە بگرنە بەر، لەبەردەم دەرگاش خزموکەسی زیندانییەکان، ئەرکی دەربازکردنی زیندانییەکانیان لەناو شاری موسڵ بۆ ناوچە ئازادکراوەکان گرتبووە ئەستۆی خۆیان. بەڵام بەداخەوە بەر لە گەیشتنی دەمانچەکە، ئەکرەمی حەپسە لە سێدارە درا، بۆیە پلانەکە نەتوانرا جێبەجێ بکرێت و دەمانچەکە بۆ مستەفا چاوڕەش گەڕێندرایەوە).
بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم پلانە، دەتوانرێ پەیوەندی بە مستەفا چاوڕەش و خزموکەسی شەهید (ئەکرەمی حەپسە) بکرێت، بەتایبەت کە مستەفا چاوڕەش تا ئێستا لە ژیاندا ماوە.

خۆم، لە ڕێگەی دیمانەیەک دا لەگەڵ ئاواز خانی هاوسەری شەهید ئەکرەم، کە لە ڕۆژی (15.12.2015)دا پرسیارەکانم بۆی ناردووەو ئەویش لە ڕۆژی (31.3.2016)دا وەڵامی داومەتەوە، هەروەها لە هەمان ڕۆژی ناردنەوەی وەڵامەکان بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵدا کرد، باسی دەمانچەی بێدەنگ و مستەفا چاوڕەشی پورزای شەهید ئەکرەمم لەگەڵ کردەوە، ناوبراو ئەوەی پشتڕاست کردەوە کە مستەفا چاوڕەش دەمانچەیەکی بێدەنگی بۆ ناردن بۆ سلێمانی، ئەویش خۆی دەمانچەکەی لە سلێمانی گەیاندۆتە موسڵ، بەڵام نەیبردووە بۆ ناو زیندان!

سەبارەت بە گواستنەوەو دەربازکردنی زیندانییەکان لە موسڵ بۆ ناوچە ئازادکراوەکان، بە مامۆستا محەمەد حەسەن کەرکوکیم گوت: (بەم دواییە شتێکم هاتەوە بیر کە شەهید جەمیل و شەهید تەحسین کاتی خۆی پێیان گوتم، ئەگەر نەخشە و پلانەکە سەربگرێ، ئەوکاتە هەڤاڵانی بادینی و ڕێکخراوی پێشکەفتنی بەرواری باڵای پارتی دیموکراتی کوردستان ئەرکی دەربازکردن و گواستنەوەیان لە بەردەم زیندانەکەوە بۆ ناوچە ئازادکراوەکان دەگرنە ئەستۆی خۆیان بەهۆی کەسوکاریان، بەڵام ئەگەر ئەوان لە سێدارە دران، ئەوکاتە هەوڵدەدەن چەند کەسێک لە هەولێرییەکان بێن بۆ دەربازکردنیان لەناو موسڵ). ئەوەبوو دەستبەجێ مامۆستا محەمەد گوتی: (زۆر ڕاستە، پلانی یەکەمیش هەر بادینییەکان و هەڤاڵانی ڕێکخراوی پێشکەفتنی بەرواری باڵای پارتی دیموکراتی کوردستان ئەو ئەرکەیان گرتبووە ئەستۆ. باش بوو بیری منیشت خستەوە، کە ناوی ئەو ڕێکخراوەم بیرچووبوو، بەڵێ هەر ئەندامانی ڕێکخراوی پێشکەفتن بوون کە گفتیان دابوو بۆ پلانی یەکەم هەوڵدەن ئەرکی گواستنەوەی زیندانییەکان بخەنە ئەستۆی خۆیان).

بۆیە بەدڵنیایی دەبێ زیندانییەکانی ژووری سێدارەی موسڵ، نەخشە و پلانی شکاندنی زیندانی سێدارەی موسڵ-یان لە دیدەنی ڕۆژی (1.2.1981) یان ڕۆژی (15.2.1981)دا لەگەڵ کەسوکاری نزیکی خۆیان باس کردبێ، هەروەها هەر یەک لە شەهیدان (جەمیل و تەحسین)یش لە هەمان کاتدا لەگەڵ مندا باسیان کردووە، کە هێشتاکە هەڤاڵانی ڕێکخراوی پێشکەفتنی پارتی لە سێدارە نەدرابوون، کەچی دوای کەمتر لە مانگێک لە شەوی (26.2.1981)دا هەر نۆیان پێکەوە لە سێدارە دران.

سەبارەت بە پلانی یەکەم، دیارە دەزگاکانی ئەمنی ناو زیندان هەستیان بە شتێک کردووە، بۆیە چەند کەسێکیان بانگ کردووە بۆ ئەوەی سەرە داوێکیان بکەوێتە دەست، وەلێ کەس هیچ زانیاری پێ نەداون. یەکێک لەو کەسانەی کە بانگکراوە محەمەد حەسەن خورشید بووە، کە پێیان وتبوو: (تۆ کەسێکی خزمی شێخ ستار تاهیر شەریفی وەزیری و واستەیەکی گەورەت هەیە، هەرگیز لە سێدارە نادرێیت. بۆیە پێویستە هاوکارمان بیت و دەنگۆی هەوڵی شکاندنی ژووری سێدارە هەیە، بۆمان باسکە کێن ئەوانەی خەریکی ئەو نەخشە و پلانەن؟). محەمەد حەسەن، لە وەڵامدا پێیان ڕادەگەیەنێ: (باوەڕناکەم پلانێکی لەو جۆرە لە ئارادابێ، کەس باسی پلانێکی وای لەگەڵ نەکردووم، گوێشم لە کەسیان نەبووە شتێکی وا باس بکات، تەنانەت هەستیشم بە شتێکی ئاوا نەکردووە. دواتر هەروەکو خۆتان باسی دەکەن کە من واستەیەکی گەورەم هەیە و خزمی شێخ ستارم، ئەوانیش لە ژوورەوە هەموویان ئەوە دەزانن بۆیە نە باوەڕم پێدەکەن و نە قسەشم لەگەڵ دەکەن). دوای ئەوەی محەمەد حەسەن دەگەڕێتەوە، تەواوی ئەو قسانەی بەرپرسانی ئەمنی زیندان بۆ شەهیدان ئەکرەمی حەپسە، دکتۆر ڕێباز و چەند کەسێکی دیکەی ژوورەکەیان باس دەکات.

خۆم وەکو دەرسیم، بە هیچ شێوەیەک ئاگاداری پلانی یەکەم نەبوویمە و زانیاریم دەربارەی ئەو نەخشە و پلانە نەبووە، بۆ یەکەم جاریش لەسەر زاری محەمەد حەسەن خورشید گوێبیستی بوویمە و کاتی خۆیشی شەهیدان تەحسین و جەمیل بۆ من باسیان نەکردووە. بەڵام لە ڕۆژانی (3.1.2015) و (6.1.2015)دا بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ نیشتمان-ی خوشکی شەهید جەمیل ئەحمەدی ئامۆزازام و شەیدای هاوسەری کرد، نیشتمان خان باسی پلانی یەکەمی بۆ کردم کە شەهید جەمیلی برای بۆی باسکردووە. هەروەها لە نووسینێکی زاهیر باهیر بە ناونیشانی "یادت و یادەوەریتان بەرز و زیندوو، ئەکرەم حەمەدئەمین (ئەکرەمی حەپسە)"دا، کە لە ڕێکەوتی (10.12.2012)دا لە ماڵپەڕی (ئەمرۆ)دا بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بە نامەیەکی شەهید ئەکرەمی حەپسە دەکات و دەڵێ: (لە نامەیەکی تریدا بۆ ئێمە، بەداخەوە کە بەرواری لەسەر نییە. پاش ئەوەی کە باس لەوە دەکات کە چاوەڕوانی هەندێک شت دەکەن کە بڕیارە

ئەو شەوە پێیان بگات، کە گەر پێیان بگات هەوڵی ڕاکردن دەدەن و ئەگەری زۆریش بۆ ڕزگار بوونیشیان هەیە، گەر دەریش نەچن ئەوە خۆ هەر ئەوان ئیعدام دەکرێن).
زاهیر باهیر، لە ڕێکەوتی (11.2.2015)دا ئەو کۆپڵەیەی نامەکەی شەهید ئەکرەمی حەپسەی بۆ ناردم، کە پەیوەندی بە شکاندنی زیندانی سێدارەی موسڵ هەیە و تیایدا هاتووە: (چونکە بە ڕاستی من تا ئەو لەحزەیەی ئەکرێم بە سێدارەوە هەمیشە بیر لەوە ئەکەمەوە و هەوڵئەدەم کە خۆمان ڕزگار بکەین. سبەینێ چاوەڕێی هەندێ شت ئەکەین بگات بەدەستمان – هەر سبەی شەو بەگەیشتن و نەگەیشتنی هەوڵی ڕاکردن ئەدەین جا ئەگەر شتەکان گەیشت ئەوا ئیحتمالی سەرکەوتنمان زۆرتر ئەبێت وە ئەگەر نەگەیشت کارەکە ئەبێتە کارێکی ئینتحاری بەڵام هەر پێی هەڵئەستین چونکە ئێمە وا بیر ئەکەینەوە، مادام هەر ئیعدام ئەکرێین با هەوڵ بدەین بەڵکو هیچ نەبێت). ئەمەی خوارەوە کۆپڵەیەک لە نامەکەی شەهید (ئەکرەمی حەپسە)یە، کە زاهیر باهیر بۆی ناردووم.



هەر سەبارەت بە پلانی یەکەم و هەوڵی شکاندنی زیندانی سێدارەی موسڵ و ڕاکردنی زیندانییەکان، لە وەڵامی چەند پرسیارێکدا کە لە ڕێگای نووسەر زاهیر باهیر لە ئاواز خانی هاوسەری شەهید ئەکرەمی حەپسەم کردبوو، ئاواز خان لە ڕۆژی (17.2.2015)دا وەڵامەکانی ناردۆتەوە، سەرەتا بوونی پلانی یەکەم بۆ شکاندنی زیندانەکە و هەوڵی ڕاکردنەکە پشت ڕاست دەکاتەوە، دواتریش باسی ئەوە دەکات کە لەلایەن مستەفا چاوڕەشەوە دەمانچەیەکی بێدەنگیان بەدەست گەییشتووە و هەر خۆیشی دەمانچەکەی گەیاندۆتە شاری موسڵ، بەڵام دەمانچەکەی نەبردووە بۆ ناو ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ، چونکە بەگوێرەی پلانەکە دەبوایە شەوی شکاندنی زیندانەکە لۆرییەک لە نزیک زیندانەکەوە بوەستێت و لە چاوەڕوانی دەرچوونی زیندانییە ڕاکردووەکاندا بێت، بەڵام بەگوێرەی قسەکانی ئاوازی هاوسەری شەهید ئەکرەم کەسێکی خۆبەخش پەیدا نەبووە بۆ لێخوڕینی لۆرییەکە، بڕیاریش وابوو دوای ئەوەی کەسێک دەدۆزرێتەوە بۆ لێخوڕینی لۆرییەکە، ئینجا دەمانچەکە بگەیەنرێتە ناو زیندان. پلانەکە بەمشێوەیە بوو، ئەگەر لۆرییەکە ئامادە بکرابایە، دەمانچەکەش دەگەییشتە ناو ژووری سێدارە و بۆ شەو ئەوان پاسەوان و ئێشکگرەکانیان بەم دەمانچە بێدەنگە دەکوشت و زیندانییەکان یەک لەدوای یەک دەهاتنە دەرو دەچوونە ناو لۆرییەکە و شوفێرەکە سەرەتا دەبوایە ڕێگای دەرەوەی موسڵ و دواتریش ناوچە ئازادکراوەکان بگرێتە بەر بۆ ڕزگار کردنیان.
بەڵام مامۆستا محەمەد حەسەن خورشید کەرکوکی، باسی ئەوەی کرد، کە بەهۆی ئەوەی ئەمنی سلێمانی بە ئەنقەست ئاگاداری کەسوکاری شەهید ئەکرەمی حەپسەی نەکردبوو بۆ دوادیدار لە ڕۆژی (10.12.1980)دا، بۆیە کەسوکاری شەهید ئەکرەمی حەپسە نەیان زانیبوو ئەو لە سێدارە دەدرێ و لەکاتی دیاری کراودا بۆ دوادیداری نەهاتبوون، بەڵام بەڕێوەبەری زیندان کە دەزانێ خزموکەسی ئەو نەهاتوون، ژمارە تەلیفۆنێک لە شەهید ئەکرەم خۆی وەردەگرێت و پەیوەندی بە خزموکەسەکەی دەکات و داوایان لێ دەکات بەپەلە بکەونە ڕێ تا فریای دوادیداری ئەکرەم بکەون. ئەوان ئەوەندەی بۆیان ڕێک دەکەوێ دەستبەجێ بەرەو موسڵ دەڕۆن و بۆ ماوەی یەک دوو کاتژمێر چاویان بە شەهید

ئەکرەم دەکەوێ، تا کاتژمێری (11)ی شەو لای دەمێننەوە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە بەهۆی ئاگادارنەکردنەوەی کەسوکاری شەهید ئەکرەم بۆ دوادیدەنی، دواتریش ئاگادارکردنەوەی لە پریان، ئینجا پەلە پەلی خۆ ئامادەکردن و گەییشتن بە موسڵ نەتوانراوە دۆڵمە دروست بکرێت و بە ڕێگایەکی وا دەمانچەکە بگەیەنرێت کە کارمەندانی زیندان هەستی پێ نەکەن، سەرەڕای ئەوەی کە هەردەم لەکاتی چوونە ژوورەوە و خواردن بردندا شیشیان لە هەموو خواردنێک وەردەدا بۆ ئەوەی دڵنیابن کە هیچ شتێکی مەترسیداری تێدانییە. هەروەها بەگوێرەی نامەکەی شەهید ئەکرەم-یش کە پێ دەچێت شەوی پێش ڕۆژی دوادیدەنی نووسیبێتی، چونکە باسی ئەوە دەکات کە (سبەینێ چاوەڕێی هەندێ شت ئەکەین بگات بەدەستمان – هەر سبەی شەو بەگەیشتن و نەگەیشتنی هەوڵی ڕاکردن ئەدەین). بەپێی نامەکە شەهید ئەکرەم دڵنیایە کە سبەی کەسوکارەکەی بۆ دوادیدەنی دێن و دەمانچەکەش دەگەیەنن، بەڵام ئەو ئاگاداری ئەوە نییە کە ئەمنی سلێمانی ئاگاداری کەسوکارەکەیان نەکردووە بۆ ئەوەی دوادیدەنی ئەو بکەن.
هەم نامەکەی شەهید ئەکرەمی حەپسە، وەڵامەکەی ئاواز خانی شەهید ئەکرەم و نووسینەکەی زاهیر باهیر، هەم ئاگاداری مامۆستا محمەد حەسەن خورشید و نیشتمان خانی خوشکی شەهید جەمیل ئەحمەد مەحمود دیبەگەیی لە هەوڵی شکاندنی زیندانەکە و پلانی یەکەم، بەدڵنیایی دەیسەلمێنن کە بیرۆکە و پلانی شکاندنی زیندان و ڕاکردنی زیندانییەکان زۆر لەوە کۆنترە کە نەریمان مەجید لە کوردستانی نوێ و نامیلکەکەی خۆیدا ئاماژەی پێکردوون، کە گوایە هاوڕێیانی بازیان/ دەربەندیخان خاوەنی بیرۆکە، داڕێژەری پلانەکە و هەوڵی شکاندنی زیندانی موسڵ بووینە، لەکاتێکدا بەگوێرەی نووسینەکانی نەریمان مەجید، هاوڕێیانی بازیان لەدوای دادگاییکردنیان لە هەیئە خاسە لە ڕۆژی (19.5.1981)دا بە چەند ڕۆژێک گواسترانەوە بۆ بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ!
نەریمان مەجید، تەنانەت ڕۆژی دادگایی کردنی براکەیی و هاوڕێکانیشی بەهەڵە نووسیوە، کە ئەوان لە ڕۆژی (18.5.1981)دا لە هەیئە دادگایی کراون و دواتر بۆ بەیانییەکەی، واتە ڕێکەوتی (19.5.1981) گواستراونەتەوە بۆ ژووری سێدارەی موسڵ، نەک وەکو ئەوەی ناوبراو دەڵێ کە گوایە لە ڕۆژی (19.5.1981) دادگایی کرابن و بە چەند ڕۆژێک دوای دادگایی کردنەکەیان لە هەیئەی کەرکوک، گواسترابنەوە بۆ موسڵ.
سەبارەت بەوەی کە نەتوانراوە کەسێک پەیدا بکرێت بۆ لێخوڕینی لۆرییەکە و گواستنەوەی زیندانییەکان، ئەوە تا ڕادەیەک بۆ من جێگای گومانە، بەتایبەت ئەگەر هەڤاڵانی ڕێکخراوی پێشکەڤتنی بەرواری باڵای پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەوڵی ئەوەدا بووبن کە ئەرکی گواستنەوەی زیندانییەکان بگرنە ئەستۆی خۆیان دوای جێبەجێ کردنی نەخشە و پلانی ڕاکردنی زیندانییەکانی ژووری سێدارەی موسڵ، کەچی بۆ کەسێکی خۆبەخشیان ئامادە نەدەکرد بۆ لێخوڕینی لۆرییەکە؟ بۆیە بەدڵنیایی دەڵێم، هۆکاری شکستی ئەم پلانە دەگەڕێتەوە بۆ سێ هۆکار، یەکەمیان کات، دووەمیان بەڕێوەبەرێتی زیندان هەستی بە شتێک کردبوو، سێیەمیش ئاگادار نەکردنەوەی کەسوکاری شەهید ئەکرەم بۆ دوادیداری کوڕەکەیان لە ڕۆژی (10.12.1980)دا و دواتریش بەڕێکەوتنی بە پەلەیان بۆ موسڵ بۆ ئەوەی فریای دوادیداری شەهید ئەکرەم بکەون. پێدەچێت کاتی تەواو لەبەر دەستدا نەبووبێ بۆ گەیاندنی دەمانچەکە، ئەگینا بۆ زووتر نەدەگەیەنرا و تەنیا لە ڕۆژی دوادیداردا هەوڵی گەیاندنی بدرێت؟ هەروەها ئەگەر ئەمنی سلێمانی ئاگاداری کەسوکاری شەهید ئەکرەم-یان بکردایە، کە ڕۆژی (10.12.1980) لە موسڵ ئامادەبن بۆ دیداری شەهید، بەدڵنیایی دەرفەتێکی باشتر دەگونجا بۆ ئەوەی وەکو داوایان لێ کرابوو خواردن دروست بکەن و دەمانچەکە بخەنە ژێر مەنجەڵی دۆڵمە. ئەوە ئەگەر لەکاتی پشکنین و بردنە ژوورەوەدا بۆ ناو زیندان لەلایەن پاسەوانەکانەوە دەستی بەسەردا نەگیرایە و ئاشکەرا نەبوایە، چونکە ئەوان شیشیان لە هەموو خواردنێک وەردەدا بەر لەوەی ڕێگەی بردنە ژوورەوەی هەر خواردنێک بدەن!
هەرچی سەبارەت بە وەڵامی ئەو قسەیەی نەریمان کە دەڵێ: (من لە دەمی شەهید بابانو شەهید سەباح لەڕۆژی مواجهە قسەیان بۆ مام ئەحمەدی باوکی بابانو خالۆم دەگێڕایەوە، مام ئەحمەدو خالۆم پێیانوتین ئەم شتە باس نەکەنو لەدەمتان دەرنەچێ)، بەڕاستی نازانم، چونکە ئەو لە لاپەڕەکانی (13–14)ی نامیلکەی (شکاندنی باستیلەکەی موسڵ)دا نووسیویە: (ئەوەبوو ڕۆژی 1.6.1981 کە ڕۆیشتنە مواجهەیان زۆرمان لا سەیر بوو داوای پارە و پێڵاوی

سوکیان لێ کردین، پێمان وتن ئێوە مانگێکی تر ئیعدام ئەکرێن وتیان خواکەریمە کێ ئەڵێ عەفو ناکرێین چونکە ڕاستە ئێمە بریاری لە سێدارەدانمان دراوە بەڵام تا ئێستا بریاری (مەرسوم جمهوری)مان بۆ دەرنەچووە).

سەبارەت بەوەی کە هەوڵی شکاندنی زیندانی سێدارەی موسڵ-ی لە شەهیدان بابان و سەباح بیستووە، ئەوەیان تەنیاو تەنیا با بۆ خۆی و کەسە نزیکەکانی خۆی باسی بکات، چونکە بۆ هەتا من لێم نەکرد بە تەقە ئەوەی باس نەکرد؟ دڵنیام بۆ شاردنەوە و داپۆشینی چەواشەکاری، شێواندنی ڕاستییەکان و هەڵەکانی ناو نامیلکەکە، پەنا دەباتە بەر سەدان پینەی دیکە.

نەریمان مەجید، کە ئامادەبێ بابەتێکی نووسراوی کەسێکی دیکە (شکاندنی باستیلەکەی موسڵ، یان چەواشەکردنی مێژوو؟) بە ئارەزووی خۆی بشێوێنێ و چەواشەکاری تێدا بکات، ئاخۆ دەبێ چەند بێویژدانانە مێژوو، بابەت، چالاکی یان هەوڵێکی نەنووسراو کە تەنیا چەند کەسێکی کەم لێی ئاگادارن، بشێوێنێ و چەواشەکاری تێدا بکات؟ باشە، ئەگەر ئەو ڕاست دەکات، بۆ لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێی ڕێکەوتی (5.6.2000) و لە نامیلکەکەی ساڵی (2007)دا باسی ئەو قسەیەی نەکردووە، کە هەوڵی شکاندنی زیندانی سێدارەی موسڵی ڕاستەوخۆ لە دەمی دوو شەهیدی ناوبراو لە سەرەوەدا لە ڕۆژی (1.6.1981)دا بیستووە؟ ناشێ بڵێی لە بیرم کردووە یان ئەوە شتێکی ئەوەندە گرنگ و پڕ بایەخ نەبووە، بۆیە بە پێویستم نەزانیوە و باسم نەکردووە؟ ئەو قسە نوێیەی نەریمان سەبارەت بەوەی کە گوایە هەوڵی شکاندنی زیندانی موسڵی لە شەهید بابان و شەهید سەباح بیستووە، جێگای باوەڕ نییە مادام ئەو پێشتر لە نووسینە کۆنەکانی خۆی بەهیچ شێوەیەک ئاماژەی پێ نەداوە، خۆ ئەگەر ئێستا یان دواتر ئاماژەشی پێبدات، پێم وا نییە ببێتە جێگەی باوەڕو متمانەی خوێنەران.

ناکۆکییەکی زۆر لە هەر دوو گێڕانەوەکەی نەریمان دەبینم، کە دوو جۆری تەواو پێچەوانەی یەکن! بەقسەی خۆی، جاری یەکەم ئەو نووسینەی لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ڕۆژی (5.6.2000)دا بڵاوکردۆتەوە، دواتریش گوایە ئەو نووسینەی لەسەر داوای کەسوکاری شەهیدەکانی بازیان و کۆمەڵێک لە هاوڕێکانی لە ڕێگەی مەڵبەندی ڕێکخستنی دەربەندیخانی یەکێتی دا، لە ساڵی (2007)دا وەکو نامیلکە لە چاپ دراوە.

بەر لە هەموو شتێک، لە چاپدانی ئەو نووسینە وەکو نامیلکە لەسەر داوای هاوڕێیان و کەسوکاری شەهیدان نەبووە، بەڵکو دوای ناسینی فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس و وەرگرتنی بەڵگەنامەکانی ئەو بووە لە سەرەتای ساڵی (2007)ەوە، کە هۆکاری سەرەکی بووە بۆ چاپکردنی بابەتەکەی کوردستانی نوێ لە شێوەی نامیلکە.

نەریمان دەڵێ: (نامەکەی شەهید بابان کە لە ڕۆژی 31.5.1981 نووسراوە ڕۆژی 1.6 دای بەباوکی پێیوت ئێمە کارێکی وا دەکەین، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە تا ئەو ڕۆژە پرۆسەکە ئەنجام نەدرابوو واتا دوای شەهیدبوونی عەزیزەکانی تۆ کارەکە ئەنجامدراوە).

ئەو دوو دێرەی سەرەوەی نەریمان، درێژدادڕی، نووسینی نابابەتیانە و نالۆژیکانەی ئەو دەسەلمێنێت، کە نەنووسینی زۆر باشتر بوو، چونکە لە نامەکەی شەهید بابان بە تاکە وشەیەکیش باسی ئەوە نەکراوە کە ئەوان بەنیازی هەوڵێکی لەو جۆرەن، هەروەها کەسیش باسی ئەوەی نەکردووە کە پێش ئەو مێژووە هەوڵی شکاندنی زیندان ئەنجام دراوە، تا ناوبراو نامەکەی شەهیدی بابان وەکو بەڵگەی سەلماندنی جێبەجێ نەکردنی هەوڵەکە لە پێش ئەو مێژووە بسەلمێنێ (لە خوارەوە نامەکەی شەهید بابان دانراوە، سەیری بکەن). دواتر ئەگەر هەوڵەکە ئەنجام درابایە، خۆ هەم دەنگی دەدایەوە هەم دیدەنی قەدەغە دەکرا، وەکو ئەوەی لەدوای ڕۆژی (2.6.1981)دا قەدەغە کرا. باشە نەریمان بۆ لە نووسینەکانی پێشووی خۆیدا لە کوردستانی نوێ و نامیلکەکەیدا، ئاماژەی بەوە نەداوە کە شەهید بابان لە ڕۆژی (1.6.1981)دا کاتێ کە نامەکەی داوەتە دەست باوکی، باسی ئەوەی کردووە کە ئەوان هەوڵی شکاندنی زیندانی سێدارە و ڕاکردنیان بەدەستەوەیە؟

مادام نەریمان لە نووسینە کۆنەکانی خۆی باسی ئەوەی نەکردبێ، کە شەهید بابان شتێکی بەگوێ باوکیدا چرپاندووە، ئێستاکەش ئەو قسە نوێیەی نەریمان جێگای متمانە نییە و دوورە لە ڕاستی، ئەو هەوڵی شکاندنی زیندانی لە محەمەد عەبدوڵڵا عەزیز بیستووە، کە هاوڕێی شەهید بابان، شەهید سەباح و هاوڕێکانی دیکە بووە.

نەریمان مەجید، لە چەندان شوێنی وەڵامەکەیدا نووسیویێتی: (هەوڵی شکاندنی زیندانی موسڵ، یان پرۆسەکە لەدوای شەهیدکردنی عەزیزەکانی تۆ یان شەهیدانی ئێوە ئەنجام دراوە). خۆم کە مێژووی شەهیدبوونی زۆربەی شەهیدەکانم نووسیبێ، بە مێژووەکان دەردەکەوێت کام لە شەهیدەکان لەپێش ئەنجام دانی هەوڵەکە لە سێدارە دراوەو لە ژیاندا نەماوە و کام لە شەهیدەکان لەکاتی ئەنجام دانی هەوڵەکە لە ژووری سێدارەی موسڵ بووە و بەشداری هەوڵەکە بووە. ئەی کەواتە نەریمان بۆ وا بەشێوەیەکی نالۆژیکانە دەنووسێ و درێژدادڕی لە زۆر شوێنی نووسینەکەی دەکات؟ پێم وایە چونکە نەریمان خۆی کێشەی تێگەیشتن و گەیاندنی هەیە و بەزەحمەت شت وەردەگرێ یان دەگەیەنێ، بۆیە وا دەزانێ هەموو کەس وەکو ئەو هەمان کێشەی هەیە، بۆیە ئەوەندە شت دووبارە دەکاتەوە.

هەروەها ئەو وەڵامی تەنیا لەپێناوی وەڵام نووسیوە بۆ ئەوەی بڵێت ئەوە نییە وەڵامم دایەوە، نەک وەڵامێکی بابەتیانە لەپێناوی دەرخستنی ڕاستییەکان نووسیبێ، هەر بۆیەشە ئەوەندە شتی نارێک و نالۆژیکانەی نووسیوە، کە لە زۆر شوێندا شتەکانی دووبارە و چەند بارەش کردۆتەوە.


بسم الله الرحمن الرحيم



ئەگەر بەر سێدارەی دوژمن با هەلالم کا گەردنم ...
ناموەوێ ئەم ژینە تالە یا کوردستان یا مردنم

هەر کەسێ ئەم بینێ بەشی بەمالی ناشرەم شینی ...

## وەڵامی بەشی دووەمی (وەڵامێکی هێمنانە بۆ دەرسیم دیبەگەیی):

نەریمان دەڵێ: (دیسانەوە دەرسیم باسی (بیرۆکەو نەخشەی شکاندنی موسڵ دەکاتەوە کە ئەو شەهیدە قارەمانانەی کە لەبرگەی یەکەمدا ناویان هاتووە خاوەنی بوون) منیش دووبارەی دەکەمەوە رەنگە قسەکەی تۆ ڕاست بێت، بەڵام من نەمناسیوون وە هیچیشم لە بارەیانەوە نەبیستووە). کاتێ کە نەریمان دەڵێ: (ڕەنگە قسەکەی تۆ ڕاست بێت)، ئەوە بەدڵنیایی بانگێشەی خۆی بۆ ئەوەی کە گوایە شەهیدەکانی بازیان/ دەربەندیخان هەر بە گەیشتنیان بە قەسابخانەکەی موسڵ بیریان لە داڕشتنی پلانێک کردەوە بۆ شکاندنی زیندانەکە پووچەڵ دەبێتەوە و لە هەمان کاتیش دانی پێدا دەنێ کە بۆچوون و قسەکانم ڕاستن.
هەروەها نەریمان، لێرەدا بێ ئەوەی ئاگادار بێت نووسیوێتی: (بیرۆکە و نەخشەی شکاندنی موسڵ)، بە قرتاندنی (زیندانی سێدارەی) لە ڕستەی پێشوو، تەواوی مانای ڕستەکە دەگۆڕێ و ئەو مانایە دەدات، کە ئەو چەند شەهیدە خاوەنی بیرۆکە و نەخشەدانەری شکاندنی موسڵ بووینە، نەک خاوەنی بیرۆکە و پلاندانەری شکاندنی زیندانی سێدارەی موسڵ! ئەرێ دەبێت نەریمان موسڵ بە شووشە، دار، ئاسن، بەرد، شاخ یان لەشکر بزانێت، بۆیە نووسیوێتی بیرۆکە و نەخشەی شکاندنی موسڵ؟ بەڵام ئەوەیان خاڵێکی پۆزەتیڤە کە نەریمان دووبارە لێرەدا دانی پێدادەنێت کە بیرۆکە و نەخشەی شکاندنی زیندانی موسڵ لەلایەن چەند شەهیدێکی دیکە بووە، نەک شەهیدەکانی بازیان، کە ناوبراو پێشتر هەم لە کوردستانی نوێی ژمارە (2164) و هەم لە نامیلکەکەی خۆیدا ئاماژەی پێکردووە، کە گوایە ئەوان واتە زیندانییەکانی بازیان (هەر بە گەیشتنیان بە قەسابخانەکەی موسڵ بیریان لە داڕشتنی پلانێک کردەوە بۆ شکاندنی زیندانەکە). سەبارەت بەوەی کە نەریمان دەڵێ: (بەڵام من نەمناسیون وە هیچیشم لە بارەیانەوە نەبیستووە)، دەڵێم: (ئەگەر نەریمان ناوی خاوەنی بیرۆکە و داڕێژەرانی پلان و نەخشەی شکاندنی ژووری سێدارەی موسڵی نەبیستبێ و کەسیانی نەناسیبێ، مانای ئەوە نییە مافی ئەوەی هەبێت دەست بەسەر ئەو بەرهەم، خەبات و هەوڵەی ئەواندا بگرێت و بە نووسینی ڕستەی (شەهیدانی بازیان هەر بە گەیشتنیان بە قەسابخانەکەی موسڵ بیریان لە داڕشتنی پلانێک کردەوە بۆ شکاندنی زیندانەکە)، هەمووی بکات بە هی (10) شەهیدەکەی بازیان!
نەریمان، ئەو پرسیارە دەکات: (بەڵام ئەم سەربەرزانە بۆ تا خۆیان لە سێدارە نەدران پرۆسەکەیان ئەنجام نەدا). بەر لە هەموو شتێک نەریمان مەجید، نە دەزانێ بەرانبەرەکەی چی نووسیوە، نە دەشزانێ خۆی چی دەنووسێ و چۆن دەنووسێ، هەروەکو پێشتریش ئاماژەم پێداوە چونکە ئەو هەم کێشەی تێگەیشتن و هەم کێشەی چۆنێتیی گەیاندنی پەیامی خۆی هەیە، بۆیە ناتوانێ بەئاسانی ئەوەی دەیەوێت ڕوونی بکاتەوە، هەروەها بەئاسانیش لە بەرانبەرەکەی تێناگات. ئاخر ئەگەر ئەو بیزانیایە من پێشتر چیم نووسیوە، هەرگیز ئەو پرسیارەی نەدەکرد! لە بەشی دووەمی نووسینەکەمدا (6153/ 14.8.2013/ خاڵی پێنجەم) ئاماژەم بەوە داوە کە: (ئەوکاتەی ئەو (13) هاوڕێیەی بازیان یاخود دەربەندیخان گەیشتنە زیندانی موسڵ، بەشێکی زۆر کەمی ئیشەکان مابوو)! کەواتە هۆکاری جێبەجێ نەکردنی پلانی شکاندنی زیندانەکە لەلایەن ئەو شەهیدانەوە، دەگەڕێتەوە بۆ تەواو نەبوونی کارەکان، بە واتایەکی دیکە هێشتاکە تەواوی شیشی دەرگاکان نەبڕابوونەوە و کەمێکی مابوو). دواتر نەریمان دەبوایە پرسیارەکەی بە یەکێک لەو دوو شێوەیە بکردایە: (بەڵام ئەم سەربەرزانە بۆ تا خۆیان لە سێدارە نەدرابوون، پرۆسەکەیان ئەنجام نەدەدا، یان بەڵام ئەم سەربەرزانە بۆ تا لە ژیان مابوون و بەر لە سێدارە دانی خۆیان، پرۆسەکەیان ئەنجام نەدا؟)، چونکە ئەو دەربڕینەی ناوبراو بەمشێوەیە: (بەڵام ئەم سەربەرزانە بۆ تا خۆیان لە سێدارە نەدران پرۆسەکەیان ئەنجام نەدا)، ئەوە دەگەیەنێت کە لە سێدارە دراوەکان، دوای لە سێدارە دانیشیان هەر خۆیان هەوڵی شکاندنی زیندانەکەیان داوە و پرۆسەکەیان ئەنجام داوە! هەروەها نەریمان، لەگەڵ ئەو پرسیارەدا ناوی شەش شەهید و ڕۆژی لە سێدارە دانیانی لە نووسینەکەی من وەرگرتووە، وەکو خاوەنی بیرۆکە و پلاندانەری شکاندنی زیندانەکە دووبارە ناوی بردوون. لە نووسینەکەی پێشوومدا واتە لە وەڵامەکەم بۆ نەریمان و لە سەرەوەشدا لە (بەشی یەکەمی وەڵامێکی هێمنانە بۆ دەرسیم دیبەگەیی)، ناوی چوار کەسم هێناوە، کەچی ئەو تەنیا ناوی سێ لەو کەسانەی نووسیوە، هەروەها ناوی شەهیدان ئەکرەمی

حەپسە و دکتۆر ڕێبازی نووسیوە، کە لە ڕاستیدا ئەوان لەگەڵ نەخشەدانەران و پلاندانەرانی هەوڵی دووەمی شکاندنی ژووری سێدارە نەبووینە، چونکە ئەوان هەر دووکیان زۆر زووتر لەکاتی داڕشتنی پلانەکە لە سێدارە دراون. هەروەها شەهید بەکر کەریم سوسەیی و ئەو هاوڕێیانەی بەتایبەت لە مانگەکانی شوبات، ئادار، نیسان و مایس پێش ئەنجام دانی هەوڵەکە لە سێدارە دران، هەم ئاگادار بووینە و هەم کاریان بۆ جێبەجێکردنی نەخشە و پلانەکە کردووە و پارەیان داوە.
نەریمان مەجید نووسیوێتی: (دەستنووسەکەی شێخ فازڵ بەڵگەیەکی باشە. بەڵام پرۆسەکە شەوی ½-6-1981 جێبەجێکراوە وەک کاک فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس لەنووسراوێکدا کە هاوپێچی نووسینەکەیە کە داوای لەمەڵبەندی شەنگال کردووە کە مافی خۆیو براکەی (شەهید مەردان) نەفەوتێ تیایدا ناوی شەهیدەکانی ئێمەش هاتووە کە هەڵساون بەجێبەجێکردنی پرۆسەکە).
ئەو داواکارییەی فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس، بە هیچ شێوەیەک نابێتە بەڵگەی تەواو کە هەوڵی شکاندنی زیندانەکە لە شەوی (1.6.1981) یان شەوی (2.6.1981)دا جێبەجێ کراوە، مادام ئەو شەوی ئۆپراسیۆنەکەی بەتەواوی یەکلا نەکردۆتەوەو نووسیبێتی کە لە شەوی (1/2.6.1981)دا چالاکییەکە ئەنجام دراوە! شێخ فازڵ، خۆی باسی ئەوە دەکات کە لە کاتژمێری (12.20) خولەکی شەوی (1/2.6.1981)دا ئۆپراسیۆنەکە ئەنجام دراوە، کە دەکاتە ڕێکەوتی (2.6.1981).
هەروەها لەدوا پەیوەندی تەلەفۆنیم لە ڕۆژی (8.10.2013)دا لەگەڵ فازڵ ئەلیاس، ئەو کاتی جێبەجێکردنی پلانەکەی بە کاتژمێری (12:20)ی شەوی (1/2.6.1981) ناوبرد، کە دەکاتە ڕۆژی (2.6.1981)، چونکە (20) خولەک بەسەر ڕۆژی (1.6.1981) تێپەڕیووە! باشە، کە (20) خولەک لە ڕۆژی (1.6.1981) تێپەڕیبێ و (20) خولەک کەتبێتە ناو ڕۆژی (2.6.1981)، بۆ دەبێ هەر ڕۆژی (1.6.1981) بە ڕۆژی ئۆپراسیۆنەکە دابنرێ؟ بێجگە لەوەش، شۆڕش بازیانی، مێژووی ئۆپراسیۆنی شکاندنی بەشی سێدارەی زیندانی موسڵی بە ڕۆژی (2.6.1981) دانا، کە بەقسەی ئەو لەدوای کاتژمێری دوازدەو نیوی شەو ئەنجام دراوە.
جا دوای ئەو هەموو ڕوونکردنەوەیە، هەر کەسێک ئازادە لەوەی لەپێناوی خۆ بردنە پێشەوە و بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی یان پارتەکەی، چۆن ئەو مێژووە چەواشە دەکات و دەگۆڕێت، با بیگۆڕێت، بەڵام با لەوەش دڵنیابێ کە بەری خۆر بە بێژینگ ناگیرێ و ڕاستییەکان تا سەر ناشاردرێنەوە و ڕۆژێ دادێ ڕاستییەکان دەردەکەون!
هەروەها فازڵ باسی ئەوەشی کرد، کە خۆی، مەردانی برایی و چەند کەسێک، لە ڕۆژی (5.6.1981)دا لەلایەن مەفرەزەیەکی سوپای میللی (الجيش الشعبي) لە نزیک شارەدێی ڕەبیعە گیراون، نەک لە ڕۆژی (3.6.1981)دا گیرابن و گیرابنەوە، بەگوێرەی قسەکانی ناوبراو بەدرێژایی ئەو چەند شەو و ڕۆژەش تەنیا بە شەو ڕۆیشتوون و بە ڕۆژیش خۆیان شاردۆتەوە.
بەڵام بەگوێرەی ئەو نامەیەی کە محەمەد حەسەن خورشید، لە ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (5.4.2017)دا بۆی ناردووم، لە نامەکەدا باسی دیداری خۆیی و شۆڕش محەمەد تۆفیق ناسراو بە شۆڕش بازیانی دەکات، کە لە دیدارەکەدا گوتویەتی: (لە شەوی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ، هیچ کەسێک نەیتوانی لەناو زیندان دەرچێ، هەروەها کەسیش بریندار یان شەهید نەبووە). لە گفتوگۆیەکی تەلەفۆنی لەگەڵ شۆڕش بازیانی، لە ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (14.5.2017)دا، ناوبراو هەمان قسەی سەرەوە کە بۆ محەمەد حەسەن کەرکوکی کردبوو، بۆ خۆمیشی دووبارەی کردەوە. خۆیشم زیاتر باوەڕم بەوە هەیە، کە لە شەوی هەوڵی شکاندنی زیندانەکە، هیچ کەسێک نەیتوانیوە ڕابکات و لە زیندان دەرچێت، بۆیە ئەو قسەیەی شێخ فازڵ کە گوایە چەند زیندانییەک لەگەڵ ئەودا لە زیندان دەرچووینەو دواتر لە نزیک شارۆچکەی ڕەبیعە گیراونەتەوە، چیتر پشتی پێ نابەستم.
بەگوێرەی قسەی شۆڕش بازیانی و شێخ فازڵ و دەستنووسەکەی، کە باسی کورتەیەک لە ژیانی خۆی کردووە، ڕۆژی نەبەردی شکاندنی ژووری سێدارەی موسڵ دەکەم بە ڕۆژی (2.6.1981) و ڕۆژی گیرانی شێخ فازڵ و مەردانی برای بە ڕۆژی (5.6.1981) تۆمار دەکەم و کۆپی دەستنووسەکە لە خوارەوە دادەنێم. مەرجیش نییە هەموو

ئەو نووسینانەی هەر کەسێک دەیاننووسێ، سەدا سەد ڕاست بن! ئەی ئەوە نییە هەر لەو دەستنووسەی شێخ فازڵ، کە بەناوی کورتەیەکی پوخت لە مێژووی ژیانم، کارەکانم و خەباتم لەپێناوی کوردایەتی (نبذة ملخصة من تأريخ حياتي وأعمالي ونضالي لأجل الكوردايتي)دا نووسیویەتی و لە ساڵی (2013)دا دای بە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان، دەڵێ: (ماوەی یازدە مانگ لە هەیئە خاسەی کەرکوک ماینەوە، دواتریش دادگاییکراین و خۆم بە زیندانی هەتاهەتایە و مەردانی براشم بە لە سێدارەدان سزا درا)، کە مانەوەی ئەوان بۆ ماوەی یازدە مانگ لە هەیئەی کەرکوک ڕاست نییە، چونکە هەر بەگوێرەی دەستنووسەکەی خۆی، فازڵ و مەردانی برای لە ڕۆژی (5.6.1981)دا لە نزیک شارۆچکەی ڕەبیعەی سەر سنووری سوریا گیراون و دواتر لە ڕۆژی (20.2.1982)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک دادگایی کراون، کە بە هەمووی واتە گیرانیان و مانەوەیان بۆ ماوەی دوو هەفتە لە ئەمنی موسڵ، دواتر گواستنەوەیان بۆ پۆلیسی هەولێر و مانەوەیان بۆ ماوەی هەفتەیەک لەوێ و ئینجا ڕەوانەکردنیان بۆ هەیئە خاسەی کەرکوک، پاشانیش دادگاییکردنیان دەکاتە (8) مانگ و نیو. خۆ ئەگەر بمانەوێ ڕێک ماوەی مانەوەییان لە هەیئە خاسەی کەرکوک بزانین، کە لە ڕۆژی (28.6.1981)دا گواستراونەتەوە بۆ ئەوێ، بۆمان دەردەکەوێ کە تێکڕا بۆ ماوەی نزیکەی (7) مانگ و نیو لە هەیئە خاسە ماونەتەوە، نەک یازدە مانگ مابنەوە.

بەهێنانەوەی نموونەیەک لای خۆم کۆتایی بە مێژووی شکاندنی زیندانی سێدارەی موسڵ دەهێنم و سووریش دەبم لەسەر ئەوەی کە هەوڵی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندان لە نیوە شەوی (2.6.1981) بووە، ئەویش ئەوەیە کە دەوروبەری کاتژمێری (10)ی شەوی (28.3.1986)، کە بۆ بەیانییەکەی ڕۆژی (29.3.1986) بوو، هێزێکی هاوبەشی تیپی (86)ی دەشتی هەولێر و تیپی (87ی قەرەچوغ)ی سەر بە مەڵبەندی (3)ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بە فەرماندەیی سەفین مەلاقەرە و شەهید ڕێباز هاتنە گەڕەکەکانی باداوە، ڕووناکی و کشتوکاڵ (حي الزراعة)ی ناو هەولێر و لە دوو پیکابی ئەمنی هەولێریان داو کە شەوانە لەناو شار و بەتایبەت لەو دوو گەڕەکە دەسوڕانەوە (14) ئەمنیان لێ کوشتن. شەوی تەقەکردنەکە (27) ڕۆژ بوو لەگەڵ جەمال مەولود ئەحمەد لەلایەن مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی، کە بارەگای بەڕێوەبەرێتییەکەیان لە گەڕەکی ئازادی هەولێر و پشتماڵی پارێزگار ئیبراهیم محەمەد حەسەن زەنگەنەی پارێزگار بوو، گیرابووین. هەر دووکمان، بۆ بەیانییەکەی، واتە ڕۆژی (29.3.1986) گواسترابینەوە بۆ بەڕێوەبەرێتیی ئەمنی هەولێر نزیک چایەخانەی بایزی، کە دەکەوتە سەر ڕێگای موسڵ و تەنیشت باڵاخانەی پەرلەمانی کوردستان، دوای ئەو چالاکییە ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و زۆرێک لە بەرپرسانی یەکێتی، مێژووی ئەو چالاکییە تا ئێستا بە ڕۆژی (29.3.1986) یان شەوی (29/30.3.1986) دادەنێن. بە بڕوا هەبوونم بە خۆم و دڵنیابوونم لە ڕۆژی چالاکییەکە، ئەگەر تەواوی ئەندامانی یەکێتی و کورد، مێژووەکە بە ڕۆژی (29.3.1986) یان شەوی (29/30.3.1986) دابنێن، ئەوە من هەر بە شەوی (28.3.1986) دادەنێم.

سەبارەت بە ناوهێنانی ئەو شەهیدانەی لە داواکارییەکەی فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس ناویان هاتووە، هەر بەگوێرەی ڕۆژی داواکارییەکەی ناوبراو بۆ مەڵبەندی شەنگال کە مێژووی (6.7.2007)ی لەسەرە بەدڵنیایی دەتوانم بڵێم جگە لە ناوی بەرزان عومەر عەلی، ناوەکانی دیکەی هەر هەمووی لە نەریمان وەرگرتووە و سەرچاوەی ناوەکان ئەوە، بۆیە جێگای متمانە نییە لای من، ئەگینا ژمارەی بەندکراوەکان بە شەهیدەکانی بازیانەوە (34) کەس بووە لەکاتی شکاندنی زیندانی ژووری سێدارەی موسڵ، بۆ ناوبراو تاکە کەسێک لەوانەی دیکەی نەنووسیوە؟ کەس هەیە باوەڕ بەوە بکات، کە فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس ناوی تەواوی (10) شەهیدەکەی بازیانی لەبیر بێت، کە بە هاتن و مانەوەیان و شکاندنی زیندان تەنیا (14) ڕۆژێک لەو زیندانە بووبن، لەکاتێکا ئەو تەنانەت ناوی ئەو کەسانەی لەبیر نەمابێت کە قسەیان لەگەڵ کردووە و داوایان لێکردووە هاوکاریان بێت بۆ هەوڵی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانەکە، یان جگە لە (10) شەهیدەکەی بازیان کە بەشێک بوون لە (34) زیندانییەکەی ژووری سێدارە ناوی کەسیانی لەبیر نەمابێ؟ ئایە کەسێک هەیە باوەڕ بەوە بکات، کە فازڵ یوسف تەنیا ناوی تەواوی (10) شەهیدەکەی بازیان/ دەربەندیخانی لەبیر بێت لەکۆی (34) زیندانی، کە لەکاتی جێبەجێکردنی شکاندنی زیندانی ژووری سێدارەی موسڵ لەوێ بووبن، لەگەڵ (30) شەهید کە ناوەکانیانم نووسیوە و لە سەرەتای ساڵی (1981) تا ئەنجام دانی نەبەردییەکە لە سێدارە دراون، ئەگەر ئەو (10)

ناوەی لە نەریمان وەرنەگرتبێت؟ ئەی باشە بۆ ناوی سێ کەسەکەی دیکەی بازیانی لەبیر نەبووە، کە ئەوان لە سێدارە نەدران و سزاکەیان بۆ سووککراو دواتریش لە ساڵی (1982)دا شێخ فازڵ چووە لای ئەوان لە زیندانی ئەبوغرێب؟ هەرچەندە دڵنیام ئەوانەی لە سەرەتای ساڵی (1981)دا تا کاتی هەوڵی شکاندنی زیندانەکە ژمارەیان لە (30) شەهید زۆرترە، کە لە سێدارە دراون، وەلێ تەنیا توانیم ناوی ئەو (30) شەهیدەم بیرکەوێتەوە یان زانیارییان لە سەر کۆکەمەوە و بەردەوامیش دەبم لە وەرگرتنی ناوی دیکە و زانیاری زۆرتر.

شێخ فازڵ، لە ساڵی (2010) و دواتریش لە (2013)دا چەندان جار گوتویەتی: (ئەوانەی کە قسەیان لەگەڵ کردم ناوەکانیانم لەبیر نەماوە تێیان نەگەیشتم، چونکە ئەوکات سۆرانییەکەم تەواو نەبوو، بۆیە بەرزان عومەر عەلی قسەی لەگەڵ کردم و لە نیازی ئەوان گەیشتم. منیش قسەم لەگەڵ مەردانی برام کرد و دواتر هەر دووکمان داواکارییەکەی ئەوانمان پەسەند کرد و بەتەنیا قسەم لەگەڵ بەرزان کردەوە، ئینجا دەستمان کرد بە هێنانی مشار، چەقۆ و گوریس بۆ زیندانییەکان). لە هەر دوو ساڵەکەدا پرسیاری هۆکاری لەبیر نەمانی ناوەکانی ئەو زیندانیانەم لە فازڵ یوسف کردووە، کە لەپێناو هەوڵی شکاندنی زیندانی ژووری سێدارەی موسڵ قسەیان لەگەڵ ئەودا کردووە. ئەو لە هەر دوو جارەکەدا هۆکارەکەی بۆ ئەوە گەڕاندۆتەوە، کە دوای گیرانی هەم تووشی ئازار و ئەشکەنجەی زۆر دڕندانە بۆتەوە و هەم لە دەستدانی مەردانی برای کاریگەری نێگەتیڤانەی زۆری لەسەر دڵ، دەروون و مێشکی ئەودا جێهێشتووە، هەروەها ئەو کارەش کە لە ساڵی (1981)دا ئەنجام دراوە، ماوەیەکی زۆری بەسەردا تێپەڕیوە کە زۆرترە لە (30) ساڵێک، بۆیە ئەو ناوەکانی نایەتەوە یاد و هێز و توانای بیرکردنەوەی وەکو جاران نەماوە. چەندان جار باسی ئەنوەر قادری پوورزام بۆ شێخ فازڵ کردووە کە بۆ ماوەی نزیکەی (3) مانگ لە ژووری ژمارە (5)ی هەیئە خاسەی کەرکوک شەو و ڕۆژ بەیەکەوە بووینە و خواردن و خواردنەوە و ئەشکەنجەیان پێکەوە بووە، کەچی ئەو ئەنوەری نەدەناسییەوە تا ڕۆژی (12.9.2013) کە ئەو خۆی قسەی لەگەڵ کرد، ئینجا ناسییەوە. باشە ئایە ڕێی تێدەچێ کە فازڵ کەسێکی وەکو ئەنوەر نەناسێتەوە، کە شەو و ڕۆژ بۆ ماوەیەکی باش بەیەکەوە بووینە، بەتایبەت کە لە ژووری ئەشکەنجەدانی هەیئە خاسەی کەرکوک پێکەوە بووبن، کە هاوڕێیانی ژووری ئەشکەنجە زۆر بە دەگمەن یەکتر لەبیر دەکەن، کەچی ناوی (10) شەهیدەکەی بازیان، کە بە هەمووی (14) ڕۆژێک لە ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ بووینە، نەک پێکەوە لە ژوورێکدا بووبن لەگەڵ ناوبراو، ناوی هەموویانی لەبیر بێت بەناوی دوانی و سیانییەوە؟

نبذة ملخصة من تاريخ حياتي واعمالي ونضالي لأجل الكردايتي

عينت في سبعينات موظفاً في سجن الموصل المركزي والى رفعت تدريجياً
برتبة رقيب اصلاحي اي م اول وفي ثمانينات طلعت الى امور الاكراد
في السجن رئيت امورهم متدهورة وليس لهم اي قيم وحقوق في السجن
والاعدامات مستمرة اكثر من عشرة اشخاص يعدم في الاسبوع انا التقيت
بهم اكثر من مرة ومع شخصي مردان كان عريفاً وفي ٢٩/٥/١٩٨١ صدر
مرسوماً جمهوري لأعدام ١٢ شخصاً ومن ضمنهم الشهيد بزان عمر والشهيد بابان
وقمت بدوري سرقت هذا المرسوم لحين يأتي فراري وشخصي مردان وفي
١/٦/١٩٨١ قمت بفتح كافة ابواب السجن وهربنا ايضاً معهم باتجاه الحدود السورية
وفي ٥/٦/١٩٨١ اوقفنا في كمين جيش الشعبي في ربيعة وبقينا احد عشرة شهراً
في الهيئة التحقيقية في كركوك وبعد ذلك حكمت علي مؤبد وشخصي مردان بالاعدام
مع مصادرة اموالنا المنقولة وغير المنقولة ولم احصل الى اي تعاون من حكومة
الاقليم ولا المركزي الى يومنا هذا ضحينا بحالنا ومستقبلنا وارواحنا لأجل
الكردايتي. ودمتم

فاضل يوسف شيخ البدر
تل قصب / قضاء سنجار

نەریمان، بۆ ئەوەی شێواندنی هەوڵی شکاندنی زیندانەکە بکات بەڕاستی و وا لە خوێنەران بکات باوەڕی پێ بکەن، پەنا دەباتە بەر کاروانی شەهیدان و نووسیویێتی: (کاسێتەکەی ژیاننامەی شەهیدان بەدەنگی فەرهاد سەنگاوی کاتی لەسێدارەدانیان بەدرێژی باسی ڕووداوەکە دەکات کە شەهیدەکانی ئێمە پێی هەڵساون بەهاوکاری دوو کوردی ئێزدی لە شەوی ½-6-1981 تا کوشتنی دوو جەللادەکەش باس دەکات).
سەرەتا ئەو کاسێتە و خوێندنەوەی ژیاننامەی شەهیدەکان لە دەنگی گەلی کوردستان تەنیا دەبێتە بەڵگە بۆ ئەندام بوون و پەیوەندی شەهیدەکان بە (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)ەوە، وەلێ نابێتە بەڵگەیەکی باوەڕپێکراو بۆ ڕاست و دروستی تەواوی زانیارییەکانی ناو ژیاننامەکانیان، چونکە بەدڵنیایی نووسینی ژیاننامەی هەموو شەهیدێک هەردەم لەلایەن بنەماڵە و نزیکترین کەسوکاریان دەنووسرێتەوە. دواتر هەر شتێک بخرێتە ناو دوو توێی پەرتووک، نامیلکە، گۆڤار و ڕۆژنامە یان لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکان باس بکرێت، نابێتە بەڵگەیەکی ڕاست و سەدا سەد جێی متمانەی تەواو. مەگەر ئەو وتەیەی شەهید ئارام–ت نەبیستووە کە دەڵێت: (هەموو یاخیبوونێک شۆڕش نییە، هەموو چەکدارێکیش پێشمەرگە نییە)، بۆیە منیش دەڵێم: ئەوەی خرایە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامە، گۆڤار و پەرتووک، یان لە ئێزگە و تەلەفزیۆنەکان باسی لێوە کرا، هەر هەموویان نابن بە بەڵگە کە بەشێکیان زانیاری هەڵەی تێدایە.
هەر ئەو ئێزگەیەی نەریمان باسی دەکات، لە خوێندنەوەی چالاکییەکی بەشێک لە هێزەکانی مەڵبەندی سێی یەکێتی، کە لەلایەن هەر دوو تیپی (86ی دەشتی هەولێر و 87ی قەرەچوغ)، لە ڕێکەوتی (2.9.1985)دا لە بەشی باشووری ناو شاری هەولێر (بازگەی هەولێر - دیبەگە - مەخمور، گەڕەکی لەتیفاوە، کارگەی قیری هەولێر و گەڕەکی ماجیداوە) ئەنجام درا، ژمارەی کوژراوەکانی دوژمنی بە (150) کوژراو خوێندەوە، کە لە ڕاستیدا زیانەکانی دوژمن نەدەگەیشتە (20) کوژراوێک.
ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (2327)ی ڕۆژی (2000/12/12) ژیاننامەی جاشێکی بەناوی (شەهیدی نەمر محەمەد ئەحمەد مەحمود) بڵاوکردۆتەوە و بە شەهیدی ناوبردووە کە خەڵکی گوندی (باخە هەنارە)ی نەریمانە، کە لە مانگی (6) ساڵی (1967)دا لە شەڕێکدا لەدژی پێشمەرگە لەنێوان گوندی (گەڕەزیل) و (هۆمەر ئامان)ی ناوچەی (قەرەداغ) کوژراوە.
هەر لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە (5582)ی ڕێکەوتی (2011/9/16) لەژێر ناوی (فەرماندە و خۆڕاگری زیندان شەهید جەوهەر خدر شوان)، ژیاننامەی جاشێکی ڕژێمیان بڵاوکردۆتەوە کە لە سەردەمی حکومەتی بەعس جێگری سەرۆکجاشی فەوجی ژمارە (135)ی جاشە خۆفرۆشەکان بووەو لە ئێوارەی ڕێکەوتی (27.4.1988)دا کەسێکی کوشتووە کە گلەیی تەقەکردنی لێکردووە، تەقەکردنەکەش بە بۆنەی ڕۆژی لەدایکبوونی سەدامی دیکتاتۆر بووە. لە هەمووشی سەیرتر کە بنەماڵەی کوژراوەکە لەسەر کوشتنی کوڕەکەیان سکاڵایان لەدژی بکوژەکە تۆمارکردووە و بەگرتیان داوە، بنەماڵەی ئەو جاشە لەلایەک وایان نووسیوە کە کوڕە جاش و مرۆڤ کوژەکەیان لە ڕێی سیخوڕەکانی ڕژێمەوە دەستگیرکراوە و ئەوانیان بە کرێگرتەی ڕژێم نیشان داوە. لەلایەکی تریشەوە بنەماڵەی ئەو جاشە، کە دواتر کوڕەکەیان لە شەڕی ناوخۆدا لە ڕێکەوتی (11.4.1995)دا کوژراوە، بە فەرماندەی خۆڕاگری زیندان و ئەندامێکی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان هەر لە ساڵی (1979)وە ناوبردووە. سەبارەت بەو ژمارەیەی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، دوای دەرچوونی ئەو ژمارەیە بە چەند ڕۆژێک نامەیەکم بۆ کارمەندێکی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ نارد و ڕاستی ئەو کێشەیەم بۆ نووسی و لە نامەکەدا باسی ئەوەم کردبوو، کە نەمویستووە وەڵامی کوردستانی نوێ بدەمەوە لەبەر هۆکارێک کە پەیوەندی بە خۆمەوە هەیە و نامەوێت لێرەدا باسی بکەم. کارمەندەکەی کوردستانی نوێ، لە وەڵامدا نووسیبووی: (خۆم سەبارەت بەو پرسە هیچی لێ نازانم، چۆنم بەدەست گەیشتووە، وا بڵاوم کردۆتەوە). نموونە یەکجار زۆرترن لەو سێ نموونەی سەرەوە، بەڵام نامەوێ لەوە زیاتر ئاماژەیان پێبدەم و خوێنەریش بێزار بکەم.
وەلێ ئێستا دەپرسم، ئایە دەکرێت جاشێکی حکومەتی ئێراق کە شانبەشانی سوپای ئێراق لە ساڵی (1967)دا لەدژی کورد و هێزی پێشمەرگەی کوردستان شەڕی کردبێت و کوژرابێت، بە شەهیدی کوردایەتی دابنرێت و ئەو ژمارەیەی

کوردستانی نوێ دەبێتە بەڵگەی کوردایەتی و پێدانی سیفەتی شەهید بەو جاشە؟ ئایە ڕەوایە و دەکرێت بەگوێرەی ئەو دوو ژمارەیەی کوردستانی نوێ، کە جاشێکی ساڵی (1967)ی کردووە بە شەهید و هەروەها سەرۆکجاش و خۆفرۆشێکی کردووە بە فەرماندە و خۆڕاگری زیندان و لە هەمان کات تۆمەتی سیخوڕی داوەتە پاڵ بنەماڵەی کوژراوەکە، یان ڕاگەیاندنی ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان سەبارەت بەو چالاکییەی هەولێر کە دواتر ناونرا داستانی هەولێر و ژمارەی کوژراوانی ڕژێمی بە (7) جار و نیو لە قەبارەی خۆی گەورەتر کردووە، وەکو سێ بەڵگەنامەی متمانە پێکراو بەکاربهێنرێن؟

نەریمان دەنووسێ: (چەند ڕۆژێک دوای مواجەهەکەیان باوکم و مام ئەحمەدی حەبەو چەند کەسێک لەخزمی شەهیدەکان دەچنە بەغدا بۆ لای شێخ عوسمانی بیارە، مام ئەحمەد بەجیا قسەی لەگەڵ دەکات بۆ ئەوەی سۆراخێکی شەهیدەکان بکات بۆیان لەو کاتەدا ئەفسەرێکی عیراقی بەپلەی عەمید لەخزمەت شێخدا دەبێت پرسیاری لێدەکات ئەویش لەوەڵامدا دەڵێت ئێستا تەلەفۆن دەکەمو بزانم ئەو گرووپە نین کە زیندانەکەیان شکاندووە کاتێک تەلەفۆن دەکات پێی دەڵێن بەڵێ ئەو ناوانەی کە تۆ باستکردن هەموویان بەشداربوون لەپرۆسەی شکاندنی زیندانەکەدا، هەربۆیە واستەکردن بۆیان زۆر مەحاڵە).

کێشەی سەرەکی نێوان نەریمان و خۆم لەسەر ئەوەیە، کە نەریمان لە لاپەڕەکانی (14-12)ی ناملیکەی (شکاندنی باستیلەکەی موسڵ)دا نووسیویە: (هەر بە گەیشتنیان بە قەسابخانەکەی موسڵ بیریان لە داڕشتنی پلانێک کردەوە بۆ شکاندنی زیندانەکە ئەویش بە هاوکاری دوو سەجان کە کوردی ئێزیدی دەبن بەناوی شێخ فازڵ یوسف ئەلیاس و شێخ مەردان یوسف ئەلیاس کە برا دەبن). بەگوێرەی ئەو دەربڕین و نووسینەوەی سەرەوە، ناوبراو شەهیدەکانی بازیان دەکات بە خاوەنی بیرۆکەی شکاندنی ژووری سێدارە، پلاندانەر و نەخشەکێشی هەوڵی شکاندنەکە، ئەوان گوایە ڕاستەوخۆ قسەیان لەگەڵ شێخ فازڵ و مەردانی برای کردبێ و باوەڕیان بەوان هێنابی و دواتریش لە شەوی (2.6.1981)دا ئۆپراسیۆنی شکاندنی دەرگاکانی ژووری سێدارەی زیندان و ڕاکردنیان ئەنجام دابێ! کە لە ڕاستیدا ئەوان خاوەنی بیرۆکەکە نەبووینە، ئەوان نەخشەو پلانی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانیان دانەڕشتووە، هەروەها ئەوانیش نەبووینە کە سەبارەت بە شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ قسەیان لەگەڵ شێخ فازڵ و شێخ مەردن کردووە، بەڵکو ئەو کەسانە بووینە کە لە سەرەتای مانگی یەکی ساڵی (1981)دا بیریان لە شکاندنی زیندان کردۆتەوە، نەخشەی شکاندن و چۆنێتیی ڕاکردن و دەربازبوونیان کێشاوەو هەر لەو مانگەش قسەیان لەگەڵ شێخ فازڵ کردووە، ئەویش دوای بیرکردنەوەو قسەکردن لەگەڵ شێخ مەردانی برای و قایل بوونی، دوای نزیکەی مانگێک وەڵامی داونەتەوە کە هاوکاریان دەبن لەپێناوی جێبەجێکردنی نەخشەکەیان و ڕاکردنیان لە زیندان، کە تا ئەوکاتە هاوڕێیانی بازیانی هیچ کامیان نەگیرابوون. نەک تەنیا خۆت، بەڵکو منیش لەو باوەڕەدام کە ئەو گرووپە (شەهیدانی بازیان/ دەربەندیخان) بەشدار بووینە لە هەوڵەکەی شەوی (2.6.1981) و بەشێک بووینە لە نەبەردی شکاندنی زیندانی ژووری سێدارەی موسڵ کە کۆی زیندانییەکان لە شەوی نەبەردییەکە (34) کەس بووە، وەلێ نەریمان دەبێ لەوە تێبگات کە شەهیدانی بازیان بەتەنیا ئەو نەبەردییەیان ئەنجام نەداوە، واتە شەوی شکاندنی زیندانەکە تەنیا ئەو (13) هاوڕێیەی بازیان نەبووینە و بەس، بەڵکو لەگەڵ ئەوان و پێش ئەوانیش چەندان هاوڕێی دیکە کاریان بۆ ئەو هەوڵە کردووە، دواتر شەهیدانی بازیان لە کۆتایی هەوڵەکە هاتوونەتە ژووری سێدارەی موسڵ، کەواتە تەنیا بەشدار و بەشێک بووینە لە هەوڵی شکاندنی زیندانەکە لە شەوی (2.6.1981)دا.

گومانی تێدا نییە، هەرکەسێک بۆ واستەکردن و ڕزگارکردنی کەسێکی سزادراو بە سێدارە بچووبایە لای بەعسییەکان یان کەسوکاری سەدام جگە لەوانەی واستەی گەورەیان هەبوو، ئەوان یەک وەڵامیان هەبوو بۆ بەرپەرچدانەوەی داواکاری کەسوکاری ئەوانەی سزای سێدارەیان هەبوو، کە پێیان دەوتن: (کوڕەکەت، باوکت، مێردەکەت یان براکەت بە پیلان (مؤامرة) هەڵساوە لەدژی سەدام، بۆیە ناتوانین هیچی بۆ بکەین). ئەوە کلێشەیەکی ئامادەکراو بوو بەدەست بەعسی و کەسوکارەکەی سەدام بۆئەوەی ڕێگر نەبن لەبەردەم جێبەجێکردنی سیاسەتی سەدام و بەعس لەدژی کورد و کوردستان. تەنانەت ئەم قسەیە لەلایەن خوشکی سەدام-ەوە بە کەسوکاری خۆیشم وتراوە.

نەریمان سەبارەت بە کوشتنی دوو پاسەوان لەلایەن زیندانییەکانی ژووری سێدارەی موسڵ، لە شەوی (2.6.1981)دا، نووسیویێتی: (جەلادەکان بەدەستی شەهیدەکانی ئێمە کوژران. گریمان شەوی 3/2-6-1981 پرۆسەکە ئەنجام درابێت خۆ شەهیدە بەرێزەکانی خزمو نزیک لە تۆ لەنێوان 7 رۆژ تا 11 رۆژ پێشتر شەهید کرابوون خۆ ئەو شەوە جەلادەکان بەدەستی شەهیدەکانی ئێمە کوژران ئەگەر بەچەقۆ بێت یا بەدەمانچەی بێدەنگ).
نەریمان، لێرەدا بە شانازییەوە باسی کوشتنی دوو لە پاسەوانەکانی زیندان دەکات و بە جەللاد ناویان دەبات، کە بە قسەی خۆی شەهیدەکانی بازیان کوشتوویانن. ئەو دوو کەسەی کوژران پاسەوان بووینە و جەللاد نەبووینە، تاکە جەلادێکیش لەنێو کوردانی ئێزیدیدا نەبووە لە زیندانی موسڵ، بەڵکو دوو کەس کە جەللاد و کورد بووبن عوسمان سەعید ناوێک، کە ڕەئیس عورەفاو خەڵکی سلێمانی بووە، لەگەڵ جەللادێکی دیکە بەناوی عەبدولڕەحمان موسڵاوی.
هەروەها بەڕێوەبەری ئەوکاتی زیندانی موسڵ زوهێر غەثیث خەتاب (زهیر غثیث خطاب) و جێگری بەڕێوەبەریش سالم موسڵاوی، کە هەر دووکیان عارەب بوون.
مادام نەریمان باسی ئەوە دەکات کە شەهیدەکانی ئەوان (بازیان) دوو پاسەوانەکەیان کوشتووە، ئەگەر دڵنیاش بم کە کێ ئەو دوو پاسەوانەی کوشتووە هیچ نادرکێنم. با نەریمان مەجید باش بزانێ کە کوشتنی ئەو دوو پاسەوانە عەتۆ خەڵەف زندینی (عەتۆ شەنگالی) و ڕەشۆ حەیدەر شێخانی، یەکەم: بەدەستی شەهیدەکانی ئەوانەوە نەبووە، دووەم: پێشێلکردنی ڕێککەوتننامەی نێوان زیندانییەکان و فازل یوسف شێخ ئەلیاس بوو، لەلایەن ئەوانەی کە ئەو پاسەوانە یان دوو پاسەوانەیان کوشت، چونکە بەگوێرەی قسەکانی شۆڕش بازیانی کە خۆی زیندانییەکی ژووری سێدارە بووە لەم شەوەدا، عەتۆ شەنگالی لە ژوورەوە نەکوژراوە، گەر کوژرابێ، پێ دەچێت بە فیشەکی وێڵی کارمەندانی زیندان کە لەم شەوەدا دەیان هەزار فیشەکیان تەقاندووە، کوژرابێ. مەرجی سەرەکی شێخ فازڵ و شێخ مەردان ئەوەبوو، کە لەکاتی شکاندنی زیندانەکە، زیندانییەکان هیچ کامێک لە پاسەوانەکان نەکوژن کە نزیکەی سەدا هەشتایان لە کوردی ئێزیدی بوون و هەموویان ناسیاوی یەکتر بوون، نەوەک دواتر ئەوان تووشی دوژمنکاری ببن. ئەوان هەر دوو لایەن (زیندانییەکان لەلایەک و فازڵ و مەردان لەلاکەی دیکە)، لەسەر ئەوە پێکهاتبوون کە هیچ پاسەوانێک نەکوژن، بەڵکو بەو گوریسەی کە بۆیان هاتبووە ژوورەوە دەست و قاچی ئەوان و ئەو زیندانیانەی لەگەڵ نەبەردییەکەدا نین، ببەستنەوە و لە ژوورێکدا جێیان بهێڵن. دڵنیاشم ئەگەر شەهیدان (جەمیل ئەحمەد مەحمود، جەلال مەحمود ئەحمەد سورداشی، عومەر میرزا شاموراد و چەند زیندانییەکی دیکە)، کە ئاگاداری ڕێککەوتنەکە بوون، لەکاتی نەبەردی شکاندنی زیندان لە ژیاندا مابان، ڕێگەیان بە هیچ کەسێک نەدەدا ئەو پاسەوانە یان دوو پاسەوانە بکوژن، کە نەریمان شانازی بە کوشتنیانەوە دەکات. ئایە نەریمان دەزانێ ئەو پاسەوانانەی کە ئەو بە جەللاد ناویان دەبات، بە دەیان جار لە ڕۆژانی دیدەنیدا وەکو خزموکەسی زیندانییەکانی ژووری سێدارە، فرمێسک لە چاوەکانیان دەباری؟ ئایە نەریمان دەزانێ ڕەشۆ حەیدەر شێخانی و عەتۆ خەڵەف شەنگالی کە ئەو بە جەللاد ناویان دەبات، بەگوێرەی قسەکانی محەمەد حەسەن خورشید کەرکوکی و شۆڕش بازیانی، کە هەر دووکیان بۆ ماوەیەک لە ژووری سێدارەی موسڵ بووینە، محەمەد حەسەن بەر لە ئۆپراسیۆنەکە و شۆڕش بازیانی لەکاتی ئۆپراسیۆنەکە، بە دەیان جار شەوانە لەکاتی ئێشکگری خۆیاندا لە بەردەم ژوورەکانی زیندانییەکان فرمێسک ڕوومەتەکانی تەڕ کردوون و بە دەنگ بۆ زیندانییەکان گریاون و بەتایبەت عەتۆ خەڵەف شەنگالی بێزاری خۆی لە بێ دەسەڵاتی و کاری پاسەوانی خۆی لە زیندانی ژووری سێدارە دەربڕیوە؟ ئایە هەرگیز بینیوتانە یان بیستووتانە، جەلادێک بۆ قوربانییەکانی خۆی بگریت؟
نەریمان تەنانەت ماوەی نێوان شەهیدکردنی هەریەک لە شەهیدان (جەمیل و تەحسین) و شەوی نەبەردییەکەی بە هەڵە دیاری کردووە، چونکە لە ڕاستیدا ماوەی نێوان ڕۆژی لە سێدارە دانی شەهید جەمیل (21.5) و گوللە باران کردنی شەهید تەحسین (26.5)، لەگەڵ ڕۆژی جێبەجێکردنی نەخشە و پلانی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ (3.6.1981)، هی یەکەمیان (12) ڕۆژ و هی دووەمیشیان (7) ڕۆژە.
سەبارەت بەوەی کە نەریمان نووسیویێتی: (خۆ ئەو شەوە جەلادەکان بەدەستی شەهیدەکانی ئێمە کوژران ئەگەر بەچەقۆ بێت یا بەدەمانچەی بێدەنگ). بە نەریمان دەڵێم، گرنگ ئەوە نییە کێ یەک یان دوو لە پاسەوانەکانی کوشتووە،

گرنگ ئەوەیە کێ ئۆپراسیۆنەکەی وەکو خۆی نووسیوەتەوەو کێ بە ئارەزووی خۆی و بێ گوێدانە هیچ بەهایەکی مرۆڤایەتی و پەنابردنە بەر هۆنینەوەو ناڕاستی، داستانەکە و مێژووی پۆلێک شەهیدی شێواندووەو! لەم خاڵەدا جیاوازی و ململانێی نێوانمان لەسەر هەبوونی دەمانچەی بێدەنگە بەدەست زیندانییانی ژووری سێدارەی موسڵ، کە سەدا سەد و بەدڵنیایی دەمانچەی بێدەنگیان لا نەبووە، تۆش هاتوویت و بەئارەزووی خۆت و بێ ئەوەی ئاگادار بیت باسی ئەوە دەکەیت کە دەمانچەی بێدەنگ بەدەست زیندانییەکانەوە بووە! ئێستاکەش بۆ ڕاکردن لە ناڕاستی و شێواندنی داستان و مێژووی کۆمەڵێک شەهید، بەشێوەی نالۆژیکیانە وەڵام دەدەیتەوە کە گوایە، ئەو شەوە جەلادەکان بەدەستی شەهیدەکانی ئێوە کوژران، گەر بە چەقۆ بێت یا بە دەمانچەی بێدەنگ.

نەریمان، سەبارەت بەوەی کە گوایە دوو کەس شەهید و سێ کەسی دیکەش بریندار بووینە لە شەوی جێبەجێکردنی هەوڵی شکاندنی زیندانەکە لە (2.6.1981)، دەنووسێ: (سەبارەت بەبریندابوونی شەهیدان (سەباح مەجیدو محەمەد عەلی محەمەدو محەمەد حەمەسالح کاکەبرا) تەئکید دەکەمەوە بەدوو بەڵگە یەکەم دەتوانیت سەیری گۆڤاری شەهید ژمارە (6) بکەیت کە نووسینێکی خوشکە چیمەن ساڵح کاکەبرا باس لەوە دەکات، هەروەها ڕۆژی 2.12.1981 ئاگادارکراین‌و فریای مواجەهەیان نەکەوتین کاتێک خزمان گەیشتنە موسڵ کار لەکار ترازا بوو چونکە بەپێی (شەهادە وەفاتەکانیان) سەعات 8ی شەو لەسێدارە درابوون. باسی ڕووداوەکەیان کردبوو وە زۆربەیان نامەیان دابوو بە مەلا ئەحمەد کە ئەو شەوە سی کەسیان بریندار بوون‌و شەهیدان (جەبار ئەحمەد و عەدنان سابیر) شەهید کرابوون).

دووبارەی دەکەمەوە نە کەس شەهید بووە نە کەسیش بریندار بووە لەکاتی شکاندنی زیندان و ڕاکردنیان لە شەوی (2.6.1981)دا، سەرەتا بەگوێرەی قسەکانی شێخ فازڵ، هەموویان بەبێ تەقە و هیچ کێشەیەک لەناو زیندان بە ساغی دەرچووینە، دواتریش بەگوێرەی قسەکانی شۆڕش بازیانی، کە خۆی یەکێک بووە لە (13) هاوڕێکەی بازیان و لە شەوی ئۆپراسیۆنی شکاندنی زیندانەکە خۆی لەو زیندانە بووە، دواتر لەگەڵ دوو زیندانیی تر سزاکەیان لە سێدارەوە بۆ گۆڕدراوە بۆ سزای هەتاهەتایە، کە لە گفتوگۆیەکی تەلەفۆنیدا لە ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (14.5.2017)دا باسی ئەوەی کرد، کە هیچ زیندانییەک لە شەوی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ شەهید و بریندار نەبووینە، هەروەها تا ڕۆژی سووککردنی سزاکەی خۆیی و دوو کەسەکەی تر لە مانگی ئەیلول یان تشرینی یەکەم لەگەڵ دە شەهیدەکەی بازیان و لەنێویاندا (شەهید جەباری ئەحمەد زەریفە و شەهید عەدنان سابیر)، کە دواتر هەر دەیان لە سێدارە دران، پێکەوە بووینە.

نەریمان لەبری ئەوەی بنووسێت: (ئەو شەوە سێ (3) کەسیان بریندار بوون)، نووسیوێتی: (ئەو شەوە سی کەسیان بریندار بوون)، واتە بەقسەی ئەو بێت، دەبێ لە شەوی جێبەجێ کردنی هەوڵی شکاندنی ژووری سێدارەو ڕاکردنی زیندانییەکان، سی (30) هاوڕێ بریندار بووبن!

دواتر نەریمان، نووسینەکەی چیمەن حەمەسالح کاکەبرا دەکاتە بەڵگە بۆ بریندابوونی (3) زیندانی لە شەوی هەوڵی شکاندنی زیندانەکە و ڕاکردنیان، کەچی ئەو ژنە لە نووسینەکەی خۆیدا بە تەنیا باسی بریندارکردنی براکەی خۆی کردووە بەبێ ئاماژەکردن بە هیچ سەرچاوەیەک، یان پشت بەستن بە قسەی کەسێکی ئاگادار یان نزیک لە ڕووداوەکە. هەروەها چیمەنی خوشکی محەمەد حەمەسالح کاکەبرا (ئامانج شاتری)، بە هیچ شێوەیەک ناوی (سەباح مەجید و محەمەد عەلی محەمەد)ی نەهێناوە! باشە ئەو کارەی نەریمان چەواشەکاری و شێواندنی مێژوو نییە، کە نووسینەکەی چیمەن حەمەسالح دەکاتە بەڵگەی بریندابوونی (سەباح مەجید، محەمەد عەلی محەمەد و محەمەد حەمەسالح کاکەبرا)، کەچی لە ڕاستیدا لەو نووسینەی چیمەن تەنیا باسی بریندابوونی محەمد حەمەسالح کاکەبرا شاتری کراوە لە شەوی نەبەردییەکە؟ باشە کە نەریمان مەجید، باسی بریندابوونی شەهید سەباح مەجیدی برای و شەهید محەمەد عەلی محەمەد دەکات و نووسینەکەی چیمەن حەمەسالح کاکەبرا دەکاتە سەرچاوە و پاڵپشت بۆ ڕاستی بانگێشەکەی، لە ڕاستیشدا نە بریندار بووینە و نە چیمەن خانیش ئاماژەی بە بریندابوون و ناوی ئەو دوو هاوڕێیە هێناوە، ئەوە مانای وانییە کە نەریمان بۆ داپۆشینی ناڕاستییەک پەنا دەباتە بەر ناڕاستی دیکەش؟

خوێنەر خۆی دەتوانێ کۆپی نووسینەکەی چیمەن حەمەساڵح کاکەبرا (پلانی شکاندنی بەندیخانەی موسڵ)، کە لە خوارەوە دانراوە، بخوێنێتەوە و ڕاستی و ناڕاستی، چەواشەکاری و شێواندنی مێژوو لێک جیا بکاتەوە.
هەروەها نەریمان لە دیاریکردنی سەرچاوەش ئەوەندە شارەزا نییە کە بەتەنیا ئاماژەی بە ناوی گۆڤار و ژمارەکە کردووە، کەچی ڕۆژ یان مانگ، ناوی بابەتەکە، لاپەڕە و لایەن یان دەزگا و بنکەی دەرکردنی گۆڤارەکەی دیاری نەکردووە، تەنانەت ئەوەشی نەنووسیوە کە گۆڤارەکە هەفتانە، مانگانە یان وەرزییە، کە لە ڕاستیدا گۆڤاری شەهید ژمارە (6) لە مانگی تەموزی ساڵی (1999)دا دەرچووە و گۆڤارەکە وەرزییە و لەلایەن بنکەی ڕۆشنبیری شەهید دەردەچێت. سەبارەت بە کوردستانی نوێ، ڕۆژی (5.6.2000)، تەنیا ناوی ڕۆژنامەکە و مێژووەکەی نووسیوە، کەچی ژمارەکە، ناوی بابەتەکە، لاپەڕەکە و خاوەنی کوردستانی نوێی نەنووسیوە.
دەربارەی ئەوەی کە نەریمان نووسیوێتی: (شەهیدەکانی بازیان لە دوا دیدەنی خۆیان و کەسوکاریان لە ڕۆژی (2.12.1981)دا کە تەنیا مەلا ئەحمەد چەمچەماڵی ئامادە بووە، باسی ڕووداوەکەیان کردبوو وە زۆربەیان نامەیان دابوو بە مەلا ئەحمەد کە ئەو شەوە سێ کەسیان بریندار بوونو شەهیدان (جەبار ئەحمەد و عەدنان سابیر) شەهید کرابوون). بەر لە هەموو شتێک، ئەو قسانەی نەریمان هەر زۆر دوورن لە ڕاستی و چیرۆکی داڕێژراوی بیری خۆیەتی، ئەگینا هیچ کەسێک شەهید و بریندار نەبووینە. شۆڕش بازیانی، هاوڕێ و هاوپەروەندی (13) هاوڕێکەی بازیان، لە ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (14.5.2017)دا باسی ئەوەی کرد، کە تا ڕۆژی سووککردنی سزاکەی خۆیی و دوو خزمەکەی دیکەی، لە کۆتایی مانگی ئەیلولی هەمان ساڵدا، دە شەهیدەکەی بازیان لە ژیاندا مابوون و کەسیان لە شەوی ئۆپراسیۆنەکە شەهید و بریندار نەبووینە.
ئەی باشە نەریمان بۆ باسی ئەوەی نەکردووە کە نامەکانی مەلا ئەحمەد چەمچەماڵی باوکی شەهید عەبدولسەمیع لە زیندانی موسڵ لەلایەن نۆ شەهیدەکەوە بۆ کەسوکاری شەهیدەکان هێناویەتی، چی بەسەر هاتووە؟ ئەی بۆ ئەو توانی نامەکەی شەهید بابان ئەحمەد پەیدا بکات و وەکو بەڵگەیەک بیخاتە نێو نامیلکەکەی خۆی، بۆ نەیتوانی هیچ نامەیەک لەو نامانەی، کە لە ڕێکەوتی (2.12.1981)دا بەدەستی مەلا ئەحمەد نێردراون، تەنانەت نامەی براکەی خۆی پەیدا بکات و کۆپییەکەی بڵاوبکاتەوە؟
نەریمان مەجید، لە وەڵامەکەیدا نووسیوێتی: (من شانازی دەکەم بەئەندامبوونم لەڕیزی ی.ن.ک چونکە خاوەنی چەندان سەروەرییە بۆ گەلەکەی).
وەکو وەڵامێک بۆ ناوبراو، دەڵێم: (تۆ شانازی بە ئەندام بوونت لە یەکێتی دەکەی، منیش شانازی بەوەوە دەکەم کە لە ڕیزی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دا نیم). لێرەدا لەبەر خاتری کۆمەڵێک هاوڕێ و کەسانی نزیکم لەنێو یەکێتی و بەتایبەت کە لەو کاتەدا هەورێکی ڕەشی تەمومژاوی باڵی بەسەر ئاسمانی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)دا کێشاوە و بەبۆنەی کۆستی هەڵبژاردن، کە نەریمان مەجید ئەندامی دەزگای هەڵبژاردنی ئەو حزبە بووە زۆر غەمبارن، نامەوێت هۆکارەکانی یەکێتی نەبوونم کە بە شانازی بۆ خۆمیان هەژمار دەکەم باس بکەم، ئەگینا دەیان هۆکار دێنمەوە.
لە کۆتاییدا ئەوەش دەڵێم، ئاخر سەیرە کەسێکی وەکو نەریمان شانازی بە حزبەکەیەوە بکات کەچی تاوەکو ئێستا نەزانێت بەشێوەیەکی دروست ناوی حزبەکەی خۆی بنووسێت و لە بری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بنووسێت: (یەکێتی نیشتمانی کوردستان)! هەروەها لە بری ئەوەی سۆسیال دیموکراتیانە بیر بکاتەوە، کەچی سۆسیال خێڵەکیانە بیر دەکاتەوە!
نەریمان، لەدوا دێری نووسینەکەیدا لە بەشی دووەمدا، نووسیوێتی: (دەتوانیت سەیری بەشێک لەشەهادە وەفاتەکان بکەی لەنامیلکەکەدا).
بەڕاستی لەم حیکمەتە گەورەیەی نەریمان تێناگەم، کە هەر لە حیکمەتەکانی سەرکردە و بەرپرسە کوردەکان دەچێت، کە بێماناو بێ ناوەڕۆکە! ئاخر بۆچی سەیری بەشێک لە مردننامەکانی دە شەهیدەکەی بازیان بکەم لە نامیلکەی (شکاندنی باستیلەکەی موسڵ)؟ کێشەی نێوانمان لەسەر ناوی شەهیدەکان، شوێن و مێژووی لە سێدارە دانیان نییە، تا

داوا بکەی سەیری مردننامەکانیان بکەم بۆ ئەوەی ڕاستییەکانم بۆ دەرکەوێ؟ دواتر دەبێ نەریمان پێی وابێ، کە سەیری یەکە بە یەکەی مردننامەکان و بەڵگەنامەکانم نەکردووە؟

لەنێو مردننامەکانیشدا، چوار پشتگیری مردنی تێدایە، کە وەکو تێبینییەک لە سەر هەر یەکێکیاندا نووسراوە: (تێبینی: ئەم پشتگیرییە لەبری مردننامە هەژمار ناکرێت).

## وەڵامی بەشی سێیەمی (وەڵامێکی هێمنانە بۆ دەرسیم دیبەگەیی):

نەریمان نووسیویێتی: (چەند جارێکیش باسی شێخ فازڵ یوسف ئەلیاسو مەردانی برای دەکەیتو دەڵێیت با دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ی.ن.ک چاوپێکەوتنی لەگەڵدا بکەن بۆ ئەوەی ڕاستییەکانیان بۆ دەربکەویێت، چاوپێکەوتنێکی لەگەڵدا کراوە لەناوەندی مێژووی ی.ن.ک هەیە (دەنگو ڕەنگ) (صورە و صوت) ڕێک پێچەوانەی قسەکانی تۆیە، چونکە دووبارە قسەمان لەگەڵ کردووە وتی معلوماتەکانی دەرسیم دروستکراوی خۆیەتی، چونکە بەقسەکانی دەرکەوت تەوەجوهی لەگەڵ یەکێتی نییە، بۆیە منیش ڕاستیم پێ نەوت بۆ ئەوەی سوودی لێ نەبینێ) دەقی ئەم گفتوگۆ تەلەفۆنییەم بەتۆمارکراوی لایە بۆ ئاگاداریت).

سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە چەند زانیاری، نهێنی و ڕاستییەک سەبارەت بە هەوڵی یان نەبەردی شکاندنی زیندانی ژووری سێدارەی موسڵ، کە خۆم لە نزیکەوە ئاگاداری ئەو نهێنی و ڕاستییانەم و لە ڕێگای شەهید تەحسین و شەهید جەمیل ئاگادارم و هیچ پەیوەندی بە فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس نییە و لەوەوە وەرنەگیراون، بۆیە ئەگەر هەموو جیهان پێچەوانەی ئەو ڕاستییانە بن گاڵتەم پێیان دێت، مادام باوەڕم بە خۆم و ڕاستی نهێنییەکانی ئەو هەوڵە هەیە:

1. بیرۆکە، پلان و نەخشەدانانی چۆنییەتی هەوڵی شکاندنی زیندانی ژووری سێدارەی موسڵ کە لە سەرەتای ساڵی (1981)دا باسی لێکراوە، دەگەڕێتەوە بۆ هەریەک لە (بەرزان عومەر عەلی، جەلال مەحمود ئەحمەد محەمەد سورداشی، جەمیل ئەحمەد مەحمود حەمە دیبەگەیی (دەرسیم) و دواتریش عومەر میرزا شاموراد).
2. ئەو چوار کەسەی کە خاوەنی بیرۆکەی شکاندنی زیندانی سێدارەی موسڵ بووینە، سێ کەسیان لە سەرەتای ساڵی (1981)دا، قسەیان لەگەڵ فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس کردووە سەبارەت بە بیرۆکە و پلان و نەخشەی شکاندنی زیندانەکە، نەک کەسانێکی دیکە قسەیان لەگەڵ فازڵ و مەردان کردبێ.
3. پلان دانان و هێنانی مشار، گوریس و چەقۆ بۆ ناو زیندان هەر دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتا یان ناوەڕاستی مانگی شوباتی ساڵی (1981)، نەک کۆتایی مانگی مایسی هەمان ساڵ. هەر دوای گەیشتنی مشار، دەستبەجێ شەوانە و بەگوێرەی دەرفەت بەرە بەرە هەر جارەی کەمێک لە شیشی دەرگاکان لەکاتی ئێشکگری فازڵ و مەردان بڕاونەتەوە. بە هیچ شێوەیەکیش دەمانچەی بێدەنگ نە نیاز بووە بۆیان بهێنن و نە بۆشیان هێناون.
4. پارە کۆکردنەوە بۆ کڕینی مشار، گوریس و چەقۆ بەهۆی هەر دوو کارمەندی زیندان فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس و مەردان یوسف شێخ ئەلیاس، هەر لە سەرەتای مانگی شوباتی ساڵی (1981) بووە.
5. بەگەیشتنی ئەو (13) کەسەی بازیان/ دەربەندیخان، سەرەتا خەریک بوو نەخشە و پلانەکە هەڵوەشێتەوە و دوو بۆچوون لەناو زیندانییەکان دروست بوو. بەشی یەکەم کە زۆرینە بوون، داوای هەڵوەشاندنەوەی پلانەکەیان دەکرد و دەیانویست واز لەو نەبەردیە بهێنن بەهۆی کێشەی نێوان ئەو (13) کەسە، کە دواتر (10) هاوڕێیان لە سێدارە دران و (3) کەسیشیان سزاکەیان بۆ زیندانی هەتا هەتایە گۆڕدرا، کە ئەوە پێشبینی زیندانییەکانیش بوو بە (10) شەهیدەکەی بازیانەوە کە ئەو (3) کەسە سزاکەیان بۆ سووک دەکرێت و لە سێدارە نادرێن. بەڵام بەشەکەی دیکە سووربوون لەسەر ئەنجام دانی ئەو هەوڵە و بە مەرجێک درەنگ ئەو (10) هاوڕێیەی بازیانی لێ ئاگادار بکرێتەوە و بە هیچ شێوەیەکیش ئەو (3) کەسەی تری بازیانی کە خزمی کاوە بازیانی بوون لێ ئاگادار نەکرێنەوە تا کاتی کردنەوەی دەرگاکان و ڕاکردنیان، ئەوکاتەش سەربەستیان بکەن لەوەی کە ڕادەکەن یان دەمێننەوە، ئەگەر ویستیان بمێننەوە دەست و قاچیان بە گوریس ببەستنەوە و جێیان بهێڵن، کە تەحسین لە دوا دیدەنی ڕۆژی (25.5.1981)دا دروستبوونی ئەو دوو بۆچوونەی بۆ باسکردم بەهۆی گەیشتنی زیندانییەکانی بازیان. منیش پێم وت: (مادام ئەو هاوڕێیانەی ژووری سێدارە هەر لە سێدارە دەدرێن و مردن چاوەڕێیانە، کەواتە بۆچوونی دووەم بەڕاستتر دەزانم و بە هاوڕێکانی ژوورەوەت بڵێ با بۆچوونی دووەم جێبەجێ بکەن، چونکە دەرفەتێکی دیکەی ژیان و ڕزگاربوونیان بۆ ڕێک دەکەوێت). من هەتا ئێرە لە هەوڵەکە ئاگادار بوویمە، دیارە دواتر بۆچوونی دووەم سەرکەوتووە و بڕیاری لە سەر

دراوە، بەڵگەش ئەوەیە کە هەوڵەکە ئەنجام درا. بۆ زیاتر پشت ڕاستکردنەوەی ئەو قسانەم، خوێنەر دەتوانێ سەیری وەڵامەکەی پێشترم بکات بۆ نەریمان (شکاندنی باستیلەکەی موسڵ، یان چەواشەکردنی مێژوو؟)، کە لە خاڵی نۆیەم بەمشێوەیە ئاماژەم پێی دابوو: (کۆمەڵێک کێشە لەناو ئەو (13) کەسەدا هەبووە، بەگوێرەی هەندێک زانیاری کە بۆم باسکراوە هەر لەبەر ئەو کێشانەی نێوانیان لە سەرەتادا نەخشەدانەرانی شکاندنی زیندان نەیان ویستووە ئەوان لە نەخشە و پلانەکەیان ئاگادار بکەنەوە، بەتایبەت ئەو سێ کەسەی کە نووسەر (نەریمان) بە هیچ شێوەیەک ئاماژەی پێ نەکردوون). باشە نەریمان بۆ وەڵامی خاڵی نۆیەمی نەداوەتەوە، کە تیایدا باسی ئەوەم کردووە لە سەرەتادا زیندانییەکان نەیانویستووە (13) کەسەکەی بازیان ئاگادار بکەنەوە لە هەوڵی شکاندنی زیندان؟ خۆ ناشێ بڵێ ئەوەم نەدیوە یان لەبیرم کردووە؟

6. بە هیچ شێوەیەک زیندانییەکان لە ڕۆژی جێبەجێکردنی نەخشە و پلانی شکاندنی زیندانەکە، هەوڵی کوشتنی پاسەوانەکان نەدەن و نەیانکوژن، بەڵکو تەنیا بیانگرن و بە گوریس دەست و قاچی ئەوان و ئەو زیندانییانەی کە لەگەڵ هەوڵەکەدا نین و نایانەوێت ڕابکەن ببەستنەوە و لە ژوورێکی سێدارە دەرگایان لەسەر دابخەن و بەجێیان بهێڵن.

7. دوو شت کە خۆم لێی بەگومان بم و سەدا سەد لێی دڵنیا نەبم مێژووی ئەنجام دانی نەبەردی شکاندنی زیندانی ژووری سێدارەی موسڵ و گیرانەوی زیندانییەکان لە ناوەوەی یان دەرەوەی زیندان بووە، بۆیە بۆ ئەو دوو شتە پشت بە زانیاری و قسەکانی فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس دەبەستم کە خۆی ئاگاداری ورد و درشتی پلانەکە و ئەنجام دانی نەبەردییەکە بووە. هۆکاری بێئاگاییم لە مێژووی نەبەردییەکە و شوێنی گیرانەوەی زیندانییەکان دوو هۆکارن، کە یەکەمیان بەهۆی نزیکی دیدەنی ئاییندە بوو لەگەڵ پرسەی نهێنی شەهیدەکان، سەردانی خزم، دۆست و هاوڕێیان بۆ سەرخۆشی کردن و دووەمیان فشاری بەرپرسی فرقەی مەخموری حزبی بەعس موحسین موهەنا ناسراو بە ئەبو ئەکرەم یان ئەبو هەناء، کە بە هەر دوو ناو بانگیان دەکرد، داوای لە بەڕێوەبەری فەرمانگەکەم لە مەخمور (محەمەد شاکر مەحمود جومعە) کردبوو کە مادۆنی (2) هەفتەییم کۆتایی پێ بهێنێ و بەناچاری بگەڕێمەوە سەر کارەکەم، کە بوونە هۆکاری ئەوەی نەتوانم لە ڕۆژی (1.6.1981)دا سەردانی هاوڕێیانی زیندانی ژووری سێدارەی موسڵ بکەم، کە وەکو نەریتێک یەکێک لە نزیکترین کەسی لە سێدارەدراو دیدەنی دواتر دەچووە زیندانی موسڵ نەوەک لە سێدارە دراوەکە نامەیەک، ڕاسپاردەیەک یان شتێکی لای هاوڕێکانی جێهێشتبێ. محەمەد شاکر مەحمود، دوو تا سێ ڕۆژ دوای گوللە باران کردنی تەحسین، شۆفێری فەرمانگەکەی بەدوادا ناردم بۆماڵەوەمان لە دیبەگە و داوای کردبوو کە بەهۆی فشاری بەرپرسی فرقەی مەخمور ئەبو ئەکرەم، دەبێ هەر سبەی بگەڕێمەوە سەر کارەکەم. ئەگەر ئەو دوو هۆکارەی سەرەوە نەبوایە بەدڵنیایی لە ڕۆژی (1.6.1981)دا لەدوا دیدەنی پێش جێبەجێکردنی نەبەردییەکە لە زیندانی موسڵ ئامادە دەبووم و بەهۆی شەهید بەرزانی عومەر عەلی کە هاوڕێیەتیمان باشبوو، زانیارییم لەسەر هەم مێژووی شکاندنەکە و هەم شوێنی گرتنەوەی زیندانییەکان دەبوو. هەرچەندە ماوەیەک دواتر لە ڕۆژی (15.6.1981) لەگەڵ عەبدولکەریم تاهیر خدری خاڵم چووین بۆ موسڵ و لەکاتی دیدەنی لە زیندان نزیک بووینەوە وەلێ کەس لەبەر دەرگا نەبوو، بۆیە ئێمەش پرسیارمان نەکرد و نەچووینە بەردەم زیندانەکە کە پێشتر بیستبوومان دیدەنی قەدەغەکراوە. ئەوەبوو تاکسییەکمان گرت و بەرەو گۆڕستانی شەهیدە لە سێدارە دراوەکان لە (وادي العقاب) کە دەکەوتە نزیک بازگەی موسڵ – تەلەعفەر ڕۆیشتین و لەسەر جادەکە دابەزین، لەو کاتەدا ئەمبولانس (ئیسعاف)ێک لە گۆڕستانەکە دەردەچوو کە دوو تا سێ سەربازی چەکداری کڵاوسووری تیابوو. ئێمە چووینە سەر ئەو گۆڕانەی کە باوکم، مام ئەحمەدی باوکی شەهید جەمیل و ئەبوبەکری خاڵم، شوێنەکەیان بۆ وەسف کردبووین و کێلەکانیان ڕەنگ کردبوو. نزیکەی (30-40) مەترێک لە باشووری ڕۆژئاوای گۆڕەکانی ئەوان، (4) گۆڕی نوێ هەبوو کە بەگوێرەی خۆڵی سەر گۆڕەکان و دەرچوونی ئەمبولانسەکە لە تەک گۆڕەکانەوە، بەدڵنیایی دەبێ هەر ئەو ڕۆژە نێژرابن. نزیکەی

(2-3) خولەکێک دەبوو لەسەر گۆڕەکانی شەهید تەحسین و شەهید جەمیل بووین، باسمان لەو ئەمبولانس و گۆڕە نوێیانە دەکرد، لەپڕ بینیمان ئەمبولانسەکە لەگەڵ کۆمەڵێک چەکداری بازگەکە بەرەو ڕووی ئێمە هاتن. کڵاوسوورەکان دابەزین و هۆکاری بوونی ئێمەیان لەو گۆڕستانە پرسی، لە وەڵامدا پێمان گوتن کە هاتووین بۆ سەردانی گۆڕی کەسوکارمان. ئەوان پێیان وابوو ئێمە خزموکەسی ئەو چوار شەهیدە نوێیەی ئەو ڕۆژەین، کە تازە لە سێدارە درابوون و ئەوان تەرمەکانیان ناشتبوون. پێناسەکانیان وەرگرتین و پێیان ڕاگەیاندین کە ئێمە گیراوین، هۆکارەکەمان پرسی؟ ئەوان دەستیان کرد بە لێکۆڵینەوە و ناوی ئەو لە سێدارە دراوانەیان پرسی کە بۆ سەر گۆڕەکانیان هاتووین. ئێمە وەڵاممان دانەوە و ئەوان ناوەکانی ئێمەیان لەگەڵ لیستێکی ناو ئەمبولانسەکە بەراورد کرد، کە پێم وایە ناوی ئەو (4) شەهیدە نوێیەی ئەو ڕۆژە بوو کە تازە لە سێدارە درابوون. پرسیاری ڕۆژی لە سێدارە دانی ئەو گۆڕانەیان لێپرسین کە لە سەریان وەستابووین، لە وەڵامدا پێم گوتن کە چەند مانگێکە. دیاربوو یەکێکیان بە چرپە هەندێ قسەی لەگەڵ ئەوانی دیکە کرد کە نەیهێشت ئێمە گوێمان لێ بێت، ئەوانی دیکەش سەریان بۆ لەقاند. هەر ئەو کەسەی کە بە چرپە قسەی بۆ ئەوانی دیکە کرد، بە ئێمەی گوت کە ئەو جارە ئازادمان دەکەن بەو مەرجەی جارێکی دیکە نەگەڕێینەوە بەو ناوەدا چونکە هاتن بۆ ئێرە قەدەغەیە. پێم گوتن: (بەڵام ئێمە پێشتر هاتووین و بەتایبەت لە جەژنەکاندا سەدان کەس لێرەن و کەس پێی نەگوتوین کە سەردان قەدەغەیە، خۆ ئەگەر بمانزانیایە قەدەغەیە نەدەهاتین). پێناسەکانیان داینەوە و گوتیان زوو لێرە بڕۆن و ون بن، چاودێریتان دەکەین، بگەڕێنەوە ئەو جارە دەتانبەین. ئێمەش چووینە سەر جادەکە و لەگەڵ هاتنی یەکەم تاکسی بەتاڵ و وەستانی، سەرکەوتین و ڕۆیشتین. لە دیدەنییەکی دیکەدا کە لە مانگی تەموز بوو، بەتەنیا هاتمەوە موسڵ و سەردانی بەشی سزا قورسەکانم کرد و چوومە لای خزمێکی دیبەگەیی بەناوی سابیر محەمەد مەعروف و پرسیاری ژووری سێدارەی موسڵ-م لێکرد لەگەڵ هەوڵی شکاندنەکە ئەگەر شتێکی لێ بزانێت. ئەو باسی ئەوەی کرد کە ئەوان ڕۆژی دواتر زانیویانە و ئەوانەی گیراونەتەوە لەگەڵ دوو پاسەوانە هاوکارەکە ئەشکەنجەی دڕندانە دراون و زیندانییەکان دیدەنییان لێ قەدەغە کراوە، وەکو جاران ڕێگەی کەس نادەن لێرەوە بچێتە لایان. سابیر، باسی ئەوەی کرد، کە شەوی ڕاکردنەکە تەقەیەی زۆر کراوە، بەڵام ئەوان تا بەیانی نەیانزانیوە هۆکاری تەقەکان چی بووە. هەروەها بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە باسی ئەوەی کرد بەر لەوەی شەهید جەمیل و شەهید تەحسین لە سێدارە بدرێن، لەسەر داوای ئەوان سەردانی کردوون و ورەیان زۆر بەرز بووە و دڵی ئەویان داوەتەوە. هەروەکو پێشتریش ئاماژەم پێدا کە لەدوا پێوەندیم بە فازڵ، ئەو مێژووی نەبەردی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵی بە ڕۆژی (2.6.1981) و مێژووی گیرانی خۆیانی بە ڕۆژی (5.6.1981) دانا، هەروەها لە دەستنووسێکی خۆیدا سەبارەت بە کورتەیەک لەسەر ژیان و خەباتی کوردایەتی خۆی، کە دەقی نووسینەکەی لە سەرەوەدا دانراوە، خۆیشی هەمان شتی نووسیوە، بۆیە منیش ئەو دوو مێژووەم وەکو ئەو دانا.

هەموو خەڵک کە دەنگ و ڕەنگ بۆ عەرەبی وەرگێڕن، دەڵێن: (صوت و صورة)، بەڵام نەریمان لەوەشیاندا پێچەوانەی خەڵکەو دەڵێ: (صورة و صوت)! ئایە دەبێ نەریمان هەستی بەوە کردبێ کە ئەو لە خەڵکەکە جیاوازە؟

نەریمان نوویسوێتی: (دووبارە قسەمان لەگەڵ کردووە وتی معلوماتەکانی دەرسیم دروستکراوی خۆیەتی، چونکە بەقسەکانی دەرکەوت تەوەجوهی لەگەڵ یەکێتی نییە، بۆیە منیش ڕاستیم پێ نەوت بۆ ئەوەی سوودی لێ نەبینێ). باشە بەگوێرەی ئەو نووسینەی نەریمان، کە گوایە دووبارە قسەیان لەگەڵ شێخ فازڵ کردۆتەوە و بەگوێرەی قسەی نەریمان گوایە شێخ فازڵ گوتویەتی: (زانیارییەکانی دەرسیم دروستکراوی خۆیەتی، چونکە بە قسەکانی دەرکەوت تەوەجوهی لەگەڵ یەکێتی نییە، بۆیە منیش ڕاستیم پێ نەگوت بۆ ئەوەی سوودی لێ نەبینێ). باشە کە فازڵ زانیاری هەڵەو نادروستی دابێتە من و منیش هەندێک لە زانیارییەکانی ئەوم بەکارهێنابێ، بۆ دەبێ ئەو زانیارییانەی فازڵ یان ئەوانەی کە لە زاری ئەوەوە دەیاننووسم دروستکراوی خۆم بێ، بەتایبەت کە لە ئەوم وەرگرتبێ و ئەویش بەهەڵە

زانیارییەکانی دابێتە من؟ ئایە نەریمان هەست بە شوورەییەکی گەورە ناکات، لەکاتێک کە فازڵ لەپێناوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە حزبەکەی نەریمانە، زانیاری هەڵەی گەیاندبێتە من، نەریمان بێ ئەو نهێنیە نەک تەنیا بۆ خۆم، بەڵکو بیخاتە سەر ڕۆژنامە و بۆ هەموو خەڵکی ئاشکرا بکات؟
هەر سەبارەت بەوەی کە گوایە فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس وتویەتی زانیارییەکانی دەرسیم دروستکراوی خۆیەتی، لە وەڵامی نەریماندا دەڵێم: (نەریمانێک کە لە وەڵامی نووسینەکەی مندا بەناوی (وەڵامێکی هێمنانە بۆ دەرسیم دیبەگەیی)، زۆر بێباکانە قسەکانی منی گۆڕیبێ و شێواندبێتی، لەلایەک کە نووسینەکەی منی بە نووسین لەبەر دەست دابێ، لەلاکەی تریشەوە کە دڵنیابێ لەوەی وەڵامەکەی ئەویش بە نووسین بکەوێتە بەر دەستی خۆم و خوێنەران، ئایە لەکاتی قسەکردنی لەگەڵ فازڵ بە تەلەفۆن کە تەنیا لای خۆی و ئەودا دەمێنێ و کەس ئاگاداری نییە و وەکو نووسین نییە کە کەسانی دیکە بیخوێننەوە، دەبێ چۆن قسەکانی شێخ فازڵ و منی شیواندبێ و گۆڕیبێ؟). بۆیە ئەو قسەیەی نەریمان و ئاماژەکردنی بە گفتوگۆی تەلەفۆنی نێوان خۆی و فازڵ، زۆر بەبێ بایەخ دەزانم و ناتوانم باوەڕی پێبکەم. هەروەها تەحەدای نەریمان دەکەم ئەگەر فازڵ قسەی وای کردووە با ئاشکرای بکات، بەڵام ئەگەر تەواوی گفتوگۆکە ئاشکرا نەکات باوەڕی پێناکەم. با نەریمان لە سەرەتای زەنگ لێدانی تەلەفۆنەکە تا کۆتایی گفتوگۆی نێوانیان ئاشکرا بکات، ئەگەریش تەنیا ئەوەندەی گوایە فازڵ زانیارییەکانی من بە دروستکراوی خۆم دەزانێ ئاشکرا بکات، باوەڕی پێناکەم، چونکە گرنگە بزانم نەریمان بەناوی منەوە چی بەو گەیاندووە و گوتیە!
سەبارەت بەوەی کە نەریمان باسیکردووە گوایە دوای ئەوەی فازڵ زانیویەتی من لەگەڵ (یەکێتی)دا نیم، ئەو زانیاری ناڕاستی داومەتێ، دەڵێم: (زانیارییە گرنگ و پڕ بایەخەکانی سەبارەت بە بیرۆکەکە، نەخشە و پلانی شکاندنی زیندان، پارە کۆکردنەوە، کڕینی مشار، چەقۆ، گوریس و هێنانیان بۆ ناو زیندان و شێوازی کارکردن لەپێناوی هەنگاو نان بۆ بڕینەوەی شیشی دەرگاکان و شکاندنی زیندان خۆم لە سەرەتاوە لە ڕێی شەهید تەحسین و شەهید جەمیل ئاگاداری بوویمە، قسەکردنم لەگەڵ فازڵ تەنیا لەپێناوی بەهێزکردنی زانیارییەکانی لای خۆم بووە. دواتر قسە لەگەڵ هەر کەسێک بکەم، پێشتر ڕۆژ، مێژوو، کات و هەموو ئەو پرسیارانە دەنووسم کە دەمەوێت لێی بپرسم و لەکاتی گفتوگۆکردنەکەشدا وەڵامەکانی ئەو کەسەی کە قسەی لەگەڵ دەکەم دەنووسم. بەلای منەوە گرنگ نییە کە کەسانێک لەو قسانەی دەیکەن پەشیمان دەبنەوە، یان بە دروستکراوی خۆمی دەزانن، کە گومانی زۆریشم لە ڕاستی ئەو قسەیەی نەریمان هەیە کە بەناوی فازڵ کردوویەتی).
هەروەها گومانیشم هەیە لە تەواوی قسەکانی نەریمان، چونکە لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی (2010)دا کە بۆ یەکەم جار قسەم لەگەڵ فازڵ کردووە، تا دواجار کە لە مانگی ئابی ساڵی (2013)دا قسەم لەگەڵی کردووە، قسەکانی هەر وەکو یەک بووە، لەکاتێکدا ئەو لە مانگی ئابی (2013)دا زانیویەتی کە من یەکێتی نیم. دواتر بەڕاستی شەرمێکی گەورەیە بۆ نەریمان ئەگەر بەبێ ئاگاداری فازڵ دەنگی ئەوی تۆمار کردبێ کە بەبێ ئاگاداری ئەویش کردوویەتی، چونکە بە هیچ شێوەیەک یاسا ڕێگا بە دەنگ تۆمارکردن نادات بەبێ پرسکردن و مۆڵەت وەرگرتنی پێشەکی لە کەسەکە خۆی، پێچەوانەکەشی سزای لە سەرە، هەروەها شەرمێکی گەورەتر بۆ نەریمان کە دەڵێ دوای ئەوەی گوایە فازڵ هەستی کردووە کە دەرسیم لەگەڵ (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)دا نیە، زانیاری هەڵەی داومەتێ بۆ ئەوەی سوودی لێ نەبینم. با وا دابنێین کە سەدا سەد شێخ فازڵ ئەو قسەیەی کردووە، نەریمان چۆن ڕێگە بەخۆی دەدات کە ئەو نهێنیە ئاشکرا بکات، گەر خۆی بە دڵسۆزی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەزانێ؟
لە هەمووی سەیرتر نەریمان مەجید دەڵێت: (چونکە دووبارە قسەمان لەگەڵ کردووە وتی معلوماتەکانی دەرسیم دروستکراوی خۆیەتی، چونکە بەقسەکانی دەرکەوت تەوەجوهی لەگەڵ یەکێتی نییە، ......هتد). نەریمان خۆی باسی ئەوە دەکات کە ئەوان دووبارە قسەیان لەگەڵ فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس کردۆتەوە، ئەوەش دەیسەلمێنێ کە نەریمان بەتەنیا نەبووە و کەسانی دیکە، یان لایەن و دەزگای دیکەی لەگەڵ بووە. نەریمان بۆ لێرەدا ناوی ئەو کەسە، چەند کەسە یان لایەن و دەزگایەی نەنووسیوە، کە هاوکاری ئەو بووینە و دووبارە قسەیان لەگەڵ فازڵ کردووە؟ دواتر بۆ

دەبێت دەقی تۆمارکراوی گفتوگۆ تەلەفۆنییەکە درابێتە نەریمان؟ ئایە هۆکاری ئەوە چییە کە نەریمان بۆ خۆی بەتەنیا قسەی لەگەڵ فازڵ نەکردووە و پەنای بۆ کەسان، لایەن و دەزگای دیکە بردووە؟
خۆ ئەگەر بەقسەی نەریمان مەجید بێ، کە گوایە زانیارییەکانی من هەڵەن و فازڵ بە هەڵە ئەو زانیارییانەی داومەتێ، باشە ئەی خێرە نەریمان دەڵێ: (ڕەنگە ئەوەی تۆش ڕاست بێت و ئەوەی منیش ڕاست). کاتێک نەریمان دەڵێ: (ڕەنگە ئەوەی تۆش ڕاست بێت)، بەدڵنیایی گومان دەخاتە سەر نووسینەکانی خۆی، چونکە نووسینەکانی نەریمان و ئەوەی من تەواو پێچەوانەی یەکن، لەو دۆخەشدا دەکرێ تەنیا یەکێکمان ڕاست بین و ئەوەی دیکەش هەڵە.
نەریمان دەڵێ: (دیسانەوە دەرسیم باسی بیرۆکەو نەخشەی شکاندنی موسڵ دەکاتەوە کە ئەو شەهیدە قارەمانانەی کە لە بڕگەی یەکەمدا ناویان هاتووە خاوەنی بوون، منیش دووبارەی دەکەمەوە ڕەنگە قسەکەی تۆ ڕاست بێت، بەڵام من نەمناسیوون وە هیچیشم لە بارەیانەوە نەبیستووە). نەریمان دیسان باسی ئەوەی کردووە کە ڕەنگە قسەکەی من ڕاست بێت سەبارەت بە خاوەنی بیرۆکەی شکاندنی زیندان و خاوەنی پلان و نەخشەکە کە چوار کەسن کە ئەو نەیناسیوون و هیچی دەربارە نەبیستوون، سەرەتا ئەو قسەیەی نەریمان ڕاستی من و چەوتی ئەو دەردەخات، دواتر ئەگەر ئەو نەیناسیبن یان هیچی لە بارەیانەوە نەبیستبێ، مانای ئەوە نییە کە مافی ئەوان فەرامۆش بکات و شەهیدەکانی بازیان/ دەربەندیخان بکات بە خاوەنی بیرۆکەکە و داڕێژەری پلانەکە و هەوڵەکە، کە لە ڕاستیدا هی ئەو چوار شەهیدە بووە، کە پێشتر ناوم بردوون.
نەریمان دەڵێ: (ئەڵبەتە ئەگەر ئەو شەهیدە سەربەرزانەی باستکردوون داڕێژەری پرۆسەکە بوون وەک شەهیدان (جەمیل ئەحمەدو عومەر میزاو بەرزان عومەرو جەلال مەحمود سورداش) هەروەها شەهید ئەکرەمی حەپسەو د.ڕێبازو چەندانی تریش لای من تاجی سەرن، بەڵام من نەمناسیوونو نەشمبیستوون). ئەو قسەیەی سەرەوەی نەریمان بۆ جارێکی دیکە لەلایەک ڕاستی نووسینەکەم دەسەلمێنێ و لەلاکەی دیکەوە ناڕاستی نووسینەکەی خۆی.
نەریمان دەڵێ: (لای من زۆر ئاساییە بووتایە ئەمانە شەهید بوون داڕێژەری پلانەکە بوون و چەند قارەمانێکی تر جێبەجێیان کرد کە مەنتیقیش وا دەڵێت). ئەو دانپێنانەی سەرەوەی نەریمان دیسان ڕاستی نووسینەکەم و ئاگاداری تەواوی خۆم لە بیرۆکە و پلان داڕشتنی هەوڵی شکاندنی زیندانی ژووری سێدارەی موسڵ دەسەلمێنێ، کە منیش هەر ئەوەم باسکردووە کە چوار کەس خاوەنی بیرۆکەکە بووینە و پلانەکەیان داڕشتووە و کۆمەڵێک زیندانی پارەیان داوە و بەشداری بڕینەوەی شیشی دەرگاکان بووینە، وەلێ بەداخەوە بەر لە تەواوبوونی کارەکان نزیکەی (33) کەسیان شەهید کراون، هەروەها لەکاتی شکاندنی زیندانەکە ئەوانەی لە ژووری سێدارە بووینە ژمارەیان (34) کەس بووە، کە بەشداری جێبەجێکردنی پلانەکە بووینە و (13) هاوڕێکەی بازیانیش لەنێو ئەو (34) هاوڕێیە بووینە.
نەریمان دەڵێ: (ئێمە نەمانوتووە ئێمە خاوەن بیرۆکەو داڕێژەرو جێبەجێکاری نەخشەکە بووین، بەڵکو دەڵێین ئەگەر ئەو چەند شەهیدە سەربەرزەی لەسەرەتاوە ئاماژەت پێکردووە گەر خاوەنی بیرۆکەی داڕێژەر بووبێت، ئەوا شەهیدەکانی ئێمە جێبەجێکاری پرۆسەکە بوون).
ئەو قسانەی کە نەریمان کردوویەتی، تەواو ڕاستی نووسینەکەم و زانیارییەکانم پشتڕاست دەکاتەوە کە لە هەمان کاتدا بێئاگایی خۆی و شێواندنی مێژوو و خەباتی کۆمەڵێک قارەمان دەسەلمێنێ، چونکە ئەو پێشتر باسی ئەوەی کردووە کە گوایە هەر بە گەیشتنی ئەو (13) کەسەی بازیان بە زیندانی سێدارەی موسڵ بیریان لە داڕشتنی پلانێک کردۆتەوە بۆ شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانەکە، کەچی ئێستاکە لەپڕ دەستی خۆبەدەستەوەدان بەرز دەکاتەوەو دەڵێ: (ئێمە نەمانوتووە ئێمە خاوەن بیرۆکەو داڕێژەرو جێبەجێکاری نەخشەکە بووین).
هەروەها سەبارەت بەوەی کە تەنیا ئەو (10) شەهیدەی بازیان جێبەجێکەری نەبەردییەکە بووبن، دووبارە شێواندنی مێژووە، چونکە (34) کەس بەشداری ئەو هەوڵەیان کردووە. ئەو قسەیەی سەرەوەی نەریمان، دەیان و سەدان نیشانەی پرسیار لەسەر نووسینەکانی خۆی دروست دەکەن، چونکە ئەو پێشتر باسی ئەوەی کردووە کە شەهیدەکانی بازیان خاوەنی بیرۆکە، پلاندانەر و جێبەجێکەری هەوڵی شکاندنی ژووری سێدارەی موسڵ بووینە، کەچی لە سەرەوەدا لەلایەک باسی ئەوە دەکات کە ئەو (نەریمان) نەیگوتووە کە ئەوان خاوەنی بیرۆکە و نەخشە داڕێژەری

شکاندنی زیندانەکە بووینە، لەلاکەی تریشەوە باسی ئەوە دەکات کە بەلای ئەوەوە زۆر ئاسایی بووە ئەگەر بموتایە ئەوانەی پێش نەبەردییەکە لە سێدارە دران، داڕێژەری پلانەکە بوون و چەند قارەمانێکی تر جێبەجێیان کردووە، کە نەریمان پێی وایە مەنتیقیش هەر وا دەڵێت.
خۆ منیش هەر وام گوتووە، کەچی نەریمان لەوە تەنگاو بووە کە نووسینەکەی کوردستانی نوێ و نامیلکەی (شکاندنی باستیلەکەی موسڵ) هیچ بایەخێکی نامێنێ، چونکە بەگوێرەی زانیارییەکان، ئاگاداریم و دواتر نووسینەکانم ئاشکرابوو کە چوار شەهید خاوەنی بیرۆکە، پلاندانەر و نەخشەدانەری هەوڵی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ بووینە کە لەگەڵ نووسینەکانی ئەو یەکناگرنەوە. هەروەها بەلای کەمەوە بە دوو تا سێ مانگ بەر لە گەیشتنی شەهیدەکانی بازیان، پارە کۆکراوەتەوە، مشار و چەقۆ و گوریس گەییشتۆتە ناو زیندان و دەمانچەی بێدەنگیش ناوی نەبووە لەنێو ناواندا، واتە نووسینەکەم ناڕاستییەکان، چەواشەکاری و شێواندنی مێژوویی داستانی شکاندنی ئەو زیندانەی بەتەواوی دەرخست.
کاتێک نەریمان دەنووسێ: (خۆزگە دەرسیم بەو نەفەسەوە ئەو بابەتەی نەنووسیبایە، بەڵکو بەهەر دووکمان کارێکی جوانترو بەپێزترمان لەسەر ئەم رووداوە گرنگو کەموێنەیە ئەنجام بدایە نەک شەهیدەکانی خۆی بە قارەمان بزانێو ئەوانی ئێمەش بە هیچ). ئەوە بەدڵنیایی ڕاستی زانیارییەکان و ئاگاداری من لە تەواوی بیرۆکە، نەخشە و پلان، پارە کۆکردنەوە، ئامادەکارییەکان و کارکردن لەپێناوی شکاندنی زیندانەکە دەسەلمێنێ، ئەگەر وانییە بۆ نەریمان خۆزگەی کارێکی هاوبەشی هەر دووکمان دەخوازێ بەتایبەت گەر ئەو پێی وابێ زانیارییەکانم تەواو نین و هەڵەن؟
نەریمان، سەبارەت بە یەکترناسینم لەگەڵ فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس نووسیوێتی: (لەیەکێک وایە بەنووسینەکەتدا خۆت وا دەردەخەیت کە لە ساڵی 1981 شێخ فازیڵ یوسف-ت ناسیووە بەمەرجێک تۆ لەدوای ئەوەی نامیلکەکەی منت پێگەیشت وە لەبەر ئەوەی لەکۆتایی نامیلکەکەدا من ئاماژەم کردووە بەناوی باسمە شێخ فازیل کە کچی ناوبراوەو کارگێڕی مەڵبەندی شەنگالی جاران‌و موسڵی ئێستایە تۆ لەوە بەدواوە روونتر بڵێم لەم چەند مانگەی پێش ڕەمەزانی ئەم ساڵی 2013 چەند جارێک بەتێل پەیوەندیت پێوە کردووە، ڕەنگە بینیشبێت وەک لەم چەند ڕۆژانەدا خۆیان پێیان راگەیاندم هەروەها لەسەرەتای ناسینی فوئاد محەمەدی برازام ئەسڵەن تۆ شێخ فازیڵ-ت نەدەناسی تامەزرۆی ئەوە بوویت کاتێک فوئاد باسی بۆت کردبوو کە من چۆن لەڕێگەی مامۆستا شێخ سەلاح گوران لێپرسراوی کۆمیتەی شەنگالی جاران و دواتر لەڕێگەی کاک دلێر ماوەتی مەکتەبی ڕێکخستن باسمەی پێ ناساندم لەسەرەتای ساڵی 2007 کە ئێستا کارگێری مەڵبەندی موسڵە دوای ئەوەی لە هەڵبژاردەکانی 2006 ی.ن.ک. کاتێک قەزاکان بوون بە مەڵبەند ئەمیش بوو بەکارگیری مەڵبەند، ئیتر من دەعوەتم کردن بۆ سلێمانی بۆ لای کاک مەلا بەختیار تەنانەت باسمەو شێخ داود جندی ئامۆزایان هاتن بۆ دەربەندیخان‌و شەوێکیش لەخزمەتیاندا بووم).
نەریمان زۆر خۆی هەڵدەکێشی و باسی ئەوە دەکات کە گوایە دوای گەیشتنی نامیلکەی (شکاندنی باستیلەکەی موسڵ) بەدەستم کە لە نووسینی ئەوە، ئینجا فازڵم بەهۆی ئەوەوە یان فوئاد محەمەدی برازای ناسیووە. سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم هێشتا خاوەنی بیرۆکە و پلان دانەرانی نەبەردی شکاندنی ژووری سێدارەی موسڵ لە ژیاندا مابوون و لە سێدارە نەدرابوون، زانیومە ئەو دوو برا ئێزیدییەی کە هاوکار و پشتیوانی زیندانییەکانن بۆ سەرخستنی پلانەکە، ناویان فازڵ و مەردانە، هەروەها ئەنوەر قادری پوورزام کە لەگەڵ شێخ فازڵ لە ژووری پێنجی هەیئە خاسەی کەرکوک پێکەوە بووینە، زۆر شتی بۆ گێڕایمەوە. دواتر لە لاپەڕە (4)ی (هەوڵێکی سەرنەکەوتووی شکاندنی زیندانی ژووری سێدارەی موسڵ و دوو قارەمان)، کە لە ڕێکەوتی (28.11.2010)دا بۆ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ-م ناردووە و بڵاویان نەکردەوە، دواتر لە ڕۆژی (4.12.2010)دا لە ماڵپەڕەکان بڵاوم کردۆتەوە، ئاماژەم بەوە داوە کە دوای هەوڵێکی زۆر لە ڕێگای هاوڕێم (عەزیز شەمۆ ئەلیاس) توانیومە فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس بدۆزمەوە، بۆ زیاتر دڵنیا بوونیش بۆ یەکەم جار لە ڕێکەوتی (21.10.2010)دا قسەم لەگەڵ شێخ فازڵ کردووە. هەروەها لەگەڵ ناردنی بابەتی سەرەوە بۆ کوردستانی نوێ لە نامەیەکدا نووسیومە: (سەبارەت بە پەیوەندیکردن بە فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس لەکاتی پێویستدا دەتوانم ژمارەی تەلەفۆنتان بدەمێ. 28.11.2010)، کە تا ئێستا ئیمێڵەکەم لا ماوە. کاتێ کە لە عەزیز شەمۆ

ئەلیاسم پرسی ناوی باوکی شێخ فازڵم بە یونس برد، ئەو بۆی ڕاستکردمەوە و گوتی: (ناوی باوکی یوسف–ە نەک یونس کە ئێمە یونس مان نییە، هەروەها ناوی باپیریشی شێخ ئەلیاسە وەکو باپیری من). نەریمان مەجید، نامیلکەکەی لە ڕێکەوتی (18.12.2010)دا بۆ ناردووم و خۆی ئەو نووسینە دەناسێتەوە ئەگەر نووسینی خۆی بێت کە بەناوی بنەماڵەی شەهید سەباح پێشکەشم کراوە (لە خوارەوە سەیری کۆپی نووسینی مێژووی ناردنەکە و بەدەست گەیشتنی ئەو نامیلکەیە بکە، کە لە ڕۆژی (28.3.2011)دا بەدەستم گەیشتووە. لەگەڵ کۆپی هەر هەژدە لاپەڕەی نامیلکەی (شکاندنی باستێلەکەی موسڵ). دوای ئەوەی نەریمان مەجید نامیلکەکەی خۆی بەمەبەستی ناردنی بۆ من، گەیاندبوویە لای عومەر محەمەد سەرنووسەری گۆڤاری ئەنفالستان، دواتر بەهۆی دلێر سەلیم کە کوردێکی دانیشتووی دانمارکە و لە گەڕانەوەیدا بۆ وڵاتی دانمارک، لە ڕۆژی (28.3.2011)دا نامیلکەکە بەدەستم گەیشتووە، ئەوە لەکاتێکا هەروەکو لە سەرەوەدا باسم کردووە بۆ جاری یەکەم لە ڕێکەوتی (21.10.2010)دا فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس–م دۆزییەوەو قسەم لەگەڵی کردووە.

نەریمان تا ساڵی (2007)، نە دەیزانی ئەو دوو کوردە ئێزیدییە کێن و ناویان چییە، کە هاوکاری زیندانییەکانیان کردووە لەپێناوی شکاندنی زیندانەکە، هەروەها نە زانیویتیشی ئەو دوو کوردە ئێزیدییە برا بوونە، چونکە ئەو لە کوردستانی نوێی ژمارە (2164)ی ڕێکەوتی (5.6.2000)دا ناوی شێخ فازڵ و مەردانی نەهێناوە و ئاماژەشی بەوە نەکردووە کە ئەو دوو پاسەوانە کوردە برا بوونە، بەڵکو تەنیا نووسیویتی: (هەر بە گەیشتنیان بە قەسابخانەکەی موسڵ بیر لە داڕشتنی پلانێک دەکەنەوە بۆ شکاندنی زیندانەکە ئەویش بە هاوکاری دوو سەجان کە کوردی ئێزیدی دەبن)، ئەوە لە کاتێکدا کە خۆم هەر لە ساڵی (1981)ەوە زانیومە دوو پاسەوانە هاوکارەکە برا بوونە، ناویان فازڵ و مەردان بووە، خەڵکی شەنگال (تەلقەسەب) بوونە، شێخ فازڵ و مەردان لە هەیئە خاسەی کەرکوک لەگەڵ ئەنوەر قادری پورزام بوونە. زانیومە کە دواتر مەردان لە سێدارە دراوە و فازڵیش سزای زیندانی هەتا هەتایە دراوە و لە ئەبوغرێب دیسان لەگەڵ ئەنوەر قادری پورزام بووە، بەڵام تا ڕۆژی پرسیارکردنم لە عەزیز شەمۆ ئەلیاس وامدەزانی ناوی باوکی فازڵ و مەردان (یونس)ە. بۆیە بەدڵنیایی دەڵێم ئەو قسەیەی نەریمان زۆر دوورە لە ڕاستی و بە هیچ شێوەیەک لە ڕێگای نەریمان یان فوئادی برازایەوە، (فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس)م نەدۆزیوەتەوە. دەتوانن لە عەزیز شەمۆ ئەلیاس، باسمە شێخ فازڵ و شێخ فازڵ خۆی بپرسن، کە چۆن شێخ فازڵم دۆزییەوە. ئای کە چەند ناخۆشە بە بەرچاوی سەدان و هەزاران کەس باڵندەیەک لە شەقەی باڵ بدات و بفڕێت، کەچی کەسێکی وەکو نەریمان لێت ببێ بە کابرای: (بشفڕێت، هەر بزنە).

لە خوارەوە چەند ناڕاستی و چەواشەیەکی نەریمان دەخەمەڕوو کە لە سەرەوەدا باسیکردوون، بۆ ئەوەی زیاتر ڕووی ڕاستەقینەی ئەو مرۆڤە دەرکەوێت:

1. دۆزینەوەی فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس لە ڕێگای نەریمانەوە نەبووە، بەڵکو بەهۆی نووسەر عەزیز شەمۆ ئەلیاس بووە لە ڕۆژی (21.10.2010)دا. دۆزینەوەی فازڵ بەهۆی عەزیز شەمۆ، دوای ئەوەی ئەو ژمارە تەلەفۆنی باسمەی کچی شێخ فازڵی دامێ و هەمان کات قسەم لەگەڵ باسمە و شێخ فازڵ کرد، دەیسەلمێنێ کە پێش ناسینی فوئاد محەمەد مەجیدی برازای نەریمان مەجید و ناردنی (شکاندنی باستێلەکەی موسڵ)ی نەریمان، هەم ناوی فازڵ و مەردانم بیستووە وەکو دوو هاوکاری زیندانییەکانی ژووری سێدارەی موسڵ و هەم ئاگاداری شکاندنی زیندانەکە بوویمە.
2. هەرگیز وام نیشان نەداوە کە لە ساڵی (1981)دا فازڵم ناسیبێ، بەڵکو نووسیومە کە بیستوومە فازڵ و مەردان هاوکاری زیندانییەکانی ژووری سێدارە بوونە بۆ شکاندنی زیندانەکە و خوێنەر دەتوانێ دووبارە چاوێک بە نووسینەکەمدا بخشێنێت لەپێناوی دڵنیابوون لە ناڕاستگۆیی نەریمان. ئەگەر لە ساڵی (1981)ەوە زانیبێتم، کە ئەو دوو کوردە ئێزیدییەی هاوکاری زیندانییەکانی ژووری سێدارە بوونە بۆ شکاندنی زیندانەکە و ڕاکردنیان، دوو برا بوونە بە ناوەکانی شێخ فازڵ و شێخ مەردان، مانای ئەوە نییە کە دەیانناسم یان یەکتر دەناسین، بەڵکو زانیومە ناوەکانیان چییە.

3. بە قسەی نەریمان بێ، گوایە تەنیا لە چەند مانگی پێش (ڕەمەزان)ی ساڵی (2013)دا تەلەفۆنم بۆ شێخ فازڵ کردووە. نەریمان، تەنانەت ئەو قسەیەشی ڕاست نییە، بەڵکو لە (2010)، (2011) و دەیان جار لە (2013)دا بەر لە ڕەمەزان و دوای ڕەمەزانیش پێوەندیم بە ناوبراو کردووە.
4. نەریمان باسی ئەوە دەکات کە لەم دواییە لەگەڵ فازڵ یەکترمان دیوە و فازڵ ئەوەی بۆ باسکردووە. نەریمان با باش بزانێ لەگەڵ فازڵ یەکترمان نەدیوە و دڵنیاشم ئەو قسەیە قسەی خۆیەتی و فازڵ باسی شتی وای نەکردووە، چونکە نە پێشتر و نە لەم دواییەدا واتە دوای یەکتر ناسینشمان یەکترمان نەدیوە، بەڵام بەدڵنیایی لە ساڵانی (1980–1981)دا لەکاتی سەردانم بۆ دیدەنی زیندانییەکان هەم فازڵ و هەم مەردانیشم وەکو دوو پاسەوانی زیندان دیوە، چونکە شازدە جاری ڕێک بە مەبەستی دیدەنی شەهیدان سەردانی بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ-م کردووەو ئەوانیش پاسەوانی ئەو بەشە بووینە و لە هەموو دیدەنییەک بەلای کەمی دە بۆ پازدە زیندانەوان و پاسەوانێک بە بەردەوامی لەناو زیندانییەکان و خەڵکەکەدا دەگەڕان. سەرەڕای ئەوەی نەریمان ئەو قسەیەی ڕاست نییە، بەناوی فازڵ-یش باسی ئەوە دەکات کە یەکتر بینینەکە بووە، با نەریمان خۆی باسی بکات کە قسەیەک بەناوی کەسێکی دیکە بکرێت و لە ڕاستیشدا ئەو کەسە قسەکەی نەکردبێ، چی پێ دەڵێن؟ ئەوەی نەریمان کردوویەتی، لە ڕاستیدا دەبێتە دوو تاوان، یەکەم: یەکتر بینینی شێخ فازڵ و خۆم نەبووە کەچی ئەو دەڵێ یەکترتان بینیووە، دووەمیش بەناوی شێخ فازڵ قسەکە دەکات کە شێخ فازڵ هەرگیز ئەو قسەیەی نەکردووە!
5. نەریمان باسی ئەوە دەکات کە گوایە لە سەرەتای ناسینم لەگەڵ (فوئاد محەمەد)ی برازای، فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس-م نەناسیووە و زۆر پەرۆش و تامەزرۆی ناسینی ئەو بوویمە. لێرەدا دەڵێم: (زۆر بەداخەوە ئەوەشی زۆر هەڵەیە و ڕاست نییە، چونکە دوای ئەوەی بابەتی "هەوڵێکی سەرنەکەوتووی شکاندنی زیندانی ژووری سێدارەی موسڵ و دوو قارەمان"م لە ڕێکەوتی (4.12.2010)دا لە ماڵپەڕەکان بڵاوکرایەوە، فوئاد محەمەدی برازای ناوبراوم ڕێک لە ڕێکەوتی (9.12.2010)دا ناسییوە. ئەو کاتەش چلەی یەکەم گفتوگۆی نێوان فازڵ و من تێپەڕی بوو، کەواتە دوای چلەکە فوئاد محەمەدم ناسیووە). ئاخر کە بابەتەکەم لە ڕۆژی (28.11.2010) بۆ کوردستانی نوێ ناردبێ و دواتر لە ڕۆژی (4.12.2010)دا بڵاوکرابێتەوەو لە بابەتەکەدا باسی فازڵ و لە سێدارەدانی شەهید مەردانم کردبێ، دواتر دوای (5–11) ڕۆژێک دوای ناردن و بڵاوکردنەوەی بابەتەکەم فوئاد محەمەدم ناسیبێ، بۆ دەبێ ناوی شێخ فازڵ و مەردان-م لە فوئاد وەرگرتبێ؟ نازانم نەریمان چ خۆشییەک لەو هەموو ناڕاستی و شێواندنی ئەو بابەتە دەبینێ؟ ئەوەی بۆی بە پەرۆش بووبم لەدوای ناسینی فوئادی برازای نەریمان، وەرگرتنی ناوی (10) شەهیدەکەی بازیان بووە، بەڵام ئەوەشیانم بە هەندێک کەموکوڕی لەگەڵ ناوی ئەو (3) کەسەی دیکەی بازیان کە دواتر سزاکەیان لە سێدارە بۆ سزای هەتا هەتایە گۆڕدرا، بەر لە گەیشتنی نامیلکەکەی نەریمان لە هاوڕێیەک وەرگرت.
6. نەریمان باسی ئەوە دەکات، کە باسمە فازڵ و داود جندی ئامۆزای باسمەی بانگهێشتی سلێمانی کردووە بۆ لای مەلا بەختیار و بەڵام ناوی فازڵ یوسف شێخ ئەلیاسی نەهێناوە، جا نازانم فازڵ لەگەڵ بووە یان نا؟ نەریمان لێرەدا کۆمەڵێک شتی باسکردووە کە پێویست نەبوو باسیان بکات، چونکە جگە لە درێژدادڕی، خۆدزینەوە لە بابەتەکە و بێزارکردنی خوێنەر هیچ سوودێک ناگەیەنێ.
7. نەریمان لای فوئادی برازای، هەر بۆ خۆهەڵکێشان باسی ئەوەی کردووە کە مووچەیەکی مانگانەی هەم بۆ فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس و هەم مووچەی شەهیدانەی بۆ شەهید مەردانی برای بڕیوەتەوە، بەڵام نەریمان لە (وەڵامێکی هێمنانە بۆ دەرسیم دیبەگەیی)، باسی ئەوە دەکات کە نەیتوانیوە هیچ شتێک بۆ ناوبراو بکات. فوئاد محەمەدی برازای نەریمان، لە ئیمێیڵێک، کە لە ڕۆژی (9.12.2010)دا بۆ خۆم ناردوویەتی، نووسیوێتی: (مامیشم شێخ فازڵی بردووەتە لای مەلا بەختیار و مووچەیەکی بۆ شێخ فازڵ بڕیوەتەوە هەر لەوێشدا بڕیار دراوە کە شەهید مەردانیش مووچەی شەهیدانەی بۆ ببڕدرێتەوە).

ئەو قسەیەی نەریمان سەبارەت بە برینەوەی مووچە بۆ هەریەک لە فازڵ و مەردان ڕاست نییە، بەڵکو فازڵ تەنیا بۆ ماوەی چوار تا شەش مانگ مووچەیەکی (200) هەزار دیناری لە دکتۆر ئەرسەلان بایز ئیسماعیلی بەرپرسی ئەوکاتی مەکتەبی ڕێکخستنی یەکێتی وەرگرتووە، بەڵام دوای بوونی ناوبراو بە جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە دوای هەڵبژاردنی (25.7.2009)دا، ئەو مووچەیەشی لێ بڕدراوە. هەر ئەو ئیمێڵەی فوئادی برازای نەریمان منی لەوە ساردکردەوە کە وازبێنم لە هەوڵی بڕینەوەی مووچەیەک بۆ فازڵ یوسف وەکو زیندانییەکی سیاسی لە دەزگای زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان. تەنانەت باسی وەرگرتنی مووچەیەک لەلایەن فازڵ و شەهیدانەی مەردانی برای لە مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان لای مەلا بەختیار–م لای عەزیز شەمۆ ئەلیاس باسکرد، ئەویش وتی: (ئەو قسەیەم گوێ لێ بووە، بەڵام نازانم ڕاستە یان نا)، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە نەریمان لای کەسانی دیکەش باسی ئەوەی کردووە کە گوایە مووچەی بۆ فازڵ و شەهید مەردان لە ڕێکخراوە دیموکراتییەکان و لای مەلا بەختیار بۆ بڕیونەتەوە.
نەریمان مەجید، بەتایبەتی لە سەرەوە و لە تێکڕای وەڵامەکەیدا (وەڵامێکی هێمنانە بۆ دەرسیم دیبەگەیی) بەشیوەیەکی گشتی، نەک تەنیا وەکو ئەو کابرایەی بەسەر هاتووە بەڵکو زۆریش لەوی تێپەڕاندووە، کە گوتوویەتی: (خەسەن و خوسێن سێ خوشکن و کچی معاویەن). منیش لەو نووسینەدا هەر پێم دەکرێ بڵێم: (خەسەن نییە و حەسەنە، خوسێن نییە و حوسێنە، سێ نین و دوانن، خوشک نین و بران، کچ نین و کوڕن، هی معاویە نین و هی عەلی–ن).
لە خوارەوەدا، سەیری ئیمێڵەکەم بکەن کە لە ڕۆژی (28.11.2010)دا بابەتەکەی خۆم بەناوی (هەوڵێکی سەرنەکەوتووی شکاندنی زیندانی ژووری سێدارەی موسڵ و دوو قارەمان) بۆ ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ناردووە، هەروەها سەیری ئیمێڵەکەی فوئاد محەمەد مەجیدی برازای نەریمان مەجید بکەن، کە لە ئێوارەی ڕۆژی (9.12.2010)دا بۆی ناردووم، واتە لەم ڕۆژەدا لەگەڵ ناوبراو یەکترمان ناسیووە. نامەکەی فوئاد محەمەدی برازای نەریمان کە بۆ منی ناردووە بخوێننەوە، بزانن نەریمان چۆن تەنانەت لای برازاکەشی خۆی کردووە بە پاڵەوان و باسی مووچە بڕینەوەی شێخ فازڵ ئەلیاس و شەهید مەردانی کردووە، پێشتریش لە گفتوگۆیەکی تەلەفۆنیم دا لەگەڵ عەزیز شەمۆ ئەلیاس، باسی ئەوەی بۆ کردم کە بیستوویەتی شێخ فازڵ لەلایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان مووچەیەکی مانگانەی بۆ بڕدراوەتەوە. بەدڵنیایی هەر ئەو قسە ناڕاست و نادروستانەی نەریمانە گەیشتۆتە دەمی هەموو کەسێک.

Dersim Peshewa
sø 28-11-2010, 18:35
Kurdistani Nwe (nuseen@knwe.net); Rojnamey Kurdistani Nwe (hawaluraport@knwe.net)

Besvar

Hewlleki Sernekewtuy Sh.. 121 KB
Hewlleki Sernekewtuy Sh.. 109 KB
2 vedhæftede filer (230 KB) Download alt Gem alle til OneDrive - Personlig

بەڕێزان ..... ئەمکاتەو گشت کاتێکتان شادو بەختیار

بەڕێزان وا ئەو وتارەم بۆتان نارد بەهیوای بڵاوکردنەوەی، بەڵام بێ ئەوەی بەبێ ئاگاداری خۆم تەنیا ووشەیەکیشی

هەروەها تاوەکو 2.12.2010 چاوەڕێی وەڵامتانم بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو ووتارەم، بە پێچەوانەوە ئەگەر وەڵامتان نەبوو بۆ شوێنی تری دەنێرم. سەبارەت بە پەیوەندیکردن بە فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس لەکاتی پێویستدا دەتوانم ژمارەی تەلەفۆنتان بدەمێ

دەرسیم دیبەگەیی

From: fwadmhmed@hotmail.com
To: darsim2006@hotmail.com
Subject: سڵاو
Date: Thu, 9 Dec 2010 18:23:21 +0000

برای بەڕێزم ئەم کاتەت شاد
سەبارەت بە شکاندنی سجنی موسڵ
شتێک هەیە دەمویست ئاگادارت بکەم
یەکێک لە بەختیار [illegible] ئەو کارە مامی من بوو [illegible] شەهید (صباح مجید) لە گەڵ [illegible]
هەموویان بەختیار بوون لەو کارەدا [illegible]
شێخ فازڵ لە زیاتدا [illegible] لە سێدارە دراوە شێخ فازڵ [illegible]
[illegible] هەروەها سەبارەت بەم ڕووداوە مامم [illegible]
مامیشم شێخ فازڵی [illegible] شێخ فازڵ [illegible]
هەر لە وزیشدا [illegible] شەهید [illegible]
مامم سالانە سەبارەت بەو یادە [illegible] لە کوردستانی نوێ و هەیە
هەر لەو ساڵانەدا [illegible]

فواد محمد مجید
[illegible]

نەریمان، لە وەڵامی مندا نووسیوێتی: (مەسەلەی دەمانچەی بێدەنگ باسمکرد دیسان نامەوێت بچمەوە سەری بەس پێم بڵێ تۆ دەڵێیت (بەگوێرەی ئاگاداری خۆم مشاری ئاسن برو گوریس و چەندان چەقۆ بەهۆی فازیلو مەردان گەیشتبووە زیندانییەکان بەرلەوەی ئەو 13 کەسەی بازیان بگەنە موسڵو ژووری سێدارە) ئاخر تۆ کەی فازیڵ-ت ناسیوە وا دەڵێیت بەئاگاداری خۆم توخوا ئەم قسەیە دوورە لەڕاستیو بێ بنەمایە یان قسەکانی من ئەو رووداوە (32) ساڵ پێش ئێستا روویداوە تۆ دوای گەیشتنی نامیلکەکەی من ئەوانت ناسییوە، چەند مانگێک لەمەوپێش پەیوەندیت پێوە کردووە قسەکانی کاممان درۆیەو چەواشەکارین یان دەڵێی (بۆ دەرخستنی راستییەکان رۆژی 25.5.1981 لەدوا (کە دوا) دیدەنی شەهید تەحسینی برام کرد بۆ رۆژی 26.5.1981 گوللەباران کرا گوایە وتویەتی (بەیانی پێش گوللەبارانکردن یەک دوو لەجەلادەکان دەکوژم بەچەقۆ بەر لەوەی کەلەپچە بخەنە دەستم) تۆش پێت

وتوه (ئەم کاره نەکەی با نەخشەو پیلانی هاورێکانت تێک نەدەی) باشه هاورێکانی کێ بوون؟ کێ جێبەجێکاری بوو؟ خۆ ئەوانەی تۆ باستکردون هەموویان پێش ئەنجام دانی کارەکە شەهید کرابوون بە شەهید (تەحسین)ی براشتەوه. باشه بۆ بەو نەفەسەوه دەنووسیت، کە لای من زۆر ئاساییە بووتایە ئەمانە شەهید بوون داڕێژەری پلانەکە بوون‌و چەند قارەمانێکی تر جێبەجێیان کرد کە مەنتیقیش وا دەڵێت).

کاتێک کە دەڵێم: (بەگوێرەی ئاگاداری خۆم مشاری ئاسن بڕو گوریس و چەندان چەقۆ بەهۆی فازیل و مەردان گەیشتبووە زیندانییەکان بەرلەوەی ئەو 13 کەسەی بازیان بگەنە موسڵ و ژووری سێدارە)، ئەوە چ پێوەندییەکی بە ناسینی شێخ فازڵ و منەوه هەیە، کە خۆم لە ڕێگای براو ئامۆزازام ئاگاداربم لە پارە کۆکردنەوه بۆ فازڵ و مەردان، کڕین و هێنانی مشاری ئاسنبڕ، گوریس و چەقۆ بۆ ناو زیندان؟ بەڵێ ئەو کارانە هەمووی بەر لە گەیشتنی (13) کەسەکەی بازیان ئەنجام دراون، ئەوانەی بازیان لە کۆتایی جێبەجێکردنی پلانەکە هاتوون و لەگەڵ ژمارەیەک لە زیندانی دیکە نەبەرییەکەیان ئەنجام داوه کە تێکڕا ژمارەیان (34) زیندانی بووە، نەک وەکو ئەوەی نەریمان باسیکردووە کە گوایە تەنیا ئەو (10) شەهیدەی بازیان و یەک دوو کەسەی دیکە هەوڵەکەیان ئەنجام داوە. مەبەستم لە هاورێکانی شەهید، تەواوی ئەو هاورێیانە بوون کە لە ژووری سێدارەی موسڵ بوون و تا ڕۆژی گوللە بارانکردنی ئەو لەو زیندانە بووینە، کە (5)یان لە نێویاندا عومەر میرزا شاموراد لە ڕێکەوتی (27.5.1981)دا لە سێدارە دران، کە ئەو ڕۆژە نە شەهید تەحسین و نە خۆیشم نەماندەزانی شەهید عومەر میرزاو هاورێکانی بۆ بەیانی لە سێدارە دەدرێن، لەگەڵ ئەو (34) هاورێیەی کە شەوی نەبەردییەکە لە ژووری سێدارە بوون و دواتر تەواوی هاورێیان لە سێدارە دران، لە نێویاندا (10) شەهیدەکەی بازیان، جگە لەو سێ کەسەی بازیان کە سزاکەیان بۆ سووککراو دواتر ئازادکران.

سەبارەت بە گەیاندنی مشاری ئاسنبڕ، گوریس و چەقۆ بۆ ژووری سێدارە، شۆڕش بازیانی کە یەکێکە لە (13) هاورێکەی بازیان و دواتر لە کۆتایی مانگی ئەیلول یان سەرەتای ئۆکتۆبەری هەمان ساڵ سزاکەی بۆ سووککراوە، لە ڕۆژی (14.5.2017)دا لە گفتوگۆیەکی تەلەفۆنیدا گوتی: (بەدڵنیایی بەر لە گەیشتنی خۆم و هاورێیانی بازیان، کە ئێمە لە ڕۆژی (19.5.1981)دا گواسترایەنەوه بۆ موسڵ، بەهۆی فازڵ و مەردان مشار، گوریس و چەقۆ گەیشتبووە ژووری سێدارە و دەست زیندانییەکان، هەروەها ئێمەی بازیانی تەنیا پەنجا فلسیشمان نەدا، چونکە پێشتر پارە کۆکرابووەوە). باشە دەبێ نەریمان ئێستاکە چی بڵێت، کە شەهیدانی بازیان و بازیانییەکان نە پارەیان داوە و نە لەدوای گەیشتنی ئەوان کەرەستەکانی وەکو مشار، گوریس و چەقۆ گەیشتوون؟

بەدڵنیایی شەهید تەحسین باسی ئەوەی کرد کە بۆ بەیانی کاتێ بۆ گوللە بارن کردنی دەبەن، بەو چەقۆیەی کە لایەتی پەلاماری جەللادەکان دەدات و هەوڵی کوشتنی یەک دوانیان دەدات، بەڵام کە پێم وت چۆن کارێکی وا دەکات کە ئەو کارەی ئەو زیان بە هەوڵی جێبەجێکردنی نەخشەی شکاندنی زیندانەکە لەلایەن هاورێکانی، کە لە ژووری سێدارە لەدوای لە سێدارە دانی ئەو دەمێننەوه دەگەیەنێت، ئەو باسی ئەوەی بۆ کردم کە بە گەیشتنی ئەو کۆمەڵە کەسە نوێیە کە ژمارەکەیان لە ژمارەی ئەو (13) کەسەی بازیان نزیک بوو، خەریکە پلان و نەخشەکە بەتەواوی هەڵوەشێتەوه، یەک لەبەرئەوەی کۆمەڵێک کێشە و گرفت لەنێویاندا هەیە لەسەر دەستگیرکردنیان و لێکۆڵینەوەیان لە هەیئە خاسەی کەرکوک و دووەمیش چونکە زۆربەیان لە ڕووی تەمەنەوه بچووکن.

دواتر نەریمان تا ئێستا جیاوازی لەنێوان پلان و پیلان ناکات، بۆیە دوو جار لەبری پلان، پیلانی بەکارهێناوه. پلان بە مانای نەخشەدانان (خطة) و پیلان بە مانای پیلانگێڕان (مؤامرة) دێت، کە دوو مانای زۆر لەیەک جیاواز دەبەخشن. زیندانییەکانی ژووری سێدارەی موسڵ پلانیان داڕشتووە لەپێناوی خۆ ڕزگارکردنیان لە زیندان و دەربازبوونیان لە سزای مەرگ، نەک پیلانیان گێڕابێ لەدژی لایەنێک یان بە داڕشتنی پلانێک بۆ خۆ دەربازکردنیان پیلانی ڕوخاندنی بەعسیان ئەنجام دابێ. ئاخر بۆیە ئەو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە وای بەسەر هات و چارەنووسی بەم ڕۆژە گەییشت، چونکە خاوەنی هەزاران بەناو کادیری وەکو نەریمان مەجیدە کە تاوەکو ئێستاکە جیاوازی نێوان پلان و پیلان نازانن!

سەبارەت بەوەی کە نەریمان نووسیویێتی: (قسەکانی کاممان درۆیەو چەواشەکاری). لێرەدا بە هیچ شێوەیەک وەڵامی نەریمان نادەمەوە، کە خوێنەران و توێژەران لە ڕێگای خوێندنەوەی ورد و لێکۆڵینەوەی زانستیانەی نووسینەکانی هەر دووکمان، وەڵامی ئەو پرسیارەی ناوبراویان دەست دەکەوێت. بەڵام هێنانەوەی ئەو نموونەیەم تەنیا بۆ بەرپرسانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێیە (بەتایبەت محەمەد کەریم)، کە ڕێگەیان نەدام وشەی درۆ، بوختان و دزینی خەبات لە نووسینەکەم بەکاربهێنم و لەسەر داوای محەمەد کەریم (کە پێشم ناخۆش نییە) لادران، کەچی ڕێگای ئەویان داوە ئەو وشانە بەکاربهێنێ! کە دەبوایە ڕێگەی ئەویش نەدەن ئەو وشانە بەکاربهێنێ، دەبوایە بێلایەنانە ڕەفتاریان لەگەڵ هەر دووکمان بکردایە بەتایبەت مادام ڕێگەی منیان نەدابوو ئەو وشانە بەکاربێنم.

کاتێک کە نەریمان دەڵێت: (باشە بۆ بەو نەفەسەوە دەنووسیت، کە لای من زۆر ئاساییە بووتایە ئەمانە شەهید بوون داڕێژەری پلانەکە بوون‌و چەند قارەمانێکی تر جێبەجێیان کرد کە مەنتیقیش دا دەڵێت)، ئالای خۆ بەدەستەوەدان و ناڕاستی بەرزدەکاتەوە. خۆم ڕەخنەی ئەوەم لە نووسینەکانی نەریمان گرتووە کە ناوبراو ئەو (10) شەهیدەی بازیانی کردۆتە خاوەنی بیرۆکەی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ، نەخشەدانەر، پلان دانەری شکاندنی زیندانەکە و ئەنجام دەرانی هەوڵەکە بەتەنیا، ئەی ئەوە هەر خۆی نییە لە دوو نووسینە کۆنەکەی خۆی نووسیویێتی: (هەر بە گەیشتنیان بە قەسابخانەکەی موسڵ بیریان لە داڕشتنی پلانێک کردەوە بۆ شکاندنی زیندانەکە)؟ کەچی ئێستا لەپڕ دەستی بەرزکردۆتەوەو خۆی دەدات بەدەستەوە و لای ئاساییە ئەگەر بڵێم: (چەند شەهیدێک بەر لە گەیشتنی ئەو دە شەهیدەی بازیان، خاوەنی بیرۆکەی شکاندنی زیندانەکە و نەخشەدانەری هەوڵەکە بووینە). سەبارەت بە جێبەجێکردنی نەبەردییەکەش شەهیدەکانی بازیان بەتەنیا ئەنجامیان نەداوە، بەڵکو (34) کەس نەبەردییەکەیان تۆمارکردووە، کە دواتر هەموویان لە مێژووی جیاجیادا لە سێدارە دراون یان گوللە باران کراون، جگە لە سێ کەس لە هاوڕێیانی بازیان (شۆڕش، تۆفیق و حەمەڕەشید)، کە دواتر سزاکەیان بۆ سووککراو گواسترانەوە بۆ زیندانی ئەبوغرێب.

نەریمان مەجید، نووسیویێتی: (شەهیدەکانی ئێمە دوای پرۆسەکە دەیگیرێینەوەو دوای شەش مانگ لێدان و لێکۆڵینەوە پاشان لە سێدارە دەدرێن). سەرەتا ئەوە دەڵێم تەنانەت گەر شەش خولەکیش لە هەر یەکێکیان درابێ بەزۆری دەزانم و جەرگم بۆیان ژان دەکات، بەڵام لە ڕۆژی (14.5.2017)دا شۆڕش بازیانی گوتی: (دوای شکستی هەوڵەکەمان، کە لە کاتژمێری بەر لە یەکی شەوی (2.6.1981)دا هەوڵەکە درا، بۆ بەیانی دوای کاتژمێری نۆ، ئەشکەنجەی زۆر سەختی یەکە بە یەکەی هەموومانیان دا. هەر هەموومان شتەکەمان خستە سەر ئەحمەد عەنچە، ئەویش قسەی لەسەر بەرزانی عومەر عەلی کرد، بەرزانیش بەهۆی ئەشکەنجەی لەڕادەبەدەر قورس و بەناچاری قسەی لەسەر سێ کەس کرد کە چەند ڕۆژێک پێشتر لە سێدارە درابوون. ئەشکەنجەدانی سەخت و ڕۆژانەی هەر یەکێک لەو سی و چوار کەسەمان بۆ ماوەی نزیکە یەک مانگ درێژەی کێشاو دواتر ڕاگیرا). ئاخر بۆ نەریمان بە ئارەزووی خۆی دەنووسێ و ڕاستییەکان باس ناکات؟ ئەوە شۆڕش بازیانی خۆی لەوێ بووەو ئەشکەنجە دراوەو باسی ئەوە دەکات کە بۆ ماوەی نزیکەی مانگێک ئەشکەنجە دراون، کە خۆم هەر لە ڕادە بەدەر ماوەی ئەشکەنجەدانەکەیان بەزۆر دەزانم و دەزانم مێری دەوێ خۆی لەبەر ڕاگرێ، بەڵام یەکەم: دەبێ مێژوو وەکو خۆی بنووسرێتەوە، دووەم: زیاد پێوەنانیش جوان و مرۆڤانە نییە!

نەریمان مەجید، نووسیویێتی: (دەرسیم دەڵێت (هیچ ڕاستییەکی تێدا نییەو زۆر زەحمەتیشە کەسێکی وریا باوەڕ بەوە بکات کە ئەو هەموو کارە تەنیا لەشەوێکدا ئەنجام درابێت) بەپێچەوانەوە ئەو شەوەی (فازیڵ‌و مەردان) خەفەر دەبن کارەکان ئەنجام دەدەن ڕاستتر وەک بەڕێزت دەڵێیت (دوو تا سێ مانگ ئەوکارە ئیشی بۆ کراوە گوایە شەوانە ئاسن‌و دەرگا ئاسنەکان دەبڕانەوەو بەسابونی ڕەقی شوێنی بڕینەکان پڕ دەکرانەوە وەک خۆم ئاگاداری بم) نامەوێت دووبارەی بکەمەوە تۆ ئەو کاتە کەی (فازڵ‌و مەردانت) دەناسی وا دەڵێی لەکاتی واجبی ئەواندا کاریان دەکرد ئەی کەسی وریا چۆن بەم قسەیەی تۆ بڕوا بکات یەعنی ڕژێمی بەعس ئەوەندە بێئاگا بووە وا دوو تا سێ مانگ ئەم شەهیدە بەڕێزانە نەخشە دادەڕێژن‌و ئەمن‌و پۆلیس پێیان نەزانێ، ئەگەر ئەوەی تۆش ڕاست بێت، بەڵام خۆزگە بەویژدانەوە باسی ئەوە بکەی کێ جێبەجێی کردووە نەک چاویلکەی ڕەش بکەیتە چاوت‌و تەنها چەند شەهیدێکی

خزمو نزیک لەخۆت بەقارەمانو تێکۆشەرو نەخشە داڕێژەر بزانی، بەڵام بە هیچ شێوەیەک هەق بەدە شەهیدەکەی ئێمە نەدەیت کە بەواقیعی لەناو مەسەلەکەدا بوون کە جێبەجێکەری پرۆسەکەیە).

سەرەتا دەمەوێت لەو پرسیارەی نەریمان دەست پێبکەم کە دەڵێ: (تۆ کەی فازڵ و مەردانت دەناسی کە دەڵێی لەکاتی ئێشکگری ئەواندا کاریان دەکرد)؟ دووبارەی دەکەمەوە، نازانم چ پەیوەندییەک هەیە لەنێوان بڕینەوەی شیشەکان و ناسینی من بە شێخ فازڵ و مەردانەوە؟ من لە ڕێگای تەحسین و جەمیل ئاگادارکرابم کە دوو کەس لە پاسەوانەکان کە کوردی ئێزیدین هاوکاری زیندانییەکانی ژووری سێدارە دەکەن بۆ شکاندنی زیندانەکە، دواتریش ناوەکانیانم زانیوە. باشە بۆ دەبێ ئەگەر خۆم فازڵ و مەردان-م نەناسیبێ، بەڵام زانیبێتم کە ئەوان هاوکاریان بووینە و دواتر ناوەکانیانم وەرگرتبێ هەروەکو لە نووسینەکەی پێشووش ئاماژەم بەوە داوە، کە سەرەتا ناوەکانم نەدەزانی، وەلێ دوای ماوەیەک زانیومە کە ئەو دوو برا کوردە ئێزیدییە، فازڵ و مەردان بووینە، بۆم نەبێ ناویان بێنم و بنووسم؟ ئەی باشە هەر بنووسم دوو پاسەوانی زیندان کە کوردی ئێزیدی و برا بوون، هاوکاری زیندانییەکانیان کرد لەپێناوی ئەنجام دانی نەبەردییەکە؟ ئەی باشە بۆ نەریمان بۆی هەبێ لە نامیلکەی (شکاندنی باستیلەکەی موسڵ) ناوی فازڵ و شەهید مەردان بێنێ، لەکاتێکا تا ساڵی (2007) نەک مەردان و فازڵی نەناسیووە، بەڵکو هەر ناویشیانی نەبیستبوو. ئەوە لەکاتێکدا (26) ساڵ پێش نەریمان ناوی فازڵ و مەردانم بیستووە و هەر لە ساڵی (1981)ەوە زانیومە کە ئەوان (فازڵ و مەردان) هاوکاری زیندانییەکان بووینە، هەروەها نەریمان لەکاتی نەبەردی شکاندنی زیندانی ژووری سێدارەی موسڵ-یش لە ڕۆژی (2.6.1981)، تەمەنی تەنیا (13) ساڵ بووە و منیش تەمەن (20) ساڵ؟ بەڕاستی ئەو پرسیارەی نەریمان زۆر لە ڕادەبەدەر ناژیربێژانە (نامەتیقی)یە.

سەبارەت بەوەی کە نەریمان دەڵێ: (بەڵام خۆزگە بەویژدانەوە باسی ئەوە بکەی کێ جێبەجێی کردووە نەک چاویلکەی ڕەش بکەیتە چاوتو تەنها چەند شەهیدێکی خزمو نزیک لەخۆت بەقارەمانو تێکۆشەرو نەخشە داڕێژەر بزانی، بەڵام بە هیچ شێوەیەک هەق بەدە شەهیدەکەی ئێمە نەدەیت کە بەواقیعی لەناو مەسەلەکەدا بوون کە جێبەجێکەری پرۆسەکەیە)، منیش دەڵێم: (لە ئەنجامی توێژینەوەی زانستیانە و خوێندنەوەیەکی بێلایەنانە دەردەکەوێت کە کێ بە ویژدانەوە باسی نەبەردییەکەی کردووە، کێ چاویلکەی ڕەشی کردۆتە چاوەکانی و کێ تەنیا و تەنیا لە نووسینەکاندا مەبەستی بووە خۆی هەڵکێشێ و ڕۆڵی شەهیدەکانی خزموکەسی خۆی گەورە بکات لەسەر دەست بەسەردا گرتنی خەبات و هەوڵی شەهیدانی دیکەدا)؟ دووبارە و دەبارەی دەکەمەوە، شەهیدەکانی بازیان بەتەنیا نەبووینە لەکاتی ئەنجام دانی هەوڵەکە و شەوی نەبەردییەکە، بەڵکو (34) هاوڕێ ئەو نەبەردییەیان ئەنجام داوە و (13) هاوڕێکەی بازیانیش لەنێو ئەو (34) هاوڕێیەدا بووینە. دیارە بەلای نەریمانەوە تەنیا ئەو کاتە بەویژدانەوە دەنووسم و چاویلکەی ڕەش لە چاوەکانم دێنمە خوارەوە ئەگەر بێویژدانانە بڵێم: (ئەوەی نەریمان مەجید لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و نامیلکەی شکاندنی باستیلەکەی موسڵ نووسیویێتی هەر هەمووی ڕاستن)، کە لە ڕاستیدا هیچ ڕاستییەکی تێدا نییە جگە لە ڕاستی ناوی شەهیدەکان، کە تەنانەت مێژووی گرتنیان، دادگایی کردنیان لە هەیئە خاسەی کەرکوک، گواستنەوەیان بۆ ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ و شەهیدبوونی هەندێکیانی شێواندووە.

نەریمان بەلایەوە سەیرە زیندانییەکانی ژووری سێدارەی موسڵ بۆ ماوەی سێ تا چوار مانگ خەریکی بڕینەوەی شیشی دەرگاکان بووبن، کەچی دەزگاکانی ڕژێم لە ئەمن و پۆلیس پێیان نەزانیبێ! سەرەتا ئەوانەی کە ئامادەبن کارێکی وا هەستیار بکەن، بەدڵنیاییش نەخشە و پلانی تۆکمە دادەڕێژن بۆ ئەوەی سەدا سەد پلانەکەیان سەرکەوێ، ئەوان پلانێکی نهێنییان داڕشتووە، کارکردن لەپێناوی سەرکەوتنی پلانەکەشیان زۆر هەستیارانە ئەنجام دەدەن، بۆیە لە ماوەی سێ تا چوار مانگی کارکردنیان دەزگاکانی ڕژێم هەستیان پێیان نەکردووە. هەر هەستیاری پلانەکە بوو، بووە هۆی ئەوەی کە کارەکە لەسەرخۆ و بەخاوی بەرەو پێشەوە بڕوات، دواتر هەر جارەی زیندانییەکان لەکاتی ئێشکگری مەردان و فازڵ خەریکی بڕینەوەی شیشی دەرگاکان بووبن، کە (3-6) زیندانی و بە نۆرە ئەو کارەیان دەکرد، ئەوە بە جارێک و تەواوی زیندانییەکانی هەر دوو ژوورەکە دەستیان دەکرد بە وتنی سروودی نیشتمانی و گۆرانی بە دەنگی زۆر بەرز و هەندێک جاریش هەڵپەڕکێ بە گۆرانییەوە بۆ ئەوەی دەنگی بەرزی سروود، گۆرانی و

هەڵپەرکێی خۆیان، دەنگی بڕینەوەی شیشی دەرگاکان بشارێتەوە و پاسەوانانی دیکەی زیندان هەست بە کارەکەیان نەکەن و هەوڵەکەیان هەرەس نەهێنێ.
باشە نەریمان ئەوەی نەبیستووە کە شەهید ملازم جوامێر و هاوڕێکانی کە سەر بە ڕێکخراوی هەڵۆی سوور بوون (ئەم ڕێکخراوە لە ڕێکەوتی 29.2.1977دا لە بەغدا دامەزرابوو)، دوای گیرانیان لە مانگی ئابی ساڵی (1977)دا لە سەرەتای ساڵی (1978)دا لەناو ئەمنی عامەی پایتەختی ئێراق لە بەغدا ڕایانکرد، وەلێ دواتر بەهۆی سەر و ڕیش و جلەکانیانەوە ناسرانەوە و لەناو بەغدا دووبارە گیرانەوە؟ پلانی شکاندنی زیندان و ڕاکردنی شەهید ملازم جوامێر و هاوڕێکانی، تەنیا لە یەک شەو ئەنجام نەدرا بەڵکو ماوەی چەند مانگێکی پێچووە تا توانیان پلانەکە ئەنجام بدەن. دواتر ئەمنی عامەی بەغدا کە سەختترین، هەستیارترین و بەهێزترین دەزگای ڕژێمی بەعس بووە، هەوڵی ملازم جوامێر و هاوڕێکانی تیایدا سەری گرت، بۆ نابێ لە زیندانێکی وەکو ژووری سێدارەی موسڵ کە هەرگیز بە خەیاڵی ڕژێمی بەعسدا نەدەهات کارێکی وای تێدا ئەنجام بدرێ، نەبەردییەکی وا مەزنی تێدا تۆمار بکرێ بەبێ ئەوەی کاربەدەستانی زیندان هەستی پێبکەن؟
ئەی باشە، سەلام عەبدوڵڵا و هاوڕێکانی چۆن لە ڕێکەوتی (7.9.1977)دا لەناو زیندانی هەیئە خاسەی کەرکوک توانیان پلانێکی تۆکمە داڕێژن و دوای ماوەیەکی باش سەرکەوتووانە پلانەکە جێبەجێ بکەن، بەبێ ئەوەی دەزگاکانی ڕژێم و هەیئە خاسەی بەعس لە کەرکوک هەستی پێبکەن؟ لەو نەبەردییەی ناو هەیئە خاسەی کەرکوک، سەلام عەبدوڵڵا و زۆرتر لە (10) هاوڕێیەکی زیندانی توانیان ڕابکەن و هەندێکیان خۆیان بگەیەننە ناو هێزی پێشمەرگەی کوردستان.
سدیق ساڵح عەزیز (مامۆستا سدیق)، برای شەهیدی سەرکردە مامۆستا جەمیل ڕەنجبەر، لە ڕێکەوتی (20.8.1980)دا لەنێوان هیران و نازەنین لەگەڵ سەردار عەبدولکەریم کاکە حەمە لەلایەن ئیستخباراتی سەربازی/ بەشی مەدەنی هەولێر گیران. مامۆستا سدیق، دوای چەند ڕۆژێک بەهۆی تاکە بزمارێکەوە پلانی ڕاکردنی لە زیندان داڕشت و هەر ڕۆژەی کەمێک لە چوارچێوەی پەنجەرەی ئاودەستی زیندانەکە کە دار بوو لێدەکردەوە. مامۆستا سدیق، لە ڕێکەوتی (9.11.1980)دا واتە دوای (72) ڕۆژ، توانی پلانەکەی سەرخات بەبێ ئەوەی ئەو دەزگایەی ڕژێم هەستی پێ بکەن و لە نیوە شەوێکدا ڕایکرد و خۆی گەیاندە ناو هێزی پێشمەرگەی کوردستان.
نەریمان، نووسیویێتی: (وەک لەسەرەتاشەوە وتم هیچم بەئارەزووی خۆم دانەڕشتووە وە نەشمویستووە خۆم بکەم بە پاڵەوانی ئەو چیرۆکە بەڵکو ویستوومە ئەو ڕاستیيە مێژوویيە یان ئەو ڕووداوە گرنگە لەبیر نەکرێ‌و کۆی نووسینەکانیشم لەناو واقیعدا بەشێکی ئاگادار بووم دواتر دوای ڕاپەڕین لەڕێگای کاک (محەمەد عەبدوڵڵا) هاوڕێی خەباتی شەهیدەکان‌و هاوڕێی کاک یوسف ئەلیاس لەئەبوغرێب بۆیان باسکردووم مەسەلەی کۆکردنەوەی پارەش دڵنیابە درۆ ناکەم ئەو خزم‌و کەس‌و کارانەمان زۆربەیان لە ژیاندا ماون شاهیدی ئەوەن کە پارەمان بۆ کۆکردوونەتەوە تا بیدەن بە کوردە ئێزدییەکان، ئیتر کە تۆ دەڵێی (واسڵ کرابوو) ئەوەی تۆش لەوانەیە وابێ، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئێمەش بەو کارە هەستاین).
سەبارەت بە پارە کۆکردنەوە بۆ فازڵ و مەردان، بۆ کڕینی مشاری ئاسن بڕ، گوریس و چەقۆ، لە وەڵامی ئەو قسەیەی نەریمان کە دەڵێ: (ئیتر کە تۆ دەڵێی واسڵ کرابوو ئەوەی تۆش لەوانەیە وابێ)، دەڵێم گومان لەسەر پارە کۆکردنەوەی ئێوە هەیە نەک ئەوەی من کە لە نووسینەکەی پێشووم ئاماژەم پێداوە کە بەلای کەمەوە بە سێ تا چوار مانگ بەر لەوەی (13) زیندانییەکەی بازیان بگەنە زیندانی موسڵ و بەرلەوەی یەکەم دیدەنی ئەو (13) کەسە لە ڕۆژی (1.6.1981)دا بکەن، پارەکە درابوو بۆ کڕینی پێداویستییەکانی شکاندنی دەرگاکانی زیندان و ڕاکردن لەلایەن چەندان کەسی دیکەوە کە خۆم لە بەشێکیان ئاگادارم، هەروەها مشاری ئاسن بڕ، گوریس و چەقۆکان گەیشتبوونە نێو زیندان و دەست زیندانییەکان. گەیشتنی ئەو پێداویستییانە بۆ ناو زیندان و دەستی زیندانییەکان، بەڵگەن و دەیسەلمێنێ کە پێشتر پارە کۆکراوەتەوە و دراوە، بەڵام ئەوانەی ئێوە کە گوایە پارەتان کۆکردۆتەوە پێویستی بە بەڵگە و سەلماندن هەیە. نەریمان لە هەر دوو نووسینەکەی کوردستانی نوێی ژمارە (2164)ی ڕێکەوتی (5.6.2000) و (شکاندنی

باستیلەکەی موسڵ)دا، باسی ئەوە دەکات لە ڕۆژی (1.6.1981)دا لەکاتی دیدەنی (10) شەهیدەکەی بازیان زۆریان لا سەیر بووە کە شەهیدەکان داوای پارە و پێڵاوی سووکیان لێکردوون، هەروەها دوای پرسیارکردن کە پارە و پێڵاوی سووکیان بۆ چییە مادام ئەوان مانگێکی دیکە لە سێدارە بدرێن؟ ئەوانیش لە وەڵامدا تەنیا ئەوەندەیان پێ گوتون: (خواکەریمە کێ ئەڵێ عەفو ناکرێین چونکە ڕاستە ئێمە بڕیاری لە سێدارەدانمان دراوە بەڵام تا ئێستا بڕیاری (مەرسوم جمهوری)مان بۆ دەرنەچووە)، ئەوە بە تەواوی جێگەی گومانە چونکە نە باسی ئەوە کراوە کە پارەکە بۆ چی داواکراوە، نە مەبەستەکەیان تێگەیاندوون!

لەم دواییەدا شۆڕش بازیانی، کە خۆی یەکێک بووە لە سێزدە هاوڕێکەی بازیان، لە گفتوگۆیەکی تەلەفۆنی لە ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (14.5.2017)دا گوتی: (ئێمە، سێزدە زیندانییەکەی بازیان هیچ پارەمان نەداوە بۆ کڕینی کەرەستەی وەکو، مشاری ئاسنبڕ، گوریس و چەقۆ، هەروەها هیچ پارەشمان بۆ ئەو مەبەستە نەداوە بە شێخ فازڵ و شەهید مەردانی برای ناوبراو، کەسیش داوای پارەی لێ نەکردین، چونکە کە ئێمە گەییشتین دەمێک بوو پارە کۆکرابووەوەو کەرەستەکانیش گەیشتبوونە ژووری سێدارە). باشە خۆ نەریمان دەڵێ: (مەسەلەی کۆکردنەوەی پارەش دڵنیابە درۆ ناکەم ئەو خزمو کەسو کارانەمان زۆربەیان لە ژیاندا ماون شاهیدی ئەوەن کە پارەمان بۆ کۆکردوونەتەوە تا بیدەن بە کوردە ئێزدییەکان)، دەبێ وەڵامی نەریمان چی بێ بۆ شۆڕش بازیانی کە دەڵێ: (پارە لە سێزدە هاوڕێکەی بازیان کۆنەکراوەتەوە بۆ هەوڵی شکاندنی زیندانی ژووری سێدارە، چونکە ئەوانەی پێش ئێمە ئەو پلانەیان دانابوو، خۆیان لە سێدارە دران و پلانەکەی ئەوان بۆ ئێمە مایەوە).

نەریمان، نووسیوێتی: (دەرسیم دەڵێ (پێموایە نووسەری نامیلکەی ناوبراو تەنیا گوێی لەناوی عومەر میرزا بووەو ناوەکەی خستۆتە ریزی ناوەکانی (بەرزانی عومەر عەلیو محەمەد حەمەسالْح کاکەبرا (دە) هاوڕێکەی دەربەندیخان بێئاگا لەوەی کە عومەر میرزا شاموراد لەگەڵ (5) زیندانی دیکەدا لە 27.5.1981 شەهیدکران) نەخێر ئەوە کاک فازڵ بۆی باسکردووم، خۆ رەنگە هەر لەڕێگای کاک (فازڵ)ەوە شەهیدان عومەر میرزاو بەرزان عومەر عەلی و محەمەد حەمەسالْح کاکەبرا پەیوەندییان کردبێ بەشەهیدەکانی ئێمەوە پێش ئەوەی کاک عومەر میرزا شەهید بکرێ پەیامو پیلانەکەی خۆیانو براو ئامۆزاکەی بەڕێزتانی پێ ڕاگەیاندبن ئەگەر ئەمان لە سێدارە درانو شەهیدکران، ئەوا لە سەعاتی سفردا کارەکە ئەنجام بدەن، چونکە ئەم کارە بەکۆمەڵێک ئەنجام دەدرێ نەک چەند کەسێک ئیتر تۆ بۆ تۆمەت دەخەیتە پاڵمان).

ئەوە نەریمان خۆیەتی بە چەواشەکاری، ناڕاستگۆیی و شێواندنی مێژوو کۆمەڵێک تۆمەت دروست دەکات و دەیانخاتە پاڵ خۆی، نەک من تۆمەتی بۆ دروست بکەم. دڵنیام نەریمان ناوی عومەر میرزای لە فازڵ گوێ لێ نەبووە و ئەویش بۆی باس نەکردووە، چونکە لە یەکەم ڕۆژی قسەکردنم لەگەڵ فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس لە ڕۆژی (21.10.2010)دا پرسیاری بەرزان عومەر عەلی، عومەر میرزا شاموراد، جەلال مەحمود ئەحمەد سورداشی و جەمیل ئەحمەد مەحمودم لێکرد، بەڵام ئەو جگە لە بەرزانی عومەر عەلی کەسی دیکەیانی بەبیر نەهاتەوە، هەروەها نەریمان ئەگەر ڕاست دەکات کە گوایە ناوی شەهید عومەر میرزا شامورادی لە فازڵ بیستووە، کە دڵنیامە ڕاست نییە، ئەی چۆنە لە نووسینەکەی کوردستانی نوێی ڕێکەوتی (5.6.2000)دا ناوی عومەر میرزای هێناوە لەکاتێکا نەریمان خۆی باسی ئەوەی کردووە کە لە سەرەتای ساڵی (2007)دا فازڵی ناسیووە؟ ئایە دەکرێ نەریمان لە ساڵی (2000)دا باسی شەهید عومەر میرزای کردبێ و دواتر پاش نزیکەی (7) ساڵ ئینجا فازڵی ناسیبێ و ئێستا بانگێشەی ئەوە بکات کە گوایە ناوی ئەو شەهیدەی لە فازڵ بیستووە؟ باشە ئەگەر نەریمان ڕاست دەکات، ئەی بۆ فازڵ لەو داواکارییەی کە لە ڕێکەوتی (16.7.2007)دا بۆ بەرپرسی مەڵبەندی شەنگالی (ی. ن. ک)ی بەرزکردۆتەوە، ناوی عومەر میرزای نەهێناوە؟ باشە بۆ فازڵ لە داواکارییەکەی خۆیدا ناوی بەرزان عومەر عەلی هێناوە لەگەڵ (10) شەهیدەکەی بازیان و بەس؟ ئەی دەبێ نەریمان ناوی شەهید محەمەد حەمەسالْح کاکەبرا (ئامانج شاتری)شی هەر لە شێخ فازڵ وەرگرتبێ کە ئەویش لە داواکارییەکەی ڕێکەوتی (16.7.2007)ی فازڵ ناوی نەهاتووە، یان لە (پلانی شکاندنی بەندیخانەی موسڵ)ی چیمەن حەمەسالْح کاکەبرا وەرگیراوە؟ دڵنیاشم نەریمان ناوی عومەر میرزا شاموراد و محەمەد حەمەسالْح کاکەبرای لە

بابەتەکەی چیمەن وەرگرتووە، کە ناوی هەر دووکیان بەیەکەوە لەو نووسینە هاتووە، بەڵام نەریمان ئاماژەی بە سەرچاوەکە نەداوە و ئێستاکە بۆ پەردەپۆشی ئەو کارەی، باسی ئەوە دەکات گوایە ناوی شەهید عومەر میرزای لە فازڵ یوسف بیستووە! باشتر وایە نەریمان دان بە هەڵەکانی خۆی دابنێت، چونکە مرۆڤ بە ناڕاستگۆیی، چەواشەکاری و شێواندنی خەباتی شەهیدانی لە سێدارە دراو ناشرین دەبێت. نەریمان وای لێهاتووە بۆ شاردنەوەی ناڕاستییەکانی خۆی پەنا دەباتە بەر دەیان ناڕاستی و شێواندنی دیکە، کە ئەمەش بە زیان بەسەر خۆیدا دەشکێتەوە.
بەدڵنیایی دەیڵێم نەریمان دوای ئەوەی ناوی شەهید بەرزان عومەر عەلی لە فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس بیستووە، دەستبەجێ ناوەکەی خستۆتە نێو (شکاندنی باستیلەکەی موسڵ)، ئەگینا بۆ ناوی بەرزانی عومەر عەلی لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە (2164)ی ڕێکەوتی (5.6.2000)دا نەنووسیوە؟ نەریمان لەو نووسینەی کە لەژێر ناوی (چیرۆکی شکاندنی قەسابخانەی موسڵ کە لەسەر دەستی کوڕانی یەکێتی ئەنجام درا ..! 1.6.1981)دا لە کوردستانی نوێی (5.6.2000)دا بڵاوکراوەتەوە، سەبارەت بە داڕشتنی پلانی شکاندنی زیندانی سێدارەی موسڵ نووسیویێتی: (هەر بە گەیشتنیان بە قەسابخانەکەی موسڵ بیر لە داڕشتنی پلانێک دەکەنەوە بۆ شکاندنی زیندانەکە ئەویش بە هاوکاری دوو (سجان) کە کوردی ئێزیدی دەبن هەروەها لەوێش چەند کەسێکی تری لێ دەبێت وەک عومەر میرزاو محەمەد حەمەساڵح کاکەبرا)، ئەی کوا بۆ لێرەدا ناوی بەرزان عومەر عەلی نەنووسراوە، کەچی بۆ لە شکاندنی باستیلەکەی موسڵ کە لە ساڵی (2007)دا چاپ کراوە ناوەکەی نووسراوە؟ ئەمەش دەیسەلمێنێ کە نەریمان تەنیا ناوی بەرزان عومەر عەلی لە شێخ فازڵ یوسف وەرگرتووە نەک ناوی عومەر میرزا شامورادیش. ئایە ئێستاش نەریمان وادەزانێ کە منم تۆمەتی ناڕەوای دەدەمە پاڵ، یان ئەوە خۆیەتی هەڵە، چەواشەکاری و شێواندنی مێژوو دەکات و پەنا بۆ دەیان شتی ناڕاست و نادروست دەبات؟ ئەگەر ئەوەی کە نەریمان مەجید نووسیویێتی ناڕاستی، بێویژدانی، شێواندنی مێژوو، چەواشەکاری و ناڕەوایی نەبێت، دەبێت چ ناوێکی لێ بنرێت؟
نەریمان، لە سەرەوەدا دووبارە وشەی پیلانی لەبری پلان بەکارهێناوە، کە پێشتر وەڵامم داوەتەوە و بەپێویستی نازانم درێژدادڕی بکەم و دووبارە لە سەری بڕۆمەوە. هەروەها نەریمان، دووبارە لێرەدا کۆمەڵێک شتی تێکەڵ کردووە، من لەهیچ نووسینێکدا باسی ئەوەم نەکردووە کە براکەم (تەحسین) یەکێک بووبێت لە خاوەنی بیرۆکە و پلاندانەرانی شکاندنی ژووری سێدارەی موسڵ، کەچی ئەو لێرەدا بە یەکێک لە پلاندانەرانی شکاندنی زیندانەکەی داناوە و دەڵێت: (ڕەنگە هەر لەڕێگای کاک (فازڵ)ەوە شەهیدان عومەر میرزاو بەرزان عومەر عەلی و محەمەد حەمەساڵح کاکەبرا پەیوەندییان کردبێ بەشەهیدەکانی ئێمەوە پێش ئەوەی کاک عومەر میرزا شەهید بکرێ پەیامو پیلانەکەی خۆیانو براو ئامۆزاکەی بەڕێزتانی پێ ڕاگەیاندبن ئەگەر ئەمان لە سێدارە درانو شەهیدکران). لە هەمان کاتدا ئەو ناوی محەمەد ساڵح کاکەبرای وەکو یەکێک لە پلاندانەران ناودەبات، کە ئەمەشی ڕاست نییە، چونکە ناوبراو لە ڕۆژی (19.5.1981)دا گەیشتۆتە ژووری سێدارەی موسڵ و بەلای کەمەوە نزیکەی چوار مانگ بەر لە گەیشتنی ئەو بەو زیندانە، بیرۆکە و پلانەکە لەلایەن (بەرزان عومەر عەلی، جەلال مەحمود محەمەد سورداشی، جەمیل ئەحمەد مەحمود و دواتریش عومەر میرزا شاموراد) داڕێژرابوو. بۆیە محەمەد ساڵح کاکەبرا شاوەیس (ئامانج شاتری)، یەکێک بووە لە جێبەجێکەرانی نەبەردییەکەی شکاندنی زیندانی ژووری سێدارەی موسڵ کە تێکڕا ژمارەیان (34) هاوڕێ بووە بە دە هاوڕێکەی بازیانەوە، بەڵام نە یەکێک بووە لە خاوەنی بیرۆکە و نە هیچ پەیوەندی هەبووە بە داڕشتنی پلانی شکاندنی ژووری سێدارەی موسڵ وەکو دە هاوڕێکەی بازیان، کە محەمەد ساڵح شاتری، لە ڕۆژی (18.5.1981)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک دادگایی کراوەو گواستراوەتەوە بۆ ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ.
نەریمان، نووسیویێتی: بۆیە سەرمان لەم قسانە دەسوڕما چونکە دەزگا ئەمنیو سیخوڕییەکانی بەعس ئەوەندە دڕندە بوون زۆر ئەستەم بوو قەناعەت بکەی بەم قسانە، (دەرسیم دەڵێ (دوو ڕاستی گرنگمان بۆ دەردەکەوێت کە یەکەمیان ئەوەیە (13) زیندانییەکە باسی نەخشەو پلانی شکاندنی زیندانی موسڵو هەوڵی ڕاکردنی خۆیان بۆ کەسوکاریان نەکردووە، بەڵکو تەنیا ئەوەندەیان پێ وتوون خوا کەریمەو کێ دەڵێ عەفو ناکرێن، دووەمیان ئەوان خۆ هیچ جارێکی دیکە نەیانتوانیوە ئەو (13) زیندانییە ببیننەوە، ئەی چۆن نووسەر زانی کە ئەوان هەر بەگەیشتنیان بەزیندانی سێدارەی

موسڵ بیریان لەشکاندنی زیندانی کردەوە. بۆ وەڵامی یەکەم: نەخێر هەریەکەیان بۆ کەسێکی نزیکی خۆی باسکردبوو، بۆیە پارەمان بۆ کۆکردنەوە، هەروەها نامەکەی شەهید بابانیش کاتێ دای بەدەستی باوکی مەسەلەکەی بۆ باسکرد کەسمان عەقڵمان ئەو کارەی نەدەبڕی لەبەر دڕندەیی ڕژێم، لەوەڵامی دووەمیشدا نەخێر لەدوای پرۆسەکەو ڕۆژی 2.12.1981 مەلا ئەحمەد چەمچەماڵی هەموویانی بینیەو وە باسی ڕووداوەکەیان بۆ باسکردبوو بۆیە نووسیومە بیریان لەوە کردەوە کە دیارە ئەمەش بەهیممەتی کاک فازڵو مەردانو بەرزان عومەر عەلیو محەمەد حەمەساڵح کاکەبرا ئەم پەیوەندییە دروست بووبوو وە ئەمانیشیان لێ ئاگادار کردبووەوە).

بەش بە حاڵی خۆم هیچ لەوەی سەرەوەدا کە نەریمان نووسیوێتی تێناگەم و نازانم پەیوەندی ئەو دێر و نیوەی کە نەریمان نووسیوێتی بەو چوار دێرەی کە لە نووسینەکەمی وەرگرتووە چییە، جا نازانم خوێنەران تێیگەیشتوون یان نا؟

سەبارەت بەوەی کە نەریمان نووسیوێتی: (بۆ وەڵامی یەکەم: نەخێر هەریەکەیان بۆ کەسێکی نزیکی خۆی باسکردبوو، بۆیە پارەمان بۆ کۆکردنەوە)، ناتوانم باوەڕ بەم قسە نوێیەی نەریمان بکەم کە گوایە هەر یەکێک لە (10) شەهیدەکەی بازیان باسی شکاندنی زیندانی ژووری سێدارەی موسڵی بۆ کەسێکی نزیکی خۆیان کردووە، بۆیە ئەوانیش پارەیان بۆ کۆکردوونەتەوە، یەکەم: لەبەرئەوەی نەریمان بە هیچ شێوەیەک لە نووسینی یەکەم (چیرۆکی شکاندنی قەسابخانەی موسڵ کە لەسەر دەستی کوڕانی یەکێتی ئەنجام درا/ کوردستانی نوێ، ژمارە (2164)ی ڕێکەوتی 5.6.2000) و لە نامیلکەی (شکاندنی باستیلەکەی موسڵ)، باسی شتێکی وای نەکردووە! دووەم: لە هەر دوو نووسینی ئاماژە پێکراو لە سەرەوەدا نەریمان باسی ئەوەی کردووە، کە ئەوان زۆر پێیان سەیر بووە کە شەهیدەکان داوای پێڵاوی سووک و پارەیان کردووە! ئەوانیش (کەسوکاری دە شەهیدەکەی بازیان)، بە هاوڕێیانی (بازیان) کە دواتر لە سێدارە دران، گوتوە: (ئێوە مانگێکی دیکە لە سێدارە دەدرێن)، بەو واتایەی مادام ئێوە مانگێکی دیکە لە سێدارە بدرێن پێڵاوی سووک و پارەتان بۆ چییە؟ ئەوانیش (دە هاوڕێکەی بازیان) لە وەڵامدا تەنیا ئەوەندەیان پێ دەڵێن: (خواکەریمە کێ ئەڵێ عەفو ناکرێین). بەم گفتوگۆیەی نێوان (10) هاوڕێ زیندانییەکەی بازیان کە لە ژووری سێدارە بوون لەگەڵ کەسوکاریاندا، کە نەریمان مەجید لە هەر دوو نووسینەکەی خۆیدا ئاماژەی پێکردووە، بۆمان دەردەکەوێت کە هاوڕێیانی بازیان باسی هەوڵی شکاندنی زیندانی ژووری سێدارەیان بۆ کەسوکاریان نەکردووە، یان ئەگەر باسیشیان کردبێ ئەو گوێی لێ نەبووە و ئەو قسانەش دروستکراوی خۆیەتی. هەروەها بەگوێرەی داواکردنی پێڵاوی سووک، دەردەکەوێت کە دە شەهیدەکەی بازیان نەیانزانیوە کەی هەوڵی شکاندنی زیندانەکە جێبەجێ دەکرێت، چونکە داواکردنی پێڵاوی سووک بۆ دیدەنی داهاتووی ڕۆژی (15.6.1981) بووە، ئەگەر ئەوان ئاگاداربان کە هەمان شەو زیندانەکە دەشکێنن، ئەوکاتە داوای هێنانی پێڵاوی سووکیان نەدەکرد بۆ دیدەنی داهاتوو! باشە ئەو هاوڕێیانەی بازیان، کە هەروەکو نەریمان بانگەشەی بۆ کردوون کە گوایە خاوەنی بیرۆکە، داڕێژەری پلان و جێبەجێکاری ئۆپراسیۆنی شکاندنی زیندانەکە بووبن، بۆ نابێ بزانن کە بۆ شەوەکەی ڕادەکەن؟ ئەوان کە داوای پێڵاوی سووک دەکەن بۆ دیدەنی داهاتوو، ئەوە دەیسەلمێنێ کە خۆشیان نەک بڕیاردەر نەبووینە کە کەی پلانەکەیان بخەنە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵکو تەنانەت نەیانزانیوە کە بۆ شەوەکەی ئۆپراسیۆنەکە ئەنجام دەدرێ!

سەبارەت بەوەش کە نەریمان دەڵێ: (لەوەڵامی دووەمیشدا نەخێر لەدوای پرۆسەکەو ڕۆژی 2.12.1981 مەلا ئەحمەد چەمچەماڵی هەموویانی بینیەو وە باسی ڕووداوەکەیان بۆ باسکردبوو بۆیە نووسیومە بیریان لەوە کردەوە کە دیارە ئەمەش بەهیممەتی کاک فازڵو مەردانو بەرزان عومەر عەلیو محەمەد حەمەساڵح کاکەبرا ئەم پەیوەندییە دروست بووبوو وە ئەمانیشیان لێ ئاگادار کردبووەوە)، دووبارە ناتوانم باوەڕ بەم قسەیەی نەریمان بکەم، چونکە ئەگەر قسەکەی ڕاست بوایە نەدەکەوتە ناو ئەو هەموو هەڵە زەقەوە. خۆ نەریمان لە هەر دوو نووسینەکەی خۆیدا بۆ نموونە لە لاپەڕە (15)ی نامیلکەی (شکاندنی باستیلەکەی موسڵ) نووسیوێتی: (ڕۆژی 1981/12/2 لە ڕێگای ئەمنی بازیانەوە پێیان ڕاگەیاندین کە ئەمڕۆ کوڕەکانتان ئیعدام ئەکرێن ... بۆیە دووبارە ئێمە ڕۆیشتینە موسڵ، بەڵام کاتێک گەیشتین زۆر درەنگ بوو فریای مواجهە کردن نەکەوتین ووتیان چەند دەقیقەیەکی تر ئیعدام ئەکرێن ... بەڵام ئەمنی چەمچەماڵ

چەند ڕۆژێک پێشتر ماڵی شەهید (عەبدول سەمیع) یان ئاگادار کردبوەوە. ئەوەبوو (مەلا أحمد باوکی عبدول سمیع) هەموویانی بینیبوو، خوێندکارە خوێن گەرمەکانی ئێمە. هەڵۆچنگ سوورەکانی بەمۆ و زمناکۆو قەندیل بەمامۆستادا نامەو ڕاسپاردەی خۆیان بۆ ناردبووین سەبارەت بەچۆنیەتی شکاندنی زیندانەکەو دووبارە گرتنەوەیان).
سەرەتا نەریمان مەجید، لە بەشی دووەمی (وەڵامێکی هێمنانە بۆ دەرسیم دیبەگەیی)، نووسیوێتی: (ڕۆژی 2.12.1981 ئاگادارکراین‌و فریای مواجەهەیان نەکەوتین کاتێک خزمان گەیشتنە موسڵ کار لەکار ترازا بوو چونکە بەپێی (شەهادە وەفاتەکانیان) سەعات 8ی شەو لەسێدارە درابوون). سەیرکەن، نەریمان جارێک دەڵێ: (فریای مواجهە کردن نەکەوتین ووتیان چەند دەقیقەیەکی تر ئیعدام ئەکرێن) و کەچی جاری دووەم دەڵێ: (فریای مواجەهەیان نەکەوتین کاتێک خزمان گەیشتنە موسڵ کار لەکار ترازا بوو چونکە بەپێی (شەهادە وەفاتەکانیان) سەعات 8ی شەو لەسێدارە درابوون). ئاخر جیاوازییەکی زۆر لەوەدا هەیە کە گوایە پێیان گوتینە، کە دوای چەند دەقەیەکی دیکە لە سێدارە دەدرێن و لەگەڵ (کار لەکار ترازا بوو چونکە بەپێی (شەهادە وەفاتەکانیان) سەعات 8ی شەو لەسێدارە درابوون)!
دواتر، ئەی باشە نەریمان بۆ بەگوێرەی نامەی شەهیدەکان، کە گوایە باسی چۆنێتی شکاندنی زیندانی سێدارەی موسڵ و گرتنەوەی خۆیان کردووە، ئەو داستانەکە ناگێڕێتەوە؟ باشە بۆ نەریمان، بە هیچ شێوەیەک لە دوو نووسینەکەی پێشوویدا پشتی بە نامەی شەهیدەکان نەبەستووە و ئاماژەی پێ نەکردوون بۆ گێڕانەوەی داستانی شکاندنی بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ و دواتریش گرتنەوەی تەواوی زیندانییەکان لەدوای ئەنجام دانی نەبەردییەکە، مادام مەلا ئەحمەد چەمچەماڵی باوکی شەهید عەبدولسەمیع نامەی هەر نۆ شەهیدەکەی تری هێناوە و ئەوانیش لە نامەکانی خۆیاندا باسی چۆنێتیی شکاندنی زیندانەکە و دووبارە دەستگیر کردنەوەی خۆیان کردووە؟ ئەی باشە ئەگەر مەلا ئەحمەد چەمچەماڵی، لە ڕۆژی (2.12.1981)دا هەموویانی (واتە هەر دە زیندانییەکەی بازیان)ی بینیبێ، ئەی بۆ نەریمان دەڵێت شەهیدان جەبار ئەحمەد زەریفە و عەدنان سابیر لەکاتی هەوڵی شکاندنی ژوورەی سێدارەی زیندانی موسڵ شەهید کراون؟ خۆ لێرەدا باس باسی دە شەهیدەکە بووە کە نەریمان لە وەڵامی ئەوەی نووسیومە: (خۆ ئەوان هیچ جارێکی دیکە نەیانتوانیوە ئەو زیندانییانە ببیننەوە، ئەی چۆن نووسەر زانی کە ئەوان هەر بە گەیشتنیان بە زیندانی سێدارەی موسڵ گوایە بیریان لە شکاندنی زیندان کردۆتەوە، نەخشە و پلانی شکاندنی زیندانیان داڕشتوە و نەخشەکەیان خستۆتە بواری جێبەجێ کردنەوە؟)، باسی ئەوەی کردووە کە مەلا ئەحمەد چەمچەمالی لەدوا دیدەنی کوڕەکەیدا و بەر لە سێدارە دانی، هەموو زیندانییەکانی بازیانی دیوە کە بۆ شەو پێکەوە لە سێدارە دراون. ئایە نەریمان نازانێ لە چوونە ژوورەوەی دوادیدەنی هەر زیندانییەک کە لە سێدارە دەدرێت، ناوی یەکە یەکەی ئەو کەسانە دەنووسن و دەپرسن کە بۆ لای کێ دەچێت و ناوی زیندانییەکەش دەنووسن؟ ئایە ژمارەی ئەو کەسانەی دوا دیدەنی دە کەس دەکەن، لەگەڵ ژمارەی ئەو کەسانەی سەردان و دوا دیدەنی یەک کەس دەکەن، لێک نزیکن؟ ئاخر لە دە کەس کە دوا دیدەنییان هەبێ بەر لە سێدارە دانیان، بۆ ئەو دیدەنییەش تەنیا مەلا ئەحمەد و چەند کەسێکی خانەوادەکەی ئەو بۆ لای عەبدولسەمیع مەلا ئەحمەد چووبن، کە لە دوا دیداردا ناو و زانیاری پێویستی سەرجەم ئەو کەسانە تۆمار دەکەن کە بە مەبەستی دوادیدار سەردانی زیندانییەکانی ژووری سێدارە دەکەن، هەر بەگوێرەی ناو و زانیارییە تۆمارکراوەکان زیندانییەکان دێنن بۆ ئەوەی بۆ دواجارو بەر لە سێدارە دانیان کەسوکاریان ببینن، بۆیە باوەڕناکەم نۆ کەسەکەی دیکە هێنرابنە دەرەوە بە مەبەستی دوا دیدار!
هەموو ئەوانە بۆ توێژەران و خوێنەران جێدەهێڵم با ئەوان لە ئەنجامی توێژینەوە و هەڵسەنگاندنی نووسینەکانی هەر دووکمان، بڕیاری خۆیان بدەن.
نەریمان دەڵێ: (دەتوانی کتێبەکەی مامۆستا مەحمود قەرەداغی بەناوی (لەودیو سنوورەکانی مەرگەوە) بخوێنێتەوە کە کاتێک لە ئەمنی سلێمانی‌و هەیئە کەرکوک دەبن چۆن باسی قارەمانیەتی شەهیدەکانی بازیان دەکات کە زۆربەیان لەبنچینەدا خەڵکی گوندەکانی بناری بەمۆ بوون).
لە ڕاستیدا لەوە تێناگەم نەریمان بۆ ئەو سەرچاوەیەی بۆ دەستنیشان کردووم بۆ خوێندنەوە، کە ڕەخنەی من لە ئازایی و قارەمانێتی شەهیدەکان و لە خودی شەهیدەکان نەبووە؟ بەڵکو گلەیی و ڕەخنەکانم لە نووسینەکانی ناوبراو

خۆی بووە. دواتر هەر شەهیدێکی زیندان، ئەگەر لەژێر ئازار و ئەشکەنجە هەر قسەیەکی کرد و دواتر لە سێدارە درا، بە گەورەترین قارەمان و تێکۆشەری دەزانم. قسە کردن و دانپێدانانیش لەژێر فەلاقە، هەڵواسین، کێبڵ و دارکاری کردن، بۆ هیچ زیندانییەک بە شەرم و خەوشێک نازانم. بە بۆچوونی خۆم لێرەدا تاکە مەبەستی نەریمان ئەوەیە کە زیاتر وشە ڕیز بکات و لاپەڕەکانی پێ ڕەش بکاتەوە. ئەگینا لە باسەکەی نەریمان تێگەیشتم پەرتووکەکەی مەحمود قەرەداغی تایبەتە بە گیران و شێوازی ئەشکەنجەدانی نووسەر و ئەو پۆلە هاوڕێیەی بازیان/ دەربەندیخان و هیچ پێوەندییەکی بە نەبەردی شکاندنی زیندانی ژووری سێدارەی موسڵ-ەوە نییە. نەک تەنیا ئەو نموونەیەی نەریمان، بەڵکو لە زۆر شوێنی دیکەش باسی شتی وای کردووە کە هیچ پێوەندییەکی بەو بابەتەوە نییە و ڕێک وەک ئەو دوو دێڕ هۆنراوەیەی خوارەوەیە کە هیچ شتێک بە یەکیانەوە نابەستێتەوە:

دارەکەی سەرکەل حەمامی قشڵە
ئافەرم شارەزوور بۆ خۆت و پەمووت

## وەڵامی بەشی چوارەمی (وەڵامێکی هێمنانە بۆ دەرسیم دیبەگەیی):

نەریمان، لە بەشی چوارەمی وەڵامەکەیدا نووسیویێتی: (شۆڕشی نوێ زۆربەی شەهیدەکانیو زۆربەی قارەمانەکانی لەنێوان تەمەن (15–20) ساڵاندا بوو ئەو شۆڕشە مەزنەیان سەرخست).
سەرەتا نموونە هێنانەوەی نەریمان بەمشێوەیەی سەرە و تێکەڵکردنی تەمنی (15–20) هەڵەیە، چونکە ژمارەیەکی کەم لە پێشمەرگە و ڕێکخستنەکان تەمەنیان لەنێوان (15–16) ساڵان بووە، بەڵام لە (17–20)) ژمارەیان زۆر بووە. ئەوانەی تەمەنیشیان لەنێوان (15–16) ساڵان بووە، زۆربەیان لەدوای ناوەڕاستی ساڵانی هەشتای سەدەی ڕابردوو هاتنە نێو ڕێکخستنەکان یان پەیوەندییان بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کرد، یان ڕێکتر لەکاتی گفتوگۆی نێوان (ی. ن. ک) و حکومەتی بەعس لە ساڵی (1984)دا هاتنە ناو ڕێخستنەکان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان.
دواتر کە باسی سەرکەوتنی شۆڕشی نوێ دەکات بەهۆی شەهیدەکان و قارەمانەکانی کە گوایە زۆربەیان تەمەنیان لەنێوان (15–20) ساڵاندا بووە! نازانم نەریمان باسی کام شۆڕشی مەزن دەکات، دەبێ مەبەستی لەوەیان بێ کە دوای ئەنفالەکان ئاودیوی وڵاتی ئێران و تورکیا کرا؟ نەریمان دەبێ باسی سەرکەوتنی کام شۆڕش بکات، ئایە هیچ شۆڕشێکی باشووری کوردستان سەرکەوتنی بەدەست هێناوە؟ لەوانەیە نەریمان سەرکەوتنی ڕاپەڕینی زستانی ساڵی (1991) بە زیرەکی، هونەری و لێهاتوویی بەناو سەرکردەکانی شۆڕشی کورد بزانێ؟ یان دەترسم، ڕوخانی سەدام و ڕژێمی بەعس بگەڕێنێتەوە بۆ سەرکردە و بەناو شۆڕشی باشووری کوردستان؟
سەرکەوتنی ڕاپەڕینی زستانی ساڵی (1991)، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەزانی و کەرێتی سەدام حوسێن، ئەگینا کورد نەیدەتوانی ئەو سێ شارەی باشووری کوردستان کە لە ساڵی (1991)دا ڕزگاری کرد، ڕزگاری بکات. هەروەها سەبارەت بە ڕوخانی ڕژێمی بەعس و دەسەڵاتی سەدام لە ڕۆژی (9.4.2003)دا، بەهیچ شێوەیەک بەهۆی قارەمانی پێشمەرگەی کورد و بەشداری شۆڕشی کوردستانەوە نەبووە، بەڵکو ئەمەریکا سەدامی ڕوخاند.
نەریمان مەجید، گەر پێی وایە، شۆڕشی کورد سەرکەوتوو بووە، مام ڕۆستەم گوتەنی: (برۆ بۆ حەلاوی باس بکە).
نەریمان، دیسان بۆ جارێکی دیکە سەبارەت بە ناسینم لەگەڵ فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس دەڵێ: (دیسانەوە باسی ڕۆڵی شێخ فازڵ دەکات لە یەکێک وایە لەساڵی 1981ەوە دەیناسێ لە پێشەوە باسمکردووە چۆنی ناسیوە. باشە برام تۆ بۆ ئەوەندە بەنەفەسێکی ڕەقاوییەوە دەنووسی ئەو دە شەهیدەی بازیان نەک دەربەندیخانت لێ بووە بەعوقدە ئەی ئەگەر ئەمان نەبوون کێ بوو شەوی ½-6-1981 بەو کارە هەستاوە شەهید جەمیل یان شەهید تەحسین یان شەهیدەکانی ئێمە عەزیزم خەڵک ئەوەندە گێل نییە نەتوانێ بەراورد بکات لەبەرواری شەهیدبوونی عەزیزەکانی تۆو عەزیزەکانی ئێمە، چەندینجار وتومەو دووبارەی دەکەمەوە شەهیدەکانی ئێوە پێش پرۆسەکە شەهید بوون، بەڵام شەهیدەکانی ئێمە لەپرۆسەکەدا بەشداربوونو شەهیدیان داوە. دواجار گیرانەتەوەو دوای شەش مانگ لێدان و لێکۆڵینەوە لە سێدارە دراون. تۆ لای خۆی پیاوێکی بەئەزموون دنیا دیدەی بۆ بەچاوێکی تەسکەوە یان بەبیرێکی تەسکەوە یان بەشێوەیەکی سووک لەکەسەکانی ئێمە دەڕوانی، من چاوەڕێ بووم تۆ کار بۆ ئەوە بکەی هەوڵەکانی تۆو منو شێخ فازڵو کاک محەمەد عەبدوڵڵاو ئەوانی تریش بخەینە خزمەتی نووسینەوەی مێژوویەکی پرشنگداری گەلەکەمان).
لە وەڵامی نەریمان–دا دەڵێم:

1. ڕاستی گوتن بە هەموو کەسێک ناکرێت بەتایبەت کە کەسەکە دادپەروەر و بەویژدان نەبێت، هەروەها کەسانێکی دیکەش کە پیشەیان شێواندنی مێژوو، ناڕاستگۆیی و چەواشەکاری بێت، زۆر زەحمەتە بتوانن ڕاستییەکان هەرس بکەن کە ڕاستی و هەق هەمیشە لای کەسانێکی زۆر تاڵ و ڕەقن.
2. دووبارە بە نەریمان دەڵێم کە ڕاستگۆ نەبووە لەوەی، کە کەی و چۆن فازڵ یوسف شێخ ئەلیاسم ناسیوە و دۆزیوەتەوە، با نەریمان ئەوە باش بزانێ کە بەدڵنیایی بەهۆی ئەو و لە ڕێگەی نووسینەکەی ئەوەوە نەبووە.
3. بۆ ئەگەر ڕۆڵی ڕاستەقینەی (10) شەهیدەکەی بازیان/ دەربەندیخان وەکو خۆی بنووسم کە لە کۆتایی کارەکانی هەوڵی شکاندنەکەی بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ هاتبنە زیندانەکە و هاتبنە سەر سفرەیەکی

ئامادە، دەبێ بە نەفەسێکی ڕەقاوییەوە نووسیبێتم؟ ئەی بۆ ئەو کارەی کە نەریمان کردوویەتی و گوایە ئەوان (دە شەهیدەکەی بازیان)، هەر بە گەیشتنیان بە زیندانی سێدارەی موسڵ بیریان لە داڕشتنی پلانێک کردۆتەوە بۆ شکاندنی زیندانەکە، بە نەفەسێکی ناوچەگەرێتی، خێڵەکی، بنەماڵەیی نەنووسراوەو بە سووک سەیرکردنی شەهیدەکانی دیکە لە خاوەنی بیرۆکەی شکاندنی زیندان، پلاندانەر و نەخشەدانەران، پارەدەران، ئەوانەی بە درێژایی نزیکەی سێ تا چوار مانگێک کاریان بۆ سەرکەوتنی نەخشە و پلانەکە کردووە و شەوانە خەریکی بڕینەوەی شیشی دەرگاکان بووینە، نییە؟ ئەی ئەگەر ئەوە نادادپەروەری و بێویژدانی نەریمان نەبێت، دەبێ چی بێت یان ناوی چی لێ بنێین؟

4. نەریمان چاوی تەنیا ئەو (10) شەهیدەی بازیان دەبینێ لە کۆی (34) کەسی زیندانی کە شەوی (2.6.1981) واتە شەوی شکاندنی زیندانەکە لە ژووری سێدارەی موسڵ بووینە. ئایە ئەوە بیر تەسکی و تەنیا بەردەم چاوی خۆ بینین نییە کە نەریمان کردوویەتی، یان ئەوەی کە لە نووسینەکانم ئاماژەم پێداون و بێلایەنانە نووسراوە؟

5. ئایە بردنی خەبات، هەوڵ، تێکۆشان و ماندووبوونی کۆمەڵێک زیندانی ژووری سێدارەی موسڵ کە بەلای کەمەوە (33) هاوڕێی زیندان بەر لە ئەنجام دانی نەبەردییەکە لە سێدارە دراون یان گوللە باران کراون، لەگەڵ (34) هاوڕێی دیکەی کە لە شەوی نەبەردییەکە بەشداری نەبەردییەکە بووینە، سووکایەتی کردنە بە شەهیدان و بە چاوێکی کەم سەیرکردنیانە، یان ئەوەی لە نووسینەکانمدا بەدی دەکرێن و هەر شەهیدەی بەگوێرەی تواناو کاتی بەشداری خۆی مافی خۆی دراوەتێ؟ نەریمان دەنووسێ: (تۆ لای خۆی پیاوێکی بەئەزموون دنیا دیدەی بۆ بەچاوێکی تەسکەوە یان بەبیرێکی تەسکەوە یان بەشێوەیەکی سووک لەکەسەکانی ئێمە دەڕوانی). نە بە بیر و چاوێکی تەسکەوە و نە بەشێوەیەکی سووک سەیری شەهیدەکان دەکەم، چونکە ئەوان گیانی خۆیان پێشکەش بە نەتەوەو نیشتمان کرد، کێشەی من لەگەڵ نەریمانە نەک شەهیدەکان، چونکە نەریمان مێژووی ئەو داستان و ئۆپراسیۆنە دەشێوێنێ و داگیری دەکات نەک شەهیدەکان.

6. نەریمان لە چەندان شوێنی دیکەی نووسینەکەی بە بیرکردنەوە و بۆچوونی خێڵەکیانە و نالۆژیکانە پرسیاری ئەوەی کردووە ئەگەر لە شەوی ئەنجام دانی نەبەردییەکە شەهیدەکانی بازیان نەبووبن ئەو کارەیان کردبێ، ئەی دەبێ کێ ئەنجامی دابێ شەهید جەمیل یان شەهید تەحسین؟ لەکاتێکدا خۆم لە نووسینەکەمدا باسی ئەوەم کردبێ کە ئەوان هەر دووکیان بە چەند ڕۆژێک بەر لە ئەنجام دانی نەبەردییەکە لە سێدارە درابن، ئایە پێویست دەکات ئەو بێت و چەند جارێک ئەو پرسیارەم لێ بکات، کە ئەوان نەبەردییەکەیان ئەنجام داوە یان شەهیدەکانی بازیان؟ پێم وایە کەسێکی سیاسی، کادیرێکی حزبی یان ڕۆشنبیرێک هەرگیز هەڵەی وا ناکات و خۆی بەدوور دەگرێت لەو جۆرە پرسیارانە کە پرسیارێکی ناژیرانەیە.

7. نەریمان سەرەڕای ئەو هەموو ناڕاستگۆییە، شێواندنی مێژووە، چەواشەکارییانە، کەمکردنەوەی ڕۆڵ و هەوڵی کۆمەڵێک زیندانی ژووری سێدارەی موسڵ کە ژمارەیان (33 شەهید کە پێش ئەنجام دانی نەبەردییەکە لە سێدارە دراون یان گوللە باران کراون + 34 کەسی شەوی شکاندنی زیندانەکە کە لەو زیندانە بووینە) کە ژمارەیان تێکڕا دەکاتە (67) شەهید، لەگەڵ گەورەکردنی ڕۆڵی (10) شەهیدەکەی بازیان، باسی ئەوە دەکات کە چاوەڕێی ئەوە بووە کار بۆ ئەوە بکەم گوایە (هەوڵەکانی نەریمان، فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس، محەمەد عەبدوڵڵا، کەسانی دیکە و خۆم) بخەینە خزمەتی نووسینەوەی مێژوویەکی پڕشنگدار. سەرەتا خۆم هەرگیز ناتوانم کار لەگەڵ کەسانێکی وەکو نەریمان بکەم کە نادادپەروەر، بێویژدان و ناڕاستگۆ بن لە نووسین، دواتر مێژووی پڕشنگدار بە ڕاستگۆیی و ئەمانەتەوە دەنووسرێتەوە نەک بە چەواشەکاری، شێواندن و ناڕاستگۆیی کەسانێکی وەکو ئەو. نەریمان سەبارەت بە نەبەردی شکاندنی زیندانی سێدارەی موسڵ، لە لاپەڕە (16)ی کوردستانی نوێ (6104)ی ڕۆژی (14.6.2013)دا نووسیویەتی: (پۆلە شەهیدەکەی بناری بەمۆی خانەقین کە ڕاگوێزرابوون بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکانی تەیناڵ و گۆپاڵەی نزیک بازیان، بۆ ئەوەی سەروەرییەکی تر بخەنە

سەر تۆماری پڕ سەروەری ی. ن. ک، بە هاوکاری کەس و کاریان و چەند (سجان)ێکی کوردی ئێزیدی بەناوی شێخ فازڵ یوسف ئەلیاس و شێخ مەردان یوسف ئەلیاس لە زیندانی موسڵ، توانیان شەوی ½-6-1981 لە ساڵیادی دامەزراندنی ی. ن. ک-دا دەرگای قەسابخانەی موسڵ بشکێنن و دوان لە جەلادەکانیش بە سزای گەل و شۆڕش بگەیەنن). ئەوەی نەریمان لە سەرەوەدا نووسیوێتی، هەر هەمان ئەقڵیەتی پێشوویەتی کە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێی ڕۆژی (5.6.2000) و (شکاندنی باستێلەکەی موسڵ)دا، نووسیوێتی. نەریمان تەواوی نەبەردییەکەی تەنیاو تەنیا کردۆتە سامان و سەروەری ئەو (10) شەهیدەی بازیان و بنەماڵەکانیان و لە هەمان کاتدا خاوەنی بیرۆکەی شکاندنی زیندان، پلاندانەر و نەخشەدانەرانی شکاندنی زیندان، پارە کۆکەرەوان، ئەو زیندانیيانەی بەدرێژایی نزیکەی سێ مانگ یان زیاتر خەریکی بڕینەوەی شیشی دەرگاکان بووینە و بەر لە هەوڵی شکاندنەکە لە سێدارە دراون و ژمارەیان بەلای کەمەوە (33) هاوڕێ دەبوو، لەگەڵ ئەو زیندانیيانەی کە لە شەوی شکاندنی زیندانەکە (2.6.1981)دا لەگەڵ ئەو (10) شەهیدەی بازیان-دا بووینە و ژمارەیان (34) هاوڕێ بووە، لەو سەروەری و نەبەردییە بێبەش دەکات. ئایە مێژوویەکی پڕشنگدار بەمشێوەیەی کە نەریمان نووسیوێتی، دەنووسرێتەوە؟ ئایە ئەو هەست بەوە ناکات کە گەورەترین بێویژدانی بەرانبەر بە کۆمەڵێک شەهید کردووە کە بەلای کەمەوە گەر دە شەهیدەکەی بازیانی لێ دەرکەی، ژمارەیان (57) کەسە، گەر سێ کەسەکەی بازیانی کە سزاکەیان بۆ سووککرا لەگەڵ ئەحمەد عەنچە و فریاد عەرەبی لێ دەرکەیت، هێشتاکە (52) شەهید دەمێنێ، کە نەریمان مافیان دەخوا و خەبات و مێژووی ئەوان بۆ دە شەهیدەکەی بازیان دەبات؟

نەریمان، دەنووسێ: (چەندینجار وتومەو دووبارەی دەکەمەوە شەهیدەکانی ئێوە پێش پرۆسەکە شەهید بوون، بەڵام شەهیدەکانی ئێمە لەپرۆسەکەدا بەشداربوونو شەهیدیان داوە. دواجار گیرانەتەوەو دوای شەش مانگ لێدان و لێکۆڵینەوە لە سێدارە دراون). لە وەڵامدا بە نەریمان دەڵێم: (دڵنیابە پێویست بە دووبارەکردنەوە و چەندان جار گوتنەوە ناکات، چونکە خۆم باش دەزانم کە شەهید جەمیل و شەهید تەحسین بەر لە جێبەجێکردنی هەوڵی شکاندنی ژووری سێدارە لە سێدارە دراون و ئەوەشم نووسیوە، کەواتە دووبارە کردنەوەی بەردەوامی ئەوەت کە شەهید جەمیل و شەهید تەحسین پێش ئۆپراسیۆنەکە شەهید کراون، هەر زیاد لە پێویست ناشرین و بێزارکەرانەیە).

سەبارەت بە گیرانەوەو ئازاردانی شەهیدەکانی بازیان کە نەریمان نووسیوێتی، پێویستە سەرەتا ئەوە بڵێم کە ئەوان لە زیندان دەرنەچووینە تا بگیرێنەوە، مادام دەرنەچووبن هەڵەیە بنووسی گیرانەوەیان، دواتریش لە بەشی سێیەمی (وەڵامێکی هێمنانە بۆ دەرسیم دیبەگەیی)دا ئاماژەم پێداوە کە بەگوێرەی قسەکانی شۆڕش بازیانی نزیکەی یەک مانگ ئەشکەنجەی دڕندانە دراون نەک بۆ ماوەی شەش مانگ. هەروەها شۆڕش بازیانی، باسی ئەوەشی کرد کە هیچ کەسێک لەو شەوەدا بریندار یان شەهید نەبووە و هەموویان تا کۆتایی مانگی ئەیلول یان سەرەتای ئۆکتۆبەری هەمان ساڵ لە ژووری سێدارە پێکەوە بووینە.

نەریمان دەڵێ: (من کەی وتومە هەر ئەو شەوە شتەکانیان بۆ کڕیونو هەر ئەو شەوەش بەو کارە هەڵساون. بەڵکو وتومە پێیان ڕاگەیاندین کە کۆمەڵێک کەرەستەیان بۆ دابینکراوە لەلایەن دوو کوردی ئێزدی پێش ئەوەی ئێمە بچینە دیدەنیان کەچی تۆ زۆر بەناشیرینی باسی شەهیدەکانی ئێمە دەکەیت و دەڵێیت سوپەرمانانە).

ئەوەی سەرەوە قسەی نەریمان و دروستکراوی خۆیەتی و بوختانێکی نوێیە بۆمی دروست دەکات. ئاخر لە کوێی نووسینەکەمدا باسی ئەوەم کردووە کە گوایە ئەو وتبێتی هەر ئەو شەوە شتەکانیان بۆ کڕیون؟ وەلێ لە وەڵامی ئەوەی کە لە لاپەڕە (14)دا نووسیویەتی: (هەر ئەو شەوە دوای گەڕانەوەی کەس و کاریان بۆ سلێمانی و ناوچەکانی دەوروبەری. واتە شەوی 1981/6/2/1 و لە یادی ساڵڕۆژی دامەزراندنی (ی. ن. ک) دەست دەکەن بەشکان و بڕینەوەی دەرگاو پەنجەرەکانی ژوورەکانی خۆیان بە هاوکاری و چاوساغی دوو سەجانەکە و دواتر دێنە قاوشەکان و پاشان بۆ سەر دیوارە بەرزەکانی حەوشەی قەسابخانەکە، هەر ئەو شەوە دوو لە جەلادەکان بە سزای گەل و شۆڕش دەگەیەنن و ئیتر سیخوڕەکانی بەعس دەست دەکەن بە تەقەکردن و دەوری قەسابخانەکە دەگرێت)، لە خاڵی

پێنجەمدا نووسیومە: (ئەوەی نووسەری نامیلکەی (شکاندنی باستیلەکەی موسڵ) نووسیوێتی کە گوایە زیندانییەکان تەنیا لە شەوی (1/2.6.1981)دا لە یادی ساڵرۆژی دامەزراندنی یەکێتی دەست دەکەن بە شکان و بڕینەوەی دەرگا و پەنجەرەکانی ژوورەکانی خۆیان و بە هاوکاری و چاوساغی دوو سەجانەکە، هیچ ڕاستییەکی تێدا نییە و زۆر زەحمەتیشە کەسێکی وریا باوەڕ بەوە بکات کە ئەو هەموو کارە تەنیا لە یەک شەودا ئەنجام درابێت. بەگوێرەی ئاگاداری خۆم بەلای کەمەوە سێ تا چوار مانگ بەر لە گەیشتنی ئەو (13) کەسە بە ژووری سێدارەی موسڵ، مشار و گوریس و چەندان چەقۆ گەیشتبووە دەست زیندانییەکان و شەوانە تەنیا لەکاتی ئێشکگری فازڵ و مەردان دەست دەکرا بە بڕینەوەی شیشی دەرگای هەر دوو ژووری زیندانەکە و دواتریش بە سابونی ڕەقی شوێنی بڕینەوەی شیشەکانیان پڕ دەکردەوە بۆ ئەوەی پاسەوانەکانی دیکە هەستی پێ نەکەن و نەیبینن). دووبارەی دەکەمەوە لە کوێی بابەتەکەم باسی ئەوەم کردووە گوایە نەریمان نووسیبێتی، کە هەر ئەو شەوە شتەکانیان بۆ کڕیون و هەر ئەو شەوەش بە نەبەردییەکە هەڵساون؟ من ڕەخنەی ئەوەم لە نەریمان گرتووە ئەو ڕاست ناکات، کە گوایە تەنیا لە شەوی (1/2.6.1981)دا زیندانییەکان دەستیان کردووە بە شکاندن و بڕینەوەی دەرگاکان، نازانم نەریمان بۆ ئەو قسەیەی بەناوی من کردووە و لە کوێی هێناوە؟

هەروەها ئەو دێرەی نەریمان کە نووسیوێتی: (بەڵکو وتومە پێیان ڕاگەیاندین کە کۆمەڵێک کەرەستەیان بۆ دابینکراوە لەلایەن دوو کوردی ئێزدی پێش ئەوەی ئێمە بچینە دیدەنیان)، دوورە لە ڕاستی و بە هیچ شێوەیەک پێشتر لە دوو نووسینە کۆنەکەی باسی ئەوەی نەکردووە کە شەهیدەکانی بازیان بەتایبەت بابان و سەباح ڕاستەوخۆ پێیان ڕاگەیاندوون کۆمەڵێک کەرەستەیان بۆ دابینکراوە، بەڵکو ئەو لەسەر زاری کەسی سێیەم کە کەسێکی نادیارە باسی ئەوە دەکات کە هەموو پێداویستییەکانیان بۆ دابین دەکرێت. بەگوێرەی ئاگاداری خۆم و قسەکانی شۆڕش بازیانی، کەرەستەکانیش (مشاری ئاسنبڕ، گوریس و چەقۆ) بەر لە گەیشتنی (13) هاوڕێکەی بازیان گەیشتبوون.

دیسان دووبارەی دەکەمەوە کە ئەوەی نەریمان نووسیوێتی گوایە لە شەوی ئەنجام دانی نەبەردییەکە زیندانییەکان دەست دەکەن بە شکاندن و بڕینەوەی دەرگاو پەنجەرەکانی ژوورەکانی خۆیان، دوورە لە ڕاستی و کارەکە واتە بڕینەوەی شیشی دەرگاکان نزیکەی (3) مانگی پێچووە. هەروەها هیچ پەنجەرەیەک نەبووە بۆ ئەوەی بیبڕنەوە وەکو نەریمان نووسیوێتی گوایە پەنجەرەکانی ژوورەکانی خۆیان بڕیوەتەوە، کە زۆر دوورە لە ڕاستی و ئەمەش بێئاگایی ناوبراو دەردەخات سەبارەت بە چۆنێتی کارکردن و شکاندنی زیندانەکە.

سەبارەت بە دەرگای هەر سێ ژووری زیندانی سێدارەی موسڵ، نەریمان مەجید کۆمەڵێک وشەی ناشرینی بەکارهێناوەو دەڵێ: (دەرسیم دەڵێ (ژووری سێدارەی موسڵ بریتی بوو لە سێ ژووری دەرگای شیش ئەستوور) ئەم قسەیە ئەو وێنەیە بەدرۆ دەخاتەوە لەیەکەم ئەڵقەی بابەتەکەیدا وێنەیەکی دابەزاندووە لەژێر وێنەکەدا نووسراوە (دیوی ناوەوەی زیندانی موسڵ) دەرگاکان نازانم تەختەیە یان ئاسن، بەڵام لەدەرگای ئاسایی دەچنو (چەپەکو دەسکی) ئاسایی پێوە دیارە نەک شیشی ئەستوور وەک خۆت لەم بڕگەیەدا باستکردووە، ئەی ئەمەی تۆ چی پێ دەڵێن درۆ یان چەواشەکاریی کێ هەبوو بیتوانیبایە وێنەی ناو زیندان بگرێ وا تۆ ئەو وێنەیەت دابەزاندووە. ئەگەر لەبەرامبەر وێنەی بەرگی نامیلکەکەی منت دابەزاندووە، ئەوا عەزیزم هەڵەی چونکە وێنەی بەرگی نامیلکەکەی من دیزاینەر (شاروخ خالق) بەخەیاڵی خۆی ئەوەی کردووە بە بەرگی نامیلکەکەدا منیش بەجوانم زانی).

سەرەتا ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، لە ژمارە (6167)ی هەینی، ڕێکەوتی (30.8.2013)، لاپەڕە (10)دا لەژێر ناوی (ڕاستکردنەوە و داوای لێبووردن)، ئەوەیان نووسیوە کە وێنەکە خۆیان دایان ناوە نەک من (کۆپی ڕوونکردنەوەکە لە سەرەوە لە بەشی یەکەمی وەڵامێکی هێمنانە بۆ دەرسیم دیبەگەیی دانراوە)، هەروەها نەریمان دەبوایە بزانێ مادام کە ئەو وێنەیە لە نووسینەکەمدا لە فەیسبووک و لە ماڵپەڕەکاندا دانەنراوە، کەواتە هی (کوردستانی نوێ)یە، لەبەرئەوەی ئەو وەڵامەکەی منی لە ڕۆژنامەی ناوبراو و فەیسبووک یان لە یەکێ لە ماڵپەڕەکان خوێندۆتەوە، چونکە کوردستانی نوێ و محەمەد کەریم داوایان کرد وشەکانی (درۆ، دزینی خەبات و بوختان) لە نووسینەکەم لادەم، ئینجا ئەوان بڵاوی بکەنەوە. دوای لادان و گۆڕینیان بە وشەی دیکە، کوردستانی نوێ ئەو بابەتەیان دابەزاند، کەچی نەریمان گلەیی ئەوە

دەکات کە ئەو وشانەی سەرەوەم لەدژی ئەو بەکارهێناوە کە تەنیا لە فەیسبووک و ماڵپەڕەکان بوونیان هەیە و لە کوردستانی نوێ بوونیان نییە، دووبارەی دەکەمەوە کەواتە بەدڵنیایی نەریمان مەجید بابەتەکەی منی جگە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، لە فەیسبووک یان لە ماڵپەڕێک لە ماڵپەڕە ئەلکترۆنییەکان خوێندۆتەوە.
هەر دوای دانانی ئەو وێنەیەی ناوەوەی زیندان کە لەلایەن کوردستانی نوێ لە بەشی یەکەمی بابەتەکەم دانراوە، پێوەندیم بە محەمەد کەریم یەکێک لە بەرپرسانی ڕۆژنامەی ناوبراو کرد و بۆم باسکرد کە ئەو دەرگایانە دەرگای سالانی (1980–1981) نین، کە خۆم (16) جاری ڕێک سەردانی ئەو زیندانەم کردووە و هەموو جارێکیش خواردن و کەلوپەلەکانم لەگەڵ هەر دوو شەهیدەکە بردۆتە بەردەم دەرگای سەرەکی ژووری سێدارە و جارێکیش چوومەتە ژوورەوە و بەخێرایی سەیرم کردوون، لە کوردستانی نوێ پێیان ڕاگەیاندم کە کارمەندێکی ئەوان لە گوگلە ئەو وێنەیەی دۆزیوەتەوە و لەگەڵ بابەتەکەمدا دایناوە. بەڵێ بەدڵنیایی ئەو وێنەیەی کە کوردستانی نوێ لەگەڵ بەشی یەکەمی (شکاندنی باستیلەکەی موسڵ، یان چەواشەکردنی مێژوو)دا دانراوە بەدرۆ دەخەمەوە کە ئەو دەرگایانە بەهیچ شێوەیەک دەرگای ژووری سێدارەی بەشی زیندانی موسڵ نین، یەکەم لەبەرئەوەی دەرگاکانی ژووری سێدارە بەدڵنیایی شیشی ئەستوور بوون، دووەم دەرگاکانی ئەو وێنەیەی کە دانراون زیاتر لە دەرگای ژووری تاکژووری (إنفرادي) دەچن کە چوار دەرگای یەک لەدوای یەک دیار، سێیەم ماوەی نێوانی دەرگای ژوورەکانی بەشی سێدارە ئەوەندە لێک نزیک نەبوون وەکو ئەوەی لە وێنەکەدا دیارە، چوارەم هەزار لە سەد دڵنیام کە ئەو دەرگایانە دەرگای ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ نین، چونکە ژوورە گەورەکە بە قاندرمەیەک و ژوورە بچووکەکەش بە دوو قاندرمە دەچوویتە خوارەوە. هەروەها شۆڕش بازیانی، لە ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (14.5.2017)دا لە وەڵامی پرسیارێکم دا کە ئایە دەرگاکانی ژووری سێدارەیان گۆڕی دوای هەوڵی شکاندنی زیندانی ژووری سێدارە، ئەو گوتی: (نا، دەرگاکانیان نەگۆڕی، دەرگاکان هەر دەرگا شیشە ئەستورەکانی جاران بوون، تەنیا لەحیمیان کردنەوە). لێرەدا بە باوەڕ بوونم بەخۆم دووبارەی دەکەمەوە و سوورم لەسەر ئەوەی کە هەر سێ دەرگای ژووری سێدارەی موسڵ لە سەرەوە تا خوارەوە شیشی ئەستوور و پتەو بوون. بۆ زیاتر دڵنیابوونیش لە ڕێکەوتی (17.10.2013)دا قسەم لەگەڵ محەمەد حەسەن خورشید کرد کە بۆ ماوەی نزیکەی سێ مانگ و نیو لە ژووری سێدارەی موسڵ بووە، ئەویش باسی ئەوەی کرد کە هەر سێ دەرگای زیندانییەکانی ژووری سێدارەی موسڵ لە سەرەوە تا خوارەوە شیشی ئەستوور و پتەو بووینە، جگە لە دەرگای حەوشی ژووری سێدارە کە دەکەوتە سەر شوورە بەرزەکە کە نیوەی پلێتی ئاسن و نیوەکەی دیکەشی شیشی پتەو و ئەستوور بوو. هەروەها سەبارەت بە شێوەی دەرگاکان پرسیارم لە فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس کرد، کە ئەویش پێی وابوو دەرگاکان هەموویان لە سەرەوە تا خوارەوە شیشبەند بوون، بۆیە وێنەی ئەو دەرگایانەی کە کوردستانی نوێ دایناوە ئەگەر بەڕاستی دەرگای ژووری سێدارەی موسڵ بن، دەکرێ دوای هەوڵی شکاندنی زیندانەکە گۆڕدرابن. بۆ زیاتر سەلماندنی قسەکەم پەنا دەبەمە بەر نامەیەکی شەهید عەزیز عەبدوڵڵا زۆراب ناسراو بە شەوکەت، کە پێشمەرگەیەکی هەرێمی قەرەداغی (ی. ن. ک) بووەو لە ڕێکەوتی (3.9.1977)دا لە شەڕێکدا بەدیل گیراوەو لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دەدرێت و پاشان ڕەوانەی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ دەکرێت، دواتریش لە ڕێکەوتی (21.1.1978)دا لە سێدارە دەدرێت. شەهید عەزیز عەبدوڵڵا زۆراب، لە نامەیەکدا کە لە لاپەڕەکانی (43–49)ی نامیلکەی (چەند نامەیەک لە زیندانی فاشیستەکانەوە) بڵاوکراوەتەوە، سەبارەت بە دەرگای ژوورەکانی سێدارە نووسیوێتی: (هۆدەی ئیعدام دەرگاکەی لەسەر هۆدەکەی ئێمەیە، ئێمە سێ هۆدەمان هەیە کە هەر سێکیان پڕن، دەرگاکانیان شیشی ئەستوورن).
باشە نەریمان بۆ بیرناکاتەوە، ئەگەر دەرگاکان شیشی ئەستوور نەبوونایە و دەرگای ئاسایی و چەپەک و دەسک بوونایە هەر وەکو ئەو وێنەیەی کە کوردستانی نوێ لەگەڵ بابەتەکەم دا دایانناوە، چۆن بە مشاری ئاسنبڕ دەبڕینەوە؟ ئەگەر دەرگاکان، دەرگای ئاسایی و چەپەک و دەسکی ئاسایی بوونایە، دەبوایە لە دەرەوە ڕا کلیل بدرێن، کە زیندانییەکان تەنانەت دەستیشیان نەدەگەیشتە دەرەوە بۆ ئەوەی کیلۆنەکە یان تۆپ و کلیلەکە ببڕنەوە!

شۆڕش بازیانی، لە گفتوگۆیەکی تەلەفۆنیدا لە ڕۆژی (14.5.2017)دا گوتی: (بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ سێ ژوورن، کە دەچیتە ژوورەوە لە دەستە ڕاست ژوورێکی گەورە کە زیندانییەکان تێیدا دەخەوتن، ناوەڕاست ژوورێک بوو کە فلینەی تیابوو بۆ پاراستنی خۆراک، هەروەها ئاودەستشی تیابوو، لە دەستە چەپ ژوورێکی بچووک هەبوو کە ئەویش زیندانییەکان تێیدا دەخەوتن. لە تەنیشت ئەو ژوورەش ژوورەکانی لە سێدارە دان هەبوو. دەرگای ژوورەکانی ئەم سەرو ئەو سەر واتە ژووره گەورەکە و بچووکەکە، کە ئێمەی زیندانی تیایدا دەخەوتین، بریتی بوو لە شیشی ئەستوور، کە نێوانی شیش و شیشێکی دیکە زۆر کەم بوو، نزیکەی هەر سێ پەنجە دەبوو. هەتا لەبەر کەمی نێوان شیشەکان ئەحمەد عەنچە شەوی هەوڵی شکاندنی زیندان زۆر هیلاک بوو بە برینەوەی ژووره گەورەکە کە ئێمە تێیدا دەخەوتین).

سەبارەت بەوەی کە نەریمان دەڵێ: (ئەی ئەمەی تۆ چی پێ دەڵێن درۆ یان چەواشەکاریی کێ هەبوو بیتوانیبایە وێنەی ناو زیندان بگرێ وا تۆ ئەو وێنەیەت دابەزاندووە)، لێرەدا دووبارە گلەیی خۆم لە کوردستانی نوێ و محەمەد کەریم دەکەم، کە بێلایەنی خۆیان لە دەست داو چەند جارێک ڕێگەیان بە نەریمان دا بۆ بەکارهێنانی ئەو وشەیە لەکاتێکا ڕێگەی منیان نەدا. لە وەڵامی نەریماندا سەبارەت بەوەی کە کێ هەبووە وێنەی ناو زیندان بگرێ، دەڵێم: (لە ژمارە (4749)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (18.12.2008)، لاپەڕە (9)دا لەژێر ناوی "قارەمانی بەر پەتی سێدارەو وێنەیەک لە زینداندا" باسی چۆنێتی بردنە ژوورەوەی کامێرایەک دەکات لەلایەن هاوڕێیەکی شەهید لەتیف عەبدوڵلا ئیبراهیم سەنگەسەری، بەناوی عەلی حەمە سەعید بۆ ناو زیندانی ژووری سێدارەی موسڵ و گرتنی وێنەیەکی شەهید لەتیف کە وێنەکەشی دابەزاندووە، دوای ئەوەی عەلی حەمە سەعیدی ڕێکخستنی دێرین و هاوڕێی ئەو شەهیدە کامێرایەک لەناو کاڵەکێک دەشارێتەوە و دەیگەیەنێتە ناو زیندان و وێنەکەی پێ گرتبوو. خۆ ئەگەر شەهید لەتیف کامێراکەی بۆ دیدەنی داهاتوو لای خۆی بهێشتایەوە، ئەوکاتە بەدڵنیایی دەیتوانی لەو ماوەیەدا وێنەی تەواوی زیندانییەکان و هەموو ژوورەکانی ناو زیندان بە ژووری لە سێدارە دانیش بگرێت). وێنەگرتنی شەهید لەتیف سەنگەسەری لەنێو زیندانی سێدارەی موسڵ، ڕەتکردنەوەی ئەو قسەیەی نەریمانە کە گوایە کێ هەبووە بتوانێ وێنەی ناو زیندان بگرێت.

نەریمان، بە هەموو هزر و توانای خۆی وادەزانێ ئەو وێنەیەی ناوەوەی زیندان کە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، لە بەشی یەکەمی نووسینەکەم داناوە، گوایە من لە بەرانبەر وێنەی بەرگی (شکاندنی باستیلەکەی موسڵ)ی ئەو دامناوە. بۆیە لە وەڵامدا دەڵێم: (بۆ ماوەیەکی باش و چەند ساڵێک وێنە و تابلۆم کێشاوە تا لە ساڵی 1983دا بە تەواوی وازم هێنا، ئەگەر هیچ فێر نەبووبم بایی ئەوەندە شارەزاییم پەیداکردووە کە جیاوازی نێوان وێنە و تابلۆ بکەم). هەروەها ئەو پرسیارەش لە نەریمان دەکەم، هەرچەندە سەدا سەد دڵنیام لە شێوە و چۆنێتی دەرگاکانی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ، بەڵام با وا دابنێین کە هەڵەم کردووە لە باسکردنی چۆنێتی دەرگاکان، باشە هەڵەکردن لە شێوەی باسکردنی دەرگاکان تاوانە و سزاکەی قورسترە، یان نووسینەوەی پڕ لە هەڵە، چەواشەکاری و شێواندنی بە ئەنقەستی مێژووی نەبەردییەکەی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ، کە ئەو کردوویەتی؟

قسەیەک هەیە دەڵێ: (چاکی مەکە با خراپ نەبێ)، ئەوە ڕێک نەریمانە و پێی دەڵێم: (باسی مەکە با خراپ نەبێ)، چونکە دەست بۆ هەر شتێک دەبات یان باسی هەر شتێک دەکات، خراپی دەکات. خۆ ئەگەر باسی دیزاینەر شاروخ خالق-ی نەکردایە، بەدڵنیایی منیش بەدوای ئەو وێنەیەدا نەدەگەڕام و ئەو نهێنییەی دیزاینەرەکەشم بۆ دەرنەدەکەوت! ئاخر نەریمان نووسیوێتی: (ئەگەر لەبەرامبەر وێنەی بەرگی نامیلکەکەی منت دابەزاندووە، ئەوا عەزیزم هەڵەی چونکە وێنەی بەرگی نامیلکەکەی من دیزاینەر (شاروخ خالق) بەخەیاڵی خۆی ئەوەی کردووە بە بەرگی نامیلکەکەدا منیش بەجوانم زانی). ئەوە دەرکەوت وێنەی بەرگی نامیلکەکە تابلۆیەک نیە کە شاروخ کێشابێتیی یان چرکاندبێتی و خۆی خاوەنی ئەم وێنەیە بێ، بەڵکو ناوبراو وێنەکەی لە (پێگەی کۆربەندی بەحرێنی مافی مرۆڤ) وەرگرتووە و تەنیا چەند دڵۆپێک خوێنی لەسەر ناونیشانی نامیلکەکە کە خۆی نووسیوێتی بۆ سەر وێنەکە چۆڕاندۆتەوە. فەرموون سەیری سەرچاوەی وێنە ڕاستەقینەکە بکەن:




بەرگی نامیلکەکەی ئەریمان مەجید و دیزاینەر شاروخ خالق، کە وێنەکەی لە پێگەی سەرەوە وەرگرتووە تەنیا چەند دلۆپێک خوێنی لە ناونیشانی نامیلکەکەوە بۆ سەر وێنەکە چۆڕاندووەتەوە، بەبێ ئەوەی ئەو هاوڕێیەی ئەریمان ئاماژەی کردبێ بە سەرچاوەی وەرگرتنی وێنەکە.




شاروخ خالق و بەرگی نامیلکەکەی ئەریمان مەجید کە وێنەیەکە لە (موقع منتدى البحرين لحقوق الإنسان) وەریگرتووە.



نەریمان، دووبارە لە باسی کوشتنی پاسەوانەکان دەڵێ: (گرنگ ئەوەیە کێ ئەو دوو جەلادەی کوشت بەرواری شەهید بوونی ئازیزەکانی هەر دووکمان دەریدەخات کێ بەکارەکە هەستاوە).
لە سەرەوەدا وەڵامی ئەو شانازییەی نەریمان دراوەتەوە کە گوایە دوو جەللاد کوژراون، بەڵام ئەوانە پاسەوان بووینە نەک جەللاد، هەروەها ئەوەندە دەڵێم بەگوێرەی ڕێککەوتنێکی نێوان زیندانییەکانی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ و جووتە برا فازڵ و مەردان نابوایە هیچ پاسەوانێک بکوژرێت و زیندانییەکان بەڵێنیان بەو دوو برایە دابوو. دواتر کە گفتەکان جێبەجێ ناکرێن و نەریمانیش شانازی بەو بێ بەڵێنییە و کوشتنی دوو پاسەوانەکە دەکات، ئەوە خوێنەر دەتوانێ بڕیاری خۆی بدات. هەروەها بە نەریمان دەڵێم: (گرنگ ئەوەیە کێ ڕاستییەکان دەنووسێتەوە، گرنگ ئەوە نییە کە کێ ئەو دوو پاسەوانە بێتاوانەی کوشتووە، چونکە کێشەی نێوانمان لەسەر نووسینەوەی ڕاستییەکانە وەکو خۆی نەک کێشەی کوشتنی ئەو دوو پاسەوانە)!
نەریمان، سەبارەت بە ڕاکردنی زیندانییەکانی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ لە شەوی (2.6.1981)دا نووسیوێتی: (من نەموتوە لەکوێ گیراون گرنگ ئەوەیە جەبار ئەحمەدو عەدنان سابیر لەپرۆسەکەدا شەهید دەبن‌و ئەو سێ کەسەش بە برینداری دەگیرێنەوە تۆ دەڵێی ئەو چەند کەسەو یەک تا دوو کەس لە ڕەبیعە گیرانەوە هەرچەند دێرێک دوای ئەوە دەڵێی (فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس) باسی ئەوەی بۆ کردم کە تەواوی زیندانییەکان لەگەڵ خۆی‌و مەردانی برای بەبێ هیچ کێشەیەک یا ڕووبەڕووبوونەوەو تەقەکردنێک لەزیندانی موسڵ دەرچوون) ئەی ئەگەر هەموویانی بردووە بۆ باسی ناوی ئەوانی تر نەنووسراوە تۆ دەڵێی (یەک تا دوو) ئەوان زیاد لە دە کەس بوون، بۆیە گومانت لەقسەکەت هەیە کەواتە ئەو سێ کەسە ڕاستەو بەبریندار لەناو حەوشەی سجن‌و دەوروبەری سجن گیرانەتەوە لەگەڵ هاوڕێکانی تریان، خۆ ئەگەر بردونیەتە نزیک ڕەبیعە ئەی بۆچی تۆ هەر خۆت خۆت دەخەیتە درۆوەو دەڵێی (کەچی بەداخەوە دواتر هەر هەموویان هەمان ڕۆژ لەناو شاری موسڵ) دەگیرێنەوە نازانم چی بڵێم تەنهاو تەنها خۆت لەبڕگە (12) تێدەگەی، تەنها مەبەستت ئەوەیە بڵێیت ئەو چەند کەسە شەهیدو بریندار نەبوون، کە منیش لەزاری شێخ فازڵ‌و نامەکانی خۆیان و قسەو ڕاسپاردەکانی خۆیان لای مەلا ئەحمەد چەمچەماڵی باسیانکردووە ئەمە سێیەمین جارە دووبارەی دەکەمەوە).
سەرەتا دەبێ ئەوە بڵێم کە نەریمان لە تەمەنی ئێستایدا کە نزیکەی (45)ساڵێکە، بەمشێوەیە قسەکانی من کە بە نووسراو لە بەردەم خۆیدایە دەیانگۆڕێ و چەواشەیان دەکات، ئاخۆ لە تەمەنی (13)ساڵید ئەگەر شتێکی تەنیا بە دەم بۆ باسکرابێ (هەرچەندە گومانی زۆرم لە ڕاستی قسەکانی هەیە و تا ڕادەیەکی زۆریش دڵنیام کە ئەو قسانەی بەناوی شەهیدان بابان و سەباح دەیانکات هیچی ڕاست نین، کە پێم وایە هەمووی هۆنینەوەی خۆیەتی)، دەبێ چۆن چۆنی بیانگۆڕێ و چەواشەکارییان تێدا بکات؟ دواتر کێشەی نەریمان ئەوەیە تاوەکو ئێستاکە وادەزانێ لەکاتی شکاندنی ژووری سێدارەی موسڵ، تەنیا بەرزانی عومەر عەلی و محەمەد ساڵح کاکەبرا شاوەیس و (13) کەسەکەی بازیان/ دەربەندیخان، کە دواتر (10) هاوڕێیان لە سێدارە دران و (3) کەسیشیان سزاکەیان بۆ کرا بە زیندانی هەتا هەتایە و دواتریش ئازادکران، لە ژووری سێدارەی موسڵ بووینە. ئەو نایەوێ لەوە تێبگات کە ژمارەی زیندانییەکانی ژووری سێدارە (34) هاوڕێ بووینە، ئەوە جگە لەوەی کە لە نووسینی پێشوودا ئاماژەم بە ژمارەی زیندانییەکانی ئەوکاتە داوە و نووسیومە (پێم وایە ژمارەی زیندانییەکان 34 کەس بوون لەکاتی هەوڵی شکاندنی زیندانەکە).
نازانم لە کوێی نووسینەکەم باسی ئەوەم کردووە گوایە فازڵ و مەردان تەواوی زیندانییەکانیان لەگەڵ خۆیان بردووە؟ کەی باسی ئەوەم کردووە کە هەموویان بەیەکەوە لەگەڵ فازڵ و مەردان لای ڕەبیعە بەیەکەوە گیراونەتەوە؟ باسی ئەوەم کردووە بەگوێرەی قسەکانی شێخ فازڵ تەواوی زیندانییەکان، لەگەڵ فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس و مەردانی برای بەبێ هیچ کێشەیەک یان تەقەکردنێک لە زیندانی موسڵ دەرچوون و بەهۆی ئۆتۆمۆبێلەوە لە بەردەم دەرگای زیندان دەستە دەستە بەرەو شوێنی جیاجیا ڕۆیشتن. واتە دوای ئەوەی لە زیندانەکە بەیەکەوە دەرچووینە، لەبەردەم دەرگای زیندان پۆل پۆل بە چەند ئۆتۆمۆبێلێک بەرەو شوێنی جیاجیا ڕۆیشتوون، نەک هەموویان بۆ یەک شوێن ڕۆیشتبن. بەڵام شۆڕش بازیانی، کە خۆی یەکێک بووە لەو (34) هاوڕێیەی کە شەوی هەوڵی شکاندنی زیندانەکە لە ژووری

سێدارەی موسڵ بووە، تەواوی قسەکانی شێخ فازڵ ڕەت دەکاتەوەو دەڵێ: (سەرەڕای ئەوەی لەو شەوەدا هیچ کەسێک بریندار یان شەهید نەبووە، هیچ کام لە شێخ فازڵ و شەهید مەردان هەر لە زیندانیش نەبووینە و کەسیشمان نەماتوانی لەناو زیندان دەرچین و بگەینە سەر جادەی بەردەم دەرگای زیندانەکە).
سەبارەت بەوەی کە نەریمان نووسیویێتی: (تەنها مەبەستت ئەوەیە بڵێیت ئەو چەند کەسە شەهیدو بریندار نەبوون، کە منیش لەزاری شێخ فازڵو نامەکانی خۆیان و قسەو ڕاسپاردەکانی خۆیان لای مەلا ئەحمەد چەمچەماڵی باسیانکردووە ئەمە سییەمین جارە دووبارەی دەکەمەوە)، دەڵێم: (من مەبەستمە بگەمە ڕاستییەکان نەک دژایەتی تۆ بکەم، بەڵام باوەڕناکەم شێخ فازڵ قسەی وای کردبێ چونکە ئەو خۆی دەیان جار باسی ئەوەی کردووە کە کەس بریندارو شەهید نەبووە، هەروەها بەهیچ شێوەیەک ئەو قسەیەشت جێگای باوەڕ نییە کە نامەی شەهیدەکان گوایە ڕاسپاردەی ئەوان کە مەلا ئەحمەد چەمچەماڵی گەیاندوویەتی، چونکە دەبوایە کۆپی یەکێک لە نامەکان بڵاوبکەیتەوە، یان تا مەلای ناوبراو لە ژیاندا مابوو دیمانەیەکی لەگەڵ ساز بکەی). ئەی باشە هەر بەگوێرەی قسەکانی شێخ فازیڵ کە چەندان جار بۆ خۆمی باسکردووە، دەڵێ: (خۆم، مەردانی برام، بەرزان عومەر عەلی، جەبار ئەحمەد زەریفە، عەدنان سابیر و یەک تا دوو کەسی دیکە، پێکەوە لە زیندان دەرچووین، بەڵام دواتر لە کاتژمێری (9)ی بەیانی ڕێکەوتی (5.6.1981)دا لە نزیک شارۆچکەی ڕەبیعە کە دەکەوێتە نزیک سنووری سوریا لەلایەن مەفرەزەیەکی سوپای میللی (الجیش الشعبي) دەستگیرکراین)، کە منیش پێشتر ئەوەم لەسەر زاری شێخ فازڵ یوسف گێڕاوەتەوە. ئەوەش مانای ئەوەیە کە ئەو چەند کەسە بەیەکەوە ڕۆیشتوون نەک تەواوی زیندانییەکان لەگەڵ فازڵ و مەردان بەرەو سنووری وڵاتی سوریا ڕۆیشتبن و لە نزیک ڕەبیعە بەیەکەوە گیرابنەوە. ئەوانەی دیکەش کە شێخ فازڵ بۆی باسکردووم گوایە بەشێوەی دەستەی چەند کەسی بەرەو شوێنی دیکە ڕۆیشتبوون، کە گوایە ئەوانیش هەموویان لەناو شاری موسڵ و سنووری ئەو پارێزگایە پۆل پۆل لە شوێنی جیاجیادا گیراینەوە. نازانم ئێستاش نەریمان لەوە تێگەییشت، کە بەگوێرەی قسەکانی شێخ فازڵ تەنیا ئەوانەی ناویان لە سەرەوەدا نووسراوە لە کۆی (34) هاوڕێی ڕاکردوو، لەگەڵ فازڵ و مەردانی برای ڕۆیشتوون و هەر ئەو چەند کەسەش لە نزیک ڕەبیعە پێکەوە گیراونەتەوە؟ هەر بەپشت بەستن بە قسەکانی شێخ فازڵ، گوایە ئەوانەی لەو (34) کەسە کە دەمێنێتەوە بەشێوەی گروپی بچووک بچووک بەرەو شوێنی جیا جیا ڕۆیشتوون، کە دواتر هەموویان لە شوێنی جیا جیای ناو شاری موسڵ و سنووری ئەو پارێزگایە لەلایەن چەندان مەفرەزەی ئەمن، ئیستخبارات، حزبی، سوپای میللی، سەرباز و پۆلیس دەستگیر کرانەوە. بەڵام شۆڕش بازیانی، کە ئەو لەکاتی شکاندنی زیندانەکە لە ژووری سێدارە بووە و یەکێک بووە لەو (34) کەسەی کە بەشدار بووینە لە ئۆپراسیۆنەکە، تەواوی ئەو قسانەی شێخ فازڵ بە ناڕاست دادەنێ و سوورە لەسەر ئەوەی کە لەو شەوەدا هیچ زیندانییەکی ژووری سێدارە لە بەشی سێدارە و شوێنی دیدەنی زیاتر نەچوونەتە دەرەوە، کە دواتر بەهۆی تەقەی چڕی پاسەوانەکان هەموویان گەڕاونەتەوە ناو دوو ژوورەکەی خۆیان، هەروەها کەس بریندار و شەهید نەبووە. خۆیشم زیاتر باوەڕم بە قسەکانی شۆڕش بازیانی هەیە، بۆیە لەمەودوا تەنیا بۆ وەڵام دانەوە و ڕوونکردنەوە باسی قسەکانی شێخ فازڵ دەکەم سەبارەت بە ڕاکردنی کۆمەڵێک زیندانیی لەگەڵ خۆیی و مەردانی برای بەرەو سنووری سوریا و گیرانەوەیان لای شارۆچکەی ڕەبیعە، کە پێشتر پشتم بەو قسەیەی ئەو بەستبوو، بەڵام کە لەلایەن شۆڕش بازیانی ڕاستیم بۆ ڕوون بووەوە، چیتر پشت بەو قسەیەی شێخ فازڵ نابەستم و بەهەڵەی دەزانم. بۆیە خۆم پشت بە قسەکانی شۆڕش بازیانی دەبەستم نەک قسەکانی فازڵ یوسف ئەلیاس، کە لەو باوەڕەدام هیچ زیندانییەک شەهید نەبووەو هیچیشیان نەیانتوانیوە لەناو زیندان دەربچن و بگەنە سەر شەقام و بە ئۆتۆمۆبیل بڕۆن.
سەیرە نەریمان سەرەڕای ئەوەی کە ناتوانێ جیاوازی لەنێوان پلان و پیلان بکات، ناتوانێ جیاوازی لەنێوان (سێ و سی)ش بکات! نەریمان نووسیویێتی: (ئەمە سییەمین جارە دووبارەی دەکەمەوە)، لەبری ئەوەی بنووسێ ئەوە سێیەم جارە دووبارەی دەکەمەوە. ئاخر تاوانی من چییە، کە تۆ وا فێربوویت کە شت زۆر دووبارە بکەیتەوە؟
هەروەها دیسان گلەیی لە محەمەد کەریم و کوردستانی نوێ دەکەم، کە ڕێگەیان دا بە نەریمان وشەی (درۆ) لە بەرانبەر مندا بەکاربێنێ، کە نووسیویێتی: (تۆ هەر خۆت خۆت دەخەیتە درۆوە)، دیارە ئەوان حزبێکی ئیسلامپەرست و

خێڵەکین نەک سۆسیال دیموکرات و باوەڕیان بە (إنصر أخاك ظالما أو مظلوما/ براکەت سەرخە ئەگەر ستەمکار یان ستەم لێکراو بوو) هەیە، بۆیە محەمەد کەریم و کارمەندانی کوردستانی نوێ کە وەکو نەریمان سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانن، نەریمانی برایان کە ستەمکارە سەر دەخەن!
نەریمان دەڵێ: (ئێمە نەمانوتووە ئێمە خاوەن بیرۆکەو داڕێژەرو جێبەجێکاری نەخشەکە بووین، بەڵکو دەڵێین ئەگەر ئەو چەند شەهیدە سەربەرزەی لەسەرەتاوە ئاماژەت پێکردووە گەر خاوەنی بیرۆکەی داڕێژەر بووبێت، ئەوا شەهیدەکانی ئێمە جێبەجێکاری پرۆسەکە بوون).
ئای چەند شەرمە مرۆڤ ئاگای لەوە نەبێت کە چ قسەیەکی کردووە یان چی نووسیوە! کە کێشەی سەرەکی نێوان نەریمان و من لەسەر ئەوەیە کە شەهیدەکانی بازیانی کردووە بە خاوەنی بیرۆکە و نەخشە و پلاندانەری هەوڵی شکاندنی ژووری سێدارەی موسڵ، دووبارەی دەکەمەوە کە بیرۆکە و پلانەکە لە ڕاستیدا هیچ پێوەندییەکی بە (10) شەهیدەکەی بازیانەوە نییە و (4) هاوڕێی دیکەی شەهید خاوەنی بووینە کە پێشتر ناوم بردوون. نەریمان لە دوو ژمارەی کوردستانی نوێ و نامیلکەی (شکاندنی باستیلەکەی موسڵ) بەمشێوەیە نووسیوێتی:
**یەکەم:** لە ژمارە (2164)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێی ڕێکەوتی (5.6.2000)دا نووسیوێتی: (هەر بە گەیشتنیان بە قەسابخانەکەی موسڵ بیر لە داڕشتنی پلانێک دەکەنەوە بۆ شکاندنی زیندانەکە ئەویش بە هاوکاری دوو (سجان) کە کوردی ئێزیدی دەبن هەروەها لەوێش چەند کەسێکی تری لێ دەبێت وەک عومەر میرزا و محەمەد حەمە ساڵح کاکەبرا (ئامانج شاتری) بەیەکەوە ڕێک دەکەون).
**دووەم:** لە لاپەڕە (13)ی نامیلکەی (شکاندنی باستیلەکەی موسڵ) نووسیوێتی: (ئەوە بوو ڕۆژی 19.5.1981 پاش دادگایی کردنیان لە بینای دادگای هەیئە خاسەی کەرکوک کە ژمارەی بەنکراوەکان 16 کەس بوون بڕیاری لە سێدارەدانی 13یان دراو سزای 20 ساڵ بۆ محەمەد عەبدوڵڵا، ئەمین و ئیسماعیل بڕایەوە. چەند ڕۆژێک دوای بڕیارەکە 13 کەسەکە بۆ بەندیخانەی موسڵ ڕەوانە کران و 3 کەسەکەش بۆ ئەبوغرێب. هەر بە گەیشتنیان بە قەسابخانەکەی موسڵ بیریان لە داڕشتنی پلانێک کردەوە بۆ شکاندنی زیندانەکە ئەویش بە هاوکاری دوو سەجان کە کوردی ئێزیدی دەبن بەناوی شێخ فازڵ یوسف ئەلیاس و شێخ مەردان یوسف ئەلیاس کە برا دەبن، هەروەها لەوێش چەند کەسێکی تری لێ دەبێت وەک بەرزان عومەر عەلی و عومەر میرزا و محەمەد حەمەساڵح کاکەبرا ناسراو بە ئامانج شاتری بەیەکەوە ڕێک دەکەون). لە سەرەوەدا نەریمان بۆ جارێکی دیکە مێژووی دادگاییکردن و گواستنەوەی ئەو (13) هاوڕێیەی بازیانی بۆ ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ بەهەڵە نووسیوە، کە ئەوان لە ڕۆژی (18.5.1981) لە هەیئە خاسە دادگایی کراون و بۆ ڕۆژی پاشتر (19.5.1981) بۆ موسڵ گواستراونەتەوە.
**سێیەم:** لە لاپەڕە (16)ی کوردستانی نوێ، ژمارە (6104)ی ڕۆژی (14.6.2013)دا نووسیوێتی: (پۆلە شەهیدەکەی بناری بەمۆی خانەقین کە ڕاگوێزرابوون بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکانی تەیناڵ و گۆپاڵەی نزیک بازیان، بۆ ئەوەی سەروەرییەکی تر بخەنە سەر تۆماری پڕ سەروەری ی. ن. ک، بە هاوکاری کەس و کاریان و چەند (سجان)ێکی کوردی ئێزیدی بەناوی شێخ فازڵ یوسف ئەلیاس و شێخ مەردان یوسف ئەلیاس لە زیندانی موسڵ، توانیان شەوی ½-6-1981 لە ساڵیادی دامەزراندنی ی. ن. ک-دا دەرگای قەسابخانەی موسڵ بشکێنن و دوان لە جەلادەکانیش بە سزای گەل و شۆڕش بگەیەنن).
ئایە ئەوەی نەریمان لە کوردستانی نوێی ژمارە (2164) و (شکاندنی باستیلەکەی موسڵ) و کوردستانی نوێی ژمارە (6104)دا نووسیوێتی، مانای ئەوە نییە کە شەهیدەکانی بازیان خاوەنی بیرۆکەی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ و پلاندانەری نەخشەکە و جێبەجێکاری هەوڵەکە بووبن؟
سەبارەت بە دیواربەندی شەهیدان، کە لە بەهاری ساڵی (2009)دا لەلایەن سەرۆکایەتی شارەوانی دەربەندیخان وەکو ڕێزلێنانێک بۆ ئەو دە شەهیدەی دەربەندیخان/ بازیان دروستکراوە، نەریمان دەڵێ: (ڕەنگە تۆ مافی ئەوەت نەبێ بە شەهیدەکانی ئێمەوە تا پێشنیارمان بۆ بکەیت چی بکەینو چی نەکەین)، بە نەریمان دەڵێم: (ئەگەر تەنیا دە شەهیدەکەی دەربەندیخان/ بازیان بەتەنیا و هەموو کارەکانیان کردبێ، ئەوان خاوەنی بیرۆکەکە بووبن، پلانەکەیان داڕشتبێ،

پارەیان دابێ، بۆ ماوەی نزیکەی چوار مانگ خەریکی بڕینەوەی دەرگای ژوورە بچووکەکە بووبن، ئەوکاتە مافی نەک پێشنیار بەڵکو قسەکردنیشم نەبوو. بەڵام دیواربەندێک کە لە ئەنجامی ناڕاستگۆیی تۆ و لەسەر زەوتکردنی هەوڵی کەسانی دیکە، بردنی خەبات و بێبەشکردنی کۆمەڵێک شەهید کە خاوەنی بیرۆکە و پلاندارێژەر بووبن، کاریان بۆ ئەو ئامانجە کردبێ، پارەیان دابێ، شەوانە و بۆ ماوەی نزیکەی چوار مانگ خەریکی بڕینەوەی دەرگای ژوورە بچووکەکە بووبن بۆ ئەوەی لە زیندان و مەرگ ڕابکەن، تۆش بێیت و هەموو خەبات و هەوڵەکەی ئەوان بەناڕەوا ببەیت و داگیری بکەیت بۆ دە شەهیدەکەی بازیان، بەڵێ بەدڵنیایی مافی ڕەخنەو پێشنیاریشم هەیە).
ئەو وەڵام و قسانەی سەرەوەی نەریمان ڕێک وەکو ئەو پەندە کوردییە وایە کە دەڵێ: (تا خاوەن ماڵ دزی گرت، دز خاوەن ماڵی گرت). نەریمان دەبوایە لەدوای ئاشکرابوونی ئەوکارەی دەمی نەکاتەوەو وەکو نوعامە سەری بشارێتەوە، کەچی بەداخەوە مافی ڕەخنەگرتن و پێشنیاریشم لێ زەوت دەکات. ئاخر چۆن مافی پێشنیارو ڕەخنەگرتنم نەبێ، کە لە دیواربەندەکە تەنیا وێنەی دە فیشەک و دە گوڵی سوور وەکو هێمایەک بۆ دە شەهیدەکەی بازیان/ دەربەندیخان دانراوە، ئایە ئەوە بردنی هەوڵ، کار، خەبات، ماندوو بوون و مێژووی کەسانێکی دیکە نییە بۆ ئەو دە شەهیدەی بازیان، کە ئەوان هاتوونەتە سەر سفرەیەکی ئامادە؟ بەدڵنیایی بەر لە هاتنی ئەوان بۆ ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ بە نزیکەی پێنج مانگ یان زیاتر سەبارەت بە هەوڵی شکاندنی زیندانەکە قسە لەگەڵ شێخ فازڵ و مەردانی برای کراوە، پارە بۆ کڕینی مشاری ئاسنبڕ، گوریس و چەقۆ کۆکراوەتەوە، دواتر لە مانگی شوبات کەرەستەکان بەهۆی مەردان و فازڵ گەیشتۆتە ناو ژووری زیندان، لە مانگی شوبات تا گەیشتنی بازیانییەکان لە ڕۆژی (19.5.1981)دا زیندانییەکان شیشی ژوورە بچووکەکەیان بڕیوەتەوە، لە ڕۆژی گەیشتنی ئەوان بەو زیندانە هیچ کاری دیکە نەکراوە، تا لە کاتژمێری دەو نیوی کۆتایی شەوی (1.6.1981)دا ئەحمەد عەنچە لە ژوورە بچووکەکە دەرچووەو سەرەتا ڕەشۆ حەیدەری پاسەوانی لە ژووری ناوەڕاست کە پڕ بوو لە فلینە و خۆراک بەتەنیشت ئاودەستەکەوە کوشتووە، دواتر هەر بەتەنیا بۆ ماوەی نزیکەی (45) خولەک تا یەک کاتژمێر شیشەکانی دەرگای ژوورە گەورەکەی بڕیتەوە، وەستاون تا دەوروبەری کاتژمێری دوای دوازدە و نیوی سەرەتای شەوی (2.6.1981)، تا ئەحمەد عەرەب پاسەوانی دیکە هاتۆتە ژوورەوە بۆ ئەوەی شوێنی ڕەشۆ حەیدەر بگرێتەوە و ئەو بەڕێ بکات، کەچی ئەحمەد عەنچە پەلە دەکات و پەلاماری دەدات و بە چەقۆ دەیەوێ ئەویش بکوژێت، بەڵام ئەحمەدی پاسەوان بە برینداری خۆی لەدەستی ئەحمەد عەنچە ڕزگار دەکات و هاواری یارمەتی و بەهانەوە چوون دەکات لە پاسەوانەکانی دیکەی زیندان و هۆشیاریان دەکاتەوە. ئەحمەد عەرەبی پاسەوان، سەرەڕای بریندار بوونی دەرگاکان دادەخاتەوەو پاسەوانی دیکەی چەکدار بەهانایەوە دێن و نایەڵن هیچ زیندانییەک ڕێگەی دەرەوە بگرێت و ڕزگاری بێت. بەگوێرەی قسەکانی شۆڕش بازیانی، ئەو یەکێکە لەو (13) هاوڕێیەی بازیان، کە دواتر بە مەرسومی کۆماری سزاکەی لە سێدارەوە گۆڕدرا بۆ زیندانی هەتاهەتایە و لە ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (14.5.2017)دا بە تەلەفۆن گفتوگۆمان کرد، گوتی: (لەڕاستیدا ئێمە چووینە سەر سفرەیەکی ئامادە، چونکە ئەو شتانە هەمووی لەوانەی پێش ئێمە بۆ ئێمە مایەوە. شەهیدان مامۆستا جەمیل، جەلال سورداشی، بەرزانی عومەر عەلی و عومەر میرزا، هەموو ئامادەکارییەکانیان تەواو کردبوو، ئەوان بیریان لە شکاندنی زیندانەکە کردبووەوە، کە پێش ئەوانیش هەوڵێکی دیکە هەبووە. ئەوان نەخشە و پلانەکەیان داڕشتبوو، ئەوان پارەیان بۆ کڕینی کەرەستەکان و شێخ فازڵ و شەهید مەردان کۆکردبووەوە. کە ئێمە واتە سێزدە کەسەکەی بازیان گەییشتین دەمێک بوو مشار، گوریس و چەقۆ گەیشتبووە دەستیان. ئێمەی بازیانی تەنیا پەنجا فلسیشمان نەداوە). ئاخر کە نەریمان ئەو هەموو شتەی سەرەوە فەرامۆش و پشتگوێ دەخات، سەرەڕای ئەوەش زماندرێژی دەکات، بۆیە دەبێ وەڵامێکی توندی بدرێتەوە. بۆیە دەڵێم: (دیواربەندی شکێنەرانی زیندانی موسڵ لە شارۆچکەی دەربەندیخان، کارێکی ناڕەوایە و مافی ژمارەیەک زۆر شەهیدی ڕۆشنبیر، قاڵبووەوەی کوڕی خەبات و تێکۆشان، کادیری سیاسی و سەربازی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەهۆی کەسێکی وەکو نەریمان مەجید خوراوە، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەو دیواربەندەی دەربەندیخان هەڵبگیرێ و دیواربەندێکی دیکە دروستبکرێ کە ناوی هەر چوار شەهیدە سەربەرزەکە، کە خاوەنی بیرۆکە، پلاندارێژەر و سەرپەرشتیکاری

هەوڵەکە بووینە لە سەرەوە بنووسرێت و ناوی سەرجەم ئەو شەهید و کەسانەی کە لە سەرەتای ساڵی (1981)دا تا ڕۆژی ئۆپراسیۆنی شکاندنی بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ لە ڕێکەوتی (2.6.1981)دا، لەو زیندانە بووینە لەگەڵ ناوی شەهید مەردان یوسف شێخ ئەلیاس و فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس، لەسەر دیواربەندە نوێکە بنووسرێت. ئەو دیواربەندە نوێیەش لەبەردەم وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفال کراوەکان، یان بەردەم تەلاری بەڕێوەبەرێتیی گشتیی کۆمکاری زیندانە سیاسییەکانی کوردستان دابنرێت).

نەریمان هەم بەگوێرەی نووسینەکانی خۆی کە پێشتر لە کوردستانی نوێ و لە نامیلکەکەیدا بڵاویکردونەتەوە، باسی ئەوە دەکات کە ئەو شەهیدانەی بازیان بە گەیشتنیان بە قەسابخانەکەی موسڵ دەستبەجێ بیریان لە دارشتنی پلانێک کردەوە لەپێناوی شکاندنی زیندانەکە، کەچی لە وەڵامەکەی خۆی بەناوی (وەڵامێکی هێمنانە بۆ دەرسیم دیبەگەیی) کە لە کوردستانی نوێ بڵاوکراوەتەوە، (180) پلە هەڵگەڕاوەتەوە و نکۆڵی لەوە دەکات کە ئەوان خاوەنی بیرۆکەی شکاندنی زیندان، داڕێژەری نەخشەو پلانەکە و تەنانەت جێبەجێکاری نەخشەکەش بووبن. نەریمان هەتا ئەوەش نازانێت کە جێبەجێکردنی نەخشەکە دەکاتە خودی پرۆسەکە، کە باسی ئەوە دەکات ئەوان جێبەجێکەری نەخشەکە نین، بۆیە نووسیویێتی: (ئێمە نەمانوتووە ئێمە خاوەن بیرۆکەو داڕێژەر و جێبەجێکاری نەخشەکە بووین، بەڵکو دەڵێین ئەگەر ئەو چەند شەهیدە سەربەرزەی لە سەرەتاوە ئاماژەت پێکردووە خاوەنی بیرۆکەی داڕێژەر بووبێت، ئەوا شەهیدەکانی ئێمە جێبەجێکاری پرۆسەکە بوون). ئەی ئەوە نەریمان نییە لە کوردستانی نوێ باسی ئەوەی کردووە، کە گوایە بە تەنیا پۆلە شەهیدەکەی بناری بەمۆ بە هاوکاری کەسوکاریان و دوو پاسەوانی زیندانەکە (فازڵ و مەردان) زیندانەکەیان شکاندووە؟

نازانم ئێستاش و دوای ئاماژەکردنم بەو قسانەی نەریمان، کە لە نووسینەکانی ئەودا وەرم گرتووە، چی بەخۆی دەڵێت و خۆی بە چی ناودەبات؟ نازانم نەریمان ئێستا بۆی دەرکەوت کێ باری دەروونی نائارامە و تەواو نییە؟

نەریمان، سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی هەوڵی شکاندنی زیندانی ژووری سێدارەی موسڵ دەڵێت: (جگە لەئێزگەی دەنگی کوردستانی عیراق (سەر بەپارتی دیموکراتی کوردستان) چەندان کەناڵی تری موعارەزەی عیراق باسی هەوڵەکەی کردووە کاتی خۆی بۆ نموونە (صوت العراق) لەدیمەشقو دەنگی گەلی کوردستان).

دوای شکاندنی زیندانی سێدارەی موسڵ و بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە، ئێزگەی دەنگی کوردستانی ئێراق، دەنگی ئێراق، ڕادیۆی سوریا لە دیمەشق، باسی هەوڵی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ و ئەو داستانەیان کرد. لەگەڵ هەواڵی لە سێدارە دانی هەر پۆلێک شەهید لە زیندانی موسڵ، ڕادیۆکانی دەنگی ئێراق، ڕادیۆی دیمەشق، مۆنتیکارلۆ و لەندەن ناوی شەهیدەکان و ڕۆژی شەهید بوونیانی دەخوێندەوە. سەبارەت بە ناوهێنانی (دەنگی گەلی کوردستان) لەلایەن نەریمانەوە، دەڵێم: (ئەوکاتە هیچ ئێزگەیەک نەبووە بەو ناوەوە، بەڵکو ڕادیۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ڕێکەوتی (21.3.1979)دا سەرەتا پەخشی ئەزموونی بەناوی (دەنگی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) و دواتریش بەناوی (دەنگی شۆڕشی ئێراق) پەخشی ئاسایی خۆی بڵاوکردۆتەوە، پاشان لەدوای کۆتایی هاتنی گفتوگۆی نێوان یەکێتی و ڕژێمی بەعسی سەدامی لە ڕێکەوتی (15.1.1985)دا ناوەکەی بۆ دەنگی گەلی کوردستان گۆڕدرا، بەڵام پێم وانییە دەنگی شۆڕشی ئێراق بە تاکە وشەیەکیش باسی نەبەردی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانەکەی موسڵی کردبێ، کە ڕۆژانە گوێگری ئەو ڕادیۆیە بوویمە (جگە لەو ڕۆژانەی کە ئێزگەکە بەهۆی هەڵەی تەکنیکی یان گواستنەوە لەکار کەوتبێ و وەستابێ)، هەروەها گۆڤاری کۆمەڵەش کە تەواوی ژمارەکانیم لە چوار بەرگدا هەیە باسی ئەو هەوڵەی نەکردووە). سەبارەت بەو قسەیەی نەریمان کە گوایە هەواڵی شکاندنی زیندانی سێدارەی موسڵ لە دەنگی گەلی کوردستان (دەنگی شۆڕشی ئێراق) بڵاوکراوەتەوە، مەگەر دەنگی گەلی کوردستان دوای لە سێدارە دانی ئەو (10) شەهیدەی بازیان، یان لە بەرنامەی کاروانی شەهیدان کە ژیاننامەی ئەو شەهیدانەی خوێندبێتەوە باسی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵی کردبێت، ئەگینا بە هیچ شێوەیەک لە مانگی (6)ی ساڵی (1981)دا باسی نەکردووە کە ڕۆژانە هەم بۆ بیستنی چالاکی پێشمەرگە، هەواڵەکان و بە مەبەستی بیستنی هەواڵی ئەو نەبەردییەی شکاندنی زیندانی موسڵ، ڕادیۆی ناوبراوم کردۆتەوە.

جا نازانم نەریمان چۆن بەو (13) ساڵ تەمەنەی خۆی پێراگەیشتووە ڕادیۆکانی دەنگی ئێراق، دەنگی شۆڕشی ئێراق، ئێزگەی دەنگی کوردستانی ئێراق و چەندان کەناڵی دیکەی موعارەزەی ئێراق کە هەر خۆی ناوەکانیان دەزانێت، گوێ لێ بگرێت؟ نەریمان، تەنانەت باسکردنی هەواڵی شکاندنی زیندانەکەشی لەو ئێزگانە لە چیمەن ساڵح کاکەبرای خوشکی شەهید ئامانج شاتری وەرگرتووە، بەڵام بەبێ ئەوەی ئاماژە بە سەرچاوەکە بدات، کە چیمەن نووسیویێتی: (ئەم هەواڵە لە هەموو ڕاگەیاندنەکانی کوردستان و (صوت العراق من دمشق) بڵاوکرایەوە و لە هەندێکیان هەواڵی ڕزگاربوونیان ڕادەگەیەنن).

نەریمان، لە وەڵامی ئەوەی کە نووسیومە ئەو دەبێ لە ئاست چەواشەکاری، شێواندنی مێژووی کۆمەڵێک تێکۆشەر، دارشتنی کۆمەڵێک شتی ناڕاست و ناڕەوا، داوای لێبووردن لە شەهیدان، بنەماڵەکانیان و ڕێکخراوەکەیان بکات، نووسیویێتی: (من کە هیچ هەڵەیەکم بەرامبەر بەشەهیدانو کەسوکاریان نەکردبێ ئیتر بۆ داوای لێبووردن بکەم. ئەوە تۆی دەبێ داوای لێبووردن بکەیت لە ی.ن.ک و خزمو کەسوکارەکەم چونکە دوور لەهەموو عورفێکی ئیسلامیو کوردایەتی بەشەهیدەکانمان دەڵێی (سوپەرمان) بەشێوەیەکی گاڵتەئامێز کە ئەمە قابیلی قبوڵکردن نییەو کەسوکاری شەهیدەکان تەنها لەسەر ئەم وشەیە سکاڵای یاساییت لەدادگا لەسەر تۆمار دەکەن).

سەرەتا هەموو ئەوانەی ئایین، پارت یان شەهیدان دەکەن بە چەکی دەستیان بۆ هێرشکردنی ناڕەوایانە بۆ سەر نەیارەکانیان بە مەبەستی بێدەنگ کردنیان، یان ئایین، پارت و شەهیدان دەکەن بە قەڵغانی بەرگری کردن لە خۆیان لەپێناوی داپۆشینی هەڵە، ناڕاستگۆیی، بێویژدانی و تاوانەکانیان، بەدڵنیایی دەڵێم ئەوانە کەسانی شکستخواردوو، بێ وەڵام و هەڵگری پەیامی ڕاستی نین و ناتوانن ڕاستییەکان بسەلمێنن، بۆیە ڕێگای وا دەگرنە بەر و شەهیدان دەکەنە چەکی بەرگری.

پێم وایە نەریمان ئەوەندەی سۆسیال ئیسلامی و عەشائیرە، یەک لە سەدی ئەوەندە سۆسیال دیموکرات نییە، لەکاتێکدا کە خۆی بە ئەندامی حزبێکی سەر بە سۆسیال دیموکراتی وەکو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەزانێ. ئەگینا کەی ڕەوایە کەسێک کە بەناو سەر بە پارتێکی سۆسیال دیموکرات بێت، کەچی بێ شەرمانە داکۆکی لە عورفی ئیسلامی بکات؟ نەریمان مەجید باسی عورفی ئیسلامی دەکات، دەپرسم کام ئیسلام؟ ئیسلامی سوننی یان شیعی؟ ئیسلامی توندڕەو یان میانڕەو؟ ئیسلامی قاعیدە یان ئەنسار ئیسلام؟ ئیسلامی داعشی یان جیهادی نیکاح؟ ئیسلامی سیاسیی یان ئیلاهی؟ ئیسلام بۆتە سەدان بەش و ڕۆژانە هەزاران فەتوای دژ بەیەک و بێمانا دەردەکەن، تۆ باسی چیم بۆ دەکەی؟ بۆیە پێم وایە بۆ نەریمانی سۆسیال عەشایەر باشترە بچێت لە مزگەوتێکا ببێت بە مجێور و خزمەتی مزگەوت بکات، نەک لەناو ئەو حزبەدا بمێنێتەوە.

نەریمان زۆر جار وەڵامی نووسینەکەی منی نەداوەتەوە و بەلای بابەتێکی دیکەدا چووە، کە دوورە لە نووسینەکەم و هیچ پەیوەندییەکی پێیەوە نییە. داوام لە ناوبراو کردووە لە ئەنجامی هەڵەی بە ئەنقەست، شێواندنی مێژوو، چەواشەکاری هەوڵی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ و چەندان ناڕاستی و بێویژدانی ناو نامیلکەکەی داوای لێبووردن لە خانەوادەی شەهیدان بکات، خۆ من نەمنووسیوە با داوای لێبووردن بکات لەبەر ئەوەی هەڵەی بەرانبەر بە شەهیدەکان کردووە! ئەو لە وەڵامی ئەو داوایەی مندا نووسیویێتی: (من کە هیچ هەڵەیەکم بەرامبەر بەشەهیدانو کەسوکاریان نەکردبێ ئیتر بۆ داوای لێبووردن بکەم). ئاخر لە کوێی نووسینەکەمدا باسی هەڵەی نەریمانم بەرانبەر بە شەهیدەکان و کەسوکاریان کردووە؟ بەڵکو نووسیومە کە نەریمان خەباتی شەهیدانی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیی و شەهیدەکانی بازیان دەستکاری کردووەو شێواندووە!

گومانم هەیە نەریمان بزانێ (سوپەرمان) مانای چییە، ئەگینا بەمشێوەیە لە بەکارهێنانی ئەو زاراوەیە تووڕە نەدەبوو؟ سوپەرمان واتە مرۆڤی بەهێز، تێناگەم بۆ ئەگەر بنووسی بەشێوەی مرۆڤی بەتوانا یان بەهێز (سوپەرمانانە) دەبێ ئەو دەستەواژەیە سووکایەتی بێت بە شەهیدەکان؟ ئەگەر نەریمان دەڵێ گوایە بەشێوەی گاڵتەئامێز بەکارم هێناوە، ئەوە لێکدانەوەی هەڵەی خۆیەتی و با بچێت سکاڵای خۆی و خزمەکانی لە دادگا تۆمار بکات. خۆ ئەگەر نەبەردییەکەی شکاندنی زیندانی ژووری سێدارەی موسڵ سەرکەوتنی بەدەست بهێنابایە و زیندانییەکان ڕزگاریان بوایە، لە دەیان

گۆڤار، ڕۆژنامە، ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بە هەوڵێکی سوپەرمانانە دادەنرا. ئەی ئەوکاتە نەریمان چی دەکرد، دیسان ڕێگای دادگای دەگرت و سکاڵای لەدژ گشت لایەکی ئەو دەزگا میدیانە تۆمار دەکرد؟ خۆ شەهید مامە ڕیشە، دەیان و سەدان چالاکی سوپەرمانانەی بۆ کورد و کوردستان ئەنجام داوە، ئایە نەریمان مەجید ئەوەش بە سووکایەتیکردن بە مامە ڕیشە دادەنێت؟ باشە چەندان جار پێشمەرگە بەشێوەی سوپەرمان هاتوونەتە نێو شار و چەندان چالاکییان ئەنجام داوە و هەندێک لە پێشمەرگەکان شەهیدیش بووینە بۆ نموونە شەهید ئاسۆی دەلاک و شەهید سەرداری سەعید سۆفی، ئایە نەریمان ئەوەش بە سووکایەتی کردن بەو دوو شەهیدە دەزانێ، یان ئەو دەربڕینەش بە دەربڕینێکی گاڵتەئامێز دەزانێ؟ ئەگەر پێی وایە ئەوەشم سووکایەتی کردن و دەربڕینێکی گاڵتەئامێزانەیە، با لەگەڵ خزم و کەسی ئەو سێ شەهیدەش بچێت ڕێگای دادگام لێبگرێت و سکاڵا تۆمار بکەن.

نەریمان دەڵێ (ئەمە قابیلی قبوڵکردن نییە)، ئای ئەگەر نەریمان دەیزانی چەند ڕقم لەو دەستەواژەیە، چونکە کورد و سەرکردایەتی کورد لە بەرانبەر دوژمنانی کورد و کوردستان زۆر ئەو ڕستە بێ ماناو کورتەیان دووبارە و سەدبارە کردۆتەوە، وەلێ هیچ هەنگاویان بۆ نەناوە و هەردەم پێچەوانەکەی (قابیلی قبوڵکردنە) تەواو دەرچووە.

لە وەڵامی ئەوەی کە نەریمان مەجید نووسیوێتی: (ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە ورد نەبووە لە نووسینەکەیدا بەڵکو شپرزەیی‌و بارێکی دەروونی نائارامی پێوە دیارە)، دەڵێم: سەرەڕای ئەم هەموو هەڵە، شێواندن و چەواشەکارییە مێژووییەی لە نووسینەکانی نەریمان دیاریم کردووە، هەروەها وەرگرتنی چەند نموونەیەک لە نووسینەکەی ناوبراو کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێ دەدەم، بۆ خوێنەر دەردەکەوێ کە کاممان شپرزەیی و بارێکی دەروونی نائارام و ناڕێکمان پێوە دیارە؟ ئەمەش چەند نموونەیەکی شپرزەیی و بارانی دەروونی نائارامی نەریمانە کە لە نووسینەکەی خۆیدا وەرگیراوە:

**یەکەم**: (دەتوانن سەیری برقیەی تەبلیغی ڕۆژی مواجهەکەی (سەباح مەجید سەعید) 1.6.1981 بکەن ئەوەی بینومانە براو خزم‌و کەسە نزیکەکانی خۆمان بووە، ئیتر نە براو نە ئامۆزای (دەرسیم)م بینیوەو نە ناسیومن).

ئای کە چەند شەرمە نەریمان ئاماژەی بە بروسکەی ئاگادارکردنەوە (تەبلیغ)ی ڕۆژی دیدەنی شەهید سەباحی برای کردووە، کەچی کۆپی بروسکەی ئاگادارکردنەوەکەی دانەناوە، لەکاتێکدا خۆی نووسیوێتی: (دەتوانن سەیری برقیەی تەبلیغی ڕۆژی مواجەهەکەی سەباح مەجید سەعید بکەن)! پێمان ناڵێی لە کوێ سەیری بکەین دەروون باش؟

**دووەم**: (شەهیدەکانی ئێمە وەک شەهیدە سەربەرزەکانی خزم‌و کەسوکاری تۆ کۆمەڵە بوون نەک جاش‌و پیاوی ڕژێم).

هەرگیز باوەڕ ناکەم، کەسێکی دەروون ئاسایی ڕێگە بەخۆی بدات شەهیدی براو هاوڕێی براکەی، کە هەموویان پێکەوە لە زیندانی بەعس و و بەدەستی پیاوان و جەللادەکانی ڕژێم پەتی سێدارەیان کرابێتە گەردەن، بێت و بڵێت شەهیدەکانی ئێمەش کۆمەڵە بوون، نەک جاش و پیاوی ڕژێم).

**سێیەم**: (نامەکەی شەهید بابان کە لە ڕۆژی 31.5.1981 نووسراوە ڕۆژی 6/1 دای بەباوکی پێیوت ئێمە کارێکی وا دەکەین، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە تا ئەو ڕۆژە پرۆسەکە ئەنجام نەدرابوو واتا دوای شەهیدبوونی عەزیزەکانی تۆ کارەکە ئەنجامدراوە).

هەرگیز باسی ئەوەم نەکردووە کە نەبەردی شکاندنی زیندانی سێدارەی موسڵ بەر لە (2.6.1981) ئەنجام درابێ، هەروەها خۆشم باسی ئەوەم کردووە کە شەهید جەمیل لە ڕێکەوتی (21.5.1981)دا لە سێدارە دراوە و شەهید تەحسین لە ڕۆژی (26.5.1981) گوللە باران کراوە، تەنانەت خۆیشم ئاماژەم بەوە کردووە کە هەوڵی شکاندنی ژووری سێدارە لەدوای لە سێدارەدانی ئەو بە ماوەیەکی کەم خرایە بواری جێبەجێ کردنەوە، ئەی بۆ دەبێ نەریمانی دەروون ئاسوودە نامەکەی شەهید بابان بکاتە بەڵگە بۆ ئەنجام دانی پرۆسەی شکاندنی زیندانەکە لەدوای لە شەهید کردن و لە سێدارەدانی شەهید جەمیل و شەهید تەحسین؟

**چوارەم**: (دەرسیم دەڵێ بیرۆکەو پلانی شکاندنی سێدارەی موسڵ).

من باسی بیرۆکە، نەخشە و پلانی شکاندنی بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ-م کردووە، نەک شکاندنی سێدارەکە، کە جیاوازییەکی زۆر لەو دوو دەربڕینەدا هەیە و دوو مانای تەواو جیاواز لە یەک دەگەیەنن.

**پێنجەم**: (دەرسیم باسی بیرۆکەو نەخشەی شکاندنی موسڵ دەکاتەوە کە ئەو شەهیدە قارەمانانەی کە لە بڕگەی یەکەمدا ناویان هاتووە خاوەنی بوون).

هەرگیز باسی بیرۆکە و نەخشەی شکاندنی موسڵ-م نەکردووە، بەڵکو باسی بیرۆکە، نەخشە و پلانی شکاندنی بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ-م کردووە، کە دوو شتی زۆر لێک جیاوازن و ئەوەی یەکەم کارێکی سەربازییە و زیندانییەکانی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ پلانی شکاندنی ژووری سێدارەی موسڵ یان بەدەستەوە بوو، نەک نەخشەی شکاندنی موسڵ ئامانجی ئەوان بووبێ.

**شەشەم** (زۆربەیان نامەیان دابوو بەمەلا ئەحمەد کە ئەو شەوە سێ کەسیان بریندار بوونو شەهید کرابوونو شەهید محەمەد حەمەساڵح کاکەبرا لە 1981/7/12 شەهید کرابوو).

نەریمان، لە سەرەوەدا لە ئەنجامی شپرزەیی خۆی سێ (3) کەسی لێ بووە بە سی (30) کەس، کە جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان (3) و (30)دا!

**حەوتەم**: (من ئەسڵەن ئەوکاتە 13 ساڵان بووم نەمدەزانی کەی یادی دامەزراندنی ی. ن. ک-ە).

نەریمان بۆ دەبێ لە تەمەنی (13) ساڵیدا نەیزانیبێ کەی یادی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، ئەی کەواتە کێ باوەڕ دەکات کە براکەی نەریمان لە دایکبووی ساڵی (1966) بووبێت و لە ساڵی (1978)ەوە پەیوەندی بە (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)ەوە کردبێ، کە بەگوێرەی نووسینەکانی نەریمان بێت گوایە براکەی ئەو لە تەمەنی (12) ساڵیدا نەک تەنیا ڕێکخستن بەڵکو کادیری کۆمەڵە بووە؟ هیوادارم کەس بە هەڵە لێکدانەوە بۆ ئەو پرسیارەم نەکات، چونکە یەک تۆزقاڵ گومانم لە پەیوەندی شەهید سەباح مەجید بە ڕێکخستنەکان نییە، بەڵام گومانم لە ساڵی پەیوەندیکردنی هەیە کە نەریمان هەر لە خۆیەوە نووسیبێتی. دواتر نەریمان (چیرۆکی شکاندنی قەسابخانەی موسڵ کە لەسەر دەستی کوڕانی یەکێتی ئەنجام درا) و (شکاندنی باستیلەکەی موسڵ)ی لە تەمەنی (13) ساڵیدا نەنووسیوە، بەڵکو یەکەمیانی لە ڕۆژی (5.6.2000)دا لە کوردستانی نوێ بڵاوکردۆتەوە و دووەمیانی لە ساڵی (2007)دا لە چاپ داوە، واتە لە تەمەنی نزیکەی (32) و (39) ساڵیدا نووسیونێتی. بۆیە پێویستی بەوە نەدەکرد بیانوو بۆ ئەوە بێنێتەوە کە لە تەمەنی (13) ساڵیدا ڕۆژی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی نەزانیوە!

**هەشتەم**: (گوایە شەوانە ئاسن و دەرگا ئاسنەکان دەبڕانەوە).

باسی ئەوە کراوە کە شیشی دەرگاکان بڕاونەتەوە، بەڵام کەس باسی ئەوەی نەکردووە کە زیندانییەکان شەوانە ئاسن و دەرگا ئاسنەکانیان بڕیبێتەوە. دواتر ئاسنی چییان بڕیبێتەوە لە زیندان، خۆ کۆمەڵێک ئاسن بەجیا لە ژوورەکانیان و ئەوێ نەک سکرابخانە نەبووە، تا ئەوان ئەو ئاسنانە لەپێناوی بەسەر بردن و کوشتنی کاتی خۆیان ببڕنەوە؟ بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە، نووسیومە: (شەوانە لەکاتی ئێشگگری فازڵ و مەردان، شیشی دەرگاکانیان دەبڕییەوە)، ئەمەش مانای ئەوە نییە هەموو شەوێک، بەڵکو مانای ئەوەیە، کە تەنیا ئەو شەوانەی کە شێخ فازڵ و شەهید مەردان پاسەوان بووینە و بەپێی دەرفەتی گونجاو شیشەکانیان بڕیوەتەوە.

**نۆیەم**: (لای من زۆر ئاساییە بووتایە ئەمانە شەهید بوون داڕێژەری پلانەکە بوونو چەند قارەمانێکی تر جێبەجێیان کرد کە مەنتیقیش وا دەڵێت)، هەروەها نووسیوێتی: (ئێمە نەمانوتووە ئێمە خاوەن بیرۆکەو داڕێژەرو جێبەجێکاری نەخشەکە بووین، بەڵکو دەڵێین ئەگەر ئەو چەند شەهیدە سەربەرزەی لە سەرەتاوە ئاماژەت پێکردووە گەر خاوەنی بیرۆکەی داڕێژەر بووبێت، ئەوا شەهیدەکانی ئێمە جێبەجێکاری پرۆسەکە بوون).

ئەگەر نەریمان ئاگاداری نووسینەکانی پێشووتری خۆی بوایە و دەروونی ئاسوودە بوایە، دوای ئەو دانپێدانانەی سەرەوە دەستبەجێ داوای لێبووردنی دەکرد، چونکە ئەو پێشتر بە بەردەوامی شەهیدەکانی بازیانی بە خاوەنی بیرۆکە و داڕێژەری نەخشە و پلانی شکاندنی زیندانی سێدارەی موسڵ ناوبردووە، کەچی لەپڕ دان بەڕاستییەکان دا دەنێت و

باسی ئەوە دەکات کە ئەوان خاوەنی بیرۆکە و داڕێژەری نەخشە و پلانەکە نەبووینە! خۆ منیش هەر ئەوەم گوتوە، کەچی نەریمان ئاگری تێبەربووە، کەچی لەناکاو یان بەبێ ئاگاداری خۆی، ئاڵای خۆ بەدەستەوە دان بەرز دەکاتەوەو شەهیدانی بازیان بە خاوەنی بیرۆکە و داڕێژەری نەخشەی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ نازانێ.

**دەیەم:** نەریمان مەجید، لە کۆی هەر چوار بەشی وەڵامەکەی خۆیدا، (36) جاری ڕێک ئەو زاراوانەی خوارەوەی بەکارهێناوە و دووبارەی کردونەتەوە (شەهیدەکانی خزموکەسی تۆ، شەهیدەکانی من، شەهیدەکانی تۆ، شەهیدەکانی ئێمە و شەهیدەکانی ئێوە).

پێم وایە کەسێکی ئاسایی ئەوەندە ئەو زاراوانە دووبارە ناکاتەوە و شەهیدەکان دابەش ناکات کە تەواوی شەهیدان، شەهیدی کورد و کوردستانن. هەروەها هەموو ئەوانەی سەرەوە بەڵگەن بۆ بێئاگایی نەریمان لە نەبەردییەکەی شکاندنی زیندانی ژووری سێدارەی موسڵ و نائارامی و شپرزەیی باری دەروونی ناوبراو لەکاتی نووسینی (وەڵامێکی هێمنانە بۆ دەرسیم دیبەگەیی).

نەریمان، نووسیوێتی: (دەرسیم دەڵێ شەهید جەبار ئەحمەد زەریفە (بەگوێرەی نامیلکەی سەباح مەجید) لەمەشدا کەوتۆتە هەڵەوە نامیلکەکە بەناوی (شکاندنی باستیلەکەی موسڵ)ە نەک سەباح مەجید کە من خۆم ئەمەش بەسوکایەتی دەزانم بەرامبەر بەشەهید سەباح بەداخەوە، لە ژمارە (6) و (7)دا هەمان هەڵەی ژمارە چواری دووبارە کردۆتەوە هەروەها دەڵێ (عەبدولسەمیع بەگوێرەی نامیلکەکە لەڕۆژی 12.7.1981 لە سێدارە دراوە) برام زۆر هەڵەی رەنگە باشت نەخوێندبێتەوە سەیری نامیلکەکە بکە لەلاپەرە (16)دا وتومە (بەڵام سەبارەت بەشەهید محەمەد حەمەساڵح کاکەبرا بەپێی ئەو نووسینەی خوشکە چیمەن ساڵح کاکەبرا بێت کە لەگۆڤاری شەهید ژمارە (6) بڵاوکراوەتەوە رۆژی 12.7.1981 لە سێدارە دراوە) نەک عەبدولسەمیع ئەحمەد).

سەرەتا ڕاستە بە هەڵە نووسیومە (بەگوێرەی نامیلکەی سەباح مەجید)، تا وەڵامەکەی ناوبراویشم نەخوێندەوە هەستم بەو هەڵەیە نەکردووە! وەلێ دواتر دەستبەجێ هەڵەکەم ڕاست کردەوە و کردم بە (نامیلکەکەی نەریمان مەجید). دواتر ئەگەر نەریمان ئەوە بە سووکایەتی بە شەهیدی برای دەزانێ، با بچێ دەرگای دادگام لێ بگرێت و سکاڵای خۆی تۆمار بکات. سەبارەت بە ڕۆژی لە سێدارە دانی شەهید محەمەد ساڵح کاکەبرا (ئامانج شاتری)، ئەوەش هەڵەیەک بووە و لەگەڵ شەهید عەبدولسەمیع ئەحمەد چەمچەماڵی تێکەڵم کردووە، ئەوەش دوای دڵنیابوونم ڕاستم کردەوە. هەڵەکردن بە شەرم نازانم، بەڵام سووربوون لەسەر هەڵە و دانپێدا نەنان بە هەڵە بە نەنگی دەزانم. هەروەها ئەگەر مرۆڤ ئیش بکات هەڵەش دەکات، وەلێ گرنگ ئەوەیە مرۆڤ بە ئەمانەتەوە مێژوو بنووسێتەوە و چەواشەی نەکات وەکو ئەوەی کە نەریمان کردویەتی بە پیشەی خۆی.

نەریمان، لە کۆتاییدا خۆزگە بەوە دەخوازێ کە: (خۆزگە دەرسیم بەو نەفەسەوە ئەو بابەتەی نەنووسیبایە، بەڵکو بەهەر دووکمان کارێکی جوانترو بەپێزترمان لەسەر ئەم ڕووداوە گرنگو کەموێنەیە ئەنجام بدایە نەک شەهیدەکانی خۆی بە قارەمان بزانێو ئەوانی ئێمەش بە هیچ).

لەوە تێناگەم، ئەگەر نەریمان تەنیا مەبەستی هێرش کردنێکی ناڕەوا نەبێت بۆ سەرم، لە کوێ نووسینەکەمدا شەهیدانی خۆمم (کە زۆر ڕقم لە بەکارهێنانی زاراوەی شەهیدانی خۆی و شەهیدانی ئێمەیە) بە قارەمان و شەهیدانی ئەوانیشم گوایە بە هیچ داناوە؟ ئایە ئەو قسانەی نەریمان مەجید، ناچنە خانەی بوختان و هەوڵی بە ئەنقەست ناشرین کردنم لە پەنا شەهیدان؟ باشە ئەگەر ڕاستییەکان بنووسمەوە، بۆ دەبێ شەهیدانی دیکەم بە هیچ زانیبێ؟ دواتر کە ڕاستی هەوڵی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ بنووسمەوە، بۆ دەبێ، کەسێکی وەکو نەریمان ئەوەندە سەخڵەت بێ گەر ئەو مێژووی نەشێواندبێ و هەوڵی بردنی ئەو مێژووەی نەدابێ بۆ براکەی و شەهیدەکانی بازیان؟

سەبارەت بە خۆزگەکەی نەریمان، کە بە هەر دووکمان کارێکی جوانتر و بەپێزترمان ئەنجام دایە، لە وەڵامدا دەڵێم (ئەو خۆزگەیەت وەکو داری خۆزگە هەرگیز نایەتە بەر، چونکە نامەوێ و ناتوانم لەگەڵ کەسێک کارێکی هاوبەش ئەنجام بدەم، کە دڵنیابم جگە لە چەواشەکاری، شێواندنی مێژوو، ناڕاستی، بێویژدانی بەرانبەر بە شەهیدان، هەڵبەستنی بوختانی ناڕەوا و سووکایەتی پێکردن هیچی شتێکی دیکە نازانێ).

هەروەها دەبوایە ئەمیرە محەمەد و ناوەندی ئەرشیڤی مێژووی (یەکێتی)، ئەوەی پێ ڕابگەیەنن کە هەرگیز نامەوێ کارێکی هاوبەش لەگەڵ نەریمان ئەنجام بدەم، دوای ئەوەی ئەمیرە محەمەد لە ڕێکەوتی (18.8.2013)دا داوایەکی وایان لێکردم، مادام ئەوان پێیان ڕاگەیاندی کە گوایە ئەو چاوپێکەوتنەی لەگەڵ فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس کراوە، لەوێدا قسەکانی ئەو تەواو پێچەوانەی قسەکانی دەرسیم–ە! ئایە مێژووی ئەو چاوپێکەوتنەی شێخ فازڵ لەدوای سەرەتای ساڵی (2007)دا ئەنجام دراوە، کە شێخ فازڵ لەو کاتەدا تۆی ناسیووە؟

لەوە تێناگەم بۆ نەریمان لە بەشی سێیەم و بەشی چوارەمی وەڵامەکەیدا، بەڵگەنامەیەکی فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس بەناوی (مقتبس حکم)، دووبارە داناوەتەوە؟ ئایە تەنیا مەبەستی زیادکردنی ژمارەی لاپەڕەی نووسینەکەیەتی، یا ئاگای لە خۆی نەبووە بەهۆی خراپی باری دەروونییەوە، یان هۆکاری دیکە هەبووە و تەنیا لەپێناوی زۆرتر کردنی لاپەڕەکانی نووسینەکەیەتی، کە خێری زۆرتر دەداتەوە؟

## ناوردبینی نەریمان مەجید لە نووسیندا:

نەریمان، لە لاپەڕە (11)ی نامیلکەی (شکاندنی باستیلەکەی موسڵ)دا سەبارەت بە دانپێدانان یان دانپێدانەنانی ئەو پۆلە شەهیدەی بازیان/ دەربەندیخان نووسیوێتی: (بەڵام هیچیان نەدرکاند).
بەر لە هەموو شتێک دانپێدانانی بەند و دیلە سیاسییەکانی کوردستان نە بە شەرم دەزانم بۆ زیندانییەکان و نە لە قارەمانێتی ئەوانیش کەم دەکاتەوە، چونکە ئەوان قارەمانێتیی و پاڵەوانێتی خۆیان بەوە سەلماند کە سەرەتا پەتی سێدارەیان ماچ دەکرد، ئینجا بە دەستەکانی خۆیان پەتی سێدارەی دوژمنیان دەکردە گەردنی خۆیان بەبێ ئەوەی ڕێگە بە جەللادەکان بدەن چاوەکانیان ببەستنەوە، هەروەها خۆیان بە سرودی نەتەوەیی و نیشتمانیی کورد و کوردستان، خوێندنەوەی هەڵبەستی شۆڕشگێڕانە، دروشمی کەم بژی کەڵ بژی، هەڵپەڕکێ و پێکەنینەوە سەربەرزانە هەنگاویان دەنا بەرەو سەکۆی سێدارەی ڕژێمی داگیرکەری چەوسێنەر، بێ ئەوەی ڕێگا بە جەللادەکان بدەن پەلکێشیان بکەن.
تەنیا پیاهەڵدانی ئەو ئەفسەرە پلەبەرزەی بەڕێوەبەری زیندانی ژووری سێدارەی موسڵ کە لە ساڵانی (1976–1977)دا بەرانبەر بە شۆڕشگێڕانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وتبووی: (گەلێک نەوەکانی بە گۆرانی، هەڵبەست و هەڵپەڕکێ پێشوازی لە پەتی سێدارە و مردن بکەن، ئەو گەلە هەرگیز نامرێ و ڕۆژێ دادێ بە ئاواتەکانی بگات)، بەسە بۆ بەڵگەی قارەمانێتی زیندانییەکانی ژووری سێدارە کە بەدرێژایی مێژووی ئەو زیندانە بە هەمان گیان و هەمان ورە پێشوازییان لە پەتی سێدارە و مردن کردووە.
دواتر ئەوەی شارەزای لێکۆڵینەوەو دادگاییکردنی شۆڕشگێڕانی کوردستانی بێت لە هەر دوو دادگای تایبەتی لە کەرکوک (المحكمة الخاصة في كركوك) و دادگای شۆڕش (محكمة الثورة) لە بەغدا، سەرەڕای هەموو دڕندەیی، نامرۆڤایەتی و دادگای قەرەقوشییانەی ئەو ڕژێمە فاشییە، هەرگیز کەسێک فەرمانی لە سێدارە دانی لەدژ دەرنەدەچوو، ئەگەر زیندانە سیاسییەکە خۆی دانی پێدا نەنایە یان شایەدی لەدژ نەبوایە (بەر لە هەموو کەسێک ئەگەر براکەی خۆم نکوڵی لە تۆمەتەکە بکرایە و دانی پێدا نەنایە، هەرگیز لە سێدارە نەدەدرا)، جگە لە هەندێک بارودۆخی تایبەت کە ڕژێمی بەعس و دەزگا ئەمنییەکانی سەدام بەپێی بڕیارێکی تایبەتی سەرووی خۆیان فایلێکیان بۆ دروست دەکردن و بڕیاری لە سێدارە دانیان لەدژ دەردەکردن.
بەڵام دوای هاتنی عەلی حەسەن مەجید (عەلی کیمیایی) و بوونی بە ڕازگری نهێنی نووسینگەی ڕێکخستنەکانی باکوور (أمين سر مكتب تنظيم الشمال)ی حزبی بەعس بەگوێرەی بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، ژمارە (160)ی ڕۆژی (29.3.1987)، لە هەر شار و قەزایەکدا لیژنەیەکی ئەمنی بەناوی لیژنەی ڕیشەکێشکردنی تیرۆر و چالاکی نەیارەکان (لجنة مكافحة الإرهاب والنشاط المعادي)ی دامەزراند، کە پارێزگار سەرۆکی لیژنە و ئەندامانی پێک هاتبوون لە نوێنەرانی (ئەمن، ئیستخباراتی سەربازی، موخابەرات، حزبی بەعس و پۆلیس). ئەو لیژنەیە بەپێی بڕیاری عەلی حەسەن مەجید، لە هەر شارێکدا بە سەدان تێکۆشەریان گوللە باران کرد، کە بەشێکی زۆریان نکوڵیان لەو تۆمەتانە کردبوو کە درابووە پاڵیان و دانیان بە هیچ شتێک دانەنابوو، هەروەها بڕیاری گوللە باران کردنەکان لە دەرەوەی دادگا و لەلایەن لیژنەی ئەمنی شارەکان دەدرا، دواتریش بە تەلەفۆن یان نووسراوی فەرمی ڕەزامەندی عەلی حەسەن مەجید بۆ گوللە باران کردنیان وەردەگیرا.
نموونە زۆرن، وەلێ بە هێنانەوەی چەند نموونەیەک قسەکانی خۆم پشتڕاست دەکەمەوە:

1. بەڕێوەبەرێتیی ئەمنی هەولێر، لە ڕۆژی (9.4.1979)دا لەناو ژووری پارێزەرانی دادگای سەرەتایی هەولێر و بە بەر چاوی کۆمەڵێک پارێزەر هەریەک لە پارێزەر عەلی عەبدوڵڵا عەلی (عەلی هەژار) و مامۆستا عارەب عەبدولقەهار مستەفا (کاردۆ گەلاڵی) دەستگیرکران. بەڵام دوای بێئومێد بوونی دەزگا ئەمنییەکانی بەعس لە درکاندنی هیچ نهێنییەک لەو دوو شەهیدە، بۆیە بەگوێرەی بەڵگەنامەکانی ناو نامیلکەی (شەهیدی سەرکردە عەلی هەژار ژیانی و خەباتی سیاسی) دۆسییەکیان بۆ دەکاتەوە کە گوایە عەلی هەژار و کاردۆ گەلاڵی لە ڕێکەوتی (9.4.1979)دا چوونەتە پاڵ هێزی پێشمەرگەی حزبی سۆسیالیستی کوردستان و لە ڕێکەوتی

(9.6.1982)دا لەکاتی هێرش بردنیان بۆ سەر ڕەبیەکی سەربازی سوپای ئێراق لە دەوروبەری شاری هەولێر هەر دووکیان بەدیل گیراون. بەگوێرەی ئەو دۆسیێ دروستکراوە، ئەوان بە تۆمەتی هێرش بردنە سەر سوپای ئێراق بە چەک دراونەتە دادگای تایبەتی لە کەرکوک و ڕۆژی (15.6.1982) سزای لە سێدارە دانیان لەلایەن دادگای ناوبراو لەدژ دەرچووە. هەر بەگوێرەی ئەو بەڵگەنامە ساختانەی کە ڕژێمی بەعس بۆی دروست کردوون، گوایە ئەوان لە ڕۆژی (9.7.1983)دا لە سێدارە دراون.

2. حەیدەر جوکل ئیبراهیم ئەفەندی گەردی ناسراو بە بڕوا (1953/ دیبەگە)، بەرپرسی ڕێکخستنە نهێنییەکانی ڕێکخراوی هەولێری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، کە لە ڕێکەوتی (18.9.1985)دا بەهۆی دوو نۆکەر لە هەولێر دەگیرێت، بەڵام هیچ نهێنییەک نادرکێنێ. دوای ئازار و ئەشکەنجەی دڕندانەی جەللادەکانی بەعس، شەهید حەیدەر جوکل ڕق دەیگرێ و بە بەڕێوەبەری ئەمنی هەولێر دەڵێت: (باش بزانە بەرپرسی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانم لە هەولێر و گشت ڕێکخستنەکانی هەولێر، سلێمانی، کەرکوک و دهۆک دەناسم، بەڵام فەرموو هەرچی ئامێری ئەشکەنجە هەیە لە سەر منی تاقی بکەوە، بزانە دەتوانی هیچ نهێنییەکم بە هۆی ئەشکەنجەی دڕندانەی خۆتان لێ وەربگری. لەدوای ئەو قسانەشم هیچ پەیوەندییەکم بەهیچ ڕێکخستنێکەوە نییە). دواتر هەرچەند ئازار و ئەشکەنجەی هۆڤیانە و بەردەوامی ڕۆژانە و شەوانەی دەدەن، وەلێ ئەو قارەمانە نکۆڵی لە هەموو شتێک دەکات. دواتر ئەمنی هەولێر دۆسییەکی تایبەتی بۆ دروست دەکەن و بەڕێوەبەری ئەمنی هەولێر لە سەری دەبێتە شایەد بەوەی کە ناوبراو لە بەردەم ئەودا باسی ئەوەی کردووە کە بەرپرسی ڕێکخراوی هەولێرە، بۆیە لە دادگای شۆڕش (محكمة الثورة)ی بەغدا بڕیاری لە سێدارە دانی دەردەچێت. حەیدەر جوکل، دواتر لە ڕێکەوتی (18.6.1986)دا لە سێدارە دەدرێت. دوای ڕاپەڕین دۆسێکەی کەوتە بەردەست و هیچ دان پێدانانێکی نەبوو، هەروەها دوو کەس هۆکاری بەگرت دانی بوون، یەکەمیان فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ڕژێم (ن. ک. م. ب) و دووەمیان باوەڕپێکراوی ئەمنی هەولێر (ز. م. ی) بوو، کە هەر دوو ناوەکە وەکو سەرچاوەی بەگرت دانی ناوبراو لەسەر دۆسێی ئەو شەهیدە نووسرابوو کە خۆم دوو ناوی سەر دۆسێکەم دیوە.

3. حکومەتی بەعس و دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێمی سەدام حوسێن لەنێوان (31.7–10.8.1983) لە کۆمەڵگا زۆرەملێکانی (قوشتەپە، بەحرکە، حەریر، باتاس و دیانا) هەروەها لە بەغداش چەندان کەسی نزیک و نەوەی مەلا مستافای بارزانی لە ڕۆژی (26.7.1983)دا دەستگیرکردن. دواتر ڕژێمی بەعس چەندان دۆسێی تایبەتی بۆ دروست کردن گوایە ئەوانە لەگەڵ پاسداری ئێرانی هێرشیان کردۆتە سەر سوپای ئێراق لە کەرتی حاجی ئۆمەران (لە ڕاستیدا پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی ئیدریس و مەسعود بارزانی بەهاوکاری پاسدار و ئەرتەشی جمهوری ئیسلامی، لەو ساڵەدا پەلاماری سوپای ئێراق دەدەن لە کەرتی حاجی ئۆمەران و بارزانییەکانی قوشتەپە، بەحرکە، حەریر، باتاس و دیانا هیچ پەیوەندییەکیان بەو هێرشەوە نەبوو). بەگوێرەی ئەو دۆسێ ساختانەی حکومەتی ئێراق، هەر هەموو بارزانییە گیراوەکانی ساڵی (1983)، لەلایەن دادگای شۆڕشی بەعس لە بەغدا فەرمانی لە سێدارە دانیان بۆ دەرچووە و دواتر بە کۆمەڵ کوژراون.

4. دوای نەبەردی شکاندنی زیندانی ژووری سێدارەی موسڵ لە شەوی (2.6.1981)دا، هەریەک لە فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس و مەردان یوسف شێخ ئەلیاس بە تۆمەتی هاوکاری کردنی زیندانییەکان لە بەیانی ڕۆژی (5.6.1981)دا لە نزیک ڕەبیعە دەستگیرکران. دوای ئازار و ئەشکەنجەیەکی یەکجار دڕندانە مەردان دانی بەوە دانا کە هاوکاری زیندانییەکان بووە، بەڵام فازڵ نکۆڵی لە تۆمەتەکە کرد سەرەڕای هەبوونی (5) شایەد (بەگوێرەی قسەکانی شێخ فازڵ)، کە باسی ئەوەیان کردبوو فازڵ بەشدار بووە لە نەبەردی شکاندنی زیندان. ئەوەبوو مەردان لە (20.2.1982) بڕیاری لە سێدارە دانی دەرچوو، دواتریش لە ڕێکەوتی (13.11.1982)دا لە موسڵ لە سێدارە درا، کەچی چونکە فازڵ خۆی نکۆڵی لە تۆمەتەکە کرد سزای زیندانی هەتا هەتایەی بۆ دەرچوو سەرەڕای هەبوونی (5) شایەد بە سەریەوە کە ناوی سێ لە شایەتەکان دەزانم وەلێ بە هیچ

شێوەیەک نامەوێ ناوەکانیان ئاشکرا بکەم، بۆ ئەوەی ئەو قسەیەم بە هەڵە لێک نەدرێتەوە، قسەکردنی ئەو (5) هاوڕێیە لەسەر فازڵ و مەردان بە شکست و شەرمەزاری نازانم و بە ئاسایی دادەنێم، چونکە دڕندەیی ڕژێم و ئەشکەنجەدانی گرتووەکان لەلایەن جەللادەکان هەموو سنوورێکی مرۆڤایەتی بەزاندبوو.

جا نازانم دوای هێنانەوەی ئەو نموونانەی سەرەوەش، نەریمان لە جیاوازی نکۆڵی کردن لە تۆمەتەکان و دانپێدان و پێنەنان گەیشت، یان هەر نالۆژیکانە سوورە لەسەر ئەوەی کە ئەو شەهیدانەی بازیان هیچیان نەدرکاندووە؟ هەر بە پشت بەستن بە نامیلکەکەی خۆی، ئەو ڕاستییە دەدرێتە دەست مرۆڤی هۆشیار کە ئەوان لەژێر ئەشکەنجەدا قسەیان کردووە، چونکە (6) کەسیان ڕۆژی (2.2.1981) گیراون و ڕۆژی دواتریش (7) کەسی دیکەیان گیراون، هەروەها لەدوای گیرانی ئەو ژمارە هاوڕێیەی کۆمەڵە، (7) کەسی دیکە خۆیان گەیاندۆتە هەرێمی (5)ی قەرەداغ نەک تیپی (55)ی قەرەداغ، کە ئەوکاتە پێکهاتەی هێزەکانی یەکێتی بەشێوەی هەرێم بووە (هەرێمیش لە چەند کەرتیک و هەر کەرتێکیش لە چەند مەفرەزەیەک پێکدەهاتن). دواتریش لە کۆنفرانسی دوومی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان (21.8.1982/ خڕی ناوزەنگ)، پێکهاتەی هێزی پێشمەرگە لە هەرێمەکانەوە بۆ مەڵبەندەکان گۆڕا (مەڵبەندیش لە چەند تیپێک و هەر تیپێکیش لە چەندان کەرت و مەفرەزە پێکدەهات).

نەریمان، لە بابەتی (چیرۆکی شکاندنی قەسابخانەی موسڵ کە لەسەر دەستی کوڕانی یەکێتی ئەنجام درا ..! 1.6.1981)ی کوردستانی نوێ، ژمارە (2164)ی ڕێکەوتی (5.6.2000)، هەروەها لە لاپەڕە (12)ی (شکاندنی باستێلەکەی موسڵ)دا نووسیویێتی: (لە دادگای خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی (13) کەسیان دراو ئەمەش لەبەرئەوەی زۆربەیان خوێندکاربوون لە قۆناغەکانی ناوەندی واتا تەمەنیان لە خوار (18) ساڵیەوە بوو لەلایەن دکتۆرێکی خۆفرۆش تەمەنیان گەورە کرابوو بۆ سەروی (20) ساڵان بۆ نمونە (بابان أحمد، صباح مجید) تەمەنیان (15) ساڵان بوو کران بە (21) ساڵ و (محمد علی محمد، محمود رەشید، عەدنان صابر) تەمەنیان (17) ساڵان بوو کران بە (23) ساڵان ئەم کردەوە شۆڤێنیە تەنها لە قاموسی بەعسدا جێی ئەبێتەوە).

گومانم لەوەدا نییە کە تەمەنەکانیان گەورە کراوە، گومانم لەوەدا نییە کە ئەو کردەوانە و تەمەن گەورە کردنانە تەنیا لە فەرهەنگی بەعسییەکان و هاوشێوەکانیان بوونیان هەیە، وەلێ باشتر بوو نەریمان ناوی دکتۆرەکە بنووسێت ئەگەر ناوەکەی دەزانێت، چونکە ئەوەی ئەو ئاماژەی پێداوە ناچنە خانەی نووسینی بابەتی، زانستی و ئەکادیمی لەکاتێکدا ئەگەر ناوی دکتۆرەکە نەزانێت یان نەینووسیت، بەڵکو تەنیا ئەوەندە بڵێت کە دکتۆرێکی خۆفرۆش تەمەنی ئەو (5) شەهیدەی گەورە کردووە. زۆر جار دامودەزگا داپڵۆسێنەرەکانی بەعس تەمەنی زیندانییەکانیان لە نەخۆشخانە گشتییەکان و لای دکتۆری نا بەعسیش گەورە کردووە، بێ ئەوەی دکتۆرەکان بتوانن ئەو داوایەی ئەو دەزگایانە ڕەتکەنەوە.

## چیمەن ساڵح کاکەبرا و پلانی شکاندنی بەندیخانەی موسڵ:

چیمەن ساڵح کاکەبرای خوشکی شەهید محەمەد ساڵح کاکەبرا شاوەیس ناسراو بە ئامانج شاتری، ئەندامی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کە لە ڕۆژی (1.10.1980)دا گیراوە، لە ڕێکەوتی (18.5.1981)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی دەرچووە و ڕۆژی دواتر واتە ڕێکەوتی (19.5.1981) گواستراوەتەوە بۆ ژووری سێدارەی بەشی زیندانی موسڵ، لە لاپەڕە (6)ی ژمارە (6)ی گۆڤاری شەهید، بابەتێکی لەژێر ناوی (پلانی شکاندنی بەندیخانەی موسڵ) نووسیوە، کە بابەتەکەی هەم کورت و هەم پڕە لە هەڵە. بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکان، سەرەتا خاڵ بە خاڵ ئاماژەیان پێدەدەم، دواتر هەوڵدەدەم بۆچوونی خۆم دەربڕم و ئەوەندەی بۆم بکرێت هەڵەکان ڕاست بکەمەوە:

**یەکەم:** چیمەن ساڵح کاکەبرا نووسیویەتی: (لەبەرئەوەی (28.5.1981) یەکەم بینینی کەسوکاری شەهیدان محەمەد حەمە ساڵح کاکەبرا (ئامانج شاتری) و یاسین و بابان و جەبار و سەباح و هەندێ شەهیدانی تر ئەبێت ... بڕیار دەدەن کەسوکاریان ببینن لە پاشدا کارەکەیان ئەنجام بدەن و مژدەی پلانەکەیان بدەن بە هەندێ براو دۆستی خۆیان).

سەرەتا ڕۆژی دیدەنییەکە، ڕۆژی (28.5.1981) نەبووە، بەڵکو ڕۆژی (1.6.1981) بووە کە لە ڕۆژانی (1) و (15)ی هەموو مانگێکدا ڕێگای دیدەنی زیندانەکانی ژووری سێدارەی موسڵ و کەسوکاریان دەدرا.

دواتر بیرۆکە و پلانەکە، بیرۆکە و پلانی (10) شەهیدەکەی بازیان یان هی شەهید ئامانج شاتری (محەمەد ساڵح کاکەبرا شاوەیس) نەبووە، کە پێشتر و لە سەرەوەش باسم کردووە و نامەوێ دووبارەی بکەمەوە.

**دووەم:** چیمەن دەڵێ: (بەڵام جێی داخە کە شەهیدی نەمر (عومەر میرزا) بەدەستی جەلادەکان بە شەوێک پێش بینینی کەسوکاری ئەم پۆلە شەهیدە ڕەوانەی کاروانی شەهیدان دەکرێ و کراسەکەی خۆی دەکاتە بەر (ئامانج شاتری) و ڕابەری شکاندنی بەندیخانەی موسڵی پێ دەسپێردرێ.

عومەر میرزا شاموراد، لە ڕێکەوتی (27.5.1981)دا لەگەڵ پێنج هاوڕێی لە سێدارە درا، هەوڵی شکاندنی زیندانەکە لە شەوی (2.6.1981)دا بووە، کەواتە لە سێدارە دانی ناوبراو بە شەوێک پێش دیدەنی شەهید ئامانج شاتری و شەهیدەکانی دیکە نەبووە، بەڵکو پێنج شەو پێشتر بووە، کە دیدەنی شەهیدەکان ڕۆژی (1.6.1981) بووە.

پێشم وانییە شەهید عومەر میرزا شاموراد، ڕابەری شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵی بە شەهید ئامانج شاتری سپاردبێ، کە دوای شەهیدکردنی عومەر میرزا-یش یەکێک لە خاوەنی بیرۆکە و نەخشەدانەری شکاندنی زیندانەکە (بەرزان عومەر عەلی)، هێشتا لە ژیاندا مابوو. هەروەها شەهید عومەر میرزا لە سەرەتای قسەکردن لەگەڵ فازڵ و مەردان هێشتاکە نەگەیشتبووە ژووری سێدارەی موسڵ، بەڵکو دواتر وەکو ڕێزلێنانێک لە خەبات، قارەمانێتی و تەمەنەکەی هەژماری پلاندانەرێک و ڕابەرێک بۆ شکاندنی ژووری سێدارە چووە پاڵ ئەوانەی دیکە (جەمیل ئەحمەد مەحمود، جەلال مەحمود سورداشی و بەرزانی عومەر عەلی)، بەڵام پێدەچێت باسی ئەوەی لەگەڵ کردبێ کە هاوکاری شەهید بەرزان بێ بۆ هەوڵی سەرکەوتنی پلانی شکاندنی زیندانەکە.

**سێیەم:** چیمەن دەڵێ: (تا شەهیدان لە نیوە شەوی 28 لەسەر 29.5.1981 هەڵدەستن بە ئەنجام دانی پلانەکەیان و بە چەقۆ کە لە لایەن کەسوکاریان پێیان گەیشتبوو جەلادێک دەکوژن و بە چەکی جەلادەکە سێ جەلادی تریش ڕەوانەی دۆزەخی تۆڵەی خۆیان دەکەن، بەڵام جێی داخ و بیر نەچوونەوەیە کە کاکە محەمەد حەمە ساڵح لەکاتی سەرکەوتنی بە دەرگای دەرەوەی بەندیخانەکە دەیەوێ یارمەتی خوشکێکی هاوڕێی بدات بە دوو فیشەکی دۆشکە بریندار دەکرێ و توانای ڕزگار بوونیان نامێنێ و هەموویان دەگیرێنەوە و چاوپێکەوتنیان قەدەغە دەکرێت).

مێژووی جێبەجێکردنی پلانی شکاندنی ژووری سێدارەی موسڵ شەوی (28/29.5.1981) نەبووە وەکو چیمەن ساڵح کاکەبرا نووسیویێتی، بەڵکو نێوان کاتژمێری دوازدە و نیو بۆ یەکی شەوی (2.6.1981) بووە.

چەقۆکان لەلایەن کەسوکاری زیندانییەکانەوە نەگەیشتۆتە دەست زیندانییەکانی ژووری سێدارەی موسڵ کە کارێکی ئاسان نەبووە، بەڵکو بەهۆی فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس و مەردان یوسف شێخ ئەلیاس و لە ڕێگای ئەوانەوە گەیشتۆتە

ناو ژووری سێدارەی زیندان و دەست زیندانییەکان. بەگوێرەی ئاگاداری خۆم، کە شەهیدان تەحسین و جەمیل بۆیان باسکردووم چەند چەقۆیەک، مشار و گوریس لە مانگی دووی هەمان ساڵ، واتە نزیکەی چوار مانگ بەر لە ئەنجام دانی هەوڵەکە گەیشتبووە ناو زیندان و دەست زیندانییەکان.

بەگوێرەی نووسینەکەی چیمەن بێ (4) پاسەوان کوژراون، بەڵام لە ڕاستیدا تەنیا پاسەوانێک کوژراوە لە ژووری ناوەڕاستی بەشی سێدارە کە پڕ بوو لە فلینەی پاراستنی خۆراکی زیندانییەکان و ئەو ژوورە دەکەتە نێوان ژوورە گەورەکە و ژوورە بچووکەکەی کە زیندانییەکانی ژووری سێدارە لێی دەخەوتن. هەروەها پاسەوانێکی دیکە بەناوی عەتۆ خەڵەف زندینی ناسراو بە عەتۆ شەنگالی کوژراوە، کە ئەویش بەدەستی زیندانییەکان و لە ژوورەوە نەکوژراوە، زیاتر پێ دەچێت بە گوللەی هەڵەی پاسەوانەکانی زیندان یان ئەو هێزە حکومی و حزبییەی کە شەو بەهانای بەڕێوەبەرێتی زیندانەوە هاتووەو تا بەیانی تەقەیەکی زۆریان لەم شەوەدا کردووە، کوژرابێ.

بەدڵنیایی زیندانییەکان دەستیان نەگەیشتۆتە هیچ پارچە چەکێک، هەروەها لە حەوشە بچووکەکەی بەشی سێدارە و شوێنی دیدەنی (مواجهه) یان شوورە بەرزەکەی ڕۆژانی دیدەنی زیندانییەکان، تێنەپەڕیون و کەسیان بریندار یان شەهید نەبووە. شۆڕش بازیانی، کە خۆی زیندانییەکی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ بووەو لە شەوی هەوڵی شکاندنی زیندان و ڕاکردنەکە لەگەڵ بووە، لە ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (14.5.2017)دا چەند جارێک باسی ئەوەی کرد: (کە هیچ زیندانییەک لە ئێمە بریندار یان شەهید نەبووەو هیچیشمان لە حەوشی بەشی سێدارە و شوورە بەرزەکەی شوێنی دیدەنی زیاتر نەڕۆیشتووین، کاتێک کە تەقەی زۆرمان لێکرا، هەموومان گەڕاینەوە دوو ژوورەکانی خۆمان. هەروەها یەک زیندانەوان لە خەودا بەدەستی ئەحمەد عەنچە بە چەقۆ کوژراو زیندانەوانێکی دیکەش بەناوی ئەحمەد کە عەرەب، هەر بەدەستی ناوبراو بوو بریندار بوو. ئەحمەد عەرەبی پاسەوان، بە برینداری توانی سورگی ئەو دەرگایانەی کە پێیدا دەهاتە ژوورەوە و کلیلەکانی پێبوو، دابخاتەوەو خۆی ڕزگار بکات لەبەر دەستمان. بەهیچ شێوەیەک عەتۆ شەنگالی لای ئێمە نەکوژراوە، بەڵام وەکو تۆ دەیلێی گەر گوللەی وێڵی پاسەوانێکی لە دەرەوە پێکەوتبێ ئەوە نازانم). کەواتە شەهید ئامانج شاتری، بەهیچ شێوەیەک نە گەیشتۆتە سەر دیواری دەرگای دەرەوەو نە برینداریش بووە، وەکو چیمەنی خوشکی نووسیوێتی.

چیمەن، باسی ئەوە دەکات کە ئامانجی برای لەکاتی سەرکەوتنی بە دەرگای دەرەوەی بەندیخانەکە دەیەوێ یارمەتی خوشکێکی هاوڕێی بدات، کەچی لەوکاتەدا بە دوو فیشەکی دۆشکە بریندار دەکرێ، کە ئەوەشیان هەڵەیە و هیچ زیندانییەکی کچ یان ژن لەو زیندانەدا نەبووە کە بە سێدارە سزا درابێ. هەروەها بەدرێژایی مێژووی لە سێدارەدان لە زیندانی موسڵ هیچ کچێک لەوێ لە سێدارە نەدراوە، بەڵکو کچەکان تەنیا لە بەغدا لە سێدارە دراون. لێرەدا باس لە گوللە باران کردنی ژن (مێینە) نەکراوە، چونکە لە تەواوی شارەکانی باشووری کوردستان گوللە باران کردنی مێینە بەتایبەت لە ساڵەکانی (1987–1988)دا بەبێ دادگاییکردن و لەلایەن دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی (ئەمن، ئیستخبارات، مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی، مەنزومەی شەرقی و فرقەکانی حزبی بەعس)، دوای هەڵکردنی گڵۆپی سەوز لەلایەن عەلی حەسن مەجید، ئەنجام دراوە.

**چوارەم:** ئەو نووسیوێتی: ئەم هەواڵە لە هەموو ڕاگەیاندنەکانی کوردستان و (صوت العراق من دمشق) بڵاوکرایەوە و لە هەندێکیان هەوڵی ڕزگاربوونیان ڕادەگەیەنن و کەسوکاریان لە زۆر جێگاوە بۆ سۆراغیان دەگەڕان).

پێم وانییە هەواڵی ئەو داستانە یان نەبەردییە لە تەواوی ڕاگەیاندنەکانی کوردستان بڵاوکرابێتەوە، بەتایبەت ئێزگەی (دەنگی شۆڕشی ئێراق/ دەنگی گەلی کوردستان)، کە ڕۆژانە گوێبیستی بوویمە، هەواڵەکەی بڵاونەکردەوە.

تەنیا ئێزگەی (دەنگی کوردستانی ئێراق)ی پارتی دیموکراتی کوردستان هەواڵی سەرکەوتنی هەوڵەکە و ڕزگاربوونی زیندانییەکانی ڕاگەیاند، نەک چەند ڕاگەیاندنێک. ئەویش هەوڵەکەی کردە هی خۆیان و لە سەرەوەدا باسم کردووە، بۆیە نامەوێ لێرەدا دووبارەی بکەمەوە.

**پێنجەم:** ناوبراو دەڵێ: (تا لە (12.7.1981) لەلایەن ڕژێمەوە پەتی قەنارە دەکەنە گەردنیان و برین و ئاواتەکانیان لە گۆڕستانە سامناکەکەی تەلەعفەر دەخەنە ژێر خاکەوە و تا ئێستاش گۆڕەکانیان نەزانراوە).

پێم وانییە هەر هەموویان، واتە تەواوی ئەو زیندانییانەی کە لە شەوی ئۆپراسیۆنی شکاندنی ژووری سێدارەی موسڵ لە زیندانەکە و بەشداری ئەو ئۆپراسیۆنە بووبن، پێکەوە و بە جارێک لە ڕۆژی (12.7.1981)دا لە سێدارە درابن، کە لە نووسینەکەی پێشوودا ئاماژەم بە ڕۆژی لە سێدارە دانی هەندێکیان کردووە.
لە سێدارە دراوەکان لە گۆڕستانی (وادی العقاب/ العگاب)ی دەستە چەپی بازگەی موسڵ – تەلەعفەر، کە لە شاری موسڵ بەرەو تەلەعفەر دەچیت، نێژراون، نەک لە گۆڕستانی تەلەعفەر کە ئەو شارۆچکەیە نزیکەی (70) کیلۆمەتر کەوتۆتە باکووری ڕۆژئاوای شاری موسڵ.

## سەرچاوەی بابەتەکانی نەریمان مەجید و چیمەن ساڵح کاکەبرا و هاوپێچەکان:

1. نەریمان مەجید، چیرۆکی شکاندنی قەسابخانەی موسڵ کە لەسەر دەستی کوڕانی یەکێتی ئەنجام درا ..! 1.6.1981، کوردستانی نوێ، ژمارە (2164)، لاپەڕە (5)، دووشەممە، ڕێکەوتی (5.6.2000). کوردستانی نوێ، ڕۆژنامەیەکی سیاسیی گشتییە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات. ئەو بابەتەم بەهۆی هاوڕێیەکم لە ڕێگای فەیسبووک لە ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (17.9.2013)دا بەدەست گەیشت و لە خوارەوە دانراوە.
2. نەریمان مەجید، شکاندنی باستیلەکەی موسڵ، چاپخانەی شەهید کەمال، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان مەکتەبی ڕێکخستن – مەڵبەندی 25ی ڕێکخستنی دەربەندیخان/ بەشی ڕاگەیاندن و ڕوناکبیری، باشووری کوردستان – سلێمانی 2007. ئەو لاپەڕانەی کە بە پێویستم زانی لەو نامیلکەیەدا، لە خوارەوە دانراون.
3. چیمەن ساڵح کاکەبرا، پلانی شکاندنی بەندیخانەی موسڵ، گۆڤاری شەهید، ژمارە (6)، ساڵی دووەم، لاپەڕە (6)، مانگی تەموزی ساڵی (1999). گۆڤاری شەهید، گۆڤارێکی وەرزییە بنکەی ڕۆشنبیری شەهید دەری دەکات. ئەو بابەتەم بەهۆی هاوڕێیەکم لە فەیسبووک لە ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (6.10.2013)دا بەدەست گەیشت و لە خوارەوە دانراوە.

تێبینی: ئەو بابەتەم لەنێوان (22.11.2013-29.8.2013)دا نووسراوە، هۆکاری دواکەوتنی بەتایبەت بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بۆ ماوەیەکی زۆر چاوەڕێی ژمارە (2164)ی کوردستانی نوێ و گۆڤاری ژمارە (6)ی شەهید-م کرد، لەگەڵ هەوڵی دۆزینەوەی هاوڕێم محەمەد حەسەن خورشید کەرکوکی. بەڵام دوای گەیشتنی ڕۆژنامەکە و گۆڤارەکە و دۆزینەوەی محەمەد حەسەن خورشید، دەستبەجێ لە ماڵپەڕە کوردییەکان و تۆڕی فەیسبووک بڵاوکراوەتەوە.

# ضيرؤكى شكاندنى قةسابخانةى موسلأ كة لةسةر دةستى كورِانى يةكيَتى ئةنجام درا..! 1981/6/1

نةريمان مةجيد

ثاش هةلَطيرساندنى شؤرِشى نوآ كؤمةلَيَك خويَندكار لةسنورى بازيان لة سةرةتاى سالَى 1979ةوة ثةيوةنديان كرد بة هةريَمى دووى ئةوكاتة سةر بة ريَكخراوى بازيان وةك ثؤليَك كاريان دةكرد، ثاش ئةوةى كة ذمارةى ريَكخستنةكانيان زيادى كرد لة ضةمضةمالأ شانةيةكى تريان بؤ ئةو خويَندكارانةى ئةوآ كردةوة. ئيتر ض لة تةينالأء ض لة طؤثالَةء ض لة سنورى ضةمضةمالأ دةستيان كرد بة بلآوكردنةوةى بيروباوةرِى كؤمةلَةو ئةمةش واى كرد رذيَم لة ريَطةى ضةند سيخوريةكى خؤيانةوة خؤيان خزانة ناو رِيزةكانى ريَكخستنةكان، بةلآم ثيَش ئةوةى ئاشكرا بوون ضةند هةظالَيَكيان بة مةبةستى طةشةدان بة ضالاكى ريَكخستن لة بازيان نةمانء هةر يةكةو رؤشتنة شاريَك بؤ نموونة شةهيد سةباح مةجيد بؤ عةربةت، شةهيد فاتح مةحمود محةمةد (تةينالأ) بؤ دةربةنديخان شةهيد محةمةد عةلى محةمةد (مامة) نيازى بوو بؤ كةلار برِوات بة بيانووى ئةوةى ثؤلى سآيةمى ناوةنديىء لة ناوةندى بازيان مامؤستاى باش نىة بؤ بةكالؤرى سوديان ليَ نابينن، ئةوة بوو لة ريَطةى سيخورةكانيانةوة ئاشكرا بوون رؤذى 1981/2/2(ئةمين ئيسماعيل بابان، محةمةد، مةحمود رةشيد، مةحمود فةرةج)لةلايةن ئةمنى بازيانةوة طيران رؤذى دواتر (محسن، فايةق، ئةمين حسيَن) لة ئؤردوطاى تةينالأء طوثالَة طيران، هةر ئةو رؤذةش لة ناوةندى عةربةت(سةباح) طيراو لة سنورى ضةمضةمالَيش (محةمةد عةبدولآ، عدنان سابر، عةبدولسةميع مةلا ئةحمةد) طيران.. (شةهيد جةبار ئةحمةد) لةبةر ئةوةى لة سةربازى بوو بةلآم رذيَم ذنء منالَةكةى طرتبوو ئةميش بة كاريَكى ناجواميَرانةى دةزانى بؤية رؤذى 1981/2/5 خؤى تةسليم بة ئةمنى بازيان كردو ثاش ماوةيةك ذنء منالَةكانى بةردران هةروةها ثاش ماوةيةك لة ئازاردانى ئةم ثؤلة قارةمانة كة هةنديَكيان خويَندكار نةبوون وةك (محسن، جةبار، فايةق، ئةمين حسين). بةلآم هيضيان نةدركاند ئةوةبوو (مةحمود فةرةج) ئازادكرا.. ئيتر رؤذانة رذيَم لة ئةمنى سليَمانى بةتايبةتى شةوى 8\1981/2/9 وةك ئةوةى شةهيد سةباحء شةهيد بابان لةكاتى سةردانيان لة قةسابخانةكةى موسلأ بؤيان طيَرِاينةوة ئةو شةوة تا بةيانى بةسترابوونةوة لة حةوشةى دةرةوةى ئةمنى سليَمانى ئةو شةوة ض بةفر بارى بوو لةوانى دابوو، ئيتر دواى طيرانى ئةمان شةهيدان (تةنيا، حةسةن، هيوا محةمةد، نةبةز فةتح اللةء شاموراد)و شؤرِش مةحمودء زمناكؤ فةرةج خؤيان طةياندة ناوضة رزطاركراوةكانى سنورى تيثى 55 قةرةداغ.

ديارة ئةطةر بمانةويَت لة ضؤنيةتى رةفتارو شيَوازى طوتنء ئازاردانء ئةشكةنجةدانى رؤذانى زيندان بدويَين وةك (مامؤستا محةمةد عةبدولآ)كة لة طةلَياندابوو بة20سالأ حوكم دراو ئيَستا لة ثةروةردةى ضةمضةمالأ سةرثةشتيارى هونةرى)ية ثآى راطةياندم ئةوة بؤ خؤى بابةتى

ضەندین باسء ناميلكەية كة بة ئاسانى ناتوانريَت تەعبيرى لىَ بكريَت، بەلآم ئەوةى لةم نوسينةدا جآى بايةخة كة هاوكاتة لةطةلأ سالَيادى دامةزراندنى (ى.ن.ك) ئةويش ثلانى شكاندنى قةسابخانةى موسلَة، بةلآم ديارة ئةو ثؤلة هةظالَة بة قؤناغةكانى لىَ ثرسينةوةو ليَكؤلَينةوةى جياوازدا لة ذيَر (ئازارو ئةشكةنجةدانء ليَدانء كيَبلء كارةباء بوتلأء هةلَواسين فةلاقةو ئاطردا) تيثةرِينء دواتر لة ئةمنى سليَمانييةوة رِةوانةى هةيئةى خاسةى كةركوكء ثاشان لة دادطاى خاسةى كةركوك بريارى لة سيَدارةدانى 13كةسيان دراو ئةمةش لةبةر ئةوةى زؤربةى خويَندكار بوون لة قؤناغةكانى ناوةندى واتة تةمةنيان لة خوار هةذدة سالَةوة بوو لةلايةن دكتؤريَكى خؤفرؤش تةمةنيان طةورةكرا بؤ سةرووى 20سالآن بؤ نموونة (بابان ئةحمةء سةباح مةجيد تةمةنيان 15سالآن بوو كرابوون بة(21)سالأء (محةمةد عةلى محةمةدء مةحمود رةشيدء عةدنان سابر) تةمةنيان 17سالآن بوو كرابوون بة(23)سالآن، ئةم كردةوة شؤظينيية تةنيا لة قاموسى بةعسدا جآى ئةبيَتةوة كة تاوانى ئاوها دةرهةق بة رؤلَة جواميَرةكانى طةلةكةمان بكات واى دةزانى بة نةمانى ئةمان ريَبازةكةيان كزدةبيَت نةيانزانى لة سيَدارةدانى ئةمان دةبيَت بة ضراخانى شؤرِشةكةمان، ئةوةبوو لة رؤذى 1981/5/19 ثاش دادطايى كردن لة بيناى دادطاى هةيئةى خاسةى كةركوك كة ذمارةى بةندكراوةكان (16)كةس بوون بريارى لة سيَدارةدانى (13)يانء حوكمى 20سالأ موئةبد بؤ محةمةد عةبدولآء ئةمينء ئيسماعيل درا ئيتر لةناو بيناكة دةنطى ورتةورتء نارةزايى بلَندبؤوة بةتايبةت لةلايةن ثؤلة خويَندكارةكةى بازيان كة زؤربةيان خةلَكى بنارى بةمؤبوونء لة ئؤردوطا زؤرةملَيةكانى بازياندا نيشتةجآ كرابوون.. ئيتر ئةو شةوة لة كةركوك تا بةيانى كةسيان خةويان لىَ ناكةوآو قسةى خؤشء دلأ نةوايى يةكتردةكةن.. ضةند رؤذيَك دواى برِيارةكة 13 كةسةكة بؤ بةنديخانةى موسلأ رةوانةكرانء سآ كةسةكةش بؤ ئةبوغريَب، هةر بة طةيشتنيان بة قةسابخانةكةى موسلأ بير لة دارشتنى ثلانيَك دةكةنةوة بؤ شكاندنى زيندانةكة ئةويش بة هاوكارى دوو (سجان) كة كوردى ئيَزيدى دةبن هةروةها لةويَش ضةند كةسيَكى ترى لىَ دةبيَت وةك (عومةر ميرزاو محةمةد حةمة سالَةح كاكةبرا (ئامانج شاتر) بةيةكةوة ريَك دةكةون ضونكة رؤذى 1981/6/1 موعدى ضاوثيَكةوتنة لةطةلأ خزمء كةسء كارةكانيانةوة هةر بؤية لة ريَطاى ئةو دوو (سجان)ةوة هةموو ثيَداويستييةكيان بؤ دابين دةكريَت وةك (مشارء دةمانضةى بآ دةنط) بةو مةرجةى رؤذى (مواجهة) لةلايةن خزمانيانةوة ثارةيةكى زؤريان بؤ دابين بكرآ، ئةوةبوو رؤذى 1981/6/1 كة رؤيشتينة (مواجهة)يان زؤرمان لا سةير بوو داواى ثارةو ثيَلاوى سوكيان لىَكردين ثيَمان ووتن ئيَوة مانطيَكى تر ئيعدام ئةكريَن ووتيان خوا كةريمة كآ ئةلَآ عةفو ناكريَين ضونكة راستة ئيَمة بريارى لةسيَدارةدانمان دراوة بةلآم تا ئيَستا بريارى (مةرسوم جمهورى)مان بؤ دةرنةضووة، هةر ئةو شةوة دواى طةرِانةوةى كةسءكاريان بؤ سليَمانىو ناوضةكانى دةوروبةرى واتة شةوى 1\1981/6/2ء لة يادى سالَرؤذى دامةزراندنى (ى.ن.ك) دةست دةكةن بة شكانء برينةوةى دةرطاو ثةنجةرةكانى ذوورةكانى خؤيانء دواتر ديَنة قاوشةكانء ثاشان بؤ سةر ديوارة بةرزةكانى حةوشةى قةسابخانةكة، هةر ئةو شةوة دوان لة جةلادةكان بةسزاى طةلء شؤرِش دةطةيةنن ئيتر سيخورةكانى بةعس دةست دةكةن بة تةقةكردن كة دةورى قةسةبخانةكة دةطريَت بةلآم ئةفسوس هةر ئةو شةوة شةهيدان (جةبار ئةحمةدء عةدنان سابر) دةطةنة كاروانى ثرِ سةروةرى طةلةكةمانء شةهيدان (سةباحء

محةمةد عةلىء محةمةدحةمة سالَح) بة خةستى بريندار ئةبنء هةموويان دووبارة لةناو حةوشء قاوشةكاندا دةسطير دةكريَنةوة.

ئيتر دواى ئةوة دةنطى شكاندنى زيندانى موسلأ لة زؤربةى كةنالَة معارةزةكانى رذيَمدا بلاَو ئةكريَتةوة.. ئيَمةش وةك خزمانى نزيكيان لةريَطاى (ى.ن.ك)ةوة هةوالأو سؤراخيانمان كرد، بةلاَم ئةفسوس ثاش ئازارو ئةشكةنجةو ليَكؤلَينةوةى جياوازو ثاش شةش مانط ضاوةروانى ئةوجا رؤذى 1981/12/2 لة ريَطاى ئةمنى بازيانةوة ثيَيان راطةياندين كة ئةمرِؤ كورةكانتان ئيعدام ئةكريَت.. بؤية دووبارة ئيَمة رؤشتينة موسلأ بةلاَم ض كاتيَك، كاتيَك طةيشتين زؤر درةنط بوو فرياى مواجهة كردن نةكةوتين ووتيان ضةند دةقيقةيةكى تر ئيعدام ئةكريَن.. بةلاَم ئةمنى ضةمضةمالأ ضةند رؤذيَك ثيَشتر مالَى شةهيد (عبدول سةميع)يان ئاطادار كردبوةوة. ئةوة بوو مةلا ئةحمةد باوكى عبدول سةميع هةموويانى بينيبوو، خويَندكارة خويَن طةرمةكانى ئيَمة.. هةلَؤ ضنط سوورةكانى بةمؤو زمناكؤء قةنديل بة مامؤستادا نامةو راسثاردةيان بؤ ناردبووين سةبارةت بة ضؤنيةتى شكاندنى زيندانةكةو دووبارة طرتنةوةيان. هةردوو (سجان)ة ئيَزدييةكةش يةكيَكيان لة سيَدارة دراو ئةوى تريان بة حوكمى موئةبد ئيتر براية ئةبوغريَبء لةوآ باسى داستانة كةم ويَنةكةى هةظالآنى بؤ (محةمةد عةبدولآء ضةند برادةريَكى تر) طيَرِابووةوة.

بةم ضالاكية كةم ويَنةية لة ميَذووى طةلةكةماندا تيَكؤشةرانى (ى.ن.ك)ء خويَندكارانى (شيهاب، جةعفةرو ئةنوةرء زؤرابء ئارام) سةلماندويان كة بة ديليش سلأ لة دوذمنان ناكةنةوةو لةناو سةخترين زيندانيدا ثيَش خؤيان دةستيان لة جةلادةكانى بةعس وةشاندو خؤشيان كردة قوربانى رؤلَةى طةلةكةيان ئةوانةى كاتذميَر8ى شةوى 1981/12/2 لة سيَدارة دران ئةم شةهيدانة بوون ( سةباح مةجيد، بابان ئةحمةد، محةمةد عةلى محةمةد، محسن ئةحمةد، ئةمين حسيَن، مةحمود رةشيد، فائق حةمة سالَح ناسراو بة ئةحسان، عبدول سةميع مةلا ئةحمةد) بةلاَم سةبارةت بة شةهيد محةمةد حةمة سالَح كاكةبرا بةثآى ئةو نوسينةى خوشكة ضيمةن سالَح كاكةبرا بيَت كة لة طؤظارى شةهيد ذمارة (6)دا بلاَو كراوةتةوة رؤذى 1981/7/12 لة سيَدارة دراوة. شايانى باسة جطة لة شةهيد عبدول سةميع كة خةلَكى شارى ضةمضةمالأ بوو شةهيد محةمةد حمة سالَح نازانم خةلَكى كوآية، ئيتر ئةو وشةهيدةكانى تر خةلَكى طوندةكانى بنارى بةمؤى قةزاى خانةقين بوون بةلآم لة سالآنى 74-1975 ئاوارةى ئيَرانء خوارووى عيراقء ثاشان لة ئؤردوطاكانى بازياندا نيشتةجآ كرابوون.

هةروةها هةموويان بة برِيارى (مةرسوم جمهورى)ذمارة/ 301لة 1981/6/11 برِيارى لة سيَدارة دانيان بؤ دةرضوو بوو بةلآم بةهؤى رووداوى شكاندنى قةسابخانةكةوة رؤذى 1981/12/2 جآبةجآ كراو ئيَستا تةرمةكانيان لة قةبرستانى (وادى عطاب)ة لةسةر جادةى موسلأ تةلةعفةر، لةبةر ئةوةى دواى سآ رؤذةى لة سيَدارة دانيان باوكمء شةهيد محةمةدى برامء ضةند دؤستيَك رؤشتبوون بؤ نةخؤشخانةى موسلأ بؤ وةرطرتنى (شهادت وفات) لةوآ ثيَيان راطةياندبوون كة طؤرِةكانيان لة كوآية ئيتر باوكم هةر ئةو رؤذة دةضيَتة طؤرستانى (وادى عطاب) هةشت طؤرِى تازة دةست نيشان دةكات ئيَمةش ثاش 10 مانط بةسةر شةهيد بوونياندا طؤرِةكانيانمان هةلَةبةست بةلآم ثيَش هةلَبةستن مةلا ئةحمةدى ضةمضةمالأ ووتى راستة مام مةجيد ئةمانةى دةست نيشان كردوة بةلآم يةكةم طؤرِو ئةخير طؤر هةلَدةينةوة بزانين خؤيانن ؟ ئيَمةش ثاش هةلَدانةوةى طؤرِةكان كة تةنيا مةتريَك قولأ كرابوو بؤمان دةركةوت كة ئةوانء

یەکەم طؤرِ عبدول سةميعء ئةخير طؤرِيش بابان بوو، ثاشان هةلَمان بةستنء سةرجةم كيَلَء بيَشكةى طؤرِةكان بة بؤياغى سةوز بؤياغكران كة□ا سالَى 1990 من خؤم بة مةبةستى طةشتى خويَندكاران بةو ناوةدا□يَثةرِيوم ضونكة لةسةر جادةكةية طؤرِةكان ماوةو رةنطة سةوزةكةش بووة□ة ضقلَى ضاوى دوذمنان.

ليَرةوة هةزاران سلاَو بؤ سةرمةزارى ثيرؤز□ان.

Dorsim
Mandoq 28.3.2011

٢٨/١٢/٢٠١٠

# شکاندنی باستیلەکەی موسڵ

نەریمان مەجید

پاش هەڵگیرساندنی شۆڕشی نویٚ کۆمەڵێك خوێندکار لە سنوری بازیان لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٨ە وە پەیوەندیان کرد بەهەرێمی دووی ئەو کاتە سەربەڕێکخراوی بازیان وەك پۆلێك کاریان دەکرد ، پاش ئەوەش کە ژمارەی ڕێکخستنەکانیان زیادی کرد لە چەمچماڵ شانەیەکی تریان بۆ ئەو خوێندکارانەی ئەویٚ کردەوە . ئیتر چ لە تەینالٚ و چ لە گۆپاڵە چ لە سنوری چەمچەماڵ دەستیان کرد بەبلاٚوکرنەوەی بیرو باوەڕی کۆمەڵەو ئەمەش وای کرد ڕژیم لە ڕێگەی چەند سیخوڕێکی خۆیانەوە خۆیان خزاندە ناو ڕیزەکانی ڕێکخستن بەلاٚم پێش ئەوەی ئاشکرابوون چەند

٩

هـەڤاڵێکیان بەمەبەستی گەشـەدان بـە چالاکی ڕێکخستن لـە بازیان نەمان و هەریەکەو ڕۆشتنە شارێك بۆ نمونـە شـەهید ( صباح مجید ) بۆ عەربەت ، شـەهید ( فاتیح محمد محمود) ناسـراو بـە(تـەنیا) بـۆ دەربەنـدیخان ، شـەهید ( محمـد علـی محمـد ) ناسـراو بـە (مامـە) نیـازی هـەبوو بۆ کـەلار بڕوات بـە بیانوی ئەوەی پۆلی سیٚ یەمی ناوەندین و لە ناوەندی بازیان مامۆستای باشی نی یـەو بۆ بەکالۆری سودیان لـیٚ نابینن ، ئەوە بوو لەڕێگەی سیخوڕەکانەوە ئاشکرا بوون لـە ڕۆژی ٢ / ٢ / ١٩٨١ ( امـین و ئیسـماعیل و بابـان أحمـد و محمـد علـی محمـد و محمـود رشـید و محمـود فـەرەج ) لەلایـەن ئـەمنی ئەمنی بازیانەوە گیران ڕۆژی دواتـر ( محسن أحمد ، احسـان حەمـە صـالح ، أمـین حسـین ) لـە ئۆردوگـای تـەینال و گۆپالـە گیران ، هەر ئەوڕۆژەش لە ناوەندی عەربەت ( صـباح ) گیرا لە سـنوری چەمچـەماڵیش ( محمـد عبداللـە و عـەدنان صـابر و عبدول سەمیع مەلا أحمد ) .. گیران ( شەهید جبار أحمد ) لـە بەرئـەوەی لـە سـەربازی بـوو بـەلام ڕژێـم ژن و منداڵەکـەی گرتبوو ئەمیش بەکارێکی ناجوامێرانـەی دەزانـی بۆیـە ڕۆژی ٥ / ٢ / ١٩٨٢ خۆیـان تەسـلیم بەئـەمنی بازیـان کـردو پـاش ماوەیەك ژن و منداڵەکانی بەردران هەروەها پاش ماوەیەك لـە ئازاردانی ئەم پۆلە قارەمانە کە هەندێکیان خوێندکار نەبوون وەك ( محسن أحمد ، جەبار أحمد ، احسان حمە صالح ، امین



حسین ) . بەلام هیچیان نەدرکاند ئیتر ڕۆژانـە ڕژێم لـە ئەمنی سـلێمانی بەتایبـەتی شـەوی ٩/٨ / ٢ / ١٩٨١ وەك ئـەوەی شـەهید سـەباح و شـەهید بابـان لـە کـاتی سـەردانیان لـە قەسابخانەکەی موسڵ بۆیـان گێڕاینـەوە ئەو شەوە تابـەیانی بەسـترابوونەوە لـە حەوشـەی دەرەوەی ئـەمنی سلێمانی ئـەو شەوە چ بەفرباری بوو لەوانی دابوو ئیتر دوای گیرانـی ئـەمان شەهیدان ( تەنیا ، حسن ی یاسە ، هیوا محمد ، نەبەز فـەتح اللـە ، شاسـوار ، شـۆڕش محمـود ، زمنـاکۆ ڕەشـید ) خۆیـان گەیانـدە ناوچـەی ڕزگارکراوەکانی سنوری تیپـی ( ٥٥ )ی قەرەداغ . دوای هەفتەیەك لەلێکۆڵینەوە ( محمود فرج ) ئازاد کـرا ، دیـارە ئەگـەر بمانـەوێت لـە چۆنێتی ڕەفتـارو شـێوازی گـرتن و ئـازاردان و ئەشـکەنجەدانی ڕۆژانـی زینـدان بـدوێین وەك (مامۆستا محمد عبداللە ) کە لـە گەڵیانـدابوو بـە ( ٢٠ ) سـاڵ حـوکم دراوە ئێسـتا لـە پـەروەردەی چـەم چـەماڵ سەرپەرشتیاری هونـەری یـە * پێـی ڕاگەیانـدم ئـەوە بۆخـۆی بابـەتی چـەندین بـاس و نامیلکەیـە کـە بەئاسـانی ناتوانرێـت تەعبیری لیٚ بکرێت ، بەلام ئەوەی لەم نوسینەدا جێی بایەخە کـە هاوکاتـە لەگـەڵ سـاڵیادی دامەزرانـدنی ( ی . ن . ك ) ئـەویش پلانـی شکاندنی قەسابخانەی موسڵە ، بـەلام دیـارە ئـەم پۆلـە هەڤاڵـە بەقۆناغـەکانی لێپرسینەوەو لێکۆڵینـەوەی جیاوازدا لە ژێر

( ئازارو ئەشکەنجەدان و لێدان بە کێبڵ و کارەباو بوتڵ و هەڵواسین و فەلاقەو ئاگردا ) تێ پەڕین و دواتر لە ئەمنی سلێمانی یەوە ڕەوانەی هەیئەی خاسەی کەرکوک و پاشان لە دادگای خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی ( ١٣ ) کەسیان دراو ئەمەش لەبەرئەوەی زۆربەیان خوێندکاربوون لە قۆناغەکانی ناوەندی واتا تەمەنیان لە خوار ( ١٨ ) ساڵیەوە بوو لەلایەن دکتۆرێکی خۆفرۆش تەمەنیان گەورە کرابوو بۆ سەروی (٢٠ )ساڵان بۆ نمونە ( بابان احمد ، صباح مجید ) تەمەنیان ( ١٥ ) ساڵان بوو کران بە( ٢١ ) ساڵ و ( محمد علی محمد ، محمود ڕەشید ، عەدنان صابر ) تەمەنیان ( ١٧ )ساڵان بوو کران بە ( ٢٣ ) ساڵان ئەم کردەوە شۆڤێنیە تەنها لە قاموسی بەعسدا جێی ئەبێتەوە کە تاوانی ئاوەها دەرهەق بەپۆلە جوامێرەکانی گەلە کەمان بکات وای دەزانی بەنەمانی ئەمان ڕێبازەکەیان کزدەبێ نەیزانی لە سێدارەدانیان دەبێت بەچراخانی شۆڕشەکەمان ئەوە بوو ڕۆژی ١٩ / ٥ / ١٩٨١ پاش دادگای کردنیان لە بینای دادگای هەیئەی خاسەی کەرکوک کە ژمارەی بەندکراوەکان ( ١٦ ) کەس بوون بڕیاری لە سێدارەدانی ( ١٣ ) یان دراو حکومی ( ٢٠ ) ساڵ موئەبەد بۆ ( محمد عبداللە و امین و ئیسماعیل )برایەوە ئیتر لە ناو بیناکە دەنگی ورتەورت و ناڕەزایی بڵند بوەوە بەتایبەت لەلایەن



پۆلە خوێندکارەکەی بازیان کەزۆربەیان خەڵکی بناری بەمۆبوون و لە ئۆردگا زۆرەملێیەکانی بازیاندا نیشتەجێ کرابوون .. ئیتر ئەو شەوە لە کەرکوک تابەیانی خەویان لێناکەوێ و قسەی خۆش و دڵنەوای یەکتری دەکەن ... چەند ڕۆژێك دوای بڕیارەکە ( ١٣ ) کەسەکە بۆ بەندیخانەی موسڵ ڕەوانە کران و ( ٣ ) کەسەکەش بۆ ئەبوغرێب ، هەربەگەیشتنیان بەقەسابخانەکەی موسڵ بیریان لە داڕشتنی پلانێك کردەوە بۆ شکاندنی زیندانەکە ئەویش بەهاوکاری دوو ( سجان ) کە کوردی ئێزیدی دەبن بەناوی ( شێخ فازڵ یوسف ئەلیاس و شێخ مەردان یوسف ئەلیاس *) کە برادەبن ، هەروەها لە وێش چەند کەسێکی تری لێ دەبێت وەك ( بەرزان عمر علی و عمر میرزاو محمد حمە صاڵح کاکە برا ناسراوبە ( ئامانج شاتری ) بەیەکەوە ڕێك دەکەون ، چونکە ڕۆژی ١ / ٦ /١٩٨١ وادەی چاوپێکەوتنە لەگەڵ خزم و کەس و کارەکانیانەوە هەربۆیە لە ڕێگای ئەو دوو ( سجان )ەوە هەموو پێداویستی یەکیان بۆ دابین دەکرێت وەك (مشارودەمانچەی بێ دەنگ ) بەو مەرجەی ڕۆژی (مواجهە ) لەلایەن خزمەکانیانەوە مەساریفەکانیان بۆ دابین بکرێ ، ئەوەبوو ڕۆژی ١ / ٦ / ١٩٨١ کەڕۆیشتنە (مواجهە) یان زۆرمان لاسەیر بوو داوای پارەو پێڵاوی سوکیان لێ کردین پێمان ووتن ئێوە مانگێکی تر ئیعدام ئەکرێن ووتیان

خواکەریمە کێ ئەڵێ عەفوناکرێین چونکە ڕاستە ئێمە بڕیاری لە سێدارەدانمان دراوە بەڵام تائێستا بڕیاری ( مەرسوم جمهوری ) مان بۆ دەرنەچووە ، هەر ئەوشەوە دوای گەڕانەوەی کەس و کاریان بۆ سلێمانی و ناوچەکانی دەوروبەری . واتە شەوی ١/ ٢ / ٦/ ١٩٨١و لەیادی ساڵرۆژی دامەزراندنی ( ی . ن . ك )دەست دەکەن بەشکان و بڕینەوەی دەرگاو پەنجەرەکانی ژوورەکانی خۆیان بەهاوکاری و چاو ساغی دووسجانەکە و دواتر دێنە قاوشەکان و پاشان بۆ سەردیوارەبەرزەکانی حەوشەی قەسابخانەکە ، هەر ئەو شەوە دوو لە جەلادەکان بەسزای گەل و شۆڕش دەگەیەنن و ئیتر سیخوڕەکانی بەعس دەست دەکەن بەتەقەکردن و دەوری قەسابخانەکە دەگرێت.. ئەفسوس هەر ئەو شەوە شەهیدان ( جبار أحمد و عەدنان صابر ) دەگەنە کاروانی پرسەروەری گەلەکەمان و شەهیدان ( صباح و محمد علی و محمد صالح ) بەخەستی بریندار ئەبن و هەموویان دووبارە لەناو حەوشەو قاوشەکاندا دەستگیر دەکرێنەوە . ئیتر دوای ئەوە دەنگی شکاندنی زیندانی موسڵ لە زۆربەی کەناڵەمعارزەکانی ڕژێمدا بڵاو ئەکرێتەوە.. ئێمەش وەك خزمانی نزیکیان لە ڕێگای ( ی . ن . ك )ەوە هەواڵ و سۆراخیانمان کرد. بەڵام ئەفسوس پاش ئازارو ئەشکەنجەو لێکۆڵینەوەی جیاوازو پاش شەش مانگ

١٤

چاوەڕوانی ئەوجا ڕۆژی ٢ / ١٢ / ١٩٨١ لە ڕێگای ئەمنی بازیانەوە پێیان ڕاگەیاندین کە ئەمڕۆ کوڕەکانتان ئیعدام ئەکرێن ... بۆیە دووبارە ئێمە ڕۆیشتینە موسڵ ، بەڵام کاتێك گەیشتین زۆر درەنگ بوو فریای مواجهە کردن نەکەوتین ووتیان چەند دەقیقەیەکی تر ئیعدام ئەکرێن ... بەڵام ئەمنی چەمچەماڵ چەند ڕۆژێك پێشتر ماڵی شەهید ( عبدول سەمیع ) یان ئاگادار کردبوەوە . ئەوەبوو ( مەلا أحمد باوکی عبدول سمیع ) هەموویانی بینیبوو ، خوێندکارە خوێن گەرمەکانی ئێمە . هەڵۆچنگ سورەکانی بەمۆ و زمناکۆو قەندیل بەمامۆستادا نامەو ڕاسپاردەی یان بۆ ناردبووین سەبارەت بەچۆنیەتی شکاندنی زیندانەکەو دووبارە گرتنەوەیان هەردوو ( سجان )ە ئێزیدیەکەش یەکێکیان لەسێدارە درا بەمرسومی جمهوری ژمارە ( ١٤٦ ) بەرواری ١١ / ٣ / ١٩٨٢وە لە بەرواری ١٣ / ١١ /١٩٨٢ جێ بەجێ کرا ، بەناوی شێخ مەردان یوسف ئەلیاس ئەوی تریان بەناوی شێخ فازڵ یوسف ئەلیاس بەحکومی موئەبەد ( ٢٠ ) ساڵ زیندانی کرا بەبڕیاری مەرسوم جمهوری ژمارە (١٨٨ح/٨ ) بەرواری ٢٠ / ٢ / ١٩٨٢ بەپێ ی مادەی ژمارە (١٥٨) لە یاسای سزادانی عیراقی ئیتر برایە ئەبوغرێب و لەوێ داستانەکەم وێنەکەی هەڤاڵانی بۆ ( محمد عبداللە ) و برادەرانی ترگێڕابویەوە .. بەم چالاکیە کەم وێنەیە لە

١٥

مێـــــژووی گەلەکەمانـــــدا تێکۆشـــــەرانی ( ی . ن . ك ) خوێنـدکارانی ( شـیهاب و جەعفـەرو انـوەرزۆراب و ئـارام ) سـەلماندیان کەبەدیلیش سڵ لـە دووژمنـان ناکەنـەوەو لـەناو سـەخترین زینـدانـدا پـێش خۆیـان دەسـتیان لـە جـەلادەکانی بـەعس وەشـاند و خۆشیان کـردە قوربـانی خـاك و نیشـتمان ئەمەش بووە دەسپێکی یەکەم لە مێژووی شۆڕشی کوردا کە پۆلێـك تێکۆشـەر بـۆ یەکـەمین جـار دەرگـای قەسـابخانەی موسڵیان شـکاند ..! ئەوانـەی کاتـژمێر ٨ی شـەوی ٢ / ١٢ / ١٩٨١ لـە سێدارەدران ئـەم شـەهیدانە بـوون ( صـباح مجیـد ، بابان احمد ، محمد علی محمد ، محسن احمد ، امین حسین ، محمود رشید ، احسان حمه صالح ناسراو به فائق ، عبدول سمیع مـەلا احمـد ، ) بـەلاَم سـەبارەت بەشـەهید محمـد حمـە صالح کاکە برا بەپێ ی ئەو نوسینەی خوشکە چیمەن صالح کاکـە برابێـت کەلـە گۆڤـاری شـەهید ژمـارە (٦)دا بـلاَو کراوەتەوە ڕۆژی ١٢ / ٧ / ١٩٨١ لە سێدارە دراوە ، شایەنی باسە جگە لە شەهید ( عبدول سەمیع ) کە خەڵکی شاری چەمچەماڵ و شـەهید ( محمـد حمـە صالح ) نـازانم خـەڵکی کوێیە ئیتر ئەو شـەهیدەکانی تـر خـەڵکی گوندەکانی بنـاری بـەمۆی قـەزای خانـەقین بـوون لـە سـالآنی ١٩٧٤– ١٩٧٥ ئـاوارەی ئێـران و خـواروی عێـراق و پاشـان لـە ئۆردگاکـانی بازیانـدا نیشتەجێ کرابوون هـەروەها هـەموویان بـەبڕیاری (



مەرسوم جمهوری ) ژمارە ( ٣٠١ ) لە ١١ /٦ / ١٩٨١ بڕیاری لەسـێدارەدانیان بـۆ دەرچـوو بـوو، بـەلاَم بـەهۆی ڕووداوی شکاندنی قەسابخانەکەوە ڕۆژی ٢ / ١٢ / ١٩٨١ جێ بە جێ کـراو ئێسـتا تەرمـەکانیان لـە قەبرسـتانی ( وادی عـەگاب )ە لەسەر جادەی موسڵ تەلەعفەر ، لەبەر ئەوەی دوای سێ ڕۆژ لـە سـێدارەدانیان بـاوکم و شـەهید محمـدی بـرام و شـەهید حمید شریف ڕۆشتبون بۆ نەخۆشخانەی عەسکەری موسڵ بۆ وەرگرتنی ( شەهادەی وەفات ) لەوێ پێیان ڕاگەیاندبوون کـە گۆڕەکانیـان لـەوێ یـە ئیتر باوکم هـەر ئـەو ڕۆژە دەچێتە گۆڕستانی ( وادی عەگاب ) هەشت گۆڕی تازە دەست نیشان دەکـات ئێمـەش پـاش دەمـانگ بەسـەر شـەهید بوونیانـدا گۆڕەکانیانمان هەڵبەست بەلاَم پێش هەڵبەستن مـەلا احمدی چەمچەماڵ ووتـی ڕاستە مام مجید ئەمانەی دەست نیشان کـردوە بـەلاَم یەکـەم گـۆڕو ئـەخیر گـۆڕ هەڵدەینـەوە بـزانین خۆیـانن ..؟! ئێمـەش پـاش هەڵدانـەوەی گۆڕەکـان کەتـەنیا مـەترێك قـوڵ کرابـوو بۆمـان دەرکـەوت ئـەوانن و یەکـەم گـۆڕ عبدول سەمیع کوڕی مـەلا احمد و ئەخیر گۆڕیش بابان بوو پاشـان هـەڵمان بەستن و سـەرجەم کێل و بێشـکەی گۆڕەکـان بـەڕەنگی سـەوز بۆیـاخکران کـەتا سـاڵی ١٩٩٠ مـن خـۆم بەمەبەسـتی گەشـتی خوێنـدکاران بـەو نـاوەدا تێپـەڕیوم بۆیاخەسەوزەکە هەرمابوو لە بەرئەوەی گۆڕەکان نزیك بوون

لە جادەکەوە دیاربوون ، هەروەها دوای پرۆسەی ئازادی عێراقیش لە بەرواری ٢١ / ٦ / ٢٠٠٣ سەردانی گۆڕەکانم کرد لەگەڵ ( حاکم حسن )ی پورزام گۆڕەکان ماوەو ڕەنگە سەوزەکەش بووتە چقڵی چاوی دووژمنان ....

لێرەوە هەزاران سڵاو بۆ سەرمەزاری پیرۆزتان .



## نامەیەکی شەهید بابان بۆ کەس و کاری

بسم الله الرحمن الرحیم            کەم بژی و کەڵ بژی

بۆ خوشکی زۆر خۆشەویستم خوشکی عەزیزم بەیان گیان..... یەکەم جار زۆر سەلامت لێ دەکەم ... وەئەحواڵی سەلامەتیت لە خودای گەورە داواکارم . ئومیدەوارم هەمیشەساغ و سەلامەت بێت وەهیچ جۆرە ناڕەحەتیەکت نەبێت .... ئەگەر تۆش ئەحواڵی برای ئاوارەی دورە وولآتی خۆت بابان هۆرێنی پرسیار دەکەیت شوکر بۆ خوای گەورەو میهرەبان برات زۆر باشە وەهیچ ناڕەحەتیەکم نیە تەنها ئەوەندە نەبێ خەفەتی ئەوەم هەیە کە ئێوەم خەفەت بارکردووە بەڵام خوشکە گیان لەگەڵ ئەوەشا کەمن فرمانی لە سێدارەدانم دراوە نابێ ئێوە خەفەت بخۆن . چونکە یەکە شت خەفەتی ئێوەش لە ژیان بێزار دەکات وەهیچ شتێکیش پەیدا ناکاو سودیشی نیە دووەم شت شاعیری پایەبەرز

پیرەمێرد دەڵێ پێ ی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شێوەن و گرین نامرن ئەوانەی وا لەدڵی میللەتا ئەژین بەڵێ بەیان گیان شیوەنیان بۆ شەهیدی وەتەن نەگوتووە چونکە نەمردووە ئێوە شیوەنی بۆ بکەن شەهید هەرزیندوە وەهەر زیندوش دەبێ وەهەر نامرێ ونەمردوە بەیان گیان . ئەگەر ئێوە منتان خۆش دەوێ دەبێ پەیڕەوی ئەم وتانەی من بکەن ..

١-شیوەن کردن و زیزی لەماڵدا نابێ بکەن

٢- خۆلە خۆشی دوورکردنەوە ، نابێ بکەن

٣- جلی ڕەش لەبەرکردن ، نابێ بکەن

خوشکە گیان هەروەختێك ویستت یادی من بکەیتەوە سەیرێکی وێنەکانم بکەلەگەڵ هاوڕێیانمدا...وە خوشکەگیان من کە ئێستا لە ژووری سێدارەم تینو بە ژیانێکی سەربەرزانە ئەژیم ژیانم زۆر زۆر خۆشە جاران کەمن لە زیندانا نە بووم خۆم بەسەربەرز دا نەئەنا چونکە نەم ئەوێرا ناوی کوردستان بەئازادی بڵێم بەلاّم ئێستا ژیانم سەربەرزە .. بەئازادی دەڵێم

ئەچمە بەرسێدارەی دوژمن با حەلال کا گەردنم...

نامەوێ ئەم ژینە تاڵە یا کوردستان یامردنم

وەهەروەها ڕۆژی هەزار کەس لەم دونیایە ئەمرێ وەدەچێتە گۆڕستان جامنیش وەکو یەکێ لەو هەزار



کەسە بابچمە گۆڕستان لە پێ ناوی ڕزگاریێ خاکی پیرۆزمدا .

یادم کەن یادی منی دوور وولاّت

یادی منی کاروانی ڕێگەی خەبات

یادی منی بێ بەش لە خۆشی و شادی

یادی منی سەودا سەری ئازادی

ئینجا لە دوا ئاخری وو تەکانمدا ئەمەوێ ڕاستیت بۆ دەرخەم کەمن ئەو ئیشەم کرد کەمنی گەیاندۆتە نێو هۆدەی (( أعدام )) هیچ لێ ی پەشیمان نیم و نابم جائەگەر ئێستا لەکاتی سێدارەدانم هات دوژمن پێم بڵێ پەشیمانی لەو کردەوەی کە کردووتە

(( بەم هۆنراوە وڵامی ئەدەمەوە ))

کرێکارێکی هەژاری کوردم

هیچ پەشیمان نیم لەوەی کەکردم .

بم بەنە ئاسمان بم هێننە خوار

هەرئەڵێم کوردم بەملیۆنەها جار

ئیتر بەخواتان ئەسپێرم کاتی نامە خوێندنەوەتانە وە کۆتای هاتنتان باش ....

عنوان

. نینوی . ژووری سێداره نینوی   بابان احمد ....

خوێناوی دووچاوم بەجۆرێ دامەنم ڕەنگین ئەکا
هەرکەسێ ئەم بینێ بەش بەحاڵی ناتەواوم شین ئەکا

ڕێکەوتی ٣١ – ٥ –١٩٨١
کەم ژیام و کەڵ ژیام
غرفة أعدام موسل
(( بابان))



نامەیەکی شەهید بابان لە زیندانەوە /1

٢٣

ژمارە (٦) ساڵی دووەم    شەهید    تەمموزی ١٩٩٩

# پلانی شکاندنی بەندیخانەی موسڵ




(مامۆستا سەیوان)




(ئامانج شاتری)

: چیمەن صاڵح کاکە برا

ئەوانەی لە ژووری خنکاندنیشدا بوون بیریان لە هەموو هیوا و ئاواتەکانیان دەکردەوە جگە لە مردن.... تفیان دەکردە حاکمە سەر خۆشەکان و گاڵتەیان بە جەلادەکان دەکرد و کاتێ یەکێکیان لێ دەبرا لە نیوەشەودا بۆ خنکاندن، هەموو لە دوایەوە هاواریان دەکرد پێش کەون پاڵەوانان ئێمەش لە دواتانین و سروودی سەرکەوتن دەخوێنین و تف و جنێو رووبەڕووی جەلادەکان دەکەینەوە، ولە بەندیخانە زۆرە ملێیەکانیش هەر عاشقی کوردستانی خوێناوین و بە هیوای رزگار بوون و گەیشتن بە ئاواتی سەرکەوتن و تۆڵەین لە دوژمنانی کورد.... بەڵێ تێکۆشەران لە زیندانی مەرگیشدا نەخشەیان دادەڕێژا لە دژی جەلادەکان.... یەکێك لەو نەخشانەش لەلایەن پۆلێك شەهیدی چاونەترس کە دەستە وەستان لە ژووری مەرگیشدا دانەنیشتن و خەباتیان پتەوترکردو بڕیاری شکاندنی قەسابخانەی موسلیان دا. لەبەر ئەوەی ١٩٨١/٥/٢٨ یەکەم بینینی کەس و کاری شەهیدان محمد حمە صالح کاکە برا(ئامانج شاتری)ویاسین و بابان و جبارو صباح و هەندێ شەهیدانی تر ئەبێت... بڕیاردەدەن کەس و کاریان ببینن لە پاشدا کارەکەیان ئەنجام بدەن و مژدەی پلانەکەیان بدەن بە هەندێ براو دۆستی خۆیان..بەڵام جێی داخە کە شەهیدی نەمر (عمر میرزا)بە دەستی جەلادەکان بە شەوێك پێش بینینی کەس و کاری ئەم پۆلە شەهیدە ڕەوانەی کاروانی شەهیدان دەکرێ و کراسەکەی خۆی دەکاتە بەر (ئامانج شاتری) و رابەری شکاندنی بەندیخانەی موسلی پێ دەسپێردرێ... تا شەهیدان لە نیوە شەوی ٢٨لەسەر ٢٩ /١٩٨١/٥ هەڵدەستن بە ئەنجام دانی پلانەکەیان و بە چەقۆ کەلە لایەن کەس و کاریان پێیان گەیشتبووە جەلادێك دەکوژن و بە چەکی جەلادەکە سێ جەلادی تریش ڕەوانەی دۆزەخی تۆڵەی خۆیان دەکەن، بەڵام جێی داخ و بیر نەچوونەوەیە کە کاکە محمد حمە صالح لەکاتی سەرکەوتنی بەدەرگای دەرەوەی بەندیخانەکە دەیەوێ یارمەتی خوشکێکی هاوڕێی بدات بە دوو فیشەکی دۆشکە بریندار دەکرێ و توانای ڕزگار بوونیان نامێنی و هەموویان دەگیرێنەوەو چاوپێکەوتنیان قەدەغە دەکرێ.. ئەم هەواڵە لە هەموو ڕاگەیاندنەکانی کوردستان و (صوت العراق من دمشق) بڵاوکرایەوەو لە هەندێکیان هەواڵی ڕزگاربوونیان ڕادەگەیەنن و کەس و کاریان لە زۆر جێگاوە بۆ سۆراغیان دەگەڕان... تا لە ١٩٨١/٧/١٢ لەلایەن ڕژێمەوە. پەتی قەنارە دەکەنە گەردنیان و برین و ئاواتەکانیان لە گۆڕستانە سامناکەکەی تەلەعفەر دەخەنە ژێر خاکەوەو تا ئێستاش گۆڕەکانیان نەزانراوە.

هەزاران سڵاو لە گیانی ئەم پۆلە شوهیدە چاونەترسەو هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردو کوردستان.

# بەشی چوارەم

**گفتوگۆ لەگەڵ کارمەندێکی زیندانی ژووری سێدارەی موسڵ**
**گفتوگۆ لەگەڵ زیندانییەکی ژووری سێدارەی موسڵ**
**گفتوگۆ لەگەڵ پارێزەر سلێمان سوسەیی برای شەهید بەکر سوسەیی**
**گفتوگۆ لەگەڵ ئاواز حەمەدئەمینی هاوسەری شەهید ئەکرەمی حەپسە**
**نامەیەکی کراوە بۆ سەرۆکوەزیران، جێگری سەرۆکوەزیران و وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفال کراوەکان**
**ئای کە شەرمەزارت کردم وەزیری کاروباری شەهیدان**
**نامەیەکی تورە بۆ مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان**
**بۆ بەڕێز وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفال کراوەکان**
**ژمارەیەک لەو تێکۆشەرە کوردستانییانەی کە لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراون**
**کورتەیەک لە ژیانی نووسەر**

## گفتوگۆ لەگەڵ کارمەندێکی زیندانی ژووری سێدارەی موسڵ:

1. ناوی تەواوت؟
فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس عەبدی.
2. ساڵ و شوێنی لە دایکبوونت؟
ساڵی (1947) لە گوندی تەل قەسەب-ی سەر بە شارۆچکەی شەنگال-ی سەر بە پارێزگای موسڵ لەدایک بووم.
3. پیشەت چی بوو، وە لە کوێ کارت دەکرد؟
پاسەوانی زیندان بووم، بە پیشەی پاسەوانی چاکسازی (حارس الإصلاحية)، لە زیندانی موسڵ بەشی سێدارە. لە ساڵی (1967) لەوێ دامەزرام.
4. لە بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ لە ساڵانی (1980-1981)دا کێت دێتەوە یاد، یاخود پێشتر ناوی کێت دێتەوە بیر؟
ئەوەی بێتەوە بیرم کەسێک بەناوی جەمال خۆشناو کە بۆ ماوەیەکی زۆر لە ساڵانی (1977-1978)دا لە ژووری سێدارەی موسڵ بوو، دواتر سزاکەی بۆ گۆڕدراو ڕەوانەی زیندانی ئەبوغرێب کراو تا لە مانگی ئابی ساڵی (1979)، کە سەدام حوسێن دەسەڵاتی گرتە دەست، ئەو بە لێبووردنی گشتیی ئازاد کرا. هەروەها بەرزان عومەر عەلی، کە لە سەرەتای ساڵی (1981) سەبارەت بە شکاندنی زیندانی موسڵ قسەی لەگەڵ کردم و پێکهاتین لەسەر ئەوەی کە خۆم و شەهید مەردانی برام هاوکارییان بکەین لەپێناوی شکاندنی زیندانەکە و ڕزگار کردنیان.
5. ئایە هیچ هەوڵێکی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ لەم ساڵەدا (1981) هەبووە، ئەگەر هەبووە چۆن بوو؟
بەڵێ هەوڵێک هەبوو، هەوڵەکە درا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. لە سەرەتای ساڵی (1981)دا بەتەواوی بیرم نایەت، بەس نزیکەی چوار مانگێک بەر لە شکاندنی زیندانەکە، کە هەوڵی شکاندنەکە لە سەرەتای مانگی حوزەیرانی ئەو ساڵە ئەنجام درا، کەسێک بەناوی بەرزان عومەر عەلی قسەی لەگەڵ کردم بۆ ئەوەی هاوکاریان بم بۆ شکاندنی ژووری سێدارەی موسڵ. پێم وایە بەرزان سەرپەرشتی هەوڵی شکاندنی زیندانەکەی دەکرد، بەڵام ئەو بەتەنیا نەبوو، ئەوان لەنێو خۆیاندا ڕێککەوتبوون و بیرم نایە کێی دیکەی لەگەڵ بوو.
6. سەرەتا کێ قسەی لەگەڵ تۆ یان لەگەڵ شەهید مەردان کرد، ناوەکانیان ئەگەر بێتەوە بیرت؟
بەرزان عومەر عەلی لەگەڵ خۆم قسەی کرد، منیش لەگەڵ شەهید مەردانی برام قسەم کرد. بەرزان بەتەنیا نەبوو، بەس ئەو بەتەنیا قسەی لەگەڵ من کرد، کە من ئەوکات سۆرانی باش تێنەدەگەیشتم، باش بوو بەرزان بە عەرەبی و کەمێک بادینی قسەی بۆ کردم. منیش دواتر قسەم لەگەڵ شەهید مەردانی برام کرد و ئەویش قایل بوو. دواتر قسەم لەگەڵ بەرزان کردەوەو ئامادەیی خۆم و مەردانی برامم دەربڕی بۆ ئەم کارە.
7. ئایە ڕاستە گوایە ئەو هاوڕێیانەی بازیان لەگەڵ تۆ و مەردانی برات قسەیان کردووە، یان کەسانی دیکە بەر لە هاتنی ئەوان سەبارەت بە شکاندنی زیندانەکە قسەیان لەگەڵ کردن؟
ئەوەی قسەی لەگەڵ من کردبێ تەنیا بەرزانی عومەر عەلی بوو، ناوی کەسی دیکەم لەبیر نییە. دواتر ئەوانەی بازیان درەنگ هاتن، ئەوان هەروەکو خۆت باستکرد کە مانگی (٥) و بە چەند ڕۆژێک بەر لە شکاندنی زیندانەکە هاتبن بۆ ژووری سێدارەی موسڵ، کەواتە بەدڵنیایی ئەوان هیچیان قسەیان لەگەڵ من نەکردووە سەبارەت بە شکاندنی ئەو زیندانە، چونکە زستان بوو، مانگی یەک یان دوو بوو کە بەرزان قسەی لەگەڵ کردم و نزیکەی مانگێک دواتر ئینجا وەڵامم دایەوە کە هاوکاریان دەبین بۆ شکاندنی زیندان و ڕزگارکردنیان لە مردن و لە سێدارە دان.
8. بەدڵنیایی بەرزان قسەی لەگەڵ تۆ کرد، نەک ئەو هاوڕێیانەی بازیان؟ ئەی چۆن پێکهاتن سەبارەت بە دانانی نەخشە و پلانی شکاندنی زیندانەکە؟

بەڵێ بەدڵنیایی بەرزانی عومەر عەلی قسەی لەگەڵ من کرد، بەس ئەو بەتەنیا نەبوو، دیاربوو ئەوان پێشتر پلانی خۆیان دانابوو بۆ شکاندنی زیندانەکە و نەخشەی ڕاکردن و خۆ دەربازکردنیان لە سێدارە داڕشتبوو.
ئێمە وا پێکهاتین و ئەوانمان سوێند دا کە ئەگەر هاتوو هەوڵەکە بەر لە ئەنجامدانی شکستی هێنا، کەسیان ناوی من و مەردان نەهێنن کە هاوکاریان بووینە. خۆ ئەگەر دوای دەربازبوونیان و گیرانەوەیان بێ کە ئێمەش دەبوو لەگەڵیان بچین، هەموویان هەوڵی ڕزگارکردنی هەردووکمان بدەن و بڵێن بەزۆر و لەژێر هەڕەشەی چەقۆ ئەوانمان گرتووەو لەگەڵ خۆمانمان بردوون بۆ ئەوەی هەوڵەکەمان سەرکەوێ. ئەوانیش شەوێک یەکە یەکە سوێندیان خوارد، کە لەکاتی شکستی هەوڵەکە قسە لەسەر خۆم و مەردانی برام نەکەن. ئێمەش گفتمان پێدان کە گوریس، کێرد (چەقۆ) و مشاری ئاسن بڕیان بۆ ببەینە ژوورەوە.
9. تۆ و مەردانی برات بڕیارتان دابوو لەگەڵ زیندانییەکان بڕۆن و ببن بە پێشمەرگە، یان دەتانویست بەرەو سوریا بڕۆن و لە ئێراق دەرچن؟
ئێمە هەردووکمان بڕیارمان دابوو لەگەڵ زیندانییەکان بچینە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ببین بە پێشمەرگە، بەڵام مەردان کەمێک حەزی لەوەبوو بچێتە سوریا و دواتریش بۆ دەرەوەی وڵات. مەردانی برام دەیویست سەرەتا ببێ بە پێشمەرگە، ئەگەر ئاسوودەبێ لە پێشمەرگایەتی بمێنێتەوە، ئەگەریش بەدڵی نەبێ، ئەوکاتە بڕواتە دەرەوە، بەهەرحاڵ ئەو دەیویست سەرەتا چەکی پێشمەرگایەتی بکاتە شان.
10. باسی پارە کۆکردنەوە دەکرێ، ئایە پارە کۆکردنەوەکان بۆ چی بوو؟
ئەوەندەی بیرم بێ و ئاگاداری بم، مەردانی برام تەنیا نزیکەی شازدە دیناری لێوەرگرتن، ئەویش پارەی کڕینی مشاری ئاسن بڕ، چەقۆ و گوریسەکە بوو.
ئەگەر زیندانییەکان پارەشیان کۆکردبێتەوە بۆ خۆیان بووە، بۆ ڕێگاو بان، بۆ ماوەی دەرچوونیان و گەیشتنیان بەناو هێزی پێشمەرگەی کوردستان یان سوریا بووە، تا لەو ماوەیەدا پارەیان پێ بێ و بۆ خواردن و خەرجی خۆیان بەکاری بهێنن، ئەگینا من و مەردان بۆ خۆمان یەک فلسمان لێ وەرنەگرتوون، ئێمە ئەو کارەمان بۆ کوردو کوردایەتی کرد!
11. کەواتە پارەکە هیچی بۆ خۆتان نەبوو، بەڵکو هەمووی بۆ کڕینی کەلو پەلەکان بوو؟
بەڵێ، بەدڵنیایی نزیکەی شازدە دینارێک دەبوو، ئەویش تەنیا پارەی کەلوپەلەکان بوو کە شەهید مەردانی برام بۆی کڕین و هەر ئەو خۆیشی پارەکەی لێ وەرگرتنەوە.
12. چی و چیتان بۆ زیندانییەکان کڕی بۆ ئەوەی شیشی دەرگاکانی پێ بشکێنن، یان بۆ خۆپاراستن و پێویستی تری ڕاکردن لە زیندان؟ ئایە دەمانچەی بێدەنگی تیا بوو؟
کەلوپەل و پێویستیەکان هەمووی شەهید مەردان بۆی کڕین و هەر خۆیشی بۆی بردنە ژوورەوە، بەڵام دەزانم دوازدە مشاری ئاسن بڕ واتە دەستەیەک مشاری بۆ کڕین، نزیکەی دە دوازدە چەقۆی باش و نزیکەی بیست بۆ بیست و پێنج مەتر گوریسی بۆ کڕین و هەمووی وەکو پشتێنی کوردی لەناوقەدی خۆی لەژێر جلە سەربازییەکەی پێچا و بەجارێک بۆی بردنە ژووری.
نەخێر دەمانچەی بێدەنگ، یان هیچ جۆرە چەکێکی تر نەچۆتە ژوورەوە.
13. باسی مشاری ئاسن بڕ، چەقۆ، گوریس و سابونی ڕەقی دەکرێ، ئایە ئێوە هەموو ئەو کەلوپەلانەتان بە جارێک بۆ بردنە ناو ژوورەکانی زیندان، یان بە چەند جارێک؟
سابونی ڕەقی لەگەڵ نەبوو، چونکە سابون زۆربوو لە ژوورەوە و پێویستیان پێی نەبوو. پێشتر گوتم کە هەمووی مەردانی برام بۆی کڕین و بەجارێک بۆی بردنە ژوورەوە.
14. هەر وەکو کاتی خۆی بۆم باسکراوە تەنیا لەکاتی ئێشکگرتنی تۆ و شەهید مەردانی برات دا زیندانییەکان خەریکی بڕینەوەی شیشی دەرگاکان دەبوون و دواتر بە سابونی ڕەقی شوێنەکانیان دادەپۆشی؟

بەڵێ وایە، بەس لەکاتی ئێشکگری من و مەردانی برام خەریکی بڕینەوەی شیشە ئەستورەکانی دەرگاکانیان دەبوون و دواتریش هەروەکو باستکرد سابونی ڕەقیان لێ دەدا تا شوێنی بڕینەوەکان دیارنەبێ و هیچ کام لە پاسەوانەکانی دیکەی زیندان هەستی پێ نەکەن و نەیبینن نەوەک کارەکەیان شکست بێنێ. هەروەها نەدەتوانرا لەکاتەکانی دیکەدا ئەم کارە بکەن، چونکە دەبووە هۆی ئاشکرا بوونیان.

15. هەروەها بیستبووم لەکاتی بڕینەوەی شیشی دەرگاکان لەلایەن چەند کەسێکەوە، زیندانییەکانی دیکە هەموویان خەریکی گۆرانی گوتن و هەڵپەڕکێ دەبوون بۆ ئەوەی دەنگی بڕینەوەی شیشی دەرگاکان کەسی دیکە لە ئێشکگران و کارمەندانی ناو زیندان هۆشیار نەکاتەوە، ئەوە ڕاستی تیایە؟

بەڵێ زۆر ڕاستە، زۆربەیان خەریکی هەڵپەرکێ و گۆرانی دەبوون لەکاتێکا کە یەک دوو یان سێ کەس لە نزیک دەرگاکە دەبوون و خەریکی بڕینەوەی شیشەکان دەبوون. ئێمەش خەریکی چاودێری کردنی سەربان و ڕێڕەوەکان دەبووین نەوەک ئەفسەری ئێشکگر یان پاسەوانی تاوەرەکان لەناکاو دەرکەون و کارەکەمان ئاشکرا بێت.

16. هەر چەند شەوێک جارێک تۆ یان مەردانی برات، نۆرەی پاسەوانی کردنی ژووری سێدارەتان بەردەکەوت؟

لە هەفتەی سێ جار بەرمان دەکەوت و هەر جارەی دوو بە دوو کاتژمێر بوو. هەردەمیش ئێشکگری من و مەردانی برام بەیەکەوە بوو.

17. ئایە خۆت و شەهید مەردانی برات دەتانزانی ئەگەر ئاشکرا بن، مەترسی دەکەوێتە سەر ژیانتان؟

بەڵێ زۆر باش دەمانزانی، بەڵام ئێمە بۆ کوردایەتی کردمان و کوردایەتیش قوربانی دان و خوێنی دەوێ، بەڵام ئێمە هەر لەسەرەتادا یەکە یەکەی ئەوانمان سوێند دابوو کە لەکاتی ئاشکرابوون ناوی ئێمە نەهێنن و ئێمەش باوەڕمان بە سوێندەکانیان کرد، ئەوان گفتیان داینێ ئەگەر پلانەکە بەر لە ئەنجامدانی ئاشکرابێ ناوی ئێمە نەهێنن، ئەگەر دوای شکاندن و ڕاکردنیش گیرانەوە بەهیچ شێوەیەک قسە لەسەر ئێمە نەکەن و بڵێن ئەوان (واتە من و شەهید مەردان)یان بەزۆر لەگەڵ خۆیان بردووە، بەڵام ئەشکەنجەی دڕندانەی بەعس سوێندەکانی ئەوانی سڕییەوە.

18. بۆچی کارەکان زۆر درێژەی کێشا؟ ئایە مشارەکانیان بەکارهێنا بۆ بڕینەوەی شیشی دەرگاکان؟

بەهۆی بڕینەوەی شیشەکانی هەردوو ژوورەکە کە شیشی ئەستوور بوون و کارەکە ئاسان نەبوو و کاتی زۆری دەویست. دواتر مەرج نەبوو هەموو جارێک لەکاتی پاسەوانی ئێمەدا بتوانن شیشەکان ببڕنەوە، چونکە جاری وا هەبوو خەڵکیان لە سێدارە دەدا، کە نەدەکرا لەم شەوانەدا خەریکی بڕینەوەی شیشەکان بن.

19. کەی دەرگای زیندانت بۆ زیندانییەکان کردەوە و چەند دەرگا بوون؟ ئەی کە دەرگاکانت هەموو کردنەوە، بۆ عەتۆ شەنگالی و ئەو پاسەوانەی دیکە کە خەڵکی شێخان بوو کوژران؟

دەرگاکان زۆر بوون و ژمارەیان بە هەمووی شەش دەرگا بوو. زیندانییەکان لە دوو ژوور بوون، کلیلی ئەو دوو ژوورە لای ئێمە نەبوو، لە کاتژمێری هەشتی ئێوارە تا هەشتی بەیانی لای بەڕێوەبەری زیندان بوو و لەو ماوەیەدا ئەو دوو ژوورە بەهیچ شێوەیەک نەدەکرایەوە، تەنیا ئەو شەوانەی کە زیندانییەک یان چەند زیندانییەک لە سێدارە دەدران. زیندانییەکان شیشی ئەو دوو ژوورەی خۆیان بڕییەوە و منیش دەرگای هەر چوار ژوورەکەی دیکەم بە کلیل بۆ کردنەوە، چونکە ئێشکگر هەردەم لەکاتی گۆڕینی پاسەوانیدا ئەو کلیلانەی لابوو و دەبوایە بیباتەوە ژووری ئەفسەری ئێشکگر و لەوێ داینێ.

کوشتنی عەتۆ شەنگالی و ئەوەی دیکە کە خەڵکی شێخان بوو، پێچەوانەی ئەو ڕێکەوتنەی نێوان ئێمە و بەرزانی عومەر عەلی و هاوڕێکانی بوو، چونکە مەرجی ئێمە ئەوە بوو کە کەس نەکوژن بەتایبەت کە زۆربەی پاسەوانەکان کوردی ئێزیدی و ناسیاومان بوون، بۆ ئەوەی کێشەی کۆمەڵایەتی بۆ ئێمە دروست نەبێ، بەڵام ئەوان پەیوەست نەبوون بەم ڕێککەوتنە و ئەم دوو مرۆڤەیان بێتاوانەیان کوشت، کە خەڵکی زۆر هەژار و بێ زەڕ بوون.

20. چۆن لەناو زیندان دەرچوون، ئایە تووشی تەقە و کێشە بوون، یان بەبێ تەقە دەرچوون؟

بەبێ تەقە و هیچ کێشەیەک هەموومان لە ژوورەکان و لەناو زیندان دەرچووین بەبێ ئەوەی کەس هەستمان پێ بکات. کە گەیشتینە سەر جادەی بەردەم دەرگای سەرەکی زیندان، هەر کەس لە خەمی خۆ دەربازکردنی خۆیدا بوو. لەوێ

لەیەک جیابووینەوە و بووین بە کۆمەڵ کۆمەڵ. کۆمەڵەکەی ئێمە (من، مەردان، بەرزانی عومەر عەلی، بابان، جەبار زەریفە، عەدنان سابیر و یەک یان دوو کەسی دیکە بووین)، بە ئۆتۆمۆبێلێک بەرەو ڕەبیعە بەرەو سنووری سوریا ڕۆیشتن و لەوێ دابەزین و بەرەو دەشت هەنگاومان نا. ئەوانەی دیکەش لە دەستەی چەند کەسی، هەر دەستەی بە لایەکدا هەوڵی خۆ دەربازکردنیان دا.

21. کەواتە هیچ کەس لەناو زیندان و لەکاتی دەرچوونی زیندانییەکان لەم شەوەدا شەهید و بریندار نەبوو؟

نەخێر هیچ کەس لەناو زیندان شەهید و بریندار نەبوو لە زیندانییەکان، کە پێکەوە دەرچووین. بەڵام هەروەکو باسم کرد بەداخەوە زیندانییەکان بە چەقۆکانی دەستیان دوو پاسەوانی بێتاوانی کوردی ئێزیدیان شەهیدکرد.

22. ئایا ئۆتۆمۆبێل ئامادەکرابوو بۆ گواستنەوەتان لەبەردەم زیندانەکە و پلانتان هەبوو کە بەرەو کوێ بڕۆن؟

نەخێر هیچ ئۆتۆمۆبێلێک ئامادە نەکرابوو، کە گەییشتینە سەر جادەکە هەر کەسەو مشوری خۆی خوارد و لە هەوڵی ئەوەدا بوو بە زووترین کات لەم ناوە دوورکەوێتەوە.

23. ئایە کەسوکاری زیندانییەکان بە ئۆتۆمۆبێلەوە لەبەردەم دەرگای زیندانەکە لە چاوەڕوانی زیندانییەکان و ئێوەدا نەبوون بۆ گواستنەوەو دەربازکردنتان؟

نەخێر، شتی وانەبووە. گوتم هەرکەس خەریکی خۆ ڕزگارکردن و دوورکەوتنەوە بوو بەزووترین کات لەم ناوەدا.

24. ئێوە کەی وە لە کوێ گیرانەوە، کێ ئێوەی گرتەوە؟

ئێمە، ئەوانەی پێکەوە بەرەو سنووری سوریا ڕۆیشتین دوو شەو لەو دەشتە ماینەوە و دواتر لە بەرەبەیانی ڕۆژی (5.6.1981) لە نزیک ڕەبیعە لەلایەن هێزێکی سوپای میللی (الجيش الشعبي)، کە بۆ ئەو مەبەستە بڵاوکرابوونەوە، گیراینەوە. ئەوانەی دیکەش هەر چەند کەسێکیان دوو دوو، سێ سێ، یان چوار چوار کە پێکەوە ڕایانکردبوو، لەناو شاری موسڵ و لە شوێنی جیا جیادا گیرانەوە.

25. بۆ بەرەو سنووری سوریا ڕاتانکرد و بەرەو کوردستان نەڕۆیشتن تا خۆتان بگەیەننە ناو هێزی پێشمەرگە، یان خەڵکی باش هاوکاریتان بکات لە شاردنەوەو دەربازکردنتان؟

لەبەرئەوەی تەواوی ناو شاری موسڵ و دەرەوەی ئەو شارە بەئاراستەی شارەکانی دیکەی کوردستان بە هێزەکانی سوپا، بەعس، سوپای میللی، ئەمن، ئیستخبارات و موخابەراتی ڕژێم گیرابوو، دەیان و سەدان بازگەیان لەناو شارو دەرەوەی شار دانابوو، کە پێمان وابوو بەرەو ئەو ناوچانە بڕۆین دەگیرێینەوە، بە بۆچوونی خۆمان ئەگەر بەرەو سوریا بڕۆین کەمتر هێزی حکومەتی بەعس لەپێناو گرتنەوەمان بڵاوکراوەتەوە، هەر بۆیە ئەو ئاراستەیەمان هەڵبژارد.

26. دوای دەستگیر کردنەوەتان ئێوەیان بەرەو کوێ بردو ڕەفتاریان چۆن بوو بەرانبەرتان؟

سەرەتا ئێمەیان بۆ ئەمنی موسڵ برد و دەستیان کرد بە ئەشکەنجەدانمان. هەر یەکەیان بەجیا داناین و بەجیا ئەشکەنجەیان دەداین. دیاربوو ئەوانەی کە ڕایانکردبوو، هەموویان گیرانەوەو هیچ کەسێک ڕزگاری نەبوو، سێ چوار کەس لەوانە قسەیان لەسەر من و مەردانی برام کردبوو، کە ئێمە هاوکاریان بووینە و دەرگامان بۆ کردینەوەو مشاری ئاسن بڕ، چەقۆ و گوریسمان بۆ بردوونەتە ژوورەوە. ئەوانیان هەموو بردەوە بۆ ژووری سێدارە و من و مەردان لە ئەمنی موسڵ بۆ ماوەی دوو هەفتە ماینەوە. لەم ماوەیەدا ئەشکەنجەی دڕندانەیان داین و دواتر ئێمەیان برد بۆ پۆلیسی هەولێر و بۆ هەفتەیەک لەوێ ماینەوە و پێمان وابوو ئازاد دەکرێین، چونکە ئەشکەنجەیان نەداین و ڕەفتاریان لەگەڵمان زۆر باش بوو. دواتر لە ڕۆژی (28.6.1981) ئێمەیان برد بۆ هەیئە خاسەی کەرکوک، کە لەوێ زۆر دڕندانە ڕەفتاریان لەگەڵ کردین و ئەشکەنجەی سەختیان داین.

27. جۆری ئەشکەنجەدانتان چی بوو؟

فەلاقە، پانکە، هەڵواسین، نینۆک دەرهێنان، نایلۆن تواندنەوە لەسەر پشت، سنگ و سک، سووتاندنی سمت و ڕان، کارەبا لێدان و چەند شێوازێکی دیکەی ئەشکەنجە.

28. ئایە لەکاتی ئەشکەنجەدان تووشی هیچ شکستێک بووی؟

ئێستاکەش شوێنەواری کەلەپچە، هەڵواسین و سووتانەکانی پشتم، سنگم و سکم هەر ماون.

29. کەی دادگایی کران و جۆری سزاکەتان چی بوو؟

لە ڕۆژی (20.2.1982) لە هەیئە خاسەی کەرکوک دادگایی کراین، بەداخەوە مەردانی برام بەگوێرەی مادەی (158) سزای سێدارەی بۆ دەرچوو و ڕەوانەی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ کرا، خۆیشم بەگوێرەی مادەی (271) سزای زیندانیکردنی هەتاهەتایە درام و ڕەوانەی زیندانی ئەبوغرێب بەشی سزا تایبەتییەکان (الأحكام الخاصة) کرام.

30. شەهید مەردان کەی و لە کوێ لە سێدارە درا؟ هەروەها تۆ چەند لە زیندان و لە کوێ مایتەوە؟

مەردانی برام لە ڕۆژی (13.11.1982) لە ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ لە سێدارە درا، هەرچەندە ئەو پۆلیسی پاسەوان و لە سلکی سەربازی بوو، دەبوایە گوللە باران بکرێ، چونکە بەگوێرەی یاسا ئەوانەی سەرباز، پۆلیس، ئەمن یان بەرگری میللی بوونایە گوللە باران دەکران و تەنیا ئەوانەی سیڤیل بوونایە لە سێدارە دەدران.

خۆیشم چەند ڕۆژێک دوای دادگاییکردنەکە بەرەو زیندانی ئەبوغرێب بەشی سزا تایبەتییەکان بردرام و تا ڕۆژی (21.5.1986) لەوێ مامەوە، کە بەهۆی لێبووردنی تایبەتی ڕۆژی (28.4.1986) بەبۆنەیساڵیادی لەدایکبوونی سەدام حوسێن، ئازاد کرام.

31. ئایە ئەوانەی هەوڵی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ-یان دا سەر بە چ نەتەوە و لایەنێک بوون؟ ئایە ئەو لایەنە چی بۆ تۆ و شەهید مەردانی برات کرد، ئایە شەهید مەردان کە لە ئەنجامی ئەو چالاکییە لە سێدارە درا، شەهیدانەی بۆ دەرچووە لەلایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە؟

هەموویان کورد بوون و زۆربەیان ئەندام و پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوون.

نەخێر هیچ شتێکیان بۆ شەهید مەردانی برام و خۆیشم نەکردووە. تەنانەت شەهیدانەشیان بەناوی شەهید مەردانی برام بۆ کەسمان نەبڕیوەتەوە، بەڵکو حکومەتی ئێراق تەنیا مووچەیەکی بەناوی شەهید مەردان بڕیوەتەوە.

32. ئایە وەکو زیندانییەکی سیاسیی هیچ مووچەیەکت بۆ دەرچووە، یان هیچ پاداشتێک و خەڵاتێکت لەلایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگرتووە؟

نە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و نە حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ مووچەیەکی بۆ دابین نەکردووم وەکو زیندانییەکی سیاسیی، کە خۆم و شەهید مەردانی برام هاوکاری ئەندامەکانی ئەوان بووینە بەهۆی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ و لەپێناوی ڕزگارکردنی نزیکەی (40) ئەندام و پێشمەرگەی ئەوان. هەروەها نە پاداشت و نە خەڵاتیش کراوین لەلایەن هیچ یەکێک لە یەکێتی، حکومەتی هەرێم یان بەرپرسێکی کوردەوە!

33. ئایە هیچ نامەیەکت هەیە کە بتەوێ بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، یان حکومەتی هەرێمی کوردستانی بگەیەنیت؟

بەڵێ نامەیەکی تایبەتم بۆ سکرتێری گشتیی، جێگرەکانی و سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەیە، ئەگەر گوێ لە نامەکە و داواکەم بگرن، کە داوایەکی ڕەواو مافی خۆمە. لە تەمەنی (34) ساڵیدا ئەو چالاکییەم لەگەڵ پێشمەرگە و ئەندامانی یەکێتی ئەنجام داوە، لە ساڵی (1991) کە ڕاپەڕین لە کوردستان بەرپا بوو تەمەنم (44) ساڵ بوو، بەڵام شەنگال ئازاد نەکرابوو بۆیە نەمدەتوانی بێمە کوردستانی ئازاد و داوای مافی خۆم و شەهید مەردانی برام بکەم، لەدوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام لە ساڵی (2003)دا کە تەمەنم (56) ساڵ بوو، ئێستاکە کە ساڵی (2016)ە تەمەنم گەیشتۆتە (69) ساڵ و بەدرێژایی ئەو (13) ساڵەی دوای ڕوخانی ڕژێم بە دەیان جار هاتوومەتە هەولێر، سلێمانی و کەرکوک، کەچی هیچتان بۆ نەکردم!

باشە منێک کە قوربانیم بە برام، خۆم و منداڵەکانم دا لەپێناوی کورد و کوردستان، ئایە بە ئەرکی سەرشانی خۆتانی نازانن وەکو زیندانییەکی سیاسیی کوردستان مووچەیەکم بۆ دابین بکەن، لەگەڵ مووچەی شەهیدانە و زیندانیی سیاسیی بەناوی شەهید مەردانی برام؟ ئایە ویژدانتان ئاسوودەیە بەم زوڵمەی تا ئێستا لە خۆم و شەهیدی برام کراوە و بێبەش کراوین لە تەواوی مافەکانمان؟ ئەی ئێوە نوێنەری ئەم میللەتە نین و بۆ مافی ئەم میللەتە ڕێگای شۆڕشتان نەگرتە بەر و حزب و حکوتتان دامەزراند؟ ئایە چی بەخۆتان دەڵێن کە بە شایەتی سەدان کەس و زیندانیی سیاسیی خۆم و مەردانی برام لەپێناوی کورد و ڕزگارکردنی ژیانی نزیکەی (40) پێشمەرگە و ڕێکخستنی حزبەکەی

ئێوە، قوربانیمان بە ژیان و سامانی خۆمان دا، کەچی نەگەیشتووین بە مافەکانمان وەکو زیندانیی سیاسیی و شەهید؟ باشە بۆ دەبێ بە سەدان جاش، خۆفرۆش و پیاوی بەعس بکرێن بە زیندانیی سیاسیی و شەهید، کەچی ئێمەی زیندانیی سیاسیی و شەهیدی ڕاستەقینە بەمشێوەیە فەرامۆش بکرێین و هیچمان بۆ نەکرێت؟

ئێستاکە تەمەنم (69) ساڵە و با چەند ساڵێکی دیکە بژیم، ئایە کە بە برینداری و خەمەوە سەرم نایەوە، چی بەخۆتان دەڵێن و دەبێ هەڵوێستی منداڵەکانم بەرانبەر بە ئێوە چی بێت کە مافی خۆمم پێ بەڕەوا نابینن؟ هیوادارم بە ویژدانەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو کێشەیەی خۆم و شەهید مەردانی برام بکەن و لەمە زیاتر برینەکانم قوڵتر نەکەن و ئازارم نەدەن!

دەرسیم

دانمارک

چوارشەممە، ڕێکەوتی (16.11.2016).



## گفتوگۆ لەگەڵ زیندانییەکی ژووری سێدارەی موسڵ:

1. ناوی تەواوت، ناوی نهێنی و هۆکاری گیرانت؟
محەمەد حەسەن خورشید محێدین، دوو ناوی نهێنیم هەبوو (قوتابی) و (عوسمان)، ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و ئەندامی کۆمیتەی ئاگر بووم لەناو شاری کەرکوک.
2. ساڵ و شوێنی لە دایکبوونت؟
لە ساڵی (1956)، لە گەڕەکی ئیمام قاسم لە کەرکوک لە دایک بوویمە.
3. پیشە و شوێنی کار کردنت؟
مامۆستا بووم لە گوندی (دۆڵ مازەلە)ی سەر بە شارۆچکەی دوکان.
4. کەی دەستگیرکرایت و بۆ بڕیاری لە سێدارە دانت درا، هەروەها کەی گواسترایتەوە بۆ ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ؟
لە سەرەتای مانگی نیسانی ساڵی (1980) لەلایەن بەڕێوەبەرێتیی ئەمنی کەرکوک دەستگیرکرام، بۆ ماوەی نزیکەی (3) هەفتە لەوێ بووم، دواتر گواسترامەوە بۆ هەیئە خاسەی کەرکوک، نزیکەی پێنج مانگ لە هەیئەی خاسەی کەرکووک مامەوە، پاشانیش هەر لەوێ لە ڕۆژی (25.10.1980) لەگەڵ شێرکۆ حەمید پێکەوە بڕیاری لە سێدارە دانمان دەرچوو. دوای دوو شەو گواسترانەوە بۆ ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ.
5. دەتوانی کەمێک باسی شێوەی ژوورەکانی سێدارەی موسڵ بکەیت لەگەڵ ژوورەکانی لە سێدارە دان؟
ئەو ژوورانەی کە ئێمەی تێدا بووین، دوو ژوور بوون. ژووری یەکەم ژوورێکی گەورە بوو لەتەنیشت دەرگای هاتنە ژوورەوە، ژوورێکی بچووکش لە بەرامبەر دەرگای هاتنە ژوورەوە هەبوو کە پڕ بوو لە فلینەی پڕ لە بەفر بۆ پاراستن و هەڵگرتنی ئەو خواردنانەی کە لە دیدارەکان کەسوکارمان بۆیان دەهێنایین و خواردنیشمان لەم ژوورەدا دروست دەکردو کردبوومان بە چێشتخانە، هەروەها لەتەنیشتیدا ئاودەستێک هەبوو کە هەم وەکو تەوالێت و هەم وەکو گەرماو بەکارمان دەهێنا. هەر لە ڕیزی ئەوانیشەوە ژوورێکی دیکەی بچووکتر هەبوو کە ژووری خەوتن بوو، خۆم لەگەڵ بادینییەکانی ڕێکخراوی پێشکەفتنی پارتی و چەند کەسێکی دیکە لەم ژوورە دەخەوتین. بۆ ژوورەکەی ئێمە بە دوو قاندرمە دەچووینە ناوی و ژووره گەورەکەی ئەوسەریش بەیەک قاندرمە.
لە تەنیشت ئەم ژوورە بچووکەی ئێمەدا ژووری هەڵواسین و لە سێدارەدان هەبوو. حەوشێکی بچووکیش هەبوو بە درێژایی ئەم سێ ژوورەو بە پانی نزیکەی دوو مەترێک.
6. ئایە ڕەفتاری کارمەند و پاسەوانەکانی ئەوێ چۆن بوو لەگەڵتان، هەروەها ئایە خواردنیان دەدانێ یان خۆتان دروستتان دەکرد؟
بەشێوەیەکی گشتیی ڕەفتاری پاسەوانەکان باش بوو لەگەڵمان، چونکە زۆربەیان کوردی ئێزیدی بوون، هەروەها ئێمەش هەمووومان پارەمان دەدانێ و یارمەتیمان دەدان.
زۆربەی ژەمەکان خۆمان خواردنمان دروست دەکرد، چونکە لە دیدەنییەکان خواردنی زۆرمان بۆ دەهات. هەروەها جار جاریش بەتایبەت برنجەکەمان وەردەگرت، شلە و گۆشت خۆمان هەمانبوو، گەرممان دەکردەوە. یان ئەو خواردنە کوڵاوەی کەسوکارمان بۆیان دەهێنایین، ڕۆژ بە ڕۆژ گەرممان دەکردنەوە بۆ خواردن.
7. ئایە ئاوی گەرمتان هەبوو بۆ خۆشۆرین، هەروەها بۆ خۆپاراستن لە سەرمای زستان و گەرمای هاوین هۆکارەکانی گەرم کردنەوەو فێنک کردنەوەیان بۆ دانابوون؟ ئەگەر نەخۆش بوونایە، چارەسەریان دەکردن؟
ئاوی گەرممان نەبوو لە زیندانەکە، بەڵام بۆ خۆشۆرین خۆمان ئاومان بە نەوت و پریمز گەرم دەکرد و ئەو شەست کەسە لەناو ئاودەستەکە خۆمان دەشۆری، هەروەها خواردنیشمان بە پریمز و تەباخ ئامادە دەکرد.

نەخێر بۆ خۆ گەرم کردنەوەو خۆ فێنک کردنەوە هیچ سۆپە یان فێنککەرەوەیەکیان بۆ دانەنابووین، لەبەرئەوە بە زستان بە بەتانی خۆمان گەرم دەکردەوە، بۆ هاوینانیش هیچمان نەبوو کە خۆمانی پێ فێنک بکەینەوە لەم گەرمای هاوینە.

زۆر بە دەگمەن کەسێکی نەخۆشیان دەبرد بۆ چارەسەرکردن و دەرمان و چارەسەری پێویستی بدەنێ، مەگەر تەنیا بیان بردبا بۆ ئۆفیسی زیندانەکە و لەوێ دکتۆرێک دەهات و سەیری دەکرد و چەند حەبێک یان مەرهەمێکی دەدایەی و دەیانگێڕایەوە بۆ ژووری لە سێدارەدان. خۆم برینێک لە قاچم هەبوو بۆگەنیشی کردبوو، بردمیان بۆ لای دکتۆر لە ئۆفیسەکە و مەرهەمێکی دامێ و ڕەوانەی ژوورەوەی کردمەوە.

8. ئایە ڕۆژانە دەرگایان لێ دەکردنەوە بۆ ئەوەی بێنە ناو حەوشە بچووکەکە و هەوای پاک هەڵمژن، ئەگەر بەڵێ بۆ ماوەی چەند دەرگاکان دەکرانەوە؟

بەڵێ هەموو ڕۆژێک لە کاتژمێری (8)ی بەیانییەوە تاوەکو (8)ی ئێوارە دەرگای هەردوو ژووریان لێ دەکردینەوەو دەهاتینە حەوشەکە، لەم ماوەیەدا دەچووینە ئاودەست، خۆمان هەر لە ئاودەستەکە دەشۆری بەڵام خۆمان ئاومان گەرم دەکرد، چونکە ئاوی گەرم نەبوو، خواردنمان ئامادە دەکرد و سەردانی یەکترمان دەکرد لە هەردوو ژوورەکە. بەڵام لە ڕۆژانی لە سێدارە دان ئەگەر کەسێک یان چەند کەسێکیان لە سێدارە بدابایە، ئەو ڕۆژە لە کاتژمێری (9)ی بەیانییەوە ناوەکانیان دەخوێندرایەوەو کەلەپچە دەکرایە دەستیان و دەیانکردنە ژوورە بچووکەکەی ئێمە و ئێمەیان دەبردە ژووورە گەورەکە و دەرگایان لەسەر دادەخستین. بەڵام دوای ئەوەی ئەوانیان جیا دەکردەوەو مەرسومی کۆمارییان سەبارەت بە جێبەجێکردنی بڕیاری لە سێدارە دانەکەیان بۆ دەخوێندنەوە، دەرگای ئێمەیان دەکردەوە و دووبارە دەهاتینەوە دەرەوە. ئێمەش دەچووین لە دەرگاوە قسەمان لەگەڵ دەکردن و گفتوگۆمان لەگەڵ دەکردن.

بەڵام دوای ئەوەی شەوانە لە کاتژمێری (8) ئێوارە دەکراینەوە ژوورەکانمان، ئاودەست و خۆشۆرین نەبوو تا کاتژمێری (8)ی بەیانی ڕۆژی دواتر، تەنانەت ئەگەر کەسێک نەخۆشیش بوایە و بمردایە دەرگاکانیان نەدەکردەوە.

با باسی ئەوەش بکەم هەموو جارێک لە کاتی جێبەجێکردنی لە سێدارە دان واتە کاتژمێر (12)ی شەو، بەڕێوەبەری زیندانی موسڵ، پارێزگار، بەڕێوەبەری ئەمن، بەڕێوەبەری پۆلیس و دکتۆرێک ئامادە دەبوون، خۆ ئەگەر هەر یەکێک لەمانەی سەرەوە خۆی پێی نەکرابایە ئامادەبێ، جێگرەکەی یان یارمەتیدەرەکەی ئامادە دەبوو. دکتۆرەکە لەدوای لە سێدارە دانیان، یەکە یەکە پشکنینی بۆ دەکردن بۆ ئەوەی دڵنیابێ لە مردنیان.

9. ئایە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنتان هەبوو، هەروەها ڕۆژنامەتان بۆ دەهات؟

نەخێر، هیچ کام لەم ئامێرانە و ڕۆژنامە نەبوون و نەدەهاتن، چونکە هەموو شتێکمان لێ قەدەغە کرابوو. تەنیا چەند قورئانێک لە ژوورەوە هەبوو، کە بۆ خوێندنەوە هێنرابوون.

10. ئەگەر بیرت بێ دیدەنی کەسوکارتان چ ڕۆژێک و بۆ ماوەی چەند کاتژمێر بوو؟

لەوانەیە خۆت باشترت لەبیربێ کە کەی ڕۆژانی دیدەنی بوون چونکە، دەهاتی بۆ دیدەنیەکان. ئەوەندەی بیرم بێ لە ڕۆژانی (1+15)ی هەموو مانگێک، هەروەها لەگەڵ ڕۆژانی جەژن ئەگەر کەسێک لەکاتی جەژنەکاندا لە ژووری سێدارە بوایە.

لە کاتژمێری هەشت یان نۆی بەیانی دەستی پێ دەکرد تا کاتژمێری (1-2)ی نیوەڕۆ بەردەوام دەبوو.

11. کاتەکانی ژووری سێدارەتان چۆن بەڕێ دەکرد؟

هیچ بەرنامەیەکی دیاری داڕێژراومان نەبوو، مرۆڤ لە چاوەڕوانی مەرگدا بێ دەبێ چ بەرنامەیەکی پلان بۆ داڕێژراوی هەبێ؟ وەکو دائیرەی ئەمن، مەنزومەی ئیستیخبارات یان هەیئە خاسەی کەرکوک نەبوو، کە هیوایەکت بە ژیان هەبێ و خەریکی خۆپەروەردەکردن، کۆڕو سیمینار بین! بەتایبەت هەر جارەی چەند هاوڕێیەکیان دەبردو لە نزیک ئێمەو بەرانبەرمان لە سێدارەیان دەدا، کە ئەوانیش و ئێمەش دەستمان دەکرد بە دروشم گوتنەوەو سرودی شۆڕشگێڕی. جار جار چەند هاوڕێیەک بۆ خۆمان دادەنیشتین و باسی بارودۆخی کوردستان، ئێراق و دواڕۆژی

جەنگی ئێراق – ئێران مان دەکرد، لەگەڵ کاریگەری ئەم جەنگە و دوارۆژی باشووری کوردستان و چارەنووسی خۆمان.
کاتی زۆریشمان بۆ نامەنووسین بۆ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، سەرکردەکان، کادیرەکان، هاوڕێکانمان، خزم و کەسوکارمان بەکارە دەهێنا.
لەڕاستیدا سەدا نەوەدی ئەوانەی ژووری سێدارە خەریکی قورئان خوێندنەوە، نوێژ کردن و خواپەرستی بوون. خۆم چەند جارێک لە بێئیشی و بەمەبەستی زۆرتر تێگەییشتن و شرۆڤەکردن قورئانم خوێندنەوە.
12. ئەوانەی بیرت بێ و لە سێدارە دران لەو ماوەیەی کە تۆ لە ژووری سێدارەی موسڵ بوویت، ئەگەر ناوەکانم پێ بڵێیت؟
ئەوانەی بیرم بێن و بەداخەوە کە لە سێدارە دران (شەهید لەتیف سەنگەسەری، ئەکرەمی حەپسە، مام عوسمان و ئەکرەمی ئاسەنگەر کە لە حیزبی شیوعی بوون، عومەر میرزا، دکتۆر ڕێباز، حەمە کەریم قیادە واحیدە، بەهرام، مام سەعیدی شیوعی، بەکر سوسەیی، یونس خۆشناو، جەلال سورداشی، ڕەحیم عوەید حیزبی شیوعی، بەرزانی عومەر عەلی، بادینیەکانی ڕێکخراوی پێشکەڤتنی پارتی، قەلادزەییەکان کە عەباسی بایزی باڵو ئاغا بەدیلی گرتبوون و ژمارەیان دە کەس بوو، سیامەند، حەمە بایز، شێرکۆ حەمید کەرکوکی، بارام هەولێری، کاک جەمیل، تەحسین و چەندانی تر.
13. کێ بوون ئەوانەی کە زۆر لێتەوە نزیک بوون لە ژووری سێدارەی موسڵ و شەو و ڕۆژتان چۆن بەڕێ دەکرد؟
شەهید لەتیف سەنگەسەری، شەهید ئەکرەمی حەپسە، شەهید دکتۆر ڕێباز، شەهید ڕەحیم عوەید، شەهید جەمیل ئەحمەد مەحمود، شەهید عەلی ژاراوەیی و شەهید ساڵح بادینی.
14. ئایە کەسێک لە جەللادەکان هەبوو کە کورد بێ و پەتی سێدارە بخاتە ملی زیندانیی سیاسیی هاوخوێنی خۆی، ئەگەر هەبوو ناوەکەیی و خەڵکی کوێ بوو؟
من کەسم نەبینی لەوانە، بەڵام کوردێک هەبوو بەناوی عەریف عوسمان و خەڵکی سلێمانی بوو، دەیانگوت ئەو یەکێکە لەو جەللادانەی پەت دەکاتە ملی زیندانیەکان کاتێ بریاری جێبەجێکردنی حوکمەکانیان دەهاتەوە، تەنانەت لەدوای ئازادبوونم لە زیندان لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا دوای دەستپێکردنەوەی شەڕی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی بەعسی سەدامی لەناو سلێمانی بینیم.
15. لە بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ لە ساڵانی (1980-1981)دا چەند مایتەوە؟
نزیکەی سێ مانگ و نیو مامەوە، چونکە لە کۆتایی مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی (1980) گواسترامەوە بۆ ژووری سێدارەی موسڵ و تا ناوەڕاستی مانگی شوباتی ساڵی دواتر لەوێ مامەوە. دواتر لە ژووری سێدارە گواسترامەوە بۆ مەحجەر و بۆ ماوەی نزیکەی زۆرتر لە مانگێکیش لەوێ مامەوە، ئینجا گواسترامەوە بۆ زیندانی ئەبوغرێب بەشی سزا تایبەتییەکان. کە لە ژووری سێدارە دابەزیم و گواسترامەوە بۆ مەحجەر، لەوێ کەسێکم لەگەڵ بوو کە ئەویش لە سێدارە دابەزیبوو بەناوی تەیب سیدەکانی، بۆ ماوەی نزیکەی مانگێک بەیەکەوە لە مەحجەر بووین، دواتر تەیب سیدەکانی پاش گواستنەوەم بۆ زیندانی ئەبوغرێب بیستم کە گواستراوەتەوە بۆ ناوچەکەی خۆیان لەوێ ئازادککراوە بەڵام من دڵنیانیم ئازاد کرابێت. هەر لە مەحجەری زیندانی موسڵ بووم و هێشتا نەگوازرابوومەوە بۆ زیندانی ئەبوغرێب، ڕۆژێک نزیک بە کۆتایی مانگی ئادار بوو عەریف عوسمانی جەللاد بەدوامدا هات و گوتی وەرە بۆ ژووری سێدارە و هاوڕێیەکت دەیەوێ بتبینێ، لەڕاستیدا ترسام کە پەشیمان بووبنەوەو دووبارە بمگەڕێننەوە بۆ ژووری سێدارە، عەریف عوسمان هەستی بە ترسەکەم کرد بۆیە گوتی: (کەسێک لەوێ هاوڕێتەو داوای کردووی کە بتبینێت بەر لەوەی بتگوازنەوە بۆ بەغدا)، بەڵام تا گەیشتمە ئەوێ هەر دەترسام و باوەڕم پێی نەکرد. کە گەیشتمە ژووری سێدارە، بینیم شەهید عومەر میرزا داوای بینینی کردبووم، کە پێشتر لە کۆتایی مانگی نیسانی ساڵی (1980) تا ڕۆژی دادگاییکردنم لە کۆتایی مانگی ئۆکتۆبەری هەمان ساڵ و سزادانم بە لە سێدارە دان، دواتریش ڕۆژی گواستنەوەم بۆ ژووری سێدارەی موسڵ، لە هەیئە خاسەی کەرکوک لەگەڵ شەهید عومەر میرزا لە ژوورێک پێکەوە بووین. تا ئێوارە

لای شەهید عومەر میرزا و هاوڕێیانی ژووری سێدارە مامەوە، دوای ئەوەی عەریف عوسمان گەڕاندمیەوە بۆ مەحجەر (5) دینارم وەکو بەخشیش پێیدا، چونکە ئەوان تەواوی پاسەوان و جەللادەکان بۆ هەموو شتێک بەخشیشیان دەویست.

16. ئایە ئەشکەنجەو ئازاری جەستەیی دەدران لە ژووری سێدارە، یان تەنیا ئەشکەنجەی دەروونیتان لەسەر بوو؟

نەخێر هیچ ئەشکەنجەیەکی جەستەییمان لەسەر نەبوو، بەڵام هەر چرکەیەکی ژووری سێدارە خۆی لەخۆیدا بە دەیان و سەدان فەلەقە، هەڵواسین، کارەبا و نینۆک دەرکێشان بوو، بەڵام دەبێ چی ئازار بەخشتر بێت لە چاوەڕوانی مردنی مسۆگەر.

17. ئایە خۆی لەخۆیدا ئەشکەنجەیەکی دەروونی نەبوو، کە ژووری خەوتنتان لە بەرانبەر ژوورەکانی هەڵواسین بوو؟

بەڵێ، بەدڵنیایی، ئێمە بە بەردەوامی لەژێر ئەشکەنجەی دەروونیدا بووین. ئەی ئەگەر مرۆڤ بە بەردەوامی ژووری لە سێدارە دان و پەتی سێدارەی لەبەرچاوان و لە بەرانبەردا بێ، دەبێ چ ئازارێکی دەروونی هەبێ؟ هەموو چرکەیەک، هەموو خولەکێک، هەموو کاتژمێرێک، هەموو ڕۆژێک و هەموو شەوێک بۆ ئێمە سەدان لە سێدارە دان بوو، ئازارێک بوو بێکۆتایی، دونیایەک بوو لە هیچ نەدەچوو، بۆنی مەرگ لە دیوار، دەرگا، ژورەکان، کەسەکان، تەنانەت لە نان و ئاویش دەهات. ئازارێک بوو تەنیا ئەوانە تێیدەگەیشتن کە لەوێدا چاوەڕوانی لەسێدارەدان و گوللەباران کردنیان دەکرد، کە تۆ بە بەردەوامی ژووری سێدارەو پەتەکانی لە سێدارەدانت بەڕیز لێ دیاربێ و بشزانی کە هەرکاتێ ناوت بخوێننەوەو بانگت بکەن، ملی خۆتیش بە یەکێ لەم پەتانەوە دەکرێ، دەبێ چ ئازارێکی سەختی دەروونیت هەبێ!

18. ئایە کەسێک هەبوو لە ژووری سێدارەی موسڵ، کە زانیاری نوێی لەسەر هاتبێ و گەڕاندبێتیانەوە بۆ هەیئە خاسەی کەرکوک و دووبارە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کرابێ و ئەشکەنجە درابێ؟

ئەوەندەی خۆم لەوێ بووم هیچ شتێکی وام نەبینی، ئەگەر شتێکی وا لەم زیندانە هەبووبێ و ڕوویدابێ نایزانم یان نەمبیستووە.

19. ئایە هیچ هەوڵێکی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ لە ساڵانی (1980-1981)دا هەبوو، ئەگەر هەبووە چۆن بوو؟ چۆن ئاگادار کرایتەوەو کێ قسەی لەگەڵ تۆدا کرد؟

بەڵێ پلانێک هەبوو، من چەند ڕۆژێک بوو گەیشتبومە زیندانی سێداری موسڵ شەهید لەتیف خۆی پێناساندم و گوتی: (ئەبو شەهابی خاڵت دەناسم و ئەو لەدوادیدەنی لە ڕێی کەسوکارمەوە هەواڵی تۆی پرسیبوو)، لەهەمانکاتدا شەهید ئەکرەمی حەپسەشی پێناساندم کە پورزای مستەفا چاورەشە. بەڵێ ڕۆژێک شەهید ئەکرەمی پێی گوتم: (دەمەوێ قسەت لەگەڵ بکەم دەربارەی بابەتێک)، ئیتر بۆی باسکردم کە پلانی شکاندنی زیندانیان هەیە. ئەو زیاتر مەبەستی بوو بۆچوون و پێشنیاری منیش وەرگرێ سەبارەت بە چۆنێتیی پلان دانان و ئەنجام دانی پرۆسەکە.

بەگوێرەی پلانەکە شەهید ئەکرەمی حەپسە داوای دەمانچەیەکی بێدەنگی لە مستەفا چاوڕەش کردبوو، دەبوایە دەمانچەکە لەناو مەنجەڵی دۆڵمە بشاردرێتەوەو بهێنرێتە ناو زیندان و ژووری سێدارەی موسڵ. دوای گەیشتنی دەمانچەکە دەبوایە بەر لە گۆڕینی پاسەوانەکان بە کاتژمێرێک پاسەوانی ناو حەوشی ژووری سێدارە، کە هەردەم لە نێوان شیشی دەرگاکانەوە قسەیان لەگەڵ دەکردین بکوژرێ، ئینجا بە دەمانچەکە قوفلەکانیش بشکێنرێ، دواتریش پاسەوانە کوژراوەکە بگوازرێتەوە بۆ ناو ژوری فلینەکان و جلەکانی لەبەربکرێتەوەو کەسێکی بەهێز و چاپوک لەناو خۆمان دیاری بکەین و جلوبەرگی پاسەوانەکە لەبەربکات و لەسەر کورسی پاسەوانەکە بەتانیەک لەخۆی لول بدات و دەمانچەکە بەدەستەوە بگرێ، هەرکاتێ پاسەوانی دووەم کە دێت بۆ ئەوەی ئێشگ لەوەی ژوورەوە وەربگرێ ئەویش بکوژرێ و کلیلی دەرگاکانی دەرەوە لە دەستی دەربێنێ. دوای بەدەستهێنانی کلیلەکان هەموو زیندانییەکانی هەردوو ژوورەکە بێینە دەرەوەو لە یەک کاتدا هێرش بکرێتە سەر پاسەوانی هەرسێ تاوەرەکە (تاوەری گۆشەی مەحجەر، تاوەری سەر چێشتخانە و تاوەری سەر ژووری سێدارە)، کە هەموویان لەنێوان کاتژمێر (1-3)ی بەیانی ئیتر دەخەوتن. هەرسێ پاسەوانەکە چەکیان لابوو، چەکەکان بکەوتنایە دەستمان ئیتر بەرەو دەرگاکان دەڕۆیشتین و دوای کردنەوەی دەرگاکان پەلاماری ژووری ئەفسەری ئێشکگرمان دەداو دواتریش دەرگای دەرەوە، لە دەرەوەش

برادەرانی بادینی کە قسەیان لەگەڵ کرابوو گفتی دابین کردنی ئۆتۆمۆبێل و گواستنەوە و دەربازکردنی هەموو زیندانییەکانیان دابوو بۆ دەرەوەی شاری موسڵ و ناوچە ئازادکراوەکان. بۆ ئەم مەبەستەش نیاز وابوو لەگەڵ گەیشتی دەمانچە بێدەنگەکە لە هەمان دیدەنیدا برادەرانی بادینی کەسانی باوەڕپێکراوی خۆیان ئاگەدار بکەنەوە لە ئامادەکردنی ئۆتۆمبیل لە گەرەکەکانی پشتەوەی زیندان بۆ دەربازکردنمان بۆ ناوچە ئازادکراوەکان.

ئەگەر دەمانچەکەش نەگەیشت، ئەوە پلانێکیتر جێبەجێ دەکەین، ئەوکاتە بەهێزترین کەس لەناو زیندانیەکان دیاری دەکەین بۆ ئەوەی پلانی دووەم جێبەجێ بکەین، ئەویش ئەو کەسەی دیاریکراوە و بەهێزو ئیرادەیە دەبوایە بەر لەوەی کاتژمێری (8)ی ئێوارە لە ژوورەکان بکرێینەوە ئەو لەناو ژوری فلینەکان خۆی بشارێتەوە تا دوای درەنگانێکی شەو کە پاسەوانەکە خەوی لێدەکەوێت، دواتر بێتە دەرەوە بەهۆی چەقۆ کە چەندان چەقۆ لە ژوورەوە هەبوون، یان بەهۆی پەتێکەوە کە بیکاتە ملی پاسەوانەکە، پاسەوانەکە بکوژێ و ڕایکێشێ بۆ ژووری چێشتخانەو دوای لەبەرکردنەوەی جلەکانی، ئەو جلەکانی پاسەوانەکە بکاتە بەر خۆیی و بێتەوە لەسەر کورسی پاسەوانەکە بەتانییەک لەخۆی لول بدات و دابنیشێ، دوای ئەوەی پاسەوانی دیکە دەرگاکە دەکاتەوە بەمەبەستی گۆڕینی ئێشکگرتن ئەویش بکوژێ و کلیلەکانی دەستی دەرکات. دواتریش قوفلی دەرگای هەردوو ژوورەکە بشکێنین و زیندانییەکان دەرچین و پەلاماری بورجەکان و ژووری ئەفسەری ئێشکگر بدەین و بەرەو دەرەوە هەنگاو بنێین لەپێناوی ڕاکردن و ڕزگار بوونمان، بەڵام ئەم پلانە زۆر جێگای باوەڕمان نەبوو چونکە زەحمەت بوو بە تاکە کەسێک بکرێت، دوو کەسیش زۆر زەحمەت بوو بتوانن لەناو فلینەکانی چێشتخانەکە خۆیان بشارنەوە جگە لەوەی کە پاسەوانەکان کلیلی ژورەکانی ئێمەیان لانەبوو، هەروەها شکاندنی قفلەکانی ژورەکانیش ئاسان نەبوو.

20. کێ بوون ئەوانەی بیرۆکەی شکاندنی ژووری سێدارەی موسڵ-یان دارشت؟

شەهید ئەکرەمی حەپسە خاوەنی بیرۆکەی پلانەکە، نەخشە دانەر بوو بە هاوکاری زۆربەی هاوڕێیانی زیندانی سێدارەی موسڵ، هەر لە ڕێگای ئەویشەوە بوو کە مستەفا چاوڕەش دەمانچەیەکی بێدەنگی ناردبوو بۆ ماڵەوەیان، بەڵام دەمانچەکە نەگەیشتە ناو زیندان. شەهید ئەکرەمی حەپسە پورزای مستەفا چاوڕەش بوو.

21. ئایە تۆ هیچ تێبینی و سەرنجێکت هەبوو لەسەر نەخشەو پلانەکەی شکاندنی ژووری سێدارە؟

شەهید ئەکرەمی حەپسە باسی پلانەکە و چۆنێتی جێبەجێکردنی نەخشەو پلانەکەی بۆ کردم. ئەوەی بیرم مابێ پێکەوە گفتوگۆمان لەسەر پلانەکە کرد و منیش لەسەر تەواوی پلانەکە هاو بۆچوون بووم، بەس بەهیوای گەیشتنی دەمانچە بێدەنگەکە بۆ ژووری سێدارە و جێبەجێکردنی پلانەکە بووم بەشێوەیەکی زۆر نهێنی و ڕێکوپێک بۆ ئەوەی سەدا سەد سەرکەوتن بەدەست بهێنین. بیرم نایە هیچ سەرنج و تێبینییەکی وام هەبووبێ، تەنها ئەوە نەبێت کە گوتم: (دەبێت وردتر بیربکرێتەوە لە پلانی دووەم، ئەگەر دەمانچە کاتمەکە نەگەیشت).

22. ئایە نەدەترسان کەسێک لەترسی ڕزگارکردنی گیانی خۆی پلانەکەتان ئاشکرا بکات، خۆ ئەوکات بەدڵنیایی ئەو کەسە لە سێدارە نەدەدراو ئازاد دەکرا؟

نەخێر هیچ ترسێکمان نەبوو، کە خۆمان لە ژووری سێدارە بین و چاوەڕێی مردن بین لەچی بترسین؟ بەڵام ماوە ماوە دوو سێ کەسی دیاری کراویان بانگ دەکرد، تەنانەت ڕۆژێک بانگی منیشیان کردو ئەم پرسیارەیان لێکردم کە ئایە هیچ هەوڵێکی شکاندنی زیندانەکە هەیە، منیش وەڵامم دانەوە کە هیچ شتێکی وا لەگەڵ من باس نەکراوەو لەو باوەڕەشدا نیم شتی وا بوونی هەبێ. بە منیان گوت: (تۆ خزمی شێخ عەبدولستاری کۆنە وەزیری و واستەیەکی گەورەت هەیە، ئەگەری سوککردنی حوکمەکەت هەیە، بیستومانە کە پلان و هەوڵێک هەیە بۆ شکاندنی ژووری سێدارە، ئایە هیچ ڕاستییەکی تێدایە؟ جا وەرە قسەمان بۆ بکە و ڕاستییەکەمان پێبڵێ). لە وەڵامدا گوتم: (نەخێر بەهیچ شێوەیەک شتی وا نییە، سەرەتا کەس لەگەڵ من باسی هیچی نەکردووە، هەروەکو خۆشتان دەزانن کە من خزمی شێخ ستارم، ئەوانیش دەیزانن و ناوێرن شتێکی وا لەگەڵ من باس بکەن، دواتریش هەستم بەهیچ جموجۆڵێک نەکردووە لە ژوورەوە، خۆ ئەگەر شتێکی وا هەبێ هەستی پێ دەکەم). کە گەڕامەوە لەگەڵ شەهید ئەکرەمی حەپسە، شەهید لەتیف سەنگەسەری و ڕەحیم عوەید ئەمەم باسکرد و هەموویم بۆ گێڕانەوە.

23. ئایە کارمەند و بەرپرسانی زیندان هەستیان بەم نەخشەو پلانە نەکرد، کە دەتانویست زیندانەکە بشکێنن؟
هەروەکو باسم کرد کە چەند جارێک چەند کەسێکیان بانگکرد، گومانمان خستە سەریان کە زانیاری دەگەیەنن، ئیتر ئەوانمان گۆشەگیر کرد. پێشمان وابوو ئەو چەند کەسە سەرە داوێکیان سەبارەت بە پلانی شکاندنی زیندانی ژووری سێدارە دابووە دەستیان، بۆیە ڕۆژێک ئەمنی زیندان هاتن و هەموو ژوورەکان گەڕان، بەڵام ئێمە گشت چەقۆکانمان باش شاردبووەوەو هیچیان نەدۆزییەوە.
24. بە بۆچوون و بەگوێرەی زانیارییەکانی تۆ بۆ نەخشەو پلانی یەکەمی شکاندنی ژووری سێدارە سەرکەوتوو نەبوو، یان نەخرایە بواری جێبەجێ کردنەوە؟
یەکەم: لەبەرئەوەی شەهید ئەکرەمی حەپسە بەر لە گەیشتنی دەمانچە بێدەنگەکە لە سێدارە درا.
دووەم: بیستنەوەی بەڕێوەبەرێتیی و ئەمنی زیندان بە هەبوونی پلانێک بۆ شکاندنی زیندانەکە و هەوڵی ڕاکردنی زیندانییەکان، کە بووە هۆی چاودێری کردنمان لەلایەن بەڕێوەبەرێتیی زیندان.
سێیەم: هاتنی ئەمنی زیندان لە ڕۆژێکدا و گەڕان و پشکنینی هەر سێ ژوورەکەی بەشی سێدارەی موسڵ، کە بووە هۆی ئەوەی بڕیاری هێوربوونەوەو دواخستنی پلانەکە بدەین بۆ کاتێکی تری گونجاو.
چوارەم: کەمی کات و هەستیاری پلان و جێبەجێکردنی ئۆپراسیۆنەکە، کە هەر هەڵەیەک زیانی زۆری لێ دەکەوتەوە، دوورنەبوو ئەگەر چەقۆکان بگیرێن کەسوکاری زیندانییەکان تووشی زیان ببن و بێبەش بکرێن لە دیدەنی کردنی ڕۆڵەکانیان لە ژووری سێدارە.
25. سەبارەت بە پلانی دووەمی شکاندنی ژووری سێدارەی موسڵ هیچ دەزانی؟ ئایە تۆ فازڵ شێخ یوسف ئەلیاس و مەردانی برایت دەناسی، کە ئەوەی دووەمیان لە سێدارە درا، ئەوان هەردووکیان هاوکاری زیندانییەکان بوون لەپێناوی هەوڵی شکاندنی زیندانەکە و دەربازبوونی ئەوانەی بڕیاری لە سێدارە دانیان هەبووەو لە چاوەڕوانی مەرگدا بوون؟
بەڵێ لە ئەبوغرێب سەرەتا بەهۆی سێ کەسی بازیانی، کە خزموکەسی سەرۆکجاشێک بوون و بەهۆی ئەوەوە سزاکەیان بۆ سووککرابوو، دواتریش هێنایانن بۆ لای ئێمە لە بەشی سزا تایبەتییەکان، ئەم هەوڵەم بیست. دواتریش کە شێخ فازڵ یوسف ئەلیاسی ئێزیدیان هێنا ئەم پلانە و هەوڵەم بیست، بەڵام شێخ فازڵ زۆر کەم قسەی دەکرد و خۆی دەپاراست لە قسەکردن و زانیاری دان.
بازیانییەکان، کە ناوەکانیانم بیر نەمابوو، بەڵام تۆ ناوەکانت بیرهێنامەوە (تۆفیق، حەمەڕەشید و شۆڕش)، بەتایبەت شۆڕش بۆی باسکردم کە هەوڵەکە دراوە بەڵام کەسیان نەیانتوانیوە لە حەوشی زیندانەکە دەربچن و هەموویان گیراونەتەوە، تەنانەت هیچ کەس لە زیندانییەکان شەهید یان بریندار نەکراون.
شێخ فازڵ، کە پێشتر لە ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ بووم، خۆیی و مەردانی براییم دەناسی کە پاسەوانی زیندان بوون. لە ناوەڕاستی ساڵی (1981) دەنگوباسی هەوڵی شکاندنی ئەو زیندانەم بیست، دوای حوکم بوون و هاتنی شێخ فازڵ بۆ زیندانی ئەبوغرێب لە سەرەتای ساڵی (1982)، ئەوم بینییەوەو تا مانگی تەموزی ساڵی (1982) و لێبووردنە گشتییەکە پێکەوە لەم زیندانە بووین.
26. یەکێک لە پاسەوانەکانی ژووری سێدارەی موسڵ بەناوی عەتۆ شەنگالی و یەکێکی دیکە ڕەشۆ حەیدەر شێخانی بوون، لە شەوی شکاندنی زیندانەکە لە (2.6.1981)دا کوژران، ئایە تۆ (عەتۆ شەنگالی و ڕەشۆ شێخانی)ت دەناسی، ئایە بەڕاستی ئەوان جەللاد بوون و زیندانییەکانیان لە سێدارە دەدا؟
بەڵێ عەتۆ شەنگالی و ڕەشۆ شێخان-یم دەناسی، پاسەوانی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ بوون، خۆتیش دەزانی کە بۆ ماوەی سێ تا سێ مانگ و نیوێک لە ژووری سێدارەی ئەوێ بوومە و لەوێ عەتۆ و ڕەشۆ-م ناسیووە. زۆربەی پاسەوانەکان ئێزیدی بوون، کارمەندی زیندان و مرۆڤی باش بوون. لەکاتی ئێشکگرتنەکانیان لە ژووری سێدارە، زۆربەیان دەستیان دەکرد بە خواردنەوەو دەگریان، کە دەگریان دەیانگوت کە ئەوان بۆ ئێمە دەگرین.
27. ئەگەر یادگارییەکی خۆش یان ناخۆشی هەر شەهیدێکی زیندانت لەبیرەو دەتەوێ باسی بکەی؟

– هەرچەندە شوێنەکە تابڵێی شوێنێکی ناخۆش، تۆقێنەر، مەرگهێنەر بوو کە هەمیشە بۆنی مەرگی لێدەهات، بەڵام خاڵی نەبوو لە یادگاری خۆش و ناخۆش، کە هەندێکیان دەکرێ بگێڕدرێنەوەو هەندێکیان بۆ گێڕانەوە ناشێن. بیرمە ئەوکاتەی شەهید ئەکرەم-یان بەرەو پەتی سێدارە برد و گوتیان دوا وەسیەتت چییە؟ لە وەڵامدا گوتی بمبەنەوە بەر دەرگای زیندان و جۆرکی سەر دەموچاوم لادەن، کە هێنایان و جۆرکەکەیان لادا، بانگی منی کرد و گوتی: (مامۆستا محەمەد، ئێستاکە تەنیا ڕیشی مارکسم لێ دیارە و هیچ شتێکی دیکە نابینم).

– هەر شەهید ئەکرەم، هەڵبەستی (هەی ڕێوی ڕێوی هێی ڕێوی بێ ئیمان)ی، بەشێوەیەکی دیکە گۆڕی بوو بۆ هەڵبەستێکی مەنەلۆجی چینایەتی و ململانێی نێوان کرێکار و سەرمایەدار. ئەو گۆرانییەکەی دەگوت و ئێمەش هەمووومان بەیەک دەنگ دەمانگوت: (هێی)!

– شەهید لەتیف سەنگەسەری، کە بەیانیەکەی ناویان خوێندەوە لەتەنیشت من دانیشتبوو، پێش ناو خوێندنەوەی پێیگوتم: (وا هەست دەکەم ئەم وەجبەی تەنفیزە ناوی منی تێدایە). هەرگیز بیرم ناچێتەوە، کە چۆن بە هەڵبەزین و وتاف لێدان چووە دەرەوەو پڕ بە گەروی بە کوردی و عەرەبی  هاواری کرد: (بژی گەل و بڕوخێ جەللاد/ یحیا الشعب ویسقط الجلاد).

– شەهید ڕەحیم عوەید هەردەم دەیگوت: (پڕ بەدڵ و لەناخەوە حەزم بە گریانە، بەڵام ئێستاکە بگریم وا تێدەگەن کە لە ترسان دەگریم و ڕوخاوم، بۆ ئەوەی وا تێ نەگەن، نامەوێ بگریم)، بەڵام ئەو ڕۆژەی کەلەپچەیان کردە دەستی ئەو و هاوڕێکانی کە بۆ شەو دەبوایە لە سێدارە بدرێن، لە ئێمەیان جیا کردنەوە و دەرگای ژوورەکەیان لەسەر داخستن. دوای ئەوەی دەرگای ئێمەیان کردەوە، چوومە لای ئەم ژوورەی کە تەرخان کرابوو بۆ ئەوانەی ئەم ڕۆژە دواڕۆژیان بوو و شەو دەبوایە لە سێدارە بدرێن، شەهید ڕەحیم هات و گوتی: (خۆت دەزانی دەمێکە حەزم بە گریانێکە و دەترسام بگریم، بەڵام ئێستاکە دەگریم و چی دەڵێن با بیڵێن). ئەو دەستی کرد بەگریان و منیش لەگەڵی گریام. ئەم گریانەم هەرگیز بیرناچێتەوە.

– یەکێک لە زیندانییەکان کە کەسێکی قەڵەو بوو، بەڵام دوای ئەوەی کەلەپچەیان کردە دەستی و جیایان کردەوە و لەگەڵ ئەوانەی دەبوایە بۆ شەو لە سێدارە بدرێ و خستیانە ژوورەکەی ئەم سەر (واتە ژوورەکەی ئێمە)، لە بەیانی تا شەو نزیک کاتی لە سێدارەدانی زۆر لاواز بوو، هەر دەتگوت بەفرەو دەتوێتەوە، هەرگیز شتی وام نەدیبوو! ئەم دیمەنە زۆر کاری تێکردم و هەردەم دێتەوە بیرم.

– شەهید (س)، کە پەڕۆکەکەیان خستە سەری، گوتی: (یەک دەقە پەڕۆکەکە لادەن). پەڕۆکەیان لابرد، ملی لارەوە بوو، کەوت و مرد، بەڵام بە مردووییش هەر کردیان بە پەتی سێدارەکەوە.

– شەهید محەمەد هەمزە، کاتێ کە لێیان پرسی ژنت هێناوە، ئەو لە وەڵامدا گوتی: (جا ئێوە هێشتتان ژن بێنم، دەستگیرانم هەبوو، بەڵام ئێوە منتان گرت، نەتانهێشت بیگوازمەوە، خوا بتانگرێ وا دەمکوژن).

– یەکێکی دیکە کە بۆ یەکێک لە دیدەنییەکان چووبووە دەرەوە، کەچی لەپڕ گەڕایەوەو منیش بە بێدەنگی لێم پرسی کە بۆ وا زوو گەڕایەوە، لە وەڵامدا گوتی: (لە ڕقی خزم و کەسی سەگباوک گەڕامەوە، وا من لە سێدارە دەدرێم، کەچی بێ شەرمانە لێم دەپرسن دوای لە سێدارە دانت، ژنەکەت بدەین بە کێ و شوو بە کێ بکاتەوە).

– ڕۆژێک لەکاتی دیدەنیدا کوڕێکی گەنج کە بۆ سەردانی زیندان هاتبوو، بەڵام نازانم برا یان خزمی کام زیندانی بوو، لە دەرگای ئەم ژوورەی کە زیندانییەکانی لێ لە سێدارە دەدرا لە درز و کەلێنی دەرگاکە تەماشای ناوەوەی دەکرد، هەر ئەوەندەم زانی بەپشتا کەوت و ڕەنگی تەواو زەرد هەڵگەڕا. ژووری لە سێدارەدان شەش ئەڵقەی پێوەبوو بۆ لەسێدارەدان، هەروەها دوو دەرگای هەبوو، دەرگایەک لە ناوەوە کە زیندانییەکانیان بەم دەرگایە دەبردە ژوورەوەو لە سێدارە دەدران، دواتریش کە لە سێدارە دەدران لە دەرگای دووەم کە دەکەوتە سەر کۆڵانی دیدەنی، تەرمەکانیان دەبردە دەرەوە. دەرگاکەی سەر کۆڵانی دیدەنی، درزو کەلێنی گەورەی تیابوو، کە بەئاسانی ژوورەوە و پەتی سێدارە دەبینرا. پاسەوانەکان نەیاندەهێشت کەس لەم دەرگایە نزیک بێتەوە، بەڵام لەم کاتەدا کەسیان دیار نەبوون ئەم گەنجە

دەرفەتی بۆ هەڵکەوتبوو لە درزی ئەم دەرگایەوە سەیری ناوەوەی دەکرد. دوای کەوتنی گەنجەکە، بەپەلە چووم و هەڵمگرتەوە، لێم پرسی: (چی بوو، بۆ کەوتی)؟

بە هەناسە سواری و دەنگێکی پڕ لە نوزانەوە گوتی: (وەڵلا پەتەکانم بینی)!

یارمەتیم دا تا بەتەواوی هەڵسایەوەو بەڕێم کرد.

28. تۆ هاوکاری خۆت دەربڕی بۆ هاوکاری کردن و هەوڵی یەکەمی شکاندنی زیندانی موسڵ؟

بەڵێ بەدڵنیایی هاوکاری تەواوی خۆم لەپێناوی شکاندنی زیندانەکە و ڕاکردن دەربڕی.

29. پێت وانییە ئەگەر شەهید ئەکرەمی حەپسە هەر یەک مانگی دیکە لە سێدارەدانی دواکەوتبایە و دەمانچە بێدەنگەکە بگەیشتایە ناو ژووری سێدارە، هەوڵی یەکەم جێبەجێ دەکرا؟

ئەگەر تەنیا بۆ دیدەنی داهاتوو لە سێدارە نەدرابوایە شتێک دەکرا، ڕادەی ئەنجامی سەرکەوتنی دیار نەبوو، بەڵام بەدڵنیاییەوە لە هەوڵی شکاندنی دووەم باشتر دەبوو.

30. ئەوانەی کە بڕیاری جێبەجێکردنی لە سێدارە دانەکەیان دەکرا، چۆن ئاگادار دەکرانەوە و چ ڕێوشوێنێک لە بەرانبەریاندا دەگیرایە بەر؟

پێشتر لە چوارچێوەی پرسیارێکی دیکە سەبارەت بە کردنەوەی دەرگاکان و هاتنە دەرەوە و ناو حەوشەوە وەڵامی ئەو پرسیارەم دایتەوە. بەڵێ لە ڕۆژانی لە سێدارەدان، ئەوانەی بڕیاری سێدارەیان لەدژ جێبەجێ دەکرا، لە دەوروبەری کاتژمێری (9)ی بەیانی ناوەکانیان دەخوێندرایەوەو کەلەپچە دەکرایە دەستیان و دەیانکردنە ژوورەکەی ئەم سەرەوە (واتە ژوورە بچووکەکەی ئێمە) و ئێمەیان دەبردە ژوورە گەورەکە و دەرگایان لەسەر دادەخستین، بەڵام دوای ئەوەی مەرسومی کۆمارییان سەبارەت بە بڕیاری لە سێدارە دانیان دەخوێندرایەوە، دەرگای ئێمەیان دەکردەوە و دەچووین لە دەرگاوە قسەمان لەگەڵ دەکردن یان هەر شتێکیان بویستبایە لە توانامانددا بوایە بۆمان جێبەجێ دەکردن.

31. بەشێوەیەکی گشتیی ورەی ئەوانەی لە سێدارە دەدران چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

زۆربەی زۆریان ورەیان زۆر باش بوو، تا دوا چرکەی پەت خستنە ملیان و گێڕ ڕاکێشانەکە و کردنەوەی دەرگای سەر زەوییەکە بۆ ئەوەی پێیان نەگاتە سەر زەوی و بخنکێن، بە بەردەوامی و پڕ بەدەنگیان هاواریان دەکرد و دروشمیان دەگوتەوە.

32. تۆ کە لە پلانی یەکەمی شکاندنی ژووری سێدارەی موسڵ ئاگادار کرایتەوە، کەسێکی خۆت یان هاوڕێیەکت لێی ئاگادار کردەوە؟

نەخێر هیچ کەس لە خزموکەس یان هاوڕێیانم ئاگادار نەکردەوە.

33. بۆ کەست لەم پلانە ئاگادار نەکردەوە؟

ئەوە کارێکی نهێنی و تایبەتە بەوانەی لە ژووری سێدارە پلانێکیان داناوە بۆ خۆ ڕزگارکردن، چۆن دەکرێ کەسانی دەرەوە ئاگادار بکرێنەوە، ئێمە زۆربەی زۆرمان لە ڕێکخستنی نهێنی کارمان دەکرد پێش دەستگیرکردنمان، دەمانزانی کارێکی لەو بابەتە چەند نهێنیەو چۆن دەبێت بیپارێزین و تەنها دەبێت کەسانی تایبەت بەو کارە ئاگەداری ئەو نهینیە بن.

دەرسیم

دانمارک

پێنجشەممە، ڕێکەوتی (17.11.2016).



محەممەد حەسەن خورشید کەرکوکی، سالی ([illegible])، بەردەم مۆزەخانەی هونەری ئێرمیتاگی لە شاری سانت پیتەرسبورگ لە روسیا

**گفتوگۆ لەگەڵ پارێزەر سلێمان سوسەیی برای شەهید بەکر سوسەیی:**

1. ناوی تەواوت؟
سلێمان کەریم محەمەد ناسراو بە سلێمان سوسەیی.
2. تەمەن و شوێنی لە دایکبوونت؟
ساڵی (1957) لە گوندی سوسێ-ی سەر بە شارۆچکەی دێگەڵە-ی سەر بە قەزای کۆیە لەدایک بووم.
3. ئایە کەست هەبوو لە بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ لە ساڵانی (1980-1981)؟
بەڵێ، بەکر سوسەیی برام لە مانگی (9)ی ساڵی (1980)دا دوای ئەوەی لە دادگای هەیئە خاسەی کەرکوک سزای لە سێدارە دانیان بۆ دەرکرد، هێنایانە ئەو زیندانەی موسڵ و دواتریش هەر لەوێ لە سێدارە درا.
4: ناوی تەواو، ساڵ و شوێنی لەدایکبوونی براکەت، نازناو یان ناوی نهێنی؟
بەکر کەریم محەمەد عەزیز ناسراو بە بەکر سوسەیی. لە ساڵی (1963) لە گوندی سوسێ لە شارۆچکەی دێگەڵە لە دایک ببوو. ئەو هەژدە ساڵی تەواو نەکردبوو، تەمەنی کەمتر لە (17) ساڵ بوو کە بەدیل گیرا، بەڵام لە نەخۆشخانەی سەربازی کەرکوک تەمەنیان گەورە کردبوو بۆ ئەوەی سزای سێدارە بیگرێتەوە.
5. براکەت پێشمەرگەی چ لایەنێک بوو، وە سەر بە چ هەرێم، کەرت و مەفرەزەیەک بوو؟
شەهید بەکر سوسەیی برام، پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو، لە تیپی (12)ی بتوێنی سەر بە هەرێمی (14) بوو.
6. ناوی نهێنی چی بوو، یان بە چ ناوێک ناسرابوو؟
ئەو بە بەکر سوسەیی ناسرابوو.
7. ئایە لە شەڕ بەدیل گیرا، یان لەناو شار دەستگیرکرا؟
بەڵێ لە شەڕێکدا لە دۆڵی ئەسحابان لە نزیک (گڕاو) لەلایەن ڕەوە جاشەکانی بەشدار بوو لەو شەڕەدا بە برینداری لەلایەن جاشی کوردەوە بەدیل گیرا.
8. کەی دەستگیرکراو کێ هۆکاری دەستگیرکردنەکەی بوو؟
ئەو لە ڕێکەوتی (13.4.1980)دا لە شەڕێکدا لە دۆڵی ئەسحابان لەلایەن جاشەکانی بەشدار بوو لەم شەڕەدا بەدیل گیرا. ئەو سەرۆکجاشانەی کە بوونە هۆی گرتن و لە سێدارەدانی شەهید بەکر سوسەیی برام بریتیبوون لە (ئەنوەر ڕەشید بەگی بێتواتەی فەرماندەی مەفرەزە خاسە، عەباس بایز باڵو ئاغای فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (9)ی ئەوکات و دواتر فەوجی ژمارە (91)ی جاشە سووکەکان و قاسم فارس تاهیر مستەفا ئاغای غەفوری فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (57)ی ئەوکات و دواتر سەرۆکجاشی فەوجی (85)ی جاشە سووکەکان بوو.
9. بەتەنیا بەدیل گیرا، یان کەسی دیکەی لەگەڵ بوو؟
بەکری برام بە برینداری و بەتەنیا بەدیل گیرا، بەڵام لەم شەڕەدا دوو پێشمەرگە بەدەستی جاشەکان شەهید کران، کە هەردووکیان ئامۆزازای یەکتر بوون بە ناوەکانی (عەلی سلێمان ئەحمەد فەرخ مەنتک و مەجید ئیبراهیم سلێمان مەنتک). هەروەها سێ پێشمەرگەش بە ناوەکانی (سەباح ئەحمەد، مەجید حوسێن محەمەد عەزیز سوسەیی و فارس حەسەن)، هەر لەم ڕۆژەدا بریندار بوون.
10. بەکری برات کەی و لە کوێ دادگایی کرا، لەگەڵ جۆری سزاکەی؟
دوای ئەوەی بەکر سوسەیی برا بچووکم لە ڕۆژی (13.4.1980)دا لە دۆڵی ئەسحابان لەلایەن جاشەکانەوە بە برینداری بەدیل گیراو ڕادەستی مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی کرابوو لە کەرکوک، دوای نزیکەی پێنج مانگێک لە ڕۆژی (9.9.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک دادگایی کراو سزای لە سێدارە دانی درا، سەرەڕای ئەوەی کە تەمەنی تەنیا شازدە ساڵ و نیو دەبوو، هێشتاکە نەببوو بە حەڤدە ساڵ.

11. کەی هاتە بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ؟ ئەگەر ڕۆژی دروستی نازانی، مانگ و ساڵەکەی؟
هەر دوای دادگایی کردنی بەکری برام لە هەیئە خاسەی کەرکوک گواستیانەوە بۆ ژووری سێدارەی موسڵ، لەوێوە بروسکەیان بۆ ناردین کە سەردانی بکەین. ئێمەش تەواوی خزم و کەسوکار لە ڕۆژی (15.9.1980) یەکەم دیدەنیمان کرد و ئەو پێی ڕاگەیاندین کە سزای لە سێدارە دانی دراوە.
12. ئەوانەی لەگەڵی بوون لە بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ، کەسیانت بیرماوە؟ سەر بە چ لایەنێک بوون؟ خەڵکی کوێ بوون؟
ئەوەی کە بیرم مابێ و لە ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ لەگەڵ بەکر سوسەیی برام پێکەوە بووبن (عەلی سەعید عەزیز حەمەد ناسراو بە عەلی پۆلیس، حەسەن فەتاح ئەحمەد حەسەن خۆرانی ناسراو بە شینۆ و یونس بابەکر حوسێن خۆشناو). دووی یەکەمیان سزاکەیان بۆ سووککرا و گواسترانەوە ئەبوغرێب، بەڵام بەداخەوە یونس خۆشناو کە خەڵکی گوندی عالّلاوە لای خۆمان بوو دواتر لە سێدارە درا.
ئەوانەی لە ژووری سێدارەی موسڵ بوون و سزای لە سێدارە دانیان بۆ دەرچووبوو زۆربەی زۆریان سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوون و خەڵکی شار و ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بوون.
13. بۆ ماوەی چەند لەو زیندانە مایەوە تا لە سێدارە درا؟
نزیکەی هەشت مانگ لە ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ مایەوە، چونکە ئەو لە ڕۆژی (9.9.1980) لە بەناو دادگای هەیئە خاسەی کەرکوک حوکمی سێدارەی دراو گواسترایەوە ئەو زیندانە، دواتریش لە ڕێکەوتی (14.5.1981) هەر لەوێ لە سێدارە درا.
14. ئایە ئاگاداری هەوڵی شکاندنی بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ بووی لە ساڵی 1981؟
بەڵێ، بەدڵنیایی ئاگادار بووم.
15. کێ ئاگاداری کردیەوە؟
شەهید بەکر سوسەیی برام ئاگاداری کرمەوە، کە خەریکی هەوڵێکی وان بۆ ئەوەی زیندانەکە بشکێنن و ڕابکەن.
16. بیرت دێت کەی بوو ئاگاداری کردیتەوە؟
بەتەواوی بیرم نایەت کە چ ڕۆژێک بوو شەهید بەکری برام ئەو بابەتەی لەگەڵ باس کردم، بەس ئەوەندەی بیرم بێ دەزانم نزیکەی 3-4 مانگێک بەر لە سێدارەدانی بوو. دەبێ مانگی یەک یان دووی ساڵی (1981) بوو بێ. زستان بوو کە باسی کرد و گوتی بە تەماین زیندان بشکێنین و ڕابکەین.
17. چەند بەر لە سێدارەدانی شەهیدی برات، ئاگادار کرایتەوە؟
سێ چوار مانگێک بەر لە سێدارەدانی بوو، کە منی ئاگادار کردەوە و داوای پارە و ئامادەبوونی خۆمی کرد کە لە بەردەم یان نزیک زیندانەکە بە پیکابەکەمەوە بوەستم بۆ ئەوەی لەکاتی شکاندنی زیندانەکە لەناو موسڵ بیانگوازمەوەو دەربازیان بکەم.
18. چۆن ئاگادارکرایتەوەو داوای چیان لێتکرد؟
گوتی: (ئێمە لەنێو خۆماندا و لەگەڵ دوو سەجانی کوردی ئێزیدی ڕێککەوتووین و پێکهاتووین کە زیندان بشکێنین و ڕابکەین. بۆ ئەوکارەش پێویستیمان بە پارە هەیە و هەندێک پارەم بدێ، دواتریش کە لە شەوی شکاندنی زیندانەکە و ڕاکردنمان ئاگادارت دەکەمەوە بە خۆت و پیکابەکە وەرە و بمانگوازەوە بۆ دەرەوەی موسڵ).
19. ئایە پارەت دا بۆ جێبەجێکردنی هەوڵەکە؟ ئەگەر پارەتان دا، چەندتان دا، ئەگەر بیرت مابێت؟
بەڵێ ئەوەندە پارەی پێم بوو هەمووییم دایێ، بەس بیرم نایەت چەند بوو.
20. شەهیدی برات باسی ئەوەی کرد ئەو پارەیەیان بۆ چییە کە لە ئێوە داوایان کرد؟
بەڵێ باسی کرد. ئەو گوتی: (ئێمە پارەکان هەمووی دەدەینە ئەو دوو سەجانە ئێزیدیە کە برا بوون، ئەوان مشاری ئاسن بڕ، چەقۆ و گوریسمان بۆ دەکڕن و دەیهێننە ژوورەوە، بۆ ئەوەی بۆ شکاندنی دەرگاکانی زیندان و پاشان خۆ ڕزگارکردن و خۆپاراستنی خۆمان بەکاریان بهێنین).

21. باسی ئەوەی کرد کە کێ هاوکارییان دەکات لە هەوڵی شکاندنی ئەو زیندانە؟
بەڵێ ئەوکات ناوەکانی پێ گوتین، بەڵام ماوەیەکی زۆری بەسەردا تێپەڕیوەو ناوەکانیانم لەبیر نەماوە. خۆت بەدڵنیایی ناوەکانیان دەزانی.
22. تۆ ئامادەیی خۆت دەربڕێ بۆ هاوکاری کردنیان، جگە لە پێدانی پارە؟
بەڵێ، ئەی چۆن ئامادەیی خۆم دەرنابڕم بۆ کارێکی وا کە هەم برام و هەم چەندان کوردی دیکە کە ئەوانیش هەر برامن لە مردن ڕزگار بکەم! ئامادەیی خۆم بە تەواوی دەربڕی و پیکابێکی شۆفڕلێتم هەبوو، وا پێکهاتین کە ئەو پێشتر لە شەوی شکاندنی زیندانەکە ئاگادارم بکاتەوە و منیش بە خۆم و پیکابەکەم لە نزیک زیندانی موسڵ بوەستم و چاودێری ئەوە بکەم هەرکاتێ ئەوان هاتنە دەرەوە، منیش بەپەلە لەبەردەم دەرگاکە بوەستم و هەڵیانبگرم و بەرەو دەرەوەی شار بکەومە ڕێ و بیانگوازمەوە بۆ دەرەوەی موسڵ و بەرەو ناوچەیەکی ڕزگارکراو بڕۆین.
23. ئامادەیی خۆت بە چی تر دەربڕی؟ یان ئەوان داوای چی دیکەیان لێکردنی بۆ کاتی شکاندنی زیندانەکەو دەربازبوونیان؟
ئەوان داوای پارەیان کرد و پارەم دا. دواتریش داوای ئەوەیان کرد کە لە شەوی شکاندنی زیندان ئاگادارم بکەنەوەو منیش بە خۆو بە پیکابەکەمەوە بێم بۆ دەرباز کردنیان، منیش بەڵێنم پێ دان، بەڵام بەداخەوە بەر لە جێبەجێکردنی پلانی شکاندنی زیندانەکە شەهید بەکر سوسەیی برام لە سێدارە درا و ئاگام لە هیچ نەما. دواتر بیستم هەوڵەکە درابوو، کەچی سەرکەوتنی بەدەست نەهێنابوو.
24. دەتوانی بەکورتی باسی ئەوەمان بۆ بکەی کە نەخشە و پلانی شکاندنی زیندانەکەیان چۆن داڕشتبوو، هەروەها چۆن کارەکانیان دەکرد لەپێناو سەرکەوتنی نەخشەکەیان؟
لە وردەکاری نەخشە و پلانەکە ئاگادار نەکرابوومەوە، بەس دەزانم کارەکان زۆر بە هێواشی دەڕۆییشت. شەهید بەکر سوسەیی برام لەدوا دیدار کە بۆ شەوەکەی لە سێدارە درا باسی هۆکاری لەسەرخۆیی بەڕێوەچوونی کارەکانی شکاندنی زیندانی ژووری سێدارەی موسڵ-ی بۆ کردین.
25. ئەوکاتەی نەخشەی شکاندنی زیندانەکە جێبەجێکرا، شەهیدی برات لە ژیاندا مابوو، یان لە سێدارە درابوو؟
بەداخەوە شەهید بەکر لە سێدارە درابوو، تەنیا دوو یان سێ هەفتە دوای لە سێدارەدانی ئەو هەوڵەکە جێبەجێ کرا بەڵام شکستی هێنا.
26. کەی لە سێدارە درا؟
ئەو لە ڕێکەوتی (14.5.1981) لە سێدارە درا.
27. بەتەنیا لە سێدارە درا، یان کەسی دیکەی لەگەڵ بوو؟
بەڵێ ئەو بەتەنیا لە سێدارە درا و کەسی دیکەی لەگەڵ نەبوو.
28. دوا دیدەنیتان کرد بەر لە سێدارەدانی؟
بەڵێ ڕۆژی (13.5.1981) بۆ دوو تا سێ کاتژمێر دیدەنیمان کردو بۆ دواجار دیتمان و ئیتر ڕژێمی بەعسی فاشی و سەدامی ڕەگەزپەرست ئەو گەنجە (16) ساڵەی بەبێ ڕەچاوکردنی یاسا و مافی مرۆڤ لە سێدارە دا.
29. لەدوا دیدەنی باسی ئەوەی نەکرد بۆ جێبەجێکردنی نەخشەی شکاندنی زیندانەکە ئەوەندە درێژەی کێشا؟
شەهید بەکر باسی ئەوەی کرد کە کارەکان بەگوێرەی پێویست و بە دڵی ئەوان بەڕێوە ناچێت، خاوییەکی زۆری تێدایە و ناتوانن هەموو شەوێک خەریکی بڕینەوەی شیشی دەرگاکان بن، بەتایبەت لەبەرئەوەی بەرپرسانی زیندان هەستیان بە هەوڵێکی شکاندنی زیندانەکە کردبوو، هەر بۆیەش چاودێرییەک خرابووە سەر زیندانییەکان بۆ ئەوەی ئاگاداربن و دڵنیابن لەوەی کە ئایە ئەوان خەریکی هەوڵی شکاندنی زیندانن یان نا! چاودێری کردنی بەرپرسان و کارمەندانی زیندان کارەکانی ئەوانی دواخست.
30. جگە لە خۆت کەسی دیکە لە بنەماڵەکەت ئاگاداری ئەو هەوڵ و نەخشەی شکاندنی بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ بوو؟ ئەگەر بەڵێ. کێ ئاگادار بووەو ئایە لە ژیاندا ماوە؟

بەڵێ دایکم و باوکم ئاگادار بوون. دایکم لە ژیاندا ماوە و باوکیشم کۆچی دوایی کردووە (کاتێ کە بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ پارێزەر سلێمان سوسەیی دەکرد، ئەو دەنگی تەلەفۆنەکەی کردبووەو ئەوانەی لەوێ بوون گوێیان لە دەنگی من دەبوو، هەروەها منیش گوێم لە دەنگی ئەوان دەبوو. گوێم لە دەنگی دایکی بوو کە گوتی: خۆم و باوکت ئاگاداری هەوڵی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ بووین و ئەوکات شەهید بەکر ئێمەشی ئاگادار کردەوە – دەرسیم).

31. ئایە شەهیدی برات، ناوی هیچ کەسێکی هێنا لە کارمەندانی زیندان کە هاوکاریان بن بۆ شکاندنی زیندانەکە؟ ئەگەر ناوی کەسی هێناوە، ئەو کەسانە کێن، گەر لە بیرت مابێ؟

هەروەکو پێشتر وەڵامم دایتەوە ناوی دوو کوردی ئێزیدی هێنا کە هەردووکیان سەجان و برای یەکتریش بوون و لەو زیندانە کاریان دەکرد، بەڵام بەداخەوە گوتم کە ناوەکانم لەبیر نییە و خۆت گوتت: (ناوەکانیان مەردان و فازڵ-ە و مەردان لە سێدارە دراوەو فازڵ-یش لە ژیاندا ماوە).

32. ئەگەر سەبارەت بە نەخشەو پلانی شکاندنی زیندانەکە شتێکت هەبێ و بەپێویستی بزانی باسی بکەیت؟

نەخێر هیچ شتێکی دیکەم نییە، زۆر سوپاس بۆ ئەو چاوپێکەوتنە و هەمیشە سەرکەوتووبن.

دەرسیم
دانمارک
شەممە، ڕێکەوتی (12.11.2016).



پارێزەر سلێمان کەریم محەمەد سوسەیی، برای شەهید بەکر کەریم سوسەیی

## گفتوگۆ لەگەڵ ئاواز حەمەدەمینی هاوسەری شەهید ئەکرەمی حەپسە:

1: ناوی تەواوت؟
ئاواز حەمەدئەمین حوسێن.
2: ساڵ و شوێنی لە دایکبوونت؟
ساڵی (1961) لە سلێمانی لە دایک بووم.
3: ئایە کەسێکت لە بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ لە ساڵانی (1980-1981) لە سێدارە دراوە؟
بەڵێ هاوسەرەکەم.
4: ناوی تەواو، ساڵ و شوێنی لەدایکبوونی ئەو کەسە و نازناو یان ناوی نهێنی؟
ئەکرەم حەمەدئەمین قادر، ساڵی (1945) لە شاری سلێمانی لە دایک بووە، نازناوی (ئەکرەمی حەپسە)یە، ناوی نهێنی پێش ساڵانی (1972-1973) حوسێن بوو، پاشان (ئەکرەم حەداد).
5: کەی هاوسەرگیریتان کرد و چەند منداڵتان هەیە؟ ناوەکانیان و ساڵی لەدایکبوونیان؟
لە ساڵی (1977) لە سلێمانی هاوسەرگیریمان کردووە، کوڕێک و کچێک بەناوەکانی (سەنگەر ئەکرەم حەمەدئەمین (29.9.1978) لە سلێمانی لە دایک بووەو ڕۆزا ئەکرەم حەمەئەمین، لە (22.4.1980) ئەویش هەر لە سلێمانی لە دایک بووە.
6: ڕێکخستن یان پێشمەرگەی چ لایەنێک بوو؟
هەر لە سەرەتای (1960) لە قووتابخانە لەگەڵ لاوانی حزبی شیوعی ئێراقی دەستی کرد بە خەبات بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی کرێکاران. بەهۆی تێکۆشان و چالاکییەکانیەوە لە پۆلی پێنجەمی ئامادەیی لە قووتابخانە دوورخرایەوە. شەهید بەردەوامی بە خەبات دا.
ساڵی (1967) حزبی شیوعی ئێراقی (الحزب الشيوعي العراقي) ئەبێت بە دوو بەشەوە:
1. حزب الشيوعي العراقي القيادة المركزية (چەپڕەوەکان)، باوەڕیان بە یەکێتی سۆڤیەت نەما، پاش بێدەنگی و بێهەڵوێستی و هاوپەیمانێتیان لەگەڵ ڕژێمە یەک لەدوا یەکەکانی ئێراقدا، وە بە وڵاتێکی لادەریان پێناسە کرد.
2. حزب الشيوعي العراقي اللجنة المركزية (ڕاستڕەوەکان)، بە بەردەوامی پاڵپشتی یەکێتی سۆڤیەت بوون و بە وڵاتێکی کۆمۆنیستیان پێناسە دەکرد.
شەهید، تا ساڵانی (1973-1974) لە ڕیزی چەپڕەوەکان ئەندام و پێشمەرگەیەک و کادیرێکی چالاک و دیار بوو. هەر لە ساڵانی دوای (1973)ەوە شەهید بنکەکانی حزبی شیوعی قیادەی مەرکەزی لە گەڵاڵە و چۆمان جێدێڵێت و بەرەو شاری سلێمانی و لەوێوە بۆ بەغدای پایتەخت دەچێت.
هەر لێرەوە شەهید بەردەوامی ئەدا بە خەباتی نهێنی و کارەکانی، بە بەردەوامی لە پەیوەندیدا بوو لەگەڵ هەموو توێژەکانی کۆمەڵ و گروپە مارکسی و لینینییەکاندا. چڕکردنەوەی هەوڵەکانی خەبات و تێکۆشانی زەمینە خۆشکردن بوو بۆ بیناکردنی پارتێکی پێشڕەو بە بۆچوون و ئایدیۆلۆژیای مارکس و لینینزم. نامەکانی زیندانی شاهێدحاڵن.
باوەڕی تەواوی بە شۆڕش بوو بۆ ڕزگار بوون لە هەموو ستەمێک و چەوساندنەوە، ئەویش تەنیا لە ڕێگای شۆڕشی جەماوەری و کرێکارانە.
7: کەی وە لە کوێ دەستگیرکراو کێ هۆکاری دەستگیرکردنەکەی بوو؟
لە ڕۆژی (28.4.1980) لە سلێمانی لەماڵەوە دەستگیر کرا.
نامەیەکی پشتگیری و ئەم نامرۆڤانە بوونە هۆی گرتنی:
1. حوسێن شێخ حەسەن مارگر.
2. جەعفەر.
3. عومەر مارف.

نامەی پشتگیری بۆ بوون بە پێشمەرگە لە شەهیدەوە بۆ حوسێن و لە حوسێن-یشەوە بۆ مستەفا چاوڕەش، بەڵام جەعفەر بە فێڵ نامەکە لە حوسێن وەردەگرێت و دەیدات بە عومەر. عومەر-یش نامەکە ڕادەستی دەزگای ئاسایشی بەعس لە سلێمانی دەکات.

ڕوونکردنەوە:

أ. بە پێشمەرگە بوون لە ساڵانی (1976)ەوە لای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان – کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بەم شێوازە بوو:

1. لە ڕێگەی ڕێکخستنی شارەوە یان خودی خۆی لەناو ڕێکخستنەکاندا بێت.

2. نامەی پشتگیری کەسایەتی، ئەو نامەیە کە پێناسە، کەسایەتی، پاکی و باشی ئەو کەسەیە پێناسە دەکات کە دەبێتە پێشمەرگە، لەلایەن کەسێکی ناسراو، هاوڕێ، خزم، ناسیاو یان ئەندامی ئەو ڕێکخستنە دەنووسرێت.

ب. مستەفا چاوڕەش: کوڕی پوری ئەکرەمی حەپسەیە، فەرماندەیەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان – کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوو.

ج. عومەر مارف: خۆفرۆش و تاوانبارە بە ڕادەستکردنی (جەمالە ڕەش) لە ساڵانی (1977-1978)دا لە سلێمانی. جەمالە ڕەش پێشمەرگەی کۆمەڵەی ڕەنجدەران بوو لە سێدارە درا.

ڕوونکردنەوە: (جەمال شێخ عەلی شێخ مارف ئەحمەد، کادیری پێشکەوتووی کۆمەڵە، لە ڕۆژی (10.8.1977) لە ماڵەکەی عومەر مارف بەدیل گیرا، لە ڕۆژی (4.10.1977) لە دادگای هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دراو و پاشان لە ڕێکەوتی (29.1.1978) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە درا – دەرسیم).

د. حوسێن حەسەن مارگر: لاوێکی سەربازی هەڵاتوو بوو، ئەیویست ببێت بە پێشمەرگە، کەسوکاری حوسێن پەیوەندی دۆستانەیان لەگەڵ ئەکرەم و هاوڕێکانی هەبوو، هەر ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە بوو کە ئەو نامە پشتگیرییە نووسرا.

هاء. شەهید بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ بیرو بۆچوون و جوڵانەوەی چەکداری یەکێتی و کۆمەڵەدا نەبوو.

8: لەلایەن چ دەزگایەکەوە گیرا؟ ئایە بەتەنیا گیرا، یان کەسی دیکەی لەگەڵ بوو؟

لەلایەن دەزگای ئاسایشی بەعسەوە لە سلێمانی و بەتەنیا گیرا.

9: کەی و لە کوێ دادگایی کرا، لەگەڵ جۆری سزاکەی؟

لە هەیئەی کەرکوک، سزای لە سێدارە دان.

10: کەی هاتە بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ؟ ئەگەر ڕۆژی دروستی نازانی، مانگ و ساڵەکەی؟

لە مانگی (10)ی ساڵی (1980).

11: ئەوانەی لەگەڵی بوون لە بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ، کەسیانت بیرماوە؟ سەر بە چ لایەنێک بوون؟ خەڵکی کوێ بوون؟

نەخێر، نازانم و لەبیرم نەماوە.

12: بۆ ماوەی چەند لەو زیندانە مایەوە تا لە سێدارە درا؟ یان چەند دیدەنیتان کرد؟

ماوەی (57) ڕۆژ مایەوە و تەنیا پێنج جار بەدوا دیدەنییەوە، دیدەنیمان کرد.

13: ئایە ئاگاداری هەوڵی شکاندنی بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ بووی لە ساڵی 1980-1981؟

بەڵێ.

14: کێ لەم هەوڵە ئاگاداری کردیەوە؟

شەهید.

15: بیرت دێت کەی بوو ئاگاداری کردیتەوە؟

لە دووەم دیدەنیدا ئاگاداری کردمەوە، لە کۆتایی مانگی (10)ی ساڵی (1980).

16: چەند بەر لە سێدارەدانی شەهید، ئاگادار کرایتەوە؟ واتە ماوەی ئاگادارکردنەوە و لە سێدارەدانی شەهید چەند بوو؟
ماوەکە (40–42) ڕۆژ دەبوو.
17: چۆن ئاگادارکرایتەوەو داوای چ جۆرە هاوکارییەکی لێت کرد؟
لە حەوشەی زیندان پێی ڕاگەیاندم، داواکەی لە ئێمە تەنیا بردنی دەمانچەیەکی بێدەنگ بوو بۆ ناو زیندان.
18: ئایە پارەت دا بۆ جێبەجێکردنی هەوڵەکە یان پێویستی بە پارە نەبوو؟ ئەگەر پارەتان دا، چەندتان دا، ئەگەر بیرت مابێت؟
نەخێر.
19: شەهید باسی ئەوەی کرد ئەو پارەیەیان بۆ چییە، ئەگەر پارەیان داوا کردبێ؟
نەخێر.
20: باسی ئەوەی کرد کە کێ هاوکارییان دەکات لە هەوڵی شکاندنی ئەو زیندانە؟ ئەگەر ناوی کەسی دیکەی لات باسکردبێ؟
نەخێر.
21: تۆ ئامادەیی خۆت دەربڕیّ بۆ هاوکاری کردنیان؟ هاوکارییەکەت بەچ شێوەیەک بوو، ئەگەر بەکورتی باسی بکەیت؟
بێگومان من ئامادەیی هەموو یارمەتیەک بووم، بەڵام بۆ شکاندنی زیندانەکە تەنیا بردنی دەمانچەکەی بە ئێمە سپارد. کارەکەش بە حەپسە (دایکی شەهید) سپێردرا. بەهۆی ئەزمونی ژیانی چەند ساڵەی حەپسە، بەگواستنەوەی چەندان جا لە دەمانچە و بڵاوکراوەکان بۆ شەهید و هاوڕێکانی.
22: ئامادەیی خۆت بە چی تر دەربڕی؟ یان ئەو داوای چی دیکەی لێکردی بۆ کاتی شکاندنی زیندانەکەو هەوڵی دەربازبوونیان؟
هیچ داواکاریەکی تریان نەکرد.
23: دەتوانی بەکورتی باسی ئەوەمان بۆ بکەی کە نەخشە و پلانی شکاندنی زیندانەکەیان چۆن داڕشتبوو، هەروەها چۆن کارەکانیان دەکرد لەپێناو سەرکەوتنی نەخشەکەیان، ئەگەر وەردەکارییەکانی بۆ بەڕێزتان باس کردبێ؟
نەخشەی شکاندنی زیندانی موسڵ، ئەوەی لەبیرم ماوە، لە یەکەم هەنگاودا دابینکردنی لۆریەک بێت، بۆ ئەوەی لەدوای سەرکەوتنیان بەسەر پاسەوانەکاندا و لەسەر دیواری زیندانەکە خۆیان فڕێ بدەنە ناو لۆریەکەوە و بەرەو .........
24: ئەوکاتەی نەخشەی شکاندنی زیندانەکە جێبەجێکرا، شەهید لە ژیاندا مابوو، یان لە سێدارە درابوو، یان لەگەڵ لە سێدارەدانی ئەو نەخشەکە کۆتایی پێهات و جێبەجێ نەکرا؟
نەخێر، شەهید لە ژیاندا نەمابوو، بەڵام دوای شەهید نەخشەکە جێبەجێکرا!!
25: کەی لە سێدارە درا؟
لە ڕێکەوتی (11.12.1980) لە سێدارە درا.
26: بەتەنیا لە سێدارە درا یان کەسی دیکەی لەگەڵ بوو؟
لەگەڵ پێنج هاوڕێی زیندانیدا.
27: دوا دیدەنیتان کرد؟
بەڵێ.
28: پێت وانییە ماوەی کەمی مانەوەی شەهید لە ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ، یەکێک بێ لە هۆکارە هەرە گرنگەکانی جێبەجێ نەکردنی پلانەکە؟
بەڵێ، با چاوێک بەم فاکتەرانە بخشێنین ...

بۆ شکاندنی زیندان، شەهید داوای دەمانچەی بێدەنگ ئەکات، بەدەستهێنانی دەمنچەی بێدەنگ تەنیا لەلایەن مستەفا چاوڕەش ئەبێت. بڕیار بوو حەپسەی دایکی شەهید دەمانچەکە بخاتە ناو لەشیەوە و بۆ ئەوەی لەکاتی دیدەنیدا لە زیندان بیداتە شەهید.

1. پاش ئەوەی ئەکرەم بڕیاری لە سێدارەدانی بەسەردا ئەسەپێنرێت، ڕەوانەی زیندانی موسڵ بەشی لە سێدارەدان ئەکرێت، لەو کاتەدا شەهید ئەگاتە زیندانی موسڵ، بڕیاری جێبەجێ کردنی لە سێدارەدان زیاتر لە ساڵێک بۆ دوو ساڵ ڕاگیرابوو.

بەڵام شەهید ماوەی چاوەڕوانی لە زیندان لە بەشی لە سێدارەدان تەنیا (45–50) شەو بوو!!!

2. کارمەندانی زیندانەکە ئاگاداری کەسوکاری زیندانیەکان بە بروسکە بە ڕۆژێک پێش لە سێدارەدانی زیندانییەکان ئەکردنەوە. بروسکە لە زیندانەوە بۆ دەزگای ئاسایشی ئەو شارەی زیندانییەکان تێیدا ژیابوون و لەوێشەوە بۆ ماڵی کەسوکاریان، تاکو لە ڕۆژی جێبەجێکردنی لە سێدارەدانی زیندانییەکان کاتژمێری (4)ی دوای نیوەڕۆ هەموو کەسوکاریان لەناو زیندانەکە دوا دیدەنی و دوا ماڵئاواییان لێ بکەن.

بەڵام ئێمە (کەسوکاری شەهید ئەکرەم)، کاتژمێری (4)ی دوای نیوەڕۆی هەمان ڕۆژی لە سێدارە دانەکەی ئاگادار کراینەوە!!!

ئەوەش کاتێک کە بەڕێوەبەری زیندان، شەهید لە حەوشەی زیندان بەتەنیا و بێ کەسوکار ئەبینێت، ئەکەوێتە گفتوگۆ کردن لەگەڵ شەهید، ئەزانرێت کە بروسکەکە لای دەزگای ئاسایشی بەعس لە سلێمانی بەئەنقەست نەدراوە بە کەسوکاری ئەکرەم. هەر ئەوکاتە بەڕێوەبەری زیندان تەلەفۆن بۆ دراوسێ و کەسمان ماڵی (حاجی کەریم چاوشین) ئەکات و هەواڵەکە ڕادەگەیەنێ. بەڵێ، ئێمەی کەسوکاری شەهید دوای کاتژمێری (٤)ی دوای نیوەڕۆ لە سلێمانیەوە کەوتینە ڕێگا، لە دەوروبەری کاتژمێری (10)ی شەو گەیشتینە لای ئەکرەم.

ئەگەرچی خۆم ئامادەبووم بۆ بردنی دەمانچەکە لەدوا دیدەنیدا، بەڵام ڕێگایان نەدام.

دەمانچەکە لەکاتی دیاریکراودا ئامادە بوو وە ئەشگەیشتە دەست شەهید، بەڵام ئەبوایە پێش جێبەجێکردنی بەشێکی تری نەخشەی شکاندنی زیندانەکە دەمانچەکە بگەیشتایە دەستیان. ماوە و کاتەکە زۆر کورت بوو!!

ئایە بەگرتن و کوشتنی حەپسەی دایکی شەهید و خۆیشم چ خزمەتێک بە جەلادەکانی بەعس ئەکات، بە بەراورد لەگەڵ مانەوەی ئەو پیاو خراپانەی کە سیخوڕی بەسەر شەهید و دەیان تێکۆشەری ترەوە ئەکەن و بەرەو پەتی سێدارەیان ڕاپێچ ئەکەن؟

ئیتر ئەم بابەتە پێویست بەوە ئەکات کە شک لەناو کۆمەڵگا و گروپ و پارتەکان دروست بێت!! بێگومان، ئەوەی مەبەستە ئەویش شەهیدە، شەهید لەبەردەستدایە تازە، وە لە سێدارەدانیشی مسۆگەرە، حەپسە و منیش دوو کەسی ئاسایین و مەترسیدار نین لای بەعس.

29: جگە لە خۆت کەسی دیکە لە بنەماڵەکەت یان هاوڕێیانی شەهید ئاگاداری ئەو هەوڵ و نەخشەی شکاندنی بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ بوون؟

بەڵێ.

30: ئەگەر بەڵێ. کێن ئەو کەسە/ کەسانە، ئایە لە ژیاندا ماوە/ ماون؟

1. حەپسە حوسێن، دایکی شەهید، دوا ماڵئاوایی لە ژیان کردووە.
2. ئەحمەد محێدین، زاوا و هاوڕێی شەهید، دوا ماڵئاوایی لە ژیان کردووە.
3. محەمەد حەمەدئەمین، برای شەهید، لە ژیان دایە.
4. نەسرین حەمەدئەمین، خوشکی شەهید، لە ژیان دایە.
5. مستەفا چاوڕەش، پورزای شەهید، لە ژیان دایە. بێگومان بەهۆی دابینکردنی دەمانچە بێدەنگەکەوە یەکێک یان دووان لە سەرکردایەتی یەکێتی–شەوە ئاگادارن!!

نازانم کە کەسێک لە ڕێگای متمانە و هاوڕێیەتیەوە ئاگادار بووبێت!

31: ئایە شەهید، ناوی هیچ کەسێکی هێنا لە کارمەندانی زیندان کە هاوکاریان بووبن بۆ شکاندنی زیندانەکە؟

نەخێر.

32: ئەگەر ناوی کەسی هێناوە، ئەو کەسە/ کەسانە کێن، گەر لە بیرت مابێ؟

نەخێر.

33: ئەگەر سەبارەت بە شەهید، یان نەخشەو پلانی شکاندنی زیندانەکە شتێکت هەبێ و بەپێویستی بزانی باسی بکەیت؟

ئەوەی لە بیرم مابێت و زانیبێتم نووسیم بە سوپاسەوە. سوپاس و ڕێزی تایبەتان بۆ جەنابتان، دەستتان خۆش بێت و سەرکەوتوو بن.

دەرسیم

دانمارک

سێشەممە، ڕێکەوتی (15.12.2015).



## نامەیەکی کراوە بۆ سەرۆکوەزیران، جێگری سەرۆکوەزیران و وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفال کراوەکان:

نامەیەکی کراوە بۆ بەڕێزان/

نێچیرڤان بارزانی سەرۆکوەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان
عیماد ئەحمەد جێگری سەرۆکوەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان
مامۆستا ئارام وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفال کراوەکان

بابەت/ ناساندنی فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس وەکو زیندانییەکی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان

بەڕێزان لێرەدا دەمەوێت کێشەی (فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس) بخەمەڕوو، ئەو یەکێک بوو لە پاسەوانەکانی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ، کە لە ساڵی (1981)دا خۆی و (مەردان یوسف شێخ ئەلیاس)ی برای هاوکاری کۆمەڵێک زیندانی ئەو زیندانەیان کرد بۆ هەوڵی شکاندنی زیندانەکە و ڕزگارکردنی تەواوی ئەو زیندانییانەی کە سزای لە سێدارە دانیان هەبوو.
لە یەکێ لە دیدارەکاندا لە سەرەتای ساڵی (1981)دا، سەرەتا تەحسین ڕەحمان فەرحانی برام، دواتریش جەمیل ئەحمەد مەحمودی ئامۆزازام کە هەر دووکیان لە ڕۆژی (29.10.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری سێدارەیان دراو لەهەمان ڕۆژ گواسترانەوە بۆ ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ، باسی بیرۆکە، نەخشە و پلانی شکاندنی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ و ڕاکردنیان کرد و داوای پارەیان لێ کردم بۆ جێبەجێکردنی پلانی هەوڵی شکاندنی زیندانەکە.
شەهید جەمیل ئەحمەد (دەرسیم)، باسی ئەوەی کرد کە سەرەتا لەگەڵ هەریەک لە (بەرزان عومەر عەلی، جەلال مەحمود ئەحمەد سورداشی و دواتریش عومەر میرزا شاموراد)، گفتوگۆی بیرۆکەی شکاندنی زیندانەکە و پاشانیش نەخشەو پلانی شکاندنی زیندان و ڕاکردنی خۆیان کردووە، پاشانیش قسەیان لەگەڵ دوو پاسەوانی زیندانەکە کردووە کە کوردی ئێزیدین و ئەوانیش ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە. یەکەم جار ناوی ئەو دوو پاسەوانە هاوکارەیان نەدرکاند، بەڵام دوای نزیکەی مانگێک یان مانگ و نیوێک بەو مەرجەی دوای ئەوەی ناوەکان دەڵێن نابێ هەوڵی ناسینی ئەو دوو پاسەوانە هاوکارەیان بدەم، باسی ئەوەیان کرد کە ئەو دوو پاسەوانە بران و ناویان (مەردان و فازڵ)ە. منیش پابەندی ئەو مەرجەی ئەوان بووم و تا براو ئامۆزاکەم لە سێدارەش دران، نەمدەزانی کام لە پاسەوانەکان (مەردان یان فازڵ)ن بەتایبەت کە زۆربەی پاسەوانەکان کوردی ئێزیدی بوون، سەرەڕای ئەوەی لە ڕۆژانی دیدەنیدا گوێکانی خۆم قوڵاغ کردبوو بۆ بیستنی ناوەکانیان، وەلێ هیچ جارێک نەمتوانی بیاندۆزمەوە.
هەر لەپێناوی یاداشت کردنی ڕۆڵی جوامێرانە و کاریگەری ئەو دوو پاسەوانەی زیندان (مەردان یوسف شێخ ئەلیاس و فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس)، لە هەوڵی شکاندنی ژووری سێدارەی موسڵ، لە ڕێکەوتی (4.12.2010)دا لە ماڵپەڕە ئەلکترۆنییەکان و پەیڕی فەیسبووک بابەتی (هەوڵێکی سەرنەکەوتووی شکاندنی زیندانی ژووری سێدارەی موسڵ و دوو قارەمان)م بڵاوکردەوە. بەهۆی بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتە، دەرکەوت کە پێشتر کەسێک بەناوی نەریمان مەجید بابەتێکی لەژێر ناوی (چیرۆکی شکاندنی قەسابخانەی موسڵ لەسەر دەستی کوڕانی یەکێتی ئەنجام درا)دا لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (2164)ی ڕۆژی (5.6.2000)دا بڵاوکردۆتەوە و دواتریش لە ساڵی (2007)دا لە نامیلکەیەکدا بەناوی (شکاندنی باستیلەکەی موسڵ) لەچاپی داوە، کە لەوەی دووەمیاندا باسی ڕۆڵی کوردپەروەرانەی مەردان یوسف و فازڵی برای کردووە. دوای خوێندنەوەی نامیلکەکەی نەریمان مەجید، بابەتێکی ڕەخنەییم لەژێر ناوی (شکاندنی باستیلەکەی موسڵ، یان چەواشەکردنی مێژوو؟)، سەرەتا لە ماڵپەڕە ئەلکترۆنییەکان و فەیسبووک دواتریش لە (5) بەش لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارەکانی (6152, 6153, 6154, 6155, 6157)ی هەریەک لە ڕۆژانی

(13.8.2013/ 14.8.2013/ 15.8.2013/ 16.8.2013/ 19.8.2013)دا بڵاوکردەوە، کە بووە هۆی ئەوەی نەریمان-یش وەڵامێک بنووسێ و لەژێر ناوی (وەڵامێکی هێمنانە بۆ دەرسیم دیبەگەیی) لە کوردستانی نوێ، لە (4) بەش لە ژمارەکانی (6162/ 6163/ 6164/ 6165)ی ڕۆژانی (25.8.2013/ 26.8.2013/ 27.8.2013/ 28.8.2013)دا بڵاوی کاتەوە. هەروەها دواتریش زانیم کە کەسێک بەناوی چیمەن ساڵح کاکەبرا بابەتێکی بەناوی (پلانی شکاندنی بەندیخانەی موسڵ)دا لە گۆڤاری شەهید، ژمارە (6)ی مانگی تەموزی ساڵی (1999)دا بڵاوکردۆتەوە. لە ڕۆژی (22.11.2013)دا وەڵامێکی دیکەی نەریمان-م بەناوی (گفتوگۆی داستانی شکاندنی زیندانی سێدارەی موسڵ) دایەوە و لە ماڵپەڕەکان و فەیسبووک بڵاوکرایەوە.

لە تەواوی ئەو بابەتانەی سەبارەت بە هەوڵەکەی ساڵی (1981)ی شکاندنی ژووری سێدارەی موسڵ نووسراون، هەموومان کۆکین لەسەر ئەوەی کە مەردان یوسف شێخ ئەلیاس و فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس هاوکار و پشتیوانی زیندانییەکانی ژووری سێدارە بووینە لەپێناوی جێبەجێکردنی پلان و نەخشەی زیندانییەکان بۆ شکاندنی زیندانەکە و ڕاکردنیان، هەر بەو هۆکارەوە مەردان و فازڵ لەدوای شکستی هەوڵەکە لە ڕۆژی (5.6.1981)دا گیران، دواتریش مەردان یوسف شێخ ئەلیاس لە ڕێکەوتی (20.2.1982)دا لەلایەن دادگای تایبەتی هەیئە خاسەی کەرکوک بەگوێرەی مادەی (158)ی یاسای سزا ئێراقییەکان بڕیاری سێدارەی دەرچوو و پاشان لە ڕێکەوتی (13.11.1982)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە درا، هەروەها فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس لە هەمان ڕۆژ لەلایەن هەمان دادگای ناوبراو بەگوێرەی مادەی (271)ی یاسای سزا ئێراقییەکان سزای هەتا هەتایە (20) ساڵی بۆ دەرچوو و سەرەتا لە بەشی سزا تایبەتییەکان (ألأحكام الخاصة) و دواتریش سزا درێژخایەنەکان (ألأحكام الطويلة) تاوەکو ڕۆژی (21.5.1986) لە زیندانی ئەبوغرێب مایەوە. فەرموون سەیری مادەی (271) بکەن، بۆ ئەوەی بزانن کە ئایە فازڵ یوسف ئەلیاس بەپێی ئەو مادەیەی کە زیندانی کراوە، دەبێ تەواوی مافەکانی وەکو هەر زیندانییەکی سیاسی دیکە هەبێ یان نا؟


المادة – ١٥٨ – يعاقب بالاعدام او السجن المؤبد كل من سعى لدى دولة اجنبية او تخابر معها او مع احد ممن يعملون لمصلحتها للقيام باعمال عدائية ضد العراق قد تؤدى الى الحرب او الى قطع العلاقات السياسية او دبر لها الوسائل المؤدية الى ذلك .

المادة – ٢٧١ – كل موظف او مكلف بخدمة عامة كلف بالقبض على شخص او بحراسة مقبوض عليه او محجوز او موقوف أو محبوس او بمرافقة اي منهم او بنقله تمكنه من الهرب او تغافل عنه او تراخى في الاجراءات اللازمة للقبض عليه قاصدا معاونته على الهرب يعاقب بالسجن اذا كان الهارب محكوما عليه بالاعدام ويعاقب بالسجن مدة لاتزيد على عشر سنين اذا كان الهارب محكوما عليه بالسجن المؤبد او المؤقت أو كان متهما بجناية عقوبتها الاعدام .

وتكون العقوبة الحبس في الاحوال الاخرى .

بۆیە بەپێویستی دەزانم و داواکارم حکومەتی هەرێمی کوردستان وەکو زیندانییەکی سیاسیی تەواوی مافەکانی فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس بدات و مووچەیەکی مانگانەی هاوتا بە زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان پێ بدات و مەردان یوسف شێخ ئەلیاس-یش وەکو شەهیدێکی بزووتنەوەی ڕزگاری نیشتمانیی کوردستان هەژمار بکات و مووچەیەکی شەهیدانە بداتە ماڵ و منداڵەکانی، کە ئەو وەکو زیندانییەکی سیاسیی لە ئێراق مووچەیەکی هەیە. دڵنیام ئەگەر فازڵ یوسف ئەلیاس، لە هەر وڵاتێکی دیکەی ئەم جیهانە بوایە، بەمشێوەیە نەک فەرامۆش نەدەکرا، بەڵکو باشترین ژیان و مووچەی دەبوو، هەروەها سەدان دیدارو چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆن، گۆڤار و ڕۆژنامەکانی لەگەڵ دەکرا. دەبوایە بەلای

کەمییەوە، وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان ئەو داستانەیان بە بەشداری فازڵ یوسف ئەلیاس بکردبایە (ڕۆمان، فیلمی سینەمایی و فیلمی دیکۆمێنتکاری تەلەفزیۆنی).

**کرۆکی کێشەی فازڵ:**

هەرچی سەبارەت بە (فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس)ە، لەبەرئەوەی ئەو هیچ دان پێدا نانێکی نەبووە لە بەرانبەر ئەو تۆمەتەی کە ئاراستەی خۆی و مەردانی برای کراوە، بە مادەی (271) بە (20) ساڵ زیندانیکردن سزا دراوە، خۆ ئەگەر ئەویش دانی بە تۆمەتەکەدا بنایە، بەشێوەی مەردانی برای بەگوێرەی مادەی (158) سزای لە سێدارە دانی دەردەچوو و لە سێدارەش دەدرا، کە مەردان بە هۆکاری هاوکاری کردنی زیندانییەکانی ژووری سێدارەی موسڵ و شکاندنی زیندانەکە لە سێدارە درا.

دوای ڕوخانی حکومەتی ئێراق، فازڵ یوسف دەیان جار سەردانی بەغدای کردووە لەپێناوی ئەوەی مووچەی زیندانیی سیاسیی بۆ دەرچێت، کەچی بە بەردەوامی داواکەی بەرپەرچ دراوەتەوە بە بیانووی ئەوەی گوایە گرتنەکەی ئەو لەسەر سیاسەت نەبووە. دواجاریش لە ڕێکەوتی (16.1.2012)دا دەزگای زیندانییە سیاسییەکان - لیژنەی تایبەتی بەغدا/ کەرخ، داوایەکی دیکەی ناوبراوی ڕەتکردۆتەوە بەپشت بەستنیان بە نووسراوی ژمارە (1010)ی ڕۆژی (16.1.2012)ی وەزارەتی ناوخۆ/ تۆمارگەی تاوانەکان، بە بیانووی ئەوەی گوایە ئەو مادەیەی کە فازڵ-ی پێ سزا دراوە مادەی (172)ە نەک مادەی (271).

پێم وایە، ئەگەر وەزارەتی ناوخۆ/ تۆماری تاوانەکان، بە ئەنقەست مادەی (271)ی بە مادەی (172) نەگۆڕیبێ کە یەکەمیان سیاسییە و دووەمیش بازرگانی، ئەوە بەدڵنیایی لیژنەکەی بەغدا/ کەرخ بە ئەنقەست بەتەنیا پشتیان بەستووە بە نووسراوەکەی وەزارەتی ناوخۆ/ تۆمارگەی تاوانەکان بۆ ئەوەی فازڵ یوسف ئەلیاس لە تەواوی مافەکانی وەکو زیندانییەکی سیاسی بێبەش بکات، بەتایبەت کە فازڵ یوسف ئەلیاس لە هەمان کاتدا دوو بەڵگەی بەوان داوە، کە یەکەمیان پاڵپشتییەکی زیندانی ئەبوغرێبە بە ژمارە (2647) کە لە ڕێکەوتی (17.2.1986)دا وەریگرتووە و تێیدا هاتووە کە ناوبراو سزای (20) ساڵ زیندانی کردنی لەلایەن دادگای تایبەتی لە کەرکوک بەپێی مادەی (271)ی یاسای سزا ئێراقییەکان و بەپێی سکاڵای ژمارە (188/ خ/81) لە ڕێکەوتی (20.2.1982)دا بۆ دەرچووە، دووەمیش بڕیاری سزادان (مقتبس حکم)ەکەی خۆی کە لە ڕێگەی وەزارەتی دارایی ئێراقی نوێ لە ڕێکەوتی (27.1.2010)دا بەدەستی هێناوە و بەگوێرەی بڕیاری سزادانەکە فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس، بەپێی نووسراوی ژمارە (275)ی ڕێکەوتی (28.2.1982)ی دادگای تایبەتی لە کەرکوک، سزای زیندانی کردنی هەتا هەتایەی بەگوێرەی مادەی (271) و بەپێی کێشەی ژمارە (188/ خ/1981) بۆ دەرچووە. باشە، ئەگەر بەرپەرچ دانەوەی داواکەی فازڵ یوسف ئەلیاس بەدەستی ئەنقەست ئەنجام نەدرابێ، دەبێ هۆکارەکەی چی بێت؟

المادة – ١٧٢ – يعاقب بالسجن مدة لاتزيد على عشر سنتين وبغرامة لاتقل عن خمسمائة دينار ولا تزيد على عشرة الاف دينار او باحدى هاتين العقوبتين :–

١ – كل من قام مباشرة او عن طريق بلد اخر في زمن الحرب بتصدير بضاعة او منتوج او اي مال اخر الى بلد معاد او قام باستيراد ذلك منه .

٢ – كل من باشر بنفسه او بواسطة غيره في زمن الحرب عملاً تجاريا غير ما ذكر في الفقرة السابقة مع اي فرد مقيم في بلد معاد او مع اي من رعايا ذلك البلد او ممثليه او وكلائه او هيئاته .

ويحكم بمصادرة الاشياء محل الجريمة في جميع الاحوال فان لم تضبط يحكم على المجرم بغرامة اضافية تعادل ثمن الاشياء موضوع الجريمة .

**چارەسەری کێشەکەی فازڵ:**

چارەسەری کێشەی فازڵ یوسف ئەلیاس بە بڕیارێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان یاخود وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفال کراوەکان دەکرێ کە ناوبراو بە زیندانییەکی سیاسیی هەژمار بکەن و تەواوی مافەکانی بەشێوەی زیندانیانیی سیاسیی لە هەرێم پێبدەن و مووچەیەکی مانگانەی بدرێتێ.

چونکە ناکرێت بە بیانووی ئەوەی کە فازڵ یوسف ئەلیاس دانیشتووی (شەنگال/ موسڵ)ە، هیچی بۆ نەکرێت، وەکو بەرپرسانی کوردستان هەردەم ئەو وەڵامەیان داوەتەوە! ئەی باشە چار چییە، لەکاتێکدا حکومەتی ئێراق لە ئەنجامی هەڵەیەکی خۆیان کە مادەکەیان لە مادەی (271) بە مادەی (172) گۆڕیبێ، یاخود ئەو کارەیان بە ئەنقەست کردبێ بۆ ئەوەی بێبەشی بکەن لە گشت مافێک وەکو زیندانییەکی سیاسیی لە ئێراق، هەروەها بەرپرسانی کورد لە هەرێمی کوردستان داواکەی ڕەتکەنەوە بە بیانووی ئەوەی کە دانیشتووی هەرێم نییە؟ سەرەڕای هەبوونی ناوی کەسێکی دانیشتووی موسڵ لە لیستێکی (1310) کەسی، کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی (27.6.2013) ناوەکانیان پشت ڕاست کراوەتەوە بۆ پێدانی مووچەی زیندانیی سیاسیی بەو کەسانە.

تاکە چارەسەری کێشەی فازڵ یوسف لای سەرۆکوەزیران، جێگری سەرۆکوەزیران یاخود وەزیری کاروباری شەهیدانە کە بڕیارێکی تایبەت دەرکەن بۆ ناوبراو و تەواوی مافەکانی وەکو زیندانییەکی سیاسیی هەرێمی کوردستان پێبدەن، چونکە ئەو بەهۆی هاوکاری کردنی شۆڕشگێڕانی کورد و هەوڵی ڕزگارکردنی کۆمەڵێک زیندانیی سیاسیی ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ لە ساڵی (1981)، زیندانی کراوە و لە ڕۆژی (5.6.1981)دا تا ڕۆژی (21.5.1986) لە زیندانی بەعس ژیانی بەسەر بردووە.

قسم
سجن الكبار للأحكام الطويلة
(قسم: ...)
العدد / ٤٧٦٩
التاريخ / ١٧ / ٤ / ١٩٨٦

الى / مديرية الامن
الموصل / تأييد

نؤيد لكم بأن النزيل (فاضل يوسف الياس) محكوم لمدة (٢٠) سنة وفق المادة (١٧٥ عقوبات) في الدعوى المرقمة (١٨٨/ج/٨١) بتاريخ ٢٠/ ٣/ ١٩٨٦ من قبل (محكمة الثورة) ولازال يقضي مدة محكوميته في قسمنا بناءً على طلبه زود بهذا التأييد للتفضل.

١٤ جمعة علي خلف
مدير قسم الاحكام

نسخة منه الى /
التسجيل

ز/ ٢/٦

بسم الله الرحمن الرحيم

جمهورية العراق
وزارة المالية
الدائرة القانونية
القسم المصادرة
العدد ٨٠١/م/عامة ٢٠١٠
التاريخ الهجري
التاريخ الميلادي ٢٠١٠/١/٢٧

٦٤٧٢
٢٠١٠/٤/١٤

**إلى / دائرة عقارات الدولة**

**م / مقتبس حكم**

كتابكم المرقم ١٩٨٣ في ٢٠١٠/١/٢٧
سبق وأعلمتنا رئاسة المحكمة الخاصة في التأميم (المنحلة) بكتابها المرقم ٢٧٥ في ١٩٨٢/٢/٢٨ بصدور قرارها على (فاضل يوسف الياس) بالسجن المؤبد وفق المادة (٢٧١) من ق.ع ومصادرة أمواله المنقولة وغير المنقولة استناداً لقرار مجلس قيادة الثورة (المنحل) المرقم ٤١١ في ١٩٦٩/٩/٧ بالقضية المرقمة ١٨٨/خ/١٩٨١ وتم تعميمه بالاضبارة المرقمة (٢٣٥٥).

**مع التقدير**

**جبار وحيد حسن**
**مدير عام الدائرة القانونية**
٢٠١٠/١/
٢٠١٠/١/٢٧

**نسخة منه الى/**
**وزارة العمل والشؤون الاجتماعية لجنة المفصولين السياسيين كتابكم ٦٢٢٩ في ٢٣ ٦ ٢٠٠٩**
**للعلم ... مع التقدير**

جمهورية العراق
رئاسة الوزراء
مؤسسة السجناء السياسيين
اللجنة الخاصة في بغداد/الكرخ

REPUBLIC OF IRAQ
PRIME MINISTER
OLITICAL PRISONERS FOUNDATION
CIAL COMMITTEE IN BAGHDAD/ALKRAK

العدد:
التاريخ:

القرار

تشكلت اللجنة الخاصة في مؤسسة السجناء السياسيين بتاريخ / / برئاسة قاضيها وعضوية ممثلي الوزارات وأصدرت قرارها الآتي :-

قرار

بناءا على الطلب المقدم من السيد ( ) والذي يطلب فيه شموله بأحكام قانون مؤسسة السجناء السياسيين المرقم ٤ لسنة ٢٠٠٦ كونه سجين سياسي .

[illegible]

ولكل ما تقدم قررت اللجنة رد الطلب وصدر القرار ............ استنادا لأحكام المواد ٥-٦-١٠ من قانون المؤسسة والمواد (٢١-٢٢-٢٣-٢٤) من قانون الإثبات قرارا قابلا للتظلم وصدر بتاريخ

عضو

عضو

عضو

القاضي
جابر عبد جابر
رئيس اللجنة الخاصة
بغداد/الكرخ

## ئای کە شەرمەزارت کردم وەزیری کاروباری شەهیدان:

دوای ئەوەی لە ڕێکەوتی (8.12.2013)دا نامەیەکی کراوەم لەژێر ناوی (ناساندنی فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس وەکو زیندانییەکی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان)دا بۆ هەریەک لە سەرۆکوەزیران، جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری کاروباری شەهیدان نووسی و لە ڕێکەوتی (21.12.2013)دا لە ماڵپەڕەکان و پەیژی فەیسبووکدا بڵاوکرایەوە، فەرمانبەرێکی وەزارەتی کاروباری شەهیدان لە ڕێکەوتی (25.12.2013)دا ئەوەی بۆ نووسیم (کاک دەرسیم سڵاو. کاکە قسەم لەگەڵ وەزیر کرد، گوتی با داواکاری پێشکەش بکەن ئێمە بەڵگەکانی کاک دەرسیم لەبەر چاو دەگرین و کاری باشی بۆ دەکەین)، دەبێ ئەوە بڵێم ئەو فەرمانبەرە هیچ درێخییەکی نەکرد و ئەمڕۆکە (19.1.2014) فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس-ی گەیاندە لای وەزیری کاروباری شەهیدان، وەلێ وەزیر گفتەکەی خۆی نەبردە سەر و نە بەڵگەکانی لەبەر چاو گرت و نە کاری باشیشی بۆ کرد، بەڵکو بە نائومێدی ناردیەوە شەنگال و منیشی شەرمەزار کرد، تەنانەت ڕووی ئەوەم نەبوو بە تەلەفۆن قسە لەگەڵ فازل یوسف بکەم.

بۆیە داوا لە هەموو ئەو هاوڕێ و هەڤاڵانە دەکەم کە لە زیندانی هەیئە خاسەی کەرکوک و ئەبوغرێب لەگەڵ فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس بووینە، بەتایبەت هاوڕێ محەمەد حەسەن خورشید کەرکوکی کە نزیکەی سێ مانگ و نیو لە ژووری سێدارەی موسڵ بووەو هەڤاڵ ڕزگار تەها عوسمان عەبدوڵڵا (ڕزگار کێستەیی) کە خۆی و هەڤاڵەکانی لە هەیئە خاسە لەگەڵ ناوبراو بووینە، بە چەند دێڕێک پشتیوانی خۆیان بۆ فازڵ یوسف دەربڕن و گلەیی خۆیان دەربارەی ئەو کارەی وەزیری کاروباری شەهیدان ڕابگەیەنن.

حکومەتی هەرێم و دوو حزبی دەسەڵاتدار بە هەزاران کەسیان لە جاش، دزو تەزویرچی کە بەشێکیان دەناسم و ناوەکانیان لامە بە ناڕەوا کردۆتە شەهیدی سەنگەرو مووچەی شەهیدانە و خانەنشینییان پێدەدەن. کۆمکاری زیندانە سیاسییەکان (40) هەزار زیندانی سیاسییان تۆمارکردبوو کە بەشێکی زۆریان زەوی، خانوو و مووچە یان خەڵاتیان لەو دوو پارتە وەرگرتبوو، کەچی دواتر دەرکەوت تەواوی ژمارەی زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان لە (4) هەزار زیندانی زۆرتر نەبووە. خۆ باسی پێشمەرگەی دێرین و ڕێکخستنی دێرین هەر مەکە، کە سەرەڕای ئەوەی چەندان جاش، سەرۆکجاش، فەرماندەی مەفرەزە خاسە و ڕەفیق حزبی دێرین کران بە پێشمەرگەی دێرین، فەریق ڕوکن نزار عەبدولکەریم فەیسەڵ خەرزەجی سەرۆک ئەرکانی سوپای ئێراق، لیوا ڕوکن سوڵتان هاشم ئەحمەد تائی فەرماندەی فەیلەقی یەک، لیوا ڕوکن نوعمە فارس حوسێن ئەلمحیاوی فەرماندەی فەیلەقی پێنج و عەمید ڕوکن وەفیق عجیل حەمود سامەڕائی جێگری بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی گشتیی سەردەمی ئەنفالەکان کە هەر چواریان بەشداری ئەنفالەکانیان کردووە، وەلێ بە قسەو شایەدی سەرکردەی حزبە کوردییەکان بە دەسەڵاتدارو ئۆپۆزسیۆنەوە کران بە ڕێکخستنی دێرین، تیاشیان دایە لە سەرۆکجاش، فەرماندەی مەفرەزە خاسەکان و جاشە کوردەکان مووچەی خانەنشینییان بۆ بڕدراوەتەوە! کەچی فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس، هەروەکو خۆم ئاگادار بوویمە و دەیان زیندانیی سیاسیی کورد شایەتی بۆ دەدەن کە بەهۆی هاوکاریکردن زیندانییەکانی ژووری سێدارەی موسڵ لە هەیئە خاسەی کەرکوک گیراوەو سزا دراوە. شەهید جەمیلی ئامۆزام و شەهید تەحسینی برام کە لە ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ بووینەو دواتر لە سێدارە دران، لەوانەوە بیستوومە کە خۆی و شەهید مەردانی برای، کە هاوکاری زیندانییەکانی ژووری سێدارەن و بەهۆی هەوڵی شکاندنی زیندانی سێدارەی موسڵ لە سێدارە دراو فازڵ-یش سزای هەتا هەتایەی بۆ دەرچوو، کەچی حکومەت و دەسەڵاتی کوردی مووچەیەکی زیندانیی سیاسیی بۆ فازڵ بە ڕەوا نابینێت!

بۆیە ئیمڕۆکە زۆر دڵتەنگ و بێزارم، حەزناکەم قسە لەگەڵ هیچ کەسێک بکەم، مەگەر کەسێکی خۆشەویست و زۆر لە دڵا شیرین نەبێ.

## نامەیەکی تورە بۆ مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان:

فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس، کوردێکی ئێزیدی دانیشتووی شەنگال-ە، لە ساڵانی (1980-1981)دا پاسەوانی زیندانی موسڵ بەشی سێدارە بووە. بەپێی ئاگاداری خۆم کە شەهیدان (جەمیل ئەحمەد مەحمود دیبەگەیی) ئامۆزام و (تەحسین ڕەحمان فەرحان دیبەگەیی) برام لە سەرەتای مانگی شوباتی (1981)دا ئەگەر زوتر نەبێ ئاگاداریان کردمەوە، کە زیندانییەکانی ئەوکاتی ژووری سێدارەی موسڵ لەگەڵ فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس و مەردان یوسف شێخ ئەلیاس پێکهاتوون لەسەر شکاندنی زیندانەکەو ڕاکردنیان. دوای لە سێدارەدانی ئامۆزاو براکەم بە ماوەیەکی کەم، ئەو زیندانییانەی لە ژووری سێدارە مابوون لە شەوی (2.6.1981)دا هەوڵەکە ئەنجام دەدەن، وەلێ ئەفسوس هەوڵەکە شکستی هێناو تەواوی زیندانییەکان دەرباز نەبوون و دواتریش لە سێدارە دران.
فازڵ و مەردانی برایشی لە ڕێکەوتی (5.6.1981) گیران. دوای مانەوەی ئەو دوو برایە (فازڵ و مەردان) لە ئەمنی موسڵ و هەیئە خاسەی کەرکوک بە نزیکەی (9) مانگ، هەر دووکیان لە ڕێکەوتی (20.2.1982)دا درانە دادگای تایبەتی هەیئە خاسەی کەرکوک و مەردان کە ئیعترافی کردبوو، بەگوێرەی مادەی (158)ی یاسای سزا ئێراقییەکان بڕیاری سێدارەی بۆ دەرچوو. فازڵ کە ئیعترافی نەبوو بەگوێرەی مادەی (271)ی هەمان یاسا، سزای هەتا هەتایە (20) ساڵی بۆ دەرچوو. پاشان مەردان لە ڕێکەوتی (13.11.1982)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە درا، هەروەها فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس لەدوای دادگایی کردنیدا ڕەوانەی بەشی سزا تایبەتییەکان (ألأحکام الخاصة) و دواتریش سزا درێژخایەنەکان (ألأحکام الطویلة) کراو تا ڕۆژی ئازادبوونی لە (21.5.1986) لە زیندانی ئەبوغرێب مایەوە.


المادة – ١٥٨ – يعاقب بالاعدام او السجن المؤبد كل من سعى لدى دولة اجنبية او تخابر معها او مع احد ممن يعملون لمصلحتها للقيام باعمال عدائية ضد العراق قد تؤدى الى الحرب او الى قطع العلاقات السياسية او دبر لها الوسائل المؤدية الى ذلك .

المادة – ٢٧١ – كل موظف او مكلف بخدمة عامة كلف بالقبض على شخص او بحراسة مقبوض عليه او محجوز او موقوف أو محبوس أو بمرافقة اي منهم او نقله فمكنه من الهرب او تغافل عنه او تراخى في الاجراءات اللازمة للقبض عليه قاصدا معاونته على الهرب يعاقب بالسجن اذا كان الهارب محكوما عليه بالاعدام ويعاقب بالسجن مدة لاتزيد على عشر سنين اذا كان الهارب محكوما عليه بالسجن المؤبد او الموقت أو كان متهما بجناية عقوبتها الاعدام .

وتكون العقوبة الحبس في الاحوال الاخرى .

فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس، بەڵگەنامەی زیندانی ئەبوغرێبی لایە بە مێژووی (17.2.1986) لەگەڵ بەڵگەی وەزارەتی دارایی ئێراقی نوێ بە مێژووی (27.1.2010) کە مادەکەی مادەی (271)ە، کەچی لە بەغدا مادەکەیان لێ گۆڕیوە بە مادەی (172)، کە ئەو مادەیە زۆر دوورە لە ڕاستی و هیچ پێوەندییەکی بە هۆکاری گیران و سزادانی ناوبراوەوە نییە.

المادة ــ ۱۷۲ ــ يعاقب بالسجن مدة لاتزيد على عشر سنين وبغرامة لاتقل عن خمسمائة دينار ولا تزيد على عشرة الاف دينار او باحدى هاتين العقوبتين :ــ

۱ ــ كل من قام مباشرة او عن طريق بلد اخر في زمن الحرب بتصدير بضاعة او منتوج او اى مال اخر الى بلد معاد او قام باستيراد ذلك منه .

۲ ــ كل من باشر بنفسه او بواسطة غيره في زمن الحرب عملا تجاريا غير ما ذكر في الفقرة السابقة مع اي فرد مقيم في بلد معاد او مع اى من رعايا ذلك البلد او ممثليه او وكلائه او هيئاته .

ويحكم بمصادرة الاشياء محل الجريمة في جميع الاحوال فان لم تضبط يحكم على المجرم بغرامة اضافية تعادل ثمن الاشياء موضوع الجريمة .

فازڵ یوسف ئەلیاس، دوای ڕووخانی ڕژێم، بە دەیان جار پەنای بردووە بۆ حکومەتی ئێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەغدا مادەکەیان شێواندووەو هیچی بۆ ناکەن، لە کوردستان بەرپرسانی یەکێتی هیچیان بۆی نەکردووەو بەڕێوەبەرێتیی زیندانییە سیاسییەکان و وەزارەتی کاروباری شەهیدان بەبیانوی ئەوەی خەڵکی شەنگال-ەو دەبێ لە موسڵ یان بەغدا ئیشوکارەکانی بکات، هیچی بۆ ناکەن و ئەوانیش وەکو بەغداو بەپشت بەستن بە بڕیاری ڕەفزی لیژنەیەکی تایبەتی سەر بە دەزگای زیندانییە سیاسییەکانی ئێراق و پشتگوێ خستنی هەر دوو بەڵگەنامەی زیندانی ئەبوغرێب و وەزارەتی دارایی (مقتبس حکم)، کە لەوێ مادەکەی مادەی (271)ە، هەموو داوایەکی ناوبراو بۆ وەرگرتنی مافەکانی خۆی وەکو زیندانییەکی سیاسی ڕەتدەکەنەوە.

باشە لە ئێوە دەپرسم ئەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، چاری کێشەی فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس چییە، کە ئەو ئیشەکەی لەپێناوی ڕزگارکردنی گیانی کۆمەڵێک زیندانیی سیاسیی ژووری سێدارە کردووە، کە زۆربەی زۆریان سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووینەو لەسەر داوای زیندانییەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و (ی. ن. ک) ڕێککەوتن لەگەڵ ئەواندا ژیانی خۆی و برای خستۆتە مەترسی و لە ئەنجامیشدا براکەی (مەردان) لە سێدارە دراو خۆیشی بە هەتا هەتا زیندانی کرا، ئەگەر لە ئێراق و کوردستان ناوبراو وەکو زیندانییەکی سیاسیی نەناسێنن؟ لەکاتێکدا خۆم ئاگاداری وردو درشتی هەوڵی شکاندنی زیندانی ژووری سێدارەی موسڵ-م بەهۆی هاوکاری کردنی فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس و مەردانی برای لەگەڵ زیندانییەکانی ناو ئەو زیندانە، هەروەها لە سێدارە دانی مەردان یوسف شێخ ئەلیاس ڕاستی و ڕەوایی داواکەی فازڵ دەسەلمێنێ کە بەیەکەوە بەهۆی شکاندنی زیندانەکە گیران. مەردان، ئیعترافی کرد کە هاوکاری زیندانییەکانی ژووری سێدارەی موسڵی کردووەو بەهۆی خۆی و فازڵی برایەوە دەرگاکانیان بۆ شکاندوون، بەڵام فازڵ ئیعترافی نەکرد، سەرەڕای ئەو دوو بەڵگەیەش کۆمەڵێک زیندانیی هەن کە ئامادەن شایەدی بۆ ڕاستی و ڕەوایی کێشەی ناوبراو بدەن کە بە هۆکاری هاوکاریکردنی زیندانییەکانی ژووری سێدارەی موسڵ لەپێناوی شکاندنی زیندانەکە گیراوەو سزا دراوە.

بەشێک لە شایەتەکان کە هەموویان زیندانیی سیاسیین ئەمانەن: (مامۆستا محەمەد حەسەن خورشید کەرکوکی (خوشکەزای ئیحسان نەجم ناسراو بە ئەبو شەهاب)، کە بۆ ماوەی نزیکەی سێ مانگ و نیو لە کۆتایی ساڵی (1980) و سەرەتای ساڵی (1981)دا لە ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ بووەو دواتریش تا لێبووردنی گشتیی تەموزی ساڵی (1982)دا لە زیندانی ئەبوغرێب بەشی سزا تایبەتییەکان بەیەکەوە بووینە، مامۆستا محەمەد عەبدوڵڵا کەرکوکی، سەردار محەمەدئەمین موراد کەرکوکی، کاکل ئەحمەد مەعروف ناسراو بە کاکلە ڕەش، فازڵ سابیر ڕەسوڵ، محەمەد سەیدە ڕەشید، محەمەد عوسمان عەزیز تورەقی، نامیق خدر عەبدوڵڵا تورەقی، ئەنوەر قادر عەلی تورەقی، ڕزگار تەها عوسمان عەبدوڵڵا ناسراو بە ڕزگار کێستەیی، حەمید عجیل قەدۆ حەسەن (وانەبێژ لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی دهۆک، دانیشتووی کۆمەڵگای شاریا و نزار ساڵح حەسەن محەمەد دانیشتووی دهۆک و ڕزگار تاهیر ئەحمەد

فەیزوڵڵا)، کە ژمارەی تەلەفۆنی زۆربەیانم لایە. هەروەها ئەو چەند هاوڕێیەش لە هەیئە خاسە بووینە ئەوکاتەی کە فازڵ و مەردان لەوێ بووینە: (بەرزان/ سلێمانی - پێشمەرگەی پاسۆک و لەناو سلێمانی بەدیل گیرابوو)، جەمال خورماڵی، خەسرەو هەولێری، ڕەسوڵ قەرەداغی لەسەر کوشتنی سیخوڕێکی خۆفرۆش دەستگیرکرابوو بەڵام هیچی نەدرکاندبوو، ڕێبوار سابیر ناسراو بە ڕێبواری حاجی فاتم/ خەڵکی سلێمانی، سەلام ساڵح، سوار ئاغا (سوارە قەڵادزەیی)، شۆڕش فاتح کۆیی ڕێکخستنی سۆسیالیست، عەلی ئاغا، عومەر بەرسۆلی (قەڵادزە)، فەرەج نەریمان، فەرەیدون مەحمود محەمەد بڵباس (پێشمەرگەی حزبی سۆسیالیستی کوردستان)، لە ناوچەی سەیدسادق بە بریندار بەدیل گیرابوو، دواتر لە ڕۆژی (13.5.1982) لە دادگای هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دەرچووە، پاشان لە ئەبوغرێب لە سێدارە دراوە، قارەمان عەلی محەمەد سەبیح دیبەگەیی ناسراو بە قارەمانی عەلی شۆڕ، پێشمەرگەی حزبی سۆسیالیستی کوردستان، لە مانگی تەمووزی ساڵی (1981)دا لە شەڕێکدا لە گوندی بەردەسپی بە برینداری بەدیل گیرا، دواتر لە ڕێکەوتی (7.12.1981)دا لە موسڵ سێدارە درا، هاوڕێ جەلال ناسراو بە شۆڕش و پێشمەرگەی هەرێمی (5)ی قەرەداغی (یەکێتی)، کە لە ڕێکەوتی (22.2.1981)دا لەناو شاری سلێمانی بەدیل گیرابوو دواتریش لە ڕێکەوتی (5.12.1981)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە، هۆشیار محەمەدئەمین)، جا نازانم چەندیان لە ژیاندا ماون!

لە ڕاستیدا زۆر تورەم لە ئاست بێدەنگی بەرپرسانی حزبی و حکومی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە بەدەنگەوە نەهاتنی داوای فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس و ناساندنی وەکو زیندانییەکی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان بە بیانوێ بێ بنەما! بەتایبەتیش دوای ڕەتکردنەوە داواکەی فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس لەلایەن وەزیری کاروباری شەهیدان و بەڕێوەبەرێتیی کاروباری زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان، وا هەست دەکەم سەر لە نوێ براکەم و ئامۆزاکەم لە سێدارە درانەوە، کە ئەوان لەسەر یەکێتی بوونیان جاری یەکەم لە مانگی (5)ی ساڵی (1981)دا بەدەستی بەعس لە زیندانی سێدارەی موسڵ و ئەو جارەشیان لە ڕۆژی (19.1.2014)دا بەدەستی وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفال کراوەکان وبەڕێوەبەری کاروباری زیندانییە سیاسییەکان، کە هەر دووکیان سەر بە حزبی هەر دوو شەهیدەکەن لەناو وەزارەتی کاروباری شەهیدان لە سێدارە درانەوە.

ئاخر نەنگییەکی گەورەیە بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سەرکردایەتییەکەی، کە مەردان یوسف شێخ ئەلیاس گیانی خۆی لەپێناوی کوردو کۆمەڵێک زیندانی ژووری سێدارە بەخشی کە نزیکەی تەواویان پێشمەرگە و ئەندامی یەکێتی بوون، کەچی شەهیدانەی نەبێ و مووچەی زیندانیی سیاسیی لە بەغدا وەرگرێ. هەروەها فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس سەرەڕای ئەو هەموو ئەشکەنجەیەی زیندان و (5) ساڵ ژیانی زیندان لەپێناوی کورد، کەچی تا ئێستا هیچی بۆ نەکرابێ و مووچەیەکی پێ بەڕەوا نەبینن!

بۆیە بە ئەرکی ئێوە (مەکتەبی سیاسیی) دەزانم، وەکو وەفایەک بۆ شەهیدانی زیندانی سێدارەی موسڵ، چارەسەرێک بۆ کێشەی فازڵ یوسف بدۆزنەوە بە برینەوەی مووچەیەکی زیندانییانی سیاسیی و شەهیدانەش بۆ مەردانی برای.

فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس، ئەگەر ڤێتنامی، هیندی، جەزائیری، پۆلیڤی یان سەر بە هەر نەتەوەیەکی دیکە بوایە بەس کورد نەبوایە، سەرکردایەتی ئەو وڵاتانە دەمێک بوو خەڵاتیان کردبوو و باشترین ژیانیان بۆ دابین کردبوو، سەرەڕای ئەوەی وەکو قارەمانێک دەناسێنراو چەندان ڕۆمان لەسەر ژیان، هەوڵ و تێکۆشانی ئەو دەنووسرایەوەو دەیان فیلمی سینەمایی لەسەر داستانەکەی دەردەهێنراو سەدان چاوپێکەوتنی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی لەگەڵ سازدەدرا.

چەندان نووسینم لەسەر ئەو بابەتە هەیە، کەچی هیچ وەڵامتان نەبوو و هیچتان بۆ ئەو خۆبەختکارە نەکرد! تا ڕادەیەکی زۆر دڵنیام، چاو بە هیچ ماڵپەڕ و پەیژێکی فەیسبووک دا ناگێڕن لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەی ئەندامەکانی خۆتان و هاووڵاتیان، کە سکاڵاو گلەیی خۆیان لەوێ بڵاودەکەنەوە، وەلێ ڕۆژانە چەندان جار خۆتان دەکەن بە ماڵپەڕی کوردستانپۆست بۆئەوەی بزانن لەسەر کامتان نووسراوە؟

ئیتر بەسە تاکەی گوێ لە داوای ڕەوای خەڵک ناگرن! ئەی هەر فەرامۆش کردنی داوای ئەندامانی حزبەکەی خۆتان نییە، بەقەد نیوەی ئەندامانی ئێستای حزبەکەتان، خەڵک دانیشتووەو وازی لە یەکێتی هێناوە؟
ئەی هەر ئەو بە دەنگەوە نەچوونی داخوازی کۆمەڵانی خەڵک و ئەندامانی خۆتان نەبوو، بزووتنەوەی گۆڕان لەناو هەناوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دایک بوو و یەکێتی کرد بە دوو لەتەوە؟
ئەی هەر دروستکردنی پەرژینێکی بەرز نەبوو لەنێوان خۆتان و جەماوەردا، لەگەڵ نادادپەروەریتان ژمارەی کورسی پەرلەمانتان لە (50) کورسییەوە دابەزاند بۆ (18) کورسی؟
بەسە تاکەی مووچەی سەرۆکجاش و فەرماندەی مەفرەزە خاسەکان، کە ئەنفالی کوردیان کرد و بە هەزاران پێشمەرگە و هاووڵاتیان شەهید کرد، سەدان و هەزارانی تریان ڕەوانەی بەردەم پەتی سێدارە یان ژووره تاریکەکانی زیندانەکان کرد، لە مووچەی شەهیدان، پێشمەرگە دێرینەکان، زیندانییە سیاسییەکان و ڕێکخستنە دێرینەکان زۆرتر بێت؟
ئیتر بەسە و بەئاگا وەرنەوەو دەرگای نووسینگەکانتان و ماڵەکانتان بخەنە سەر پشت بۆ دایک، باوک، هاوسەر و کچ و کوڕی شەهیدەکان، پێشمەرگە دێرینەکان، زیندانییە سیاسییەکان و ڕێکخستنە دێرینەکان، بۆ ئەوەی دەردی دڵیان بگەیەننە ئێوە و مافەکانیان بۆ بگەڕێننەوە!
کە لە شاخ بوون، بەو جۆرە بێمنەت نەبوون، کەچی لەدوای ڕاپەڕینەوە زۆر بێمنەتانە ڕەفتارتان لەگەڵ میللەت و بەشێک لە ئەندامانی خۆتان، پێشمەرگە و ڕێکخستنی دێرین، بنەماڵەی شەهیدان و زیدانییە سیاسییەکان کردووە؟
پشتگیریتان کرد لە ئەنفالچییانی وەکو فەریق ڕوکن نزار عەبدولکەریم فەیسەڵ خەرزەجی سەرۆک ئەرکانی سوپای ئێراق، لیوا ڕوکن سوڵتان هاشم ئەحمەد تائی فەرماندەی فەیلەقی یەک، لیوا ڕوکن نوعمە فارس حوسێن ئەلمحیاوی فەرماندەی فەیلەقی پێنج و عەمید ڕوکن وەفیق عجیل حەمود سامەڕائی جێگری بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی گشتیی سەردەمی ئەنفالەکان و بانگێشەی ئەوەتان دەکرد کە هەر چواریان پەیوەندی بە خۆتانەوە هەبووە، وەلێ ناتانەوێ مووچەیەکی زیندانیی سیاسیی بۆ فازڵ یوسف ئەلیاس و مووچەی شەهیدانیش بۆ مەردانی برای ببڕنەوە! لەکاتێکا ئەوانەی پێشوو هەر چواریان دوژمنی کورد و شەڕی کوردیان کردووەو دێهاتی کوردستانیان کاولکردووە، فازڵ و مەردانیش لەپێناوی کورددا قوربانییان داوە!
سەدان و هەزاران کەستان بە ناڕەوا و پلەی بەرزی جۆراو جۆر خانەنشین کردووە، دەیان و سەدان کەستان خزاندۆتە ناو لیستی شەهیدان کە هەموویان جاش بووینە، بۆ نموونە فەرماندەی مەفرەزە خاسەیەک کە لە جاشایەتی کوژراوە بە پلەی فەرماندە مووچەی شەهیدانەی هەیە، ناوی ئەو هەموو جاش (شەهیدان)ەم جیاکردۆتەوە. هەندێک لە شەهیدەکان بەهۆکاری نزیکییان لە ئێوەو ئەندامانی سەرکردایەتی بە پلەی بەرز مووچەی شەهیدانە وەردەگرن و ناسراویش نەبووینە، بۆ نموونە شەهید (ئ. خ. ع) بەپلەی وەزیر مانگانە مووچەکەی (4.440.000)ە، (ج. ئ. م. م) بریکاری وەزیر (2.266.000) دینار، (ت. ق. س) ئەندامی سەرکردایەتی (1.200.000)، (ح. ئ. م. م. ش) ئەندامی سەرکردایەتی (1.200.000) دینار، (س. م. س) نائب عەریف (1.312.000) لەگەڵ دەیان کەسی دیکە بە ئەندامانی سەرکردایەتی، سەرکردەی مەیدانی و پلەی بەرزی لیوا، عەمید، عەقید شەهیدانەیان هەیە کە بەشێکیشیان بە مردنی خۆیان مردوون و لە سەرووی (2) ملیۆن دینار مووچەی مانگانە وەردەگرن! ئەو گەندەڵی و نادادپەروەرییانەی سەرەوە و بێبەشکردنی هەر ئەندامێکی ئەو میللەتە و یەکێتی لەلایەک و تاوانی هەر ئەندامێکی یەکێتی، زوڵم و زۆری هەر ئەندامیک، دەستدرێژی هەر ئەندامێکتان بۆ سەر مافی گشتی و خەڵک لەلاکەی ترەوە، ئێوە لێی بەرپرسن!
ئەگەر خۆتان لێ بێ بەری دەکەن و گوایە ئاگاداری ئەوە نین کە لیستی شەهیدان بەمشێوەیەیە، کە ناتوانم بە بێ ئاگاییتان باوەڕ بکەم، فەرموون لیستی شەهیدان، پێشمەرگەی دێرین، خانەنشینەکان و زیندانییە سیاسییەکان پاک بکەنەوە. تەحەدای وەزیری کاروباری شەهیدان دەکەم ئەوەندە بوێری تێدابێت، لیستی جاش شەهیدەکانی بۆ دەنێرم، با مووچەکانیان ڕاگرێ! ئاخر وەزیری شەهیدان کە لە سەرۆکجاش و فەرماندەی مەفرەزە خاسەکانی بەعس بترسێت و بڵێ: (ناتوانم ئینسکلۆپیدیای تۆمەتبارانی شاڵاوی ئەنفال لە باشووری کوردستان لە چاپ بدەم، چونکە ناوی

خەڵکێکی زۆری تێدایە)، ئێستاکە چۆن دەوێرێ ئەو جاشانە نان بڕاو بکات؟ لەکاتێکدا ئەو پەرتووکە لە سەردەمی دکتۆر مەجید وەزیری کاروباری شەهیدان و بڕیاری لە چاپ دانی دەرچوو بوو، کەچی وەزیری ئێستا سەباح (ئارام) نەیهێشت لە چاپ بدرێ، کە هیچ بەرپرسێتییەکی نەدەکەوتە ئەستۆی ئەو!
هەر چەندە شتەکان زۆرن، بەڵام لێرەدا کۆتایی بەو سکاڵاو نامە تورەیە دێنم بە ئومێدی دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ کێشەکەی فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس و شەهید مەردان یوسف شێخ ئەلیاس کە یەکەمیان بکرێت بە زیندانیی سیاسیی لە کوردستان و دووەمیش شەهیدی کوردستان و مووچەیان بۆ ببڕدرێتەوە، یان فازڵ یوسف وەکو پێشمەرگەیەکی دێرین خانەنشین بکەن، کە (5) ساڵی زیندان بە (20) ساڵی پێشمەرگایەتی هەیە.

دەرسیم
دانمارک
هەینی، ڕێکەوتی (24.1.2014).
ژمارەی تەلەفۆن (004571212177).

قسم

اصلاح الكبار للاحكام الطويلة

( التسفير )

العدد / ٢٦٧٤

التاريخ / ١٧ / ٥ / ١٩٨٦ .

الى / مصلحة الاصلاح

الموصل / تأييد

نؤيد لكم بأن النزيل ( فاضل يوسف الياس )

( ٢٠ ) سنه وفق المادة ( ١١٦ ق ع ) محكوم لمدة

( ١٨٨ / ج / ٨١ ) بتاريخ ٢٠ / ٣ / ١٩٨٩ من قبل ( محكمة الثورة )

بالدعوى المرقمة

) ولازال يقضي مدة محكوميته في قسمنا وبناء على طلبه زود بهذا التأييد للعلم .

١٤ جمعه علي خلف

مدير قسم الاحكام الطويلة

نسخة منه الى /

التسجيل

ز / ٢/٦

بسم الله الرحمن الرحيم

جمهورية العراق
وزارة المالية
القانونية
المصادرة

الدائرة
القسم
العدد ٨٠١/م/عامة ٢٠١٠
التاريخ الهجري
التاريخ الميلادي

إلى / دائرة عقارات الدولة

م / مقتبس حكم

كتابكم المرقم ١٩٨٣ في ٢٠١٠/١/٢٧
سبق وأعلمتنا رئاسة المحكمة الخاصة في التأميم (المنحلة) بكتابها المرقم ٢٧٥ في ١٩٨٢/٢/٢٨ بصدور قرارها على (فاضل يوسف الياس) بالسجن المؤبد وفق المادة (٢٧١) من ق ٠ ع ومصادرة أمواله المنقولة وغير المنقولة أستناداً لقرار مجلس قيادة الثورة (المنحل) المرقم ٤١١ في ١٩٦٩/٩/٧ بالقضية المرقمة ١٨٨/خ/١٩٨١ وتم تعميمه بالاضبارة المرقمة (٢٣٥٥) ٠

مع التقدير

جبار وحيد حسن
مدير عام الدائرة القانونية
٢٠١٠/١/

نسخة منه الى/
وزارة العمل والشؤون الاجتماعية لجنة المفصولين السياسيين كتابكم ٦٢٣٩ في ٢٣ ٦ ٢٠٠٩
للعلم ٠٠٠ مع التقدير

احمد ١/٢٧

REPUBLIC OF IRAQ
PRIME MINISTER
OLITICAL PRISONERS FOUNDATION
ECIAL COMMITTEE IN BAGHDAD/ALKRAK

جمهورية العراق
رئاسة الوزراء
مؤسسة السجناء السياسيين
اللجنة الخاصة في بغداد/الكرخ

العدد: [illegible]
التاريخ: [illegible] / ١ / ٢٠١٢

te: / /20

القرار

تشكلت اللجنة الخاصة في مؤسسة السجناء السياسيين بتاريخ [illegible] / ١ / ٢٠١٢ برئاسة قاضيها وعضوية ممثلي الوزارات وأصدرت قرارها الآتي :-

قرار

بناءا على الطلب المقدم من السيد ( فاضل يوسف [illegible] ) والذي يطلب فيه شموله بإحكام قانون مؤسسة السجناء السياسيين المرقم ٤ لسنة ٢٠٠٦ كونه سجين سياسي .

[illegible]

ولكل ما تقدم قررت اللجنة رد الطلب وصدر القرار [illegible]...... استنادا لأحكام المواد ٥-٦-١٠ من قانون المؤسسة والمواد (٢١-٢٢-٢٣-٢٤) من قانون الإثبات قرارا قابلاً للتظلم وصدر بتاريخ ٢٦ / ١ / ٢٠١٢

القاضي
جابر عبد جابر
رئيس اللجنة الخاصة
بغداد/الكرخ
[illegible]

عضو

عضو

عضو

**بۆ بەڕێز وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفال کراوەکان:**

**چۆنێتیی دەستگیرکردنی فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس و داواکاری ناساندنی وەکو زیندانییەکی سیاسیی:**

فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس، یەکێک بوو لە پاسەوانەکانی زیندانی بەشی سێدارەی موسڵ. ناوبراو، لە سەرەتای ساڵی (1981)دا لەگەڵ مەردانی برای و چەند زیندانییەکی ژووری سێدارەی موسڵ ڕێککەوتن بۆ ئەوەی زیندانەکە بشکێنن و زیندانییەکان لە مەرگ ڕزگار بکەن. خۆم ئاگادارم لە تەواوی هەوڵی شکاندنی زیندانەکە بەهۆی شەهید جەمیل ئەحمەد مەحمود دیبەگەیی ناسراو بە دەرسیم، کە یەکێک بووە لە خاوەنی بیرۆکەی شکاندنی زیندانەکە و بەرنامە داڕێژەری پلانەکە، بەڵام ئەو بەر لە ئەنجام دانی پلانە لە ڕێکەوتی (21.5.1981)دا لە سێدارە درا، هەروەها شەهید تەحسین ڕەحمان فەرحانی برام کە ئاگاداری هەوڵی شکاندنەکە بووەو ئەویش چەند ڕۆژێک بەر لە جێبەجێ کردنی پلانەکە، لە ڕۆژی (26.5.1981)دا گوللە باران کرا. خۆم، لەلایەن هەر دووکیانەوە ئاگادار کراومەتەوەو هاوکاری دارایی و مەعنەویم کردوون و بۆ سەرگرتنی نەخشەکەیان گفتوگۆی زۆرم لەگەڵ کردوون.
فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس و مەردان یوسف شێخ ئەلیاس بە هاوکاری زیندانییەکان، لە شەوی (2.6.1981)دا نەخشەی شکاندنی زیندانی سێدارەی موسڵ-یان جێبەجێ کرد، وەلێ بەداخەوە کەسیان نەیانتوانی دەربازبن. کاتێک کە فازڵ و مەردان بەرەو وڵاتی سوریا دەڕۆییشتن، لە کاتژمێری (9)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی (5.6.1981)دا لە نزیک شارۆچکەی ڕەبیعەی سەر بە پارێزگای موسڵ لەلایەن مەفرەزەیەکی سوپای میللی (الجیش الشعبي) دەستگیرکران.
فازڵ یوسف ئەلیاس و مەردان یوسف ئەلیاس، گواسترانەوە بۆ ئەمنی موسڵ، لەوێ دەستکرا بە لێکۆڵینەوەو ئازاردان و ئەشکەنجەدانی سەختیان. دواتر لە ڕۆژی (28.6.1981)دا گواسترانەوە بۆ هەیئە خاسەی کەرکوک و سەر لە نوێ ڕووبەڕووی ئەشکەنجەی دڕندانە بوونەوە. لە هەیئە خاسەدا، فازڵ لە ژووری ژمارە (5)دا لەگەڵ (ئەنوەر قادر عەلی مەعروف/ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)، ژمارە تەلەفۆنی ئەنوەر قادر (07504884597). ئەنوەر قادر عەلی، لەگەڵ هەریەک لە (کاکل ئەحمەد مەعروف کاکل ناسراو بە کاکلە ڕەش (07504484174)، دکتۆر بەدر ڕەزا ئەمین (کۆچی دوایی کردووە)، فازڵ سابیر ڕەسوڵ عەدێ (07504482212)، محەمەد سەیدە ڕەشید، محەمەد عوسمان عەزیز حەسەن تورەقی (07504629593)، نامیق خدر عەبدوڵڵا قادر تورەقی (07504615783)، سدیق عوسمان مەولود تورەقی (کە ناپاک دەرچوو و کوژرا)، هەموویان بە تۆمەتی ئەندامێتی کۆمەڵەی ڕەندەرانی کوردستان لە ڕێکەوتی (29.4.1981)دا لە هەولێر گیرابوون و کاتی بردنی فازڵ و مەردان بۆ هەیئە خاسەی کەرکوک، ئەوان لە هەیئە بووینە و تا ڕۆژی دادگاییکردنی ئەو چەند هاوڕێیە لە ڕۆژی (29.9.1981)دا لەگەڵ فازڵ و مەردان پێکەوە بووینە و هەر هەموویان فازڵ دەناسن و دەزانن هۆکاری گیرانی خۆی و مەردانی برای چی بووە.
هەر لەو کاتەدا سێ هەڤاڵی ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەیئە بووینە و هۆکاری دەستگیرکردنی فازڵ یوسف ئەلیاس و مەردانی برای دەزانن، کە ئەمانەن: (ڕزگار تەها عوسمان عەبدوڵڵا ناسراو بە ڕزگار کێستەیی (07504332486)، حەمید عجیل قەدۆ حەسەن مامۆستا لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی دهۆک و دانیشتووی کۆمەڵگای شاریا – دهۆک، نزار ساڵح حەسەن محەمەد کادیری پارتی و دانیشتووی دهۆک). لە هەیئە دەیان و سەدان کوردی دیکە لە ماوەی نزیکەی (9) مانگی مانەوەیاندا (فازڵ و مەردان)یان دیوەو ناسیووە.
لە هەیئە خاسەی کەرکوک، فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس هیچ قسەیەک ناکات و دان بەم تۆمەتەدا نانێت کە ئاراستەی کراوە، وەلێ بەداخەوە مەردانی برای دانی پێدا دەنێت. دوای تێپەڕبوونی نزیکەی (9) مانگ بەسەر گیرانیاندا، لە ڕۆژی (20.2.1982)دا هەریەک لە فازڵ و مەردان ڕەوانەی دادگای هەیئە خاسە دەکەن و مەردان بەگوێرەی مادەی (158) سزای لە سێدارە دان و فازڵ بەگوێرەی مادەی (271) سزای هەتا هەتایە (مؤبد)ی بۆ دەردەچێت.

دواتر مەردان یوسف شێخ ئەلیاس گواسترایەوە بۆ زیندانی موسڵ - بەشی سێدارە و تا بەگوێرەی فەرمانی کۆماری ژمارە (146)ی ڕۆژی (11.3.1986)، تەنانەت لێبووردنەکەی (16.7.1982) نەیگرتەوەو لە ڕێکەوتی (13.11.1982) لە سێدارە درا.

فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس، گواسترایەوە بۆ زیندانی ئەبوغرێب – بەشی سزا تایبەتییەکان، لەوێ ئەو چەند هاوڕێیەی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان/ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی ناسی (محەمەد حەسەن خورشید کەرکوک (7701226254)، کە ئێستا لە وڵاتی فنلەند دەژیت (8407218455–0035) و خوشکەزای ئەبو شەهاب (ئیحسان نەجم محێدین) ئەندامی سەرکردایەتی پێشووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان–ە، کە پێشتر لە کۆتایی ساڵی (1980) و سەرەتای ساڵی (1981)دا لە ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ بووە، هەروەها ئەوانەی لە زیندانی ئەبوغرێب ناسیونی: سەردار محەمەدئەمین موراد کەرکوکی، کە ئێستا لە وڵاتی دانمارک (52742318–0045) دەژیت و مامۆستای کۆلێجی کشتوکاڵە لە کەرکوک (07701557644) و محەمەد عەبدوڵلا عەزیز (07701310872)، کە لە کەرکوک دەژیت.

لە ڕێکەوتی (16.7.1982)دا لێبووردنێکی گشتیی دەرچوو بۆ تەواوی زیندانییە سیاسییەکانی کورد، بەڵام بە تەنیا فازڵی نەگرتەوەو دوای نزیکەی دوو مانگ لەدوای لێبووردنە گشتییەکە ئەویان بۆ بەشی سزا قورسەکان/ درێژخایەنەکان گواستەوە. تەنانەت لێبووردنی ڕۆژی (28.4.1986) کە بەبۆنەی ڕۆژی لەدایکبوونی سەدام حوسێن دەرچوو، فازڵ یوسف شێخ ئەلیاسی نەگرتەوە، بەڵام ناوبراو داوایەکی بە نامە بۆ سەدام حوسێن نارد و ئەویش وەڵامی نامەکەی دایەوەو بە بڕیارێک لە ڕۆژی (21.5.1986)دا ئازادی کرد. واتە شێخ فازڵ یوسف ئەلیاس، لەنێوان (5.6.1981–21.5.1986)دا کە دەکاتە نزیکەی (5) ساڵ بەهۆی هەوڵی شکاندنی زیندانی سێدارەی موسڵ لە زیندانی بەعس ماوەتەوە.

دوای ئازادی ئێراق، فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس هەوڵی زۆری داوە کە وەکو زیندانییەکی سیاسی چ لە کوردستان و چ لە ئێراق بناسرێنێ، بەڵام لە هەوڵەکانیدا سەرکەوتوو نەبووە، چونکە لە بەغدا ئەو مادەیەی کە ئەوی پێ زیندانی کراوە لە مادەی (271)ەوە کراوە بە مادەی (172) کە ئەوەی دووەم پەیوەندی بە سیاسەتەوە نییە، هەروەها بەڕێوەبەرێتیی زیندانیانی سیاسیی لە کوردستان بۆ بڕیاردان لەسەر ناساندنی ناوبراو وەکو زیندانییەکی سیاسیی، هەردەم پشت بە بڕیارەکەی بەغدا دەبەستن کە ئەمەش هەڵەو ناڕەواییەکی گەورەیە بەرانبەر بە فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس کراوە. بۆیە داواکارم وەزارەتی کاروباری شەهیدان بڕیارێکی تایبەت دەرکەن بۆ ناساندنی ناوبراو وەکو زیندانییەکی سیاسیی و مافەکانی خۆی بدەنێ وەکو زیندانییەکی سیاسیی لە باشووری کوردستان.

دەرسیم ڕەحمان فەرحان
وڵاتی دانمارک
چوارشەممە، ڕێکەوتی (16.7.2014)
تەلەفۆن (004591703699).

تێبینی: فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس، لە ساڵی (1947)دا لە گوندی تەل قەسەب لە سنووری شاری شەنگال لەدایک بووەو دواتر لە ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی (26.10.2019)دا کۆچی دوایی کرد.

## ژمارەیەک لەو تێکۆشەرە کوردستانییانەی لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراون:

ئەو تێکۆشەر و شۆڕشگێڕانەی کە لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراون، هیچ گومانێک هەڵناگرێ کە هۆکاری لە سێدارە دانەکانیان سیاسیی و پەیوەندی هەبوونیان بووە بە ڕێکخراو و پارتە سیاسییەکانی باشووری کوردستان. ئەو لیستەی خوارەوە ناوی ئەو قارەمانانە لەخۆ دەگرێ، کە لەدوای هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ لە نێوان ساڵانی (1976–1982)، لەم زیندانەدا لە سێدارە دراون و ژمارەیان (494) گیانبەخشە. دوای ئەم ساڵە و بەهۆی هەوڵی شکاندنی زیندانی سێدارەی موسڵ لە کۆتایی ساڵی (1981)دا، لە سێدارەدانی زیندانییانی سیاسیی باشووری کوردستان گواسترایەوە بۆ زیندانیی ئەبوغرێب.
بەشێک لەم تێکۆشەرانەی کە لەم لیستەیدا ناویان هاتووە، بەڵام شوێنی لە سێدارە دانیان دیار نییە و نەنووسراوە، پێم وایە کە لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراون، بۆیە ناوەکانیانم لێرە تۆمار کردوون!
دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە ژمارەیەکی زۆر لە کەسوکاری شەهیدە لە سێدارە دراوەکانی زیندانی موسڵ ڕۆژی دوادیدەنی لە سێدارە دراوەکانیان بە مێژووی لە سێدارە دان دەزانن، بەڵام لە مردننامە (شهادة وفاة)ەکانیان ڕۆژی دواتر نووسراوە. بۆ نموونە دوادیدەنی شەهید قارەمان عەلی عەبدوڵڵا سەمیع ڕۆژی (6.12.1981) بوو، بەڵام بەگوێرەی مردننامەکەی مێژووی لە سێدارەدانی (7.12.1981)ە، ئەویش چونکە لە سێدارە دانەکان لەدوای کاتژمێری (12)ی شەو ئەنجام دەدرا.

ئازاد ئەمین (پێشمەرگەی سۆسیالیست)، لە ساڵی (1982) لەناو کۆیە دەستگیر دەکرێ و دواتر لە سێدارە دەدرێ.
ئازاد ساڵح عەبدوڵڵا عەزیز (1957/ سلێمانی). پێشمەرگەی یەکێتی (ینک)، لە ڕۆژی (22.2.1978)دا لە شەڕێکدا لە (چنگیان)ی چوارتا (شارباژێڕ) بەدیل دەگیرێ، دواتر لە ڕۆژی (16.3.1978)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دەدرێ و لە بەرەبەیانی ڕۆژی (22.5.1978)دا لە سەربازگەی غەزلانی لە موسڵ گوللە باران دەکرێ.
ئازاد محەمەد تۆفیق قادر ناسراو بە فاروق (1955/ سلێمانی). پێشمەرگەی یەکێتی، لە ڕێکەوتی (28.11.1978)دا لە گوندی ئێشکۆلانی سەر بە خانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن سوپای ئێرانەوە دەستگیرکراوە و ڕادەستی ڕژێمی ئێراق کرایەوە. دواتر لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دەرچوو، تا لە ڕۆژی (17.3.1979)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە، بەڵام لەسەر گۆڕەکەی نووسراوە کە ڕۆژی (13.6.1979) لە سێدارە دراوە.
ئاشور ئەحمەد ئەمین (سلێمانی/ هەڵەبجە)، لە ساڵی (1980) لە زیندان لە سێدارە دراوە.
ئاوات عەلی شەریف ناسراو بە ئاواتە ڕەش (سلێمانی). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1979) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
ئاوات عومەر عەلی ئەمین ناسراو بە شێرکۆ (سلێمانی). پێشمەرگەی یەکێتی، لە ڕۆژی (22.2.1979)دا لە گوندی وەندەرێنەی شارەدێی بەرزنجە لە شارەزوور لەگەڵ ڕەزا حوسێن ناسراو بە وەستا ڕەزا لەلایەن کۆپتەرەوە بەدیل گیران و هەر لەو شەڕەدا پێشمەرگە ڕەحمان عومەر کەریم بابەکر ناسراو بە خاڵە وەفا (1947/ سلێمانی) شەهید بوو. دواتر ئاوات و وەستا ڕەزا لە ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (29.3.1979)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری خنکاندنیان دەرچوو، تا لە ڕێکەوتی (3.6.1979)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دران.
ئاوات محەمەد کەریم سادق (سلێمانی)، لە ساڵی (1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
ئەبوبەکر نوری قادر عەبدولڕەحمان قەرەداغی ناسراو بە ئاشتی (1954/ سلێمانی). پێشمەرگەی یەکێتی و کادیری کەرتی قەرەداغی کۆمەڵە، ڕۆژی (26.2.1978)دا لە گوندی (قارەمان/ قەرەداغ) لەلایەن جاشەکانی مەفرەزە خاسەی ئەحمەد عەزیز کاکی دەستگیر دەکرێ، لە ڕێکەوتی (18.6.1978)دا لە زیندانی شاری موسڵ لە سێدارە دەدرێ.

ئەحمەد ئەمین مەمەند نورەدینی (1939/ سلێمانی/ بنگرد/ گەرمکان). ئەندامی پدک، لە ڕۆژی (1.4.1977)دا گیراوە و لە ڕۆژی (31.12.1977)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانیان دراوە، دواتر لە ڕۆژی (5.4.1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

ئەحمەد ئیسماعیل بایز باڵەک (هەولێر/ گەڵاڵە/ گرتک). ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان (پدک)، لە ساڵی (1988)دا لە موسڵ لە سێدارە دراوە.

ئەحمەد بایز حەمەدئەمین مام شێخ مەنتک ناسراو بە ئەحمەدی پەری (1939/ هەولێر/ دێگەڵە/ بەردبڕ)، لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان (ی. ن. ک) لە سنووری مەنتکایەتی، لە ڕۆژی (15.5.1977)دا بەهۆی (ک. ئە. د) زمانی لێ دراو دەستگیر کرا، دوای نزیکەی (5) مانگ لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دەدرێ، دواتریش لە ڕۆژی (15.11.1977)دا لە موسڵ لە سێدارە درا. شەهید ئەحمەد پەری، یەک کچی بەناوی (حەلیمە) لەدوای خۆیدا بەجێهێشت و مستەفای برای لە ترسی ڕژێمی بەعس ئەو کچەی بەناوی خۆی ناونووس کردووە، کەچی حکومەتی هەرێم مووچەی شەهیدانە و زیندانیی سیاسیی بۆ حەلیمە خان نەکردووە و کێشەی زۆری بۆ دروست کردووە.

ئەحمەد تۆفیق شەریف (سلێمانی/ پێنجوێن)، لە ساڵی (1977) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

ئەحمەد جاسم تەتەر محەمەد (1946/ دهۆک/ زاخۆ). لە ڕۆژی (6.3.1976) گیراوە و دواتر لە ڕۆژی (27.7.1976)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

ئەحمەد حەمەد عەبدوڵڵا ئەحمەد نورەدینی (1927/ سلێمانی/ قەڵادزە). ئەندامی یەکێتی، لە ڕێکەوتی (10.11.1977)دا لەگەڵ پۆلێک لە هەڤاڵانی بەهۆی خۆفرۆشێک بەناوی محەمەد کەریم کەرکوکی ناسراو بە محەمەد عەرەب گیران، لە ڕێکەوتی (31.12.1977)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانیان دراوە، دواتر هەموویان پێکەوە لە ڕۆژی (4.4.1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دران. دواتر محەمەد عەرەب (محەمەد کەریم کەرکوکی) لە مانگی ئاداری ساڵی (1978)دا بە دەستی محەمەد عەلی تۆفیق فەتاح نورەدینی ناسراو بە محەمەد عەلی مەلا تۆفیق (1964/ سلێمانی/ قەڵادزێ) کوژرا، بەڵام ناوبراو خۆیشی لە ڕۆژی (11.12.1980) لە گوندی ناودەشت لە سنووری بنگردی قەزای دوکان لە شەڕی براکوژی شەهید کرا.

ئەحمەد حەمەد عەبدوڵڵا ڕەسوڵ (سلێمانی/ قەڵادزێ). ئەندامی یەکێتی، لە ڕێکەوتی (15.11.1977)دا لەگەڵ پۆلێک لە هەڤاڵانی گیران، لە ڕێکەوتی (31.12.1977)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانیان دراوە، دواتر هەموویان پێکەوە لە ڕۆژی (6.4.1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دران.

ئەحمەد حەمید عەبدولڕەحمان عەبدوڵڵا (سلێمانی). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1980) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

ئەحمەد خدر ئەحمەد ئیبراهیم ناسراو بە ڕەنجدەر (1952/ سلێمانی). ئەندامی یەکێتی، لە ڕۆژی (5.5.1977) لەگەڵ دوو هاوڕێیدا (عەبدوڵڵا تۆفیق قادر گەلاڵی و فایەق ئەمین ئەحمەد) لەدوای دەستگیرکردنی ئیبراهیم حەسەن محەمەد مەحمود ناسراو بە (ئیبراهیم حەسەن)ی جێگری بەرپرسی ڕێکخراوی ڕەنجدەرانی کوردستان دەگیرێن. ئیبراهیم حەسەن، لە ئەنجامی گەڕانەوەی پێشمەرگە (عوسمان عەلی وەلی) بۆ ناو ڕژێم و ناپاکی کردنی، گیرا. ئەحمەد خدر، لە ڕۆژی (15.6.1977)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دەرچووە، پاشان شەوی (22.9.1977) لە زیندانی موسڵ لەگەڵ دوو هاوڕێکەیدا لە سێدارە دراوە.

ئەحمەد خدر حوسێن محەمەد هەروتی ناسراو بە ئەحمەد برنەو (1951/ هەولێر/ گردەڕەشە). پێشمەرگەی حزبی شیوعی ئێراق (حشع)، لە ڕێکەوتی (22.9.1979)دا لەناو بازاڕی ئیسکانی هەولێر دەستگیرکراوە، لەناو ئۆتۆمۆبێلە (لادا)کەیدا کۆمەڵێک بڵاوکراوەی تێدابووە، بەوهۆیەوە لە ڕێکەوتی (1.6.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی دراوە، دواتریش فەرمانی کۆماری ژمارە (399)ی لە ڕێکەوتی (16.6.1980)دا بۆ جێبەجێکردنی سزاکەی دەرچووە و لە ڕێکەوتی (25.11.1980)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

ئەحمەد عەبدولڕەحیم حوسێن محەمەد (سلێمانی/ سەیدسادق). پێشمەرگەی یەکێتی، لە ڕێکەوتی (20.6.1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

ئەحمەد عەبدوڵڵا ئەحمەد شەریف (سلێمانی/ چوارقوڕنە). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1977) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

ئەحمەد عەبدوڵڵا ئیسماعیل ڕەسوڵ نورەدینی (سلێمانی/ قەڵادزێ). ئەندامی یەکێتی، لە ڕۆژی (15.11.1977)دا لەگەڵ پۆلێک لە هەڤاڵانی ڕێکخستن گیران، لە ڕێکەوتی (31.12.1977)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانیان دراوە، دواتر هەموویان پێکەوە لە ڕۆژی (6.4.1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دران.

ئەحمەد عەبدوڵڵا قادر ئەحمەد ناسراو بە ئەحمەد بەرخە (سلێمانی). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1979) لە زیندانی ڕژێم لە سێدارە دراوە.

ئەحمەد عەبدوڵڵا محەمەد ساڵح ناسراو بە ئەحمەد وریاوایی (1952/ سلێمانی/ پێنجوێن/ وریاوا). پێشمەرگەی هەرێمی دووی شلێری یەکێتی، لە سەرەتای بەهاری ساڵی (1978) بە بریندار بەدیل دەگیرێ، دواتر لە ڕێکەوتی (10.9.1978) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دەدرێ.

ئەحمەد قادر حوسێن عەلی (سلێمانی/ چوارقوڕنە). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1978) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

ئەحمەد کاکەمین مەمەند (سلێمانی/ قەڵادزێ). ئەندامی یەکێتی، لە ڕێکەوتی (15.11.1977)دا لەگەڵ پۆلێک لە هەڤاڵانی گیران، لە ڕێکەوتی (31.12.1977)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانیان دراوە، دواتر هەموویان پێکەوە لە ڕۆژی (6.4.1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دران.

ئەحمەد مارف ئیسماعیل ناسراو بە ئەحمەد ئاودەل (1953/ سلێمانی/ قەڵادزێ/ باوزێ). پێشمەرگەی یەکێتی، لە ڕۆژی (14.3.1982)دا لەدوای شەڕێکی چەند کاتژمێریدا لەناو قەڵادزێ بەدیل گیراوە، دواتر لە ڕۆژی (7.8.1982)دا لە زیندانی بەعس لە موسڵ لە سێدارە دراوە.

ئەحمەد محەمەد عەلی (زمار – گوزگیران)، لە ڕێکەوتی (21.3.1982) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە درا، لەبەرئەوەی خۆی بە کورد دەزانی و نەیدەویست بەزۆر بە عارەب بکرێ.

ئەحمەد محەمەد کەریم عەبدوڵڵا ئابلاخی (1944/ سلێمانی). کادیری پێشکەوتووی کۆمەڵە و یەکێتی، لە ڕۆژی (21.4.1977) دەگیرێ، لە ڕۆژی (29.7.1977)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دەرچووە، دواتر لە ڕێکەوتی (16.10.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

ئەردەشێر ئەحمەد سلێمان (1959/ کەرکوک/ خورماتوو). پێشمەرگەی یەکێتی، لە ڕۆژی (20.2.1979)دا لەناو شاری کەرکوک دەگیرێ، دواتر لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دەدرێ و لە ڕێکەوتی (3.7.1979)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دەدرێ.

ئەسعەد نادر ئیسماعیل (کەرکوک). لە ساڵی (1980) پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتی کردووە، دوای دەستگیر کردنی لە ساڵی (1982) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

ئەسکەندەر ئەحمەد محەمەد حەمە کەریم (1961/ هەڵەبجە/ گوڵپ). ئەندامی پدک، لە سەرەتای مانگی (9)ی ساڵی (1976) بەدیل گیرا، لە ڕێکەوتی (22.9.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە درا.

ئەسکەندەر حەیدەر ڕۆستەم محەمەد ئۆمەربلی ناسراو بە گیڤارای گەرمیان (1960/ کەرکوک/ کفری). پێشمەرگەی هەرێمی 5ی قەرەداغی یەکێتی، لە ڕێکەوتی (12.1.1981)دا لە شەڕێکدا لەگەڵ جاشە خۆفرۆشەکانی تەحسین شاوەیس سەعید ڕۆژبەیانی فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (50)ی مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی لە گوندی (کۆشک)ی سەر بە شارۆچکەی قەرەداغ لەگەڵ سەید برایم بەدیل گیرابوون، لە ڕۆژی (28.3.1981) لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانیان دەردەچێ، دواتر بەگوێرەی فەرمانی کۆماری ژمارە (198)ی ڕێکەوتی (26.4.1981)، لە ڕێکەوتی (20.9.1981)دا پێکەوە لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دران.

ئەکرەم حەمید فەقێ خدر ناسراو بە ئەکرەم حەمید باخچەوان (1.7.1947/ هەولێر/ کۆیە). ئەندامی یەکێتی، لە شەوی (27.4.1977) لە کۆیە گیراوە، دواتر لە ڕێکەوتی (22.6.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

ئەکرەم محەمەد عەلی مەحمود ناسراو بە ئەکرەم ئاسەنگەر (9.11.1950/ سلێمانی). پێشمەرگەی حزبی شیوعی ئێراق، لە ڕۆژی (1.1.1980)دا لەناو سلێمانی دەگیرێ، لە دادگای هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دەرچووە، لە شەوی (25.11.1980)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

ئەکرەم محەمەدئەمین قادر خدر ناسراو بە ئەکرەمی حەپسە یان بێستون (1945/ سلێمانی – هەڵگری بیروباوەڕی مارکسیزم لینینیزم/ دواتر کرا بە شەهیدی کۆمەڵە و یەکێتی، کە لەلایەن ئەمنی سلێمانی بەهۆی کەسێکەوە بەناوی (عومەر مارف) کە ئێستا دانیشتووی هەولێرە و ئەندامی (پدک)ە لە ڕۆژی (28.3.1980)دا گیرا، لە ڕۆژی (22.4.1980)دا لە هەیئە خاسەی شاری کەرکوک بڕیاری ئازادکردنی دەرچوو، بەڵام گەنجێکی سلێمانی بەناوی قادر محەمەد نادر ناسراو بە قالەی حەمەی مەلا نادر، کە خۆی فرۆشتبوو بە هەیئە خاسە و فێڵی لە شەهید ئەکرەم کرد و کۆمەڵێک زانیاری گرنگی لێ وەرگرت، دواتریش هەمووی گەیاندە هەیئە و لەسەری بوو بە شایەد، ئەوەبوو لە دووەم دادگاییکردندا لە ڕۆژی (25.10.1980) بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو. پاشان لە شەوی (11.12.1980)دا لەگەڵ پێنج قارەمانی دیکە لە بەندیخانەی موسڵ لە سێدارە دران، بەڵام لەسەر گۆڕەکەی نووسراوە کە ڕێکەوتی (20.12.1980) لە سێدارە دراوە. دوای لە سێدارەدانی ئەکرەمی حەپسە، مەفرەزەیەکی (ی. ن. ک) لە ڕۆژی (21.4.1981)دا لەناو سلێمانی تاوانبار قادر محەمەد نادر دەکوژن.

ئەکرەم محەمەد عەلی (سلێمانی – ی. ن. ک)، لە زیندانی ڕژێم سێدارە دراوە.

ئەکرەم نامیق محەمەد فارس ناسراو بە خەبات (سلێمانی)، لەساڵی (1978)دا لە موسڵ لە سێدارە دراوە.

ئەکرەم وەهاب ڕەحیم ئەحمەد ناسراو بە ئەکرەمی شێخ وەهاب (سلێمانی/ قەرەداغ). لە زیندانی ڕژێم لە سێدارە دراوە.

ئەڵوەند عومەر عەلی محەمەد ناسراو بە سیامەند (1960/ سلێمانی – پێشمەرگەی هەرێمی پێنجی قەرەداخی ی. ن. ک)، لە ساڵی (1977) دەبێتە پێشمەرگە. سەرەتای ساڵی (1979) لە هاتنە ناو سلێمانی لە گۆڕستانی سەیوان بەدیل دەگیرێ و لە شەوی (23.7.1979)دا لە بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

ئەمین حەسەن مەحمود (سلێمانی/ هەڵەبجە)، لە ساڵی (1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

ئەمین حوسێن حەسەن شین غولام (1953/ خانەقین/ مەیدان/ کانی کرمانج). ئەندامی یەکێتی، لە ڕێکەوتی (3.2.1981)دا لە تەیناڵ گیراوە. لە ڕۆژی (18.5.1981)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە، دواتر لە ڕێکەوتی (2.12.1981)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

ئەمین حوسێن مەحمود بەختیار (سلێمانی/ بیارە). ئەندامی پدک، لە ساڵی (1978)دا لە موسڵ لە سێدارە دراوە.

ئەمین مەعروف ئەمین ئەحمەد (12.5.1949/ سلێمانی/ چوارتا). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1976) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

ئەنوەر ئیبراهیم حەمەدئەمین خدر (1949/ سلێمانی/ پشدەر/ قادراوا). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

ئەنوەر حەمەدئەمین ئەحمەد ئەمین قەرەداغی ناسراو بە هیوا (1.7.1951/ سلێمانی/ قەرەداخ/ سێوسێنان). بەرپرسی کۆمیتەی شنرۆی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە شارۆچکەی هەڵەبجە، لە شەوی (23/24.5.1977)دا لەلایەن تۆفیق ڕەحیم عەبدوڵڵا نەورۆڵی (تۆفیقی ڕەعنا)ی فەرماندەی مەفرەزە خاسەی جاش ئاشکرا دەکرێ و لەلایەن ئەمنی هەڵەبجە دەستگیر دەکرێ، لە ڕۆژی (25.7.1977)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی بۆ دەردەچێ و دواتر لە ڕێکەوتی (25.10.1977)دا لە موسڵ لە سێدارە دەدرێ. دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس و سەدام، لە ڕێکەوتی (18.6.2003)دا تەرمەکەی لەگەڵ تەرمی ژمارەیەکی زۆر لە شەهیدانی لە سێدارە دراو لە موسڵەوە دەهێنرێنەوە بۆ سلێمانی.

ئەنوەر حەمەدئەمین حوسێن (1961/ سلێمانی / کانیسکان). ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان (یەکێتی)، لە ساڵی (1978)دا دەگیرێ، لە هەیئەی خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دەدرێ و پاشان لە ڕێکەوتی (10.1.1979)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دەدرێ.

ئەنوەر عەباس حەمەد سادق (1.7.1957/ هەولێر/ کۆیە/ شەوگێڕ). ئەندامی یەکێتی، لە ڕۆژی (19.3.1977)دا لە موسڵ لە سێدارە دراوە.

ئەنوەر گورون مەحمود ئەمین (1962/ سلێمانی). ئەندامی یەکێتی، لە ڕۆژی (6.4.1979) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

ئەنوەر محەمەدئەمین حوسێن (سلێمانی). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1979) لە بەندیخانەی موسڵ لە سێدارە دراوە.

ئومێد ساڵح کەریم خدر گوڕبازی (سلێمانی). پێشمەرگەی یەکێتی، لە ڕێکەوتی (1.8.1980)دا لەگەڵ سێ پێشمەرگەی دیکەدا لە گوندی ولاغلو لەلایەن سوپاوە بەدیل دەگیرێن. لە ڕۆژی (20.8.1980)دا دەگوازرێنەوە بۆ هەیئە خاسەی کەرکوک و ڕۆژی (14.2.1981) لە هەیئەی کەرکوک سزای سێدارەی بۆ دەردەچێ، پاشان لە ڕۆژی (1.4.1981)دا لە موسڵ لەگەڵ محەمەد تاهیر عەلی قەرەداغی لە سێدارە دەدرێن.

ئیبراهیم ئەحمەد جەبار گەرمکی ناسراو بە سەید ئیبراهیم (1957/ کەرکوک/ کفری). پێشمەرگەی هەرێمی 5ی یەکێتی، لە ڕۆژی (12.1.1981)دا لە شەڕێکدا لەگەڵ جاشە خۆفرۆشەکانی تەحسین شاوەیس سەعید ڕۆژبەیانی فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (50)ی مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی لە گوندی (کۆشک)ی سەر بە شارۆچکەی قەرەداغ بە برینداری لەگەڵ سەید ئەسکەندەر حەیدەر ڕۆستەم محەمەد بەدیل گیرابوون، لە ڕۆژی (28.3.1981) لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دەردەچێ، دواتر بەگوێرەی فەرمانی کۆماری ژمارە (198)ی ڕێکەوتی (26.4.1981)، لە ڕێکەوتی (20.9.1981)دا پێکەوە لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دران.

ئیبراهیم ڕەسوڵ قادر (1.7.1955/ سلێمانی/ ڕانیە). پێشمەرگەی یەکێتی لە دەستەی پاسەوانی سکرتاریەتی مام جەلال، لە ڕۆژی (6.5.1979)دا لەگەڵ پیرۆت ئیبراهیم ڕەسوڵ و محەمەد خدر محەمەد لە شارۆچکەی چوارقوڕنە بەدیل دەگیرێن و لە ڕۆژی (1.6.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانیان درابوو. دواتر لە ڕۆژی (13.11.1980)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دران.

ئیبراهیم فەتاح ڕەسوڵ مەحمود (سلێمانی). پێشمەرگەی یەکێتی، لە ڕۆژی (22.2.1978)دا لە شەڕێکدا لە (چنگیان)ی چوارتا (شارباژێڕ) بەدیل دەگیرێ، دواتر لە ڕۆژی (16.3.1978)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دەدرێ و لە بەرەبەیانی ڕۆژی (22.5.1978)دا لە سەربازگەی غەزلانی لە موسڵ گولله باران دەکرێ.

ئیبراهیم محەمەد ئیبراهیم ڕۆستەم (سلێمانی). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1978) لە زیندانی ڕژێم لە سێدارە دراوە.

ئیبراهیم مەحمود عوسام مەلا شێروانی (شێروان مەزن). هاووڵاتی، لە ساڵی (1985) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

ئیبراهیم شێخ مەحمود محەمەد عەبدولڕەحمان باخ ناسراو بە دکتۆر ڕێباز (1956/ سلێمانی/ پیرەمەگرون/ گوندی باخ). پێشمەرگەی هەرێمی (2)ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کادیری کۆمەڵە و برای شەهید شەماڵ (محەمەد شێخ مەحمود محەمەد)ی فەرماندەی تیپی (93)ی کۆیە، کە لەگەڵ پێشمەرگەیەکی دیکەدا بەناوی جەلال مەحمود ئەحمەد سورداشی لە ڕێکەوتی (5.12.1979)دا لە شەڕێکدا لە گوندی کلێسەی سەر بە شارۆچکەی کۆیە لەلایەن سوپا و جاشەکانی قاسم فارس تاهیر ئاغای غەفوری فەرماندەی مەفرەزە خاسەی جاشی ئیستخباراتی مەنزومەی شیمالی دەستگیر کرابوون، لە ڕۆژی (16.6.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دراوە و بۆ بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ گواستراوەتەوە. لە ڕۆژی (13.11.1980)دا لەو زیندانە لە سێدارە دراوە.

ئیبراهیم وەیس فەتاح موسەکی، پێشمەرگەی یەکێتی، لە شەڕێکدا لە ڕۆژی (21.6.1978) لە نزیک گوندی دڕێ ماوەت لەگەڵ دوو پێشمەرگەی دیکە (ساڵح محەمەد ئەحمەد و مستەفا حەمەعەلی دەمرکانی) بەدیل گیران و دوای

چەند مانگێک (ئیبراهیم و ساڵح) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دران، بەڵام مستەفا دەمرکانی لەبەر کەم تەمەنی بە بیست ساڵ زیندانی کردن سزا دراو دواتر لە ڕۆژی (19.8.1979)دا بە لێبووردنی گشتیی ئازاد کرا.
ئیحسان ئیسماعیل مەعروف ئیسماعیل (1930/ دهۆک)، لە ڕۆژی (21.7.1978)دا گیراوە، دواتر لە ڕێکەوتی (29.11.1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
ئیحسان محەمەد ساڵح ئەحمەد بەگ ناسراو بە فائیق (خانەقین/ مەیدان/ شاوازی). ئەندامی یەکێتی، لە ڕێکەوتی (3.2.1981)دا لە تەیناڵ گیراوە. لە ڕۆژی (18.5.1981)دا لە هەیئە خاسەی شاری کەرکوک سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە، دواتر لە ڕێکەوتی (2.12.1981)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
ئیدریس ئەلیاس قادر (دهۆک)، لە شەوی (22.9.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
ئیسماعیل حەمە غەریب حەمە چاوەش ناسراو بە ئیسماعیلی حاجی غەریب، لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
ئیسماعیل سەدرەدین (هەولێر). پێشمەرگەی هەرێمی (8)ی هەولێری یەکێتی، لە ڕۆژی (13.5.1977)دا لە گوندی حاجی قەڵا – دەشتی کۆیە لە شەڕێکدا بەدیل دەگیرێ و دواتر لە کۆتایی هەمان ساڵدا لە موسڵ لە سێدارە دەدرێ.
ئیسماعیل عەبدوڵڵا ئیبراهیم خەلیل (هەولێر). هاووڵاتی، لە ساڵی (1980) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
ئیسماعیل عەبدوڵڵا محەمەد ئەغلیە (1949/ سلێمانی/ پشدەر/ سندۆلان). پێشمەرگەی یەکێتی، لە مانگی حوزەیرانی ساڵی (1978) لەکاتی شەڕەکانی کارەساتی هەکاری ڕێگا ون دەکات و لە گوندی لۆلانی سیدەکان لەلایەن سوپای ڕژێمەوە بەدیل دەگیرێ، پاشان لە ڕۆژی (8.9.1978) لە بەندیخانەی موسڵ لە سێدارە دەدرێ.
ئیسماعیل قادر کەریم فەتاح (هەڵەبجە/ خورماڵ/ زەڵم). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
ئیسماعیل قاسم عەلی محەمەد (1946/ سلێمانی)، ئەندامی ڕێکخراوی پێشمەرگەی ناو شاری سلێمانی (یەکێتی)، لە ڕۆژی (21.12.1976)دا لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێ (حوسێن محەمەد غەفور، خەسرەو عەبدوڵڵا حەمە ساڵح ناسراو بە خەسرەوی حەمدی، خۆشناو محەمەدئەمین عەزیز، محەمەد قاسم عەلی و نەسرەدین نەجمەدین عەلی) تەقەیان لە پارێزگاری سلێمانی محەمەدئەمین محەمەد ئەحمەد دۆسکی کرد و برینداریان کرد و لە ڕۆژی (9.1.1977)دا لە زانکۆی سلێمانی کادیرێکی بەعسیان بەناوی ساڵح ئەلعانی کوشت، دواتر گشتیان بەهۆی فەرهادی مەلا ڕەزا لە ڕۆژی (15.1.1977)دا بەگرتن دران، لە ڕێکەوتی (3.4.1977)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانیان دەرچوو، دواتر لە ڕێکەوتی (17.5.1977)دا گشتیان لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دران. فەرهادی مەلا ڕەزا، دواتر لە شەڕێکدا لەلایەن مەفرەزەیەکی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی سەر بە (ی. ن. ک) لە ڕۆژی (15.8.1977)دا لە گوندی بارۆیی بازیان کوژرا.
ئیسماعیل کەریم ئەحمەد عەلی خۆشناو (هەولێر/ دارەتوو/ کونەگورگ). لە ساڵی (1976) لە موسڵ لە سێدارە دراوە.
ئیسماعیل کەریم فەرەج والی (1956/ سلێمانی/ سیروان/ باوە کۆچەک). پێشمەرگەی یەکێتی، لە کۆتایی ساڵی (1978) لەناو گوندەکەی خۆیان لەلایەن ڕەشەی ساڵحەوە (ڕەشید ساڵح هەورامی) بەدیل دەگیرێ و دواتر لە ڕۆژی (25.4.1979) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
ئیسماعیل مەحمود عەباس قادر (1962/ کەرکوک/ کەلار). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1980)دا گیرا، پاشان لە ڕۆژی (4.9.1980)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە درا.
بابان ئەحمەد محەمەد عەبدولڕەحمان (1.7.1965/ خانەقین/ مەیدان/ هۆرین). ئەندامی یەکێتی، لە ڕۆژی (2.2.1981) لە تەیناڵ گیراوە. لە ڕۆژی (18.5.1981)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە، دواتر لە ڕێکەوتی (2.12.1981)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
باپیر سمکۆ قەرەنی سلێمان (1961/ سلێمانی/ ژاراوە/ شەروێت). ئەندامی یەکێتی، لە ڕۆژی (28.12.1980)دا لە پشدەر گیراوە، لە ڕێکەوتی (18.7.1981)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دەدرێ و بۆ بەشی

سێدارەی زیندانی موسڵ دەگوازرێتەوە و لە ڕێکەوتی (29.8.1981)دا لەگەڵ شەش هاوڕێی دیکەدا کە خزمی یەکتر بوون لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
باقی تەها یاسین (1.7.1953/ هەولێر). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1990) لە موسڵ لە سێدارە دراوە.
برایم عوسمان مەحمود ڕەسوڵ (1948/ سلێمانی/ ڕانیە/ چوارقوڕنە). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1976) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
بەرزان عومەر عەلی محەمەد ناسراو بە کاوە (1958/ سلێمانی). پێشمەرگەی هەرێمی پێنجی قەرەداخی یەکێتی، لە ڕۆژی (7.7.1980)دا لەکاتی گەڕانەوەی لە سلێمانی بۆ ناو هێزی پێشمەرگە لە ئەزمڕ بەدیل گیراو لە هەیئە خاسەی کەرکوک سزای لە سێدارەدانی دراو بۆ ژووری سێدارەی موسڵ گواسترایەوە. لەوێ لەگەڵ (جەلال مەحمود ئەحمەد محەمەد سورداشی و جەمیل ئەحمەد مەحمود دیبەگەیی) بیریان لە شکاندنی زیندانەکە کردەوە و پلانیان بۆ داڕشت، پاشان عومەر میرزا شامراد هاوکاریان بوو، بەڵام ئەوکاتەی نەخشە و پلانەکە لە شەوی (2.6.1981)دا جێبەجێ کرا تەنیا بەرزان لە ژیاندا مابوو. نەخشەکە سەرکەوتنی بەدەست نەهێناو هەموویان گیرانەوە و دواتر لە مێژووی جیاجیادا لە سێدارە دران. دواتر بەرزان عومەر لە ڕێکەوتی (16.8.1981) لە سێدارە درا.
بەکر حەوێز ئەحمەد ئیبراهیم ناسراو بە بەکر بێقۆڵ (1957/ هەولێر/ کۆیە). ئەندامی یەکێتی، لە ڕۆژی (14.4.1977)دا بەهۆی کەسێکی ناپاک و خۆفرۆش گیراوە، دواتر لە ڕێکەوتی (31.1.1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
بەکر عەبدوڵڵا هەمزە ئیسماعیل بندیان (هەولێر/ دیبەگە). هاووڵاتی، لە ڕۆژی (19.7.1978)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دەرچووە و لە کۆتایی هەمان ساڵ لە موسڵ لە سێدارە دراوە.
بەکر کەریم محەمەد عەزیز محەمەد ناسراو بە بەکر سوسەیی (1963/ هەولێر/ دێگەڵە/ سوسێ). پێشمەرگەی یەکێتی، لە ڕۆژی (13.4.1980)دا لە شەڕێکدا لە دوڵی ئەسحابان لەلایەن جاشەکانی ئەنوەر ڕەشید بەگی بێتواتەی فەرماندەی مەفرەزە خاسە، عەباس بایز باڵو ئاغای فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (9)ی ئەوکات و دواتر سەرۆکجاشی فەوجی (91)ی جاشە سووکەکان و قاسم فارس تاهیر مستەفا ئاغای غەفوری فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ئەوکات و دواتر سەرۆکجاشی فەوجی (85)ی جاشە سووکەکان، بە بریندار بەدیل گیرابوو، لە ڕۆژی (9.9.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دەرچووبوو، دواتر لە ڕێکەوتی (14.5.1981)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
بەکر نوری ئیبراهیم قادر ناسراو بە نەبەز (کەرکوک/ سەنگاو). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1994) لە موسڵ لە سێدارە دراوە.
بەهائەدین عومەر کەریم مەحمود (پارتی)، لە ساڵی (1977)دا لە سێدارە دراوە.
بەهرام خاڵند محەمەدئەمین نادر گەلاڵی (1952/ هەولێر/ دێگەڵە/ چەمرگە). پێشمەرگەی حزبی سۆسیالیستی کوردستان (حسک)، لە ڕۆژی (16.8.1980)دا لە ماڵەکەی خۆی لەگەڵ فاروق نامیق محەمەدئەمین نادر گەلاڵی (1952/ چەمرگە) لە گەڕەکی سەیداوەی هەولێر لەلایەن فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ئەوکات و دواتر سەرۆکجاشی فەوجی ژمارە (28)ی جاشە سووکەکان عومەر حەسەن ڕەسوڵ گەردی و چەند جاشێکی ناوبراو ئەوانەی کە ناسراو بن (خەسرەو مەحمود محەمەد ئەحمەدی جێگری عومەر حەسەن ڕەسوڵ و فەتاح)، دەستگیرکران و ڕادەستی هەیئە خاسەی کەرکوک کران. لە ڕۆژی (29.10.1980)دا لە هەیئە خاسە دادگاییکران و شەهید بەهرام چەمرگە سزای سێدارە و فاروق سزای زیندانیکردنی هەتاهەتایە درا. بەهرام خاڵند، لە ڕێکەوتی (11.12.1980)دا لەگەڵ پێنج زیندانی دیکە لە بەندیخانەی موسڵ لە سێدارە دران.
بەیان خالید پۆڵا (سلێمانی)، پێشمەرگەو ڕابەری سیاسی کەرتی قەرەداغی هەریمی (5)ی یەکێتی، لە ڕێکەوتی (11.12.1978)دا بەدیل دەگیرێ، دوای چەند مانگێک لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دەدرێ.
بێستون حوسێن مەحمود نەورۆلی (سلێمانی/ خێڵی حەمە). ئەندامی پدک، لە ساڵی (1979)دا لە سێدارە دراوە.

پیرۆت ئەحمەد پیرۆت ئەحمەد (هەولێر/ باڵەکایەتی). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1979) لە بەندیخانەی موسڵ لە سێدارە دراوە.
پیرۆت ئیبراهیم ڕەسوڵ مام ڕەسوڵ (1954/ سلێمانی/ چوارقوڕنە). پێشمەرگەی یەکێتی لە دەستەی پاسەوانی سکرتاریەتی مام جەلال. لە ڕۆژی (6.5.1979)دا لەگەڵ ئیبراهیم ڕەسوڵ قادر و محەمەد خدر محەمەد لە شارۆچکەی چوارقوڕنە بەدیل دەگیرێن، لە ڕۆژی (1.6.1980)دا لە هەیئە خاسەی شاری کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانیان درابوو، دواتر لە ڕێکەوتی (13.11.1980)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دران.
پیرموس حەسەن عەلی ئەحمەد (1940/ دهۆک/ سەرسنگ/ ئیسفکا). ئەندامی پدک، لە ساڵی (1978) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
تاریق جەمیل جاسم (1954/ دهۆک/ زاوێتە/ کزۆ). ئەندامی پدک، لە شەوی (18.6.1978)دا لە موسڵ لە سێدارە دراوە.
تاهیر ئەحمەد محەمەد فەتاح ناسراو بە ئاسۆ (1.7.1957/ کەرکوک). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1977) پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتی کردووە، هەمان ساڵ گیراوە و لە ڕێکەوتی (22.6.1977)دا لەگەڵ فەوزی نەجم نوری و عەبدوڵلا ناوێک لە زیندانی موسڵ لە سێدارە درا.
تاهیر تاهیر عەبدولڕەحمان ئیبراهیم (1946/ دهۆک/ بەرواری باڵا/ هروری)، سەر بە ڕێکخراوی پێشکەفتنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەرواری باڵا، لە ڕۆژی (12.6.1980)دا لەلایەن ئەمنی دهۆک گیراوە و لە ڕۆژی (7.9.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک فەرمانی لە سێدارە دانی دراوەو بۆ زیندانی موسڵ گواستراوەتەوە، لە ڕێکەوتی (26.2.1981)دا لە بەندیخانەی موسڵ لەگەڵ (8) هەڤاڵی دیکەیدا لە سێدارە دراون.
تاهیر عەبدوڵلا (دهۆک/ زاخۆ). ئەندامی پدک، لە ڕێکەوتی (27.5.1981)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
تاهیر محەمەد ئەحمەد (کەرکوک). ئەندامی یەکێتی، لە ڕۆژی (26.4.1977)دا لەگەڵ سێ هاوڕێی دیکەی شارەکەیدا لە موسڵ لە سێدارە دراوە.
تاهیر محەمەد شا موراد ناسراو بە هاوڕێ (4.8.1957/ سلێمانی). پێشمەرگەی یەکێتی، لە ڕێکەوتی (7.3.1978)دا بە بریندار لە سلێمانی گیرا، دواتر لە ڕێکەوتی (20.6.1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
تەحسین ڕەحمان فەرحان حەوێز ناسراو بە داماو (1957/ هەولێر/ دیبەگە). ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و یەکێتی، لە ڕۆژی (12.7.1980)دا لەلایەن ئەمنی هەولێرەوە لە ماڵی خۆیاندا لە شارۆچکەی دیبەگە دەستگیر کرا، لە ڕۆژی (29.10.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک فەرمانی لە سێدارە دانی دراو هەمان ڕۆژ بۆ ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ گواسترایەوە. پاشان بەگوێرەی فەرمانی کۆماری (652)ی ڕێکەوتی (10.12.1980)، لە ڕۆژی (26.5.1981)دا لە زیندانی موسڵ بۆ سەربازگەی غەزلانی بردیان و گوللە بارانیان کرد. دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام، تەرمەکەی لە گۆڕستانی (وادی العگاب)ی شاری موسڵ لە ڕۆژی (8.7.2003)دا بۆ گۆڕستانی دیبەگە گواسترایەوە.
تەحسین سالح فارس قاسم (1964/ دهۆک/ زاخۆ)، لە ڕۆژی (26.8.1987)دا گیراوە، لە ڕۆژی (10.12.1987)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
تەحسین محەمەدئەمین فەرەج قادر (سلێمانی/ هەڵەبجە/ گوڵپ). سەرپەلی پدک، لە ساڵی (1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
تەها حەمەد عەبدوڵلا (1957/ سلێمانی/ قەڵادزێ). ئەندامی یەکێتی، لە ڕێکەوتی (10.11.1977)دا لەگەڵ پۆلێک لە هەڤاڵانی گیران، لە ڕێکەوتی (31.12.1977)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانیان درا، دواتر هەموویان پێکەوە لە ڕۆژی (4.5.1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دران.

تەها محەمەد تۆفیق ناسراو بە هێمن (1957/ سلێمانی/ پێنجوێن). ئەندامی یەکێتی، لە ڕۆژی (22.2.1978)دا لە شەڕێکدا لە (چنگیان)ی چوارتا (شارباژێڕ) بەدیل دەگیرێ، دواتر لە ڕۆژی (16.3.1978)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دەدرێ و لە بەرەبەیانی (22.5.1978)دا لە سەربازگەی غەزلانی لە موسڵ گوللە باران کراوە.

تەیب عەلی مەعروف تەها (سلێمانی). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1981) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە درا.

تۆفیق عارف مەجید عەزیز (سلێمانی). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1979) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە درا.

تۆفیق محەمەد فەتاح مەحمود (1947/ سلێمانی/ پێنجوێن). پێشمەرگەی هەرێمی (1)ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ڕۆژی (27.4.1978)دا لە ئاشی شێخ قاسم لە پێنجوێن بەبریندارى بەدیل گیرا، دواتر لە سەرەتای لە ساڵی (1979) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە درا.

جاسم محەمەد ئەحمەد حوسێن میرانی (1956/ موسڵ/ زومار/ ماسکا). پێشمەرگەی یەکێتی، لە ڕۆژی (30.8.1976)دا لەگەڵ پێنج هاوڕێی دیکەیدا لە نزیک زاخۆ لە داوی سەرۆکجاش جەعفەر مستەفا ساڵح بێسفکی دۆسکی (فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ئەوکات و دواتریش سەرۆکجاشی فەوجی 24) کەوتن، ئەویش ڕادەستی حکومەتی بەعسی کردن، دواتر لە شەوی (31.3.1977)دا لە موسڵ لە سێدارە دران. جێی ئاماژەیە کە سەرۆکجاش جەعفەر مستەفا ساڵح بێسفکی دۆسکی، بۆ خۆیشی لە ڕۆژی (31.5.1986) بە بڕیاری عەلی حەسەن مەجید لە مانگێش گوللە باران کرا.

جەبار ئەحمەد موراد ڕەزا ناسراو بە جەبار ئەحمەد زەریفە (1956/ خانەقین/ مەیدان/ کانی کرمانج). ئەندامی یەکێتی، لە ڕێکەوتی (2.2.1981)دا گیراوە. لە ڕۆژی (18.5.1981)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە، دواتر لە ڕێکەوتی (2.12.1981)دا لە زیندانی موسڵ گوللە باران کراوە.

جەبار بچکۆڵی خەیات (سلێمانی). ئەندامی یەکێتی، لە ڕۆژی (21.5.1977) لەگەڵ دوو هاوڕێیدا (عەلی ئەحمەد شەریف و عەلی محەمەد حوسێن سورچی)دا گیراوە. جەبار بچکۆڵ، لە سەربازگەی شەقڵاوە گیراوە و لە ڕۆژی (15.6.1977)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دەرچووە، لە شەوی (22.9.1977)دا لەگەڵ دوو هاوڕێکەیدا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

جەبار حەمەد قادر عەبدوڵڵا ناسراو بە سامان (هەولێر). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1999)دا لە بەندیخانەی موسڵ لە سێدارە دراوە.

جەزا ڕەئوف پیروەیس محەمەد (1.2.1950/ سلێمانی). ئەندامی کۆمەڵە و یەکێتی، لە ڕۆژی (20.3.1978)دا لەلایەن جاشەکانی ڕەشید ساڵح نادر هەورامی (ڕەشەی ساڵحان) لە دێی سۆیلەمێش گیراوە، دواتر لە ڕۆژی (3.10.1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

جەعفەر ئەسوەد ئەحمەد میکائیل (1951/ هەولێر/ کۆیە)، فەرماندەی مەفرەزەی پێشمەرگەی یەکێتی. لە ڕۆژی (8.3.1978)دا لە شەڕی بەناوبانگی دەشتێو بەدیل گیرا، لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی دەدرێت، لە ڕۆژی (20.4.1978)دا مەرسومی کۆماری ژمارە (210)ی بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری لە سێدارەدانی دەردەچێت و دواتر ڕێکەوتی (15.6.1978)دا لە شاری موسڵ لە سێدارە درا.

جەعفەر سلێمان عەلی ناسراو بە جەعفەری سلێمان پور (کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان/ ئەندامی حزبی دیموکراتی کوردستان، بەڵام بە تۆمەتی ئەندامی یەکێتی لە ڕۆژی (28.12.1980)دا لە پشدەر گیراوە). لە ڕێکەوتی (18.7.1981)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دەدرێ و بۆ بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ دەگوازرێتەوە و لە ڕێکەوتی (29.8.1981)دا لەگەڵ شەش هاوڕێی دیکەدا کە خزمی یەکتر بوون لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

جەعفەر عەبدوڵڵا ئەحمەد محەمەد عەلی (1964/ تروانش/ کانیماسی/ ئامێدی). ئەندامی پدک، لە ڕێکەوتی (25.12.1980) دەستگیرکرا، دواتریش لە ڕێکەوتی (7.12.1981)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە درا.

جەلال ڕەشید نەسروڵڵا زۆراب ناسراو بە جەلالە ڕەش (1957/ سلێمانی/ پێنجوێن). ئەندامی یەکێتی، لە شەوی (18.6.1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

جەلال محەمەد ئەحمەد عەزیز شێخ سمایلی (1962/ سلێمانی/ دۆڵەسوور). جێگری فەرماندەی بەتالیۆنی پارتی، لە ڕۆژی (12.1.1981) کەوتە بۆسەی جاشەکانی خالید مەحمود ئەحمەد شەریف غەواره (خالیدی خولەسوور)ی فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (74)ی سەر بە مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی و دواتر سەرۆکجاشی فەوجی ژمارە (96)ی جاشە سووکەکان و لەناو شانەدەری بەدیل گیرا و ڕادەستی مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی کرا، لە ساڵی (1982) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە درا.

جەلال مەحمود ئەحمەد محەمەد ناسراو بە جەلال سورداشی (1.3.1957/ سلێمانی/ سورداش/ شەدەڵە). پێشمەرگەی هەرێمی 2ی یەکێتی، ڕۆژی (5.12.1979) لە شەڕێکدا لە گوندی کلێسەی سەر بە شارۆچکەی کۆیە لەگەڵ پێشمەرگەیەکی دیکەدا بەناوی ئیبراهیم شێخ مەحمود محەمەدی باخ ناسراو بە (دکتۆر ڕێباز)، لەلایەن هێزێکی سەربازی و جاشەکانی قاسم فارس تاهیر ئاغای غەفوری فەرماندەی مەفرەزە خاسەی جاشی ئیستخباراتی مەنزومەی شیمالی دەستگیر کرابوون، لە ڕێکەوتی (16.6.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک سزای لە سێدارەدانیان دراو ڕۆژی دواتر گواسترانەوە بۆ ژووری سێدارەی موسڵ. لەوێ لەگەڵ هەریەک لە (بەرزان عومەر عەلی و جەمیل ئەحمەد مەحمود دیبەگەیی) بیریان لە شکاندنی زیندانەکە کردەوە و پلانیان بۆ داڕشت، پاشان عومەر میرزا شامراد هاوکاریان بوو، بەڵام ئەو لە بەرەبەیانی ڕۆژی (26.5.1981)دا بە هەفتەیەک بەر لە هەوڵی شکاندنی زیندان لەگەڵ سێ هاوڕێی دیکەیدا لە سەربازگەی غەزلانی موسڵ گوللە باران کران. دواتر لە شەوی (2.6.1981)دا لەلایەن کۆمەڵێک هاوڕێی دیکەوە هەوڵی جێبەجێ نەخشەی ڕاکردنەکە درا، بەڵام بەداخەوە سەرکەوتنیان بەدەست نەهێناو هەموویان گیرانەوە و پاشان لە مێژووی جیاجیادا لە سێدارە دران.

جەمال ئیسماعیل حەمەخان (1958/ کۆیە/ ئیلنجاغ). پێشمەرگەی یەکێتی، لە ڕۆژی (26.4.1981)دا لە کۆیە لەلایەن جاشەکانی قاسم فارس تاهیر ئاغا و چەتۆ کەریم سەعید بەدیل گیراوە، لە ڕۆژی (28.11.1981)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

جەمال حوسێن عەلی (هەولێر/ سیدەکان). هاووڵاتی، لە ڕۆژی (25.7.1977)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک سزای سێدارەی بۆ دەردەچێ و دواتر لە ڕێکەوتی (13.11.1977)دا لە شاری موسڵ لە سێدارە دراوە.

جەمال حوسێن عەلی ڕەحیم هەمەوەندی (بازیان). ئەندامی پارتی، لە ساڵی (1977)دا لە شاری موسڵ لە سێدارە دراوە.

جەمال شێخ عەلی مارف ئەحمەد ناسراو بە نەبەز یان جەمالە ڕەش، (1945/ سلێمانی)، کادیری پێشکەوتووی کۆمەڵە و یەکێتیی (ئەندامی هەرێمی سلێمانی – کۆمەڵە)، لە شەوی (10.8.1977)دا لە ئەنجامی ناپاکی کردنی هاوڕێیەکیەوە بەناوی (عومەر مارف) کە ئێستاکە ئەندامی پارتی و دانیشتووی هەولێرە، لەلایەن ئەمنی سلێمانی گیراوەو لە ڕۆژی (4.10.1977) لە هەیئە خاسەی کەرکوک سزای لە سێدارە دانی بۆ دەرچووە و ڕێکەوتی (10.10.1977) بۆ بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ گواستراوەتەوە، پاشان لە ڕێکەوتی (29.1.1978)دا لەوێ لە سێدارە دراوە.

جەمال قادر جوامێر ناسراو بە جەمال ماوەتی (1968/ سلێمانی/ ماوەت). ئەندامی یەکێتی، لە ڕۆژی (21.5.1981)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

جەمال قادر کەریم ئەحمەد (1953/ سلێمانی)، لە ساڵی (1976)دا لە موسڵ لە سێدارە دراوە.

جەمال محەمەد ساڵح مەحمود (سلێمانی/ قەرەداغ/ ولیان)، لە ساڵی (1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە درا.

جەمیل ئەحمەد مەحمود حەمە ناسراو بە دەرسیم (1957/ هەولێر/ دیبەگە). ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و ئەندام ڕێکخراوی کۆمیتەی ڕاپەڕین لە هەولێر (یەکێتی)، لە ڕۆژی (12.7.1980)دا لەلایەن ئەمنی هەولێرەوە دەستگیر کرا، لە ڕۆژی (29.10.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک فەرمانی لە سێدارە دانی دراو لە هەمان ڕۆژدا بۆ ژووری سێدارەی موسڵ گواسترایەوە، هەروەها فەرمانی کۆماری ژمارە (652)ی ڕێکەوتی (10.12.1980)ی

سەرۆکایەتی کۆماری سەبارەت بە پەسەند کردنی لە سێدارە دانەکەی دەرچوو. لەوێ لەگەڵ (بەرزان عومەر عەلی و جەلال ئەحمەد مەحمود محەمەد سورداشی) بیریان لە شکاندنی زیندانەکە کردەوە و پلانیان بۆ دارِشت، پاشان عومەر میرزا شامراد هاوکاریان بوو. بەلام جەمیل ئەحمەد مەحمود، بە (12) رۆژ بەر لە جێبەجێکردنی نەخشەکەیان لەگەڵ دوو هاورێی دیکەیدا لە رۆژی (21.5.1981)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دران. دواتر لە شەوی (2.6.1981)دا (34) هاورێی ئەو زیندانە نەخشەکەیان جێجەجێ کرد، بەلام سەرکەوتنی بەدەست نەهێناو هەموویان دەستگیرکرانەوە و لە مێژووی جیاجیادا لە سێدارە دران. دوای رووخانی رژێمی سەدام، تەرمی شەهید جەمیل ئەحمەد لە گۆرِستانی (وادی العگاب)ی شاری موسڵ لە رۆژی (8.7.2003)دا بۆ گۆرِستانی دیبەگە گواسترایەوە.

جەنگی نوری تەها (هەولێر). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1977) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

جەواد کەریم مەحمود خدر (هەولێر/ دێگەڵە/ گۆمەشین). پێشمەرگەی یەکێتی، لە رۆژی (8.3.1978)دا لە شەرِی بەناوبانگی دەشتێو بەدیل گیرا، لە هەیئە خاسەی کەرکوک برِیاری لە سێدارەدانی دەدرێت، لە رۆژی (20.4.1978)دا مەرسومی کۆماری ژمارە (210)ی بۆ جێبەجێکردنی برِیاری لە سێدارەدانی دەردەچێت و دواتر رێکەوتی (15.6.1978)دا لە شاری موسڵ لە سێدارە درا.

جەوهەر جومعە حەمە خورشید (1959/ کۆیە/ سەرباغ). ئەندامی یەکێتی، لە رێکەوتی (5.4.1980)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

جەوهەر حوسێن ئەحمەد قادر ناسراو بە جەوهەر هەشەزینی (کەرکوک/ سەنگاو/ هەشەزین)، پێشمەرگەی کەرتی چواری جەباری هەرێمی (5)ی قەرەداغی سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کە لە رێکەوتی (17.11.1980)دا لە شاخی شۆراوە لەلایەن جاشەکانی تەحسین شاوەیسی فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (50)ی ئەوکات، قالە فەرەجی فەرماندەی مەفرەزەی (49)ی سەر بە ئیستخباراتی شیمالی، عاسی حەمە رەئوف توفیق، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت، محەمەد حەسەن ئەحمەد (حەمەی حەسۆل، فەرماندەی مەفرەزە خاسەی 55)، دوای شەهیدکردنی پانزە پێشمەرگەی ئەو کەرتە بەدیل دەگیرێ و رِادەستی ئیستخبارات دەکرێ. جەوهەر حوسێن هەشەزینی، لە رێکەوتی (18.3.1981)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک برِیاری لە سێدارە دانی بۆ دەردەچێ، دواتر لە شەوی (10.5.1981) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دەدرێ.

حاجی میرۆ شەنگالی (موسڵ)، لە ساڵی (1989)دا لە موسڵ لە سێدارە دراوە.

حامید عەبدوڵلا سەعید محەمەد ناسراو بە حامید هەڵەدنی (سلێمانی). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1981) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

حامید محەمەد ئەحمەد محەمەد ناسراو بە حامید سۆسەکانی (1957/ سلێمانی/ چوارقورنە). پێشمەرگەی هەرێمی (4)ی یەکێتی، لە شەوی (26.3.1980)دا لە گوندی قزلەری سەرچنار بەهۆی ناپاکی کردنی خاوەن ماڵەکەوە کە لە ماڵیاندا خەوتبوون لەگەڵ زەوقی رەزا ئیسماعیل شێخ بزێنی ناسراو بە (مەلا زەوقی) پێشمەرگە و هەڵبەستوان لەلایەن جاشەکانی عەلی گاور بەدیل گیراون، لە رۆژی (1.6.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک برِیاری لە سێدارە دانیان دراوە و بۆ بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ گواستراونەتەوە، لە رۆژی (23.8.1980)دا لەو زیندانە لە سێدارە دەدرێن.

حامید محەمەدئەمین سابیر (سلێمانی/ چوارتا/ یاخسەمەر). پێشمەرگەی یەکێتی، لە رۆژی (8.1.1978)دا لە گوندی یاخسەمەر بەدیل گیرا، لە رۆژی (25.4.1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە درا.

حسامەدین گوڵ ئەمین (1939/ سلێمانی/ شارباژێر). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1982) لە موسڵ گوللە باران کراوە.

حەسەن ئەمین ساڵح ئەحمەد ناسراو بە حەسەنە سووری مینە ساڵح (1956/ سلێمانی/ قەلادزە/ ژاراوە). پێشمەرگەی حسک، لە رێکەوتی (17.5.1980)دا لە گوندی دووگۆمانی پشدەر لەگەڵ (9) پێشمەرگەی دیکەدا لەلایەن عەباس بایز باڵو ئاغای فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (9)ی ئیستخبارات و دواتر سەرۆکجاشی فەوجی (91)ی جاشە

سووکەکان بەدیل گیران و ڕادەستی مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی کران، لە ڕۆژی (16.6.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک فەرمانی خنکاندنیان دەرچوو، دواتر لە ڕۆژی (30.12.1980)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دران.

حەسەن ئەمین ساڵح ئەحمەد (1.1.1965/ سلێمانی/ بنگرد). ئەندامی یەکێتی، لە شەوی (30.11.1980)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

حەسەن ئیسماعیل حەمەد عەبدوڵڵا گەردی (1953/ هەولێر/ دێگەڵە/ گۆمەشین). پێشمەرگەی یەکێتی، لە کۆتایی ساڵی (1980)دا لە گەڕەکی باداوەی هەولێر بەدیل گیراوە، لە کۆتایی مانگی ئاداری ساڵی (1981) لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی دەردەچێت. بەگوێرەی فەرمانی کۆماری ژمارە (197)ی ڕۆژی (26.4.1981)، لە ڕێکەوتی (14.6.1981)دا لە بەندیخانەی موسڵ لە سێدارە دراوە.

حەسەن حوسێن حەسەن (سلێمانی/ پشدەر). پێشمەرگەی حسک، لە ڕێکەوتی (17.5.1980)دا لە گوندی دووگۆمانی پشدەر لەگەڵ (9) پێشمەرگەی دیکەدا لەلایەن عەباس بایز باڵو ئاغای فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (9)ی ئیستخبارات و دواتر سەرۆکجاشی فەوجی (91)ی جاشە سووکەکان بەدیل گیران و ڕادەستی مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی کران، لە ڕۆژی (16.6.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک فەرمانی خنکاندنیان دەرچوو، دواتر لە ڕۆژی (30.12.1980)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دران.

حەسەن ساڵح مەحمود (سلێمانی – ی. ن. ک). لە ساڵی (1978) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

حەسەن سەباح ڕەسوڵ باپیر (هەولێر). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1981) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

حەسەن سەعدون محەمەد. هاووڵاتی، لە ڕۆژی (11.4.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

حەسەن سۆفی عەبدوڵڵا (هەولێر). هاووڵاتی، لە ڕۆژی (13.11.1977)دا لە شاری موسڵ لە سێدارە دراوە.

حەسەن عەبدوڵڵا حەمەد عەبدوڵڵا (هەولێر). پێشمەرگەی حسک، لە ساڵی (1980) لە گەڕەکی باداوەی هەولێر بەدیل گیراوە، دواتر لە ساڵی (1981)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

حەسەن عەبدوڵڵا مەولود (هەولێر/ حاجی ئۆمەران). هاووڵاتی، لە ڕۆژی (12.5.1977)دا بەدیل گیراوە، لە ڕۆژی (21.9.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە درا.

حەسەن عەلی محەمەد یوسف (1949/ دهۆک/ زاخۆ)، لە ڕۆژی (7.2.1978)دا گیراوە و لە ڕێکەوتی (5.5.1978) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

حەسەن عەلی نادر ئەحمەد (1955/ سلێمانی/ سەنگاو). پێشمەرگەی یەکێتی، لەکاتی ئەنجام دانی چالاکیەکی پێشمەرگانەدا لە ڕۆژی (1.1.1977) لە گەڕەکی خەبات لە سلێمانی دەستگیرکراوە و لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری خنکاندنی دراوە، پاشان لە ڕۆژی (26.11.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

حەسەن فەقێ عەلی عەبدوڵڵا ناسراو بە هەژار (1954/ کەرکوک/ ئاغجەلەر/ عەسکەر). کادیری کۆمەڵە و یەکێتی، لە شەوی (26.3.1980)دا لەگەڵ عوسمان خدر مەستەفا عەسکەری لەلایەن جاشەکانی عەلی گاور و ئەمنی ڕژێم گیراوە، دواتر لە لە ڕۆژی (16.6.1980)دا هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دراوە و بۆ بەشی سێدارەی زیندانی شاری موسڵ گواستراوەتەوە، پاشانیش لە شەوی (13.11.1980) لەو زیندانەدا لە سێدارە دراوە.

حەسەن مستەفا ئەمین خدر (هەولێر). ئەندامی یەکێتی، لە ڕێکەوتی (13.3.1990)دا لە بەندیخانەی موسڵ لە سێدارە دراوە.

حەسیب قادر (کەرکوک)، لە ساڵی (1999)دا لە موسڵ لە سێدارە دراوە.

حەکیم فەتاح ڕەحمان فەتاح (سلێمانی). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1978) لە بەندیخانەی موسڵ لە سێدارە دراوە.

حەمەدئەمین حەمەد شێخە (1914/ هەولێر/ کۆیلە). ئەندامی یەکێتی، لە ڕۆژی (18.6.1977) لەلایەن ئەمنی ڕژێم دەگیرێ و دواتر لە سێدارە دەدرێ.

حەمە پیرۆت شێخە (قەڵادزێ/ بێخرە). هاووڵاتی، لە شەوی (31.1.1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

حەمە حەمزە محەمەد، لە شەوی (25.11.1980)دا لە بەندیخانەی موسڵ لە سێدارە دراوە.

حەمە ڕەشید محەمەد ساڵح نادر (هەڵەبجە). ئەندامی یەکێتی، لە شەوی (20.6.1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

حەمە ساڵح مەحمود محەمەد عوسمان (سلێمانی/ دوکان). لە ڕۆژی (16.3.1977) گیراوە و دواتر لە ڕۆژی (1.12.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

حەمە هەمزە حەمە حەسەن ناسراو بە حەمە قەجەر (1957/ قەڵادزێ/ هەڵشۆ/ ئاڵاوە). پێشمەرگەی حسک، لە ڕێکەوتی (17.5.1980)دا لە گوندی دووگۆمانی پشدەر لەگەڵ (9) پێشمەرگەی دیکەدا لەلایەن عەباس بایز باڵو ئاغای فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (9)ی ئیستخبارات و دواتر سەرۆکجاشی فەوجی (91)ی جاشە سووکەکان بەدیل گیران و ڕادەستی مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی کران، لە ڕۆژی (16.6.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک فەرمانی خنکاندنیان دەرچوو، دواتر لە ڕۆژی (30.12.1980)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دران.

حەمەخان ئیسماعیل ڕەزا ناسراو بە حەمە پۆلیس (1.7.1957/ هەولێر/ کۆیە/ تەقتەق/ شیواشۆک)، پێشمەرگەی هەرێمی هەشتی هەولێری یەکێتی، لە سەرەتای ساڵی (1977)دا لەگەڵ مەغدید تەها حەمەد هەمزە لە بناری کۆسرەت دەستگیر دەکرێ، لە ڕۆژی (19.3.1977)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دەدرێ و دواتر لە ڕۆژی (11.5.1977) لە موسڵ لە سێدارە دەدرێ.

حەمەڕەشید محەمەد عەبدولڕەحمان محەمەد ناوکوژی (1951/ سلێمانی/ شارباژێر/ سیوەیل/ نورە). پێشمەرگەی پدک، لە ساڵی (1977)دا لە موسڵ لە سێدارە دراوە.

حەمەعەزیز حەمەدئەمین قادر (سلێمانی). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1980) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

حەمەعەلی مەولود مەحمود (2.2.1957/ هەڵەبجە). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1981) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

حەمەدئەمین حاجی حەوێز (هاووڵاتی)، لە شەوی (29.1.1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

حەمەدئەمین قادر مەحمود ئەحمەد (هەولێر). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1977) لە بەندیخانەی موسڵ لە سێدارە دراوە.

حەمەدئەمین محەمەد عەبدوڵڵا سوڵتان گەلاڵی (1955/ هەولێر/ دیبەگە/ مەلاکاغا). ئەندامی حسک، لە ڕێکەوتی (14.12.1980)دا دەستگیر کراوە، لە ڕۆژی (2.9.1981) لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دەدرێ و لە ڕۆژی (5.12.1981)دا لە موسڵ لە سێدارە درا.

حوسێن ئەحمەد ئەحمەد میرانی (1949/ زمار/ موسڵ)، پێشمەرگەی یەکێتی، لە ڕۆژی (30.8.1976)دا لەگەڵ پێنج هاوڕێی دیکەیدا لە نزیک زاخۆ دەکەونە داوی سەرۆکجاش جەعفەر مستەفا ساڵح بێسفکی دۆسکی (فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ئەوکات و دواتریش سەرۆکجاشی فەوجی 24) و ڕادەستی حکومەتی بەعسی کردن، دواتر لە شەوی (31.3.1977)دا لە موسڵ لە سێدارە دەدرێن.

حوسێن ئیسماعیل محەمەد سەلیم (دهۆک/ کانیماسی/ تروانش). ئەندامی پدک، لە ڕۆژی (25.12.1980) دەستگیرکرا، دواتر لە شەوی (7.12.1981)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە درا.

حوسێن حەمە حەمە مەحمود ناسراو بە حوسێنە سوور (1.7.1955/ سلێمانی/ قەڵادزێ/ هێرۆ). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1977) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

حوسێن ڕەحمان سەعید عەبدوڵڵا بەرزنجی (1940/ هەولێر/ گۆمەشین). ئەندامی یەکێتی، لەلایەن یەکێتیی و پارتی شەهیدانەی هەیە، لە ڕۆژی (8.3.1978) لە شەڕی دەشتێو بەدیل گیرا، دواتر لە ڕێکەوتی (21.6.1978)دا لە موسڵ لە سێدارە درا.

حوسێن ڕەسوڵ ئەحمەد ڕەسوڵ (سلێمانی/ قەڵادزێ). ئەندامی یەکێتی، لە ڕێکەوتی (10.11.1977)دا لەگەڵ پۆلێک لە هەڤاڵانی گیران، لە ڕێکەوتی (31.12.1977)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانیان درا، دواتر هەموویان پێکەوە لە ڕۆژی (4.4.1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دران.

حوسێن ساڵح (سلێمانی/ هەڵەبجە). لەگەڵ (حەمەدئەمین ساڵح)ی برای پێکەوە لە شەوی (20.6.1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

حوسێن عەبدولڕەحمان سەعید (هەولێر/ دێگەڵە/ گۆمەشین). پێشمەرگەی یەکێتی، لە ڕۆژی (8.3.1978)دا لە شەڕی بەناوبانگی دەشتێو بەدیل گیرا، لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی دەدرێت، لە ڕۆژی (20.4.1978)دا مەرسومی کۆماری ژمارە (210)ی بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری لە سێدارەدانی دەردەچێت و دواتر ڕێکەوتی (15.6.1978)دا لە شاری موسڵ لە سێدارە درا.

حوسێن عەبدوڵلا حەسەن وسو نورەدینی (1955/ قەڵادزە/ گردباغ). پێشمەرگەی پارتی، لە شەوی (25.11.1980) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

حوسێن عەبدوڵلا حەسەن ڕەسوڵ (1.7.1932/ سلێمانی/ پشدەر). پێشمەرگەی حسک، لە ڕێکەوتی (17.5.1980)دا لە گوندی دووگۆمانی پشدەر لەگەڵ (9) پێشمەرگەی دیکەدا لەلایەن عەباس بایز باڵو ئاغای فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (9)ی ئیستخبارات و دواتر سەرۆکجاشی فەوجی (91)ی جاشە سووکەکان بەدیل گیران و ڕادەستی مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی کران، لە ڕۆژی (16.6.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک فەرمانی خنکاندنیان دەرچوو، دواتر لە ڕۆژی (30.12.1980)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دران.

حوسێن عومەر مستەفا عومەر ناسراو بە حوسێن شیوەلۆکی (1952/ هەولێر/ چۆمان/ شیوەلۆک). پێشمەرگەی یەکێتی، لە ڕۆژی (23.10.1978)دا لە گرتک و ڕوست لە سنووری چۆمان لەگەڵ ڕەسوڵ عومەر قادر و ڕەقیب عوسمان حەمەدئەمین حەسەن باڵەکی بەدەستی عەبدوڵلا حوسێن قادر ڕەسوڵ (عەبدوڵلا ماویلی)، سمکۆ حاجی خورشید و محەمەد ئەمین ڕەشاشی سەرۆکجاش گیران و ڕادەستی ڕژێمی بەعس کرانەوە، دواتر لە شەوی (21.2.1979)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دران. عەبدوڵلا ماویلی، دواتر لە ڕۆژی (4.9.1981) بەدەستی پێشمەرگەکانی (ی. ن. ک) لە گوندی دەرگەڵە کوژرا.

حوسێن کەریم عەبدوڵلا (1.7.1959/ سلێمانی/ قەڵادزە). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1981) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

حوسێن محەمەد غەفور (1957/ سلێمانی/ سابونکەران). ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، ئەندامی ڕێکخراوی پێشمەرگەی ناو شاری سلێمانی (یەکێتی)، لە ڕۆژی (21.12.1976)دا لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێ (ئیسماعیل قاسم عەلی، خەسرەو عەبدوڵلا حەمە ساڵح ناسراو بە خەسرەوی حەمدی، خۆشناو محەمەدئەمین عەزیز، محەمەد قاسم عەلی و نەسرەدین نەجمەدین عەلی) تەقەیان لە پارێزگاری سلێمانی محەمەدئەمین محەمەد ئەحمەد دۆسکی کرد و بریندار یان کرد و لە ڕێکەوتی (9.1.1977)دا لە زانکۆی سلێمانی کادیرێکی بەعسیان بەناوی ساڵح ئەلعانی کوشت، دواتر بەهۆی فەرهادی مەلا ڕەزا لە ڕۆژی (15.1.1977)دا بەگرتن دران، لە ڕێکەوتی (3.4.1977)دا لە هەیئە خاسەی شاری کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانیان دەرچوو، دواتر لە شەوی (17.5.1977)دا گشتیان لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دران.

حوسێن محەمەد کاکەوەیس (هەڵەبجە). ئەندامی کۆمەڵە و یەکێتی، لە شەوی (20.6.1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

حوسێن مەولود ئەحمەد خدر ناسراو بە مەلا عەلی (1953/ سلێمانی/ ماوەت / گوندی بەردبەرد). هەڵبەستوان، پێشمەرگە، کادیری پێشکەوتووی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و یەکێتی، لە ڕۆژی (30.1.1979) لە ئەنجامی ناپاکی کەسێکدا بەناوی کوێخا برایمی سابوراوا لە گوندی کرژەی سورداش لەگەڵ پێشمەرگەیەکی دیکە دکتۆر مارف (عوسمان عەبدولڕەحمان محەمەد عەسکەری) دەستگیر کران. دواتر لە ڕۆژی (6.6.1979)دا لە دادگای هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانیان دەرچوو، مخابن لە شەوی (23.7.1979)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دران.

خالید ئەسعەد قادر خۆشناو (1.7.1949/ هەولێر/ شەقڵاوە). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1981) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

خالید حوسێن عەبدوڵڵا (1.7.1956/ هەڵەبجە/ خورماڵ/ دەرەشیش). پێشمەرگەی یەکێتی، دوای بەدیل گرتنی لە ڕۆژی (29.8.1977)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیارە لە سێدارەدانی دەدرێ و دواتر لە ڕۆژی (10.10.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە درا.
خالید عەبدولقادر میرزا محەمەد نەورۆلی (1963/ هەڵەبجە). پێشمەرگەی پدک، لە ساڵی (1977)دا لە موسڵ لە سێدارە دراوە.
خالید کەریم عەبدوڵڵا داود ناسراو بە سەید خالید (1950/ هەولێر/ دیبەگە/ حەسارۆک). پێشمەرگەی حسک و لە لیستی شەهیدانی پارتی تۆمارکراوە، لە ڕۆژی (11.6.1980)دا لەنێوان بانیماران و شاخەپیسکە بەدیل گیرابوو، لە ڕۆژی (25.10.1980) لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە و شەوی (11.12.1980) لەگەڵ پێنج قارەمانی دیکە لە ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ لە سێدارە دران.
خالید محەمەد حەیول قۆتاس (1932/ دهۆک/ شێخان/ شکەفتیان). هاووڵاتی، لە شەوی (29.1.1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
خدر ئیبراهیم نەبی خاڵە (14.7.1959/ هەولێر/ گەڵاڵە/ ماونان). پێشمەرگەی یەکێتی، لە کۆتایی ساڵی (1978)دا بەدیل دەگیرێ و دواتر لە ڕۆژی (13.11.1980)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
خدر حەمەسوور (قەڵادزێ). ئەندامی یەکێتی، لە شەوی (30.11.1980)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
خدر ڕەسوڵ مەحمود حەمە (1951/ سلێمانی/ قەڵادزێ). ئەندامی یەکێتی، لە ڕێکەوتی (10.11.1977)دا لەگەڵ پۆلێک لە هەڤاڵانی گیران، لە ڕێکەوتی (31.12.1977)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانیان درا، دواتر هەموویان پێکەوە لە ڕۆژی (4.4.1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دران.
خدر عەبدوڵڵا خدر عیسا (1955/ سلێمانی/ سەنگەسەر/ قڕناقا). فەرماندەی مەفرەزەی یەکێتی، لە ڕۆژی (29.4.1977) لە گوندی پیران/ سەنگەسەر لەگەڵ هاوڕێیەکی دیکەیدا بەدیل دەگیرێن، دواتریش لە شەوی (21.9.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دەدرێن.
خدر محەمەد حوسێن ئەحمەد (هەولێر/ خەلیفان/ سرێشمە). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1977) لە بەندیخانەی موسڵ لە سێدارە دراوە.
خدر محەمەد مستەفا بابەکر پشدەری ناسراو بە خدری حەمەسوور یان خدر بادینی (1960/ سلێمانی/ قەڵادزێ/ گوندی بادینێ). پێشمەرگەی حسک، لە ڕێکەوتی (17.5.1980)دا لە گوندی دووگۆمانی پشدەر لەگەڵ (9) پێشمەرگەی دیکەدا لەلایەن عەباس بایز باڵو ئاغای فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (9)ی ئیستخبارات و دواتر سەرۆکجاشی فەوجی (91)ی جاشە سووکەکان بەدیل گیران و ڕادەستی مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی کران، لە ڕۆژی (16.6.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک فەرمانی خنکاندنیان دەرچوو، دواتر لە ڕۆژی (30.12.1980)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دران.
خدر مەحمود خدر موسا (1.7.1950/ گردە شێخاڵ/ شارۆچکەی هێرۆ/ قەڵادزێ/ سلێمانی). پێشمەرگەی یەکێتی، لە ڕۆژی (22.1.1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
خدر مەحمود مستەفا مەحمود (1943/ دهۆک/ بەرواری باڵا/ هروری)، بەرپرسی ڕێکخراوی پێشکەفتنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەرواری باڵا، لە ڕۆژی (20.1.1980)دا لەلایەن ئەمنی دهۆک گیراوە و لە ڕۆژی (7.9.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک فەرمانی لە سێدارەدانی دراوەو بۆ زیندانی موسڵ گواستراوەتەوە، لە شەوی (26.2.1981)دا لە بەندیخانەی موسڵ لەگەڵ (8) هەڤاڵی دیکەیدا لە سێدارە دراوە.
خدر نوری محەمەد موسا (سلێمانی/ قەڵادزێ). ئەندامی یەکێتی، لە ڕێکەوتی (10.11.1977)دا لەگەڵ پۆلێک لە هەڤاڵانی گیران، لە ڕێکەوتی (31.12.1977)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانیان دراوە، دواتر گشتیان پێکەوە لە ڕۆژی (4.4.1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراون.

خەسرۆ عەبدوڵڵا حەمە ساڵح ناسراو بە خەسرەوی حەمدی یان پۆڵا (سلێمانی). ئەندامی ڕێکخراوی پێشمەرگەی ناو شاری سلێمانی (ی. ن. ک)، لە ڕۆژی (21.12.1976)دا لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێ (ئیسماعیل قاسم عەلی، حوسێن محەمەد غەفور، خۆشناو محەمەدئەمین عەزیز، محەمەد قاسم عەلی و نەسرەدین نەجمەدین عەلی) تەقەیان لە پارێزگاری سلێمانی محەمەدئەمین محەمەد ئەحمەد دۆسکی کرد و برینداریان کرد و لە ڕێکەوتی (9.1.1977)دا لە زانکۆی سلێمانی کادیرێکی بەعسیان بەناوی ساڵح ئەلعانی کوشت، دواتر بەهۆی فەرهادی مەلا ڕەزا لە ڕۆژی (15.1.1977)دا بەگرتن دران، لە ڕێکەوتی (3.4.1977)دا لە هەیئە خاسەی شاری کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانیان دەرچوو، دواتر لە شەوی (17.5.1977)دا گشتیان لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دران.

خەمۆ تیلی ئامێدی/ مژێ (پدک)، لە ڕۆژی (17.12.1981)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە درا.

خۆشناو محەمەد ئەمین عەزیز (سلێمانی)، ئەندامی ڕێکخراوی پێشمەرگەی ناو شاری سلێمانی (ی. ن. ک)، لە ڕۆژی (21.12.1976)دا لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێ (ئیسماعیل قاسم عەلی، خەسرەو عەبدوڵڵا حەمەساڵح، حوسێن محەمەد غەفور، محەمەد قاسم عەلی و نەسرەدین نەجمەدین عەلی) تەقەیان لە پارێزگاری سلێمانی محەمەدئەمین محەمەد ئەحمەد دۆسکی کرد و برینداریان کرد و لە ڕێکەوتی (9.1.1977)دا لە زانکۆی سلێمانی کادیرێکی بەعسیان بەناوی ساڵح ئەلعانی کوشت، دواتر بەهۆی خۆفرۆش فەرهادی مەلا ڕەزا لە ڕۆژی (15.1.1977)دا بەگرتن دران، لە ڕۆژی (3.4.1977)دا لە هەیئە خاسەی شاری کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانیان دەرچوو، دواتر لە شەوی (17.5.1977)دا گشتیان لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دران.

دارا حەمید عەزیز محەمەد (1954/ کەرکوک/ کفری/ شێروانە). کادیری ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، لە ڕۆژی (20.8.1980) دەستگیرکرا، لە ڕۆژی (22.3.1981)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی دەرچووبوو، دواتر لە شەوی (27.5.1981)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە درا.

دلێر مستەفا عەبدوڵڵا ئەحمەد (22.1.1959/ هەولێر/ کۆیە). پێشمەرگەی یەکێتی، لە ڕۆژی (26.4.1981)دا لە کۆیە لەلایەن جاشەکانی قاسم فارس تاهیر ئاغا و چەتۆ کەریم سەعید بەدیل گیراوە، لە ڕۆژی (28.11.1981)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

دەخۆ کریڤ (دهۆک)، لە ساڵی (1980)دا لە موسڵ لە سێدارە دراوە.

دەروێش عەلی حەسەن بایز ئاغا مەنگوڕ (1957/ سلێمانی/ ژاراوە/ شەروێت). ئەندامی یەکێتی، لە ڕۆژی (28.12.1980)دا لە پشدەر گیراوە، لە ڕێکەوتی (18.7.1981)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دەدرێ و بۆ بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ دەگوازرێتەوە و لە شەوی (29.8.1981)دا لەگەڵ شەش هاوڕێی دیکەدا کە خزمی یەکتر بوون لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

ڕەزا حوسێن حەسەن ئەحمەد ناسراو بە وەستا ڕەزا (سلێمانی). پێشمەرگەی یەکێتی، لە ڕۆژی (22.2.1979)دا لە گوندی وەندەرێنەی شارەدێی بەرزنجە لە شارەزوور لەگەڵ ئاوات عومەر عەلی ئەمین ناسراو بە شێرکۆ لەلایەن کۆپتەرەوە بەدیل گیران و هەر لەو شەڕەدا پێشمەرگە ڕەحمان عومەر کەریم بابەکر ناسراو بە خاڵە وەفا (1947/ سلێمانی) شەهید بوو. دواتر ڕەزا و ئاوات لە ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (29.3.1979)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری خنکاندنیان دەرچوو، پاشان لە ڕۆژی (3.6.1979)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دران.

ڕەزاق کەریم نادر مۆریاسی (1953/ سلێمانی/ بەرزنجە). ئەندامی یەکێتی، لە هاوینی ساڵی (1977)دا لە بازگەی عەربەت بە دەمانچەوە گیراوە و دواتر لە ڕۆژی (15.11.1977)دا لە موسڵ لە سێدارە دراوە، بەڵام لەسەر گۆڕەکەی نووسراوە کە لە ڕێکەوتی (27.11.1977)دا لە سێدارە دراوە.

ڕەسوڵ حاجی عەوڵا ڕەسوڵ (قەڵادزە/ زەنگڵان)، لە ڕۆژی (28.4.1977)دا گیراوە، لە ڕێکەوتی (1.6.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە درا.

ڕەسوڵ حەسەن ئیبراهیم (سلێمانی/ قەڵادزە/ ئیسێوێ/ ئەشکەنە). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1977) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

ڕەسوڵ حوسێن ئەحمەد (هەولێر/ چۆمان/ قەسرێ). هاووڵاتی، لە ڕۆژی (12.5.1977)دا گیراوە، لە شەوی (22.9.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە درا.
ڕەسوڵ سلێمان حەمەدئەمین عەبدوڵڵا (سلێمانی/ سەنگەسەر). پێشمەرگەی حسک، لە ڕێکەوتی (17.5.1980)دا لە گوندی دووگۆمانی پشدەر لەگەڵ (9) پێشمەرگەی دیکەدا لەلایەن عەباس بایز باڵو ئاغای فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (9)ی ئیستخبارات و دواتر سەرۆکجاشی فەوجی (91)ی جاشە سووکەکان بەدیل گیران و ڕادەستی مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی کران، لە ڕۆژی (16.6.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک فەرمانی خنکاندنیان دەرچوو، دواتر لە ڕۆژی (30.12.1980)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دران.
ڕەسوڵ سلێمان محەمەدئەمین (1956/ سلێمانی/ سەنگەسەر). پێشمەرگەی یەکێتی، لە ناوەڕاستی ساڵی (1977)دا لە گوندی بێکڵۆ-ی سەنگەسەر بەدیل دەگیرێ، پاشان لە ڕێکەوتی (22.9.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە درا.
ڕەسوڵ سەلیم حەمەد ناسراو بە شێخ ڕەسوڵ (هەولێر/ حەریر). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1978) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
ڕەسوڵ عەلی (هاووڵاتی)، لە ڕۆژی (27.4.1977) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
ڕەسوڵ عومەر قادر عەلی ناسراو بە وەستا ڕەسوڵی خەیات (1949/ هەولێر/ گەڵاڵە)، هەڵبەستوان، هونەرمەند، پێشمەرگە و لێپرسراوی لیژنەی ناوچەی چۆمانی (ی. ن. ک)، لە ڕێکەوتی (23.10.1978)دا لە گرتک و ڕوست لە سنووری چۆمان لەگەڵ دوو پێشمەرگە (حوسێن عومەر مستەفا و ڕەقیب عوسمان حەمەدئەمین حەسەن باڵەکی) بەدەستی عەبدوڵڵا ماویلی (عەبدوڵڵا حوسێن قادر ڕەسوڵ)، سمکۆ حاجی خورشید و محەمەد ئەمین ڕەشاشی سەرۆکجاش گیران و ڕادەستی ڕژێم کران، دواتریش هەر سێکیان لە ڕێکەوتی (21.2.1979)دا لە بەندیخانەی موسڵ لە سێدارە دران.
ڕەسوڵ محەمەد غەفور ڕەسوڵ نورەدینی ناسراو بە مام ڕەسوڵ میرزا (1952/ سلێمانی/ قەڵادزێ). ئەندامی یەکێتی، لە ڕێکەوتی (15.11.1977)دا لەگەڵ پۆلێک لە هەڤاڵانی گیران، لە ڕێکەوتی (31.12.1977)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانیان دراوە، دواتر هەموویان پێکەوە لە ڕۆژی (6.4.1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دران.
ڕەسوڵ میرزا دڵشاد (سلێمانی/ قەڵادزێ). ئەندامی یەکێتی، لە ڕێکەوتی (10.11.1977)دا لەگەڵ پۆلێک لە هەڤاڵانی گیران، لە ڕێکەوتی (31.12.1977)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانیان درا، دواتر هەموویان پێکەوە لە ڕۆژی (4.4.1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دران.
ڕەشۆ داود (شەنگال/ موسڵ)، لە ساڵی (1989) لە موسڵ لە سێدارە دراوە.
ڕەشید ئەبوبەکر حەمەد حەسەن (1930/ هەولێر/ کۆیە/ سماقە). پێشمەرگەی هەرێمی هەشتی یەکێتی، لە ڕۆژی (4.1.1978) گیراوە و دواتر لە شەوی (18.6.1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
ڕەشید محەمەد سەعید قادر ناسراو بە حەمە ڕەشید قاینەجەیی (1947/ سلێمانی/ سەیدسادق/ قاینەجە). پێشمەرگەی یەکێتی، لە شەوی (25.10.1976)دا لەگەڵ چوار پێشمەرگەی یەکێتی لە ماڵەکەی خۆیدا بەدیل دەگیرێن و دواتر لە ڕێکەوتی (10.3.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دەدرێن. هەر ئەو شەوەی کە ئەو پۆلە پێشمەرگەیە بەدیل گیران، پێشمەرگەی هەڵبەستوان فاتیح حەیدەر عارف ناسراو فاتیح شێخ حەیدەر (1949/ هەڵەبجە)، کە ڕۆژی پێشتر ببووە پێشمەرگە، شەهید کرا.
ڕەشید محەمەد عەبدولڕەحمان ڕەشۆ میرانی (زومار/ موسڵ). پێشمەرگەی یەکێتی، لە ڕۆژی (30.8.1976)دا لەگەڵ پێنج هاوڕێی دیکەیدا لە نزیک زاخۆ لە داوی سەرۆکجاش جەعفەر مستەفا ساڵح بێسفکی دۆسکی (فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ئەوکات و دواتریش سەرۆکجاشی فەوجی 24) دەکەن، ئەویش ڕادەستی حکومەتی بەعسیان دەکات، دواتر لە شەوی (31.3.1977)دا لە موسڵ لە سێدارە دەدرێن.
ڕەشید هەمزە وسو شەخسە (سلێمانی). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1978) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

ڕەفیق زاهیر کەریم ئەحمەد گۆدە (1947/ هەولێر/ کۆیە). پێشمەرگەی یەکێتی، لە شەوی (27.4.1977)دا لەناو شاری کۆیە لە ماڵی ئەکرەم حەمید باخچەوان بەدیل گیرا، دواتر لە شەوی (22.6.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە درا.
ڕەفیق مارف (ئەندامی یەکێتی)، لە مانگی مای ساڵی (1979)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
ڕەئۆ داود شەنگالی (موسڵ/ شەنگال)، لە ساڵی (1989)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
ڕەقیب عوسمان حەمەدئەمین حەسەن باڵەک ناسراو بە ڕەوەز (1955/ هەولێر/ ڕوستێ). پێشمەرگەی یەکێتی، لە ڕۆژی (23.10.1978)دا لە گرتک و ڕوست لە سنووری چۆمان لەگەڵ دوو پێشمەرگە (ڕەسوڵ عومەر قادر و حوسێن عومەر مستەفا شیوەلۆکی) بەدەستی عەبدوڵڵا ماویلی (عەبدوڵڵا حوسێن قادر ڕەسوڵ)، سمکۆ حاجی خورشید و محەمەد ئەمین ڕەشاشی سەرۆکجاش گیران و ڕادەستی ڕژێم کران، دواتریش پێکەوە لە شەوی (21.2.1979)دا لە بەندیخانەی موسڵ لە سێدارە دران.
ڕەمۆ عەبدۆ حوسێن حەمەد سندی (1.7.1948/ سلێمانی/ هەڵەبجە). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1978) لە موسڵ لە سێدارە دراوە.
زرار عەلی عەبدوڵڵا ئۆمەر (هەولێر). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1981)دا لە کارگەی ڕستن و چنین (غزل والنسیج) بە برینداری گیراو دواتر لە ساڵی (1982) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە درا.
زرار محەمەد ساڵح محەمەدئەمین ناسراو بە چالاک (1961/ کەرکوک/ عەسکەر). پێشمەرگەی تیپی (21)ی کەرکوکی یەکێتی، لەگەڵ ستار محەمەدی برای لە ڕۆژی (5.7.1981)دا لەلایەن فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (55)ی بەعس محەمەد حەسەن محەمەد ناسراو بە حەمەی شێخ حەسەنی بەفراو گیراون، دواتر لە ڕۆژی (12.12.1981)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراون. حەمەی شێخ حەسەن شێخ محەمەدی بەفراو، لە ڕۆژی (10.6.1982)دا لە داستانی هەیدەربەگ بەدەستی پێشمەرگەکانی کەرتی (6) تیپی (21)ی کەرکوک کوژرا.
زەوقی ڕەزا ئیسماعیل محەمەد ناسراو بە مەلا زەوقی (1957/ کەرکوک/ شێخ بزێنی)، دانیشتووی شەدەڵە شارۆچکەی سورداش. هەڵبەستوان و پێشمەرگەی هەرێمی (4)ی یەکێتی، لە شەوی (26.3.1980)دا لە گوندی قزلەری سەرچنار بەهۆی ناپاکی کردنی خاوەن ماڵەکەوە کە لە ماڵیاندا خەوتبوون لەگەڵ حامید محەمەد ئەحمەد لەلایەن جاشەکانی عەلی گاور بەدیل گیران، لە ڕۆژی (1.6.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانیان درا و بۆ بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ گواسترانەوە، لە ڕۆژی (23.8.1980)دا لەو زیندانە لە سێدارە دران.
سابیر حوسێن ئەمین (1935/ سلێمانی/ قەرەداغ). پێشمەرگەی کەرتی قەرەداغی هەرێمی پێنجی یەکێتی، لە سەرەتای ساڵی (1978) لە گوندی نەوتی قەرەداغ بەدیل گیرا، دواتر لە شەوی (23.5.1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
سابیر ساڵح محەمەد عەلی ناسراو بە سابیر گەورەدێیی (1957/ سلێمانی/ چوارتا/ گەورەدێ). ئەندامی یەکێتی، لە ڕێکەوتی (29.1.1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
سادق عەبدوڵڵا عەبدولڕەحمان عەبدولقادر (1953/ دهۆک/ بەرواری باڵا/ کانیماسی/ ئورە). ئەندامی پدک، لە ڕۆژی (16.10.1980)دا دەگیرێ. لە ڕۆژی (2.2.1981)دا لە دادگای هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی دەدرێ و دواتر شەوی لە (18.3.1981)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دەدرێ.
سالار عەبدولکەریم حوسێن سوارە (1963/ سلێمانی/ دەربەندیخان/ دەرەدۆین). لە ساڵی (1978) پەیوەندی بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان دەکات و دەبێتە ئەندامی یەکێتی. لە ڕۆژی (28.10.1981)دا لە دەربەندیخان دەگیرێ و دواتر لە ڕۆژی (7.12.1981) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە درا.
سالار فەرەج خوادە (1.7.1951/ هەڵەبجە/ پرێس). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1978) لە بەندیخانەی موسڵ لە سێدارە دراوە.

سالم ئەحمەد جاسم بەڕۆشکی (1960/ دهۆک/ کوزو). ئەندامی پدک، لە ساڵی (1979) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
ساڵح ئەحمەد (هاووڵاتی)، لە ڕۆژی (23.2.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
ساڵح ئیسماعیل قادر (هەولێر/ ڕواندز/ ئاکۆیان). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1980) لە سێدارە دراوە.
ساڵح شەمدین محەمەد (1950/ ڕەئسلعەین). ئەندامی پدک، لە ساڵی (1977) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
ساڵح عەباس قادر ئەلیاس سۆرانی (1957/ هەولێر/ ڕواندز/ ئاکۆیان). ئەندامی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان (حسک)، لە ساڵی (1979)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
ساڵح کەریم ڕەحمان ناسراو بە ساڵح ڕەشاش (1967/ دیالە/ قۆرەتوو). ئەندامی یەکێتی، لە ڕۆژی (7.12.1981) لە زیندانی ڕژێم لە موسڵ لە سێدارە دراوە.
ساڵح کیندۆ نعمەت سلێمان ناسراو بە ساڵح زاخۆیی (1959/ دهۆک/ زاخۆ). سەر بە ڕێکخراوی پێشکەفتنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەرواری باڵا، لە ڕۆژی (23.1.1980)دا لەلایەن ئەمنی دهۆک گیراوە و و لە ڕۆژی (7.9.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک فەرمانی لە سێدارە دانی دراوەو بۆ زیندانی موسڵ گواستراوەتەوە، لە شەوی (26.2.1981)دا لە بەندیخانەی موسڵ لەگەڵ (8) هەڤاڵی دیکەیدا لە سێدارە دراوە.
ساڵح محەمەد ئەحمەد مەروێ (سلێمانی/ شارباژێر/ سیوەیل/ مەروێ). پێشمەرگەی یەکێتی، لە شەڕێکدا لە ڕۆژی (21.6.1978) لە نزیک گوندی دڕی ماوەت لەگەڵ دوو پێشمەرگەی دیکەدا (ئیبراهیم وەیس فەتاح و مستەفا حەمەعەلی محەمەد دەمرکانی) بەدیل گیران و دوای چەند مانگێک (ساڵح و ئیبراهیم) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دران، بەڵام مستەفا دەمرکانی لەبەر کەم تەمەنی بە بیست ساڵ زیندانی کردن سزا دراو دواتر لە ڕۆژی (19.8.1979)دا بە لێبووردنی گشتیی ئازاد کرا.
ساڵح مەحمود محەمەد شارستێنی (سلێمانی/ دوکان/ شارستێن). هاووڵاتی، لە ڕۆژی (12.5.1977)دا گیراوە، لە شەوی (22.9.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە درا.
سامان عەبدوڵڵا قادر فەرەج (1.7.1953/ موسڵ/ ڕەبیعە). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1978) لە موسڵ لە سێدارە دراوە.
ستار سادق محەمەدئەمین حوسێن مەنتک ناسراو بە ستار مەنتک (1956/ هەولێر/ قوشتەپە/ سەرمەزرا). ئەندامی یەکێتی، لە ڕێکەوتی (25.10.1977)دا لە زیندانی شاری موسڵ لە سێدارە دراوە.
ستار محەمەد ساڵح محەمەدئەمین ناسراو بە فەرەیدون (1960/ کەرکوک/ ئاغجەلەر/ عەسکەر). پێشمەرگەی تیپی (21)ی کەرکوکی یەکێتی، لەگەڵ ستار محەمەدی برای لە ڕۆژی (5.7.1981)دا لەلایەن فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (55)ی بەعس محەمەد حەسەن محەمەد ناسراو بە حەمەی شێخ حەسەنی بەفراو گیراون، دواتر لە ڕۆژی (12.12.1981)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراون.
سلێمان ڕەسوڵ عومەر پیرۆت (1957/ سلێمانی). ئەندامی یەکێتی، لە ڕۆژی (1.9.1978) گیراوە و دواتر لە ڕۆژی (11.2.1979)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
سلێمان عەبدوڵڵا ئیسماعیل پیرداود مهاجر (1.1.1960/ هەولێر/ ڕواندز). ئەندامی پدک، لە ڕۆژی (22.6.1980) گیراوە و دواتر لە بەرەبەیانی رۆژی (26.5.1981)دا لە ژووری سێدارەی موسڵ بەرەو سەربازگەی غەزلانی بردرا و لەوێ گوللە باران کرا.
سلێمان محەمەد سلێمان وەیس بابۆلی (1956/ هەولێر/ پیرمام/ دەربەندی گۆمەسپان). پێشمەرگەی یەکێتی، لە ڕۆژی (12.5.1977)دا بەدیل گیراوە، دواتر لە ڕێکەوتی (22.9.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
سلاح مەجید قادر حەمامچی (1941/ سلێمانی/ کانیسکان). ئەندامی ڕێکخراوی پێشمەرگەی ناو شاری سلێمانی (ی. ن. ک)، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی کۆمەڵە لە ڕۆژی (21.12.1976)دا تەقەیان لە پارێزگار محەمەد ئەمین محەمەد کرد و بریندایان کرد و لە ڕێکەوتی (9.1.1977)دا لە زانکۆی سلێمانی کادیرێکی بەعسیان بەناوی ساڵح ئەلعانی کوشت،

دواتر بەهۆی فەرهادی مەلا ڕەزا لە ڕێکەوتی (15.1.1977)دا بەگرتن دران، لە ڕێکەوتی (3.4.1977)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانیان دەرچوو و لەگەڵ (فەرەیدون عەبدولقادر عەبدوڵڵا، محەمەد حوسێن غەفور و یاسین محەمەد حەسەن) لە شەوی (17.5.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

سەباح جومعە عەبدوڵڵا کاکەیی (1957/ خانەقین). ئەندامی حشع، لە ساڵی (1981)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

سەباح خدر ڕەسوڵ حوسێن خۆشناو (هەولێر). ئەندامی یەکێتی، لە سەرەتای هاوینی ساڵی (1977)دا لە گەڕەکی سێتاقانی هەولێر لە چایخانەی مام یابە ڕەسوڵ خۆشناوی مامی لەلایەن کانەبی مەولود خدر مامەسێنی ناسراو بە کانۆ چاوشین، فەرماندەی مەفرەزە خاسەی بەعس، گیراو ڕادەستی ئەمنی هەولێر کرا، دواتر لە ڕێکەوتی (15.11.1977)دا لە موسڵ لە سێدارە دراوە.

سەباح زاهیر محەمەد محەمەدئەمین ناسراو بە سەباح هیرانی (هەولێر/ هیران). پێشمەرگەی هەرێمی (8)ی هەولێری یەکێتی، لە ڕۆژی (19.2.1978)دا لە نزیک گوندی چیوەی خۆشناوەتی لەلایەن جاشەکانی ئەنوەر بەگی بێتواتە دەستگیر کرا، دواتر لە ڕۆژی (18.3.1978)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک سزای سێدارەی بۆ دەردەچێ و پاشان لە ڕێکەوتی (23.5.1978)دا لە شاری موسڵ لە سێدارە درا.

سەباح مەجید سەعید ئەمین ناسراو بە ئومێد دەربەندیخانی (1966/ خانەقین/ مەیدان/ باغە هەنارە). ئەندامی یەکێتی، لە ڕێکەوتی (3.2.1981)دا لە عەربەت گیراوە. لە ڕۆژی (18.5.1981)دا لە هەیئە خاسەی شاری کەرکوک سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە، دواتر لە ڕێکەوتی (2.12.1981)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

سەدرەدین ئیسماعیل ئەحمەد حەسەن ناسراو بە سەدرە (هەولێر). پێشمەرگەی یەکێتی، لە ڕۆژی (12.5.1977)دا بە بریندارى لە گوندی حاجی قەڵای سەر بە کۆیە بەدیل گیرا، دواتر لە ڕێکەوتی (22.9.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە درا.

سەعید حەمە ساڵح محەمەد مەحمود (1947/ کەرکوک/ سەنگاو). پێشمەرگەی یەکێتی، لە شەوی (22.6.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

سەعید خدر ئەحمەد عەبدوڵڵا ناسراو بە سەعید کاتیا (1.7.1949/ سلێمانی/ ڕانیە/ بێتواتە). پێشمەرگەی یەکێتی، لە ڕۆژی (17.11.1976)دا لەلایەن ڕژێمی ئێران دەگیرێ و ڕادەستی حکومەتی ئێراق دەکرێتەوە، دواتر لە ڕۆژی (21.1.1977)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەردەچێ و لە ڕۆژی (27.4.1977)دا لەگەڵ هاوڕێکەی کەمال محەمەد مستەفا لە سێدارە دەدرێ.

سەعید سەعید تاهیر عەبدوڵڵا (1947/ دهۆک/ بەرواری باڵا/ هروری)، سەر بە ڕێکخراوی پێشکەفتنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەرواری باڵا، لە ڕۆژی (12.6.1980)دا لەلایەن ئەمنی دهۆک گیرا و لە ڕۆژی (7.9.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک فەرمانی لە سێدارە دانی دراو بۆ زیندانی موسڵ گواسترایەوە، لە شەوی (26.2.1981)دا لە بەندیخانەی موسڵ لەگەڵ (8) هەڤاڵی دیکەیدا لە سێدارە درا.

سەلیم سەعید محەمەد سیان (1931/ هەولێر/ قوشتەپە/ ئۆمەراوە). ئەندامی حشع، لە ڕۆژی (25.10.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە و لە شەوی (11.12.1980)دا لەگەڵ پێنج قارەمانی دیکە لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دران.

سەلیم کەریم شێخ محەمەد سمایل (هەولێر/ قوشتەپە/ قۆڕیتان). ئەندامی یەکێتی، لە ڕۆژی (8.5.1979)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

سۆران محەمەد قازی غەفار (1.7.1952/ دهۆک/ زاخۆ). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1977) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

سیامەند ئەحمەد عەبدولڕەحمان ئەحمەد گەردی (1948/ هەولێر/ مەسیف/ شێخان)، لە ڕۆژی (25.10.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دەرچووە و لە شەوی (11.12.1980)دا لەگەڵ (5) هاوڕێی دیکەدا پێکەوە لە بەندیخانەی موسڵ لە سێدارە دران.

سیروان ڕەسوڵ عەبدوڵڵا مەحمود ناسراو بە سیروان جاف (1959/ کەرکوک). لە ساڵی (1976) پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (ی. ن. ک) کردووە، لە ساڵی (1977) بۆتە پێشمەرگە، دوای دەستگیرکردنی لە ساڵی (1979)دا لە زیندانی ڕژێم لە موسڵ لە سێدارە درا.

شادومان عوسمان مەجید ڕەسوڵ ناسراو بە ئومێد (1958/ سلێمانی). پێشمەرگەی یەکێتی، لە پایزی ساڵی (1978)دا بەدیل دەگیرێ و پاشان لە ڕێکەوتی (20.2.1979)دا لە موسڵ لە سێدارە دەدرێ.

شاکر تەها یاسین حەمەد یونس گەردی (1963/ هەولێر/ تەیراوە). ئەندامی پدک، لە مانگی یازدەی ساڵی (1980) لەکاتی هەوڵی کوشتنی پارێزگاری هەولێر یەحیا جاف (یەحیا محەمەد ڕەشید جاف) لەناو تەلاری پارێزگای هەولێر دەستگیر کرا، لە ڕۆژی (1.6.1981)دا لە هەیئە خاسەی شاری کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی درا و لە ڕۆژی (13.6.1981)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

شەعبان محەمەد ئەحمەد محەمەد (1931/ دهۆک/ کانیماسی/ دێریشکێ). لە ڕۆژی (2.6.1977) گیراوە و لە ڕێکەوتی (22.9.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

شێخە محەمەد سلێمان وەیس بابۆڵی (1949/ هەولێر/ پیرمام/ دەربەندی گۆمەسپان). پێشمەرگەی یەکێتی و ئەندامی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، لە ڕۆژی (12.5.1977)دا بەدیل گیرا، دواتر لە شەوی (22.9.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

شێرکۆ حەمید حەمەساڵح ئەمین ناسراو بە دکتۆر سیروان (1960/ کەرکوک/ تەپە)، لە ساڵی (1978) لە هەرێمی دووی کەرکوکی یەکێتی بوو بە پێشمەرگە، لە مانگی نیسانی ساڵی (1980)دا بەهۆی ناپاکی کردنی کەسێک بەناوی جەبار شوانی لەناو بازاڕی شاری کەرکوک گیرا، دوا بەدوای ئەویش بەهۆی ناپاکی کردنی هەمان کەس واتە (جەبار شوانی)، کەسێکی دیکە بەناوی محەمەد حەسەن خورشید کەرکوکی ئەندامی کۆمیتەی ئاگری کەرکوک دەگیرێ و دۆسێی هەر دووکیان تێکەڵ بە یەکتر دەکەن، هەر دووکیان لە ڕۆژی (25.10.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری سێدارەیان دەدرێ، دوای سووککردنی سزای محەمەد حەسەن خورشید بۆ زیندانی هەتا هەتایە شێرکۆ حەمید بەگوێرەی فەرمانی کۆماری ژمارە (704)ی ڕێکەوتی (29.11.1980)، لە ڕۆژی (18.3.1981) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە درا. دواتر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە تۆڵەی گرتن و لە سێدارە دانی شەهید شێرکۆ، جەبار شوانی بەسزای گەل و شۆڕش گەیاند.

شێروان ڕەشید ئیسماعیل ئیبراهیم گەردی ناسراو بە شێرو جومناستیک (1.1.1960/ هەولێر). پێشمەرگەی یەکێتی، گەنجێکی گەڕەکی سەیداوەی شاری هەولێر بوو، چەند مانگێک بوو چووبووە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگە و بۆ ئەنجامدانی چالاکییەک لە کۆتایی ساڵی (1980)دا هاتبووە ناو شارو گیرابوو، دواتر لە ڕۆژی (7.3.1981) لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو، بۆ بەندیخانەی موسڵ گواسترایەوە، لە ڕێکەوتی (1.7.1981)دا لەوێ لە سێدارە درا.

عابد عەبدوڵڵا ئەحمەد (دهۆک)، ئەندامی پدک. لە ڕۆژی (4.6.1977)دا گیراوەو لە شەوی (22.9.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

عابد عەبدوڵڵا ئەلیاس ئیبراهیم (1954/ دهۆک/ زاوێتە). ئەندامی پدک، لە ڕۆژی (22.9.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

عادل تاهیر حەسەن (دهۆک/ بەرواری باڵا/ هروری)، سەر بە ڕێکخراوی پێشکەفتنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەرواری باڵا، لە ڕۆژی (12.6.1980)دا لەلایەن ئەمنی دهۆک گیراوە و لە ڕێکەوتی (7.9.1980)دا لە هەیئە خاسەی

کەرکوک فەرمانی لە سێدارەدانی دراو بۆ زیندانی موسڵ گواسترایەوە، لە شەوی (26.2.1981)دا لە بەندیخانەی موسڵ لەگەڵ (8) هەڤاڵی دیکەیدا لە سێدارە درا.

عزەت سدیق کەریم مەحمود سدیق خۆشناو ناسراو بە عزەت شەقلاوەیی (1948/ هەولێر/ شەقلاوە/ خۆران). پێشمەرگەی یەکێتی، لە ڕۆژی (30.8.1976)دا لەگەڵ پێنج هاوڕێی دیکەیدا لە نزیک زاخۆ دەکەونە داوی سەرۆکجاش جەعفەر مستەفا ساڵح بێسفکی دۆسکی (فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ئەوکات و دواتریش سەرۆکجاشی فەوجی 24) و ڕادەستی حکومەتی بەعسی کردن، دواتر لە شەوی (31.3.1977)دا لە موسڵ لە سێدارە درا.

عزەدین میرزئەدین قادر (کەرکوک/ چەمچەماڵ). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1982) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

عەباس عەزیز عەبدوڵڵا (هەولێر/ بەڕانەتی/ خەرابەدراو). پێشمەرگەی هەرێمی (8)ی هەولێری یەکێتی، لە ڕۆژی (19.10.1977)دا لە شەڕێکدا لە (گەلی باروتخانە) بەدیل دەگیرێ، دواتر لە شەوی (5.2.1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە درا.

عەباس عەزیز عەبدوڵڵا (سلێمانی)، لە ساڵی (1978)دا لە موسڵ لە سێدارە دراوە.

عەبدولڕەحمان حەسەن حوسێن (1952/ موسڵ/ شەنگال/ قەیرەوان/ باشوک). پێشمەرگەی یەکێتی، لە ڕۆژی (30.8.1976)دا لەگەڵ پێنج هاوڕێی دیکەیدا لە نزیک زاخۆ دەکەونە داوی سەرۆکجاش جەعفەر مستەفا ساڵح دۆسکی (فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ئەوکات و دواتریش سەرۆکجاشی فەوجی 24) و ڕادەستی حکومەتی بەعسی کردن، دواتر لە شەوی (31.3.1977)دا لە موسڵ لە سێدارە دەدرێ.

عەبدولڕەحمان حەسەن عەبدوڵڵا مستەفا خۆشناو ناسراو بە ڕەحمان حەسەن بێکەس (1947/ هەولێر/ پیرمام/ گراو). پێشمەرگەی یەکێتی، لە ناوەڕاستی مانگی مایسی ساڵی (1977)دا پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد، بەڵام هەر زۆر زوو لە گوندی چڕە لە ناوچەی زرارەتی بەدیل دەگیرێ. لە ڕۆژی (25.7.1977)دا لە دادگای هەیئە خاسەی کەرکوک سزای سێدارەی بۆ دەرچووە و دەگوازرێتەوە ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ و پاشان لە شەوی (25.10.1977)دا لەوێ لە سێدارە دراوە.

عەبدولڕەحمان ڕەسوڵ خدر ئەحمەد (1957/ سلێمانی/ بنگرد/ گوندی کێلەسور). لە ڕۆژی (16.3.1977)دا گیراوەو لە ڕۆژی (12.6.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە درا.

عەبدولڕەحمان محەمەد تاهیر، لە ڕێکەوتی (21.5.1979)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

عەبدولڕەحمان محەمەد ساڵح سەعید ناسراو بە چەتۆ (1.7.1951/ کەرکوک/ ئاغجەلەر/ عەسکەر). پێشمەرگەی یەکێتی، لە ڕۆژی (15.2.1980)دا لەگەڵ عومەر عەلی خدر مستەفا لەلایەن جاشەکانی حەمەی شێخ حەسەنی بەفراو بەدیل گیراوە، لە ڕۆژی (16.6.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی دراوە، دواتر لە شەوی (25.11.1980) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

عەبدولسەلام ئەحمەد خالید عومەر (1932/ دهۆک/ کانی ماسی/ تشیشێ)، ئەندامی پدک، لە ساڵی (1979)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

عەبدولسەمیع ئەحمەد مستەفا (1963/ کەرکوک/ چەمچەماڵ). ئەندامی یەکێتی، لە ڕۆژی (3.2.1981)دا لە چەمچەماڵ گیراوە. لە ڕۆژی (18.5.1981)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرچووەو لە ڕۆژی (2.12.1981)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

عەبدولعەزیز ساڵح عەزیز بەرزنجی (1957/ هەولێر/ گەلاڵە/ دەربەند). ئەندامی پدک، لە ساڵی (1984)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

عەبدولقادر جاسم حەمۆ شاهین (1946/ دهۆک/ زاخۆ). لە ڕۆژی (6.3.1977)دا گیراوە و دواتر لە ڕۆژی (27.7.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

عەبدولقادر حیکمەت داود خەلیل (10.11.1956/ هەولێر/ ڕواندز). ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان (یەکێتی). لە ڕۆژی (5.6.1977)دا لەلایەن دەزگای ئەمنی هەولێر دەستگیر کرا، لە ڕۆژی (29.6.1977) لە هەیئە خاسەی کەرکوک سزای سێدارەی بۆ دەرچووە و لە ڕێکەوتی (20.7.1977)دا دەگوازرێتەوە ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ و پاشان لە شەوی (10.10.1977)دا لە سێدارە درا.

عەبدولقادر عەلی قادر ئەحمەد (1957/ هەولێر/ شەقڵاوە). ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان (یەکێتی). خوێندکاری پۆلی شەشی ئامادەیی پیشەسازی هەولێر بەشی کارەبا. لە ڕۆژی (5.6.1977)دا لەگەڵ قادر حیکمەت داود گیرا، لە ڕۆژی (29.6.1977)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک سزای سێدارەی بۆ دەردەچێ و لە ڕێکەوتی (20.7.1977)دا دەگوازرێتەوە ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ و پاشان لە شەوی (10.10.1977)دا لە سێدارە درا.

عەبدولکەریم ئەمین کەریم (هەولێر). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

عەبدوڵڵا ئەحمەد عەبدولڕەحمان (هەڵەبجە)، لە شەوی (20.6.1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

عەبدوڵڵا ئەحمەد عەبدوڵڵا ئەحمەد ناسراو بە عەبدەلایێ دالێ (1951/ دهۆک/ بەرواری باڵا/ هروری)، سەر بە ڕێکخراوی پێشکەفتنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەرواری باڵا، لە ڕۆژی (12.6.1980)دا لەلایەن ئەمنی دهۆک گیراوە و لە ڕۆژی (7.9.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک فەرمانی لە سێدارەدانی دراو بۆ زیندانی سێدارەی موسڵ گواسترایەوە، لە شەوی (26.2.1981)دا لە بەندیخانەی موسڵ لەگەڵ (8) هەڤاڵی دیکەیدا لە سێدارە درا.

عەبدوڵڵا ئەحمەد محەمەد میراودەلی (سلێمانی/ قەڵادزێ)، لە ساڵی (1981)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

عەبدوڵڵا ئەسعەد وەلی (کەرکوک). ئەندامی یەکێتی، لە ڕۆژی (26.4.1977)دا لەگەڵ سێ هاوڕێی دیکەی شارەکەیدا لە موسڵ لە سێدارە دراوە.

عەبدوڵڵا تۆفیق قادر مارف گەڵاڵی ناسراو بە شەیدا (1950/ سلێمانی). دامەزرێنەر و ئەندامی سەرکردایەتی ڕێکخراوی ڕەنجدەرانی کوردستان (ئەندامی یەکێتی)، لە ڕۆژی (5.5.1977)دا لەگەڵ ئەحمەد خدر ئەحمەد ئیبراهیم و فائیق ئەمین ئەحمەد قادر گیراوە، لە ڕۆژی (15.6.1977)دا لە هەیئە خاسەی شاری کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی دەرچووە، پاشان لە شەوی (22.9.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراون.

عەبدوڵڵا حەسەن حەمەدسور کامەلا نورەدینی (1955/ سلێمانی/ قەڵادزێ). ئەندامی ینک، لە ڕۆژی (5.11.1977)دا لەگەڵ پۆلێک لە هەڤاڵانی گیران، لە ڕۆژی (31.12.1977)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانیان دراوە، دواتر لە ڕۆژی (4.4.1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دران.

عەبدوڵڵا حوسێن عەبدوڵڵا یەعقوب ناسراو بە عەبدوڵڵا بێشیری (1.7.1932/ سلێمانی/ قەڵادزێ/ هێرۆ). ئەندامی یەکێتی، لە ڕێکەوتی (30.11.1980)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

عەبدوڵڵا خدر سلێمان ناسراو بە عەوڵا سوور (1.7.1943/ سلێمانی/ قەڵادزێ). ئەندامی یەکێتی، لە ڕۆژی (12.5.1977)دا بەدیل گیراوە، لە ڕۆژی (21.9.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە درا.

عەبدوڵڵا ڕەسوڵ حەسەن قادر جاف (1962/ سلێمانی/ سورداش/ هەڵەدن). ئەندامی پدک، لە ساڵی (1981)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

عەبدوڵڵا سەلیم حەمەدئەمین سەعدوڵڵا زراری (1933/ هەولێر/ شەقڵاوە/ کاوانیان). ئەندامی یەکێتی، لە ڕۆژی (3.6.1979)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

عەبدوڵڵا سەلیم کەریم ئیسماعیل (1955/ سلێمانی/ ڕانیە). ئەندامی پدک، لە ساڵی (1979)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

عەبدوڵڵا شوکر خواجە محەمەد (1.7.1955/ سلێمانی/ پێنجوێن). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1978) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

عەبدوڵڵا قادر ئەحمەد عەبدوڵڵا ناسراو بە عەبە قازیفە (1955/ سلێمانی/ بازیان/ بارۆیی). ئەندامی یەکێتی، لە ڕۆژی (5.7.1977) گیراوە و دواتر لە شەوی (31.1.1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

عەبدوڵڵا قادر سادق (هاووڵاتی)، لە شەوی (31.1.1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
عەبدوڵڵا محەمەد خدر (سلێمانی/ گاپیلۆن/ گەورەدێ). ئەندامی یەکێتی و ڕێکخراوی تۆڵەی شەشی ئازار، لە ڕۆژی (9.8.1977)دا لەناو سلێمانی لە ئەنجامی ناپاکی کەسێکدا دەستگیرکرا، دواتر لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی دراوە، دواتریش لە شەوی (31.1.1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
عەبدوڵڵا مەحمود خدر قادر خۆشناو (1943/ هەولێر/ دیبەگە/ شۆڕیجە). ئەندامی پدک، لە ساڵی (1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
عەبدوڵڵا هەمزە هەڵشۆیی (سلێمانی/ قەڵادزێ/ هەڵشۆ). پێشمەرگەی حسک، لە ڕێکەوتی (17.5.1980)دا لە گوندی دووگۆمانی پشدەر لەگەڵ (9) پێشمەرگەی دیکەدا لەلایەن عەباس بایز باڵو ئاغای فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (9)ی ئیستخبارات و دواتر سەرۆکجاشی فەوجی (91)ی جاشە سووکەکان بەدیل گیران و ڕادەستی مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی کران، لە ڕۆژی (16.6.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک فەرمانی خنکاندنیان دەرچوو، دواتر لە ڕۆژی (30.12.1980)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دران.
عەبدولهادی سلێمان حەسەن سلێمان (1943/ دهۆک/ بەرواری باڵا/ هروری)، ئەندامی ڕێکخراوی پێشکەفتنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەرواری باڵا، لە ڕۆژی (12.6.1980)دا لەلایەن ئەمنی دهۆک گیراوە و لە ڕۆژی (7.9.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک فەرمانی لە سێدارەدانی دراو بۆ زیندانی سێدارەی موسڵ گواسترایەوە، دواتر لە شەوی (26.2.1981)دا لە بەندیخانەی موسڵ لەگەڵ (8) هەڤاڵی دیکەیدا لە سێدارە درا.
عەبدولواحێد کارەسوڵ محەمەد کاردی گەردی ناسراو بە مەلا واحێد (1960/ هەولێر/ بەڕانەتی/ قەرەقولیان). ئەندامی پدک، لە کۆتایی ساڵی (1981)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
عەدنان سابیر خدر ناسراو بە خەبات (1963/ کەرکوک/ چەمچەماڵ). ئەندامی یەکێتی، لە ڕێکەوتی (3.2.1981)دا لە چەمچەماڵ گیراوە. لە ڕۆژی (18.5.1981)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە، دواتر لە ڕێکەوتی (2.12.1981)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
عەزیز عەبدوڵڵا زۆراب خەسرەو ناسراو بە شەوکەت (1958/ سلێمانی). پێشمەرگەی کۆمەڵە و یەکێتیی، لە ڕۆژی (3.9.1977)دا لە گوندی قازانقایەی سەر بە قەرەداغ، لەلایەن جاشەکانی قالە فەرەج فەرماندەی مەفرەزە خاسەی (49) و تەحسین شاوەیس سەعیدی فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (50) و دواتر سەرۆکجاشی فەوجی (172)ی جاشەسووکەکان بەدیل گیرا، پاشان لە ڕێکەوتی (29.1.1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
عەزیز محەمەد ئەحمەد عەزیز (1.6.1957/ هەڵەبجە/ زەڵم). ئەندامی یەکێتی، لە ڕێکەوتی (20.6.1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە، بەڵام لە لیستی شەهیدان نووسراوە گوایە لە ڕێکەوتی (1.8.1978)دا لە هەمان زیندان لە سێدارە دراوە.
عەزیز مستەفا (سلێمانی)، ساڵی (1979) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
عەزیز مەحمود عەلی غەفور خەرپانی ناسراو بە مامۆستا عەزیز و ناوی ڕاستی محێدین-ە، (1944/ سلێمانی). ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی و بەرپرسی لقی دووی کەرکوک، لە ڕۆژی (17.10.1978)دا لەناو سلێمانی بەدیل گیرا، دواتر لە ڕۆژی (15.1.1979)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو، ڕۆژی دواتر بۆ ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ گواسترایەوە و لە ڕێکەوتی (25.3.1979)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراو تەرمەکەی نەدرایەوە. دوای ڕووخانی ڕژێم، تەرمەکەی لە ڕۆژی (18.6.2003)دا لە موسڵ بۆ سلێمانی گواسترایەوە.
عەلی ئەحمەد شەریف عەبدوڵڵا ناسراو بە عەلی ڕەش خەیات (1956/ سلێمانی). ئەندامی یەکێتی، لە ڕۆژی (21.5.1977) لەگەڵ دوو هاوڕێیدا (جەبار بچکۆڵی خەیات و عەلی محەمەد حوسێن سورچی) گیراوە و لە ڕۆژی (15.6.1977)دا لە هەیئە خاسەی شاری کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دەرچووە، لە ڕێکەوتی (22.9.1977)دا لەگەڵ دوو هاوڕێکەیدا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

عەلی ئەحمەد عەزیز ئەحمەد (1.7.1955/ سلێمانی/ چوارتا/ گاپیلۆن). ئەندامی یەکێتی، لە ڕۆژی (25.4.1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
عەلی تۆفیق عەبدولقادر حەیدەر ناسراو بە عەلائەدین (1957/ کەرکوک/ کفری). کادیری ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و یەکێتی، لە ڕۆژی (20.8.1980) گیرا، لە ڕۆژی (21.3.1981)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرچووبوو، دواتر لە ڕۆژی (27.5.1981)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
عەلی حەسەن بایز ئاغا مەنگوڕ (1912/ سلێمانی/ پشدەر). ئەندامی یەکێتی، لە ڕۆژی (28.12.1980)دا لە پشدەر گیراوە، لە ڕێکەوتی (18.7.1981)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دەدرێ و بۆ بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ دەگوازرێتەوە و لە ڕێکەوتی (29.8.1981)دا لەگەڵ شەش هاوڕێی دیکەدا کە خزمی یەکتر بوون لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
عەلی حەمەدئەمین نەسروڵڵا فەتحوڵڵا (1957/ سلێمانی/ قەڵادزێ/ سولتانەدێ). پێشمەرگەی حسک، لە ڕێکەوتی (17.5.1980)دا لە گوندی دووگۆمانی پشدەر لەگەڵ (9) پێشمەرگەی دیکەدا لەلایەن عەباس بایز باڵو ئاغای فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (9)ی ئیستخبارات و دواتر سەرۆکجاشی فەوجی (91)ی جاشە سووکەکان بەدیل گیران و ڕادەستی مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی کران، لە ڕۆژی (16.6.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک فەرمانی خنکاندنیان دەرچوو، دواتر لە ڕۆژی (30.12.1980)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دران.
عەلی حوسێن ئەحمەد کەریم ناسراو بە عەلی گلاراوایی (سلێمانی/ پێنجوێن/ گەرمک/ گلاراوا). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1978) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
عەلی عالی حوسێن، لە ڕێکەوتی (23.7.1979)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
عەلی عەبدوڵڵا عەبدولقادر (سلێمانی/ سەیدسادق/ سەرئاو). ئەندامی یەکێتی، لە ڕۆژی (30.6.1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
عەلی عەبدوڵڵا قادر فەرەج (1.7.1955/ سلێمانی/ سەیدسادق/ سەراو). پێشمەرگەی یەکێتی، لە ساڵی (1977)دا لە شەڕێکدا لە گوندی کانی سپیکەی بەرخ بەدیل دەگیرێ، دواتر لە ڕێکەوتی (20.5.1978) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
عەلی مارف شەریف مستەفا ناسراو بە عەلی بچکۆڵ (1948/ سلێمانی). پێشمەرگەی یەکێتی، لە ڕۆژی (14.2.1977) لە پێنجوێن بەدیل گیرا، دواتر لە ڕێکەوتی (21.9.1977)دا لە زیندانی شاری موسڵ لە سێدارە دراوە.
عەلی محەمەد حەسەن عەزیز (1.1.1958/ کەرکوک/ کفری). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1982) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
عەلی محەمەد حوسێن سورچی (هەولێر). ئەندامی یەکێتی، لە ڕۆژی (21.5.1977) لەگەڵ دوو هاوڕێیدا (عەلی ئەحمەد شەریف و جەبار بچکۆڵی خەیات) گیراوە و لە ڕۆژی (15.6.1977)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دەرچووە، لە ڕۆژی (22.9.1977)دا لە موسڵ لە سێدارە دراوە.
عەلی محەمەد شەریف (سلێمانی). ئەندامی یەکێتی، لە شەوی (22.9.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
عەلی محەمەدئەمین ئەحمەد نەوڕۆڵی ناسراو بە عەلی دەلێنی (1.7.1955/ سلێمانی/ سەیدسادق). پێشمەرگەی یەکێتی، لە شەوی (25/26.11.1979)دا لە دەرەوەی هەڵەبجە لە بۆسەیەکدا لەلایەن ساڵح عەبدوڵڵا محەمەد خانەقینی ناسراو بە (ساڵەی خەیات)ی فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت و جاشەکانی، پێشمەرگە حوسێن مەجید حامید کۆکۆیی فەرماندەی کەرت لە هەرێمی یەک شەهید و خۆیشی بە بریندار بەدیل گیراو ڕادەستی مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی و هەیئە خاسەی کەرکوک کرا. دواتر لە هەیئە خاسەی کەرکوک فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو و بۆ بەشی سێدارەی موسڵ گواسترایەوە، لە ڕۆژی (21.5.1981)دا لەو زیندانە لە سێدارە درا.
عەلی مەولود کاکل حەمەد (هەولێر). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1977) لە بەندیخانەی موسڵ لە سێدارە دراوە.

عەولا عەزیز فەتاح حەدۆ شێروانی (1960/ هەولێر/ مێرگەسۆر/ گۆڕەتوو). ئەندامی پدک، لە ساڵی (1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
عوسام تەها یاسین تەها ناسراو بە سمکۆ (1.7.1956/ هەولێر). ئەندامی یەکێتی و بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان. لە ڕۆژی (12.5.1977)دا بەدیل گیرا، دواتر لە ڕۆژی (22.9.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
عوسمان ئەحمەد عوسمان گۆران ناسراو بە عوسمان لاوە (1939/ هەولێر/ گۆمەگرۆو). پێشمەرگەی یەکێتی، لە مانگی حوزەیرانی ساڵی (1977)دا لە گوندی بانەمورد کۆپتەر بەدیلی گرت، دواتر لە ڕێکەوتی (22.9.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە درا.
عوسمان حەسەن ئیسماعیل حەسەن (1951/ سلێمانی/ چوارقوڕنە)، لە ڕۆژی (7.2.1981)دا گیراوە و لە ڕێکەوتی (7.12.1981)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
عوسمان خدر مستەفا خدر (1957/ کەرکوک/ ئاغجەلەر/ عەسکەر). ئەندامی کۆمەڵە و پێشمەرگەی یەکێتی، لە شەوی (26.3.1980)دا لەگەڵ حەسەن فەقێ عەلی عەسکەری لەلایەن جاشەکانی عەلی گاور و ئەمنی ڕژێم گیراوە، دواتر لە ڕۆژی (16.6.1980)دا هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی بۆ دەرچووە، پاشانیش لە شەوی (13.11.1980) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
عوسمان شەفیق فەرەج ئەمین نورەدینی ناسراو بە عوسمانی بەرگدروو (1958/ سلێمانی/ قەڵادزێ). ئەندامی یەکێتی، لە ڕێکەوتی (15.11.1977)دا لەگەڵ پۆلێک لە هەڤاڵانی گیران، لە ڕێکەوتی (31.12.1977)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانیان دراوە، دواتر هەموویان پێکەوە لە ڕۆژی (4.5.1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دران.
عوسمان عەبدولڕەحمان محەمەد قادر ناسراو بە دکتۆر مارف (1957/ کەرکوک/ ئاغجەلەر/ عەسکەر). پێشمەرگەی یەکێتی، لە ڕۆژی (30.1.1979) لە ئەنجامی ناپاکی کەسێکدا بەناوی کوێخا برایمی سابوراوا لەگەڵ کادیر و هەڵبەستوان حوسێن مەولود ئەحمەد خدر (مەلا عەلی)، لە گوندی کرژەی سورداش دەستگیر کراون. دواتر لە ڕۆژی (6.6.1979)دا لە دادگای هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانیان دەرچووە و لە ڕۆژی (23.7.1979)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراون.
عوسمان فەرەج مارف ئەحمەد ناسراو بە هێمن (1945/ سلێمانی/ چوارتا/ حاجی مامەند). ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و ئامۆزای شەهید جەماله ڕەش، لە ڕۆژی (15.4.1977)دا دەستگیرکراوە و لە ڕێکەوتی (22.9.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
عوسمان محەمەد مەحمود ساڵح ناسراو بە مام عوسمان (1916/ سلێمانی). ئەندامی حشع، لە ڕۆژی (1.1.1980)دا گیراوەو لە ڕێکەوتی (25.11.1980)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
عوسمان مەحمود خدر دەروێش (کەرکوک). ئەندامی یەکێتی، لەساڵی (1976) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
عوسمان مەحمود محەمەد (1.7.1916/ هەولێر/ کۆیە). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1980) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
عومەر ئەحمەد خەیات (1955/ سلێمانی). ئەندامی یەکێتی و ڕێکخراوی تۆڵەی شەشی ئازار)، لە ڕۆژی (9.8.1977)دا لەناو سلێمانی لە ئەنجامی ناپاکی کەسێکدا دەستگیرکرا، دواتر لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی درا و لە شەوی (31.1.1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە درا.
عومەر تەها عەلی خدر خۆشناو (1952/ هەولێر/ هیران/ دۆڕێ). پێشمەرگەی هەرێمی (8)ی هەولێری یەکێتی، لە ڕێکەوتی (19.2.1978)دا لە نزیک گوندی چیوەی خۆشناوەتی لەلایەن جاشەکانی ئەنوەر بەگی بێتواتە دەستگیر کرا، دواتر لە ڕۆژی (18.3.1978)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک سزای سێدارەی بۆ دەردەچێ، پاشان لە ڕێکەوتی (23.5.1978)دا لە شاری موسڵ لە سێدارە درا.

عومەر حەسەن محەمەد مەحمود ناسراو بە عومەری خەیات (1954/ سلێمانی). ئەندامی یەکێتی، لە ڕێکەوتی (31.1.1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
عومەر حەمە سالّح ڕەشید ناسراو بە جەمشید (1957/ سلێمانی). پێشمەرگەی یەکێتی لە هەرێمی سێی شارباژێڕ، لە کۆتایی مانگی ئایاری ساڵی (1977) لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دەدرێ، دواتر لە ڕێکەوتی (25.8.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
عومەر ڕەسوڵ عەزیز مستەفا ناسراو بە عومەری شێخ ڕەسوڵ (1.7.1957/ سلێمانی/ سەیدسادق/ کەڵوەڕان). پێشمەرگەی یەکێتی لە کەرتی (3)ی شەهید هاواری سەر بە هەرێمی (1). لە شەڕێکدا لە ڕۆژی (26.3.1980)دا لە گوندی کەڵوەڕانی شارەزوور بەدیل گیرابوو، دواتر لە ڕۆژی (16.8.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی دراوە و بۆ بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ گواستراوەتەوە، لە ڕۆژی (3.1.1981)دا لەو زیندانە لە سێدارە دراوە.
عومەر ڕەشید مامەند (1.7.1957/ سلێمانی/ شارباژێڕ). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1978) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
عومەر سادق قادر عەلی (1954/ هەولێر/ قوشتەپە/ قەشقە). ئەندامی یەکێتی، ڕۆژی (8.3.1978)دا لە نزیک گوندی سێنارە بەدیل گیرا، پاشان لە ڕۆژی (11.8.1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە درا.
عومەر سەلیم سەعید حەمەد سیان ناسراو بە عومەر ژیسێ (1964/ هەولێر/ قوشتەپە/ ئۆمەراوە). پێشمەرگەی حسک لە هەرێمی هەشتی دەشتی هەولێر، لە ڕۆژی (29.1.1982)دا واتە دوو ڕۆژ دوای شەڕی سێکانیان لەلایەن جاشەوە بەدیل گیرا، دواتر لە ڕۆژی (19.6.1982) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
عومەر عەبدولقادر ئەمین محەمەد ناسراو بە هاوڕێ (1958/ سلێمانی). پێشمەرگەی یەکێتی، لە سەرەتای ساڵی (1978) لەناو سلێمانی بەدیل دەگیرێ، دواتر لە ڕێکەوتی (18.6.1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
عومەر عەبدوڵڵا سیروان (هاووڵاتی)، لە شەوی (31.1.1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
عومەر عەبدوڵڵا عەبدولکەریم عەبدوڵڵا (سلێمانی). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1978) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
عومەر عەبدوڵڵا عوبێد ناسراو بە عومەر سیروان (1957/ سلێمانی). پێشمەرگەی یەکێتی، لە سەرەتای هاوینی ساڵی (1977) گیراوە، دواتر لە ڕۆژی (31.1.1978)دا لە موسڵ لە سێدارە دراوە.
عومەر عەبدوڵڵا محەمەد جاف (سلێمانی). ئەندامی یەکێتی، لە ڕۆژی (22.9.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە درا.
عومەر عەبدوڵڵا محەمەد قادر. پێشمەرگەی یەکێتی، لە مانگی تەموزی ساڵی (1977)دا لە ئێران دەگیرێ و لە ڕێکەوتی (1.9.1977)دا ڕادەستی ئەمنی هەڵەبجە دەکرێتەوە، لە ڕۆژی (31.1.1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دەدرێ.
عومەر عەلی خدر محەمەد ناسراو بە هاوڕێ (1956/ کەرکوک/ ئاغجەلەر/ عەسکەر). ئەندامی کۆمەڵە و پێشمەرگەی یەکێتی، لە ڕۆژی (10.3.1980)دا لەلایەن جاشەکانی حەمەی شێخ حەسەنی بەفراو بەدیل گیراوە، لە ڕۆژی (16.6.1980)دا لە هەیئە خاسەی شاری کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی دراوە، دواتریش لە شەوی (25.11.1980) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
عومەر عەلی محەمەدئەمین (سلێمانی). پێشمەرگەی یەکێتی، لە ساڵی (1979)دا لە سنووری پێنجوێن بەدیل گیراوەو دواتر هەمان ساڵ لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
عومەر غەریب فەتحوڵڵا عەبدوڵڵا (1.7.1955/ سلێمانی/ بازیان). پێشمەرگەی یەکێتی، لە مانگی نیسانی ساڵی (1977) لەگەڵ هادی عەلی عەبدوڵڵا لە گوندی قەدەفەر بەدیل گیران، لە ڕێکەوتی (25.10.1977)دا لە هەیئەی کەرکوک سزای سێدارەی بۆ دەردەچێ و لە ڕۆژی (13.11.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

عومەر کەریم ئەحمەد، لە ڕۆژی (12.8.1979)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دەرچووە و کۆتایی هەمان ساڵ لە موسڵ لە سێدارە دراوە.
عومەر میرزا شاموراد ناسراو بە نەبەز (1939/ سلێمانی). پێشمەرگەی هەرێمی 5ی قەرەداغی یەکێتی، لە ڕۆژی (16.12.1979)دا لە شەڕێکدا لە نێوان گوندەکانی جێشانە و دارۆغان لە چەمی ئالێشەی سەر بە سەرچنار بە برینداری لەلایەن مەفرەزەیەکی ئیستخبارات، جاشەکانی عوسەی ئۆکل و حەمەی حەسۆل بەدیل گیرا، لە ڕۆژی (17.3.1981)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە و بۆ ژووری سێدارەی موسڵ گواستراوەتەوە. لەوێ هاوکاری (بەرزان عومەر عەلی، جەلال ئەحمەد مەحمود محەمەد سورداشی و جەمیل ئەحمەد مەحمود حەمە دیبەگەیی) کرد، کە بیریان لە شکاندنی زیندانەکە کردبووەوە و پلان و نەخشەیان بۆ داڕشتبوو. بەڵام عومەر میرزا، بەگوێرەی مەرسومی کۆماری ژمارە (184)ی ڕۆژی (19.4.1981) و تەنیا بە (6) ڕۆژ بەر لە ئەنجامدانی نەخشەکە لە ڕێکەوتی (27.5.1981)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە درا. دوای لە سێدارەدانی عومەر میرزا و هاوڕێکانی، (38) هاوڕێی دیکە لە شەوی (2.6.1981)دا نەخشە و پلانەکەی ئەوانیان جێبەجێکرد، بەڵام بەداخەوە هەموویان گیرانەوە و لە مێژووی جیاجیادا لە سێدارە دران.
غەریب عومەر ئەمین مەحمود ناسراو بە غەریب ئەمین خولەی بوک (1945/ سلێمانی/ سەرشەقام). پێشمەرگەی یەکێتی، بەڵام وەکو شەهیدی پارتی تۆمار کراوە. لە ڕۆژی (13.4.1977) لە نزیک تانجەرۆ بەدیل دەگیرێ، لە ڕۆژی (29.7.1979)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دەرچووە، دواتر لە ڕێکەوتی (16.10.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
غەفور عەزیز عەبدوڵڵا (هەولێر). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1979) لە بەندیخانەی موسڵ لە سێدارە دراوە.
فائیق ئەمین ئەحمەد قادر ناسراو بە فائیق دەرەویانی (1939/ سلێمانی/ قەرەداغ). ئەندامی یەکێتی، لە ڕۆژی (5.5.1977)دا لەگەڵ ئەحمەد خدر ئەحمەد ئیبراهیم و کەمال محەمەد ساڵح بەرزنجی گیراوە، لە ڕۆژی (15.6.1977)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی دەرچووە، پاشان لە ڕێکەوتی (22.9.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
فائیق عەبدوڵڵا مەلا ڕەسوڵ ناسراو بە هێرش (1957/ کەرکوک). ئەندامی یەکێتی، لە ڕۆژی (12.6.1977)دا گیراوە، لە ڕێکەوتی (24.2.1978)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دەرچووە، دواتر لە ڕێکەوتی (22.4.1978) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە، بەڵام لەسەر گۆڕەکەی نووسراوە کە لە ڕێکەوتی (22.4.1979)دا لە سێدارە دراوە.
فائیق محەمەد ڕەسوڵ (سلێمانی). پێشمەرگەی یەکێتی، لە ساڵی (1977)دا لە موسڵ لە سێدارە دراوە.
فائیق مستەفا عەبدوڵڵا قادر (1955/ سلێمانی/ چوارتا/ ماڵومە). ئەندامی یەکێتی، لە ڕۆژی (25.4.1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
فازڵ عەبدوڵڵا عەلی ناسراو بە فازڵ شلی (دهۆک/ سەرسەنگ). ئەندامی پدک، لە ساڵی (1981)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
فازڵ عەبدوڵڵا عیسا شەریف (1942/ دهۆک/ سیمێل/ شاریا). - ئەندامی پدک، لە ڕۆژی (16.10.1980)دا دەگیرێ. لە ڕۆژی (2.2.1981)دا لە دادگای هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی دەدرێ و دواتر لە ڕێکەوتی (18.3.1981)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دەدرێ.
فازڵ محەمەد ئەحمەد عەلی ناسراو بە بێکەس (کەرکوک). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1979) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
فازڵ محەمەد غەریب سەعید ناسراو بە کاکەسوور (1954/ سلێمانی). ئەندامی یەکێتی و جێگری فەرماندەی هەرێمی (9). لە ڕۆژی (7.9.1980)دا بەدەستی عەزیز خۆشناوی بەرپرسی لقی سلێمانی پارتی دیموکراتی کوردستانی حزبە کارتۆنییەکەی بەغدا ڕادەستی ئەمنی سلێمانی دەکرێ و لە ڕۆژی (18.5.1981)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری

لە سێدارەدانی دەدرێت و ڕۆژی دواتر دەگوازرێتەوە بۆ ژووری سێدارەی موسڵ، دواتریش بەگوێرەی فەرمانی کۆماری ژمارە (305)ی ڕۆژی (13.6.1981)، لە ڕۆژی (1.7.1981) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە. عەزیز محەمەد خۆشناوی بکوژی شەهید فازڵ، تاوانی دیکەی زۆری ئەنجام دابوو بۆیە لە ڕۆژی (7.4.1993)دا لە سلێمانی لەلایەن کەسانێکی نادیارەوە کوژرا.

فەتاح حال شوکر شێروانی (1959/ هەولێر/ شێروان مازن/ کانی بۆتێ). ئەندامی پدک، لە ساڵی (1981) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

فەتاح سلێمان (ڕواندز/ گەرون)، لە مانگی مایسی ساڵی (1982) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

فەخری ڕەمەزان عوسمان سەعدی (1947/ دهۆک/ زاخۆ)، لە ڕۆژی (6.3.1977)دا دەستگیرکراوە، دواتر لە ڕێکەوتی (27.7.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

فەخری سەعید عەلی محەمەد سەلیم (1952/ دهۆک/ مانگێشکێ/ دەرگەلا شێخا). ئەندامی پدک، لە ساڵی (1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

فەرخە عەبدوڵڵا فەرخە حوسێن ناسراو بە فاخیر (1.7.1947/ سلێمانی/ قەڵادزێ/ هەڵشۆ). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1979)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

فەرزە عەبدوڵڵا فەرزە. ئەندامی یەکێتی، لە ڕۆژی (25.11.1980)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

فەرەیدون عەبدولقادر عەبدوڵڵا مارف (1.7.1957/ سلێمانی). ئەندامی ڕێکخراوی پێشمەرگەی ناو شاری سلێمانی (یەکێتی)، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی کۆمەڵە لە ڕۆژی (21.12.1976)دا تەقەیان لە پارێزگار محەمەد ئەمین محەمەد کرد و برینداریان کرد و لە ڕۆژی (9.1.1977)دا لە زانکۆی سلێمانی کادیرێکی بەعسیان بەناوی ساڵح ئەلعانی کوشت، دواتر بەهۆی فەرهادی مەلا ڕەزا لە ڕۆژی (26.3.1977)دا بەگرتن دران، لە ڕۆژی (3.4.1977)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانیان دەرچوو و پاشان لەگەڵ (سەلاح مەجید قادر، محەمەد حوسێن غەفور و یاسین محەمەد حەسەن ناسراو بە یاسینە ڕەش) لە ڕێکەوتی (17.5.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە، بەڵام لەسەر گۆڕەکەی نووسراوە کە لە ڕێکەوتی (1.5.1977)دا لە سێدارە دراوە.

فەقێ عەبدوڵڵا فەقێ (سلێمانی/ قەڵادزێ). پێشمەرگەی حسک، لە ڕێکەوتی (17.5.1980)دا لە گوندی دووگۆمانی پشدەر لەگەڵ (9) پێشمەرگەی دیکەدا لەلایەن عەباس بایز باڵو ئاغای فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (9)ی ئیستخبارات و دواتر سەرۆکجاشی فەوجی (91)ی جاشە سووکەکان بەدیل گیران و ڕادەستی ئیستخباراتی شیمالی کران، پاشان فەرمانی خنکاندنیان لە هەیئە خاسەی کەرکوک بۆ دەرچوو، لە ڕۆژی (30.12.1980)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دران.

فەوزی نەجم نوری خەتاب (1960/ کەرکوک/ شوان/ قادر زەمە). ئەندامی یەکێتی، لە ڕێکەوتی (22.6.1977)دا لەگەڵ سێ هاوڕێی دیکەی شارەکەیدا (لەنێویاندا تاهیر ئەحمەد محەمەد و عەبدوڵڵا ئەسعەد وەلی) لە موسڵ لە سێدارە دراوە.

فەیسەڵ قادر ئیسماعیل ئەحمەد ناسراو بە وەستا فەیسەڵ (1955/ هەولێر/ دیگەڵە/ چەمرگە). پێشمەرگەی هەرێمی (8)ی هەولێری یەکێتی. لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی (1977)دا لە گوندی شاخەپیسکە بەدیل دەگیرێ و دواتر لە ڕۆژی (3.4.1978)دا لە موسڵ لە سێدارە دراوە.

فوئاد عەبدوڵڵا تۆفیق حەوێز (1959/ هەولێر/ کۆیە/ میرسەیدە). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1977)دا لەلایەن ئەمنی ڕژێم گیراوە، دواتر هەر لەم ساڵەدا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

قادر حەمزە حەسەن بایز ئاغا مەنگوڕ (1.7.1957/ سلێمانی/ ژاراوە/ شەرویت). ئەندامی یەکێتی، لە ڕۆژی (28.12.1980)دا لە پشدەر گیراوە، لە ڕێکەوتی (18.7.1981)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دەدرێ و بۆ بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ دەگوازرێتەوە و لە ڕێکەوتی (29.8.1981)دا لەگەڵ شەش هاوڕێی دیکەدا کە خزمی یەکتر بوون لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

قادر عوسمان فەتاح خدر ناسراو بە ملازم عەبدولقادر پێداوی (1947/ دهۆک/ زاویتە/ پێدە). ئەندامی ڕێکخستنی پارتی دیموکراتی کوردستان. لە ڕۆژی (4.6.1977)دا گیراوە و دواتر لە ڕۆژی (22.9.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
قارەمان (هیرەمان) عەلی عەبدوڵڵا سەمیع ناسراو بە قارەمانی عەلی شۆڕی (1956/ هەولێر/ دیبەگە). پێشمەرگەی حسک و بە شەهیدی یەکێتی تۆمارکراوە، لە شەڕێکدا لە مانگی تەموزی ساڵی (1981)دا لە بەستی شەرغە نزیک گوندی (بەردەسپی) بە برینداری لەلایەن کۆپتەرەکانی ڕژێمەوە بەدیل گیرا، لە ڕێکەوتی (14.10.1981)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی دەرچوو، پاشان بەگوێرەی فەرمانی کۆماری ژمارە (592)ی ڕێکەوتی (28.10.1981)، لە ڕێکەوتی (7.12.1981)دا لە بەندیخانەی موسڵ لە سێدارە دراوە.
کازم مەزهەر بیلال عەبدوڵڵا ناسراو بە بێکەس (1957/ سلێمانی/ سیوەیل/ شەهابەدین). پێشمەرگەی یەکێتی، لە ڕۆژی (14.5.1981)دا لە ناوچەی کەناروێ لەگەڵ کامەران کەریم سەنگاوی و پێشمەرگەیەکی دیکە بەدیل گیران و دواتر لە ڕێکەوتی (16.11.1981)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دەدرێن.
کاکەبرا محەمەد ڕەشید ئەحمەد قەڵاسیوکەیی (1965/ کەرکوک/ ئاغجەلەر/ کانی هەنجیرە)، لە ڕێکەوتی (7.12.1981)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
کامەران جەلال عەزیز حوسێن (کەرکوک/ ئیمام قاسم). پێشمەرگەی کەرتی قەرەداغی هەرێمی 5ی یەکێتی، لە ڕۆژی (10.3.1981)دا گیرا، دواتر لە ڕۆژی (23.5.1981)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی دەرچووبوو، پاشانیش لە موسڵ لە سێدارە درا.
کامەران کەریم محەمەد جوبرائیل (1965/ کەرکوک/ سەنگاو/ خوێڵین). پێشمەرگەی یەکێتی، ڕۆژی (14.5.1981) لە ناوچەی کەناروێ لەگەڵ کازم مەزهەر بیلال و پێشمەرگەیەکی دیکە بەدیل گیران، دواتر لە ڕێکەوتی (16.11.1981)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دەدرێن.
کامیل حەمەعەلی ئیبراهیم (سلێمانی/ بەکرەجۆ). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1979) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
کامیل شێخ عارف قادر (1961/ سلێمانی). ئەندامی یەکێتی، لەناو سلێمانی بە تۆمەتی هەوڵی کوشتنی ملازم موحسین گیرا و لە مانگی (6)ی ساڵی (1981)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی دەرچوو، بەپێی مەرسومی کۆماری ژمارە (431)ی ڕێکەوتی (2.7.1981)، لە ڕۆژی (5.12.1981)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
کەریم ئەحمەد کەریم ئەحمەد ناسراو بە حەمە کەریم قیادة واحدة یان سەربەست (1.7.1947/ دیانا/ گوندی زەروان/ دانیشتووی قەڵادزێ). پێشمەرگەی یەکێتی، لە ڕۆژی (10.1.1980) گیراوە، لە ڕۆژی (25.10.1980) لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرچووبوو، دواتر لە ڕێکەوتی (19.1.1981) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە درا.
کەریم ئیبراهیم حەسەن بەگ جاف (1952/ سلێمانی/ شارەزوور). ئەندامی پدک، لە ساڵی (1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
کەریم سابیر میکائیل سمایل (هەولێر). ئەندامی یەکێتی، لە ڕۆژی (19.3.1977)دا لە موسڵ لە سێدارە دراوە.
کەریم محەمەد ساڵح ئیسماعیل (1952/ سلێمانی/ کارێزە/ گاپیلۆن). ئەندامی یەکێتی، لە مانگی ئابی ساڵی (1977)دا گیراوە، دواتر لە ڕۆژی (29.1.1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
کەریم میکائیل ئەحمەد (هەولێر). ئەندامی یەکێتی، لە ڕێکەوتی (2.11.1992)دا لە بەندیخانەی موسڵ لە سێدارە دراوە.
کەمال سلێمان ساڵح ڕۆستەم (1954/ هەولێر/ کۆیە). پێشمەرگەی یەکێتی، لە ڕۆژی (10.3.1979)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
کەمال محەمەد ساڵح محەمەد بەرزنجی ناسراو بە شێخ کەمال (26.8.1952/ کەرکوک). دامەزرێنەر و ئەندامی سەرکردایەتی ڕێکخراوی ڕەنجدەرانی کوردستان (یەکێتی). لە ڕۆژی (5.5.1977)دا گیراوە، لە ڕۆژی (15.6.1977)دا

لە هەیئە خاسەی شاری کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی دەرچووە، دواتر لە ڕێکەوتی (22.9.1977)دا لە موسڵ لە سێدارە دراوە.
کەمال محەمەد مستەفا قادر (1952/ سلێمانی/ ڕانیە/ بێتواتە). پێشمەرگەی یەکێتی، لە ڕۆژی (17.11.1976)دا لەلایەن ڕژێمی ئێران دەگیرێ و ڕادەستی حکومەتی ئێراق دەکرێتەوە، دواتر لە ڕێکەوتی (21.1.1977)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەردەچێ و لە ڕێکەوتی (27.4.1977)دا لەگەڵ هەڤاڵەکەی سەعید خدر ئەحمەد لە سێدارە دەدرێ.
کەمال واحید مەحمود بەرزنجی (1951/ هەولێر/ دیگەڵە/ گۆمەشین). پێشمەرگەی یەکێتی، لە ڕۆژی (8.3.1978)دا لە شەڕی بەناوبانگی دەشتێو بەدیل گیرا، لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی دەدرێت، لە ڕۆژی (20.4.1978)دا مەرسومی کۆماری ژمارە (210)ی بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری لە سێدارەدانی دەردەچێت و دواتر ڕێکەوتی (15.6.1978)دا لە شاری موسڵ لە سێدارە درا.
کورد میرزا محەمەد فەتاح (کەرکوک/ چەمچەماڵ). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1980)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
لەتیف حەمە ساڵح فەقێ دۆڵانی ناسراو بە کامەران (سلێمانی/ قەرەداغ/ دۆڵان). پێشمەرگەی کەرتی قەرەداخی یەکێتی، هاوڕێیەکی ناپاکی لێ دەکات و بەگرتنی دەدات، دواتر لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دەدرێ و بۆ زیندانی موسڵ دەگوازرێتەوە، مخابن لە ڕێکەوتی (20.6.1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دەدرێ.
لەتیف عەبدوڵڵا ئیبراهیم ئەبوبەکر ئیبراهیم میرزا ڕۆستەمی ناسراو بە هەژار (1.7.1957/ سلێمانی/ سەنگەسەر). بەرپرسی لیژنەی ناوچەی هەرێمی 7ی یەکێتی و کادیری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، لە ڕۆژی (22.7.1976)دا بۆتە پێشمەرگە، لە ڕێکەوتی (17.1.1980)دا لە نزیک بەستەستێن لەلایەن عەباس بایز باڵو ئاغای فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (9)ی ئیستخبارات و دواتر سەرۆکجاشی فەوجی (91)ی جاشە سووکەکان بەدیل گیراوە و ڕادەستی ئیستخباراتی شیمالی کراوە، پاشان لە ڕێکەوتی (1.6.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دراوە و گواستراوەتەوە بۆ بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ، ڕۆژی (25.11.1980) لەو زیندانەدا لە سێدارە دراوە.
لەتیف کەریم ئەحمەد محەمەد ناسراو بە لەتیفی بانق (1943/ سلێمانی/ عەبابەیلێ). ئەندامی یەکێتی، لە ڕێکەوتی (15.11.1977)دا لەگەڵ پۆلێک لە هەڤاڵانی گیران، لە ڕێکەوتی (31.12.1977)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانیان دراوە، دواتر پێکەوە لە ڕۆژی (6.4.1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دران.
لەتیف یاسین عەزیز حەسەن (1.7.1959/ کەرکوک). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1979) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
مالیک نەبی ئەحمەد (هەولێر/ حاجی ئۆمەران). هاووڵاتی، لە ڕۆژی (21.5.1977)دا گیراوەو دواتر لە ڕۆژی (21.9.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
مامەند بایز حەسەن بایز ئاغا مەنگوڕ (1.7.1957/ سلێمانی/ ژاراوە/ شەروێت). ئەندامی یەکێتی، لە ڕۆژی (28.12.1980)دا لە پشدەر گیراوە، لە ڕێکەوتی (18.7.1981)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دەدرێ و بۆ بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ دەگوازرێتەوە و لە ڕێکەوتی (29.8.1981)دا لەگەڵ شەش هاوڕێی تردا کە خزمی یەکتر بوون لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
محەمەد ئەحمەد سەبری تەها (1956/ دهۆک/ مانگێشکێ/ دەرگەلا شێخا). ئەندامی پدک، لە ساڵی (1979)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
محەمەد ئەحمەد شاسوار حەسەن (1.7.1925/ سلێمانی/ زەڕایەن). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1978) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
محەمەد ئەحمەد نەسروڵڵا (سلێمانی/ پێنجوێن). ئەندامی حشع، لە ساڵی (1980)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
محەمەد پیرۆت شێخە وسو (سلێمانی). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1979)دا لە بەندیخانەی موسڵ لە سێدارە دراوە.

محەمەد تاهیر عەلی (1955/ سلێمانی/ قەرەداغ). پێشمەرگەی یەکێتی لە هەرێمی پێنج و ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، لە ڕۆژی (1.8.1980)دا لەگەڵ سێ پێشمەرگەی دیکەدا لە گوندی ولاغلو لەلایەن سوپاوە بەدیل دەگیرێن. لە ڕۆژی (20.8.1980)دا دەگوازرێنەوە بۆ هەیئە خاسەی کەرکوک و لە ڕۆژی (14.2.1981)دا لەوێ سزای سێدارەیان بۆ دەرچووە و لە ڕێکەوتی (1.4.1981)دا لە موسڵ لە سێدارە دەدرێ.

محەمەد تۆفیق شەریف عەلی (1.7.1955/ هەڵەبجە/ پێنجوێن/ سیامیوە). ئەندام و پێشمەرگەی یەکێتی، لە شەوی (25.10.1976)دا لە گوندی قاینەجەی سنووری سەیدسادق لەگەڵ چوار پێشمەرگە بەدیل گیران، دواتر لە ڕێکەوتی (10.3.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دران.

محەمەد جەمیل عەبدوڵلا ساڵح بەرزنجی (1969/ هەولێر/ مەخمور). پاراستنی پارتی، لە ساڵی (1994)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

محەمەد حەسەن حوسێن حەسەن گەلاڵەیی (1956/ سلێمانی/ ماوەت/ گەلاڵە). ئەندامی یەکێتی، بە تۆمەتی هاوکاری پێشمەرگە و گواستنەوەی چەک و تەقەمەنی بۆ ئەوان، لە ڕۆژی (21.3.1977)، یان ڕێکەوتی (31.3.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

محەمەد حەسەن قادر عوسمان خۆشناو (1.7.1945/ هەولێر/ ڕواندز/ مەلەکان). ئەندامی یەکێتی، لە ڕێکەوتی (13.11.1977)دا لە شاری موسڵ لە سێدارە دراوە.

محەمەد حەمەسەعید میرزا شەریف ناسراو بە حەمەی سوڵتان (1957/ سلێمانی). ئەندامی یەکێتی، لە ڕێکەوتی (27.6.1979)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دەدرێ، بەڵام لەسەر گۆڕەکەی نووسراوە کە لە ڕۆژی (15.7.1979)دا لە سێدارە دراوە.

محەمەد حەمە فەرەج محەمەد ئەحمەد (1.7.1950/ هەڵەبجە/ خورماڵ/ تەپی سەفا). پێشمەرگەی یەکێتی، لە شەوی (25.10.1976) لە گوندی قاینەجەی سەر بە سەیدسادق لەگەڵ چوار پێشمەرگەی دیکەدا بەدیل گیران، دواتر لە ڕێکەوتی (10.3.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دران.

محەمەد حوسێن عەبدوڵلا (سلێمانی). ئەندامی ڕێکخراوی پێشمەرگەی ناو شاری سلێمانی (یەکێتی)، لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوڕێیانی کۆمەڵە لە ڕۆژی (21.12.1976)دا تەقەیان لە پارێزگار محەمەد ئەمین محەمەد کرد و برینداریان کرد و لە ڕێکەوتی (9.1.1977)دا لە زانکۆی سلێمانی کادیرێکی بەعسیان بەناوی ساڵح ئەلعانی کوشت، دواتر لە ڕۆژی (26.3.1977) بەهۆی فەرهادی مەلا ڕەزا بەگرتن دران، لە ڕێکەوتی (3.4.1977)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانیان دەرچوو، دواتر لە ڕێکەوتی (17.5.1977)دا گشتیان لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دران.

محەمەد حوسێن غەفور (1957/ سلێمانی). ئەندامی ڕێکخراوی پێشمەرگەی ناو شاری سلێمانی (یەکێتی)، لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوڕێیانی کۆمەڵە لە ڕۆژی (21.12.1976)دا تەقەیان لە پارێزگار محەمەد ئەمین محەمەد کرد و بریندایان کرد و لە ڕۆژی (9.1.1977)دا لە زانکۆی سلێمانی کادیرێکی بەعسیان بەناوی ساڵح ئەلعانی کوشت. دواتر لە ڕۆژی (26.3.1977) بەهۆی فەرهادی مەلا ڕەزا بەگرتن دران، لە ڕێکەوتی (3.4.1977)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانیان دەرچوو و لە ڕێکەوتی (17.5.1977)دا لەگەڵ (سلاح مەجید قادر، فەرەیدون عەبدولقادر و یاسین محەمەد حەسەن)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە، بەڵام لەسەر گۆڕەکەی نووسراوە کە لە ڕێکەوتی (1.5.1977)دا لە سێدارە دراوە.

محەمەد خدر عەزیز ئەحمەد (1.7.1954/ سلێمانی/ ڕانیە). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1979) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

محەمەد خدر محەمەد عەلی ناسراو بە محەمەد حاجی خدر (1.7.1950/ سلێمانی/ ڕانیە/ چوارقوڕنە). پێشمەرگەی یەکێتی لە دەستەی پاسەوانی سکرتاریەتی مام جەلال، لە ڕۆژی (6.5.1979)دا لەگەڵ ئیبراهیم ڕەسوڵ قادر و پیرۆت ئیبراهیم ڕەسوڵ لە شارۆچکەی چوارقوڕنە بەدیل دەگیرێن و لە ڕۆژی (1.6.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانیان درابوو. دواتر لە ڕێکەوتی (13.11.1980)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دران.

محەمەد ڕەسوڵ محەمەد ڕەسوڵ ناسراو بە محەمەد زەڵێ (1.7.1927/ سلێمانی/ قەڵادزێ/ شێنێ). پێشمەرگەی یەکێتی، لە ڕۆژی (12.5.1977)دا بەدیل گیراوە، لە ڕێکەوتی (22.9.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

محەمەد ڕەشید خەلیفە یوسف ناسراو بە محەمەدئەمین ڕەشۆ سلێڤانی (1949/ دهۆک/ زاخۆ)، ئەندامی ڕێکخراوی پێشکەفتنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەرواری باڵا. لە ڕۆژی (12.6.1980)دا لەلایەن ئەمنی دهۆک گیراوە و لە ڕێکەوتی (7.9.1980)دا لە هەیئە خاسەی شاری کەرکوک فەرمانی لە سێدارە دانی خۆیی و (8) هەڤاڵی دەرچووە و بۆ زیندانی سێدارەی شاری موسڵ گواستراونەتەوە، لە ڕۆژی (26.2.1981) لەوێ لەگەڵ هەڤاڵەکانیدا لە سێدارە دراون.

محەمەد ڕەشید محەمەد سەعید (1.7.1948/ هەڵەبجە/ سەیدسادق/ قاینەجە). ئەندامی یەکێتی، لە شەوی (25.10.1976) لە گوندی قاینەجە لەگەڵ چوار پێشمەرگەی دیکەدا بەدیل گیران، دواتر لە ڕۆژی (10.3.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دران.

محەمەد ڕەفیق محەمەد نوری ئیسماعیل (1954/ سلێمانی). پێشمەرگەی یەکێتی لە هەرێمی قەرەداغ، لە ڕێکەوتی (4.12.1980)دا لەناو سلێمانی بەدیل گیراوە، دواتر لە دوای ناوەڕاستی ساڵی (1981) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

محەمەد ساڵح سەعید حەسەن (1958/ دهۆک/ مزوری/ کانی ڕەمان)، ئەندامی پدک، لە ساڵی (1979) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

محەمەد ساڵح عومەر ئیسماعیل (1957/ دهۆک/ سلێڤانی/ باڤیا). ئەندامی پدک، لە ڕۆژی (28.8.1982)دا گیراوە، دواتر لە ڕۆژی (14.10.1984) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

محەمەد ساڵح کاکەبرا شاوەیس ناسراو بە ئامانج شاتری (25.2.1959/ هەڵەبجە/ سەیدسادق). ئەندامی کۆمەڵە و یەکێتی، لە ڕۆژی (1.10.1980)دا دەگیرێ، لە ڕۆژی (18.5.1981)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دەدرێ و بۆ بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ دەگوازرێتەوە، لە ڕێکەوتی (12.7.1981)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە درا.

محەمەد سدیق حەمید خزر حاجی (1952/ دهۆک/ سنونێ/ نەسرا). ئەندامی پدک، لە ساڵی (1979)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

محەمەد سلێمان سیتۆ حەسەن (1957/ دهۆک/ زاخۆ/ سۆریا). هاووڵاتی و هاوکاری پێشمەرگەی یەکێتی، لە ڕۆژی (30.8.1976)دا لەگەڵ پێنج هاوڕێی دیکەیدا لە نزیک زاخۆ دەکەونە داوی سەرۆکجاش جەعفەر مستەفا ساڵح بێسفکی دۆسکی (فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ئەوکات و دواتریش سەرۆکجاشی فەوجی 24) و ڕادەستی حکومەتی بەعسی کردن، دواتر لە ڕۆژی (31.3.1977)دا لە موسڵ لە سێدارە دەدرێ.

محەمەد سەعید عەلی حەسەن (1955/ دهۆک/ زاوێتە/ نزارکێ). ئەندامی پارتی، لە ساڵی (1979)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

محەمەد سەعید مستەفا حەمەد باڵەک ناسراو بە شێخ محەمەد (1950/ هەولێر/ باڵەک/ گوندە ژوور). ئەندامی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان (یەکێتی)، لە ڕۆژی (22.5.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

محەمەد عەزیز محەمەد عەزیز ناسراو بە حەمە پشت کۆم (سلێمانی). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1981)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

محەمەد عەلی ئیسماعیل ناسراو بە حەمە قەمبور (20.12.1952/ سلێمانی/ چوارباخ). پێشمەرگەی حسک لە ڕۆژی (24.11.1988)، لەناو سلێمانی بەدیل گیراو دواتر لە ڕۆژی (5.12.1988)دا گوللە باران کراوە.

محەمەد عەلی ڕەشید مەولود (سلێمانی/ چوارتا/ ماوەت/ ئاوە کورتێ). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1979) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

محەمەد عەلی محەمەد مستەفا ناسراو بە مامە (1965/ خانەقین/ مەیدان). ئەندامی یەکێتی، لە ڕێکەوتی (2.2.1981)دا لە بازیان گیراوە. لە ڕۆژی (18.5.1981)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە، دواتر لە ڕێکەوتی (2.12.1981)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

محەمەد قادر محەمەد دەرویش ناسراو بە محەمەد زەنگەنە یان ڕێبوار (1954/ کەرکوک/ خورماتوو). ئەندامی هەرێمی هەولێری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، لە ڕۆژی (14.5.1977)دا لەلایەن دائیرەی ئەمنی هەولێر دەستگیر کرا. لە ڕۆژی (1.6.1977)دا دەگوازرێتەوە هەیئە خاسەی کەرکوک و لە ڕۆژی (29.6.1977)دا سزای سێدارەی بۆ دەرچووەو لە ڕۆژی (20.7.1977) دەگوازرێتەوە ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ و پاشان لە ڕۆژی (22.9.1977)دا لە سێدارە درا.

محەمەد قاسم عەلی محەمەد ناسراو بە حەمەقاسم (1957/ سلێمانی). ئەندامی ڕێکخراوی پێشمەرگەی ناو شاری سلێمانی (یەکێتی)، لە ڕۆژی (21.12.1976)دا لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێ (ئیسماعیل قاسم عەلی، حوسێن محەمەد غەفور، خەسرەو عەبدوڵڵا حەمە ساڵح ناسراو بە خەسرەوی حەمدی، خۆشناو محەمەدئەمین عەزیز و نەسرەدین نەجمەدین عەلی) تەقەیان لە پارێزگاری سلێمانی محەمەدئەمین محەمەد ئەحمەد دۆسکی کرد و برینداریان کرد و لە ڕێکەوتی (9.1.1977)دا لە زانکۆی سلێمانی کادیرێکی بەعسیان بەناوی ساڵح ئەلعانی کوشت، دواتر بەهۆی فەرهادی مەلا ڕەزا لە ڕۆژی (15.1.1977)دا بەگرتن دران، لە ڕێکەوتی (3.4.1977)دا لە هەیئە خاسەی شاری کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانیان دەرچوو، دواتر لە ڕێکەوتی (17.5.1977)دا گشتیان لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دران.

محەمەد کەریم کەریم ئەحمەد ناسراو بە حەمەڕەش (سلێمانی). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1980)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

محەمەد مستەفا شەنگین ئەسمەر (1907/ دهۆک/ نێروە/ سینیا). ئەندامی پدک، لە ساڵی (1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

محەمەد مستەفا محەمەد ڕەسوڵ خۆشناو ناسراو بە محەمەد بالیسانی (1948/ هەولێر/ هیران/ بالیسان). پێشمەرگەی هەرێمی 8ی یەکێتی و کادیر و بەرپرسی ڕێکخستن. لە ڕۆژی (17.3.1979) لە شەڕێکدا لە گوندی کانیبەردی سەر بە بالیسان بەدیل گیرا، لە ڕۆژی (6.6.1979) لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری گوللە باران کردنی دەدرێت و دواتر لە بەرەبەیانی ڕۆژی (7.8.1979) لە زیندانی موسڵ گوللە باران دەکرێ.

محەمەدئەمین ئەحمەد خدر ناسراو بە سوورە (سلێمانی/ ڕانیە/ سەرکەپکان). پێشمەرگەی یەکێتی، لە ساڵی (1987)دا لە گوندی ماخۆبزنان لە پشدەر بەدیل گیراوەو دواتر لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

محێدین نوعمان شوری پیرۆز مهاجر (1960/ هەولێر/ ڕواندز). هاووڵاتی، لە ساڵی (1981)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

مستەفا ئەحمەد عەلی (موسڵ/ زمار/ ماسکە). ئەندامی یەکێتی، لە کۆتایی ساڵی (1976)دا گیراوەو لە ڕێکەوتی (1.5.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

مستەفا ئیبراهیم مستەفا (هەولێر). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1977)دا لە بەندیخانەی موسڵ لە سێدارە دراوە.

مستەفا ڕەسوڵ شێرکۆ (سلێمانی). هاووڵاتی، لە ڕۆژی (11.1.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

مستەفا ڕەسوڵ مستەفا خدر باڵەک ناسراو بە مستەفا شەکۆ (1.7.1955/ هەولێر/ گەڵاڵە/ وەڵزێ). پێشمەرگەی یەکێتی، لە کۆتایی ساڵی (1976) بەدیل گیراوەو لە ڕۆژی (15.3.1977) لە بەندیخانەی موسڵ لە سێدارە دراوە.

مستەفا ڕەشید مەحمود (1946/ سلێمانی /هەڵەبجە/ هەزارمێرد). ئەندامی یەکێتی، لە ڕۆژی (30.4.1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

مستەفا عەبدولقادر محەمەد ناسراو بە مستەفای حەمەچاوەش (1959/ سلێمانی). ئەندامی یەکێتی و ڕێکخراوی پێشمەرگەی ناو شار، لە ڕۆژی (21.12.1976)دا تەقەیان لە پارێزگار محەمەد ئەمین محەمەد کرد و برینداریان کرد و لە ڕۆژی (9.1.1977)دا لە کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سلێمانی کادیرێکی بەعسیان بەناوی ساڵح ئەلعانی کوشت،

دواتر لە ڕۆژی (15.1.1977)دا بەهۆی فەرهادی مەلا ڕەزا بەگرتن دران، لە ڕێکەوتی (3.4.1977)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانیان دەرچوو، دواتر لە ڕێکەوتی (17.5.1977)دا گشتیان لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دران.

مستەفا عەبدولقادر حەمە چاوشین (1.7.1959/ سلێمانی). ئەندامی پارتی، لە ڕۆژی (16.12.1976) گیراوە و دواتر لە ڕۆژی (17.5.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە درا.

مشیر ئیبراهیم حەمەد (هەولێر). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

مەجید ئیسماعیل قادر سدیق شوانی (1960/ کەرکوک/ شوان/ تۆمار). ئەندامی پدک، لە ساڵی (1982)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

مەجید ڕەشید مامەند (1.7.1959/ سلێمانی/ چوارتا/ کانیسارد). پێشمەرگەی یەکێتی، لە ڕۆژی (12.5.1977)دا بەدیل گیراوە، لە ڕێکەوتی (21.9.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

مەجید سابیر جومعە محەمەد (کەرکوک/ داقوق). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1979)دا لە بەندیخانەی موسڵ لە سێدارە دراوە.

مەجید عیسا عەبدی خورشید (1955/ دهۆک/ زاخۆ/ عومەرئاغا). ئەندامی پدک، لە ڕێکەوتی (27.5.1981) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

مەحمود ئەمین ئیسماعیل (سلێمانی/ قەرەداغ). ئەندامی حشع، لە ساڵی (1991)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

مەحمود تەیب تاهیر (1956/ سلێمانی). پێشمەرگەی یەکێتی، لە ڕۆژی (13.4.1977)دا بەدیل دەگیرێ، لە ڕۆژی (15.7.1979)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دەرچووە، دواتر لە شەوی (16.10.1977) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە، بەڵام لەسەر گۆڕەکەی نووسراوە کە لە ڕێکەوتی (17.9.1977)دا لە سێدارە دراوە.

مەحمود حەمە عەبدوڵڵا بابەکر (1.7.1922/ سلێمانی/ قەڵادزێ/ هێرۆ). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1981) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

مەحمود حەمەدئەمین ئیسماعیل (1957/ سلێمانی/ سورداش/ یاخسەمەر). ئەندامی یەکێتی، لە مانگی ئاداری ساڵی (1978)دا لە گوندەکەی خۆیان بەدەستی قادر فەرەج عەبدوڵڵا ئیسماعیل ناسراو بە قالە فەرەج، فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (49)ی مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی گیراوە، دواتر لە ڕۆژی (18.6.1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

مەحمود ڕەشید مەجید محەمەد (1963/ خانەقین/ مەیدان/ باغە هەنارە). ئەندامی یەکێتی، لە ڕێکەوتی (2.2.1981)دا لە بازیان گیراوە. لە ڕۆژی (18.5.1981)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە، دواتر لە ڕێکەوتی (2.12.1981)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

مەحمود عەلی عەبدوڵڵا مەهدی ناسراو بە مەلا مەحمود (سلێمانی/ دەربەندیخان/ واڕماوا). ئەندامی کۆمەڵە و پێشمەرگەی یەکێتی، لە ڕۆژی (19.4.1977)دا بەدیل گیرا، لە ڕۆژی (15.8.1977)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دەدرێ و دواتر لە ڕۆژی (22.9.1977)دا لە موسڵ لە سێدارە دراوە.

مەحمود محەمەد عەبدوڵڵا پاچکاری (سلێمانی/ قەڵادزێ/ بادینی). پێشمەرگەی حسک، لە ڕۆژی (17.5.1980)دا لە گوندی دووگۆمانی پشدەر لەگەڵ (9) پێشمەرگەی دیکەدا لەلایەن عەباس بایز باڵو ئاغای فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (9)ی ئیستخبارات و دواتر سەرۆکجاشی فەوجی (91)ی جاشە سووکەکان بەدیل گیران و ڕادەستی ئیستخباراتی شیمالی کران، پاشان فەرمانی خنکاندنیان لە هەیئە خاسەی کەرکوک بۆ دەرچوو، ئەوەبوو هەموویان لە ڕۆژی (30.12.1980) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دران.

مەحمود محەمەد مستەفا (1939/ دهۆک/ ئاکرێ/ دینارتا/ گربیشی). ئەندامی پدک، لە ڕێکەوتی (22.9.1977)دا لە موسڵ لە سێدارە دراوە.

مەحمود یونس سلێمان مەحمود خۆشناو ناسراو بە شینۆ زرگوزی (1950/ هەولێر/ پیرمام/ زرگوز). ئەندامی پدک، دوای ئەوەی لە ڕۆژی (17.1.1977)دا سێ پێشمەرگە لە مەفرەزەکەی سلێمان بیرێژی کە خەڵکی گوندی گەلیاوە دەبن، لە خوار گوندەکە و لە نزیک گوندەکانی کانی داری و شیناوە بەدەستی سوپای بەعس و جاش شەهید کران، دووربینێک لە ملی یەکێک لە شەهیدەکان بەناوی قادر مام زێندین عەبدوڵلا دەکەنەوە و دەبینین لەسەر قایشی دووربینەکە ناوی (شینۆ) نووسراوە. شینۆ، لەلایەن ئەمنی پیرمام گیراو ڕەوانەی هەیئە خاسەی کەرکوک کرا، لەوێ لەژێر ئەشکەنجەی دڕندانەی جەللادەکان دانیپێدانا کە ئەو دووربینەکەی وەکو دیارییەک بە شەهید قادر مام زێندین داوە. شینۆ، بەهۆی پێدانی تەنیا دووربینێک وەکو دیاری بە پێشمەرگە بڕیاری لە سێدارە دانی دراو دواتر لە ڕێکەوتی (17.5.1977)دا لە ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ لە سێدارە درا.

مەردان یوسف شێخ ئەلیاس (1950/ موسڵ/ شەنگال/ تەل قەسەب). دۆستی یەکێتی، دوای هەوڵی شکاندنی زیندانی ژووری سێدارەی موسڵ لە شەوی (2.6.1981)دا ڕۆژی (5.6.1981) لە کاتژمێری (9)ی بەیانی لە نزیک ڕەبیعەی موسڵ دەستگیرکرا، دواتر لە ڕۆژی (20.2.1982)دا بڕیاری لە سێدارەدانی لە دادگەی هەیئە خاسەی کەرکوک بۆ دەرچوو، پاشانیش بەگوێرەی فەرمانی کۆماری ژمارە (146)ی ڕێکەوتی (11.3.1982)دا لە ڕۆژی (13.11.1982)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

مەسیحا ئیسماعیل محەمەد سەلیم (دهۆک/ ئامێدی/ کانیماسی/ تروانش). ئەندامی پدک، لە ڕێکەوتی (7.12.1981)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

مەغدید ئەمین ئەحمەد (هەولێر). هاوولاتی، لە ساڵی (1977)دا لە بەندیخانەی موسڵ لە سێدارە دراوە.

مەغدید تەها حەمەد هەمزە ناسراو بە مەغدید پۆلیس (1957/ هەولێر/ کۆیە/ شەوگێڕ). پێشمەرگەی هەرێمی هەشتی هەولێری یەکێتی. لە سەرەتای ساڵی (1977)دا لەگەڵ حەمەخان ئیسماعیل ڕەزا لە بناری کۆسرەت دەستگیر دەکرێ، لە ڕۆژی (19.3.1977)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دەدرێ و دواتر لە ڕۆژی (11.5.1977) لە موسڵ لە سێدارە دەدرێ.

مەغدید حەمەد تەها حەسەن (1952/ سلێمانی/ بێتواتە/ هەرتەل). پێشمەرگەی هەرێمی هەشتی هەولێری یەکێتی. لە ڕۆژی (28.9.1977)دا لە بناری کۆسرەت دەستگیر دەکرێ، دواتر لە ڕۆژی (5.3.1978) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دەدرێ.

مەولود ئەحمەد محەمەد ئەحمەد (1.7.1954/ سلێمانی/ بێتواتە/ نواوە). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1978) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

مەولود محەمەد خۆشناو (کەرکوک). هاوولاتی، لە ڕۆژی (26.4.1977)دا لەگەڵ سێ هاوڕێی دیکەی شارەکەیدا لە موسڵ لە سێدارە دراوە.

مەولود هەمزە عومەر عەبدوڵلا ناسراو بە ئاراس (1958/ هەولێر/ کۆیە/ تەقتەق/ شیواشۆک). بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری کۆمیتەی هەرێمی هەولێری کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان، لە ڕۆژی (11.5.1977)دا بەهۆی ئاشکراکردنیەوە لەلایەن (کەریم بایز سۆفی )ەوە لەلایەن ئەمنی هەولێر دەستگیر کراوە، لە ڕێکەوتی (1.6.1977)دا دەگوازرێتەوە هەیئە خاسەی کەرکوک و لە ڕۆژی (29.6.1977)دا سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە و لە ڕۆژی (20.7.1977)دا دەگوازرێتەوە ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ و پاشان لە ڕۆژی (22.9.1977)دا لە سێدارە دراوە. کەریم بایز سۆفی ئیسماعیل (1954/ کۆیە/ مام قلینج)، دواتر لە مانگی ئابی ساڵی (1982) لە گوندی شێخەڵوان لە سنووری کۆیە لەلایەن پێشمەرگەکانی تیپی (86)ی دەشتی هەولێر گیراو ڕەوانەی سەرکردایەتی کرا، کە لە مانگی ئەیلولی هەمان ساڵ لەسەر ئەو تاوانەی لە شێنێ گوللە باران کرا.

موحسین ئەحمەد حەمەد حەمەد زراری (1958/ هەولێر). ئەندامی پدک، لە ساڵی (1979)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە. . کەریم بایز، دواتر لە مانگی ئابی ساڵی (1982) لەسەر ئەو تاوانەی لە شێنێ گوللە باران کرا.

موحسین ئەحمەد عەبدولڕەحمان (1956/ خانەقین/ مەیدان/ باغە هەنارە). ئەندامی یەکێتی، لە ڕێکەوتی (2.2.1981)دا لە تەیناڵ گیراوە. لە ڕۆژی (18.5.1981)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە و لە ڕۆژی (2.12.1981)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

موحسین عەبدوڵڵا مەحمود قادر زەنگەنە (1957/ سلێمانی/ بازیان/ کانی شەیتان). ئەندامی پدک، لە ساڵی (1982)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

موختار عەزیز کەریم (سلێمانی/ تەویڵە). ئەندامی یەکێتی و ڕێکخراوی تۆڵەی شەشی ئازار، لە ڕۆژی (9.8.1977)دا لەناو سلێمانی بەهۆی ناپاکی کەسێکەوە دەستگیرکراوە، دواتر لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دەرچووە، دواتر لە ڕۆژی (31.1.1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

موعتەدیر محەمەدئەمین (1.7.1949/ سلێمانی/ چناران/ خەلەکان). ئەندامی یەکێتی، لە ڕێکەوتی (22.9.1977)دا لە موسڵ لە سێدارە دراوە.

مینە مەعروف سلێمان ناسراو بە مینەی مەعروف ئاغا (کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان). بە تۆمەتی هاوکاری کردنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ڕۆژی (28.12.1980)دا لە پشدەر گیراوە. لە ڕێکەوتی (18.7.1981)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دەدرێ و بۆ بەشی سێدارەی زیندانی شاری موسڵ دەگوازرێتەوە و لە ڕۆژی (29.8.1981)دا لەگەڵ شەش هاوڕێی دیکەدا کە خزمی یەکتر بوون لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

نادر حەمەدئەمین مستەفا ئەحمەد ناسراو بە نادر گەرۆتەیی (1.7.1953/ هەولێر/ هیران/ گەرۆتە). پێشمەرگەی هەرێمی (8)ی هەولێری یەکێتی، لە ڕۆژی (19.2.1978)دا لە نزیک گوندی چیوەی خۆشناوەتی لەلایەن جاشەکانی ئەنوەر بەگی بێتواتە دەستگیر کرا، دواتر لە ڕۆژی (18.3.1978)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک سزای سێدارەی بۆ دەردەچێ و پاشان لە ڕێکەوتی (23.5.1978)دا لە شاری موسڵ لە سێدارە درا.

ناسر حەمە ڕەشید مەحمود محەمەد ناسراو بە ناسر تەپی سەفایی (1946/ هەڵەبجە/ خورماڵ/ تەپی سەفا). پێشمەرگەی یەکێتی، لە شەوی (25.10.1976) لە گوندی قاینەجەی سەیدسادق لەگەڵ چوار پێشمەرگەی دیکەدا بەدیل گیران، دواتر لە ڕۆژی (10.3.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دران.

نامیق حەمەجان میرزا (1.7.1939/ کەرکوک/ سەنگاو). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1979)دا لە بەندیخانەی موسڵ لە سێدارە دراوە.

نامیق محەمەد کەریم مارف (سلێمانی/ شارباژێر). ئەندامی یەکێتی، لە ڕۆژی (18.6.1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

نامیق مەحمود توفیق عەبدولڕەحمان (1948/ سلێمانی/ سیوەیل/ سورەبان). ئەندامی یەکێتی، لە ڕێکەوتی (23.2.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

نەسرەدین ساڵح ئەحمەد محەمەد (1.7.1956/ سلێمانی/ دەرگەزێن). پێشمەرگەی یەکێتی، لە ڕۆژی (22.2.1978)دا لە شەڕێکدا لە (چنگیان)ی چوارتا لە (شارباژێر) بەدیل دەگیرێ، دواتر لە ڕۆژی (16.3.1978)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دەدرێ و لە بەرەبەیانی ڕۆژی (22.5.1978)دا لە سەربازگەی غەزلانی لە موسڵ گوللە باران دەکرێ.

نەسرەدین نەجمەدین عەلی محەمەد بەرزنجی ناسراو بە نەسرەدینە سوور (1952/ کەرکوک/ شۆڕیجە). ئەندامی کۆمەڵە و ڕێکخراوی پێشمەرگەی ناو شاری سلێمانی یەکێتی، لە ڕۆژی (21.12.1976)دا لەگەڵ (ئیسماعیل قاسم عەلی، حوسێن محەمەد غەفور، خەسرەو عەبدوڵڵا حەمە ساڵح ناسراو بە خەسرەوی حەمدی، خۆشناو محەمەد ئەمین عەزیز و محەمەد قاسم عەلی) تەقەیان لە پارێزگاری سلێمانی محەمەدئەمین محەمەد ئەحمەد دۆسکی کرد و بریندایان کرد و لە ڕۆژی (9.1.1977)دا لە زانکۆی سلێمانی کادیرێکی بەعسیان بەناوی ساڵح ئەلعانی کوشت، دواتر بەهۆی فەرهادی مەلا ڕەزا لە ڕۆژی (15.1.1977)دا بەگرتن دران، لە ڕێکەوتی (3.4.1977)دا لە هەیئە خاسەی

شاری کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانیان دەرچوو، دواتر لە ڕۆژی (17.5.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دران.
نەوزاد حەیدەر ئەحمەد قادر (کەرکوک/ چەمچەماڵ). ئەندامی کۆمەڵە و یەکێتی، لە ڕۆژی (18.6.1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
نەوشاد حەیدەر ئەحمەد (هەڵەبجە)، لە ساڵی (1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
نورەدین نەسرەدین محەمەد ساڵح (14.5.1960/ کەرکوک/ خورماتوو)، پێشمەرگە لە لقی چواری گەرمیانی حزبی شیوعی عێراق. لە ڕۆژی (9.3.1981)دا لەلایەن تەحسین شاوەیس سەعیدی فەرماندەی مەفرەزە خاسەی (50)ی ئیستخبارات و دواتر سەرۆکجاشی فەوجی (172)ی جاشە سووکەکان و قادر فەرەج عەبدوڵڵای فەرماندەی مەفرەزە خاسەی (49)، لە شەڕی گوندی مەلا ئۆمەر بەدیل گیراو دواتر لە ڕۆژی (20.4.1982)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
نوری خدر ئەحمەد سەعدوڵڵا بەقاڵ (1.7.1948/ هەولێر/ دیبەگە). ڕێکخستنی حزبی سۆسیالیستی کوردستان (شەهیدی ینک). لە ڕێکەوتی (20.12.1980)دا گیرا، دواتر لە ڕۆژی (2.9.1981)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی دەرچوو، پاشانیش لە ڕۆژی (5.12.1981)دا لە موسڵ لە سێدارە درا.
نوری لەشکری عەلی حەمەر فەقێ مرکی (1930/ هەولێر/ گوێڕ/ زمارەی گەورە). هاووڵاتی، لە ساڵی (1978)دا لەلایەن ڕژێمی بەعس لە سێدارە دراوە.
نوعمان ئیبراهیم قادر عەبدولڕەحمان (هەولێر/ مێرگەسۆر/ بارزان/ بلێ). هاووڵاتی، لە ڕۆژی (27.4.1977) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
هادی عەلی عەبدوڵڵا فەیزوڵڵا (1954/ هەڵەبجە/ خورماڵ/ میری سوور). پێشمەرگەی یەکێتی، لە مانگی نیسانی ساڵی (1977)دا لەگەڵ عومەر غەریب فەتحوڵڵا لە گوندی قەدەفەر بەدیل گیران، لە ڕێکەوتی (25.10.1977)دا لە هەیئەی کەرکوک سزای سێدارەی بۆ دەردەچێ و دواتر لە ڕۆژی (13.11.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
هاوار عەبدوڵڵا ئەحمەد (سەرگەلی/ ئامێدی)، لە ڕۆژی (13.11.1980)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
هاوڕێ جەلال کەریم ڕەحیم ناسراو بە شۆڕش (1961/ سلێمانی/ دەربەندیخان). پێشمەرگەی هەرێمی (5)ی قەرەداغی یەکێتی، لە ڕێکەوتی (22.2.1981)دا لەناو شاری سلێمانی بەدیل گیرابوو، دواتر لە مانگی (7)ی ساڵی (1981)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی دەرچووە و لە ڕێکەوتی (5.12.1981)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
هیوا شەمسەدین وەلی مەولود ناسراو بە هەڵۆ (1964/ سلێمانی). ئەندامی یەکێتی، لە ڕۆژی (10.7.1981) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
وشیار ساڵح مستەفا پیرۆت (1.7.1958/ سلێمانی). ئەندامی کۆمەڵە و پێشمەرگەی یەکێتی، لە ڕۆژی (26.10.1978) بەهۆی سیخوڕی کردنی عەلی ئیسماعیل فەرمانبەر لە پەروەردەی سلێمانی لەلایەن ئەمنی سلێمانی بەدیل گیرا، دواتر لە ڕێکەوتی (20.1.1979)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە درا، بەڵام لەسەر گۆڕەکەی نووسراوە کە لە ڕێکەوتی (25.2.1979)دا لە سێدارە دراوە. پاشان عەلی ئیسماعیل، لە ڕێکەوتی (15.6.1980)دا لەلایەن مەفرەزەیەکی پێشمەرگەی یەکێتی لەناو شاری سلێمانی لە تۆڵەی شەهید هۆشیاردا، کوژرا.
وەلی ئەحمەد کەریم (1.7.1950/ سلێمانی/ شارەزوور/ وارماوا/ بێسەلمێن). ئەندامی یەکێتی، لە ساڵی (1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
وەلی عەلی پیرباڵ عەوڵا زێدبەگی (1957/ هەولێر/ عەنکاوە/ بەردەش). ئەندامی یەکێتی، لە ڕۆژی (19.3.1977)دا لە موسڵ لە سێدارە دراوە.

وەهاب عوسمان حەبیب نادر ناسراو بە وەهاب زەڵمی (هەڵەبجە/ خورماڵ/ زەڵم). پێشمەرگەی یەکێتی، لە شەوی (25.10.1976)دا لە گوندی قاینەجەی سەیدسادق لەگەڵ چوار پێشمەرگە بەدیل گیران، دواتر لە ڕێکەوتی (10.3.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دران.

وەیسی حەسەن محەمەد ئەحمەد (1946/ دهۆک/ بەرواری باڵا/ هروری)، سەر بە ڕێکخراوی پێشکەفتنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەرواری باڵا، لە ڕۆژی (12.6.1980)دا لەلایەن ئەمنی دهۆک گیراوەو دواتر لە ڕۆژی (7.9.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک فەرمانی لە سێدارە دانی دراو بۆ زیندانی موسڵ گواسترایەوە، لە ڕۆژی (26.2.1981)دا لە بەندیخانەی موسڵ لەگەڵ (8) هەڤاڵی دیکەیدا لە سێدارە درا.

یاسین حەمەئەمین عەزیز (سلێمانی/ پیرەمەگرون/ کۆکە). ئەندامی یەکێتی. لەساڵی (1979)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە درا.

یاسین غەفور تۆفیق (1.7.1954/ سلێمانی). ئەندامی یەکێتی، لە ڕۆژی (20.6.1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

یاسین مامەند ڕەسوڵ مستەفا باڵەک (1954/ هەولێر/ گەلاڵە/ دیلزێ). ئەندامی یەکێتی، لە ڕۆژی (23.2.1977)دا لە موسڵ لە سێدارە دراوە.

یاسین محەمەد حەسەن ناسراو بە یاسینە ڕەش (1.7.1947/ سلێمانی). بەرپرسی ڕێکخراوی پێشمەرگەی ناو شاری سلێمانی (کۆمەڵە و یەکێتی)، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی دا لە ڕۆژی (21.12.1976) تەقەیان لە پارێزگار محەمەد ئەمین محەمەد کرد و بریندارایان کردو لە ڕێکەوتی (9.1.1977)دا لە کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سلێمانی کادیرێکی بەعسیان بەناوی ساڵح ئەلعانی کوشت، دواتر لە ڕۆژی (15.1.1977)دا بەهۆی فەرهادی مەلا ڕەزا بەگرتن دران، لە ڕۆژی (3.4.1977)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانیان دەرچوو و پاشان لە ڕێکەوتی (17.5.1977)دا لەگەڵ هاوڕێکانیدا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

یوسف ئەحمەد محەمەد شەمسەدین (1924/ دهۆک/ زاخۆ). لە ڕۆژی (7.1.1977)دا گیراوەو دواتر لە ڕێکەوتی (13.7.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

یوسف حامید سلێمان جومعە (1952/ دهۆک/ زاخۆ). لە ڕۆژی (7.3.1977) گیراوەو دواتر لە ڕۆژی (27.7.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

یوسف حەمە سەعید عەزیز ناسراو بە نوری حاجی سەعید (1.7.1957/ هەڵەبجە/ خورماڵ/ عامورە). پێشمەرگەی یەکێتی لە هەرێمی (1)، لە ڕۆژی (2.4.1978)دا لە گوندی میری سوور لە سنووری خورماڵ بەدیل دەگیرێ و دواتر لە ڕۆژی (18.6.1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

یوسف عەبدوڵڵا نەبی حەسەن (هەولێر). ئەندامی ینک، لە ڕۆژی (13.11.1977)دا لە شاری موسڵ لە سێدارە دراوە.

یوسف عەولا یوسف خۆشناو (1935/ هەولێر/ شەقلاوە/ سپیگرە). هاوولاتی، لە ڕۆژی (25.7.1977)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک سزای لە سێدارەدانی دەردەچێ و دواتریش لە ڕۆژی (16.10.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە. شەهید یوسف عەولا، لە بەهاری ساڵی (1977)دا بەناوی (یوسف وەسمان قادر) دەستگیر کراوەو لە سێدارە دراوە، بەڵام دوای ڕاپەڕین لە ڕۆژی (11.12.2001)دا ناوەکەی ڕاستکراوەتەوە بۆ یوسف عەولا یوسف و وەکو شەهیدی پدک ناوی تۆمار کراوە.

یوسف عومەر حەکیم مستەفا گرٖاوی ناسراو بە زریان (1955/ هەولێر/ پیرمام/ گرٖاو). ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و یەکێتی، لە ڕۆژی (10.7.1980)دا لەلایەن ئەمنی بەلدەی هەولێرەوە دەستگیر کراوە، لە ڕێکەوتی (20.7.1980)دا بۆ هەیئە خاسەی کەرکوک گواسترایەوە و دوای دوو ڕۆژ لە ڕێکەوتی (22.7.1980)دا، لە ئەنجامی ئەشکەنجەی سەخت و دڕندانەدا لە نەخۆشخانەی سەربازی کەرکوک گیانی پاکی بە کوردو کوردستان سپارد.

یوسف مەجید حوسێن (کەرکوک). ئەندامی یەکێتی، لە ڕێکەوتی (17.3.1981)دا بڕیاری لە سێدارە دانی لە هەیئە خاسەی کەرکوک درا، دواتر لە کۆتایی ئەم ساڵەدا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

یونس بابەکر حوسێن وسو ناسراو بە یونس خۆشناو (1957/ هەولێر/ پیرمام/ عەلیاوا). ئەندامی یەکێتی، لە مانگی دوازدەی ساڵی (1980)دا لە گوندی (پیرەش)ی سەر بە پیرمام لەلایەن مەفرەزەیەکی جاشەکانی قاسم فارس تاهیر ئاغای کۆیە، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (57)ی ئیستخباراتی کۆیە بەدیل گیرا، کە فەرماندەی مەفرەزەکە جەرگۆ پیرەشی بوو. جەرگۆ، جاشێکی درندە و ناسراوی قاسم ئاغا بوو، پاشان جەرگۆ بوو بە پێشمەرگە تا دواتر لە ڕۆژی (10.10.1981)دا لە لەلایەن ڕائید کاکل حەمەد مەولود گەردی و جاشەکانی، بەهاوکاری خزموکەسی شەهیدی هاووڵاتی (کەریم حوسێن عەبدوڵلا/ 1964) کوژرا، کە ناوبراو پێشتر لە ڕۆژی (31.8.1980)دا بەدەستی جەرگۆ شەهید کرابوو. یونس بابەکر خۆشناو، لە ڕۆژی (26.5.1981)دا لە بەندیخانەی موسڵ گوللە باران کراوە.

یونس ساڵح سەعدون سەیفەدین (1950/ دهۆک/ زاخۆ). لە ڕۆژی (7.3.1977)دا گیراوەو لە ڕۆژی (27.7.1977)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.


شەهید ئەحمەد خدر محەمەد ئیبراهیم


شەهید سەڵاح مەجید قادر حەمامچی




سالح کەریم گوربازی


شەهید محەمەد زەنگەنە

الجمهورية العراقية
وزارة الصحة
مديرية الاحصاء

صورة قيد وفاة

العـدد / ٢١٢٧/١٠
التاريخ / ٢١/٥/١٩٨١

الى /

نؤيد لكم بأن الوفاة المسجلة اوصافها قد سجلت لدينا في سجل الوفيات تحت رقم تسلسل ١٧٩٧ لسنة ١٩٨١

اسـم المتوفي — الجنس — الجنسية
اسـم الاب — الديانة — الجنسية — العمر
اسـم الام — الديانة — الجنسية
تاريخ الوفاة /١٩٨١
محـل الوفاة
سبب الوفاة
اسم المخبر عن الوفاة

اسم الدكتور
التوقيـــع

ختم المؤسسة

**وزارة الصحة** رقم ٣١ رقم الجلد ط/١

مديرية الاحصاء الحياتي والصحي

## شهادة وفاة

تاريخ التنظيم ٢٦/٥/١٩٨١ ٤٦

... / مديرية شرطة ... / اربيل

| | | | |
|---|---|---|---|
| المتوفي | ١ – اسم المتوفي ولقبه احمد | ٢ – عمره | ٣ – جنسه ذكر |
| | ٤ – جنسيته | ٥ – دينه أو معتقده مسلم | ٦ – حرفته (مهنته) |
| | ٧ – الحالة الزوجية للمتوفي : اعـزب ——— متزوج ——— أرمل ——— مطلق ——— | | |

٨ – اسم والد المتوفي رحمان فرحان ٩ – اسم والدة المتوفي ... طاهر

١٠– تاريخ الوفاة

| الساعة | اليوم | الشهر | السنة |
|---|---|---|---|
| | ٢٦ | ٥ | ٨١ |

١١– محل الوفاة

| المحلة او القرية | الناحية | القضاء | المحافظة |
|---|---|---|---|
| | | | |

١٢– اسم المبلغ عن الوفاة ١٣– صلته بالمتوفي

١٤– عنوانه الكامل

١٥ – شهادة الوفاة الطبية

سبب الوفـــاة

١ – المرض او الحالة التي أدت مباشرة للوفاة
اسباب نشأ عنها السبب المباشر للوفاة·
الحالة المرضية – أن وجدت التي أدت
للسبب المذكور سابقا مـع ذكـر السبب
الاصلي في النهاية ·

أ – تسبب عن ( أو نتيجة لما يليهـا )
اطلاقات نارية
ب – تسبب عن ( أو نتيجة لمـا يليها )
تهشم الدماغ
ج – (رمياً بالرصاص حتى الموت)

٣– احوال مرضية اخرى هامة ( ان وجدت )
ساعدت على الوفاة ولا صلة لها بالمرض او
الحالة التي سببت الوفاة ·

المدة التقريبية بين ظهور الاعراض والوفاة
حاد

١٦ – أشهدُ بان الوفاة قد حدثت من الاسباب المثبتة أعلاه
عنوان اشتغال الطبيب ———

اسم الطبيب : م. اول طبيب
توقيع الطبيب :
وختم المؤسسة الصحية

١٦ – أ – حدثت الوفاة :

في البيت ☐ في المستشفى ☐ مع ذكـر اسـم المستشفى · في محل آخر ☐
( )

١٧ – شـــهادة طبيـــة عدليـة ( تمـلأ من قبل الطبيب العـدلي )

اني الموقع أدناه الدكتور ......... الطبيب في ......... قمت بتشريح جثة المتوفي .........
والمرسلة من قبل ......... حسب الاستمارة المرقمة ......... والمؤرخة في / / وذلك
بتاريخ / / وفي السـاعة ......... فوجدت سبب الوفاة .........
توقيع الطبيب : ......... وختم المؤسسة الصحية

١٨ – معلومات خاصـة بمديرية الاحوال المدنية العامـة ( تملأ من قبل منظم الشهادة وتؤخذ المعلومات من دفتر نفوس المتوفي أو من هوية الاحوال المدنية ) ·
صحيفة الاسرة العراقية في السجل المدني : رقم السجل ......... رقم الصحيفة ......... المحافظة .........
رقم هوية الاحوال المدنية الصادرة باسم المتوفي ......... ( وترفق بالشهادة )

(٣)





الجمهورية العراقية
وزارة الصحة
مديرية الاحصاء

العدد /
التاريخ /

صورة قيد وفاة

الى /

نؤيد لكم بان الوفاة المسجلة اوصافها قد سجلت لدينا في سجل الوفيات تحت رقم تسلسل ... لسنة

اسم المتوفي ... الجنس ... الجنسية
اسم الاب ... الديانة ... الجنسية ... العمر
اسم الام ... الديانة ... الجنسية
تاريخ الوفاة
محل الوفاة
سبب الوفاة
اسم المخبر عن الوفاة

اسم الدكتور
التوقيع

طبابة صحة المدينة بالموصل
شعبة الوفيات
العدد
التاريخ ختم ... ١٩٨

ختم الدائرة



الجمهورية العراقية
وزارة الصحة
مديرية الاحصاء

صورة قيد وفاة

العدد /
التاريخ /

الى /

نؤيد لكم بان الوفاة المسجلة اوصافها قد سجلت لدينا في سجل الوفيات تحت رقم تسلسل ... لسنة 1981

اسم المتوفي
اسم الاب
اسم الام
تاريخ الوفاة
محل الوفاة
سبب الوفاة
اسم المخبر عن الوفاة

الجنس
الديانة
الديانة
الجنسية
الجنسية
الجنسية
الجنسية
العمر

اسم الدكتور
التوقيع

ختم المؤسسة



الجمهورية العراقية
وزارة الصحة
مديرية الاحصاء

صورة قيد وفاة

العدد /
التاريخ /

الى /

نؤيد لكم بان الوفاة المسجلة اوصافها قد سجلت لدينا في سجل الوفيات تحت رقم تسلسل ... لسنة 1981

اسم المتوفي
اسم الاب
اسم الام
تاريخ الوفاة
محل الوفاة
سبب الوفاة
اسم المخبر عن الوفاة

الجنس
الديانة
الديانة
الجنسية
الجنسية
الجنسية
العمر

اسم الدكتور
التوقيع

طبابة صحة المدينة بالموصل
شعبة الوفيات
العدد /
التاريخ / / 198
ختم المؤسسة


الجمهورية العراقية
وزارة الصحة
مديرية الاحصاء
صورة قيد وفاة
العدد /
التاريخ /
الى /
نؤيد لكم بان الوفاة المسجلة اوصافها قد سجلت لدينا في سجل الوفيات تحت رقم تسلسل
لسنة
اسم المتوفي
اسم الاب
اسم الام
تاريخ الوفاة
محل الوفاة
سبب الوفاة
اسم المخبر عن الوفاة
الجنس
الديانة
الجنسية
العمر
اسم الدكتور
التوقيع


الجمهورية العراقية
وزارة الصحة
مديرية الاحصاء
صورة قيد وفاة
العدد /
التاريخ /
الى /
نؤيد لكم بان الوفاة المسجلة اوصافها قد سجلت لدينا في سجل الوفيات تحت رقم تسلسل
لسنة
اسم المتوفي
اسم الاب
اسم الام
تاريخ الوفاة
محل الوفاة
سبب الوفاة
اسم المخبر عن الوفاة
الجنس
الديانة
الجنسية
العمر
طبابة صحة المدينة بالموصل
شعبة الوفيات
العدد /
التاريخ ختم/المؤسسة
اسم الدكتور
التوقيع



الجمهورية العراقية

وزارة الصحة

مديرية الاحصاء الحياتي والصحي

رقم ١ رقم الجلد ط ١٧

شهادة وفاة

تاريخ التنظيم ١٩٨٦/٢/١٨

٣١٣٧

المتوفي

١ ـ اسم المتوفي ولقبه شێرکو | ٢ ـ عمره ٢٠ سنة | ٣ ـ جنسه ذكر

٤ ـ جنسيته عراقي | ٥ ـ دينه أو معتقده مسلم | ٦ ـ حرفته (مهنته) طالب

٧ ـ الحالة الزوجية للمتوفي : اعـزب X متزوج ـ ارمل ـ مطلق

٨ ـ اسم والد المتوفي حميد محمد صالح | ٩ ـ اسم والدة المتوفي زينب

١٠ـ تاريخ الوفاة: الساعة ١٣ اليوم ١٨ الشهر ٢ السنة ١٩٨٦

١١ـ محل الوفاة: المحلة او القرية ـ الناحية ـ القضاء ـ المحافظة قسم الاصلاح / الاحكام الثقيلة / ابي غريب

١٢ـ اسم المبلغ عن الوفاة مدير قسم ... | ١٣ـ صلته بالمتوفي قسم الاصلاح / الاحكام الثقيلة

١٤ـ عنوانه الكامل قسم الاصلاح / الاحكام الثقيلة / ابي غريب

١٥ ـ شهادة الوفاة الطبية

سبب الوفـــاة

المدة التقريبية بين ظهور الاعراض والوفاة

١ ـ المرض او الحالة التي أدت مباشرة للوفاة

أ ـ بسبب عن ( أو نتيجة لما يليها ) اعدام شنقاً حتى الموت بموجب المرسوم

اسباب نشأ عنها السبب المباشر للوفاة الحالة المرضية ـ ان وجدت التي أدت للسبب المذكور سابقا مع ذكر السبب الاصلي في النهاية .

ب ـ تسبب عن ( أو نتيجة لما يليها ) الجمهوري المرقم ٧٠٤ في ١٩٨٥/١١/٢٩

جـ ـ

٢ ـ احوال مرضية اخرى هامة ( ان وجدت ) ساعدت على الوفاة ولا صلة لها بالمرض او الحالة التي سببت الوفاة .

١٦ ـ أشهد بان الوفاة قد حدثت من الاسباب المثبتة اعلاه

عنوان اشتغال الطبيب

اسم الطبيب :

توقيع الطبيب :

وختم المؤسسة الصحية

التاريخ / / ١٩

١٦ ـ أ ـ حدثت الوفاة :

في البيت ☐ في المستشفى ☐ مع ذكر اسم المستشفى . في محل آخر ☐

( ) ( )

طبابة صحة المدينة بالموصل

شعبة الوفيات

التاريخ ١٩٨٦/٢/١٩

١٧ ـ شـهادة طبيـة عدليـة ( تملأ من قبل الطبيب العدلي )

اني الموقع ادناه الدكتور ... الطبيب ...

والمرسلة من قبل ... حسب الاستمارة المرقمة ...

بتاريخ / / وفي السـاعة ... وجدت سبب الوفاة ...

توقيع الطبيب : وختم المؤسسة الصحية

١٨ ـ معلومات خاصة بمديرية الاحوال المدنية العامة ( تملأ من قبل منظم الشهادة وتؤخذ المعلومات من دفتر النفوس المتوفي أو من هوية الاحوال المدنية ) :

صحيفة الاسرة العراقية في السجل المدني : رقم السجل ... رقم الصحيفة ... المحافظة ...

رقم هوية الاحوال المدنية الصادرة باسم المتوفي ( وترفق بالشهادة )

نسخة دائرة الاحوال المدنية

(١)

٧٣٧

**فۆرمی سودمەند بوون بە ماف و ئیمتیازاتی زیندانییە سیاسیەکان**

کۆمەڵەی زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان

دەستەی باڵا

نوسینگەی ڕاپەڕین

ژمارە ( ٧٣٧ ) بەروار / / ٢٠١



ناوی چواری زیندانی : کریم احمد کریم کریم    ناوی وارس زینب احمد کریم

ساڵ و شوێنی لەدایک بون : ١٩٤٧/٧/١    ڕەگەز: نێر / مێ

ناوی دایک :

پلەی خوێندن :    جۆری خوێن

شوێن و ڕۆژی گیران : ١٩٨٠/١/١    شوێن و ڕۆژی ئازاد بون : ١٩٨١/١/١٩

ناوی دادگا :    ڕۆژی دادگایی :

جۆری گیران    محکوم    موقوف    محجوز

ناسنامەی بۆ کراوە :    بەڵێ    نەخێر    کۆدی زیندانی : ١٤٩٧٥

پاداشت کراوە :    زەوی    خانو    ئۆتۆمبێل    حەج    خوێندن

زەرەرمەند بوە :    نەخێر    بەڵێ

ناونیشانی نیستای :    شوێنی کارکردنی نیستای    ژمارەی مۆبایل

٠٧٧٠١٤٥٧٦٦٤

بەڵێن دەدەم لەڕاستی و دروستی سەرجەم ئەو زانیارانەی سەرەوە

واژووی زیندانی    واژووی وارسی زیندانی    واژووی بەرپرس


الجمهورية العراقية
وزارة الصحة
شهادة وفاة
أحمد
عراقي
٩ – اسم والدة المتوفى
١١ – محل الوفاة
المحلة او القرية الناحية
اليوم الشهر السنة
١٣ – صلته بالمتوفى
سبب الوفاة
المرض او الحالة التي ادت مباشرة للوفاة
(أو نتيجة لما يليها)
(أو نتيجة لما يليها)
الجمهورية العراقية
في البيت
شهادة
تملأ من قبل الطبيب
قمت بتشريح جثة
والمؤرخة في
وختم المؤسسة



بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی داد

دادگای باری کەسایەتی لە کۆیە

بەروار ٢٣/٦/٢٠٠٧

قازی دادگای باری کەسایەتی لە کۆیە بەڕێز

بابەت / داوای بەڵگەنامەی مردن

من ... هاوڵاتی ... عێراقی مردووەو ئاگاداری تەندروستی فەرمانگەی باری شارستانیم ... داواکارم بەڵگەنامەی مردنی بۆ ڕێک بخەن ... زانیارییەکی پێویستم نووسیوە لەگەڵ ڕێزدا.

ناو / حلیمە اسماعیل محمد قادر

ناونیشان / ...

بەروار / ٢٤ – ٦ – ٢٠٠٧

| هۆی مردن | شوێنی مردن | بەرواری مردن | ئاین | دایک و باپیر | باوک و باپیر | ڕەگەز | ناوی مردوو |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| [illegible] | [illegible] | ١٩٨١ | [illegible] | فاطمە عمر | اسماعیل محمد قادر | [illegible] | [illegible] |

ئەمارەی باری شارستانییەکەی / ژمارەی تۆمار ٧٢ ١ لاپەڕە ٢٤٥٤٧ بارێزگا ...

بنکەی پۆلیس ... بەروار ...

دوای لێکۆڵینەوە لاریمان هەیە / لاریمان نییە لە دەرکردنی بەڵگەنامەکە . لەگەڵ ڕێزدا .

ئەفسەری بنکە

ناوی سیانی /

خانەی تایبەت بە فەرمانگەی باری کەسایەتی و شارستانی لە ... بەروار ...

لاریمان نییە / لاریمان هەیە

... لاری بوون



الجمهورية العراقية
وزارة الصحة
مديرية الاحصاء

صورة قيد وفاة

العدد / ٢١٢٧ / ح١
التاريخ / ١/٧/١٩٨١

الى /

نؤيد لكم بان الوفاة المسجلة اوصافها قد سجلت لدينا في سجل الوفيات تحت رقم تسلسل ٤٠٥ لسنة ١٩٨١

اسم المتوفي فاضل
اسم الاب محمد نوري شيخ سعيد
اسم الام فاطمة سليم
الجنس ذكر
الديانة مسلم
الجنسية
العمر
تاريخ الوفاة ١/٧/١٩٨١
محل الوفاة
سبب الوفاة اعدام شنقاً حتى الموت بموجب المرسوم الجمهوري المرقم ٧٠٥ في ١٧/٦/١٩٨١
اسم المخبر عن الوفاة

اسم الدكتور
التوقيع
ختم المؤسسة

# کورتەیەک لە ژیانی نووسەر



دەرسیم ڕەحمان فەرحان، ناسراو بە دەرسیم پێشەوا، یان مامۆستا دەرسیم.

لە ساڵی (1961) لە شارۆچکەی دیبەگەی (42) کیلۆمەتر باشووری هەولێری پایتەختی باشووری کوردستان، چاوەکانی بە ژیان هەڵهێناوە.

خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە دیبەگە تەواوکردووە، بۆ خوێندنی ئامادەیی چۆتە شارەکانی بەغداو هەولێر. پۆلەکانی چوارو پێنجی ئامادەیی لە ساڵەکانی خوێندنی (1976-1977) و (1977-1978) لە بەغداو پۆلی شەشەمی لە ساڵی خوێندنی (1978-1979) لە هەولێر تەواکردووە.

لە ساڵی (1978)دا لە بەغدا پەیوەندی بە ڕیزەکانی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان کە دواتر ناوەکەی گۆڕدرا بۆ (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان) کردووە، بەڵام لە ڕێکەوتی (17.05.1985)دا وازی لە کۆمەڵە و سیاسەت هێناوە.

لە ڕۆژی (19.11.1980)دا بە کارمەند لە بنکەی لاوانی مەخمور دادەمەزرێ، بەڵام دوای لە سێدارەدانی جەمیل ئەحمەد مەحمودی ئامۆزای لە ڕۆژی (21.05.1981) و تەحسینی برا گەورەی لە ڕۆژی (26.05.1981)دا، بەبێ ئاگاداری و ڕەزامەندی خۆی لە ڕۆژی (1.8.1981)دا دەگوازرێتەوە بۆ ئۆرزدی باکی مەخمورو دواتریش ئۆرزدی هەولێر.

لە هەولێر دەچێتە پەیمانگەی پێگەیاندنی مامۆستایان و خولی مامۆستایان، لە ئۆکتۆبەری ساڵی (1982)دا تەواوی دەکات و لە ڕۆژی (1.12.1982)دا وەکو مامۆستا لە خوێندنگەی سەرەتایی گوندی (خەتێ) لە دۆڵی بالیسان دادەمەزرێ.

ساڵی خوێندنی (1983-1984) گواستراوەتەوە بۆ گوندی (بالوکاوە/ بەلاروکاوە)، هەر لە هەمان دۆڵ، کە دەکەوێتە نێوان گوندەکانی توتمە و بالیسان. بۆ ساڵی خوێندنی (1985-1986) گواستراوەتەوە خوێندنگەی ئەرخەوانی کچان لە گەڕەکی برایەتی (بەستەپیازە) لە ناو شاری هەولێر.

لە ڕۆژی (2.3.1986)دا لەلایەن ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی باکوور (منظومة إستخبارات المنطقة الشمالية)دا دەستگیر دەکرێت. لە ڕێکەوتی (4.6.1987)دا سزای دە ساڵ زیندانیکردنی بۆ دەردەچێت و دەگوازرێتەوە بۆ زیندانی ئەبوغرێب. دوای مانەوەی دوو ساڵ و شەش مانگ و دوانزە ڕۆژ، لە ڕێکەوتی (14.9.1988)دا بە لێبووردنی گشتیی لە زیندانی ئەبوغرێب ئازاد دەکرێت.

لەدوای ئازادبوونی ماوەیەک دەکرێ بە سەرباز و دواتر خەریکی کرێکاری دەبێت.

لەدوای ڕاپەڕینی زستانی ساڵی (1991)دا، دەگەڕێتەوە سەر پیشە کۆنەکەی کە مامۆستا بووە.

لە ساڵی (1992)دا هاوسەرگیری کردووەو بەرهەمی هاوسەرگیریەکەیان دوو منداڵە.

لە ڕۆژی (15.08.1992)دا لە ڕێگای ئێراقەوە باشووری کوردستان جێدەهێڵێ و لە نیوەڕۆی (19.08.1992)دا دەگاتە عەمان-ی پایتەختی ئوردەن.

لە ئوردەن، بەهۆی (UN) مافی پەنابەرێتی وەردەگرێ و پاشان دەگوازرێتەوە بۆ دانمارک.

لە دانمارک، کۆلیژی بازرگانی بەشی وەرگێڕانی زمانەکانی (دانمارکی - کوردی - عەرەبی)، لە ساڵانی (2002-2004)دا تەواوکردووە و دبلۆمی وەرگرتووە.

وەکو کەسێکی سەربەخۆ و بێلایەن، چەند ساڵێکە خەریکی نووسین و کاری ڕۆژنامەوانییە، بەتایبەت لە بوارەکانی مێژوو، شاڵاوەکانی ئەنفال، شەهیدانی کوردستان، زیندانی سیاسیی، سیاسەت و لێکۆڵینەوە لە بواری جینۆسایدکردنی کوردانی باشوور و بە سەدان وتاری بڵاوکردۆتەوە.

بەرهەمەکانی نووسەر:

1. مێژووی کوردستانێتیی شاری موسڵ، لە ساڵی (2008)دا لە دوو بەرگ لە باشووری کوردستان لەچاپ داوە. هەمان پەرتووک دوای فراوانکردن و دەوڵەمەندکردنی بە زانیاری و بابەتی نوێ، لە ڕۆژی (16.3.2011)دا لەشێوەی پەرتووکێکی ئەلکترۆنی لە دوو توێی (1328) لاپەڕەدا لە ماڵپەڕی (کوردیپێدیا) و چەند ماڵپەڕێکی تردا بڵاوکراوەتەوە.
2. ئینسکلۆپیدیای تۆمەتبارانی ئەنفال و کوردۆسایدکردنی گەلی باشووری کوردستان، لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی (2011)دا لە باشووری کوردستان لە چاپ دراوە. هەمان پەرتووک، لە ساڵی (2013)دا بەناوی (ئینسکلۆپیدیای تۆمەتبارانی شاڵاوی ئەنفال لە باشووری کوردستان)، بە کۆمەڵێک زانیاری و بابەتی نوێوە لە ماڵپەڕی (کوریپیدیا)دا بڵاوکراوەتەوە.
3. ئازارە شاردراوەکان یاداشتی زیندان، لە هاوینی ساڵی (2015)دا وەکو پەرتووکێکی ئەلکترۆنی لە ماڵپەڕی (کوردیپیدیا)، چەند ماڵپەڕێکی تر و فەیسبووک بڵاوکراوەتەوە.
4. پلانی شکاندنی بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ، داستان و بابەتێکی مێژوویی بەڵگەدارە، وەکو پەرتووکێکی ئەلکترۆنی، لە ڕۆژی (02.06.2017)دا لە ماڵپەڕی (کوردیپیدیا) و فەیسبووک بڵاوکراوەتەوە.